کۆمەڵێک وتار و بیرورا لەسەر کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

پێرست

١- چەند وتەیەک ..... ڕەحمان نەقشی ٥

٢- پێشەکی: کتێبێک بۆ پێشەوا!..... هەیاس کاردۆ ٦

٣- سوارچاکێکی بە پەلە! ..... هەیاس کاردۆ ٧

٤- قازی محەممەد گوڵێک بوو لە سەحرا ڕووا بوو..... شەهید دوکتور قاسلوو..... ٩

٥- پێشەوای کوردان ..... ئاگری باڵەکی ١١

٦- لە دایک بوونێک کە بە مەرگ دوایی نایە (بە بۆنەی ١١٥ ساڵەی لە دایک بوونی پێشەوا)..... حەسەن شێخانی ١٥

٧- ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، بۆنەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە ..... قادر وریا..... ١٧

٨- سڵاو لە گەورەیی و خاکەڕایی و پاکی سەرۆک کۆماری کوردستان شەهید پێشەوا قازی ..... حەمەرەسوول کەریمی ١٩

٩- لە قازی محەممەدەوە فێربین ..... ماموستا عەبدوڵلا حەسەن زادە..... ٢٢

١٠- دەقی قسەکانی بەڕێز خالید عەزیزی لە ڕێورەسمی یادی ١١٣ ساڵەی دایکبوونی پێشەوا دا ٢٥

١١- مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان ..... مستەفا شلماشی..... ٣٢

١٢- کاریزمابوونی پێشەوا لەسۆنگەی پەیوەندی ئێوان ڕێبەر و ڕێڕەودا ..... ژیوار ڕەسوڵی ٣٤

١٣- پێشەوا قازی محەممەد، دەستپێکی ڕێگایەکی بێکۆتایی ..... قادر وریا ٣٦

١٤- قازی محەممەدپرسیارێکە دەبێ دووبارە بیری لێبکرێتەوە ..... ئارەش لۆرستانی ٣٩

١٥- وتووێژ لە گەڵ کاکشار ئووردەمار لە پێوەندی لە گەڵ یادی لە دایکبوونی پێشەوا دا ..... ڕۆژنامەی کوردستان ٤٢

١٦- سەرکۆماریی قازی محەممەد دەسپێکی نوێی بزووتنەوەی مێژووی کوردستان ..... ئەیوب شەهابی ڕاد ٤٨

١٧- ڕێز لە کەسایەتیی کاریزمایی پێشەوا بگرین ..... ئاگری باڵەکی ٥٠

١٨- پێشەوا: "تاکەنگێ کورد دەبێ مالکی جێگای خۆی نەبێ" ..... ئەیوب ئەیوب زادە ٥٣

١٩- قازی محەممەد: کوردەکان سەر بۆ هیچ زۆردارێک نەوی ناکەن..... وەرگێرانی قادر وریا..... ٩٢

٢٠- دڵۆپێک لە زەریای ژیانی پێشەوا قازی محەممەد.....ڕەسوول سوڵتانی..... ٩٥

٢١- پێشەوا بەڵێنی خۆی بردە سەر و ژیانی لە پێناو ئامانجی ڕەوای دانا..... سەلاح گادانی..... ١٠٤

٢٢- قازی محەممەد، پێشەوای مرۆڤی کورد..... ڕێبوار مەعروف زادە..... ١١٠

٢٣- با پێشەوا قازی محەممەد بکەینە سەرمەشقی هزری نەتەوەیی و مرۆییمان.....سمایل سوهرابی ١١٥

٢٤- ١٠ ی خاکە لێوەو سێ دەرسی مێژوویی..... برایم جەهانگیری ١١٨

٢٥- ڕێبەرێک بۆ هەمیشە ڕێبەر..... کەیهان یووسفی..... ١٢٢

٢٦- پێشەوا قازی موحەممەد مەرگیشی مەزن بوو..... کاوسین بابەکر..... ١٢٥

٢٧- قازی محەمەد... سوقراتی زەمان ..... حسەین یەزدانپەنا..... ١٣٠

٢٨- قازی محەممەد سیاسەتوانێکی بە توانا و گاندی کوردستان بوو..... حەسەن حاتەمی..... ١٣٣

٢٩- سپێدەی هومێد لە بوومەلێلی خەم و بێ دەرەتانی دا..... ئاشق..... ١٣٩

٣٠- ئەو سێدارەی پێشەوا قازی بۆ ئەبەد بە زیندوویی هێشتەوە. ..... لوقمان زەهرایی ١٤١

٣١ - سەرۆک کۆماری کوردستان ..... سۆران کرباسیان ١٤٥

٣٢- شەست وپێنج چلە گوڵە مێلاقە بۆ سەر گلکۆی پێشەوامان .....نزار کوێستانی..... ١٤٩

٣٣- رۆژی شەهیدانی کوردستان و چەند ئەرکێک..... کەریم ئەڵاوەیسی..... ١٥٠

٣٤- پێشەوا قازی لە پێرسپێکتیڤێکی نزیکتر و ڕوانگەیەکی ڕووتترەوە..... ئیبراهیم لاجانی..... ١٥٣

٣٥- یادکردنەوەی ١٠ی خاکەلێوەیەکی ترو ئیترهیچ!؟.....جەمیل ئەحمەدی..... ١٥٩

٣٦- قازی محەممەد، ناسنامەی نەتەوایەتیی نەتەوەیەک.....عارف نادری..... ١٦٣

٣٧- قازی محەممەد گوڵێ بوو لە بیابانا رووابوو..... هەژێر عەبدوڵلاپوور..... ١٦٦

٣٨- لە یادی« ٦٤» ساڵەی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد..... رەزا شوان..... ١٦٨

٣٩- شەهیدی سەرکردە قازی محەمەدی مەزن ..... حەمید عەزیز..... ١٧٢

٤٠- پێشەوا قازی: "بۆ من، ئەو مەرگە سەرکەوتنە"..... قاسم رەیانی ١٧٥

٤١- لێکدانەوەیەک سەبارەت بە کەسایەتیی قازی محەممەد لە .....خالید زوورمەند ١٧٩

٤٢- قازی محەممەد ..... لە ویکیپیدیاوە، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد ١٨٦

٤٣- پەیامەکەی پێشەوا قازی دوای ٦٨ ساڵ ..... ئامەد حەسەن ١٩٤

٤٤- پێناسەی دوژمن لە ڕوانگەی یەکەم و دواییین سەرکۆماری کوردستان لە وەسیەت نامە هەرگیز بە..... سدیق بابایی ٢٠١

٤٥- رێبەری - نرخ و بەهاکان بە بۆنەی ٦٧مین ساڵرۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاورێیانی.....مەجید حەقی ... ٢٠٣

٤٦- کەسایەتی قازی محەممەد و رۆڵی لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا ..... ئا. هاوار حەمید..... ٢٠٦

٤٧- پێشینە و خەسڵەتەکانی قازیی محەمەد ..... ن: وەدیع جووەیدە ..... و: لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی ٢١٨

٤٨- قازی محەممەد لە ئاوێنەی حەقیقەتدا ..... ن: سەلاح سەدباری ٢٢٠

٤٩- سوقرات و قازی محەممەد لەبەرابەر مێژوودا ..... ن: بێهزاد خوشحاڵی..... و: شەفیع رەوشەنی ٢٢١

٥٠- لە سێدارە دانی پێشوا قازی محەممەد و ئەزموونێکی بە نرخ، ..... محەممەد محەممەدیان ٢٢٦

٥١- کورتەیەک لە چاوپێکەوتنی کاکشار نۆردمار لەگەڵ خوالێخۆشبوو «موحەمەد سەعیدخانی هومایوون ٢٢٩

٥٢- ژیان و خەباتی پێشەوا قازی محەممەد..... ماڵپەری کوردستان و کورد..... ٢٣٥

٥٣- وەسێتنامەکەی سەرۆکی کۆماری کوردستان 'قازی محەممەد' ٢٤١

٥٤- سێدارە و ژیان (شێعر)..... ئاسۆ خەبات..... ٢٤٤

٥٥ - ئافەرین قازی موحەممەد ئافەرین (هۆنراوە) ..... ناسر ڕەزازی ٢٤٥

٥٦- وەسیەتنامەی پێشەوا بە شێوەی شێعر ..... خاڵەی قازی ٢٤٦

٥٧- شینی پێشەوا (هۆنراوە)..... ئیبراهیم ئەحمەد ٢٥٦

٥٨- (پێشکەش بە گیانی پاکی پێشەوای نەمر)..... سووركێو زەکی ٢٥٨

٥٩- دیتنی ئاڵا ..... "قانع" ٢٥٩

چەند وتەیەک

خوێنەرانی بەڕێز بەرهەمی ئەو جارەمان کتێبێکە بە ناوی(پێشەوا قازی گوڵێک بوو لە سەحرا رووابوو) کە لە سەر کەسایەتی ناوداری نەتەوەی کورد پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستانە، نووسەرانی کورد هەڵسەنگاندن و دید و بۆچوونی خۆیان لەسەر جەنابی قازی معەممەد نووسیوە.

ئەم نووسراوە و بابەتانە لە سێ تەوەردەوە باسی کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد دەکەن :

١- نەخش و رۆڵی پێشەوا قازی لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێ – کاف)، دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرانی کۆماری کوردستان.
٢- زیندان و دادگا و رۆژی لە سێدارە دان واتە ١٠ خاکەلێوە
٣- رۆژی لە دایک بوونی جەنابی پێشەوا

هەروەک باس کرا ئەو کتێبە تەنیا باسی کەسایەتی پێشەوای کورد قازی محەممەد و رۆڵی و نەخشی پێشەوا تەرخان و ئامادە کراوە. ئەگەر عومەر مەودا بدا لە داهاتوو دا هەوڵ دەدەم ئەو بابەت و نووسراوانەی کە لەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان (٢ی رێبەندان) و ١٠ی خاکەلێوە رۆژی شەهیدان کۆم کردونەوە بەجیا کتێبیان لێ ئامادیە دەکەم و دەیدەمە بەر دیدەی خوێنەرانی کورد.

شایانی باسە کە بۆ پێشەکی ئەم کتێبە داوام لە هاورێی تێکۆشەر و نووسەری دێرینی حیزب و گەلەکەمان کاک هەیاس کاردۆ کرد جەنابیشیان بە وەڵامی ئەرێنی یەوە قبوڵ و زەحمەتی نووسینی کێشا، بەم بۆنەوە یەک دنیا سپاسی دەکەم، و هیوادارم ساخ و سەڵامەت و تەمەن درێژ و هەروا دەست رەنگین بێت بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان.

هەروەها سپاس و پێزانین بۆ گشت ئەو کەسانە کە زەحمەتیان کێشاوە، بابەت و نووسراوەیان لەسەر کەسایەتی گەورە کورد پێشەوا قازی محەممەد نووسیوە ئەوانیش هەروا بەردەوام و تەمەن درێژ بن.

هیوادارم ئەو بەرهەمەش بەهەموو کەم و کوریەکانیەوە ببێتە جێ رەزامەندی خوێنەران.

بەرێزەوە رەحمان نەقشی

کتێبێک بۆ پێشەوا!

هەیاس کاردۆ

پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتییەکی هەمە لایەنەی هەبوو. لەزۆر بواردا تاقانە و سەرتۆپ بوو. تەنیا کەسێک بوو زۆر پێش کاتی خۆی لەدایک ببوو. هیممەتی بەرزی، لەخۆبوردیی لەڕادەبەدەری، وردبینی و دوارۆژ خوێندنەوەی، وشیاری و ڕووڕاستیی دەگەڵ خەڵک و زۆر سیفەتی بەرزی دیکەش ئەو مرۆڤەیان کردبوە تاقانە. قازی محەممەد کارێکی بۆ کورد کرد کە بۆ هەتا هەتایە لەبیر ناچێتەوە. ئەگەر هەموومان ڕێزی دەگرین و وەک پێشەوا قبووڵمانە هۆی ئەوەیە بەڕاستی پێشەوایەتیی نواند و خزمەتی لەبیر نەکراوی بە کورد و کوردستان کرد.

هەتا ئێستا زۆر شت لەبارەی پێشەوا قازی نووسراون و بڵاو بوونەتەوە. نووسەری کورد و غەیرتی کورد لە جەهەتی جۆراوجۆرەوە باسی پێشەوایان کردوە و ئەو دەسکەوتە کەم تەمەنەی کۆماریان لێک داوەتەوە کە بە هیممەتی ئەو زاتە پێک هات. بێگومان هەتا ئێستاش زۆر قسە لەسەر کۆمار و شەخسی پێشوا ماون کە دەبێ بکرێن چونکە ژیانی قازی و کارنامەی کۆمارەکەی هێشتا بە تەواوی نەخراونەتە بەر نەزەر.

ئەم کتێبەی کە بە هیممەتی تێکۆشەر کاک ڕەحمان نەقشی بڵاو کراوەتەوە، هەوڵێکە بۆ کۆ کردنەوەی نەزەر و ڕای جۆراوجۆر لەسەر پێشەوا قازی محەممەد لەتوێی بەرگێک کتێب دا. چاکیی ئەو کارە ئەوەیە پێویست ناکا خوێنەر خۆی زۆر ماندوو بکا و وەدوای سەرچاوەی زۆر کەوێ هەتا چەند باسی جیاواز لەبارەی پیشەوا بدۆزێتەوە. ئەم کتێبە دەتوانێ بەشێک لەو زانیارییانە دابین بکا کە خوێنەرێکی ئۆگری پیشەوا و کۆمارەکەی وەدوای دەکەوێ.

لەم کتێبەدا کەسایەتیی پێشەوا و نەخشی ئەو مرۆڤە لە بردنە پێشی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە باس کراوە. هەرچەند لێکۆڵینەوەکان ڕەنگە زیاتر دەربڕینی سۆز و خۆشەویستیی بۆ جەنابی قازی و هەوڵە لەبیر نەکراوەکانی بن، بەڵام دەلاقەیەکن بۆ چوونە نێو ژووری هزر و بیر کردنەوەکانی ئەو کەسایەتییە. کاک ڕەحمان نەقشی زەحمەتی کێشاوە و هەموو ئەو نووسینانەی کۆ کردوونەتەوە و بە دیزاینێکی جوان لە پەنا یەکی داناون هەتا کاری خوێنەر هاسان بکا.

بەش بە حاڵی خۆم سوپاسی ئەو هەوڵەی کاک ڕەحمان دەکەم و کارەکەی بەرز دەنرخێنم. کاک ڕەحمان ئەوە یەکەم کاری لەو جۆرەی نیە و بۆ زۆر شتی دیکەش زەحمەتی لەو جۆرەی کێشاون کە هەموویان جێی بایەخن. هیوادارم ئەوە دوا کاری کاک ڕەحمان نەبێ و بۆ کۆ کردنەوە و لە پەنا یەک دانانی نووسراوەی جۆراوجۆر لە سەر ڕووداو یان بابەتێکی تایبەت بەردەوام بێ.

ڕێکەوتی ٧ی جولای ٢٠١٥

سوارچاکێکی بە پەلە!

هەیاس کاردۆ

تیژ هات و زوو تێ پەڕی. وەک با دەخوشی و بە تیژیی خۆر تێ دەپەڕی. کە هات بزەی بۆ هێناین و فرمێسکی بۆ جێ هێشتین. دەگەڵ گزینگی بەیان هات و وێڕای زەردەی خۆرئاوا ماڵ ئاوایی لێ کردین. بە ئۆمێدەوە هات و دنیایەک ئائومێدیی بۆ جێ هێشتین. کە هات تیشکی خۆری ڕژاندە نێو ماڵەکانمان. هەرکە ڕۆیشت شەوی تار لێمان میوان بوو. ئەو هات و باوەشێک ڕیحانەی بۆنخۆشی بە دیاریی بۆ هێناین. کە ڕۆیشت بە سەر سارایەکی ویشک و برینگدا کەوتین.

کە هات، کولێرەی بۆ جووتێرە ماندووەکان پێ بوو. ماستاوی بۆ پاڵەکان هێنابوو، شمشاڵی کردە دیاریی شوانەکان و مێخەکی لە بەرۆکی بێرییە شۆخ و شەنگەکان دا. بۆ دایکان خەنەی پێ بوو و گۆچانیشی بۆ پیاوە بەساڵدا چووەکان هێنابوو. کە منداڵە چاو گەشەکانی بەسەر کردەوە هەناسە و پێکەنینی پێ بەخشین. بۆ قوتابییان قەڵەم، بەشی مامۆستایان زانست و مەتانەت، بۆ کاسبکاران ڕاستیی و بەردەوامی و بەشی کاربەدەستانیش خەڵکی بوون و خۆماندوو کردنی هێنابوو. هەرکە تیشکی خۆر لە ئاسۆ سەری وەدەرنا، دەستی بەگەڕان کرد و هیچ کەس و لایەنێکی بێبەش نەکرد. هەتا زەردەی خۆرئاوا ماڵ بەماڵ گەڕا و دیاریی بۆ هەموان برد. سوارێکی بە پەلە بوو. دەتگوت ڕاسپاردەیەکی کاتییە و دەبێ زوو وەگەڕێ. کەس نەی زانی چۆن هات و بۆ وازوو ڕۆیشت.

کە هات گوڵ هەمووی پشکووتن. دار بەریان هێنا و گەنم باڵایان کرد. بە گەیشتنی، چۆمەکان پڕ لە ئاو بوون، کانیاوەکان بووژانەوە، کوێستانەکان سەوزاییان تێگەڕا و پێدەشتەکان دیمەنێکی جوانیان بەخۆوە گرت. دەگەڵ هاتنی، هەوایەکی سازگار ئەو هەرێمەی گرتەوە. بایەکی فێنک هەڵی کردێ و بارانێکی خۆش دەستی پێ کرد. هەر لە بەیانی ڕا کە دەستی بە گەڕان کرد هەتا خۆرئاوا کە بە جێی هێشتین، دەرگای ماڵەکان کرابوونەوە، گوڵدان لە بەر پەنجەرەکان داندروابوون و حەوش و حەسار خاوێن کرابوونەوە. کوچە و کۆڵان ئاوپڕژێن کرابوون و دووکان و بازاڕ قەڵەباڵغ ببوون. منداڵەکان وەجووڵە کەوتبوون و بە پۆل وەدووی ئەو سوارە دەکەوتن. پیاوەکان کۆ دەبوونەوە و خەبەری هاتنی ئەو سوارەیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە.. ژنەکان بۆ مانەوەی دەستەو دوعا ڕادەوەستان و خۆزگەی دیداری ئەویان هەبوو.

ڕۆژێک کە ئەو سوارە میوانمان بوو کەس خەمی نەبوو. کەس دڵی نەگیرابوو. هەموو ببوونە یەک دڵ و یەک زمان. تیشکی هیوا دە دڵەکان گەڕابوو، ورە بەرز ببووە و غیرەت شەپۆلی دەدا. کەس نەی دەزانی ئاوا زوو دەڕوا، بۆیە هەموو پلانی جۆراوجۆریان بۆ دوارۆژ دادەڕشت و باسی ئەوەیان دەکرد چ بکەن ئەو سوار لێیان ڕازی بێ. بە هاتنی، تیشکی هیوای دە دڵەکان خست. تۆوی یەکیەتی و یەک دڵیی چاند و نەمامی سەربەستیی بۆ چاندین. دەشتە ویشک هەڵاتوەکانی بۆ ئاو داین و بارانێکی فێنکی بەسەردا باراندین.

هەموومانی بووژاندەوە. هەموومانی لە خەو هەستاند و فیڕی کردین کەم بخەوین و زیاتر بە خەبەر بین. پێی گوتین ئاگاتان لەخۆتان بێ، بە کوێرە ڕێیان دا سەفەر مەکەن، بێ تاقی کردنەوە لە دەراوان مەپەڕنەوە و بێ هۆ وە هەورازان هەڵ مەگەڕێن. پێی گوتین دۆست و دوژمنی خۆتان بناسن و متمانەتان تەنیا بە خۆتان و گەلی خۆتان هەبێ.

کە ئێوارەی نەگبەتی داهات، کۆی کردینەوە. ماچی کردین، منداڵەکانی دەباوەش گرت و هەموومانی بە یەکتر سپارد. پێی گوتین دەبێ بڕوا چونکە بە چوونی ئەو، ئێمە دەپارێزرێین. ئومێدی داینێ لە دوارۆژ دا سواری دیکە بە هەمان ئێو و هەمان ڕێباز پەیدا دەبن و ڕێگاکەی درێژە دەدەن. پێی گوتین یەک بن و بۆ یەک بژین. وەبیری هێنایەوە بە کوێرە ڕێیان دا سەفەر نەکەین، بە بێ تاقی کردنەوە لە دەراوان نەدەین و بێ هۆ بە هەورازان دا هەڵ نەگەڕێین. ئەوەشی بە گوێ دا چرپاندین کە دۆست و دوژمنی خۆمان بناسین و وەک خۆیان هەڵس و کەوتیان دەگەڵ بکەین.

کەس نەیزانی چۆن هات و بۆ وا زوو ڕۆیی. هەر ئەوەندەمان زانی پەیامێکی خۆشی پێ بوو. ئومێدی داینێ و زیندووی کردینەوە. ئێستاش هەموومان چاوەڕێین ئەو سوارچاکە بۆ خۆی یان بە ناوێکی دیکە بگەڕێتەوە لامان. پێمان خۆشە دەگەڵ گزینگی بەیان خۆمان نیشان بدا و لە هیچ ئێوارەیەکی نگبەتیی دا بەجێمان نەیەڵێ.

ڕێکەوتی : ٦ی جوونی ٢٠١٥

قازی محەممەد گوڵێک بوو لە سەحرا رووا بوو

نووسینی دوکتور قاسملوو

سەخسییەتی قازی محەممەد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زتاتر هەیە، ئەو شەخسیتەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورد دا پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازە پێگەیشتوو لە گەلی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو.

پێشەوا قازی محەممەد روونـاکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەو رۆژگارە دا وێنەی لە نێو نەتەوەی کورد دا زۆر کەم بەدی دەکرا. قازی محەممەد لە شارستانیەت و زانستی تازە و هەروەها لە وەزع و رووداوەکانی جیهان بە تەوای شارەزا بوو. زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیسی و فەرانسە و رووسیی دەزانی، لە زانستەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی دا دەستێکی بالای هەبوو. لە گەڵ ئەوە کە روناکبیرێکی پایەبەرز بوو لە نێو خەڵکێکی ساویلکە و بە داخەوە بەشی زۆری نەخوێندەوار دا دەژیا. گوڵێک بوو لە سەحرا روا بوو بەڵام دێسانەکە لە گەلی خۆی نێزیک بوو، دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر باش تێ گەیشتبوو لە هێنانە گۆڕ و دەرخستی ئەو دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتانە دا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بەخۆڕایی نەبوو کە لای خەڵکی کوردستان ئەوەندە خۆشەویست بوو کە بۆ یەکە جار لە مێژووی خۆی دا خەڵک خۆی نازناوی " پێشەوا "ی پێ دابوو. پێشەوا قازی محەممەد هەموو زانست و تێ گەیشتنی خۆی بۆ خزمەتی گەل تەرخان کردبوو. لە هەموو کەس باشتر دەی زانی وڵاتەکەی چەندە دواکەتووە و گەلە خۆشەویستەکەی چەندە بی خاوەنە و هاونیشتمانەکانی لە چ وەزعێکی نالەبار و کوێرەوەری و هەژاری و ئازار و ئەشکەنجەیەک دا دەژین.

هەموو ئەو تایبەتمەندی یانە ببوون بە هۆی ئەوە کە قازی محەممەد نەخشێکی زۆر گرینگ لە جووڵانەوەی دێموکراتیی ساڵەکانی ١٩٤٦ – ١٩٤٥ دا یاری بکا.

شەخسییەتی ئەو زێزو حورمەتێکی تایبەتیی بۆ لای ئەو راکێشا بوو.قسەکانی قازی ئیعتبارێکی تایبەتی یان هەبوو و نەزەری ئەو بە راست و دروست دەزانرا.

پێشەوا قازی زۆر تێ دەکۆشا کە ریزەکانی نێو خەڵکی کوردستان یەکگرتوو بکا، ئەو راستی یە مێژوویی یەی لەبەر چاو بوو کە یەکێک لە هۆیەکانی ئەساسیی تێک شکانی هەموو راپەرینەکانی پێشووی گەلی کورد، نەبوونی یەکیەتی و یەکدەنگیی نێوخۆیی بووە. پێشەوا زۆری هەوڵ دا ناکۆکی لە نێوان عەشیرەتەکان هەڵ بگیرێ، هەرچەند ئەوە کارێکی هاسان نەبوو بەڵام تارادەیەکی زۆر سەرکەوت.

لە شاری هەهاباد یەکیەتی یەکی بێ وێنەی لە نێو هەموو دانیشتووان دا پێک هێنابوو، تەنانەت پاش تێک شکانی جووڵانەوەش پاش هاتنی لەشکری کۆنە پەرستی ئێرانیش کەس ئامادە نەبوو دەست بۆ رێبەرانی کۆماری کوردستان درێژ بکا.

سەرچاوە : ٤٠ ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی. نووسینی دوکتور قاسملوو.

پێشەوای کوردان!

ئاگری باڵەکی

پێشەوا قازی محەممەد دامەزرێنەر و ڕێبەری گوتاری ناسیونالیستی کورد

پێشەوا قازی محەممەد، ڕێبەرو ڕێنیشاندەرو یەکەم سەرکۆماری کوردستان، ڕێبەرێک کە «کەم ژیاو کەڵ ژیا». ئەو وەک ڕێبەرێکی ئەفسانەیی بۆ کورد لە سەردەمێکدا بوو بە ڕێنیشاندەر کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، لەسەر ئەم ڕێگەیە کورد هەنگاو دەنێ، ئەوەی فەیلەسووفە جیهانییەکان لەبارەی دەوڵەت و ڕێبەریی خەڵک بە نووسین باسیان کردبوو و لە کتێبەکانیاندا وەک بیرۆکە هێنابوویان، پێشەوا بە کردەوە ئەو بیرۆکانەی لە ماوەی ڕێبەریی خۆیدا جێبەجێ کرد. ئەو مۆمێک بوو لە تارکییەک لە مێژووی هەزاران ساڵەی نەتەوەیەکی خۆشی لە خۆی نەدیوو.

هەروەک پێشەوا قازی محەممەد لە نوتقێکی مێژوویی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢ی ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥ بڵاوبۆتەوە، دەڵێ:

«بۆخۆتان دەزانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەو و ڕۆژ وچانم نەداوە و ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم. تا یەک ڕۆژم لە دنیا مابێ دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە هەموو کەسێکی دەسەلمێنم کە کورد شایانی ژیانە».

کە باس لە «ژێکاف»، «حیزبی دێموکراتی کوردستان» و «کۆماری کوردستان» دەکرێ، ڕاستیەک هەیە دەبێ باس بکرێت ئەویش ئەوەیە کە نەخش و کاریگەریی تایبەتی پێشەوایە لە بەدەستهێنانی گەورەترین دەسکەوتی مێژوویی بۆ کوردستان و نەتەوەی کورد. بۆ ئەوکەسەی کە دەیهەوێ بزانێ کۆماری کوردستان چ بووە دەبێ سەرەتا لە هزر و بیری پێشەواوە دەست پێبکات و کۆماری کوردستان چ دەستکەوتێکی مێژوویی بووە بۆ کورد هەروەک جەعفەر عەلی لە کتێبی « ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی» ئاوا باسی پێشەوا دەکات:

‹›ئەگەر بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردی لە بیستەکاندا بێ ناوی شێخ مەحموود دەبێتە کەم و کووڕییەک، ناوهێنان و قسەکردنیش لەسەر ژێکاف و حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان وەک بەرهەمی تێکۆشانی ناسیۆنالیزمی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵات بێ ناوی قازی محەممەد لە کەموکورتی بەدەر نابێت» .

ئەگەر بە کورتی چاوێک بە سەردەتای لاویەتی پێشەوا دا بخشێنین، دەبینین پێشەوا کەسێک بووە کە هەمیشە هەوڵی خۆ فێرکردن و خۆپێ گەیاندنی داوە وهەوڵی داوە لە زانیارییەکانی خۆی بەقازانجی کۆمەڵانی خەڵک کەڵک وەرگرێ، پێشەوا کەسێکی زیرەک و

خاوەن بیرێکی تیژ بووە ئەو لە سەر دەمی خۆیدا شارەزایی چەندین زمانی جیاواز لە زمانی کوردی بووە، لە ژمارە ١٥ی رۆژنامەی «کوردستان» دەوری دووەم لە ساڵی ١٣٥١ ئاوا باسی پێشەوا کراوە..

‹‹ئەو زانستی ئایینی و فەلسەفەی کۆن و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی هەر لە مەڵبەندی مەهاباد و لە خزمەت مامۆستا زاناکانی ئەم مەڵبەندە خوێند. هێشتا مێرمنداڵ بوو کە لە زانستی زەمانی خۆی دا بە مامۆستا دەناسرا. پاش ئیجازە وەرگرتن، چالاکانە خەریکی کاری کۆمەڵایەتی بوو بێ ئەوەی مەعاش وەربگرێ نوێنەری فەرهەنگی مەهابادی وەئەستۆ گرت. یەکەمین قوتابخانەی نوێی ئەم شارە لە سایەی هەڵسووڕان و تێکۆشانی ئەو دروست کرا کە خۆی بە سەری رادەگەیشت و دەرسیشی دەگوتەوە. بناغەی هەوەڵین نەخۆشخانەی مەهابادیش بەدەستی ئەو دارێژراو لە ژێر چاوەدێریی ئەو دا کەوتە کار.››

پێشەوا قازی لەسەردەمی خۆیدا زمانزانێکی گەورە بووە کەسێک بووە کە توانیویەتی بە ٦ زمانی جیاواز لە زمانی کوردی قسان بکات ئەو لە ماوەیەکی کەم دا ‹‹فێری زمانی ئینگلیسی، رووسی و فەرانسەیی بێ و بێجگە لەو سێ زمانە، زۆر باش لە زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی شارەزایی پێدا بکات›› .

پێشەوا کەسێک بوو کە خوێندنی ئایینی تەواو کردبوو و قازی شەرعی مەهاباد بوو لەگەڵ ئەوەیدا هەمیشە هەوڵیداوە کە بەدوای شتی نوێدا بگەڕێت و فکر و بیرە جیاوازەکانیش بخوێنێتەوە هەربۆیە لە کتێبخانەکەیدا کتێبی جۆراوجۆری لە هەموو بیر و هزرێک تێدا بوو، شاعیری کورد جەلالی مەلەکشا لەسەردانێکی دا ئاوا باسی کتێبخانەکەی پێشەوا دەکات: «جۆرەها جۆر عینوان کتێب لەم کتێبخانە دابوون و ئەوەی دەگەیاند کە پێشەوا قازی محەممەد لە باری ئەندیشە و فیکرەوە چەند کراوە بووە... لە گۆشەیەک دا، هەر چوار ئینجیلی پیرۆز (عەقیق، لۆقا، جەدید، ومەتی) دەبینران و زۆر رۆمان و کتێبی شێعر و فەلسەفە و... کتێبی مێژوویی و زانستی...››.

٧٠ ساڵ پێش ئێستا لەناوچەیەکی داوکەوتووی جیهان و دا و لەناوچەیەک کە خەڵکەکەی ئاگادارییەکی ئەوتۆیان لە جیهانی شارستانی و پێشکەوتوو نەبوو، پێشەوا روو لە نەتەوەکەی دەکاو دەڵێ:

‹‹برایانی خۆشەویست: ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە تەنیا شەرکەر نەبن بەشکو چەکێکی وا هەڵبگرن کە بتوانن بەرامبەری دەگەڵ لەشکری میللەتانی تر بکەن، ئەو چەکەش (عیلم و زانستە) مەرحەلەی شەڕ تەواو بووە نۆبەی هونەرە... ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە بە زانست بەربەرەکانی دوژمنان بکەن. چەکی بێ عەقڵ دوژمنان نابڕێ. بەڵام داخەکەم ئاغاکان ئامادە نین کە لە میوەی خوێندن بەهرەوەر ببن. ئەگەر بڵێم کوردەکانتان، برایەکانتان بهێنن بیانئێرم بۆ جەبهە باکیان نییە، بەڵام ئەگەر بڵێم بۆ خوێندنیان دەنێرم رووی خۆیان گرژ دەکەن و عوزری ناموەجە دێننەوە، ئەگەر پێیان بڵێم مەدرەسەیەک لە دێیەکانتان بکەنەوە مات دەبن...›› .

لە رێگای خوێندنەوەی ئەو دێڕانەی پێشەواوە یەکەم شتێ کە بۆ مرۆڤ دەردەکەوێ ئەوەیە، پێشەوا بە مانای راستەقینەی وشە رێبەر و سەرکردەیەکی نوێخواز بووە و ریفورم و گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵی کوردەواری، بەشێکی هەرە گرینگی لە هزر و فیکری پێکهێنابوو. کاتێ لە لاپەڕەکانی رۆژنامەی کوردستانی ئەو سەردەمە رادەمێنی و لە وتارەکانی پێشەوا دەڕوانی، کەمتر سوخەنرانییەکی

پێشەوا دەبینی کە بێ نێوبڕ وشەگەلی: تەرەقی، پێشڕەفت و فێربوونی زانست و گەشە و بەرەوپێش چوون لە میانەی وتەکانی دا بەدی نەکرێ. بەڵام چەمکی نوێخوازی و پێشکەوتن و بەرەو پێش چوون لە بیری پێشەوادا تەنیا بە مانای کەڵک وەرگرتن لە ئامراز و کەرەسەو تەکنیکی نوێ نەبوو، بەپێچەوانە پێشەوا لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی دا لەگەڵ ئەوەی هەوڵی دەدا لە کەرەسە و ئامرازی نوێ بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵی کوردەواری کەڵک وەرگرێ، هەر لەو کاتەدا بە هەموو توانایەوە تێدەکۆشا بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەرجەم دەروازەکانی پیوەندیدار بە رەوتی گەشە و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵی کوردەواری، بۆ مرۆڤی کورد بەڕوودا بکاتەوە.

پێشەوا لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی دا روح و سروشتی نەتەوەخوازیی کوردی دێنێتە سەر زمانو دەڵێ:

‹‹ئێستاش لە سایەی هێز و قودرەتی ئازادی ئێمەش چاو و گوێمان کراوەتەوە و جارێکی دیکە ناچینەوە ژێر چنگاڵی بێدادی، کورد لە حەقی خۆی زیاتر هیچی لە خەڵکی نەویستووە، دەیەوێ بە زمانی خۆی بخوێنێ، لە پیت و کانگای وڵاتەکەی سوود بەرێ، ببێتە خاوەنی کارخانە و کانگا. کورد نایەوێ دەستدرێژی بۆ خاکی هیچ میللەتێک بکا››.٣١

«پێشەوا قازی محەممەد ئەو مرۆڤە دەگەمەنە کاریزماییە بوو کە شەوەزەنگی نەزانی و کۆیلەتی شەق کرد. هەتوانێک بوو بۆ برینی هەزاران ساڵەی کورد، بارانێکی رەحمەت بوو بۆ سحرای قاقریی کۆیلەتی و بندەستی. ئەو بوو بە پێشەوای گەل و بەو پەیامە کە پێی بوو هێزی نوستووی گەلی کوردی وەخەبەر هێنا، کۆشکی سەربەرزی و سەربەخۆیی کوردی لەسەردەمی بێدەرەتانی دا، دامەزراند. . ئەو بوو بە پێشەوای گەل و بەو پەیامە کە پێی بوو هێزی نوستووی گەلی کوردی وەخەبەر هێنا، کۆشکی سەربەرزی و سەربەخۆیی کوردی لەسەردەمی بێدەرەتانی دا، دامەزراند» .

کاتێک هیندوستانیەکان کاریزمایەکیان هەیە بەناوی گاندی و ئەفریقایەکان ماندێلایان هەیە، ئەوا کوردیش بێ بەش نەبووە لە هەبوونی کاریزما. پێشەوا قازی محەممەد نموونەی هەرەبەرزی کاریزما و رێبەری کوردە، لە راستیدا بیر و کردارەکانی پێشەوا نەک هیچی کەمتر نیە لە بیر و کردەوەکانی گاندی و ماندێلا و ئەوانی تر، لە راستیدا پێشەوا گوتاری کردە کردار کە ئەمە بەکەم سەرکردە دەکرێ لەراستیدا.

هەروەک مامۆستا هێمنی موکریانی بەدروستی لەگەوردیی پێشەوا دەنوسێ:

زانا بوو، کوردپەروەر بوو
پێشەوا بوو، رابەر بوو
هەر کورد نەبوو بەشەر بوو
خەمی خەڵکی لەبەر بوو.

هەق وایە کە رۆژی ١١ی بانەمەڕێ ١٢٧٩ هەتاوی بەرامبەر بە ٣٠ی ئەپریلی ١٩٠٠ کە رۆژی لەدایک بوونی پێشەوایە، ساڵانە وەک یادێکی نیشتمانی یادی بکرێتەوە. ئەو رۆژە واتە ١١ی بانەمەڕ رۆژی لەدایک بوونی کەسێکە کە مێژووی هاوچەرخی کوردی گۆڕی و جیهانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەوێرا دەستی پێکرد.

١- نوتقی پێشەوا. رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢، ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥.

٢- ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی. جەعفەر عەلی. سلێمانی ٢٠٠٤

٣- «کوردستان» ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە 15 خاکەلێوەی ١٣٥١

«٤- کوردستان» بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان ژمارە ٢٥. یەکشەممە ٢٦ی رەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی.١٧ی مارسی ١٩٤٦. بروانە وتاری ‹›حەزرەتی محمد قازی پێشەوا.

٥- جەلال مەلەکشا، وتاری زیارەتی کتێبخانە پیرۆزەکەی پێشەوا، وەرگیراو لە سایتی www.peshewa.com

٦- رۆژنامەی «کوردستان» ژمارە ٧٢ سێشەممۆ ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥. نوتقی حەزرەتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان لە کاتی رۆیشتن بۆ ورمێ.

٧ — دورگەی بەختەوەریی، ئەیوب ئەیوبزادە

لە ژمارە ٦٥٥ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٦ی مەی ٢٠١٥

لە دایک بوونێک کە بە مەرگ دوایی نایە (بە بۆنەی ١١٥ ساڵەی لە دایک بوونی پێشەوا)

حەسەن شێخانی

١١٥ ساڵ لەمەوبەر، لە ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ی هەتاوی دا، پێشەوای نەمری کوردان،قازی محەممەد چاوی بە دنیا هەڵێنا. ئەو وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی لە دایک بوو و لە تەمەنی ٤٧ ساڵی دا بە شەهید بوونی، وەک سەرۆک کۆماری یەکەم دەسەڵاتی کوردی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ئەوەی کە قازی محەممەد لە مرۆڤی ئاسایی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەو لە دایک بوونە، دەبێتە سەرەتای شکڵ گرتنی قازی محەممەدێک لە منداڵدانی مێژوودا، کە بە ژانی سێدارە، لە دایک دەبێتەوە و، وەک ئەفلاتون دەڵێ: دەچێتەوە دنیای هەرمانی نموونە بەرزەکان. ئەو نموونە بەرزانەی کە دەبنە سەرمەشق و پێوانە بۆ لە مەحەک دانی مرۆڤگەلی ئاسایی. ئەو نموونە بەرزانەی کە لە کەسایەتیی خۆیاندا، نوێنەرایەتیی مرۆڤی ئەسیل و راستەقینە دەکەن.

ئەگەر بە شێوەیەکی رواڵەتی و، لە چاویلکەی وەهمی دوژمنەوە، سەیری رووداوەکە بکەین، لە دایک بوونی سرووشتیی قازی محەممەد لە ١١٥ ساڵ لەمەوبەر، بە مەرگی ئەو لە تەمەنی ٤٧ ساڵی دا کۆتایی دێ. روانینێک کە لە قوڵایی هزری و فەلسەفی بەدوورە و، تا ئاستێکی وەرسکەر رووکەشیانەیە.

لە سایەی هەوڵدانێکی زۆر و، بە ریازەتێکی زەینی و رۆحی و، بە خۆپەروردە کردنی هزری، توانا شاراوەکانی قازی محەممەد لە دراژایی رەوتی ژیانی دا دەپشکوێ و دەبێتە ئەو پێشەوایەی کە، بە کەڵک وەرگرتن لە هەلێکی مێژوویی، وەرچەرخانێک لە مێژووی کورد دا دروست دەکا و مۆرکی خۆی لە مێژوو دەدا.

لێرەدا نامانەوێ بچینە سەر ئەو کارانەی کە قازی محەممەد لە ماوەی ژیانی دا کردوونی و، ئەو دەسکەوتانەی کە لە ژێر ئاراستەی هزری ستراتیژیکی ئەودا، بە دەست هاتوون، بەڵکوو دەمانەوێ بەراوەردێکی سوقرات ئاسای قازی محەممەد لە بێدادگای "شا"دا بکەین. ئەو رووداوەی کە دەبێتە لوتکەی کامڵ بوونی پرۆسەی بیچم گرتن و دروست بوونی پێشەوا، بە مانای راستەقینەی وشە. ئەو رووداوەی کە دەبێتە ژانی لە دایک بوونێکی دیکە و، بەم شێوەیە لە دنیای رواڵەت و سێبەر و فانی یەوە، دەچێتە نێو دنیای هەرمان و ئەسیلەوە.

قازی محەممەد دۆخی ئارایی کە لە سەر بنەمای بیروباوەڕی کۆن و هەستی ناوشیاری کۆمەڵگە بنیات نرابوو، بە شێوەیەکی عەقڵانی دەبردە ژێر پرسیار و ڕەخنەی لێ دەگرت. ئەو مەرگی بە هیچ دادەنا و، هەر بۆیەش بەو چەشنە دیفاعی دەکرد و ڕووبەڕووی بێدادگایی شا، دەبۆوە. گرینگ بۆ ئەو حەقیقەت و ڕاستی بوو. ئەو لە مەرگ نەدەترسا و پرسی ئەو، مەرگ و ژیانی خۆی نەبوو.

قازی محەممەد هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆی لە پێناو هەستانەوە و ئیرادە بەخشین بە کەسایەتیی "کەوتوو"ی مرۆڤی کورد دا تەرخان کرد. ئەو مرۆڤەی کە حەقیقەتی بوونی خۆی، لێ شێوێندرابوو. قازی محەممەد، پێشەوای خۆناسین و ڕێنسانسی کورد بوو. لە ڕاستیدا ئەو، مرۆڤی کوردی بە بیری پێشکەوتووی ئازادیخوازی گۆش کرد و خستییەوە سەر لاق، تا لە نەمانی فیزیکی ئەویش دا، بۆ گەڕانەوەی کەرامەتی لە دەست چووی، هەنگاو هەڵگرێ. دەسەڵاتدارانی ستەمکار نەیانزانی کە بە لە سێدارەدانی، نە تەنیا ناتوانن پێش بەم ڕەوتە بگرن، بەڵکوو بەو کارەیان، پێشەوایان کردە سەرمەشق و بزوێنەری نەوەکانی داهاتوو.

قازی بۆ سەلماندنی حەقیقەت خەباتی کرد و لە بێدادگای "شا"یش دا، لەم پێناوەدا هەوڵی دا و هەرگیز حەقیقەتی فیدای مەسڵەحەتە شەخسییەکانی نەکرد. کارێک کە سوقراتیش لە یونانی کۆن دا کردی و، هەر بەم هۆیەش بە "مامۆستای حەقیقەت" ناسرا. نازناوێک کە پڕ بە باڵای پێشەوای کوردانیشە. مخابن، دەسەڵاتی زاڵ لە هەر دوو سەردەم دا، بە ڕوانینێکی کورت بینانەوە، سەلماندنی ئەو حەقیقەتەی، وەک مەترسییەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی بینی و یەکیان بە قاپی ژەهر و ئەوی دیکەش بە سێدارە، ڕۆحیان لە جەستەیان جیا کردنەوە. ئەوان ویستیان چرای ڕۆح و زەینی قازی و سوقرات، بە هێزی ستەم بکوژێننەوە، بەڵام بەو ئاواتەیان نەگەیشتن و ناگەن. ئەو مشتومڕە زەینی و هزرییەی کە سوقرات دەستی پێکردو، ئەو ڕێچکەیەی کە پێشەوا قازی ڕەنگرێژی کرد بۆ ئەوەی هەستی بەرپرسایەتی لە مرۆڤ دا دروست بکەن، کۆتایی نایە.

وێکچوونێکی دیکە کە لە نێوان سوقرات و قازی محەممەد دا بە تەواوەتی بوونی هەیە، ئەوەیە کە کاتێک سوقرات دەگیردرێ، دۆستانی سوقرات ناوبراو بۆ هەڵاتن لە زیندان هان دەدەن، بەڵام ئەو قبووڵی نەکرد. ڕێک بەو شێوەیە لە سەردەم و شوێنێکی زۆر دواتردا، پێش گەیشتنی سوپای شا، دۆستانی قازی، ئەویان بۆ بەجێ هێشتنی مهاباد هان دا، بەڵام ئەویش سوقرات ئاسا قبووڵی نەکرد. ئەوان مانەوە بۆ ئەوەی کە بێدادگاکانیان محاکمە بکەن. لێرەدا سوقرات و قازین کە موددەعین و لە بەرامبەر دادگا دا سکاڵای خۆیان دەخەنەروو. ئەوان لە جیاتی پاڕانەوە بۆ داشکانی سزاکەیان، هێرش دەکەن. ئەوان بە مەرگی خۆیان بەرپرسیارێتی و ئەرکەکەیان بە تەواوی بە جێ گەیاند. ئەوەیە ڕەمزی هەرمانیان و، بەم جۆرە مەرگی جەستەیی و ڕواڵەتییان، دەبێتە لە دایک بوونەوەیەک، کە ئەبەدییە و بە مەرگ دوایی نایە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٩ی ئاوریلی ٢٠١٥

ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، بۆنەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە

قادر وریا

١١ بانەمەڕێ ١٢٧٩(ای مای١٩٠٠) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەسێک هاتە سەر دنیا کە دواترو لە دەیەی پێنجەمی تەمەنی دا، ڕێچکەیەکی لە مێژووی نەتەوەکەی دا ڕەنگرێژ کرد کە لە ماوەیەکی کەم دا، ئاراستەی ئەم مێژووە و چارەنووسی نەتەوەکەی گۆڕێ.

قازی محەممەد، کە بەر لە هاتنیشی بۆ نێو کۆمەڵەی ژێکافو حیزبی دیموکراتی کوردستان، کەسایەتییەکی دیارو شوێندانەری مەهاباد بوو، لەو کاتەوە کە هاتە نێو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ئەو زەمینە و دەرفەتەی بۆ پێک هات کە ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی سیاسیی نەتەوەکەی دا، بگێڕێ. قازی محەممەد بوو کە لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف حیزبی دیموکراتی کوردستانی بنیات ناو، کردی بەو هێزە سیاسییە لە لایەکەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری بەرنامە و ئامانجەکانی کۆبکاتەوە و لە لایەکی دیکە، بیکا بە نوینەری نەتەوەی کورد بۆ وتووێژو دانوستان لە گەڵ ئازەربایجانو سۆڤیەتو لایەنەکانی دیکە تا پشتی پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردی لەم ناوچەیە بگرن.

ئەوە هەر ناسراوی‌و پێگەی ئایینی‌و کۆمەلایەتیی خۆی‌و بنەماڵەکەی نەبوو کە یارمەتیدەری بەرزبوونەوەی دەور و ڕۆڵی قازی محەممەد لە کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بوون. زانایی‌و ڕۆشنبیریی سیاسی‌و گشتیی ئەو کەسایەتییەو بیروباوەڕو هەڵسوکەوتی ئینسانی‌و شارستانی‌و دیموکراتانەی ئەو، هاندەری توێژە جۆراوجۆرەکانی خەلکو دۆستانی ئازەربایجانی و بیانییش بوون بۆ ئەوەی لە پێشەوەی خۆیان‌و لە ڕووبەڕووی خۆیان‌دا، ڕێبەر و کەسایەتییەکی بەرپرس و جێگای متمانە بەدی بکەن.

قازی محەممەد، لە ماوەی کورتی سەرکۆماریەکەی‌دا، وەها درەوشاییەوە، کە ڕووناکییەکەی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زەمان‌و مەکانی بڕی. ئەو دەسەڵاتە کوردییەی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆکایەتیی کرد، لە ماوەی یازدەمانگ لەسەرکاربوونی‌دا، لە ژێر ڕێبەری‌و کاریگەریی بیرکردنەوەو سیاسەتی ئەو کەسایەتییەدا نموونەیەکی ئەوەندە بەرزو گەش لە دەسەلاتدارەتیی خستەڕوو، کە کاریگەرییەکانی لە سەر ئازادیخوازان‌و خەباتکارانی کوردستان هەتا ئێستاش نەسڕاوەنەوەو بوون بە ڕووگەو سەرچاوەی ئیلهامی سیاسیی نەتەوەکەی.

پێشەوا قازی محەممەد، ئەگەر لە سەردەمی ژیانی سیاسیو لە چڵەپۆپەی دەسەڵاتو ڕێبەریدا، هەوێنی تەبایی‌و یەکگرتوویی خەڵکو ڕەمزی ڕەتکردنەوەی بندەستیی نەتەوەیی‌و جاڕدانی دەوڵەتی کوردی بوو، لە شەهیدبوونیشیدا، هەڵگری پەیامی سەردانەنواندن‌و پشتنەکردن لە ئامانجی ڕزگاری بوو. ئەو بە بەرگرییە بوێرانەو میژووییەکەی لە بێدادگای ڕژێمی شایەتی‌و بە چوونی سەربەرزانەی بۆ سەر سیدارەی دوژمنان، بەو هەمووە دەسکەوتو ناوەڕۆکە سیاسی‌و دیموکراتییە دەوڵەمەندەی لە ڕێگای کۆماری کوردستان‌و لە ماوەیەکی کورتی دەسەڵاتداریتیدا بەرهەمی هێنا، نەک هەر سەری خۆی، بەڵکوو بڕگەیەکی هەستیار لە مێژووی نەتەوەکەشی بەرز کردەوە.

ڕێزگرتن لە١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، لە لایەک ڕێز گرتنە لە ڕێبەرو سەرکردەیەک کە زۆر لە شانازی‌و دەسکەوتەکانی مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەمان لە سەر دەستی ئەو بەرهەم هاتووەو لە دایک بوون، بۆ نموونە: دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تەمەنترین حیزبی کوردی، دامەزرانی جمهووریی کوردستان یەکەم دەسەڵاتی مودیرنی نەتەوەیی، هاتنە دنیای ئاڵای کوردستان، پێکهاتنی هیزی پێشمەرگە و چەندین دەسکەوتی دیکە. لە لایەکی تریشەوە ڕیزگرتن لە بیرەوەریی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، نیشاندانی وەفادارییە بەو ئامانجانەی ئەو سەرکۆمارە گیانی خۆی لە پیناویاندا بەخت کرد، پێداگرتنەوەیە لە سەر ڕێگا و ڕێبازێک کە پێشەوای شەهید خستیە بەر دەمی نەتەوەکەی، ڕێگای ڕزگاربوون لە بندەستی و ڕێبازی بە سەربەستی‌و بە سەربەرزیی ژیان.

نابێ هەر وا بە سادەیی بەلای سەدوپازدەهەمین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەددا کە دەبێتە ١١ی بانەمەڕی ئەمساڵ، تێپەڕ بین. لە نێوخۆی وڵاتو لە ژێردەسەڵاتی دوژمنانی ئاواتو ئامانجەکانی پێشەوای ڕێبەرو ڕێنیشاندەردا، ڕۆژی لەدایکبوونەکەی پێویستە وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی‌و خەباتگێڕانە بە شکۆیەکی تایبەتەوە، یادی بکرێتەوە. لە بەشەکانی دیکەی کوردستان‌و لە هەر جێگایەک کوردستانیان دەژین، ڕێزگرتن لەم بۆنەیەو، بە ڕێزەوە یادکردنەوەی هزرو ئەندیشەو پەیام‌و هەڵوێستو ئامۆژگارییەکانی ئەو کەسایەتییە میژووییە،

پێویستە بە ئەرکێکی نەتەوەیی دابنرێ. با گیانی سەرکۆماری شەهیدمان پێشەوا قازی محەممەد لە بەرزایی مێژوودا، شاد و شایەد بێ کە نەتەوەکەی بە قەدرزانی و پێزانینەوە ڕێگای ئەو، کە ڕێگای ڕزگاریی خۆیانە، درێژە دەدەن.

لە ژمارە ٦٥٤ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٥ی ئاوریلی ٢٠١٥

سڵاو لە گەورەیی و خاکەرایی و پاکی سەرۆک کۆماری کوردستان شەهید پێشەوا قازی محەممەد

حەمەرەسوول کەریمی

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو دا بە سەدان نووسراوە و بابەتی هەمەرەنگ و جۆراوجۆر و کتێب و نامیلکە و شێعر، هۆنراوە و سروودی شۆرشگێری لە سەر وەسف و لایەنەکانی ژیانی پێشەوای هەردەم زیندووی گەلەکەمان، لە لایەن ڕۆڵەکانی گەلی کورد و تەنانەت خەڵکی غەیرە کوردیشەوە بڵاو کراونەوە. دوژمن و نەیارانی کوردیش بە نووسراوە و بە گووتە و بە تایبەت پان ئیرانیستەکان هەوڵی لێبراوانەی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیان بە دەست تێوەردان و جیاوازیخوازی ناوبردووە، بە کەیفی دڵی خۆیان بۆ بنکۆڵ کردنی پێی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی بێ بنەما و دوور لە ڕاستییان بڵاو کردۆتەوە و تەنانەت بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵک وێنەی هەڵاوەسراوی پێشەوا و هاوڕێیانیان بە نێو خەڵک دا بڵاو کردۆتەوە و دەستکاری وەسیتنامە و گووتەکانی پێشەوا قازی محەممەدیشان کردووە.

ڕێبازی پێشەوا قازی، شتێک نییە کە دوژمن بتوانێ لە دڵ و دەروون و ئارەزووی خەڵک دا بیسڕێتەوە، ڕێبازی پێشەوا، ڕێبازی کوردایەتی و دامەزرانی حکوومەتی کوردی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کورد بووە و ئێستاش بە ملوێنان خەڵک بە ڕێگە و ڕێبازە دا هەنگاو هەڵدێننەوە و بە هەزاران کەسیش گیانی خۆیان بۆ کردۆتە قوربانی.

مەبەست لە نووسینی ئەم چەند دێرە تەنیا بۆ ئەوەیە کە دوای زیاتر لە ٦٧ ساڵ لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی ئێستا بە شێوەی جۆراوجۆر لە لایەن ڕۆڵەکانی کوردەوە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، یادی دامەزرانی حیزبی پێشەوا، یادی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی دەکرێتەوە. لە بۆنە و ڕێورەسمی جۆراوجۆردا وێنەی پێشەوا قازی هەڵداوەسرێن و دەبنە ڕازێنەردەوەی مەراسیمەکان، زۆرجار وێنەی دەستکاری کراوی پێشەوا دەبیندرێن و بڵاو دەکرێنەوە. هەندێک کەس بە بەرنامەی فوتوشۆپ وێنەی ڕێبەرانی کۆچکردوو و شەهیدانی گەلی کوردیان دەستکاری کردووە و تەنانەت سەر و دەم و چاویان لە سەر قالب و لەشی کەسانی دیکە داناوە لەبەر ئەوە دەستکاری جل و بەرگی ئەو ڕێبەرانە بکەن. ئەگەر لە ڕاستی بگەڕێین هەموویان دڵسۆزیان پێوە دیارە، بەڵام ناکرێ سەری پێشەوا قازی لە ڕێگای بەرنامەی فوتوشۆپەوە هەڵبگری و لە سەر جل و بەرگی نوێ و مودێلی ئێستا دابنێی، لەبەر ئەوە پۆشینی جل و

بەرگی پێشەوا لە سەردەمی ژیانی دا نموونەی ڕەوشتی بەرزی ئەو نەمرە بووە و جل و بەرگەکانی نیشانەی کردار و ئەخلاق و کەسایەتی ناوبراو بوون.

پێشەوا کەسێکی دەست ڕۆیشتوو و دارا بووە، پێویست بەوە ناکا بە گۆرینی جل و بەرگ سیمای جوانی پێشەوا وا نیشان بدەین کە دەبێ وەک سەرۆک کۆمارەکانی ئەمرۆی جیهان ماشین و فرۆکەی ئەمرۆیان هەبێ جل و بەرگی ئەمرۆیی لەبەر بکەین. سەردەمی ئەو کات هەر ئەو جل و بەرگانەی دەخواست و شێوەی پۆشینی جل و بەرگەکانی زۆر جوان و سەردەمی و دڵگیرن، ڕەنگ بێ هەر ئێستا کەسانێک هەبن بۆ ڕێزگرتن لە جەنابی پێشەوا شێوەی جل و بەرگەکانیان بە شێوەی جل و بەرگی سەردەمی پێشەوا بگۆڕن و بەم شێوەیە ڕێز لە پێشەوا و لە کولتوری پۆشینی جل و بەرگی سەردەمی پێشەوا بگرن. با ئێمە بە دەستی خۆمان مێژووی نەتەوەکەمان کاڵ و کەم ڕەنگ نەکەینەوە.

پێشەوای کوردان وێنەی جۆراوجۆری هەن، خۆزگە ئەو سەردەمیش وەکوو ئەمرۆ کەرەسەی وێنەی گرتن زۆر بایەن، بێشک هەر وەکوو چۆن ئێستا ئەگەر ڕێبەرێکی کورد کەسایەتی یەکی کورد لە کۆڕو کۆبوونەوەیەک دەر دەکەوێ ئەوە هەموو کەس بە موبایل و کامێرا وێنەی لەگەڵ دەگرن و تەنانەت بە شێوەی زیندووش فیلمی لێ هەڵدەگرن، بێ گومان سەردەمی پێشەوا ئەو کەرەسانە هەبایەن، ئێستا پێشەواش بە دەیان و بگرە بە سەدان گرتە فیلم و وێنەی ڕەنگاوڕەنگی لێ بڵاو دەبوونەوە، بەداخەوە تاکوو ئێستا قسەکانی پێشەوا هەر بە نووسراوە بڵاو کراونەوە و بوونە وێردی سەرزمانی خەڵک، جیا لەو کەسانەی بەشداری کۆبوونەوە و متینگی ڕاگەیاندنی حکوومەتی کۆمار بوون، کەس گوێی لە نوتقی پێشەوا لە کاتی ڕاگەیاندنی حکوومەتی کۆماری کوردستان دا نەبووە، هۆکارەکەی نەبوونی کەرەسەی پێویست و یا کەم کاری بەشی تەبلیغات و زەبتی کۆمار و حیزبی پێشەوا بووە، نوتق و وتارە بە نێوبانگەکەی لە ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە، بەڵام ناکرێ ئێستا کەسێک بێت و بە دەنگی خۆی وتارەکە زەبت بکا و دوایە بڵێن ئەوە دەقی قسەکانی پێشەوایە بە دەنگی خۆی، بۆیە با ئێمە هەوڵی ئەوە نەدەین مێژوو بە لاڕێ دا بەرین.

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە ئەگەر وێنەی پێشەوا و کۆمار کەمن هۆکارەکەی نەبوونی میدیاکار و ڕۆژنامەوان و فیلم هەڵگر بووە. دیارە تا ئێرەش وێنەی پێشەوا و هاورێیانی کەم نین و بە پێی هەل و مەرجی ئەو کات دەتوانین بڵێین زۆرین. ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە جووڵانەوەی کورد بە گشتی لە بواری پاراستنی بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی لاواز بووە، ئەوەی ئێستاش لەبەر دەست دان ئی ئارشیوی کۆمار و یا حیزبی پێشەوا نیین، بەڵکوو لە ئارشیوی بێگانە و لە ئاڵبۆمی کەسە دڵسۆزەکان کۆکراونەوە. هاوکات دوژمنیش بۆ لە نێوبردنی بەڵگە و دیکۆمێنتەکان دەستی لە هیچ شتێک نەپاراستووە و ئەوەی دەستی کەوتووە یا لە نێوبردووە و یا دەستکاری کردووە. لەبەر ئەوە ڕژێمی پەهلەوەی زەبروزەنگی هەبووە، بەداخەوە بەشی زۆری وێنە و بەڵگەکان لە لایەن خەڵکەوە شاردراونەوە و یا بە دەستی هەندێک کەسی بێ وڕە و لە ترسی گیانیان لە نێوچوون. ڕەوتی مێژوو هەروەک وەک مرۆڤەکان لە لاوەتییەوە بەرەو پیری و بە ساڵاچوویی دەبات، هەر بەو شێوەیەش و بگرە زیاتریش وێنە شاردراوەکانی پێشەوا و هاورێیانی یا کەم ڕەنگ کردۆتەوە و یا بە سەریەکدا چرچ و لووچی کردوون و بۆتە هۆی ئەوە کە وێنەکان کەم ڕەنگ بن. سەردەمی کۆماری کوردستان وێنەکان ڕەش و سپی بوون، وێنە ڕەش و سپییەکان بۆمان لە مێژوو دەدوێن و مێژوومان وەک خۆی پێشان دەدەن، با ئێمە چیدی ئەسڵی وێنەکان بە ناوی زیندوو

کردنەوە بە فەرامۆشی نەسپێرین، دەکرێ وێنەیەک هەڵبگری لە سەر پاش بنەمایەکی دابنێی و پشتەوەی وێنەکە بگۆری بەڵام ناکرێ وێنەکە و تەنانەت ڕەنگی دەم و چاو و جل و بەرگەکانی بگۆرین.

با نوێ کردنەوەی سیمای پێشەوا و هاورێیانی بۆ نیگارکێشە بە تواناکانی کورد و جیهانی بە جێ بێڵێن، بەشێکی دیار و بەرچاو لە ڕۆڵەکانی کورد دەست ڕەنگین و هونەرمەندن و توانای نیگارکێشان و پەیکەر درووست کردنیان زۆر بە هێزە و وێنەکان وەک خۆیان دەکێشنەوە و یا پەیکەریان لێ درووست دەکەن.

نیگارکێشە بە تواناکان دەتوانن سیماکان وەک خۆیان بە جل و بەرگ و پشتی کەسەکانەوە بکێشنەوە و یا پەیکەریان لە بەرد و مەرمەر و کەرەسە ڕەق و نەرمەکان لێ درووست بکەن. دیارە هەموو نیگارکێش و هونەرمەندە پەیکەرتاشەکانیش ناتوانن وەک خۆی دەقاودەق ئەو کارە بکەن، بەڵام هەن لە نێو ئەواندا کە شاکار دەخوڵقێنن و دەست ڕەنگینی و خولیای خۆیان لە کێشانەوەی وێنەی ڕێبەرێک ، دیمەنێک، کەسێک و یا کەرەسەیەک دەر دەخەن و دواتر وێنەکە و یا پەیکەرەکە ساڵەای ساڵ وەک یەکێک لە باشترین نیگارەکانی جیهان دەستاودەست دەکا و بە ملوێنان وێنەی لێ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، هیوادارم کە نەققاش و نیگارکێشانی کورد هەوڵ بدەن وێنەی دەستی خۆیان بگەیێنە لووتکە و بەرزی ئەو کەسەی دەیکشینەوە یا درووست دەکەن.

لێرەدا چەند وێنە لە نیگارکێشی بە توانای کورد مامۆستا ناسر قازی زادە نیشان دەدەن کە کێشانەوەی وێنەکە جوانترە لەوەی سەری پێشەوا لە سەر جل و بەرگی کەسێکی دیکە دابنێی فەرموون ئەوەش وێنە و دەست ڕەنگینی مامۆستا ناسر قازی زادە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٧ی مارسی ٢٠١٤

لە قازی محەممەدەوە فێربین

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

لەبەر ئەوە کە بۆچوونە پێشکەوتنخوازانەکانی خوالێخۆشبوو قازی محەممەد رینوێنی ئەسلیی دروشم و سیاسەتەکان و بە گشتی خەت و ریبازی کۆماری کوردستان و دواتر خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان بووە، بەجێ یە لەم نووسراوە کورتە دا زیاتر باسی ئەو دەرسانە بکرێ کە دەبێ لە ژیانی خەباتگێرانەی ئەو گەورە پیاوەی مێژووی گەلی کورد بێری بین بۆ وێنە:

* پێشەوا سیاسەتمەدارێکی واقیع بین بوو هیچ کات ئاوات و ئارەزووی لە جێی راستی دا نەدەنا و لە بارەی توانا و ئیمکاناتی خەباتگێریی خەڵک بە هەڵە دا نەدەچوو. ئەو دروشم و سیاسەتانەی بۆ کۆماری کوردستان هەڵی بژارد بوون کە دروشمی ستراتیژیکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وانە سەرچاوە دەگرێ نیشانەی ئەو واقیع بینی یەن.

* قازی محەممەد دێموکراتی ڕاستەقینەی بوو کە بروای خۆی بە پێویستیی جێگیر بوونی دێموکراسی لە کۆمەڵ دا بە کردەوە نیشان دابوو. ئازادی یە دێموکراتی یەکان لە کوردستانی ئێران و لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی کۆماری کوردستان دا کە قازی بەرێوەی دەبرد، بە جۆرێک جێگیر ببوون کە تا ئێستاش لە ولاتانی ناوچە دا کەمتر نموونەی هەبووە. ئرگەر ئەو خاڵە وەبیر بێنێتەوە کەهەر لە دەورانی سەرکۆماری قازی محەممەد دا، موخالیفەکانی(کەژمارەیەیان زۆر کەم بوون) بە دژایەتی لە گەڵ وی وتاریان دەنووسی و شێعریان دادەنا و بە ئازادی لە نێو خەڵکی دا بڵاویان دەکردەوە بێ ئەوەی کەس هەبی پێشیان پێ بگرێ، ئەو کات ئیمانی قازی محەممەدمان بە پێویستیی جێگیر بوونی دێموکراسی باشتر بۆ دەردەکەوێ.

پێک هاتنی یەکیەتی یەکانی ژنان و لاوان و یەکیەتی یە سینفی یەکانی دیکە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا نموونەیەکی دیکەن لە بڵاو بوونەوەی دێموکراسی لەو کات دا و پێک هێنانی هەڵومەرج بۆ بەشداریی چین و توێژە جۆراجۆرەکانی خەڵک لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا. بە تایبەتی نابێ لە بیرمان بچێ کە لە سەردەمی حکوومەتی قازی محەممەد دا بوو کە بۆ یەکەم جار دەرەتان بە ژنانی کورد درا بەرەسمی لە تێکۆشانی سیاسی دا بەشدار بن و بوونی خۆیان لە مەیدانی خەبات دا نیشان بدەن پێویستە بگوترێ لەبەر ئەوەی هەڵسوورانی ژنان ئەم جۆرە بوارانە دائەو کات بە جۆرێک سووننەت شکێنی و دژایەتی لە گەڵ رێ و شوێنەکانی کۆمەڵی کوردستان دەژمێردرا، قازی محەممەد ژنانی بنەماڵەی خۆیانی هان دەدا کە وەپێش خەڵکی بکەون و بۆ ژنانی ئازادە و خەباتگێر بن بە نموونە.

* لێبوردوویی، دڵفرەوانی و خۆپاراستن لە توند و تیژی یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی یە بەرزەکانی قازی محەممەد و کردروەکانی کۆماری کوردستان بوو. لە ماوەی یازدە مانگ تەمەنی کۆماری کوردستان دا تەنیا کەسێک ئەویش لەبەر هۆی غەیرە سیاسی ئیعدام کرا و ژمارەی زیندانی یەکان لە هەموو کاتێک کەمتر بوو. لە وانەشە هەر لەبەر گیانی لیبردوویی قازی و خۆشەویستیی کۆمار لە لای کۆمەڵانی خەڵکەوە بووبی کە رادەی تاوان لەو سەردەمەدا گەیشتبوو لانی کەمی خۆی.

* سوور بوون لەسەر شەرت و پیمان شانازیەکی دیکەی قازی محەممەد بوو، رۆژی ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ قازی لە مەیدانی چوارچرا دا بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان دا کە تا دوا هەناسەی ژیانی بە ئامانجی گەلی کورد وەفادار بمێنێتەوە و لەم ریگایە دا تەنانەت لە بەخشینی گیانی دریغی نەکا. قازی ئەو پەیمانە پیروزەی لە ئەستەمترین ساتەکانی ژیانی خۆی دا واتە ئەو کاتە کەلە کۆت و بەندی زیندانی سەرەڕۆیی دا بوو و کاتێک کە لە بێدادگای نیزامی دا موحاکەمە دەکرا لە بیر مایەوە، ئەو بۆ تاقە ساتێکیش لە دیفاع لە ئامانجەکانی گەلی کورد دا تووشی دوو دڵی نەبوو و بەسەربەرزی یەوە دیفاعی لەو هەنگاوانە کرد کە بۆ رزگاریی گەلی کورد لە زنجیری سەروویی هەلی گرتبوون. بەشایەدی ئەفسەرانی رێژیمی شاهەنشاهی لە بێدادگای نیزامی دا، لەڕاستی دائەوە قازی محەممەد بوو کە سەرجەمی نیزامی پاشایەتیی موحاکەمە دەکرد، نەک بە پێچەوانە.

* ئەوە حەقیقەتێکە کە لە دڵی مێژووی کوردستان دا تۆمار کراوە کە قازی محەممەد تەنیا بە نووسینی چەند دێر داوای لێبووردن لە حەمە رەزا شا دەی توانی خۆی لە سزای ئیعدام رزگار بکا و تازادیی خۆی وەدەست بێنێتەوە. بەڵام ئەو لە بەرامبەر مردن دا چۆکی دانەدا و سەر نەوی کردن لە بەرامبەر سەرەڕۆیی دای قەبووڵ نەکرد. ئەو وای بەباش زانی کە بە "چوونە سەر داری فەنا" بەکرێگیراوانی رێژیمی پاشایەتی و دوژمنانی ماف و ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان بە هەموو خۆڕانان و پۆزیانەوە "لە رێژپێ"ی خۆی دا ببینێ.

* دەرسێکی دیکە کە بە جێ یە لە قازی محەممەد فێری ببین، رەت کردنەوەی پشت بەستن بەو بێگانانە بوو کە رۆژێ لەبەر بەرژەوەندی خۆیان بوون بە دۆستی، بەڵام هەر کە قازانجیان جۆرێکی دیکە ی خواست. لە پشتەوە خەنجەریان لەو و لە حکوومەتەکەی دا. پێشەوا دەی توانی وەک بەرێوەبەرانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بۆ یەکیەتیی سوڤییەتی رابکا و خۆ لە داوی بەکرێگیراوانی کۆنە پەرستی دەرباز بکا. بەڵام ئەوەی نەکرد و وای بە باش زانی لە نێو گەلەکەی خۆی دا وەمێنێ. دیفاع لە ئامانجەکانی گەلەکەی بکا و لە رێگای ئەوان دا گیانی ببەخشی، هەر دەتگوت ئیلهامی پێ کراوە کە ئەگەر پەنا بباتە بەر شوورەوی وەک بەرێوەبەرانی حکوومەتی ئازەربایجان لە " کارەساتێکی" ماشین لێخورین و یان رووداوی دیکەی لەم چەشنە دا دەکوژرێ. بێ ئەوەی ناوێکی باشی لە پاش بەجێ بمێنێ.

* لە تایبەتمەندی یە بەرزەکانی دیکەی قازی محەممەد، یەکیشیان بایەخ نەدان بە ماڵی دنیا بوو، زۆرجاری وا هەبووە کاری رێبەرانی سیاسی لە بەر لاواز بوون لە بەرامبەر ماڵی دنیایە دا کیشاویەتە بەدناوی، چۆنکە لە ئاکامی دزی کردن لە سەروەت و سامانی گشتی دا، ماڵ و سامانیان وەسەریەک ناوە. بەڵام قازی لەو رێبەرانە بوو کە لەو بارەوە چووکترین رەخنەی لەسەر نەبوو، ئەو کە لە بنەماڵەیەکی دەست رۆیشتوو دا لە دایک ببوو، نەک هەر چاوی تەماعی نەبرییبووە سامانی گشتی، بەڵکوو لەماڵ و دارایی خۆی بۆ

خزمەت بە بەرەوپێش بردنی جووڵانەوەی کورد کەلکی وەردەگرت.

* یەکێک لە هەڵسوورێنەرانی ڕۆژنامەی " کوردستان " ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەی گێراوە کە هەرکات ژمارەی تازەی ڕۆژنامەیان دەبردە خزمەت پێشەوا، لە جیاتی قرانێک کە قیمەتی تاقە ژمارەیەکی ئەو کاتی ڕۆژنامە بوو، دە تمەن واتە سەد بەرامبەی قیمەتی یەک ژمارەی دەدانی.

بەو هیوایە کە ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا قازی محەممەد تایبەتمەندی یەکانی ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتوویە بکەنە سەرمەشقی خۆیان و لە ژیان و خەباتی ئەو زۆر دەرسان فێربن.

ئەو بابەت کورت کراوەتەوە تەنیا بەشی کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەدی لێ هەڵبژێردراوە

دەقی قسەکانی بەڕێز خالید عەزیزی
لە ڕێوڕەسمی یادی ١١٣ ساڵەی دایکبوونی پێشەوا دا

خالید عەزیزی لە یادی لە دایک بوونی پێشەوا قازی محەممەد دا:

خوشک وبرایانی ئازیز

مێوانانی بەڕێز

نوێنەرایەتیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکان

پڕبەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ڕێوڕەسمی یادی ١١٣ ساڵەی لەدایک بوونی پێشەوا قازی محەممەد، ڕئیس جمهوری کوردستان، ڕێبەری حیزبی دیموکرات، دامەزرێنەری یەکەمین دامەزراوی کوردی و یەکێک لەو کەسانەی کە بەگیان و بەدڵ « بۆگەل ژیاو بۆگەل مرد».

«ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن، بەڵام بزانن لەهەر تنۆکەخوێنێکی من، قازی محەممەدێک شین دەبێتەوە»، «داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لە پێناو ڕزگاریی کوردستان دا پەک نەخا، بژی کورد و بژی کوردستان»

داواکەی قازی محەممەد بە جێهاتو ئیعدامی قازی محەممەدو ئەو تنۆکە خوێنە بوو بە بنەمایەک، بوو بە هەوێنێک، بوو بە سەرەتایەک، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بە هەموو دیققەتو تێبینیەکەوە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش دقیقەن پەیامەکەی قازی محەممەد بە جێ بگەیەنێ. ئەویش ئەوەبوو کە لە خەباتو تێکۆشان ماندوو نەبێ و پشوو نەدا.

لە دنیای ئەمڕۆدا کەم نین ئەو وڵاتانەی کە سەرۆک کۆماریان هەیە، سەرۆک وەزیریان هەیە و کەسایەتیی ناسراوی خۆیانیان هەیە،و کاتێکیش ئەو کەسایەتی یە ناسراوانە یادیان دەکرێتەوەو بە بۆنەی [یادی] لەدایکبوونیان لە پایتەختەکان و لەشارە گەورەکانی وڵاتەکەی خۆیان ڕێزیان لێ دەگیرێ، ڕەنگە زۆرتر باسی ئەوە بکرێ کە چۆن لەدایک بوون و چۆنیش تا ئەمڕۆ تەمەنیان تێپەڕاندوە.

لەو وڵاتانە ئەو سەرۆک کۆمارو وەزیرانە لەسەردەمی ئێستا دا خانووەکەی خۆیان بە جێ دێڵین و دێن لە کۆشکی ریاسەتی جمهووری دا حکوومەت دەکەن. دێنە سەر نەغدو حازری، بەڵام پێشەوا قازی محەممەد حکوومەتێکی دامەزراند، هۆوییەت و کەسایەتی یەکی دامەزراند، لە دایکبوونێکی نوێو ناسیونالیزم و کوردایەتی لە ناوەندێکی چووکەی بەشێکی رۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراند. بۆیە

یادی قازی محەممەدو سەرۆک کۆماری کوردستان و، دامەزراندنی ئەو رێورەسمە واتا وەبیرهێنانەوەی لە دایکبوونی، وەبیرهێنانەوەی لە دایکبوونی کەسێکە کە بە هیمەت و تواناو تێکۆشانی خۆی کۆمارێکی دامەزراندو لەپێناو ئەو کۆمارەو لە پێناو ویست و داخوازی کورد دا گیانی لەدەست دا.

باشترین پێناسە بۆناساندنی کەسایەتیی قازی محەممەد ئاوڕدانەوەیەکی کورتە لەو شوێنەی کە لێی لە دایک بووە، لەو شوێنەی کە خۆی پێ گەیاندوە و لە شوێنەی کە بوو بە سەرۆک کۆماری کوردستان و بوو بە رئیس جمهووری نەتەوەیەک کە بۆ یەکەمجار ئەو مەجالەیەی بۆ خوڵقا. قازی محەممەد کەسایەتی یەک بوو بە رابردوویەکی فەرهەنگی و بە زانستێکی حقووقی و قەزایی بەوە گەیشت کە بۆئەوەی نەتەوەکەی رزگار بێ دەبێ تواناو هیمەت و شعووری خۆی بخاتە بازنەیەکی سازمانی، بۆیە هەر لەو مەیدانەدا کۆمەڵەی (ژک)ی هەڵ بژارد، چوون بۆ نێو کۆمەڵەی (ژک) سەردەمی پەروەردەکرنی بیروهۆشی نەتەوایەتیی قازی محەممەد بوو. قازی محەممەد کە لەهەمان کات دا کە لەشاری مەهاباد لەباری بنەماڵەیی، لەباری زانست، لەباری فەرهەنگی و لەباری ئەوەکە قازی بوو، لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی جۆراجۆری کوردەواری سەروکاری هەبوو، ئیحترامێکی زۆری هەبوو، بەڵام قەناعەتی وای هێنا کە لە جەمعێکی تێکۆشەردا تێ بکۆشێ کە ئوسوول و ئەندیشەی نەتەوایەتیی خۆی جێ بخا. بۆ ئەومەبەستەو بۆ ئەو بیروهۆشە لە کۆمەڵەی (ژک)دا خۆی رێکخست، قازی محەممەد بەوە

ڕانەوەستا، بۆئەوەی کە ئەوفیکرە لەمەیدانی عەمەلی دا بکا بە هەوێنی حکوومەتێک لەداهاتوو دا، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی دامەزراندو دقیقەن دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوی بەرنامە و پرۆژەکانی قازی محەممەددا بوو، کە چۆن بیری نەتەوایەتی و کوردایەتیی خۆی بکا بە دامەزراوە، بیکا بە فەرهەنگ و بیباتە نێو کۆمەڵگاو کۆمەڵانی خەڵکی زۆر بە هەموو (تنوعات)ێک کە تێیدا بوو، بەشداری ئەوپرۆسەیە بکا. بۆیە قازی محەممەد لەسەر پرۆژەی میللیی خۆی ساغ بۆوە کە چۆنی جێبەجێ بکات.

راستە لە زۆر جووڵانەوەداو لە زۆر خەباتی رزگاریخوازی دا کاتیک ئاوریان لێ دەدەینەوە، جەمعێکی زۆر لە دەوریان هەبووەو تەبیعەتەن لە کۆماری کوردستان و پێشتر کۆمەڵەی «ژک»و پێشتریش لە ناوەندی فەرهەنگی و شارستانییەتی مەهەباددا خەلکێکی زۆری تێدا بووە، بەڵام بە ئیعترافی هەموو دۆستان، هەموو ئەوبێگانانەی کە کۆماری کوردستانیان بینیوەو لەنزیکەوە قازی محەممەدیان زیاردت کردوەو موتالیعەو تەحقیقاتیان لەسەرکردوەو بە دوای دا چوونە، قازی محەممەد ئەستێرەیەکی زۆر گەشاوەی ئەو حکوومەتە بووە.

یادی قازی محەممەد لەسەردەمێکدا دەکەینەوە کە ۱۱۳ساڵ بەسەر لەدایکبوونی ئەودا تێپەڕ بووەو دەوری ۶۷ ساڵ بەسەر ئەو

سەردەمەدا تێپەڕدەبێ کە قازی محەممەد ئەو بیروهۆشە دێنێتە گۆڕێ، ئەو وەختە زۆرێک لە میللەتان هێشتا دەوڵەتی خۆیان نەبوو، ئێستا نزیک دووسەد دەوڵەت لەدنیادا هەیە. قازی محەممەد لەسەردەمێک دا ئاماژە بە حقووق و ماف و بەشێک لە بنەماکانی هۆوییەت و ماهیەتی ئینسانی دەکا کە هێشتا ئیعلامیەی حقووقی بەشەر لە جیهاندا بڵاونەببووە و ڕانەگەیەندرابوو! قازی محەممەد لە شوێنێک باسی کەمایەتی یەکانو مافیان دەکا، لە شوێنێک باسی حقووقی ژنان دەکا، باسی مافی لاوان دەکا، باسی خۆیندن دەکا، باسی حکوومەت داری دەکا، باسی دیمۆکراسی دەکا، دەچیتە نێوخەڵک، خەڵک فێردەکا کە بۆخۆیان، خۆیان ئیدارە بکەن کە بەشی هەرەزۆری ئەو خەڵکە لە سیستمیکی عەشیرەتی و فیئۆداڵی دا دەژیا، شارستانیەتەکە لە جەمعێکی مەحدوودا بەرتەسک ببووە. هونەری قازی محەممەد لەوەدایە لەسەردەمێک دا بوو بە کەسایەتی کە لە دەوروبەرەکەی ئەو مەجال و دەرفەتە بە هۆی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیی یەکجار زەعیف بوو، بۆ قازی محەممەد گەلێک گرنگ بوو کە یەکییەتیی نەتەوایەتی بپارێزێ، قازی محەممەد لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دا تەکیەکەلامی ئەوەیە کە «ئەم کۆمارە زەمانێک سەردەکەوێت کە هەموو چین وتوێژەکانی، بە ژن و بەپیاو، بە هەموو عەشایرو تایفەکان، بە هەموو تەنەوعەکانی نێوکۆمەڵگای کوردەواری (وحدت)یان هەبێ»، قازی محەممەد لە وەسیەتەکەشی دا هەر ئەوە دەڵێتەوە. دەڵێ: زەمانێک ئەو میللەتە دەتوانێ رزگار بێ، کە لە نێو خۆی دا وەحدەتی هەبێ، قازی محەممەد سەمبوول بوو بۆ ڕاگرتنی ئەو وەحدەتە، دەبا لەگەڵ هەموو ئەو تەنەوعاتی عەشیرەتی و فیئۆداڵی و تایفەیی و نەخۆیندەواریی ئەووەخت دا موعامەلەی کردبایە و هەمووانی بەشداری حکوومەتەکەی کردبایە، بۆیە ئەوە هونەری قازی محەممەد بوو. یەکێکی دیکە لەلایەنە هەرە گەشەکان و یەکیک لەو بنەمایانە کە پەیوەندیی نەتەوەیی لەگەڵ پارچەکانی دیکە بەهێز دەکاو ئەو پەیامە دەدا کە نەتەوەی کورد لە هەر شوێنێک دەرفەتی بۆ هەڵکەوێ و رزگار بێت، دەبێتە پشت وپەنا بۆ پارچەکانی دیکە، هەربۆیە کاتیک مەرحوومی مەلامستەفای بارزانی لەوسەردەمەدا مەجبوور بوون بڕۆن بۆ کوردستانی ئێران و لەوێ گیرسانەوە قازی محەممەد بۆخۆی لەمەهاباد نەبوو لەسەفەر بوو، پەیامی داوە بەهاوکارەکانی کە «بارزانی یەکان کاتیک دێنە ئێرە ماڵی خۆیانە و میوان نین، خانەخوێن، بەشێک لەئێمەن، پاشان کە کۆمار دامەزرا بوون بە بەشێک لەئیدارەی حکوومەت و کۆماردا». بۆیە بارزانی و هاورێیەکانی لەهەموو ئەو شوێنانەی کە پێویست بوو کاریان لەدەست دەهات، لە کۆماری کوردستان دا بێ‌فەرق و جیاوازی کاریان پێ ئەسپاردبوون و کۆماری کوردستان مەجالێکی باش بوو بۆ مەرحوومی بارزانی و هاورێیەکانی کە دوای ئەو موشکیلات و گیروگرفتانەی کە لە کوردستانی عیراق بەسەریان دا هاتبوو، لەوێ خۆیان سازماندەهی بکەنەوە و خۆیان رێک بخەنەوەو، دوای کۆماریش کاتێک مەجبوور بوون ئەوێ بەجێ بێڵن و بەرەو رووسیا بڕۆن، ئەوەبوو بە هەوێنی ئەوەی کە لە داهاتوو چۆن ئەو ریگا دوورودرێژە بە سازمان و بەو حەسانەوەی کە لەو ماوەیە دا هەیانبوو، جێبەجێ بکەن.

پێشەوا قازی محەممەد لەسەردەمێک دا کە کۆماری کوردستان بە بەراورد لەگەڵ دەوروبەری، وڵاتێکی فەقیر بوو، بوودجەی کۆمار کەم بوو و رەنگە ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دەوروبەری، بە هیچ جۆر موقایسە نەکرێت، دیسان تێبینی و دیقەتو شعووری وردی کۆمەڵایەتیی خۆی هەبوو و، کاتێک لە شەقامەکانی مەهاباد دەگەڕێ، دەبینێ جەمعێک کوڕی گەنج قەرتاڵەیان لەسەر شانەو هاوار دەکەن: ئەرێ کەسێک باری شتێکی هەیە بمانداتێ و پارەیەکمان وەگیرکەوێ، بێبەینەوە بۆماڵیان»، قازی محەممەد دەستوور دەدا کە هەموو ئەو منداڵانە کە لە تەمەنێکی کەم دا مەجبوور بەکارکردنن، بەسەر بنەماڵە دەڵەمەندەکان دا بڵاو ببنەوەو بنەماڵە دەوڵەمەندەکان لەگەڵ منداڵی خۆیان بیان ئێرن بۆ مەدرەسە، هەر لەودەمەی کە کۆماری کوردستان فەقیر

دەبی، قازی محەممەد دەستوور دەدا «فەقیرخانە» دابندرێت و، فەقیرانی ژن و پیاو بە جیاواز سەعی دەکا کۆمەگیان بکاو بیان‌حاوێنێتەوە. ئەوەی کە دواتر لە سیستمی ئیدارەی زۆرێک لە وڵاتەکان دا بە نێوی سوسیالیزم و بە نێوی سوسیال دیموکراتیک و ... ئێستا نەهادینە بووەو مافێکی بۆ دانراوە، لە حکوومەتە ساواکەی قازی محەممەد و لەوسەردەمە دا، پێشەوای کورد فیکری لەوەیش کردبۆوە و رێگا چارەی بۆ دانابوو. هەموو ئاوڕدانەوەکان بەسەر کۆماری کوردستان و بە سەردەمی پێشەوا قازی محەممەددا لەراستی دا ئاماژە بەوە دەدەن کە پێشەوا قازی محەممەد لەو کەسانە بوو لەساغ بوونەوەی خۆی دا ئەرکێکی بەرێوە دەبرد، ئەویش دروستکردنی میللەتیک بەمانای سیاسی و بەمانای حقووقی و تەشکیلاتی موئەسسەساتی بوو، وە لەو پرۆژەیەیشدا هەموو ئامارەکان دەری دەخەن کە خۆی لە جوزئیاتی ئەو کاروبارە دا بووە، نەک ئەوەی کە دیخاڵەت بکا، بەڵکوو بەشێوەی سەرپەرستی، لەسەردەمێک دا کە هەر بەوشێوە کە ئاماژەم پێکرد نەخوێندەواری و دواکەوتوویی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو ئەو مەجالانەی زۆر مەحدوود دەکردەوە.

یادی پێشەوا قازی محەممەد یادی سەمبوولێکە، یادی کەسێکە کە بەدوای ئەودا کە خۆشی ئاماژەی پێ دەکا کە دوای ئەویش خەباتی کورد هەر درێژەی هەیەو ئەوە بە ئێمە دەڵێ:کە لەناو میللەتەکان دا زۆر کەس هەبوون کە لە (شرایطی)قازی محەممەددا بوون بە سەمبوولی دروستکردنی نەتەوەکەی خۆیان، زمان و فەرهەنگ و ڕابردوو و شوناسی گشتی نەتەوەکەیان، بەڵام تاکوو کەس یان کەسانێک یان پێشەوایەک و رێبەرێک نەبێ کە ئەوە بەهەژێنێ و ئیدارەی نەکات و خەتی پێ نەدا و دروستی نەکات ئەو خاک و زمان و فەرهەنگی هاوبەشە دا لە خۆی دا نابێتە ئەوەی کە تۆ شتی لەسەر دابمەزرێنی. قازی محەممەد لە ئەوەڵین رۆژی دامەزراندنی کۆمارو لەو رۆژەی کە لەگەڵ هەموو ئەوانە سەروکاری هەبوو ئەوەی بەتەوای تێدا دەبیندرا.

لەوسەردەمە دا ئەرزشی ئەدەبیات و شێعرو هونەر بۆ قازی محەممەد زۆر بەرز بوو. زۆرن لەو بیرەوەری یانەی کە ئاماژە بەوەدەکەن کە پەیوەندی و عیلاقاتی خۆشی هەبووە لە گەڵ دوو شاعیرو هونەرمەندی ئەوکات واتا «مامۆستا هەژارو هێمنی «مەهابادی،و چەندە ئەوانی تەشویق کردوە کە بە هونەری شیعری خۆیان بنەمای کەسایەتی و پێناسەی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێنن، قازی محەممەد لەوکەسانە بووە کە زۆری بایەخ بە خوێندن داوە، زۆری بایەخ بە مەدرەسەو قوتابخانە داوە، بە تەواوی تێگەیشتبوو ئەگەر خوێندەواری لە وڵاتەدا پەرە بستێنێ و بەهێز بێ، ئەگەر خەڵک خوێندەوار بێ، ئەگەر خەڵک کەسایەتیی خۆیان پەیدا بکەن و بە تاکەکەس بڕوایان بەخویان هەبێ، یەک میللەت (اعتماد بەنفس) پەیدا دەکاو رێگای خۆی دەبینێتەوەو رێگای رزگاریی خۆی ئاسان دەکاتەوە. تەنانەت لەو حقووقە کەمەی کە مانگانە لە لایەن کۆماری کوردستان دراوە بە قازی محەممەد بەشێکی داناوە بۆ ئەوخەڵکانەی کە بێسەرپەرست و کەم دەرامەد بوونەو کە خەریکی دەرس‌خوێندن بوون. کاتێک دەچینەوە لای سەرچاوەکان بەتایبەت رۆژنامەی کوردستان، خێزانی قازی محەممەد یەکەم کەسە کە یارمەتی ماڵیی داوە بە کۆڕ وکۆمەڵ و رێکخراوەکانی کۆماری کوردستان.

قازی محەممەد لەوکەسانە بوو بۆخۆی پێشڕەو بوو بۆ ئەوەی کە ژنان بەشداری کاروخەبات و خوێندن بن، خێزانی خۆی و هەموو ئەوکەسانەی تەشویق دەکرد کە لەومەیدانانە دا چالاکانە هەڵسووڕ بن، قازی محەممەد جیاواز لە کەسایەتیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، میللی .. سیاسەتمەداریکی بەتواناو دیپلۆماتیکی ژیر بوو. کاتێک حکوومەتی ئازەربایجان دادەمەزرێ و حکوومەتی ئازەربایجان و دەسەڵاتی ئازەربایجانی سوڤیەتی پێشوو تێ دەکوشن کە کۆماری کوردستان بە بەشێک لە ئازەربایجان دابنێن، قازی محەممەد بە مەنتیقی

خۆی و بەموزاکەرە و دانوستان لەگەڵ تەورێزو لەگەڵ باکۆ، هەروەها لەگەڵ نوێنەرانی سووڤیەتی پێشوو پێیان دەسەلمێنێ کە «نەخێر ئەوان حکوومەتی کۆماری کوردستان دادەنێن، ئەگەر قەرار بێ بیانکەن بە بەشێک لە ئازەربایجان، هەر دەبنەوە بە بەشێک لە حکوومەتی تاران». قازی محەممەد زۆر بە دیقەتو ژیرانەو بە گەمەیەکی دیپلۆماسی ئەوەی جێ خست، حکوومەتی کۆماری کوردستانی وەک حکوومەتێکی واحیدی کوردی لە چوارچێوەی ئێران بارتەقای حکوومەتی ئازەربایجان موستەنەدی کرد. هەر بە ژیریی خۆی لە سەرئەو شوێنانە کە بەینی ئازەری و کورد کێشەی لەسەر بوو دیسان بە موزاکەرە و دانوستان بێئەوەی کە مەجبوور بەشەڕ ببن تا ڕادەیەکی زۆر ئەو سنوورە شێواوانەی شەفاف و روون کردەوە، قازی محەممەد هەمووهەولێکی دا سۆڤیەتی یەکان قەناعەت پێبێنێ کە لەمەیدانی بازی ناوچەیی لە تەعامول لەگەڵ ئێران و لە سیاسەتی گەورەی نێو دەوڵەتی دا گرینگیی کۆماری کوردستان تەنانەت لە پەیوەندی لەتەک بەرژەوەندیی خۆشیان دەرک بکەن. کاتیک سۆڤیەت پشتی تێکرد و بەرژەوەندی تاران و موسکۆ ئەوە بوو کە پشت لە کۆمار بکا، قازی محەممەد بەرنامەیەکی دیکەی هەبوو هەوڵی دا لەگەڵ حکوومەتی تاران لە ڕێگای دانوستان و وتووێژ تێبکۆشێ کە ڕێگا چارەیەکی دیکە بێنێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕوژان کۆماری کوردستانیان قەبووڵ نەکرد لە چوار چێوەی ئێران دا، لە حەلێکی ئێوخۆیی و ئیعترافاتێک بە مافی کورد لە چوارچێوەی ئێران دا بکرێ. سەرۆککۆمارێک لە نزمایی بۆ لووتکە! لە لووتکە وەک دیپلۆمات بازی خۆی دەکرد بەڵام دەڵێ چی؟ بازیگەرێکی زیرەک بوو دیپلۆماتێکی کارا بوو، سیاسەتمەدارێکی بەتواناو خوێندەوارێکی بە فەرهەنگ بوو، قازی یەکی عادڵ بوو، پێشڕەوێکی کۆمەڵایەتی بوو. بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو سەنگ و سووکیی دەسەڵات نەیهێشت یان مەجالی نەدا ئەو شەخسە بلیمەتە بتوانێ کۆماری کوردستان بکا بە بنەمایەک کە بۆ خۆی درێژە بە حکوومەتەکەی بدا .

میوانانی بەڕێز

خۆشک و برایانی ئازیز

لەسەردەمێک دا یادی لەدایک بوونی قازی محەممەد دەکەینەوە کە بەشێک لە ئاواتەکانی قازی محەممەد جێبەجێ بووە، لە پەیامی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە دەورانێک کە حکوومەتی ئیدارە دەکرد، لە کاتێکدا کە لە دادگا دیفاعی لەخۆی دەکرد، دیفاعیاتی قازی محەممەد زۆر بەرزە وەک دەڵین: بۆگەل ژیا، بۆ گەلیش مرد.

دەی توانی بڕوات بۆ ئەوەی رزگاری بێ، دەیتوانی حەللی دیکە ببینێتەوە بۆئەوەی کە ئیعدام نەکرێ، دەیتوانی پاشگەز بێتەوە بۆ ئەوەی کە گیانی خۆی نەجات بدا، بەڵام وەسیەتی قازی محەممەدو ئەو دادگایەی کە ئەویان تێدا دادگایی کرد، دادگاکەی کرد بە دادگایی ئەوان!! ئەگەر دەسەڵاتی نەبوو ئەوان موحاکمە بکات و بڕیاریان لەسەر بدا، بەڵام وەسیەتنامە و دیفاعیاتی قازی محەممەد بۆ ئێمە ئێستا بۆتە مانیفێستێک.

زۆر میللەت هەن لەدنیادا لە چوارچێوەی زۆر ئیدوئولۆژی دا مانیفێست بۆخۆیان دادەنێن، ڕێڕەو بۆ خۆیان دادەنێن ئەحزابی سیاسی و بیر بۆچوونی جیاوازی سیاسی ئاماژەیان پێ دەکەن و پێیاندەکەن. بەشێک لەوان کوردیش نەبوونە، بەڵام دڵنیام قسەکانی قازی محەممەدو دیفاعیاتی قازی محەممەد، ئێستاش کە ئێستایە بۆ ئێمەی کورد لە هەموو پارچەکان لە هەموو مەیدانەکان دا دەبێ لە هەموو

کارو سیاسەتدانانی خۆمان دا ئاماژەیان پێبکەین. دەکرێ وەک مانیفێستیک لە پێش چاوی بگرین، ئەو بەشە لە قسەکانی قازی محەممەد کە لە دیفاعیاتی خۆی دا دەڵێ: بژی کوردو بژی کوردستان ئێستاکە بەشێکی بەرچاوی بەدی هاتووە لە هەرێمی کوردستان لەو شوێنەی کاتێک قازی محەممەد حکوومەتی دەکرد بەشێک لە تێکۆشەرانی ئێرە بەسەرپەرستیی بارزانی رووبان کردە ئەوێ و ئێستا بە خۆشیەوە ئێمە حکوومەتێکی کوردیمان هەیە، لە تورکیا پاش دەیان ساڵ ئینکاری کورد و خەبات و چالاکیی مەدەنیی کورد لە نێوخۆی وڵات و فەعالییەت و چالاکیی چەکدارانەی کورد لەشاخ و کێوەکان هەموو دەستیان دا بەدەستی یەک کە ئێستا دەوڵەتی تورک بە خۆشی یەوە بەو قەناعەتە گەیشتوە کە لە رێگای گفتگۆو ئاشتی دا کێشەی کورد چارەسەر بکا. قازی محەممەدیش لەسەردەمی کۆماری کوردستان بە حکوومەتی تاران هەر ئەوەی دەگوت! دەیگوت: وەرن با کێشەی کورد لە رێگای وتووێژو دانیشتن چارەسەر بکەین، بەڵام وەڵامی ئەوان ئیعدام بوو. لە سووریا کە ئاڵۆگۆڕەکان لە گۆرێ دا هەیەو دڵنیاین حکوومەتی بەشار ئەسەد ئایەندەیەکی نابێ و هەرکەسێک دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت ناتوانێ کورد وەلا بخا و دڵنیاترین. لەو شوێنەی کە کۆماری کوردستان دامەزرا، لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەوشارەی کە پێشەوای کورد، رئیس جمهووری کورد حکوومەتەکەی دامەزراند لەوشوێنەیش ئاڵوگۆڕەکان بەرەو ئەوە دەچن کە لە ئایەندەدا گەلی کورد لەو بەشە بەمافەکانی خۆی شاد بێت. وەسیەتی قازی محەممەدو هەروەها دەسپێکی قازی محەممەد دەڵێ دەبێ وەحدەتمان هەبێ، ئەویەکگرتن و وەحدەتە ئێستا لەسەردەمی قازی محەممەد گرنگترە.

ئەو نەتەوانەی کە رزگار بوونە و دەوڵەتی خۆیان هەیەو سنووریان هەیەو ئەرتەشیان هەیە و بودجەیان هەیەو پاسپۆرتیان هەیەو تازە وەک دەوڵەت جێ کەوتوون کێشەی ئەحزاب رقابەتی ئەحزاب تەنیا بۆ ئەوە دەگەرێتەوە چۆن ئیدارەی وڵات بکەنو چۆن لە پارلەمان دا کورسییان زۆربێ و پرۆژەکانی خۆیان ببەنە پێشێ. بەڵام چارەنووسی کورد ئێستاش رەبتی بە چارەنووسی حیزبەکانەوە هەیە لە کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکە ئەگەر حیزبەکان وەحدەتیان نەبێو یەکگرتوویی یان نەبێ و لە پرۆژەکانی سیاسی و میللی خۆیان لە یەک نزیک نەبنەوە، ئێستاش کوردستان هەموو بەشەکانی مەترسی لەسەرە.

لە بلژیک نزیک یەک ساڵ دەوڵەت نەبوو، ئەو وڵاتە ئیدارە کراو بەرێوە چوو بەڵام لێرە کاتیک بەینی دوو حیزب و سێ حیزبی سەرەکی کێشەو ناکۆکی دێتە گۆرێ دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەکەوێتە کۆمەڵگای کوردی... داخۆ چی دەبێ؟؟

بۆیە پەیامەکەی قازی محەممەد لەدەسپێک و وەسیەتەکەی قازی محەممەد لە کۆتایی دا کە باس لە وەحدەت دەکا ئێستا لە هەموو دەورانێک بۆ ئێمە گرینگترە، هیوادارم لە رۆژی یادکردنەوەی ١١٣ ساڵەی لەدایکبوونی قازی محەممەددا هەموو لایەکمان لەهەموو پارچەکانی کوردستان تێبکۆشێن هەر رێگاچارەیەک کە هەمانە، هەرپرۆژەیەکی حیزبی هەمانە نەکەوێتە سەرەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئێمە نەکەوێتە ژێر بەرژەوەندیی حیزبی ئێمە. بەو هیوایە بیرو ئاواتەکانی قازی محەممەد کە رۆژ بە رۆژ لە جێکەوتن و سەرکەوتن زیاتر نزیک دەبنەوە هەموویان بەدی بێن و بەو هیوایە حیزبەکەی قازی محەممەد حیزبی دیموکراتی کوردستان لە داهاتوودا وێرای حیزبوسازمانەکانی دیکە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک لەو شوێنەی کە قازی محەممەدی لێ لەدایک بووە یادی قازی محەممەد بکاتەوە بە بەشداریی تێکۆشەرانی کورد و لایەنەکان لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان. باشترین پێزانینی ئێمە بۆ قازی محەممەد ئەوەیە کە پێیبڵین:»رئیس جمهووری کوردستان تۆ بە رئیس‌جمهووری ئیعدام کرای» ئستیعفای نەدابوو، وەلا نەچووبوو، وەلا نەنداربوو

بەڵکوو رئیس جمهوریان ئیعدام کرد. باشترین پێزانینو ئەمەگناسی ئێمە ئەمەیە بڵێین رئیس جمهووری کوردستان لە ١١٣ساڵەی لەدایکبوونت دا دەتوانین ئەوە بکەین کە بیروئەندیشەی تۆ ئەوە بوو کە کورد بەمافی خۆی بگاو کارت بۆ کردو سەرت لە رێ دانا. هیچ تەوەقعاتێکیشت نەبوو. ئێمە ئەو پەیامەی تۆ دەبەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک، باشترین رێزنان لە قازی محەممەد ئەوەیە کە نەتەوەکەی رزگار ببێ، ئەو وەختە گەورەیی قازی محەممەدو گەورەیی هەموو لایەنێکی باشترو چاکتر جێ دەکەوێت، قازی محەممەد لە ئیدارەی کۆماری کوردستان و لە دامەزراندنی حیزبی دیموکرات دا بەتایبەت خەتێکی دامەزراند یا بۆچوونێکی نەهادینە کرد کە فیداکاری و قوربانی دان لە نێو ئێمە وەک شانازی و ئیفتخار چاوی لێدەکرێ و بۆتە بەشێک لە حەماسەی مێژوویی ئێمە، حیزبی ئێمە لەومەیدانە دا سەربەرزە وەکوو زۆر لایەنی دیکە. دوکتور قاسملوو یەکێک لەو رێبەرانە و لەو شاگردانەی پێشەوا قازی محەممەد بوو کە ئەویش لەمەیدانی دیپلوماسی و هەڵسۆڕان و دیتنەوەی رێگا چارەیەکی واقع بینانە هەموو هەوڵێکی دا ئاواتەکانی پێشەوا قازی محەممەد هەرچی زووتر وەدی بێ بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کە باوەڕیان بە زمانی موزاکەرە نەبوو، وەڵامی ئاشتیخوازانەی حیزبی دیموکرات و دکتور قاسملوویان بە تیرۆر داوە، لە دوای ئەودا دکتور سادقی شەرەفکەندیش هەر لە رێرەوی پێشەوا قازی محەممەد بوو، بۆ ئەوەی تێ بکۆشێ بۆ جارێکی دیکەش لەدرێژەی خەباتی لایەنگرانی قازی محەممەدو حیزبەکەی قازی محەممەد و رێبوارانی رێگای ئازادی زەرەرو زیان زۆرتر نەبێ و رێگا چارەیەک ببینێتەوە و ئاڵقەی پەیوەندیی کوردەکان و ئێران بەهێز بکاو مێتۆدی دیموکراتیک بۆ چارەسەری کێشەکان بێنێتە گۆڕێ، بە داخەوە ئەویش لەومەیدانە دا هەر تیرۆر کراو چووە ریزی کاروانی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان. لە کۆتایی دا بۆجارێکی دیکە یادی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد پیرۆز بێ. بۆئێمە زۆر گرنگە کە دەقی پەیامەکەی قازی محەممەد کە هەم لەکاتی دامەزراندن و هەم لەوەسیەت نامەکەی دا هاتوە یادی بکەین و بیبەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک.

بۆ جارێکی دیکە رووحی قازی محەممەد رئیس جمهووری کوردستان، سەمبولی کوردایەتی و ئازایەتی پیرۆز بێ، ئێوەش هەمووتان هەر ساغ و سڵامەت بن.

لە ژمارە ٦٠٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری کوررردستان و کورد / رێکەوتی : ٧ی مای ٢٠١٣

مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان

مستەفا شلماشی

مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان

ئەو هۆنراوەیە کە دەکرێ بڵێین داهێنانێکی هونەرییە بە شێوەی هۆنراوە، وێدەچی لە وەسیەتنامەی سەرقافڵەی شەهیدانی کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد وەرگیرابێ.

خاوەنی ئەم هۆنراوەیەش، واتە نەمر مامۆستا برایم ئەحمەد بۆخۆی هەریەکێک لە ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا بووە. پێشەوا لە وەسیەتنامەکەی دا نێوەڕۆکی ئەم هۆنراوەیە بە هەمو لاوانی کوردستان ڕادەگەیەنێ و داوایان لێ دەکا بۆ ژیان بمرن، نەک بژین بۆ مردن.

پێشەوای مەزنی گەلەکەمان بۆ خۆی وەک سەردارێک دەچێتە سەردار و بۆ ژیان دەمرێ و ژیانی ژێر چەپۆکی و خۆ بەدەستەوەدان قەبوڵ ناکا. ئەو لە دادگای بێ دادگایی حەمەڕەزاشادا لە جیاتی پاڕانەوە بۆ درێژەدانی ژیان، بە گژ داگیر کەران دا دەچێتەوە و لە ڕاستی دا موحاکەمەیان دەکا.
بە دەنگێکی بەرز بەسەریان دا دەگوڕێنێ و لە جیاتی ترسان، ئەوان دەترسێنێ. هەر لە سەرەتای بەناو داگایی کردنەکەی دا بێباکی خۆی لە بەرامبەر مردن دا ڕادەگەیەنێ و جا ئەو کاتەیە کە لە لوتکەی بەرزی سەرفرازی ڕا پە یامی عەداڵەتخوازیی خۆی بە هەمو دنیا ڕادەگەیەنێ.

پەیامی لێبڕاوانەی پێشەوا ئەوەندە بە برشت و بە هێزبووە کە تەنانەت دیواری نەهێنیکاری و پەردەپۆشی دام و دەزگای حەمەڕەزاشاشدەبڕێ و هەر لە زمان بەکرێگیراوانی خۆیەوە بەرەو دنیای ئازاد باڵە فڕێ دەکا. بەخۆڕایی نییە کە سەروان کەیومەرسی ساڵحی ویژدانی دەجوڵێ و ناتوانێ لەخۆبوردوویی و ئازایەتی پێشەوا پەردەپۆش بکا و تەنانەت لە لیباسی ئەرتەشیی هەمان ڕژێم دا کە بێ تاوان پێشەوا شەهید دەکا، پەردە لەسەر جینایەتی ڕژێمەکەی و ئازایەتی و لە خۆ بوردویی پێشەوای مەزنی کورد هەڵدەداتەوە. ئە و ئەفسەرەی ڕژێم دەڵێ:

من لە زۆر مەحکەمە دا بەشدار بووم، بەڵام کەسی ئاوا بەجەرگ و ڕووڕاستم نەدیوە، هەر ئەو لەخۆبوردوویی ونەترسیە ش بوو کە

کاتی ئێعدام کردن ئەیهێشت چاوی ببەستن و فەرمووی حەزدەکەم لە دوایین لەحزەی ژیانم دا بە سەربەرزی و پڕ بە چاوەکانم لە نێشتیمانەکەی خۆم بڕوانم.

گەورەیی پێشەوا لەوە دا دەردەکەوێ کە تەنیا گەلەکەی خۆی ئیقرار بە دڵسۆزی و بە جەرگی ئەو ناکا، بەڵکو دوژمنەکانی و خەڵکی بێگانەش مەجبورن سەری تەسلیم لە بەر دەم ئەو ڕوحە گەورەیە دانەوێنن. هەروەکو ئارچی ڕۆزوێلتی ئەمریکاییش کە بۆ خۆی هاتوەتە مهاباد و چاوی بە پێشەوا کەوتوە دەڵێ:

وا دەردەکەوێ کە قازی محەممەد بیرو باوەڕێکی زۆر پتەوی هەیە و ئامادەیە خۆی لە پێناوی دا فیدا بکا، ئە وڕوونـاکبیرێکی لەسەر خۆو زانایە بە بیرێکی نێونەتەوەیی و کراوەوە.

پێشەواقازی محەممەد لەو پەڕی دەستڕۆیشتویی و ژیانی خۆشەوە ڕێگای گیانبازی و لە خۆ بوردوویی هەڵبژارد. ئەو ڕێبەرەمەزنە لە یەکێک لە بنەماڵە بە ئیمکاناتەکانی ناوچەی خۆی بو. هیچ کەم و کوڕییەکی لە ژیان دا نەبوو دەیتوانی لە چاوەڕوانی مردن دا خۆشترین ژیانی سەردەمی خۆی بەسەر بەرێ. بەڵام بەڕاستی نەژیا بۆ مردن، بەڵکو ئامادەبو بمرێ بۆ ژیانی گەلەکەی و مانەوەی ئەبەدیی خۆی. کەوابو لە مەیدانی تاقیکاری دا پێشەوای سەروەر نێوەرۆکی ئەو هۆنراوە پڕ نێوەرۆکەی بە نمایش داناو بیگومان ئەو هۆنراوە داستانی لەخۆ بوردویی پێشەوا نەخشاندویەتی.

لە دەی خاکەلێوەی هەرساڵێک دا پێویستە سەری نەوازش بۆ ئەو قارەمانە ئاشتیخواز و لە خۆ بوردویە دانەوێنین و پەیمان لە گەڵ ئەو بلیمەتە و هەمو ڕێبوارانی شەهیدی تازە بکەینەوە کە بە ڕێبازەکەی وەفادار دەبین و تا بەدەستهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانیان درێژە دەری ڕێگایان دەبین.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیاردەنگ / ڕێکەوتی : ٢ی ئاوریلی ٢٠١٢

کاریزمابوونی پێشەوا لەسۆنگەی پەیوەندی نێوان رێبەر و رێڕەودا

ژیوار رەسوڵی

هەندێک لەلێکۆڵەران پێیانوایە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هۆکاری سەرەکیی لەدایکبوونی رێبەرێکی کاریزمایە، هاوکات "ڤێبێر" رێبەری کاریزما بەدیاردەیەک دادەنێت کە زۆرجاران لەبارودۆخێکی تایبەت و بێ وێنەدا سەرهەڵدەدات، لانیکەم لەرووی ژمارەی رێبەرە کاریزماکانی مێژووە ئەوە راستە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش "ئابربیچ" بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ژینگەی لەدایکبوونی رێبەری کاریزما کردوویەتی پێیوایە "رێبەرە کاریزماکان بەر لەو قەیرانانەی ئەوانی بەدەسەڵات گەیاندووە، زۆربەی کات وەکوو کەسانێکی ئاسایی دێنەبەرچاو." ئەو پێشیوایە کە پەیوەندی قووڵی هەستی رێبەروان لەگەڵ رێبەرە کاریزماکان لەبارودۆخە تایبەتەکانی رێکخراوەو چوارچێوە تایبەتەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەروەها "رووچ" لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لوتکەی گەشەکردنی رێبەرە کاریزماکان زۆرجاران لەو کاتانەدایە کە پشێوی و نارەزایی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بەتایبەت ناوخۆیی بوونی هەیە، لەو کاتانەدا خاووی و نەزانی و بەها نائینسانییەکانی رێکخراوەکان وادەکات کە خەڵک وەدوای رێبەرێک بکەون، بۆ ئەوەی دژکردەوەیەکی دەروونی نوێیان بۆ دروست بێت.

بەرای هەموو ئەوانەی باسمکردن هەبوونی قەیران هۆکاری سەرەکی ئەو هەڵسوکەوتانەیە کە کەسایەتی رێبەرێکی کاریزما نیشانی دەدات. بەڵام لەروانگەی دیکەوە "لیند هۆڵم" (١٩٨٨) پێوەندی رێبەری کاریزما وەکوو کەوتنە داوی خۆشەویستی ناودەبات، لە چوارچێوەی ئەو تیۆرییەدا رێرەوەکانی رێبەر وەکوو عاشق وێنا دەکرێن، تیۆری هەڵسوکەوتی عاشقەکان خۆی لەگەورە بینی خۆشەویستەکەی یان لەبەرچاونەگرتن یان بچووک بینینی هەڵەکانی خۆشەویستەکەیەتی دەبینێتەوە. هاوکات "فرۆید" پەیوەندی نێوان رێرەو رێبەرە کاریزماکان لەچوارچێوەی تیۆری دوورهاوێژی باوکەوە دەبینێت، فرۆید پێیوایە قایمی و ئیرادەو چالاکی بەردەوام تایبەتمەندی رێبەرێکی کاریزمایە، بەڵام لەژیانی ئاساییدا هەموو ئەو تایبەتمەندیانە وێنای باوک دەکەن، بەگوتنێکی دیکە بەپێی ئەو پێناسەیە رێبەر هەمیشە "کەسایەتییەکی راستەقینە" نیە، بەڵکو دەرەنجامی خۆشەویستی رێرەوەکانییەتی. ئەو پێناسانەی رێبەری کاریزما لەسەر بنەمای دیاردە دەروونناسانەکانە و زۆرتر دژکردەوەیەکی روحی و دەروونی رێرەوەکانە بەنیسبەت رێبەرێکی کاریزما.

بەڵام رێبەر لەسەر ئەرزی واقیع و بەپێناسەیەکی ئەرزی پەیوەندییەکی سیمبولیکە، بەپێچەوانەی پەیوەندیی دەروونناسانەی پەیوەندی نێوان رێبەرو رێرەو لەپەیوەندی سیمبولیکدا پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای چەمک و پەیام و ئایدیۆلۆژی و بەها مەفهوومی یان ناوەرۆکییەکان گەشە دەکات، کەبەردەوام هەمووی ئەوانە لەرێبەرێکی کاریزما لەلایەن رێرەوەکانییەوە چاوەرێ دەکرێت. بۆ نموونە پێشەوامان قازی محەمەد بەر لەسێدارەدانی و دوای لەسێدارەدانیشی پێداهەڵکوتن بەکەسایەتییەک نەبووەو نییە، بەڵکو ئەو وێنایەک

لەکەسایەتی داهاتوویە، پێشەوامان بەوتەی هەمووی ئەوانەی لەسەردەمیدا ژیاون یان لێکۆلینەوەیان لەسەر کردووە، بەتێروانینی هەموو کوردێک وێنایەک لەئازادی و سەربەخۆی و شوناسی نوێی نەتەوەیی کوردە. لەپەیوەندییە سیمبولیکەکانی نێوان ریبەرو رێرەودا رێبەر کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی رێرەوەکانی خۆی دادەنێت، و بۆ خۆدەرخستن ئەنگێزەو پاساوی بەهێزی ئینسانی و ئەخلاقی بەرێرەوەکانی دەدات. ئەو پاساوە بەهێزەی پێشەوامان خۆی بۆ کردە قووربانی و بۆ پاساوی ئەخلاقیش رێبەر خۆی بەدەست و ویستی خۆی دەچێتە بەردەم پەتی سێدارە بۆ ئەوەی رێرەوەکانی هیچیان بەسەر نەیەت، چوونکە هەر وەکوو لە وەسیەتنامەکەی پێشەوادا هاتووە، جەوهەری کاریزمابوونی رێبەر لەدەماری هەموو کوردێک دایە، و دوای پێشەوا هەزارانی دیکە بەو جەوهەرە لەدایکدەبنەوە.

بەو پێیەی شوێن و خەڵک و بابەت و بوونەوەرە تایبەتەکان پێناسەیەکی ئاتیفی دیاریان هەیە، ریبەرە تایبەتەکانیش ئامانجی ڕوونیان سەبارەت بە شوناسی رێرەوەکانی خۆیان هەیە، هەر بۆیە رێبەری کاریزما کەرەستەیەکی دەروونییە بۆ بەرزکردنەوەی بەهای رێرەوەکانی خۆی، ئەو راستییە کە رێرەوان خۆیان بەرێبەرێکی تایبەت دەبەستنەوە، ئەوان دەکاتە بەشێک لەجەوهەری رێبەر، ئەو جەوهەرەی ئێستا لەکون و کەلەبەری کوردستانی گەورەو لەناخی هەموو تاکێکی کوردستانیدا پیاسەدەکات، و خۆویست یان نەویست هی پێشەوامان قازی محەمەدە، و ئێستا لە قامیشلی و هەولێرو ئامەد و ئینجا لەمەهاباد لەخرۆشدایە.

مسینتەر (١٩٨١) تێروانینێکی نزیک لەوەی ئێستای تاکی کورد بۆ پێشەوا قازی محەمەدی هەیە، بۆ پێناسەی رێبەری کاریزمای هێنا ئاراوە، لەروانگەی مسینتەر رێبەری کاریزما نیەت و چیرۆکێک باس دەکات، و کاتێک خەڵک خۆیان بەرێبەر دەبەستنەوە، لەراستیدا خۆیان بەچیرۆکێکەوە دەبەستنەوە کە هەمووان بەشێوەیەکی هاوبەش تێیدا دەژین، و رۆڵ دەگێرن. ئەو چیرۆکەی پێشەوامان قازی محەمەد لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەستیپێکرد و دوای لەسێدارەدانیشی چیرۆکەکە هەر بەردەوامە و خاڵقەکەی پێشەوایە و رۆڵگێرەکانیشی رێرەوانی ئەو لەهەرچوار پارچەی کوردستانن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاژانسی کورد پا / رێکەوتی : ٢٩ی مارچی ٢٠١٤

پێشەوا قازی محەممەد، دەستپێکی ڕێگایەکی بێکۆتایی

(بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدەوە)

قادر وریا

مێژووی کورد قەرزداری ئەو کەسایەتییانەیە کە ڕۆڵی گرنگیان لە بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕزگاریخوازیی ئەو نەتەوەیەدا هەبووە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژووی نوێی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی، بە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێکهاتنی کۆماری کوردستان، دەست پێدەکا.

دامەزرانی حیزبی دیموکرات و جمهووریی کوردستان، ئەو دوو ڕووداوە گرنگە مێژووییەن کە لەگەڵ ناو و کەسایەتیی گەورەپیاوێک لێک گرێ دراون. کەسایەتییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینیی زانا و نیشتمانپەروەر کە لە هەلومەرجێکی گرنگی مێژوویی‌دا وەک خۆر درەوشایەوە و بە زانایی و لێکدانەوە و سەرکردایەتیی حەکیمانەی خۆی، کوردستانی ڕووناک کردەوە. ئەو کەسایەتییە، پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی جمهووریی کوردستان، قازی محەممەد بوو.

قازی محەممەد لە ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ی هەتاوی (١ی مای ١٩٠٠ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ، لە بنەماڵەی قازییەکانی مەهاباد دا لە دایک بوو. دایکی لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی یەکان و باوکیشی، قازی عەلی، قازیی شەرع و کەسایەتییەکی بەڕێز و بەناوبانگی شاری مەهاباد بوو. قازی محەممەد لە سەردەستی باوکی، زانستە ئایینییەکانی خوێندوە، جگە لە زمانی کوردی، فارسی و عەرەبییشی بە باشی زانیوە، دواتر خۆی فێری زمانەکانی تورکی، ڕووسی و ئینگلیزی کردوە. لە ساڵی ١٩٢٦دوە، سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردنی مەهاباد بووە و لە دوای مردنی باوکی لە ١٩٣١ ، بووە بە قازی شەرعی مەهاباد.

دوای ئەوەی کۆمەڵەی ژێکاف لە ٢٥ی گەڵاوێژی ١٩٤٢ لە مەهاباد دامەزرا، پاش ماوەیەک قازی محەممەدیش بوو بە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە. زۆری نەبرد لە بەر لێهاتوویی و کەسایەتیی بەهێزی، ڕێبەرایەتیی ئەو کۆمەڵەیەی گرتەدەست. هەر بە پێشنیار و ڕێنیشاندانی ئەویش بوو کە لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، بۆ ئەوە وڵامدەری ڕێبەرایەتیکردنی خەباتی ڕوو لە گەشەی نەتەوەی کورد لە هەلومەرجی نوێی ئەو سەردەمەدا بێ.

لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەستی پێشەواکەی، قازی محەممەد لە

چوارچرای شاری مەهاباد و لە میتینگێکی گەورەدا، جمهووریی کوردستانی راگەیاند. قازی محەممەد لەو رۆژەدا، وەک سەرکۆمار سوێندی خوارد و وتاری پێشکەش کرد.

بە دامەزرانی حیزبی دیموکرات و جمهوریی کوردستان، کە قازی محەممەد، رۆڵی بنەڕەتیی لە هەردووکیان دا هەبوو، ناسیونالیزمی کورد و خەباتی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان، پێیان نایە نێو قۆناغێکی نوێوە. قۆناغی جاڕدانی دەوڵەتێکی کوردی و رۆیشتن لە سەر رێبازێک کە نەتەوەخوازی، دیموکراسیخوازی و پێکەوەژیانی بە تەبایی لە سەر بنەمای رێزگرتن لە یەکتری، ئاوێتەی یەک کردوە. رێبازێک کە قازی محەممەد بووە بە سەمبولی وهەر وا بەردەوامە.

لە ژێر رێبەرایەتیی قازی محەممەدی پێشەوادا بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بوون بە مەکۆی لێک کۆکردنەوەی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان، بوون بە رووگەی نیشتمانپەروەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و رووبیان کردە مەهاباد، پێتەختی کۆمار.

قازی محەممەد، دەستپێکی رێگایەکی بێکۆتایی بوو. ئەو بە دامەزراندنی حیزبێک، کە ئاڵای دەستی ئەوی هەروا بە شەکاوەیی راگرتوە، بە راگەیاندنی کۆماری کوردستان کە پێشاندەری لێبڕاویی نەتەوەی کورد لە سەر ستاندنی مافی نەتەوەیی و ئازادژیانە، بە بیر و ئەندیشە و کردەوەکانی لە پێگەی یەکەم سەرکۆماری کوردستان دا، نەک هەر لە سەر سەردەمی خۆی، بەڵکوو کاریگەریی قووڵی لە سەر داهاتووی نەتەوەکەشی دانا.

بە وتەی دوکتور قاسملووی نەمر، "ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازە پێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەر چەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو. پێشەوا قازی محەممەد لە شارستانییەت و زانستی تازە و هەروەها لە وەزع و رووداوەکانی جیهان بە تەواوی شارەزا بوو... لە زانستەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتیدا دەستێکی باڵای هەبوو. لەگەڵ ئەوە کە روونـاکبیرێکی پایەبەرز بوو، لە نێو خەڵکێکی ساویلکە و بەداخەوە بەشی زۆری نەخوێندەوار دەژیا، گوڵێک بوو لە سەحرا روا بوو، بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نزیک بوو، دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر باش تێگەیشتبوو. پێشەوا قازی هەموو زانست و تێگەیشتنی خۆی بۆ خزمەتی گەل تەرخان کردبوو... تێدەکۆشا کە ریزەکانی نێو خەڵکی کوردستان یەکگرتوو بکا."

١١ی بانەمەڕ، رۆژی لە دایکبوونی کەسایاتیی گەورەی کوردستان قازی محەممەدە. پێشەوای حیزبی دیموکرات و یەکەم سەرکۆماری کوردستان لە ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ (ای مای ١٩٠٠) دا لە دایک بووە. ئەو رۆژە بە بۆنەی رۆڵی گرنگی قازی محەممەد لە مێژووی نەتەوەکەی دا بایەخی خۆی هەیە و پێویستە بایەخی تایبەتیی پێبدرێ.با ١١ی بانەمەڕیش، وەک ٢ی رێبەندان و ١٠ی خاکەلێوە و ٢٥ی گەڵاوێژ، ببن بە بۆنەیەک بۆ ناسینی زیاتری پێشەوا و رێبەرێک کە ناو و یاد و رێگا و وتە و کردەوەکانی هەروا ئیلهامدەر و رێنوێنمانن.

رۆژی لـە دایکبـوونی پێشـەوا، رۆژی هـەڵاتنی خـۆری هیوایـە. بـە پرشـنگی ئـەم خـۆرە، ڕێگـای خـەبات بـەرەو رزگاریمـان، رووناک دەکەینەوە.

سەرچاوەکان:

کتێبی "یادی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا و هاوڕێیانی"

١- وتـاری "خوێندنەوەیەکی مێژوویی فیکر و کەسایەتیی پێشەوا قـازی محەممەد" نووسینی: دوکتور یاسینی سەردەشتی
٢- روانگە و بۆچوونی کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان لە سەر پێشەوا (دوکتور قاسملووی نەمر)

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٣٠ی ئاوریلی ٢٠١٣

قازی محەممەدپرسیارێکە دەبێ دووبارە بیری لێبکرێتەوە

ئارەش لۆرستانی

قازی محەممەد کێیە؟ چ پێگەیەکی لە بزووتنەوەی کورددا هەیە؟ و لە بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد دا چ رۆڵێکی گێڕاوە؟



نەتەوەی کورد گەلێک کەسایەتیی بەرچاوی هەن کە بەردەوامو بە درێژایی تێکۆشانە مافخوازانەکەی، رێزی لە یادو بیرەوەری یان گرتوە و شانازی یان پێوە دەکاو شوناس و مانەوەی خۆی لەوان دا دەبینێ.

رێزلێنان و پیرۆزکردنی ناودارانی نەتەوەیی بەشێکە لە فەرهەنگی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بەجۆرێک کە ئەم شێوە رێزلێنان و پیرۆزکردنە لە دنیای مودێرن دا باس و مناقشەی رەخنەیی لە سەرە. کە دەکرێ دوو ئاکامی لێک جیاوازی لێ بکەوێتەوە.

لە نێو ناوداران و کەسایەتی یەکانی کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان دا دەگمەنن ئەو کەسانە کە شارەزای کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەدو رۆڵی ناوبراو لە بزووتنەوەی مافخوازانەی کورددا نەبن. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بەڕاستی قازی محەممەد کێیەو بایەخی «کەسایەتی»ی پێشەوا چۆن دەتوانێ یارمەتی بە یەکگرتوویی و بەشداریی زیاتری رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە بزووتنەوەی سیاسی و کەلتووریی کورددا بکا؟

گرنگترین لایەنی شوناسی و پراکتیکیی پێشەوا قازی محەممەد کە تایبەتمەندی یەکانی دیکەی ئەم کەسایەتی یە لە خۆ دەگرێ و لە هەزارەی سێیەم دا پێناسە دەکرێتەوە، جۆری بە مودێرن کردن و بە ئۆرگانی کردنی بزووتنەوەی سیاسی و بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کوردە. ئەم تێپەڕینە لە بزووتنەوەی نەریتی و سونەتی یەوەیە بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی نەتەوەیی سەردەتا لە کۆمەڵەی (ژ_ک)ەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانو دواتر بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان نوقتە وەرچەرخانێک و پێناسەکردنەوەیەکی نوێ یە کە تا ئەمڕۆش کاکڵی بنەڕەتیی تێکۆشانی سیاسیی کوردە نە تەنیا لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە هەر چوارپارچەکەی کوردستان.

جیا لە کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد دەکرێ گرنگترین هۆکارە شوێندانەرەکان لە دامەزرانی کۆماری کوردستان دا بەم شێوەیە لێک بدرێنەوە؛ دوو قوتبی بوونی جیهان لە بەرەکانی کومۆنیست و سەرمایەداری دا، پێشڕەوبوونی سۆڤییەت وەک ئاڵاهەڵگری بەرەی

مافخوازیی کرێکاران و خەڵکی چەوساوە، لەبەرانبەر دا دەست تێوەردانی زلهێزە رۆژئاوایی یەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین، بیچمگرتن و سەرهەڵدانی بیری دێموکراسیخوازی لە رۆژهەڵاتی ناڤین کە لە ژێر کاریگەریی ئیدئۆلۆژی و بایەخە رۆژئاوایی یەکاندا بیچمی گرت و لە ئێران شۆرشی مەشروتە و حیزبی تودەو رەوتە کومۆنیستی یەکان نوێنەرایەتی یان دەکردو هەروەها پێشینەی نەتەوەی کورد لە مافخوازی و خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی ئینسانیی خۆی لە کوردستان.

هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی و هەروەها پێکهێنان و بەهێزکردنی «باوەڕپەخۆبوون»ی خەڵک لە کۆماری کوردستان دا یەکێک لە کارەکانی دیکەی قازی محەممەد بوو بۆ سەقامگیر کردنی مودێرنیتەی سیاسی_مەدەنی لە کۆماری کوردستان دا. هەروەها هەوڵدان بۆ نیشاندانی ڕوخسارێکی ئاشتیخوازانە و برایانە لە گەڵ دراوسێکانی کۆماری کوردستان کەڵکەڵەیەکی دیکەی پێشەوا قازی بوو کە بێگومان کردەیی کردنی ئەو فاکتۆرانە پێویستیی بە سەرمایەی ماڵی و زانستی و پشتیوانیی چین و توێژەکانی کۆماری کوردستان بووە، کە ئەگەر بمانەوێ لە سەر بنەمای زانستی ئەمڕۆیی لێکدانەوەیان بۆ بکەین دەبێ ئاماژە بە جیاکاری و بەهێزکردنی سیاسەتی دامەزراوەیی لە بەرانبەر سیاسەتی نەزەری (تێئۆری) بکەین کە ئەم کارە پێویستیی بە باس کردن لە گەلێک لایەنی لێکدانەوەی سیاسەتی وردو درشتی کۆماری کوردستان و سیاسەتی خارجی و کابینەی قازی محەممەد هەیە.

پرۆسەی یەکگرتوویی لە کۆماری کوردستان دا دەکرێ لە بەشدارکردنی کەسایەتییەکانی وەک: مەلا مستەفا بارزانی، برایم خانی نادری، حاجی بابا شێخ، سەدری قازی، سەیفی قازی و زۆر کەسایەتیی دیکەی کۆماری کوردستان دا پێناسە بکرێ. دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانیش سەلمێنەری ئەو راستی یەن کە قازی محەممەد بە کردەوە هەوڵی یەکگرتوویی لە کۆماری کوردستانیدا داوە:

بەشداریی بەربڵاوی خەڵک لە کۆماری کوردستان دا، نەبوونی زیندانیی سیاسی و کوژرانی تەنیا یەک کەس لە ماوەی ١١ مانگی دەسەڵاتی کۆماردا، دامەزرانی یەکیەتی یەکانی لاوان و ژنان بە مەبەستی بوارڕەخساندن بۆ بەشدارکردنی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، گرینگی دان بە کەمایەتی یە ئیتنیکی و ئایینی یەکان، دامەزراندنی قوتانخانەی کچانە، دامەزراندنی رادیۆو کتێبخانە، چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامە و.. هەمووی ئەمانە سەلمێنەری گرنگی دانی پێشەوا بە پرۆسەی یەکیەتی و یەکگرتوویی لە کۆماری کوردستان بوون بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد لەم ڕێگایەوە باوەڕ بە خۆی بێنێ. بە جۆرێک کە دوای دەیان ساڵ لە تێک چوونی کۆماری کوردستان خەڵکی کوردستان لە میتینگی سەد هەزار کەسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مهاباد دا لە ژێر هەمان فەرهەنگی بەشداریو باوە بەخۆبوون دا بۆ جارێکی دیکە لە دەوری میراتگرەکەی کۆماری کوردستان و پێشەوا شەهیدەکەی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) کۆبوونەوە.

ناسیۆنالیزمی کورد لە سەردەمی قازی محەممەددا بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هاتو بەجێی پشت بەستن بە ئێحساساتی کاڵی میللی، خۆی لە ڕێبازی دێموکراتیک و مافی دیاریکردنی چارەنووس دا پیناسەکردەوە و فۆرمێکی ئەقڵانیی بە خۆوە گرت. هەروەها دەرک کردن بە مەترسیی ئینکار و پشتگوێخستن و حاشاکردن لە شوناس و مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە لایەن داگیرکەرانەوە، بوو بە وەزیفەی

تێکۆشەران و ڕووناکبیرانی کورد و لەو کاتە بەم لاوە بیرو ئەندێشەکانی پێشەوا قازی محەممەد و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردەوە ئاگایانە درێژەیان هەیە.

ژیان و گیانبازیی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی گەنجینەیەکی پڕ بەهاو بەنرخن کە دەبێ پارێزگاری یان لێبکرێ. بەڵام نابێ خۆمان لە ئاستی ویست و داخوازی یەکانی کۆماری کوردستان دا بەرتەسک بکەینەوە. چونکی کۆمەڵگاو نەتەوەی کورد بەردەوام لە بەرە وپێش‌چوون دانو هەر سەردەمێک پێداویستی و پلانی خۆی دەوێ. گەورەترین دەرسێک کە قازی محەممەد بە نەتەوەکەی دا، دەرخستنی زەرفیەتی نەتەوەکەی بوو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لە ژێر بیرکرنەوەیەکی ئینسانی و ئازادیخوازانە دا و ئەمە هەر ئەو چرایەیە کە لە تاریکی و نەزانی ڕزگارمان دەکاو سەرچاوەی بووژانەوە و تێکۆشانی کوردە لە هەموو سەردەمێک دا.

و: سمایل

لە ژمارە ٦٠٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان کورد / ڕێکەوتی : ٤ی ئاوریلی ٢٠١٣

وتوویژ لە گەڵ کاکشار ئوورەمار لە پێوەندی لە گەڵ یادی لە دایکبوونی پێشەوا دا

رۆژنامەی «کوردستان»



١١ی بانەمەڕ (١ی مانگی مای) رۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدە. حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕاگەیەنەکانی (رۆژنامەی کوردستان، کوردکانـاڵو ماڵپەڕی کوردستانوکورد) دەیانـەوێ لەمەودوا هەموو ساڵێ بایەخی تایبەتی بەم یادە بدەن. کاکشار ئوورەمار لە پێوەنـدی لـە گەڵ کەسـایەتیی پێشـەوادا، چەنـد کـارێکی تـەحقیقیو دۆکیـۆمێنتیی کـردوە کـە «دیمانە لە گەڵ دایکی کورد مینا قازی هاوسەری پێشەوای نەمر» و» مێژووی کۆماری کوردستان لە وێنەدا» نموونەکەیانن. بە بۆنـەی ١١٣ هەمین سـاڵـڕۆژی لـە دایکبـوونی پێشـەوا قـازی محەممـەدەوە چەنـد پرسـیارێکمان بـەرەو ڕووی کردەوە. سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ئەم وتوویژە ڕادەکێشین:

کوردستان: چۆن بوویە هۆگری کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد؟ خۆشەویستیی ئەم کەسایەتی یە گەوردیە چۆن لە تۆدا دروست بوو؟

کاکشار ئوورەمار: پێشەکی زۆر سپاستان دەکـەم کـە رۆژی لـە دایکبـوونی حـەزرەتی پێشـەوا قـازی محەممـەدتان خستە رۆژەڤـی میـدیای کوردی. ئەمەش واتە زۆرتـرزانینی بەهای میراسی میللیمـان. دەبـوو ئـەم کـارە لـەمێژ سـاڵ بـا ببایە ئـەرکێکی نەتـەوەییمان، بـەڵام ئێـوە دەستپێشخەری ئەم کارە گرنگە بوون، ئەمەش جێگای رێزو تەقدیرە.

باپیری من (خورشید نەبی) یەکێک لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان بوو. پاش تێکچوونی کۆمار ئەو لە گەڵ نـەمر بـارزانی چووە سۆڤیەت و لە کاتی چوونـدا لە شەرێک دژی ئەرتەشی ئێرانو جاشەکان، برینـدار بـوو. ئـەم برینـە کـوێر بـوو و سـاڵی ١٩٤٩ لـە تـاشکەند بووە سەبەبی شەهیدبوونی باپیرم. باوکم لە کاتی پێکهاتنی کۆمار دا تەمەنی ١٧ سـاڵ و شەش مانگ بـووەو هـەر لەسـەر داخـوازی خـۆی بۆتە پێشمەرگە و باپیریشم تەشویقی کردوە کە بۆ دۆزی کوردستان هەتا لە ژیان دایە، رێگای کوردایەتی بەر نەدا.

هێشتا منداڵ بووم کە گەلێک جاران شەوانی زستان بابم باسی کۆمار، پێشەوا قازی، مستەفا بـارزانی، رەئـیس عیـززەت و رۆژی لێـک دابڕان لە گەڵ باوکی خۆی دەکرد. باسی دایکی فیداکاری دەکرد کە چۆن ئەوو سێ منـداڵی دیکـەی بەخێو کـردوە. باسـی ئـەو رۆژەی دەکـرد کە پێشەوا هاتوەو دیداری لە گەڵ پێشمەرگە گەنجەکان هەبووە کە بۆخۆشی یەک لەوان بووە. باسی ڕوخساری نوورانیی پێشەوای

دەکرد کە کەسێکی چەندە زانا و فیداکار بووە بۆ میللەتەکەی.

قەت لە بیرم ناچێ هەر کات لە ورمێ ڕا دەچووینە مەهاباد، باوکم داوای دەکرد کە لە مەیدانی چوارچرا ڕاوەستین. ساڵی ١٩٩٣ بوو، بەرەو تەورێز دەچووین، بەڵام باوکم گوتی کورم با بە مەهابادێ دا بچین. گوتم بابە گیان ڕێگامان دوور دەکەوێتەوە، ئیجازە بدە بە ڕێگای سەر دەریاچەی ورمێ دا بچین. باوکم گوتی نا ڕۆڵە گیان دەمەوێ بچمە سەر مەزاری پێشەوا قازی و مەیدانی چوارچرا زیارەت بکەم. بەرە و مەهاباد بەڕێ کەوتین و کاتێک گەیشتینە مەهاباد و نیزیکی مەیدانی چوارچرا بووینەوە، بارانی ئەسرینی بێ پسانەوە دەهاتە خوار. ئەوانەی لە هاتوچۆدا بوون بەرە و ئێمە هاتن و باوکم بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە گوتی: «ئەلێرە ڕاوەستابوو، پێشمەرگەکان لەوڵاتر ڕاوەستابوون، ژێنراڵ بارزانی، سەید عەزیز و سەیفی قازی لای پێشەوا قازی ڕاوەستابوون و .... ئاخخخ ئەو ڕۆژانە چەند خۆش بوون کە... پێشەوای ئازیز! بۆ وا بیدەنگی؟!» ئەو ڕۆژە تەئسیرێکی وای لە من کرد کە ئەمنیش وەکوو باوکم گریام و هەموو کەسانی دەوروبەریشمان بە هانامانەوە هاتن و زانیان کە باوکم دەردی چیەو بە دوای چی دایە. لەو ڕۆژەوە بوومە عاشقی پێشەواو دەستم کرد بە خوێندنەوەو باشترناسینی ئەو شەخسییەتە مەزن و فیداکارە. باوکم ئەو کلیلەیەی دا بە دەستم و هەتا مردن خۆم بە قەرزداری باوکی هێژام دەزانم. لەو ڕۆژە بە دواوە ئەمن هەرچی پرسیارم لە سەر کۆمار و پێشەوا هەبووایە یەکەم جار لە باوکمم دەپرسی.

ئەگەر کەسیک ئینسان بێت و لەو ڕۆژە سەختانە دا تەنیا لە سەر خۆفیداکردنی پێشەوا بیر بکاتەوە، ئیتر کەس لەوی خۆشەویستتر پەیدا ناکات.

کوردستان: ئەو کارو چالاکی یانەی تا ئێستا بۆ ناساندنی کەسایەتیی پێشەواو کۆماری کوردستان کردووتن، چین؟ چ پێشوازی یەکیان لێکراوە؟

کاکشار ئوورەمار: من لە گەڵ زۆر لەو کەسانەی کە کاتی کۆمار وەزیر یا بەرپرسیار بوون، هەڤپەیڤینی دوور و درێژم پێک هێناوە. ئەوانە هێندێکیان وەزیر و کاربەدەستی کۆمار بوون(مەناف کەریمی: وەزیری پەروەردەی کۆمار، مینا قازی: سەرۆکی یەکیەتیی ژنانی کوردستان، سەعیدخان هومایوون: دەفتەرداری پێشەوا قازی و هتد. هێندێکیان پێشمەرگەی کۆمار بوون (مام میرزا هاشم، جوبرەئیل ئورەمار و چەند کەسی دیکە)، هێندێکیشیان خوێندکار بوون(د.سەید عەزیز شەمزینی، غەنی بلووریان، عەلی قازی و هتد)

کاتێک هاتمە ئورووپا لە مەد تی ڤی (Ile Med TV)و تەلەڤیزیۆنەکانی دیکە دەستم کرد بە دروست کردنی بەرنامە لە سەر ژیانی ناودارانی کورد. لەم بەرنامەیە دا بایەخێکی تایبەتیم بە بابەتی کۆمار و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان دەدا. هەروەها بە نووسینیش دەستم بە بڵاوکردنەوەی گەلێک بابەتی جۆراوجۆر کرد لە سەر بیروڕامانە هومانیستی یەکانی پێشەوا، لایەنی دیموکراتبوونی کۆمار و دەیان بابەتی لەم جۆرە.

هەڵبەت ئەمن بابەتەکانم زۆرتر بە دیالێکتی کورمانجیی سەروو دەنووسم چونکە لە باکووری کوردستان زانیاری لە سەر کۆمارو ڕێبەرانی جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کەمترە. ئەمن دەتوانم بە دڵنیایی یەوە بڵێم کە یەکەمین جار لە یەکەمین تی‌ڤی ئاسمانیی کوردی دا بە شێوەیەکی بەرفرەوان زۆرترین بەرنامەم لە سەر کۆمار و ژیانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان

هەبووە.

پێشوازی لەم کارانە باش بووەو دەتوانم بڵێم کە لە ڕێگای ئەم کارانەوە تینوویەتییەکە لە نێو چینی خوێندکاردا هەتا ڕادەیەک شکا. زۆر خویندکار بۆ نووسینی تێزی زانکۆو ماستەر داوای هاوکاریان لێکردووەو سوودیان لە هەڤپەیفین، بەرنامەو نووسینەکانی من وەکوو سەرچاوە وەرگرتوە. هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێم پێشوازی لەمە باشتر نابێ.

کوردستان: لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکانت دا، گەیشتوویە چ شناختێک لەو کەسایەتی یە؟ پێت وایە خوێندەوارانو نەوەی نوێی کوردستان، پێشەوایان بەو جۆرەی پێویستە ناسیوە؟

کاکشار ئووردەمار: کاتێک لە سەر کۆمار دەستم بە کارو لێکۆڵینەوە کرد، وامزانی کە کارێکی هاسانە بەڵام هەرچی بە دوای دا چووم هەر ئیدامەی هەبوو. بابەتی کۆمار وەکوو ئوقیانووسێکەو هەرچی بە دوای دا بڕۆی گەنجینەی بەنرختر دەدۆزییەوە. کاتێ دەکەویتە لێکۆڵینەوە لە سەر ژیانی پێشەوا قازی زوو بە ڕاستی یەک دەگەی. قازی هەر لە منالی یەوە کەسێکی مرۆڤدۆست بووە. ئاشقی زانین و زانستی مودێرن بووە. مرۆڤێکی دووربین و ئاگاداری ڕەوشی هەرێمی ژیانی خۆی بووە. بە تایبەت کاتێک دەگاتە تەمەنی ١٧- ١٨ ساڵی، شەوو ڕۆژ خەریکی خوێندنەوەو موناقەشە لە بارەی بابەتی زانستی و سیاسی بووە.

لە تەمەنی لاوەتی دا زۆربەی هەڤاڵانی کەسانی بە تەمەن لە خۆی گەورەتر بوون. هەر لەو ساڵانەدا باسی مافی یەکسانیی ژن و پیاو دەکا. بۆ ئەو کاتەی ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کوردستان شتێکی وا بەواتای کارو خەبات بۆ دروستبوونی ڕێنیسانسێکی فکری یە. هەر کە لە ساڵی ١٩٢٦ دا دەبێتە سەرۆکی گشتیی ئیدارەی پەروەردە لە مەهاباد، یەکەم کاری دروست کردنی قوتابخانەیەکە بۆ کچان. ئەمە لە مەهابادی ئەوەدەم دا دەستپێکردنی شۆڕشێکی زێهنی بوو کە ڕقی زۆر لە شێخ و ئاغاواتی فیئۆدال و پاشکەوتووی هەڵساند. بەڵام قازی گوێگری قسەی پووچ نەبوو و هەر ئەمەش بوو بە سەبەب کە خەڵک ئەوی وەکوو پێشەوا بناسن و بانگی بکەن. ئەو کارەی پێشەوا قازی کردوویە لە کاری هیچ پێغەمبەرێک کەمتر نیە، حەتتا دەتوانم بڵێم لە زۆر بوار دا کارو خزمەتی پێشەوا قازی بۆ پێشکەوتن و بەختەوەریی مرۆڤەکان لە هی گەلێک لەو١٢٤ هەزار پێغەمبەرەی خودا زۆرترو بە نرختره. هەر ئەمەش بۆتە سەبەب کە زۆر کەس بۆ دووبارە و دەدەستهێنانی سڵامەتی یان دەڕۆنە سەر مەزاری پێشەوا قازی و زیارەتی دەکەن. شتێک لەم جیهانە دا لە ژیان و گیان خۆشەویستتر نیە، بەڵام پێشەوا بۆ بەختەوەریی گەل و سەربڵیندیی نەتەوەی کورد هەموو شتێکی خۆی فیدا کرد.

لە ساڵانی پێش دا ....نەوەی نوێ لە کوردستان باش پێشەوا قازی و گرنگیی کارەکەیان نەدەناسی، بەڵام لەم دە ساڵەی ڕابردوو دا بە ڕێگای بەرفرەوانبوونی تێکنۆلۆژی و ڕاگەیاندنی کوردی بابەتی کۆمار و ڕامانەکانی پێشەوا قازی باشتر ناسراون. هەر ئەم خۆناسینەش بۆتە هۆی ئەوە کە درێژەدەرانی کۆماری تیرۆر و وەحشەت هێندێک کوردی خۆفرۆش تەشویق بکەن بۆ کوشتنی سەمبۆلە کوردی یەکان کە دیرۆکی ئازادی خوازیمان گەلێک قەرزداریانە. لەم بوارەش دا هەڵبەت دەبێ ئێمەش وشیار بین کە پیلانی چەپەڵی داگیرکەران لە دژی قارەمانانی نەتەوەکەمان سەر نەکەوێ. نەسلی نوێ لە کوردستانی گەورە دا دەبێ هێشتا باشتر لەمە کە هەیە کۆمارو قازی

محەممەد بناسن.

کوردستان: «پێشەوا، دەسپێکی ڕێگایەکی بێ کۆتاییە«. تا چەند لە گەڵ ئەم دەربڕینە دای کە لە بارەی ڕۆڵوکاریگەریی کەسایەتیی پێشەواو بیروباوەڕی ئەو لە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد گوتراوە؟

کاکشار ئووردەمار: پێشەوا خاوەن بیرو ڕامانی جیا بوو. لە چاوی ئەودا جیهان ماڵێکی بچووک بوو کە دەبوایە هەموو مرۆڤەکان لە سیستەمێکی دادپەروەرانەدا بژین. ئەو تەنیا بە دوای بەختیاری و ڕزگاریی نەتەوەی خۆی دا نەبوو، بەڵکوو باوەڕی بە دێموکراسی بە واتای جەوهەریی خۆی لە هەموو جیهان دا هەبوو. مرۆڤێکی بەرچاوتەنگ یان بە واتایەکی دیکە دۆگماتیک نەبوو. لە سەر بناغەی ئەم شێوە تێڕوانینە ساڵی ١٩٤١ هەتا ١٩٤٧ نەیهێشت شەڕ لە نێوان کورد و ئازەری یەکاندا ڕوو بدا کە لە هێندێک هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پێکەوە دەژیان. لە مەهاباد کەمایەتی یەکی کەم لە جوولەکەکان دەژیان کە بە پشتگیریی پێشەوا قازی خاوەنی هەموو مافێکی خۆیان بوون. قازی مامۆستای دێموکراسیی مۆدێرن و سەردەمیانە بوو. ئەو مرۆڤی ئەم سەردەمە بوو بەڵام لە سەدەی ڕابردوو دا هاتبووە دنیا.

قازی باش دەیزانی کە هەموو مرۆڤەکان لە دوو شتدا هاوبەشنو لەیەکتر جیا ناکرێنەوە: ١- ڕەنگی ڕۆندکی چاو ٢- ڕەنگی خوێنی هەموو مرۆڤەکان سوورە. بۆ پێشەوا قازی جێگای شانازی یە کە کۆماری کوردستانی دامەزراندوە، سەربەرزیەکی بێ وێنەیە کە پێشەوا قازی سەرۆکی ئەم حیزبە بووەو لە کاتی کۆمار دا سەدان دەسکەوتی بۆ مێژووی ئازادیخوازیی کورد لە دیرۆک دا تۆمار کردوە.

پێشەوا بۆ دۆزی کورد لە هەموو کوردستان دا سەمبۆلی زانین، گەورەیی، خزمەتکاری و خۆفیداکردنە. کاتێک کەسێک لە ڕێگای بەختیاریی کۆمەڵێک دا فیداکار بوو، ئیتر شتێک لەمە گەورەترو پیرۆزتر نیە. مێژووی بزووتنەوەی کورد بە گشتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی قەرزداری پێشەوا قازین. قەت لە بیرم ناچێ کاتێک ساڵی ١٩٩٣ چوومە دیداری دایکی کورد مینا قازی، بە گریان و حەسرەتەوە وای پێ گوتم:

کاتێک لە لایەن ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی یەوە گیرام بە حەقارەت، بە جنێوو ڕقێکی ئەستوورەوە پێیان گوتم هەی ق... ئەگەر مێردەکەی تۆ نەبووایە، ئێمە لە ئێران مەسەلەی کوردمان نەدەبوو.

ئەگەر هەموو ئەم فاکتۆرانە لە بەر چاو بگرین، بەڵێ دەتوانین بڵێین «پێشەوا دەسپێکی ڕێگایەکی بێکۆتاییە.» چونکە فەلسەفەی پێشەوا ئازادی بۆ هەموو مرۆڤەکانی سەر تۆپی زەوی بوو. ئەو خوێندنگەی دیموکراسیی ڕاستەقینە و مرۆڤپەروەری بوو.

کوردستان: پێشنیارت چییە بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتوودا، لە ئاستی نەتەوەییدا بایەخو گرنگیی تایبەتی بە یادی لە دایکبوونی پێشەوا بدرێ؟

کاکشار ئووردەمار: ئەم کارە دەبێ لە کولتووری حیزبیکی دیاریکراودا [قەتیس] نەمێنێ. پێشەوا ملکی هەموو کوردستانە و سەرۆکی

مەعنەویی هەموو رێکخراوە سیاسی یەکانی کوردستانی گەوردیە. هەتا دەنگمان یەکگرتوو بێ، هاوارمان بەرزتر دەبێ، ئەوجا کەسانی وەکوو پێشەوا قازی دەبوونە خاوەنی نەوەیەکی ئەنترناسیۆناڵ. هەموو مەزلوومی جیهان، قەرزداری فیداکاریی پێشەوان.

دەستپێکی ئەم کارە دیرۆکی یە ئیوەن، بەلام دەبێ هەموومان هەوڵ بدەین لە ساڵانی داهاتوو دا ببێتە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیمان. لەم بوارە دا بە تایبەتی دەبێ خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان زۆرترین چالاکیان هەبێ. مەهابادو ورمێ دەبێ ببنە ناوەندی ئەم کارە پیرۆزە. هەر لەم مناسبەتانەدایە کە دەتوانین زۆر دیواری بلیندی دیکتاتۆران بڕووخینین و پەردەی رەش بدرێنین. هەڵبەت کارێکی وا دەبێ بۆ لیدێرو قارەمانانی وەک سمکۆی شکاک، شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و ئەمیرخانی لەپزێرینیش بکرێ. د.قاسملوو لە بیرمان نەچێ و ئەم کارە وەکوو ترادیسیۆنێک بەردەوام بێ. لە کوردستانی گەوردا. بۆ نرخە نەتەوەیی یەکانی دیکەشمان دەبێ هەر وا بێ. ئەگەر ئەوان لە بیر کرێن ناچار دەبێ تاریخمان دووبارەو چەندبارە بکەینەوە. میرات دەبێ قەت لە بیر نەکرێ. کاریکی وا، واتە دابڕان لە رابردوو،و ئەوەش لە سەدەی گلۆبالیزم دا یانی چوون بەرە و نەمان و مردن.

کوردستان: زۆر نووسەرو لێکۆلەر و سیاسەتمەداری کوردو بیانی، باسی رۆڵ و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەدیان کردوە، راوسەرنجت لە بارەیانەوە چییە؟ چۆنیان پۆلێن دەکەی؟ کامیان زیاتر سەرنجیان راکێشاوی؟

کاکشار ئووردەمار: کاتێک دەبینم کە دۆستو دوژمن لە سەر بە کاریزمابوونی رێبەرێکی وەکوو پێشەوا قازی یەکدەنگن خۆشحاڵ دەبم. شاهیدانی دادگایی کردنی پێشەواو هاورێیانی لە دادگای لەشکری دا باشترین بەڵگەن بۆ ئەوەی ئێمە گەوردیی ئەو زاتە پاکە باشتر بزانین. هێندێک کەس لە رووی حەسادەت و غەرەزەوە باسی خۆتەسلیم کردنی پێشەوا قازی دەکەن!! واتە کاتێ بۆ بینینی سەرهەنگ هومایونی چۆتە میاندواو. بەڵام وەکوو مرۆڤێکی کوێر چاوپۆشی لەو رووداوانە دەکەن کە پێش ئەم کارە کراون. واتە کۆبوونەوەی مزگەوتی هەباساغا کە پێشەوا لە گەڵ لایەنگرانی کۆمارو خەلکی شاری مەهاباد دانیشتوەو راوێژی لە گەڵ کردوون. چلە رۆژی پێکهاتنی کۆمارو چ لە رۆژانی کۆتایی تەمەنی پرپەرهەمی کۆماردا پێشەوا خۆی لە خەڵکی رەش و رووت دوور نەخستۆتەوە. بە شێوەیەکی سەمیمانە لە گەڵ خەلک و هاوکارانی خۆیدا کەسیکی رووراست بووە، واتە کەسێکی لیبراڵ بووەو باوەڕی بە دیالۆگ هەبووە. هێزی گەلی پێ لە هەموو هێزێک بە هیزتر بووە.

ویلیام ئیگلتۆن باسی زۆر لایەنی کۆماری کوردستان دەکا، بەڵام پێم وایە ئیستیخباراتی ئەو دەمەی دەوڵەتی پەهلەوی نەی هێشتوە ئەو بە بەرفرەوانی لە سەر کۆماری کوردستان لیکۆڵینەوە بکا. هەروەها ئەو زۆرتر» کۆماری مەهاباد» بەکار دینێ تا کۆماری «کوردستان». پێم وایە ئەوەش پێشنیاری لایەنگرانی دەوڵەتی شاهەنشاهی و سرویسی ئیستیخباراتی ئینگلیز بووە. چونکە نەیانویستوە کوردستانی بوونی کۆمار بۆ خەلک و مێژوو ئاشکرا ببی، هەروەها زیاتر لە لێکۆڵینەوەی ویلیام ئیگلتۆن نووسینەکانی کەسانی وەکوو مەناف کەریمی، سەدیق حەیدەری و وەزیرەکانی دیکەی کۆماری کردوە بە نیوەرۆک یا جەوهەری کتیبەکەی خۆی. نەمر رەحیمی قازی لە کتێبی خۆی دا «بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردو قازی محەممەد» دا وا نیشان دەدا کە گۆیا پێشەوا قازی ئاشقی سۆسیالیزمی سۆڤییەتەکان بووەو ئەگەر لە دادگادا وازی لە پشتگیریی رووسەکان هێناباو خۆی تەسلیمی داواکاری یەکانی ئینگلیز و

ئەمریکایی یەکان کردبا، ئێعدام نەدەکرا!! بەڵام ڕێزدار عەلی قازی لەو بارەیەوە دەڵێ: کاتێک لە تەورێز گەڕامەوە مەهاباد، باوکم بە منی گوت: چاوت لێیە ئەو بێشەرەفانە (دەوڵەتی سۆڤیەت) چۆن خەیانەتیان پێکردین و بە تەنیایان هێشتینیەوە؟! دیارە نەمر ڕەحیمی قازی کاتی نووسینی ئەم کتێبە لە باکۆ (پێتەختی ئازەربایجان) بووەو ئەگەر وای نەنووسیبا وەکوو تێزی دوکتوراکەی قەبوول نەدەکرا.

بەڵام هەموو کەس دەزانێ کە پێشەوا زیاتر لە هەموو دەوڵەت و ڕێکخراوێک بە هێزی گەلی خۆی پشتگەرم بووە. ئەو بێهیوا بوو کە لە سەر ئەساسێکی بە هیز بناغەی سیستمی دەوڵەتیکی دیموکراتیک دابڕێژێ و دەنگی گەل لە سەر هەموو دەنگەکانی دیکە بێ. لە ڕەوشی ئەو سای کۆمەڵی کوردەواری دا بە لەبەرچاوگرتنی فاکتۆرە دەرەکی و نێوخۆیی یەکان کاری پێشەوا قازی لە کوردستان دا دەسپێکی ڕێنێسانسێکی سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی بوو.

مامۆستا عەلائەدین سەجاددی، د.کەمال مەزهەر، پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیلو چەندین لێکۆلەرو نووسەری دیکە کاری باشیان لە سەر کۆماری کوردستانو کەسایەتیی پێشەوا قازی نووسیوە.

کوردستان: بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی «کوردستان و کورد»، هەر وەها بۆ هەموو هۆگران و ڕێڕەوانی پێشەوا قازی محەممەد لەم بۆنەیە دا چ وتەیەکت هەیە؟

کاکشار ئووردەمار: لەم سەدەیە دا ئیتر کار و خەبات دەربازی پێواژۆیەکی نوێ بووە. تەکنیکی ڕاگەیاندن گەورەترین ڕۆڵی هەیە لە بەردەوامیی خەبات و کاری سیاسی – فەرهەنگیدا. لەم بوارە دا ئێوەی ئازیز و... زەحمەتێکی زۆر دەکێشن. من عاشقی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی کوردستانم، ڕۆژنامەی سەردەمی کۆماری کوردستان بۆ من لە هەموو پەرتووکی ئاسمانی وپیرۆزەکان موقەدەسترە. ژومارەکانی پاش ئەو سەردەمەش بۆ هەموومان سەرجاوە و ئارشیڤێکی میژووبین. بەردەوام لە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیک لەو ماڵپەرانەی ڕۆژانە جاوی لیدەکەم، «کوردستان و کورد»ە.

پێشەوا ڕێبەرێکی ئەفسانەییە و دەبێ لەم سەدەیە دا بیر و ڕامانە مرۆڤدۆستانەکانی ئەو ڕێبەرە نەمرە باشتر بناسرین. دەبێ وەسیەتەکانی پێشەوا لە بیرمان نەچن و لە ژیانی ڕۆژانەمان دا بەکاریان بینین. ئەو بۆ سەربڵیندیی و بەختیاریی نەتەوەی هەرە مەزلوومی جیهان، گیانی خۆی

لە ژمارە ٦٠٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٨ی مای ٢٠١٣

سەرکۆماریی قازی محەممەد دەسپێکی نوێی بزووتنەوەی مێژووی کوردستان

ئەیوب شەهابی ڕاد

دەورو ڕۆڵی قازی محەممەد وەک یەکەم سەرکۆماری مێژووی کورد، لە ڕوانگەو لایەنی جۆراوجۆردەوە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە. ڕەوتێکی لێکۆڵینەوەی پڕ لە هەورازو نشێوی نەپساوە. سەرهەڵدانی پیاوێک بە هزرو بیرێکی نوێوە، شەکاندنەوەی ئاڵای نەتەوەیی لە وڵاتێکدا کە بەشی زۆری خەڵکەکەی بە پاراستنی توخمە نەتەوەییەکانی وەک خاک، زمان و فەرهەنگی لەمێژینەی خۆی، توانیویەتی شوناسی نەتەوەیی خۆی لە ڕابردووی هەزار ساڵەدا تۆمار بکاو پێکهێنانی حکوومەتێکی نەتەوەیی کۆماری لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی عەشیرەیی و مەزهەبی دا.

ئەگەر لە بەشێک لە مێژووی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی خەباتی نەتەوە جۆرواجۆرەکان لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی خۆیان و بە دەستهێنانی مافە نەتەوایەتیو مرۆیی یەکانیان دا بڕوانین، بێ گومان دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی لە ڕەوتی ڕووبەگەشەی، تەکامولی نەتەوەو مەدەنیی کۆمەڵگەی کوردستانی ئەو قۆناغەدایە. بە چاوخشاندن بە پرۆسەی مێژوویی بزووتنەوەو ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی کورد بۆ بە دەست هێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان دا، بە سەرنجدان بە ماهییەتو چەشنی خەباتەکەیان، ڕەنگتر باشتر بە گرنگی دەور و ڕۆڵی قازی محەممەد لە دانانی بناخەی تێئۆری و پراکتیکی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بگەین.

١- دامەزرانی کۆماری کوردستان پەرینەوەی پرۆسەی بزووتنەوەی کورد لە فۆرمی نەریتی و خۆجێیی بەرەو بزاڤێکی مودێرنی نەتەوەیی لە سەر بناخەی بنەما دیموکراتیک و مەدەنی یەکانە. یەکێک لە نیشانە بەرچاوەکانی ئەم کۆمارە، دامەزراندن و ئیدارەی وڵات لەلایەن حیزبێکی مودێرنی وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوەیە، کە خاوەن ڕێکخستنێکی تۆکمەو پێڕەوو پرۆگرامێکی دیموکراتیکە. بە واتایەکی دیکە، کۆماری کوردستان ئاکام و دەرەنجامی شیرازەی ڕێکخستن و هزرەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانە بە ڕێبەریی قازی محەممەدە.

٢- قازی محەممەد و ڕێبەرانی ئەو کات، بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسیی ناوچەیی و جیهانیی ئەو کات توانییان بە باشی ئەو هەلە بۆ گەلی کورد بقۆزنەوە. ئەگەرچی لە سەرەمەیلی کۆماری کوردستان بە لای دەوڵەتەکانی ناوچەوە و جۆرێک بەستراوەیی ئەم کۆمارە بە هێزە دەرەکی یەکان باس دەکرێ، بەڵام دیسانیش سەلماندی هەمووی ئەو گریمانانەش ناتوانن گرنگی و کاریگەریەکانی ئەم دەسکەوتە مێژوویی یەی کورد کەم بکەنەوە.

٣- ئەگەرچی تەمەنی کورتی کۆمار و جوگرافیای بەرتەسکو پانتایی سنووورداری دەرفەتی پەرەسەندن و جێبەجێ بوونی بەشێکی زۆر لە قانوونە پەسندکراوەکانی پێ نەدا، بەڵام خودی قازی محەممەدو حکوومەتەکەی توانییان هەم فەرهەنگی دەوڵەمەندو لەمێژینەی کوردان تاڕادەیەک بخەنە بەرچاوی خەڵکی جیهان و هەمیش توانایی کورد بۆ بە دەستەوەگرتنی کاروباری حکوومەت و ئیدارەکردنی کۆمەڵگەی خۆی بە دنیا بسەلمێنن و بە هەمووان بڵێن کە پرسی کورد، مەسەلەیەکی مرۆیی نییە تەنیا پێوەندیی بە وڵاتە داگیرکەرەکانەوە بێ، بەڵکوو ئەم پرسە سیاسی یە رەهەندێکی بان ناوچەیی هەیە.

٤- دامەزرانی کۆماری کوردستان دەگەڵ ئەوەی ئیدەی خۆپەرستانە و ناسەرکەوتووی حکوومەتی کۆجێیی (سەنتراڵ)ی رەت کردەوە، هەرلەوکاتە دا پەیامێکی روون و راشکاوانەی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە بوو بۆ حکوومەتی ناوەندی و هەموو نەتەوەکانی دیکەی جوگرافیای ئێران، بەو واتایە کە باشترین رێگەی سەرکەوتن و یەکپارچەیی ئێران، بەشدارکردنی هەموو نەتەوەکان لە ئیدارەی وڵاتدایە.

٥- لەوانەیە بتوانین بڵێین یەکێک لە گرنگترین پەیامەکان و دەسکەوتەکانی قازی محەممەد لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، رەهەندو لایەنی ناسیۆنالیستی و پێوەندیو هاوکاریی راستەخۆی ئەو بەشە لە کوردستان دەگەڵ بەشەکانی دیکە بوو. کە ئەمەش نیشانەیەکی روونە بۆ هزری نەتەوایەتی و دوارۆژدیتنی پێشەوا، کە ئەمرۆکە یەکێک لە کەڵکەڵە سەرەکی یەکانی بزووتنەوەی سەراسەری کوردستانە.

٦- دامەزرانی کۆماری کوردستان، بەڵگەیەکی روونە لە سەر ئەوە کە کوردیش لێهاتوویی و لێوەشاوەیی ئەوەی هەیە هەموو ئەو مافانەی پێبدرێ کە بە جیهانی یەکان دراون. هەروەها هێڵێکی سوور بوو بە سەر هەموو ئەو هەڵسەنگاندنە بوغزاوی یانە دا کە لە خۆپەرستیی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستانەوە سەرچاوەیان دەگرت کە ئێستاشی دەگەڵدا بێ هیچ مافێک بۆ گەلی کورد بە ڕەوا نازانن.

لە رەوتی تاوتوێ کردن و ڕەخنەگرتن لە رۆڵ و کارکردی قازی محەممەد لە ژیانی سیاسیی خۆی دا، بێگومان هێندێک خاڵ هەن، بە تایبەت جێ نەهێشتنی خشتەیەکی کاری تایبەت بە چارەنووسی کۆماری کوردستان دوای شەهید بوونی یان چۆنیەتیی درێژەی ژیانی سیاسی و خەباتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەرچاون. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو رەخنانەی تا ئێستاش لە سەر کارکردی قازی محەممەد لە ماوەی سەرکۆماری یەکەی دا گیراون، پێشەوا هێشتا تاکە کاریزمای مێژوویی و نەتەوەیی گەلی کوردە و کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی ئیلهامدەری بزووتنەوەی کوردن. قازی محەممەد بەرلەوەی هێمای خەباتی دژی دیکتاتۆری و زوڵم و زۆری بێ، سێمبوێکی رابوونی تازە لە پێناو وەدیهێنانی شوناسی کورد، مودێرنیزە کردنی بزووتنەوەی مێژووی کوردستان و درێژەدانی بە میتۆدگەلی نوێو ستەرەکتۆرێکی دیمۆکراتیک بوو.

و: تەها رەحیمی

لە ژمارە ٦٠٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٤ی ئاوریلی ٢٠١٣

ڕێز لە کەسایەتیی کاریزمایی پێشەوا بگرین

ئاگری باڵەکی

پێشەوا قازی محەممەد، ڕێبەرو ڕێ نیشاندەرو یەکەم سەرکۆماری کوردستان، ڕێبەرێک کە «کەم ژیاو کەڵ ژیا». ئەو وەک ڕێبەرێکی ئەفسانەیی بۆ کورد لە سەردەمێک دا بوو بە ڕێنیشاندەر کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، لەسەر ئەم ڕێگەیە کورد هەنگاو دەنێ، ئەوەی فەیلەسووفە یۆنانییەکان لەبارەی دەوڵەتو ڕێبەریی خەڵک بە نووسین باسیان کردبوو و لە کتێبەکانیاندا وەک بیرۆکە هێنابوویان، پێشەوا بە کردەوە ئەو بیرۆکانەی لە ماوەی ڕێبەریی خۆیدا جێبەجێ کرد. قازی محەممەد لە کردەوەدا نیشانی دا کە ڕێبەرێکە لە خزمەت خەڵکو نەتەوەدا. پێشەوا لە سەردەمێکدا ڕێبەریی کۆمەڵگەی کوردی گرتە دەست کە کۆمەڵگەی کوردەواری ڕێژەی خوێندەواریی ٥% زیاتر نەبوو. چینی ڕووناکبیرو خوێندەوار زۆر کەم بوو. ئەو باسە ئی شەش دەیە پێش ئێستایە کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پێشکەوتنێکی ئەوتۆ بەدی نەدەکرا، بەڵام پێشەوا وەک گوڵێک لە بیابانیدا نیشانی دا کە کەسێکی دەگمەنە، ئەو بەڕاستی ڕێبەرێک بوو کە دەیتوانی بە ٦ زمان ئاخاوتن بکا کە ئەمە وای لێ کردبوو کە پێوەندییەکی دیپلۆماسیی گرنگی هەبێ و وەک ڕێبەرێکی سیاسییش لە دۆکۆمێنتەکانی وڵاتانی زلهێزی جیهان ناوی پێشەوا وەک کەسێکی بەناوبانگی ناوچەکە هاتوە.

پێشەوا قازی محەممەد ئەو کەسە بوو کە نیشانیدا بەڕاستی ڕێبەرێکی گەلی و نەتەوە خۆشەویستە. پێشەوا کەسێک بوو کە لە سەردەمی خۆی دا فەیلەسووفێکی زانا بوو، بەداخەوە نموونەی وەک ئەو تاوەکوو ئیستاش لەنێو کورددا دووبارە نەبووەتەوە.

پێشەوا ٦٧ ساڵ لەمەوپێش ئەوەی بەبیردا هات کە دەبێ کوردەکان یەکگرتوو بن و نەتەوەی کورد کیانی خۆی هەبێتو ئەوەشی بە کردەوە سەلماند کە کوردەکان هەم دەتوانن یەکگرتوو بن، هەمیش دەتوانن وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان خاوەنی پێگەو وڵاتی خۆیان بن .

بیر و کەسایەتیی پێشەوا

پێشەوا لە وتووێژێکی لەگەڵ هەواڵنێری «تاس» ئاوا باس لە گەشەکردنی کۆمەڵگاو هەروەها بەهێزبوونی پێگەی کورد دەکا لە حکوومەتی کوردستانداو دەڵێ: «ئێمە وەک گەلێک یەکمان گرتەوەو بەهێزتر بووین و بە یەکجاری بۆ گەیشتن بە مافی خۆمان دەستمانبە

خەبات کردوە و ئێستا ئێمە لەم بارەیەوە دەسکەوتی زۆرمان بەدەست هێناوە، ئەگەر لە رابردوودا نووسین و ئاخاقتن بە زمانی کوردی ڕێگای پی نەدەدرا، ئیستا ئێمە ڕۆژنامەی «کوردستان»مان هەیە. لە کوردستاندا نزیکەی سێ هەزار زارۆک بە زمانی خۆیان دەخوێنن، چەند ڕۆژ لەمەوبەر دەستووری بەزۆرەملیی خوێندنی سەرەتایی بۆ هەموو کەس بەبێ پارە، دراوە. قوتابی یە هەژارەکان لە باری جلوبەرگ و کتێبەوە، هەروەها خواردنی بەیانیان لە قوتابخانە دا یارمەتی دەدرێن. مەهاباد کۆمەڵە (کەلکتیو)ی لێ هەیە، ژنان بەشداری تێدا دەکەن». (١)

گەورەیی پێشەوا کاتێک دەردەکەوێ کە بزانین حازر بووە ئەو پووڵەی کە وەک یارمەتیی مانگانە لە حکوومەت وەری گرتوە، هەر جارەی بیدا بە مەدرەسەیەک بۆ ئەوەی بتوانن باشتر بە قوتابییەکان ڕابگەن. حاجی عەبدوڵڵای قازی لە کتێبی «وڵاتی من»دا ئاوا باسی پێشەوا دەکا: «لەنێو منداڵانی مەدرەسەدا، ئی وا بوو زۆر فەقیر بوو و بەپێخواسی دەچووە مەدرەسەو بەرگو پێڵاوی نەبوو. بۆیە دەستوور درا کە تەواوی منداڵانی مەدرهسە لیباسی یەک فورم و یەک ڕەنگیان هەبێ. ئەو لیباسانە لە قەوارەی جۆراوجۆردا دروابوون و زەلامو چکۆلە، درا بە هەموو کەس. دیارە عیددەیەک لە دەوڵەمەندەکان گوتبوویان منداڵی ئێمە ئەوانەیان پێویست نیەو نایانەوێ. پێشەوا قەبوولی نەکردبوو گوتبووی نابێ فەرق و جیاوازی هەبێو دەبێ هەموو یەک فۆرمو یەک لیباس بن. پێشەوا ئەو کات ١٠٠ تمەنی مانگانە یارمەتی لە دەوڵەتی کوردستان وەردەگرت. ئەویش تەواوی ئەو پووڵەی تەرخان کردبوو بۆ مەدرەسەکانو هەر مانگەی دەدرا بە قوتابخانەیەک» (٢)

پێشەوا هەمیشە خۆی بە خزمەتکاری میللەتی خۆی دەزانیو هەربۆیە لە زۆربەی وتووێژو نوتقەکانی دا ئەم لەخۆبردوویی یەی پێشەوا دیار دەکەوێ، لە نوتقێکدا کە لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاوبۆتەوە ئاوا قسان دەکا: «بۆخۆتان دەهانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەوو ڕۆژ وچانم نەداوەو ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم. تا یەک ڕۆژم لە دنیا مابێ دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە هەموو کەسێکی دەسەلمێنم کە کورد شایانی ژیانە». (٣)

هونەری سەرۆکایەتیی جەنابی پێشەواش زۆرتر لەوەدا ڕەنگی دابۆوە کە هەڵسوکەوتەکانی هەڵگری پەیامی شارستانیی نەتەوەکەی بوون. دەسەڵاتی سەرکۆمار نەک بۆ تێرکردنی پێویستی یەکانی ئەو پێک نەهاتبوو، بەڵکوو لە زۆر بوار دا بەرژەوەندیی خۆیو بنەماڵەکەشی خستە دوای بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەکەی. جیا لەوە کە بیری نیشتمانپەروەریی سەرکۆمار هاندەری ئەو بوو تا لە خزمەت بەرژەوەندیی نەتەوەکەی دا هەنگاو بنێ، بە هۆی ئەوە کە پێشتر دادوەرێکی لێهاتوو و کارامە بوو، توانیبووی لە سەر ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی تاک لە کۆمەڵگا دا کاریگەریی بێوێنەی هەبێ. زۆرینەی نوتقەکانی جەنابی پێشەواش کە لەو سەردەمەدا تۆمار کراون، سەلمێنەری ئەوەن کە گوتاری ئەو لە سەر بنەمای مافو دادپەروەری و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی ساغ ببۆوە. زۆر کەس لە مێژوودا بە مێدالیاو تاج و نیشانی سەیرو سەمەرە هەوڵی ئەوەیان دا خۆیان لە بەر چاوی کۆمەڵگادا زەق و بەرچاوو جوان نیشان بدەن بەڵام خۆشەویستی و ڕێزێک کە ئەمڕۆکە لە لایەن نەتەوەی کوردەوە لە جەنابی پێشەوا دەنرێ، تەنیا لە بەر دادپەروەری و خۆقوربانیکردنی ئەوە. بە کورتی دەکرێ بگوترێ کە سەرۆکی کۆماری کوردستان لەو سەردەمدا وێنەی ئیرادەی نەتەوەکەی دەنەخشاندو ئێستاش لە خۆشەویستترین سەرکردەکانی نەتەوەکەی دێتە ئەژماردن. (٤)

پەراوێزەکان:

١- وتووێژی هەواڵنێری ئاژانسی دەنگوباسی تاس لەگەڵ پێشەوا. بروانە کتێبی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەی سۆڤیەتدا. بەرێز ئەفراسیاو هەورامی لاپەری ٤١.

٢- ولاتی من ، بیردەوەریەکانی حاجی عەبدوڵڵای قازی لە ئامادە کردنی کاک قاسمی قازی لاپەری ٧٠.

٣- نوتقی پێشەوا. رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢ ی گەلاوێژی ١٣٢٥.

٤- سەرۆک کۆماری کوردستان، سۆران کەرباسیان، ماڵپەری Kurd.no

٥- وتاری ژیان و روانگەی پێشەوا، ئەیوب ئەیوبزادە/

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٨ی مای ٢٠١٣



پێشەوا: "تاکەنگێ کورد دەبێ مالکی جێگای خۆی نەبێ"

دوورگەی بەختەوریی مرۆڤی کورد

ژیان و روانگەی پێشەوا

ئەیوب ئەیوبزادە

لەم دەرفەتەدا راوەستان و شۆڕبوونەوە بۆ ناو جیهانی هزر و روانگەکانی پێشەوا کارێکی گەلێک پێویستە. بێئەوەی بمانەوێ لە نەخش و دەورو تێکۆشانی "ژێکاف" و "حیزبی دێمۆکرات" کەم بکرێتەوە، راستییەک هەیە دەبێ بگوترێ. ئەویش نەخش و رۆڵی تایبەتی و چارەنووسسازی پێشەوایە لە وەدەسهێنانی گەورەترین دەسکەوتی سیاسی و نەتەوەیی مێژووی هاوچەرخی کورد. کەسێک بیهەوێ کۆمار بناسێ دەبێ لە جیهانی هزر و بیری پێشەواوە دەس پێبکا. کۆمار و پێشەوا دوو واتای لێک گرێدراون. کۆمارناسی بێ پێشەواناسی، ناسینێکی رواڵەتی و سەقەت و ناتەواوەو.

"ئەگەر بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردی لە بیستەکاندا بێ ناوی شێخ مەحمود دەبێتە کەم و کووڕییەک، ناوهێنان و قسەکردنیش لەسەر ژێکاف و حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستان وەک بەرهەمی تێکۆشانی ناسیۆنالیزمی سیاسی کورد لە رۆژهەڵات بێ ناوی قازی محەمەد لە کەموکورتی بەدەر نابێت." (١)

بەداخەوە لەسەر شەخسیەتی قازی تا ئێستا وەک پێویست لێکۆڵینەوە نەکراوە و جێگای خۆیەتی کە بیر و روانگە و خەبات و تێکۆشانی پێشەوا، بەشێوەیەکی جیددی موتاڵا بکرێ و بخرێتە لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەنەوە. بە هەست کردن بەو پێویستییە وەک هەوڵێکی سەرەتایی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدرێ لە چەند ئیزگەیەکی ژیانی پێشەوا ورد بینەوە و بیرو هزری پێشەواو رۆڵی ئەو لە بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی کورددا بخەینە روو.

لەم گەشتەدا سەرەتا ژیانی بنەماڵەیی و سەردەمی لاوەتیی پێشەوا دەخرێتە روو. لە بەشی دووهەمی ئەم کارەدا هەوڵ دەدرێ بیر و رۆڵی پێشەوا لە ژێکاف و پاشان لە حیزبی دێمۆکرات و بونیاتنانی کۆماری کوردستان پێشان بدرێ.

قازی محەممەد (پێشەوا) لە سەردەمی منالی و لاوەتی دا

"بنەماڵەی قازی یەکێک لە بنەماڵە کۆنەکانی کوردستان دە مەڵبەندی موکریان دا دێنە ئەژمار. ناوەندی سەردەکییان شاری مەهاباد (سابڵاغ) و گوندەکانی ئەو شارستانەیە. بەڵام زۆر کەسیشیان لە تاران و تەورێز و ورمێ و شوێنی دیکەدا دەژین و تەنانەت چەند

ماڵێکیشیان پەڕیوەی ئۆرووپا و ئەمریکا بوون. ژیانیان زۆرتر لە ملک و مەزرا و داهاتی کشتو کاڵ دابین دەبێ و زۆریشیان بوونەتە موچەخۆری دەوڵەت و بە کاری ئیداری و پەروەردە و بارهێنان و کاری ئازادەوە سەرگەرمن و زۆر کەم خۆیان لە قەرەی کاری بازرگانی و دووکانداری داوە. فەرهەنگی ژیانی ئەم تایفە کۆنە تێکەڵاوە لە فەرهەنگی شارستانی و عەشیرەتی. ئەهلی ئەدەب و شێعر و زانست و خوێندەواری بوون و لە هەمان کاتدا راوچی و سوارچاک و چەکهەڵگر و بەدەست و تفەنگ و ئازاو نەبەرد بوون. بێجگە لە مەلا و زانای گەورە و ئەدیبو شاعیر و نوسەری ناوبەدەرەوە، زۆر جوامێری دلێر و نەترس و تفەنگچی و راوچی بەناوبانگیشیان لێ هەڵکەوتووە. لە گوندو مەزرادا باغداری و کشت و کاڵیان پەرە پێداوە و فەرعانی و ئاوەدانییان خستووەتە وڵات، بەڵام هەرگیز تاجر یا بازاڕییەکی سەرکەوتوویان لێ هەڵنەکەوتووە. لەم دواییانەدا کە شارەکانی کوردستان گەورە بوونەتەوەو فەرهەنگ و ژیانی شارستانەتی بەسەر شێوەی ژیانی عەشیرەتی و داب و نەریتی کۆندا زاڵ بووە، ئاڵو گۆڕێکی بنەڕەتی دەشێوەی ژیان و کار و چالاکی ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە دا پێکهاتووە. ئەگەر لە ساڵانی قەدیمدا زۆریان مەلا و مامۆستای ئایینی هەبووە، ئێستا تەنانەت یەک مەلاشیان نییە و رووبان دە خوێندنی تازە لە مەدرەسە و زانکۆکان کردوە و جیلێکی تازەشیان بە کاری بازرگانی و بازاڕەوە خەریکن و لە باری سیاسییەوە ئێستاش وەک بنەماڵەیەکی چالاک و هۆشیار دێنە ئەژمار. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان گەورەپیاوانی ئەم تایفە یا شەهید کران یا کەوتنە زیندان و ژێر گوشاری کوشندەی دام و دەزگای پەهلەوی. بەجۆرێک کە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە تووشی ژیانێکی پڕ لە ترس و نیگەرانی بوون و لە هەموو دەراوێکی روون بێبەش مانەوە و نەیانتوانی لە باری خوێندن و گەشەی ئابووری و ماڵ و سامان پێکەوەنان هەنگاوی پێویست هەڵبگرن و ئەم حاڵەتە نالەبارە تا رادەیەک بوو بە هۆی دواکەوتوویی لە باری خوێندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا.

لە زەمانی بداغسوڵتانی موکری، ئەمیر و دەسەڵاتداری بنەماڵەی ئەمیرانی موکری، کە هاوکات دەگەڵ پاشایەتی شاسولەیمانی سەفەوی (١٠٧٧ی کۆچی مانگی بەرانبەر بە ١٦٦٧ی زایینی) دەسەڵاتداری هەرێمی موکریان بووە. وردە وردە ناوی "قازی" لە بەڵگەنامە و ریوایات و مێژووی زارەکی و نووسراوەی موکریاندا دێتە گۆڕێ و بەپێی ئەم باس و بابەتانە "تاتوێل" یا "تاتوێلی" ناوێک لە نەتەوەی گورجی لە گورجستانەوە دەخزمەت بداغسوڵتاندا، کە دەوان رۆژاندا دەگەڵ لەشکری شاسولەیمانی سەفەوی دە بەرامبەر سپای رووس دا خەریکی شەڕ و پێکدادان بوون. دێتە سابلاغ و موسوڵمان دەبێ. بداغ سوڵتان ناوی "محەممەد" لەسەر تاتوێلی لاو دادەنێ و دەبەر خوێندنی دەنێ. محەممەدی نۆموسوڵمان زۆر زوو خوێندنی ئەو سەردەمە فێر دەبێ و دەبێتە مەلایەکی گەورەو زانا. ئەولادی ئەم مەلا محەممەدەش هەموویان خوێندەوار بوون و کوڕی گەورەی بە ناوی ئەحمەد دەبێتە "قازی" شار و شۆرەتی قازی لەو سەردەمەوە بۆ ئەم بنەماڵەیە ماوەتەوە.

میرزا ئەحمەد کوڕێکی بووە بە ناوی عوسمان کە سەربردەکەی زۆر روون نییە بەڵام میرزا مەحموودی کوڕی حاجی عوسمان زانایەکی گەورەی خەتخۆش و هونەرمەند بووە و پێنج قورئانی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە کە دوانیان کەوتوونەتە مۆزەخانەی بریتانیا و ئەستەمبوڵ و دووانیشیان هەر ئێستا بەدەست بنەماڵەی قازییەکانەوە پارێزراون.

لە میرزا مەحموود دوو کوڕ بە ناوی قاسم و عەبدوڵڵا بەجێ دەمێنن کە ئەوانیش خوێندەوار و مەلا بوون و بینای مزگەوتی قازی لە مەهاباد یادگاری ئەم دوو خوالێخۆشبووانەیە.

لەمە بەدواوە ژمارەی ئەندامانی بنەماڵە زۆر دەبێ و لقوپۆپی زۆری لێ دەبێتەوە. لە بەردەبابی میرزا عەبدووڵڵا چەند کوڕ بەم ناوانەی خوارەوە پاشەکەوت دەبن:

١- میرزا ڕەحمان

٢- حاجی عەبدورەحیم (لە ژنێک بە ناوی حۆری یا غونچە لە بنەماڵەی بداغسوڵتان)

٣- مەلا عەبدولمەلیک

۴- میرزا مۆمن

۵- مەلا قوددوس

۶- مام ئەمین (لە دایکێک بەناوی "فەرەنتی" لە عەشیرەتی ماوەتان).

ئێمە لێرەدا بۆ کورت بوونەوەی ئەم وتارە باسی ئەو لقانە ناکەین کە لەم خوالێخۆشبووانە کەوتوونەتەوە. دەتوانن بۆ زانیاری وردتر کتێبی بەنرخی (تاریخچە خانوادە قاضی) بە قەڵەمی خوالێخۆشبوو خەلیلی فەتاحی قازی بخوێننەوە.

لێرەدا ئاورێک لە میرزا قاسم برای میرزا عەبدوڵلا دەدەینەوە و پێویستە بگوترێ کە زۆربەی زۆری تایفەی قازی لەم بەرە بابە کەوتۆتەوە و ئەولاد و نەوە و نەتیجەی میرزا قاسم زۆرتر بوون و دە ئاڵ و گۆڕ و رووداوە مێژووییەکانیدا نەخش و دەوری بەرچاوتریان هەبووە.

میرزا قاسم کورێکی بە ناوی میرزا ئەحمەد لە پاش بەجێماوە کە بەپێی نووسینی محەممەد حەسەن خان (اعتمادالسطنه) خاوەن فەزل و کەماڵ بووە و لەنێو زانایان دا لە هەمووان سەرتر و خاوەن "خەت و ئینشای بێوێنە" بووە.

میرزا ئەحمەد هەشت کوڕی لە سێ دایکان لە پاش بەجێ ماوە کە بریتی بوون لە:

١- قاسم ٢- شێخ جەلال ٣- میرزا فەتاح (لە کچێکی بنەماڵەی بداغ سوڵتان بە ناوی فاتمە خانم) ۴- وەهاب ۵- ڕەزاق (لە کچێکی بەگلەربەگی هەوشار) ۶- مەجید - لەتیف- ئەحمەد (لە مایا خانمی ئاسۆڕی).

دواییین ئەولادی میرزا قاسم بە ناوی ئەحمەد (میرزالە) کە پاش کۆچی دوایی باوکی لەدایک ببوو. لە شەڕێکی موڵکی دا بە جەوانی کوژرا و کەسی لە پاش بەجێ نەماوە.

میرزا قاسمی قازی زانایەکی گەورە و بەناوبانگ بووە و ماڵ و مەحکەمەی هەموو پڕ لە میوان و ئاشنا و غەریبە بووە. کاروباری کۆمەڵایەتی و دادوەری و کوژاندنەوەی شەڕو ناخۆشی نێوان خەڵکی شارو عەشیرەتەکانی موکریان لەو مەحکەمەیەدا جێبەجێ دەکرا. میرزا قاسم وەک ناسراوێکی باوەڕپێکراو بەڕێوەبەری کۆمەڵایەتی چاو لێدەکراو لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتیشەوە وەک گەورەپیاوی مەڵبەندی موکریان دەهاتە ئەژمار. لە سەردەمی شۆڕشی هەمزاغای مەنگوردا لەلایەن ئەمیرنیزامی گەڕووسی حاکم و دەسەڵاتداری موکریانەوە ناردرایە لای هەمزاغا بۆ نێویژی کردن لە نێوان دەوڵەت و بزاڤەکەی هەمزاغادا. وەک باب و باپیرانی ئێمە بە دەیان جار گێڕاویانەتەوە میرزا قاسم کە ناچار دەبێ ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێ لە یەکەم دیداری دا بە هەمزاغا دەڵێ: "من ناچار بوم بێمە لای ئێوە و ڕاسپاردەم. ئەمیر نیزام منی ناردووە تکات لێ بکەم دەست لە دژایەتی دەگەڵ دەوڵەت هەڵبگری و دەگەڵ من بگەڕێیەوە لای حکومەت. بەڵام من لەلایەن خۆمەوە پێت دەڵێم کە بە قسەی من مەکە و بڕوات بەم بەڵێنیانە نەبێ". هەمزاغا بە قسەی میرزا قاسم دەکا و ناگەڕێتەوە. بەڵام جاری دووهەم دەگەڵ وەڤدێکی دیکە کە قورئانی مۆرکراویان لە لایەن ئەمیرنیزامەوە بۆ بردبوو، دەگەڕێتەوەو بە

شێوەیەکی نامرۆڤانە لە "باغی شێخی" مەهاباد دەکوژرێ. بەداخەوە هێندێک کەسی نائاگا و گومان لێکراو ئەم مەبەستەیان بەپێچەوانە باس کردووەو میرزا قاسم بە هێنانەوە و بەکوشتدانی هەمزاغا تۆمەتبار دەکەن. ئەمەش لە کاتێک دایە کە بنەماڵەی قازی بە درێژایی مێژوو لایەنگری نەتەوەی خۆیان بوون و هەموو کات و ساتێک بۆ پاراستنی نەتەوەی خۆیان لە بەرانبەر دەسەڵاتی ناوەندی و دەرەکی راوەستاون و سەریان لەسەر ئەم ئامانجە داناوە.

میرزا قاسم بە یارمەتی شەش برای ئازا و نەبەرد و خەڵکی سابڵاغ ماوەیەک بە قودرەت و تواناوە کاروباری مەڵبەندی بەرێوە بردووە و شار و دێهاتی پاراستووەو لە مریدانی (شێخ شەمسەددینی بورهانی "د.خ") بووە. رێکەوتی وەفاتی بەوردی دیار نییە و رەنگە لە دەیەی شەستەکانی سەدەی سێزدەی کۆچی مانگیدا رووی دابێ. میرزا قاسم چوار کوری لەپاش بەجێ ماوە کە بریتی بوون لە: ١- عەلی ٢- ئەبولحەسەن سەیف ٣-عەبدووڵلا (قازی عەسکەر) ٤-رەحیم. میرزا رەحیم لە سەردەمی لاوەتی دەشەڕ و پێکدادانێک دا کە لەسەر زەوی و زاری گوندی پیرەولی باغی دێتە گۆڕێ دەکوژرێ. (بەدەست مەجیدبەگی بورهانی).

قازی عەسکەر وەجاخ کوێر بووە و زۆرتری تەمەنی لە گوندی پیرەولی باغی ژیاوە بە کاری کشت و کاڵ و ئاغایەتییەوە سەرگەرم بووە.

قازی عەلی خوێندنی باوی سەردەمی لەلای میرزا قاسمی باوکی خۆی و ماوەیەک لە سنە لای زانایانی ئەو شارە و مەلای پیرەباب کە زانایەکی گەورەو دینداریکی بێوێنەی زەمانی خۆی بووە تەواو کرد و هاتە ریزی گەورەمەلایانی کوردستان. خۆشنووسێکی دەستررەنگین بوو. خەتی فارسیو عەرەبی زۆر جوان دەنووسی. لە لایەکیشەوە زۆر ئاداباززان و مرۆڤدۆست و نەجیب بوو. خەڵکی شارو ناوچەکانی دەوروبەر دەیانناسی و رێزیان بۆ دادەنا.

پاش مەرگی باوکی بوو بە قازی شار و "مەحکەمە" لە زەمانی ئەویشدا هەموو کات پڕ لە میوان و غەریبە و شکاتکار شکات لێکراو بوو. بێجگە لەوانەش لە مەحکەمەی قازی عەلی دا چەند کەس لە لاوانی خزم و ئاشنا خەریکی خوێندن بوون و خەرجی هەموویان لەلایەن مەحکەمەوە دابین دەکرا. یەک لەوانە محەممەدی قازی وەرگێڕی بەناوبانگ و یەکێکی دیکەش عەبدوڵلا ناهید (افتخار) بوو کە هەردووکیان لە بیرەوەرییەکانیاندا باسی ئەو رۆژانەیان کردووە کە لە مەحکەمەدا خەریکی خوێندن بوون.

لەو سەردەمەدا کە میرزا عەلی لاو لە شاری سنە دەیخوێند، دەگەڵ خەلیل خان کوڕی شێربەگ، گەورەی عێلی فەیزوڵلابەگی هاوەدرس دەبێ. دۆستایەتی و خۆشەویستی ئەم دوو لاوە دەگاتە رادەیەک کە خەلیل خان بە میرزا عەلی (قازی عەلی) پێشنیار دەکا خوشکێکی خۆی بە ناوی "گەوهەرتاج خانم" کە لە جوانیدا بێهاوتا بووە بداتێ بۆ ئەوەی لە دۆستایەتییەوە ببنە خزم و پێوەندییەکەیان پتەوتر بکەن. میرزا عەلی نەدیتە ئەو پێشنیارەی قبووڵ دەکا. پاشان خەلیل خان کە خۆشەویستی لای باوکی بووە مەسەلەکە لەگەڵ بنەماڵەی خۆی باس دەکاو شێربەگ پێشوازی لەم پێشنیارە دەکا. ماڵی شێربەگ ئەودەم لە سڵەمانکەندی نزیک شاری سەقز بووە. ئەم گونده ناوەندێکی گەورەی هونەر و خوێندەواری و مەکۆی مەلا و فەقێ و ئەهلی زانست بووە و جەماوەرێک لە پیاوماقووڵانی عەشیرەتی فەیزوڵلابەگی لەوێ دادەنیشتن.

قازی عەلی، کە محەممەدی قازی لە کتێبی "بیردەوەرییەکانی وەرگێڕێک"دا وەک "قازی گەورە" ناوی دەبا، لە گەوهەرتاج خانم دەبێتە باوکی دوو کوڕو دوو کچ بەم ناوانە: محەممەد، قاسم، خەدیجە، ئامینە.

گەوهەرتاج خانم بە جەوانی کۆچی دوایی دەکاو قازی عەلی پاش ماوەیەک دەگەڵ زیبا خانمی کچی شێخەلئیسلامی ئاجیکەند زەماوەند دەکاتەوە. لەو خانمەش دەبێتە خاوەن کچێک بە ناوی فاتمە.

کچی گەورەی قازی عەلی بە ناوی خەدیجە خانم دەبێتە هاوسەری خوالێخۆشبوو حەمەدەمین بەگی هومایوون لە بەگزادەکانی یەکشەوە و بەرهەمی ئەم تێکەڵاوییە چەند کچ و، کوڕێک بە ناوی سەعیدخان بوو. سەعیدخانی هومایوون لە هەموو رووداوەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەگەڵ خاڵی خۆی پێشەوا قازی محەممەد بووە و لە گەڕیانی رووداوەکانی کۆماری کوردستاندا ئاجودانی پێشەوا بوو. سەعید خان باسی کۆماری کوردستان و کەسایەتی پێشەوا و رووداوەکانی ئەو سەردەمەی لە کتێبێک دا بەناوی "پێشەوای بێداری" نووسیبوو کە پاش مەرگی ئەو لە چاپ دراو و بڵاو کرایەوە.

ئامینە خانم کچی دووهەمی قازی عەلی مێرد بە خوالێخۆشبوو عەبدووڵای ناهید (افتخار) دەکا و بەرهەمی ئەم تێکەڵاوییە کچێک بوو بە ناوی رابێعا خانمی ناهید کە ئێستا لە لەندەن نیشتەجێیە. ئەو خانمە زۆر زاناو تێگەیشتوو و بیردەوەرییەکانی باوکی (خاطرات من) بە هیممەتی ئەو خاتوونە بڵاو کراوەتەوە. ئامینە خانم پاش ماوەیەک لە ئیفتیخار جوێ دەبێتەوە و هاوسەری ئەمجاریشی دیسان لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی دەبێ بە ناوی محەممەد حوسێن خانی ئەمیری خاوەنی گوندی بەردەزەرد کە لەویش دوو کچی بووە.

فاتمە خانم کچی سێیەمی قازی عەلی دەدرێ بە قادراغای قالوێ لە عەشیرەتی گەورک و ئەم تێکەڵاوییەش دوو کوڕی بە ناوانی حەسەن و هەمزە لێ دەکەوێتەوە.

محەممەد (پێشەوا قازی محەممەد) لە رۆژی ١١بانەمەڕی ١٩٠٠ی زایینی بەرابەر بە ١٢٧٩ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لەدایک بوو. لە خزمەتی باوکی دەس دەکا بە خوێندن. لە هەمانکاتدا لە خزمەت مەلا حوسێنی مەجدی کە گەورەترین زانای ئایینی زەمانی خۆی بوو دەرسی دەخوێند.

محەممەد هێشتا منداڵ بوو کە دایکی کۆچی دوایی کرد. بەڵام پێراگەیشتنی دڵسۆزانەی زیباخانم هاوسەری دووهەمی قازی عەلی جێگەی دایکی راستەقینەی بۆ ئەو و خوشک و براکانی پڕ کردەوە.

لەو سەردەمەدا کە محەممەد رۆژانی سەرەتای لاوەتی دەست پێکردبوو میسیۆنی ئایینی ئەمریکایی لە مەهاباد جێگیر بوون. زۆربەی ئەندامانی ئەو میسیۆنە فێری کوردی ببوون و دەگەڵ قازی عەلی و بنەماڵە گەورەکانی تری سابڵاغ (مەهاباد) ئامشۆیان دەکرد. یەکێک لە ئەندامانی ئەم میسیۆنە بە ناوی د. فاسۆم رێزمانێکی لەسەر زمانی کوردی زاراوەی موکریانی نووسیوە. بێجگە لەوە دوکتۆر فاسۆم زۆر بە وردی باسی قەتڵ وعامی دانیشتووانی شاری مەهاباد و گوندەکانی دەوروبەری کردووەو لە وتارێکدا بۆ رزگار کردنی ئەو گەلە بێدەرەتانە داوای یارمەتی لە هاووڵاتیانی ئەمریکایی کردوە (بڕوانە گۆواری مەهاباد ژمارە ٧١ ساڵی ١٣٨٥ گوزارشتی میسیۆنی کوردستان.ل.و. فاسۆم. وەرگێڕ ئەحمەد قازی لاپەڕە ٥ هەروەها ئیل، ئۆ، فاسۆم دۆستی کوردو نموونەی مرۆڤایەتی نووسینی سەید

عەبدوڵڵا سەمەدی) محەممەد لەلای ئەندامانی ئەم میسیۆنە بەتایبەتی لەلای دوکتور شاڵک و میستر میللێر و میس کوتات خانم فێری زمانی ئینگلیسی بووە.

لەو ساڵانەی سەرەتای سەدەی بیستەم دا کاروباری شار بەدەست میرزا فەتاحی (براچووکەی میرزا قاسمی قازی و مامی قازی عەلی) بەڕێوە دەچوو. میرزا فەتاح یا قازی فەتاح عالمێکی گەورەی ئایینی و لە هەمانکاتیشدا بەڕێوەبەرێکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو. لە بەرانبەر دەستدرێژی عەشیرەتەکانی دەوروبەری مەهابادا راوەستا و ئیزنی پێنەدان بە ئەزمی تاڵان و کوشتار لە شار نیزیک ببنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە رێگەی نەدەدا کاربەدەستانی دەوڵەتی زوڵم لە خەڵکی شار و دەوروبەر بکەن. حاکم و دەسەڵاتدارانی

دەوڵەتی زۆری لێدەترسان و هەموو کات دەگەڵی خەریکی دوژمنایەتی بوون و لەلای پادشا و وەزیر و والییەکانی تاران و تەورێز و ورمێ بۆیان تێدەچاند و پیلانیان بۆ لەناوبردن و دوورخستنەوەی دەگێڕا.

ساڵی ١٩١٤ی زایینی شەڕی یەکەمی عالەمی دەستی پێکردو دەڤەری موکریانو ئازەربایجان و باقی مەلبەندەکانی رۆژئاواوای ئێران بوون بە مەڵبەندی کارەساتی رووس و عوسمانی. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە ئێران بێلایەنی خۆی لەم شەڕەدا راگەیاندبوو. لەم شەڕە گەورەیەدا کوردستان ژێر پێکرا و کارەساتی دڵتەزێن زۆر ناوچەی ئەم وڵاتەی گرتەوە. بێگومان سامناکترین کارەساتی ئەم شەڕە وەبەر دەڤەری موکریان بەتایبەتی مەهاباد و دەوروبەری کەوت.

دوو لەشکری ئیمپەراتۆرییەکانی رووس و عوسمانی وەک دوو شەپۆلی گەورە وێک دەکەوتن و خەڵکی ساویلکە و بێکەسیان دەگەڵ خۆیان دەهاڕێ. لە گەڕیانی ئەو شەڕو پێکدادانەدا گا سپای عوسمانی سەردەکەوت و پاشەکشەی بە سپای رووس دەکرد و جارجاریش بە پێچەوانە رووسەکان سپای عوسمانییان تێکدەشکاند و بەرەو باشوور و رۆژاوا راوەدوویان دەنان. کوردەکان لەبەر دەمارگری ئایینی و پێوەندی مێژوویی زۆربەیان لایەنگری (سپای ئیسلام!) بوون و هاوکاری عوسمانییەکانیان دەکرد و هەر ئەوەش بیانووی دایە دەست رووسەکان کە سووتمان بخاتە شار و شارۆچکە و گوندەکان و بێرەحمانە کوشتاری ئەو خەڵکە بکەن. لە کۆتایی ئەم شەڕەدا عوسمانییەکان بەیەکجاری شکان و لە تەورێز و مەراغە و میاندواو و موکریان دا خۆیان بۆ رانەگیراو بەرەو هەرێمی خۆیان کشانەوە. کاتێک رووسەکان گەیشتنە سەر شاری مەهاباد، میرزا فەتاحی قازی بە مەبەستی ئەوەی ئیمکانی دەربازبون بۆ خەڵک و دانیشتوانی شار بخوڵقێنێ پێشی بە سپای رووس گرت. بەڵام هەر لەم بەرەنگارییەدا شەهید کرا و رووسەکان بەسەر شاردا زاڵ بوون و کوشتارو رەشەکوژی و سووتمان و خاپوور کردنیان دەست پێکرد و بەپێی بەڵگە مێژووییەکان زۆرتر لە دە هەزار کەس لە مەهاباد و ئیندرقاش و قونقەڵا و گوندەکانی تر کوژران و شەق و پەقی شمشیران کران.

پێش ئەوەی سپای رووس بگاتە مەهاباد زۆر ماڵ شاریان بەجێ هێشت و لەوانە مال و منداڵ و کەسوکاری میرزا فەتاحی قازی بە سەرپەرەستیی کوڕە گەورەکەی میرزا فەتاح. عەبدووڵڵا (ثقتالاسلام)و ماڵ و منداڵی قازی عەلی و هێندێک خزم و قەومی دیکە مەهاباد بەرەو گوندی یەکشەوە لە مەڵبەندی بۆکان بەجێ دێڵن. بەنیزیک بوونەوەی سپای رووس لەوێشرا دەچنە سڵەمانکەندی و دیسان دوور دەکەونەوەو روو دە مەڵبەندی هەوشار دەکەن. لە ناوچەی هەوشار لە دوو گوندی "یەرقوڵ"و "پاشبڵاغ" موڵکی ئاغایانی غەفاری

دەگیرسێنەوە و زۆر بە گەرمی پەزیرایی دەکرێن. بنەماڵەی میرزا فەتاح لە مەڵبەندی هەوشار دەچنە "چۆپلی"و لەلایەن سەرداری هەوشارەوە سێ گوندیان دەدەنێ. ماوەی مانەوەی ئەو بنەماڵە لەو هەرێمە سێ ساڵی تێدەچێ. میرزا عەبدوڵلای کوری قازی فەتاح لەو سەفەرەدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێ ئەسپاردەی خاک کراوە.

میرزا عەبدوڵلا (قازی عەسکەر) کە دەگەڵ هەڵاتووەکان بووە، میرزا محەممەد (پێشەوا قازی محەممەد)و میرزا قاسم (سەدری قازی) دەنێرێتە پیروەلی باغی و ئاگاداری لە ملک و ماڵ حاسڵات و کاروباری مەزرایان پێدەسپێرێ. ئەو دوو لاوە کە ئەو کاتە زۆرتر لە پازدە یا شازدە ساڵ تەمەنیان تێنەپەڕیبوو، زۆر ئازایانە کاروباری گوند و مەزرا رادەپەڕێنن و سەرکەوتووانە لەو هەرێمەدا کشت و کاڵ و ئاژەڵداری دەکەن. قازی عەسکەر گەنم و دەغڵ و دانێکی زۆری دەچاڵ و عەمباران دا راگرتبوو کە لەو سەردەمەدا بەهۆی گرانی و قاتی و قڕی زۆر باش بە گران دەفرۆشرا. میرزا محەممەد و میرزا قاسم ئەو گەنم و دەغڵ و دانە دەفرۆشن و دامودەزگایەکی دەسەڵات و ئاغایەتی وەرێ دەخەن. دەپازدە نۆکەری سواری چەکدەڵگر و کارلێهاتوو رادەگرن و بە یارمەتی پووری خۆیان، گەوەرتاج خانم کچی میرزا فەتاحی قازی، خێزانی قازی عەسکەر کە شێرەژنێکی هەڵکەوتەی مەڵبەندی موکریان بوو، کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن.

لە ماوەی چەند ساڵێکدا کە لە گوندی پیروەلی باغی ماونەوە، میرزا محەممەد و میرزا قاسم لەلای چەند نەفەر کاربەدەستی رووسی کە لە میاندواو بوون و هاتووچۆی ئەو مەڵبەندەیان کردووە فێری زمانی رووسی بوون. بەتایبەتی میرزا محەممەد زۆربەی کاتی خۆی بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و رۆژنامە و دەرسی رووسییەوە تێپەڕ کردووە و کاروباری ملکداری و ئاغایەتی بۆ میرزا قاسم بەجێ هێشتووە. ئەم ماوەیە کە چەند ساڵی کێشاوە بۆ ئەم دوو لاوە وەک پلەیەکی گرینگی پێگەیشتن دێتە ئەژمار.

ئەوەمان لەبیر نەچێ کە پاش کۆچی دوایی گەوەرتاج خانم خیزانی قازی عەلی، شەرافەت خانم هاوسەری شێربەگ، قاسم و خەدیجە دەباتە لای خۆی و زۆر بە ئاگادارییەوە پەروەردەیان دەکا. (شەرافەت خانم دایکی گەوەرتاج خانم بوو) و دە گەڕیانی کۆڕەوەکەی ماڵ و منداڵی قازی عەلی دا کە رووبان دە هەوشار کردبوو، قاسم و خەدیجە رەگەڵ خوشک و براکانی دیکە دەکەونەوە، پاش رۆیشتنی سپای رووس و ئارام بوونەوەی وەڵات میرزا قاسم بۆ ماوەیەک لە مەهاباد لە لای مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی درێژە بە خوێندن دەدا.

لەو چەند ساڵانەدا کە کوڕەکانی قازی عەلی لە پیروەلی باغی بوون. جەماوەری خەڵکی ئەم مەڵبەندە (چۆمی مەجیدخان) بە وردەمالیک و ئاغاوەت و رەعیەتەوە بە رێز و حورمەتێکی زۆرەوە بۆ راپەراندنی هەموو ئەرک و چالاکییەک کە لە لایەن ئەم دوو لاوە پێشکەوتووە دڵسۆزانە پێیان ئەسپێردراوە ئامادە بوون و بەمجۆرە کاروباری ناوچە و پاراستنی هیمنایەتی ئەو مەحاڵە دەکەوێتە دەست بنەماڵەی قازی بەتایبەتی میرزا محەممەد و میرزا قاسم و محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی. پێویستە بزانین کە بێجگە لە بنەماڵەی قازی عەلی، کوڕەکانی میرزا فەتاحی قازی یانی عەبدورەحمانی جەوانمەردی قازی (سالار موکری)، قازی محەممەدی حاجیاوا و کوڕانی سیقەت و میرزا مەحموود (مەنسوور) و حەسەناغای سریلاوا و چەندین خانەوادە و ئاغاوەتی تایفەی ئەمیری و بابامیری و ئاغایانی

بادام و ئەمیرابات کە بەرەبابێکی دیکەی تایفەی قازی بوون لەو مەڵبەندەدا نیشتەجێ بوون و دە هەموو بەربەرەکانی و دژایەتی و ئاڵۆزییەکدا پشتیوانی میرزا محەممەد و میرزا قاسم بوون و پشتی یەکتریان بەرنەداوە.

میرزا قاسم پاش ساڵی شکاک (١٩٢٤ - ١٩٢٠) دەگەڵ کچی خاڵی خۆی شاسوڵتان خانمی ناهید کچی مستەفا بەگی سڵەمانکەندی کە لەقەبی سالاری هەبووە زەماوەند دەکا. هەر لەو ساڵەدا قازی عەسکەر و قازی عەلی و سەیفولقوزات جوێ دەبنەوە و هەرکەو ماڵی خۆی دەکا. سەیفولقوزات گوێگجەلی (گوندێک لەسەر جەخەتوو) وەبەر دەکەوێ و قازی عەسکەر پیروەلی باغی وەبەردەکەوێ و قازی عەلیش لە قارنجە و ئاغڵیان بەشی خۆی هەڵدەگرێ.

میرزا قاسم لێرە بەدواوە ماڵی خۆی دەباتە قارنجە و میرزا محەممەد کە هێشتا ژنی نەهێناوە دەگەڕێتەوە شاری مەهاباد. بەمجۆرە بەرپرسی هەڵسووڕاندنی کاروباری مڵک و ماڵ و ئاغایەتی لە مەڵبەندی چۆمی مەجیدخان دەکەوێتە سەر شانی میرزا قاسم (سەدری قازی). میرزا محەممەد (قازی محەممەد) کە گەڕاوەتەوە مەهاباد وەخت و مەجالێکی زۆر پەیدا دەکا بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسووڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. وردە وردە لە کۆڕ و کۆمەڵانی ناو شار و دەوروبەردا وەک هەڵسووڕاوێکی لێهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەناسرێ و چالاکانی سیاسی کوردستان لە ئێران و عێراق و تورکیا پێوەندی پێوە دەگرن. میرزا محەممەد دەپێشدا قەرار دادەنێ کە کچێکی بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی بەناوی مەرزیە خانم بخوازێ، بەڵام ئەو مەرجە دادەنێ کە پێش خوازبێنی کردن کچەکەی چاو پێ بکەوێ. باوکی کچ گەنجاڵی بەگی قاتانقوڕ لەم پێشنیارە تووڕە دەبێو دەڵێ: مەگەر من پەز دەفرۆشم کە کڕیار بێ و بزانێ پەزەکە کزە یا قەڵەو! بەمجۆرە ئەم وەسڵەتە سەرناگرێ و پاشان قازی دەگەڵ مینا خانمی کاکاغازادە زەماوەند دەکا.

ئەوەی کە میرزا محەممەد لەو سەروبەندەدا ویستوویەتی پێش ژنخوازی شەریک و هاودەمی ژیانی خۆی بناسێ پێمان دەڵێ کە قازی محەممەد مرۆڤێکی رووناکبیر بووە و زۆر لە داب و نەرریتی کۆن و قورس و گرانی زەمانی خۆی پێشکەوتووتر بووە و ملی بۆ ئەم نەریتە داسەپاوە نالەبارانە دانەنواندووە". (٢)

"ئاکامی پێک گەیشتنی پێشەواو مینا خانم، ٧ کچ و کوڕێکی لێدەکەوێتەوە. کاتێ پێشەوا لە سێدارە درا، مینا خانم ٢٩ ساڵی تەمەن دەبێ و ئەرکی پێگەیاندنی یەک کوڕ و حەوت کچی دەکەوێتە ئەستۆ. لەو کاتەدا گەورەترین منداڵی پێشەوا ١٤ ساڵە و چکۆڵەترین منداڵیشی ٥ مانگانە دەبێ."(٣)

"قازی محەممەد لە پاش وەفاتی باوکی جێی گرتەوە و بوو بە قازی موکریان و لەو مەقامەش دا زیاتر خزمەتی خەڵکی کرد و لە هانای هەژاران و لێقەوماوان هات. ئەوەندە بە دەرد و مەرگی خەڵکەوە بوو ئەوەندە بێرِیا خزمەتی کۆمەڵی دەکرد کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ بەگیان و دڵ خۆشیان دەویست". (٤)

'ئەو زانستی ئایینی و فەلسەفەی کۆن و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی هەر لە مەڵبەندی مەهاباد و لە خزمەت مامۆستا زاناکانی ئەم مەڵبەندە خوێند. هێشتا مێرمنداڵ بوو کە لە زانستی زەمانی خۆی دا بە مامۆستا دەناسرا. پاش ئیجازە وەرگرتن، چالاکانە خەریکی کاری

کۆمەڵایەتی بوو بێ ئەوەی مەعاش وەربگرێ نوێنەری فەرهەنگی مەهابادی وەئەستۆ گرت. یەکەمین قوتابخانەی نوێ ئەم شارە لە سایەی هەڵسووڕان و تێکۆشانی ئەو دروست کرا کە خۆی بە سەری رادەگەیشت و دەرسیشی دەگوتەوە. بناغەی هەوەڵین نەخۆشخانەی مەهابادیش بەدەستی ئەو دارێژراو لە ژێر چاوەدێریی ئەو دا کەوتە کار."(٥)

"بە پێچەوانەی زۆربەی خوێندەوارە ئایینییەکان لە پاش تەواو کردنی خوێندن و تێپەڕاندنی دەوری فەقێیەتی سووچی مزگەوتێک دەگرن و باقی رۆژانی تەمەنیان بە پێشنوێژی یان دەرس گوتنەوە بە چەند فەقێیەک تێدەپەڕێنن، قازی هەموو کات و دەرفەتەکانی خۆی بە هەڵسووڕاندنی کاروباری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی تێپەڕ دەکا و هەموو کات خەریکی نوێ کردنەوەی خوێەتی و دەیەوێ ئاڵوگۆڕێکی گەورەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە دەڤەری کوردستان پێک بێنێ". (٦)

تینوویەتیی پێشەوا بۆ فێربوون و خۆپێگەیاندن دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ماوەیەکی کەم دا "فێری زمانی ئینگلیسی، رووسی و فەرانسەیی بێ و بێجگە لەو سێ زمانە، زۆر باش لە زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی شارەزایی پێدا بکات".(٧)

"لە درێژەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە و لەسایەی فێربووونی چەند زمان هەلی خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤار و شوێنەواری بەنرخ و بەرزی فیلەسوف و نووسەرە گەورەکانی دنیا بۆ رەخساو زانیاری و ئاگاداری تەواوی پێدا کرد. ئەو زانایی و ئاگاداریە لە دواییداو لە شانی سیاسی ئەودا بەجوانی دەرکەوت". (٨)

شارەزایی بەسەر چەند زمانی بێگانەدا، دەرگایەکی گەورەی زانست و فێربوونی بەرووی پێشەوادا دەکاتەوە و هەر بۆیە "لە کتێبخانەکەی دا کۆنترین وتار و تازەترین کتێب بە زمانەکانی جۆربەجۆر وەگیر دەکەوت و لە تەواوی ژیانی خۆی جگە لە کتێب هیچ دیاریەکی لەکەس نەگێڕاوەتەوە".(٩)

بەرێز جەلال مەلەکشا(شاعێر و نووسەری ناسراوی گەلەکەمان) کە لەم ساڵانەی دوایی دا هەلی زیارەتی کتێبخانەی پێشەوای بۆ دەلوێ دەنووسێ:

"سەرئەنجام دەرکەی کتێبخانەکەیان بە روومادا کردەوە. هەنیسک بەربینگی لێ گرتبووم، فرمێسک لە ناو گلێنەی چاومدا قەتیس مابوو... کتێبەکان پەخش و پەرا، لەسەر یەک کەوتبوون، بێ ژمارە و بێ تەبەقەبەندی... هەر کتێبێک هەزار هاواری لە جەور و بێداد و ستەم لە دڵدا بوو... کتێبەکان کەڵەکە کرابوون... سەدان کتێبی پڕ بایەخی دەست نووس بەسەر یەکدا کەوتبوون و هێندێکیان شیرازە و پەڕاوێزیان لێک پچڕابو... ئیتر نەمتوانی خۆم بگرم و فرمێسک بە چاومدا هات... هەر یەکە لەم کتێبانە ئاشنای دەستە تامەزرۆیەکانی پێشەوا بوون و هەر یەکە لەم کتێبانە لەژێر تیشکی نیگای پێشەوادا رووناکیان دیوە... جۆرەها جۆر عینوان کتێب لەم کتێبخانە دابوون و ئەوەی دەگەیاند کە پێشەوا قازی محەممەد لە باری ئەندیشە و فیکرەوە چەند کراوە بووە... لە گۆشەیەک دا، هەر چوار ئینجیلی پیرۆز (عەقیق، لۆقا، جەدید، ومەتی) دەبینران و زۆر رۆمان و کتێبی شیعر و فەلسەفە و... کتێبی مێژوویی و زانستی..." (١٠)

لە درێژەی ئەو باسە دا میرزا مەنافی کەریمیش لە بیرەوەرییەکانی دا دەگێڕێتەوە:

"لە بیرمە کە لەو سەردەمەی دا کە قازی ئەندامی ژی - کاف نەبوو، ئێمە پێویستیمان بە کتێبی کوردی بوو. داوامان لە قازی کرد، ئەویش سەرەڕای ئەوەیکە ئەندامی ژێ-کاف نەبوو، کتێبەکەی ئەمین زەکی بەگی بە نهێنی داینێ و لە پاشانیش دامانەوە". (١١)

جیهانی کتێب و بیر و زانست و خوێندنەوە، بۆ پێشەوا بوون بە ژێرخانێکی گەورەی فیکری. هەر راست بە کەڵک وەرگرتن لەو ژێرخانە فیکرییە دەوڵەمەندە بوو کاتێک پێشەوا بە سەرۆک کۆماری کوردستان هەلبژێردرا، بە بێ نێوەبڕ لە پەیام و سوخەنرانییەکانی و لە گشت کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی جەماوەری دا ئەندامانی نەتەوەکەی بۆ فێر بوون و زانست بانگهێشتن دەکرد.

٦٠ ساڵ لەمەوبەر و لە وڵاتێکی کە بەدایم پێخوستی داگیرکەر بووە، داگیرکەرانیش بەدایم هەوڵیان داوە خەڵکی ئەو وڵاتە لە پێوانی کاروانی شارستانییەت و پێشکەوتن بێلنەوە، پێشەوا روو لە نەتەوەکەی دەکاو دەڵێ:

"برایانی خۆشەویست: ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە تەنیا شەرکەر نەبن بەشکو چەکێکی وا هەڵبگرن کە بتوانن بەرامبەری دەگەڵ لەشکری میللەتانی تر بکەن، ئەو چەکەش (عیلم و زانستە) مەرحەلەی شەڕ تەواو بووە نۆبەی هونەرە... ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە بە زانست بەربەرەکانی دوژمنان بکەن. چەک بێ عەقڵ دوژمنان نابڕێ. بەڵام داخەکەم ئاغاکان ئامادە نین کە لە میوەی خوێندن بەهرەوەر ببن. ئەگەر بڵێم کورەکانتان، برایەکانتان بهێنن بیانئێرم بۆ جەبهە باکیان نییە، بەڵام ئەگەر بڵێم بۆ خوێندنیان دەنێرم رووی خۆیان گرژ دەکەن و عوزری ناموجە دێننەوە، ئەگەر پێیان بڵێم مەدرەسەیەک لە دێیەکانتان بکەنەوە مات دەبن...". (١٢)

لە رێگای خوێندنەوەی ئەو دێڕانەی پێشەواوە یەکەم شتێ کە بۆ مرۆڤ دەردەکەوێ ئەوەیە بڵێین: پێشەوا بە مانای راستەقینەی وشە رێبەر و سەرکردەیەکی نوێخواز بووە و ریفورم و گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵی کوردەواری، بەشێکی هەرە گرینگی لە هزر و فیکری پێکهێنابوو. کاتێ لە لاپەڕەکانی رۆژنامەی کوردستانی ئەو سەردەمە رادەمێنی و لە وتارەکانی پێشەوا دەڕوانی، کەمتر سوخەنرانییەکی پێشەوا دەبینی کە بێ نێوەبڕ وشەگەلی: تەرەقی، پێشڕەفت و فێربوونی زانست و گەشە و بەرەوپێش چوون لە میانەی وتەکانی دا بەدی نەکرێ. بەڵام چەمکی نوێخوازی و پێشکەوتن و بەرەو پێش چوون لە بیری پێشەوادا تەنیا بە مانای کەڵک وەرگرتن لە ئامراز و کەرەسەو تەکنیکی نوێ نەبوو، بەپێچەوانە پێشەوا لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی دا لەگەڵ ئەوەی هەوڵی دەدا لە کەرەسە و ئامرازی نوێ بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵی کوردەواری کەڵک وەرگرێ، هەر لەو کاتەدا بە هەموو توانایەوە تێدەکۆشا بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەرجەم دەروازەکانی پیوەندیدار بە رەوتی گەشە و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵی کوردەواری، بۆ مرۆڤی کورد بەڕوودا بکاتەوە. پێگەیاندنی ئینسانی پسپۆر لە کۆمەڵی کوردەواری بۆ خەملین و گەشەی عەقڵی ئازاد و نوێخواز لە کۆمەڵی کوردەواری، یەکێک لەو بوارانە بوو. لەو نێوەدا رەوانە کردنی پۆلێک لە گەنج و لاوی کورد بەمەبەستی خویندن لە یەکێتیی سۆڤیەت راست هەر بەو مەبەستە بوو.

بۆ پێشەوا پێگەیاندن و لەدایکبوونی توێژێکی وا لە کۆمەڵی کوردەواری خەونێکی هەرە گەورە بوو. پێشەوا زۆر لەوە بە پەلە بوو ئەم توێژە لەدایک ببێ، گەشە بکا و بەخۆدابێ و بەهۆی داهێنانی فیکری و زانستییەوە تەم و مژی دواکەوتویی و نەخوێندەواری لە وڵاتەکەی بڕەوێتەوە. ئەم گرینگی دانە تەنانەت تا ئەو رادەیە بوو کاتێ دەبیستێتەوە سێ کەس لە خوێندکارانی کورد لە باکۆ را گەڕاونەتەوە، سەفەری خۆی بەنیوەچڵی پەک دەخا و بۆ چاو پێکەوتنیان دەگەڕێتەوە پایتەختی کۆمار و دەفەرموێ:

"ئەمن لەم سەفەرەدا (مەبەستی پێشەوا لێرەدا سەفەر بۆ شارەکانی ورمێ، سەڵماس، خۆی و ماکۆیە) هێندێ کارم مابو کە جێبەجێیان بکەم بەڵام چونکوو بیستم کە سێ ئەفەر لە موحەسیلینی ئێمە کە لە باکۆ دەخوێنن بۆ سەردانی وڵات هاتوونەوە تاڵووکەم کرد کە چاوم پێیان بکەوێت و ئیتیزاریم هەبوو کە لە وەختی هاتنەوەی ئەوان پێشوازێکی زۆر چاکیان لێبکرێ. چونکوو ئەوانە هەووڵ موحەسیلینێکن کە لە کوردان چوون بۆ خاریجە. میللەت دەبێ زۆریان قەدردانی لێ بکا، بەڵام داخم لەم خسوسەوە وەک پێویستە تەوەجوهی لازم و پێشوازی شایانیان لێ نەکراوە. ئومێدەوارم کە هەموو سائێک مووفەق بین ژمارەیەکی زۆر لە موحەسلین بنێرین بۆ خاریجە کە بە حەول و قووەتی خودا مووەفەق بین بەهۆی عیلم و زانست کشتی کوردستانی بگەیەنینە ساحیل و خواهیش لەو دانیشجوو خۆشەویستانەی خۆمان دەکەین کە لە ماوەی ئیقامەتی خۆیان لە مهاباد موشاهەداتی خۆیان لەوێ بە نووسین و بە گوتن بۆ خەڵکی بڵین و بنووسن کە میللەت ئاشنا بێت کە میللەتانی دیکە چلۆن بە قووەتی عیلم و زانست ئەرز و ئاسمان، سەر دەریا و ژێردەریایان موسەخەر کردووە".(١٣)

گرینگی دانی پێشەوا بە توێژی ساوای تازە لەدایک بووی خوێندکاری کورد، هەر بە تەنیا بەمانای رێزدانان و بەهێند گرتنی کەسایەتییەکان نەبوو، بەڵکوو رێزدانان بوو لە بیر و زانست و رۆشنبیری. لە پشتی هەموو ئەو هەوڵانەی پێشەوا ژێرخانێکی دەوڵەمەندی فیکری نوستبوو. کۆمەڵی کوردەواری بۆ ئەوەی بەرەو گەشە و پێشکەوتن هەنگاو بنێ، پێویستیی بە لەدایکبوونی توێژێکی وا هەبوو. پێشەواش بەم هەنگاوانەی هەموو هێز و توانای خۆی دەخاتە گەڕ، بۆ ئەوەی لە پرۆسەیەکی بەردەوامی کارو تێکۆشان دا، رچە بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتن لە سیمای کولتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵی کوردەواری خۆش بکرێ.

ئەندامەتی لە ژێکاف

دیوێکی دیکەی ژیانی پێشەوا ئەندامەتی لە ژێکافە. بە هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ئێران و لەرزۆک بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە تاران و وەگەڕ کەوتنی جووڵەی سیاسی لە کوردستان، قۆناغێکی تری ژیانی پێشەوا دەست پیدەکا.

"پێشەوا لە مالی ئەحمەدی ئیلاهی بەردەسمی بوو بە ئەندام و نێوی نهێنی "بینایی"یان بۆ دانا و هەروەک لە دەرەوە رێبەری خەڵک بوو، لە ناو کۆمەڵەش دا بوو بە سەرۆک".(١۴)

ئەوە راستە پێشەوا تا درەنگانێک ئەندامی ژێکاف نەبوو، بەڵام بە کردەوە لە هەموو ئەو ماوەیەدا لەسەر رەوتی رووداوەکان بە مانای راستەقینەی وشە رێبەر بوو. گەلێک جار رێبەر بوون تەنیا گەیشتنی کەسێک بە هەرەمی بەرزی دەسەڵات بە شێوەیەکی رەسمی نییە. جۆری پلە و مەقامێکی رواڵەتی بەتەنیایی بەس نین بۆ ئەوەی کەسێک لەنێو نەتەوەکەیدا بە پلەی رێبەر بوون بگەیەنێ. رێبەر بوون کۆمەڵێک تایبەتمەندی و لێوەشاوەییە. بەر لەهەر تشت ئەو رۆلەیە کە لە ژیانی نەتەوەکەی دا دەیگێڕێ. رووبەر و پانتایی و سنوورەکانی ئەو رۆلەش گەلێک تانووپۆی لێدەبێتەوە. هەر لە خوێندنەوەی راست و دروستی رەوتی کێشە سیاسییەکانەوە بگرە تا هەوڵ دان بۆ کارتێکەری لەسەر رەوتی رووداوەکان و دانی بڕیاری پێویست و شیاو لە رۆژو کات و دەمی خۆی دا. ئەگەر لێرەدا بۆ دەمی دەسپێکی رۆلی رێبەریی پێشەوا بگەڕێینەوە، ئەم رۆلە لەگەڵ نزیک بوونەوەی هێزی هاوپەیمانان بۆ ئێران و کوردستان دێتە

نواندن. لە کاتێکدا هێزەکانی رووس لە مەهاباد نزیک دەبنەوە:

"بۆ بەرگری لە تاڵان و بردوی خەڵکی مەهاباد و دەوانەوەی ترس و خۆف و گەڕاندنەوەی ژیانی ئاسایی، پێشەوا بریاری مانەوە لە شار دەدا و دەستەیەکی لەخۆ کۆ کردەوە و کێشکی دەکێشا. تەنانەت بۆخۆی چەند جار بەشەو لەلای گومبەزان بە تەنیایی کێشکی داوە. ئەو جار تفەنگی بە خەڵکی پەیدا کرد و کێشکی گەڕەکەکانی شاریشی دامەزراند و هەر گەڕەکەی بەرپرسێکی بۆ دیاری کرد". (١٥)

لەو ماوەیەدا بەرپرسانی رووس دەچنە لای پێشەوا و داوای لێدەکەن کە داوا لە خەڵکی بکا کە بگەڕێنەوە سەرجێ و رێی خۆیان و گوتیان:

"ئێمە بۆ ئاسایشی خەڵک هاتووین و کارێکمان بە ئێوە نییەو بۆخۆتان شاری بەڕێوەبەرن ئێمە دەچین دەپادگانێوە". (١٦)
" پێش راگەیاندنی کۆماری کوردستان و دوای رووخانی حکومەتی رەزاشای پەهلەوی، بە هاتنی سوپای سووری سۆڤیەت، سەربازەکانی سەربازخانەی مەهاباد بڵاو بونەوە و هەر کەس رۆیشتەوە ماڵی خۆی. ئیدارەکانی مەهاباد لەق و لۆق بوون. مەئموورەکانی لاوەکی کە لە مەهاباد خزمەتیان دەکرد پەنایان هێنا بۆ ماڵی قازی محەممەد. لە دوای چەند رۆژ مانەوە بە دەستووری قازی و لە ژێر چاوەدێریی پێاوەکانی قازی محەممەد دا بە سڵامەت بەرەو میاندواو و تەورێز رەوانە کران. شاری مەهاباد و خەڵکی شار کەوتنە ژێر سەرپەرەستیی قازی موحەممەد، چونکە جگە لە قازی کەسێکی دیکە ئەو پایە و مایەی نەبوو، لە زەمانی پاشایەتیشدا هەرکەس گرفتاری و نارەحەتی بۆ پێش بهاتایە هەر مالی قازی عەلی و دوای ئەویش قازی موحەممەد و سەدری قازی بوون کە بە هاناو هاواری خەڵکەوە دەهاتن.

بوونی (کۆمەڵەی ژ.ک)و ئەندامەتی زۆربەی خەڵک لەو کۆمەڵەیەدا و سەرپەرەستی و رێبەریی قازی مەحەممەد بووە هۆی یەکگرتنی خەڵکی شاری مەهاباد. لەو ماوەیەدا بە ئەمری قازی مەحەمد بۆ پارێزگاری لە شاری مەهاباد ژمارەیەک چەکداری مەهابادی بەنێوی (قۆڵ سپی) ئەرکی خزمەت بە شاریان بەعۆدە گرت. قازی موحەممەد کە هێشتا لەقەبی پێشەوای لەلایەن میللەتەوە پێندرابوو، بۆخۆی لەگەڵ چەند نەفەر لەو قۆڵ سپیانە و خەڵکی شار تفەنگی هەڵدەگرت و تا گومبەزی بوداق سوڵتان کە ئەو وەختە لەشار دوور بوو دەچوو و تا نیزیک رۆژبوونەوە لە دەوری شار دەماوە. ئیدارەکانی دەوڵەتیش لە ژێر ئەمر و چاوەدێریی ئەودا بە کاری خۆیان درێژە دەدا. مەدرەسەکان کە بۆ ماوەیەک داخرابوون کرانەوە، هێمنی و ئەمنییەتێکی کە لە ژێر سایە و رێبەریی قازی مەحەمەد و تەشکیلاتی نهێنی (کۆمەڵەی ژ.ک)دا پێکهاتبوو، کەم وێنە بوو... بەبێ وجودی دەوڵەت نەزم و قانوون لە شاری مەهابد بەرقەرار بوو". (١٧)

گرفتی هەرە گەورەی ژێکاف لەو قۆناغەدا (تا پێش چوونی پێشەوا بۆ ریزی ژێکاف) نەبوونی رێبەرێکی ئەوتۆ بوو کە بتوانێ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری کە نوقمی لێک دابڕان و دووبەرەکی بوو، لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە. دیارە ئەوە هەر بە تەنیا گرفتی ژێکاف نەبوو، بەڵکوو حیزبی هیوا (کە دەستە خوشکی هەرە نزیکی ژێکاف بوو) ئەویشی دەگرتەوە. واتە نەبوونی کەسایەتێکی سەرکردە و رێبەر لە ناو ریزەکانی دا.

"هەر لەبەر ئەوەش بوو کە "کۆمەڵەی هیوا" لە ساڵی ١٩٣٩ دا لەلایەن قوتابیانی کوردەوە دروستبوو و ساڵێکی ڕەبەق بێ سەرکردە مایەوە، چونکە دامەزرێنەرەکانی هیچیان لە خۆیان ڕانەدەدی ببنە سەرکردەی. مامۆستا ڕەفیق حیلمی کە یەکێک بوو لە پێڕەوانی سەرکردە کلاسیکییەکانی کورد و کۆنە یارمەتیدەری شێخ مەحموود بوو، ... ڕازی بوو ببێتە سەرکردەی "کۆمەڵەی هیوا"". (١٨)

"نووری شاویس (١٩٢٢ - ١٠ / ١١ / ١٩٨٣) کە یەکێک بوو لە گەنجە ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکانی ئەو دەمەو تا کۆچی دوایی لە گەلێک کۆمەلە و حیزبی سیاسی کوردی وەک "کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان"و "کۆمەڵەی دارکەر"و "کۆمەڵەی هیوا"و "پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق" و "پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان" دا ئەندام بوو. لە هیندێکیشیان دەوری سەرکردایەتیی هەبوو، لە بیرەوەری‌نامەیەکدا ... وەک یەکێک لە دامەزرێنەانی کۆمەڵەی هیوا دەبێژێ:

"دەستەیەکی نێوەندیمان بۆ کۆمەڵە دروست کرد، بێ ئەوەی هیچ سەرۆکێک دابنێین بۆخۆمان، چونکە هیچ کامێکمان ئەو دەسەڵات و لێوەشاوەییە لە خۆیدا نەدەدی کە ببێتە سەرکردەی کۆمەڵە، لەبەر ئەوە لێژنەیەکی سەرکردەیەتیمان دانا". هەر لەویدا شاوێس باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە ساڵی ١٩٤٠دا مامۆستا ڕەفیق حیلمی‌یان دۆزیەوتەوە بۆ سەرۆکایەتیی هیوا، لە کاتێکدا کە مامۆستای بەهەشتی خۆی دامەزرێنەر و ئەندامی "هیوا" نەبووە، بەڵام لەبەر قورسایی کەسایەتییەکەی کە کەسایەتییەکی کلاسیکانە بوو، کردوویانە بە سەرۆک...". (١٩)

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پێکهاتەی عەشیرەیی کۆمەڵی کوردەواری لەو ساڵانە گەورەترین گرفتی پێوانی سەرکەوتووانەی ئەو ڕێگایە بوو. ئەو پێکهاتە عەشیرەییە نە لەلایەک دەکرا بە هۆی هێز و توانا کۆمەڵایەتییەکەی بخرێتە پەڕاوێزەوە و نە ئەو لێهاتوویییەشی هەبوو ڕکێفی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بگرێتە ئەستۆ و نوێنەرایەتیی دۆزی کورد بکا. ژێکاف وەک ڕێکخراوێکی سیاسی کە بە هۆی توێژی مامناوەندیی کۆمەڵی کوردەوارییەوە بونیات نرابوو، لەگەڵ هەموو گرینگیی پەیام و ڕێبازە نەتەوەییەکەی، نەیدەتوانی بەتەنیایی ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێ و هیچکام لە دامەزرێنەرانی ژێکاف نەیاندەتوانی ئەم بەرپرسایەتییە بە ئەستۆ بگرن.

مامۆستا هەژاری موکریانی لە پێوەندی دەگەڵ گرینگیی ڕۆل و کەسایەتیی پێشەوا، دەنووسێ:

"دەگەڵ تێکچوونی دەسەڵاتی دەوڵەت لە موکریان، قازی بۆ پاراستنی شار لە تاڵان و بڕۆی عەشایری دەوروبەر، خەڵکی سابلاخی ساز دا بوو کە تفەنگ بکڕن و شەوانە کێشکی شار بگرن. زۆر جاریش ڕۆژانە کۆی دەکردنەوە و ئامۆژگاریی دەکردن. دەسەڵاتی سابلاخی تەواو لە دەستا بوو. پێمان خۆش بوو قازی ببێتە هاوکارمان، بەڵام ئەو ئێمەی بە هیچ نەدەزانی و بە لایەوە کەمایەسی بوو دەگەڵ چەند ڕەش و ڕووتێکی بێ ناوو نیشان زرمە زلیتانی بکا. ئێمەش هەستمان دەکرد کە عەشایر و خەڵکی دیکەی سەرناس چەتوونە هەتا نەزانن سەرۆکمان پیاوێکی زل و شیاوی حورمەت گرتنە بێنە گەڵمان و هیچ کەسی پایەبەرز بە حوسێن ڕازی نەدەبوو. بەڵام قازی چۆن چار بکەین؟ ڕامان دەسپارد ئەندامان و لاگرانمان کە لە کۆبوونەوە بۆ وتاری قازی بتەکنەوە. تا وای لێهات قازی خۆی هەستی بەوە

کردبوو حیزب بە هێزە و گاڵتەی پێ ناکرێ. ئەوسا داوامان لێکرد کە بێتە حیزبەوە. قبووڵی کرد و زۆر زوو بریار درا قازی سەرۆکی کۆمەڵە بێ". (٢٠)

لەو ساتەوەختە ئاستەم و چارەنووسسازەدا کۆمەڵگای کوردەواری نەتەنیا پێویستی بە کەسایەتێکی وا بوو کۆتایی بە لێکدابڕان و دوژمنایەتیی نێو خێڵ و عەشیرەتەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێنێ، بەڵکوو پێویستی بە ڕێبەرێکی نەتەوەیی ئەوتۆش هەبوو کە یەکیەتییەکی ڕۆحی و فیکری لەنێو ئەندامانی نەتەوەکەی دا بەهێز بکاو خۆناسین و هوشیاریی نەتەوەیی مرۆڤی کورد بۆ بەدەستەوە گرتنی چەرخی چارەنووسی بە پلەو ئاستی پێویست بگەیەنێ.

"قازی قسەکەرێکی زۆر باش بوو، عادەتی وابوو کە رستەی کورت کورتی دەکوت، لە حاڵێکدا هێزێکی سەیر لەو رستانەدا هەبوو، وە هەر لە بەینی سێ یان چوار وشەدا کەمێک رادەوەستا". (٢١) پێشەوا لە یەکێک لە قسە و باسەکانی دا لە چەند دێڕێکی کورت بەڵام پڕ مانا و بەنێوەڕۆک کەش و هەوای ئەو کاتە بەو شێوەیەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

"ڕۆژێک پێم کوتن کە کیشەی ئەنگۆ لەسەر ئیستیکانە چایەکە کە لە پێشدا بو کامتانی دانێن و یادئاوریم کردن کە ئەو ڕۆ بۆ ئێمە یەکەتی پێویستە، جا دوای ئەوە دێین بە وردە حیسابی خۆمان رادەگەین". (٢٢)

مامۆستا هەژاریش لە بیرەوەرییەکانی دا دیمەنێکی بچووکمان لەو ڕۆژگارە ئەنگوستەچاوە، دێنێتە بەرچاو و دەنووسی:

"جارێک ڕووسان زۆرپیاوماقوڵی وەڵاتیان بۆ باکۆیە بانگ کرد کە عەلیائاغا و قەرەنیاغا و حاجی بابەشێخ و زۆر ئاغای تریش لەو بانگ کراوانە بوون کە هاتنەوە بیستمان باقرۆفی سەرۆکی وەزیری ئازەربایجانی روسیا گوتبووی چتان دەوێ بۆتان پێک بێنین، یەک دەڵێ شەکر، یەک دەڵێ زینی عوروسی، دەمانچە... من دەمەتەقەیەکم لەسەر نووسین و لە نیشتمان دا چاپ کرا، تێرم گاڵتە بە عەقلیان کردبوو. عەلیاغای هەڕەشەی کردبوو کە ئەو شاعیرە هەر دەکوژم. ماوەیەکی زۆر نەمدەوێرا بە گوندی ئەودا بڕۆم و ڕێگەم بۆ شاری سابڵاغ گۆڕیبوو." (٢٣)

هەڵسوکەوت کردن لەتەک عەقڵییەتی وا کە هەموو تامەزرۆیی و خەون و فانتازیای هێنانی دیاریی زینی ئەسپی عروسانە، لە جێگای دەسکەوتی سیاسی بۆ خەڵکی وڵاتەکەی، تا رادەیەک گرفتەکانی نێوخۆیی کۆمەڵی کوردەواری و ئاستەم بوونی کارەکەی پێشەوا لەو سەردەمەدا نیشان دەدا.

ئەگەر لە دیدار لەگەڵ "باقرۆف" لە باکۆ هەموو غەم و سەرقاڵیی پێشەوا ئەوە بوو دۆزی کورد نەکرێتە پاشکۆی ئازەربایجان و پشتیوانیی سیاسیی ئەوان بۆ چێ کردنی قەوارەیەکی سەربەخۆی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کورد دەستەبەر بکا، کەچی فانتازیا و ئاسۆی بیری ژمارەیەکی تر لە هێنانی "زینی ئەسپی عروسان" بستێکی تر واوە ناترازێ. یەک لە بیری ئەوە دایە نەتەوەیەک رزگار بکا و نیشتمانێک بەرەو ئاوەدانی بەرێ، بەڵام فانتازیای هێندێکیتر لە هێنانەوەی زینی ئەسپی عروسان واوەتر ناچێ.

قسەکردن و راوەستان لەسەر ئەو جۆرە فاکتانە، قسە کردنە لەسەر دوو جۆر کەسایەتی و دوو جۆر ئاسۆی بیر و دوو جۆر خەون و فانتازیای دژبەیەک. خەون و فانتازیایەکیان تا دڵ دەخوازێ بچووک و گچکە و داخراو بوو. هەر بەو پێیە کەسایەتی‌شیان کەسایەتیی خەڵکانێکی ئاسایی بوو. بەڵام جۆری کەسایەتی ئەویتریان، کەسایەتێکی رێبەرە. لە بیری کەسایەتیی رێبەردا دەسکەوتی سیاسی، گەورەترین دیاری بوو بۆ خەڵکی وڵاتەکەی. پانتایی و ئاسۆی بیری کەسایەتیی رێبەر، بەتەواوی جیهانێکیتر بوو. خوڵقاندنی دۆخێکی نوێ بۆ نەتەوە، وێنەیەکی بچوکە لەو جیهانە. کەسایەتیی رێبەر کەسایەتییەکی دۆخ خوڵقێنەو لە هەوڵی ئەوە دایە دەردەتان و بوارێکی روون بۆ کۆی خەڵکی وڵاتەکەی دەستەبەر بکا. لە بیری کەسایەتیی رێبەردا لە هەر دیدار و سەردانێک مەبەستێکی دیاری کراوی سیاسی نوستووە. نزیک بوونەوە لە ئامانج و ستراتیژیی بزوتنەوەکەی مەبەستی کەسایەتیی رێبەرە لەو دیدار و سەردانانە.

پێشەوا لە یەکێک لە سوخەنرانییەکانی لەم بارەیەوە ئاماژە دەکا و دەڵێ:

"مەعلووم تەسدیقی دەفەرموون کە دەگەڵ ئەو هەموو ئیختیلاف و دووبەرکییە کە دەنێو کوردان دا هەبوو کە ئێوان ناخۆشی وای لێ

هات بوو تەئسیری دە خانەوادانیش کردبوو، ئێوانی برایانیش تێک چووبوو حەتتا باب و کوڕیش پێکەوە یەک نەبوون پیشرقتی کار و دانانی تەشکیلات چەند موشکیل بو، دەڵی چونکو لە مەردان کار عاسییە نابن و مێر بەسەر هەر جۆرە چەوت و چەڵەمەیەک دا فایق دەبێ بەهۆی رەنج و زەحمەت و هەوڵ دانی چەند کەسی ساحیب ئیمان و راست تەشکیلاتیش ساز کراو نەزم و تەرتیبیش دەنێو مەملەکەت دا بەرقەرار کراو دە مودەتێکی کەم دا ئیختیلافات و ناتەبابییش دوایی پێدرا". (۲۴)

کۆ کردنەوەی هەموو ئەو بەرژەوەندییە جیاوازانە لە دەوری یەکتر بۆ هێنانە دیی ئامانجێکی هاوبەش کارێکی هێندە ئاسان نەبوو. کەسایەتییەکی بەهێزی جەماوەری و زانایی و دووربینییەکی تایبەتی گەرەک بوو. ژێکاف و کورد پێویستی بە رێبەرێکی نەتەوەیی وا بوو کە وێڕای ئانالیزی رەوتی رووداوەکان و خوێندنەوەی کێشە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆیی کۆمەڵی کوردەواریش دا ریزەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە لێکدابڕان و دووبەرەکی رزگار بکا و روو بە دنیای دەرەوەش ویست و داخوازی کورد بەشێوەیەکی ژیرانە نوێنەرایەتی بکا. لەم بارەیەوە ژێکاف و دامەزرێنەرانی بە تەنیایی و بەنەبوونی پێشەوا ئەم برەستەیان نەبوو.

هونەری گەورەی رێبەریی پێشەوا ئەوە بوو لە کۆمەڵگایەکی ئاوا لێک دابڕاو، جۆرە یەکیەتییەکی سیاسیی ئەوتۆ ساز بکا کە هەموو ئەو بەرژەوەندییە جیاوازانە لە کۆیەکی هاوبەش داو لە دەوری یەک و بۆ ئامانجێکی هاوبەش کۆ بکاتەوە. راگەیاندنی کۆمار لە رۆژی 2ی رێبەندان مانای سەرکەوتنی پێشەوا بوو لە چێ کردنی ئەو یەکیەتییە دا. کە وایە بەدەستەوە گرتنی رێبەریی بزووتنەوەی کورد لەو ساڵانەدا لەلایەن پێشەواوە نە لە ئاکامی کودەتا و کەین و بەینێکی پشتی پەردە، بەڵکوو بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە بوو کە لە کەسایەتێکی رێبەردا دەبێ کۆ ببێتەوە. بۆیە بە چوونی پێشەوا بۆ ناو ژێکاف و گرتنە دەستی رێبەریی ئەو رێکخراوە، تێکۆشان و گەشەی ژێکاف چەند قات بەرەوپێش چوو.

"زۆر گرینگە کە چەند گوتنی دیکەش سەبارەت بەو پیاوە بگوترێ. لەبەر ئەوەی کە وەک مۆتۆری هێزی کۆماری مهاباد وەحیساب دێ. قسە لەگەڵ هاتوو و لە سازان هاتووی گەورە... ئەو رابەرێکی ئەوتۆ بوو کە هەم بە ورە و قسە لەروو بوو و هەمیش تاکتیکی هەبو، ئەو ژیر بوو جۆرێک تەقەدوس و پیرۆزی پێوە دیار بوو- تەرکیبێکی بەدڵ بۆ جووڵانەوە بەپێی راگرتنی پارسەنگ کە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمار پێویست بوو".(٢٥)

"چالاکییەکانی قازی دەیسەلمێنن کە ئەو پیاوێکی ئەوتۆ بووە کە بە کارامەییەوە هێز و دەسەڵاتی بەکار هێناوە، مامۆستایەکی هونەری مومکین بوە، پیاوێکی ئەوتۆ کە ئامادیی ئەوەی بوو کە لە تەک بەرنامەی گشتگری کوردی بێتە ڕەدایە بۆ ئەوەی بتوانێ ئینتیلافێکی کە بکرێ چەرخی کاری بگەڕێ پێک بهێنێ". (٢٦)

بەدەوڵەت بوونی کورد لە بیری پێشەوادا

راگەیاندنی کۆمار، قۆناغێکی تری ژیان و تێکۆشانی پێشەوایە. کۆمار نەیدەتوانی تەنیا لە ئاکامی لەباربوونی هەلومەرجێکی لەباری نێونەتەوەیی بێتە دی. بۆ لەدایکبوونی ئەم قەواره نەتەوەییە، رێبەرایەتییەکی ژیر و وردبین و رێناس و خاوەن ئیراده پێویست بوو کە بە دروستی رەوتی رووداوەکان بخوێنێتەوە و لە کاتی گونجاو و لەباری خۆیدا هێزی خەڵکی بۆ بێنێتە مەیدان و بە پشت ئەستووری بە هێزی خەڵک بڕیاری پێکهێنان و راگەیاندنی بدا. پێشەوا نیشانی دا رێبەرێکی راستەقینەیە بۆ دانی ئەو بڕیارە مێژووییە. کارو تێکۆشانی دیپلۆماسی ئاڵقەیەکی گرینگ بوو بۆ لابردنی کەند و لەندەکانی سەر رێگای بەدەوڵەتبوونی کورد لەو قۆناغەدا. هەر

بۆیە دانوساندن و کار و تێکۆشانی دیپلۆماسی و دیدار و چاوپێکەوتنی سیاسی بەشێکی گرینگی لە هێز و توانای پێشەوای بۆ تەرخان کرا.

لە یەکێک لە یادداشتەکانی هاشمۆف سەرکۆنسۆلی یەکیەتیی سۆڤیەت لە رەزاییە(ورمێ) دا هاتووە:

"بۆ رێکخستنی بەشی کۆمەڵەی پەیوەندییە کلتوریەکان من و هاوڕێ "شەریفۆف" رۆژی هەژدەی نیسان رۆیشتین بۆ مهاباد، یەکەمجار سەردانی فەرماندار (سریع‌القلم)مان کرد، لە چاوپێکەوتنەکەدا نارازیبوونی خۆی لە بارودوخی مەهاباد دەربڕی و گلەیی لەوە کرد کە ئەو هەر تەنیا بە ناو فەرماندارە و هیچ دەسەڵاتێکی نییە، چونکە کوردەکان لە دوای رووداوی مانگی فوریەی ١٩٤٥وە خۆیان هەموو کاروبارێک دەبەن بەڕێوە. لەبەر ئەوە چەند جار داوام کردووە لە تاران کە رێگام بدات مەهاباد بەجێ بهێڵم، بەڵام کاربەدەستانی تاران داواکەیان رەتکردوومەتەوە... جێی سەرنجە لە کاتێکدا ئێمە لای فەرماندار بووین کوردەکان لە هەموو لایەکەوە دەوری ماڵەکەیان دابوو، هەوڵیان دەدا گوییان لە گفتوگۆکانمان بێ و بزانن چی روو دەدا. کاتژمێر دوانزە چووینە لای قازی و بۆ نانی نیوەڕۆ لەوێ ماینەوە، لەو ماوەیەدا کە ئێمە لەوێ بووین هاتوچۆی پیاوە بەناوبانگەکانی کورد بەردەوام بوو.

قازی موحەممەد هەموو کاتێک وتووێژەکانی بەردەو سەربەخۆیی کوردستان دەبرد و باسی دواکەوتوویی کوردانی دەکرد و بەگوێرەی قسەکانی، هۆی دواکەوتنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کاتێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکیاوە چەوسێندراونەتەوە و ئێستا لە حاڵێکی نیوە برسیدا دەژین... کوردەکان وا تێگەیشتوون تەنیا یەکیەتی سۆڤیەت یارمەتیان دەدا لە خەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی. لەم بارەیەوە نموونەیەکی هێناوە کە ماوەیەک لەمەوبەر شانۆیەک لە مەهاباد نمایش کراوە (مەبەستی شانۆی "دایکی نیشتمان"ە) ناوەڕۆکەکەی بەم چەشنە بووە: کوردستان لە سیمای ژنێکی دیلدا خراوەتە روو بە زنجیر بەستراوەتەوەو لاوێکی کورد بەرگێکی سووری پۆشیوە - دەبێ نیشانە بێت بە یەکیەتی سۆڤێت بە چەقۆ ئەو پەت و زنجیرە دەپچڕێنێت...". (٢٧)

فاکتگەلێکی لەو چەشنە بەروونی و بە ئاشکرایی دەسەلمێنێ دروست کردنی پەرژینێک لە نێوان بیری سەربەخۆیی‌خوازی ژێکاف و پێشەوا چەندە دوورە لە راستی. هەر ئەو فاکتە بەتەنیایی نیشان دەدا ئەگەر پێشەوا لە ژێکاف پتر سەربەخۆیی‌خوازتر نەبووبێ،کەمتر نەبووە. لەونێوەدا وتار و سوخەنرانییەکانی پێشەوا بەڕوونی ئەو راستییە دەسەلمێنێ پێشەوا هەڵگری چ خوێندنەوەیەکی قووڵ و مێژوویی و هەر لەو کاتەدا هەمەلایەنە لە دۆزی کورد بووە. بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە بیری پێشەوا راڤەی وتارێکی تری پێشەوا دەکەین کە تێیدا هاتووە:

"... کورد دوو سەد ساڵە بۆ وەرگرتنەوەی ئازادی هەوڵ دەدا، لە جەنگی بەینولمیلەلی رابردوودا کوردیان پتر لەت لەت کرد، بەشێک بە عێراق و بەشێک بە سوریە و بەشێک بە رووسیە و بەشی زۆریشیان بۆ تورکیە و ئێران هێشتەوە و ئەم کارانە هەستی سەربەستی کوردانی نەکوژاندەوە و کوردانی تورکییە و ئێران و سووریە زۆر لە پێشدا بۆ ئازادی هەڵستان. دوژمنەکانیش دەستیان کرد بە کورد کوشتن، ئەگەر کوردانی بەدرخانی پرش و بڵاو کران بابانەکان و ئەردەڵانەکان واردی مەیدانی کارزاری ئازادی کوردان بوون، شێخ عوبەیدیللا، شێخ سەعید، سمایل ئاغا، کوردانی تورکییە و ئارارات قیامیان کرد و چەند هەزار نەفەر لەو قیامانەدا لەناو چوون و نەتیجە بەدەس نەهات و ئەم رادەمەردانە گشتیان لەسەر ئازادی مردن". (٢٨)

بۆ پێشەوا مەسەلەی کورد و کێشە ردواکەی هەڵگری نێوەرۆک و سروشتێکی تایبەتی بوو. مەسەلەی خاک و زمان و کولتور و ناسنامە و دەوڵەتی نەتەوەیی کاکڵ و جەوهەری ئەو سروشتە تایبەتییە بوو. لەو خوێندنەوەیەدا هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان، یەک نیشتمان و یەک نەتەوە بوون و چ فەرق و جیاوازییەکی لە نێوان داگیرکەرانی کوردستانیش نەدەدی و بەئاشکرا دەیوت:

"ئەم رۆژانە تورکیا و ئێران و عێراق خەریکی گفتوگۆن دەیانەوێ پەیمانی مەنحووسی "سەعدآباد" کە مادەیەکی بە زیانی کوردانە، ئێستاش هەر بۆ دوژمنایەتی کوردان تازە بکەنەوە و بزانن ئەو معاهدانە وەکوو لە پێشدا کاغەزپارەیەک پتر نەبوو ئێساش کاغەزپارەیەک زیاتر نییە. رەزاشا، مستەفا کەماڵ، مەلیک فەیسەڵ کە بۆ دوژمنایەی کوردانیان پەیمان بەست لە ماوەیەکی کەمدا خودا لەنێوی بردن و ئێستاش هومێدمان لە خودای بەرز ئەوەیە: کە ئەو کەسانەی کە خەریکی بەستنی پەیمان بە دوژمنایەتی کوردان بن بەدەستی خۆیان قەبری خۆیان هەڵدەکەنن". (٢٩)

لە بیری پێشەوادا چەمکی بەدەوڵەتبوونی کورد خاوەنی گرینگییەکی تایبەتی بووە، گرینگیی دەزگای دەوڵەتیش تەنیا لەو گۆشەنیگایەوە بوو کە کۆتایی بە هەژاری و دواکەوتویی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کوردستان بهێنرێ و لەو نێوەدا دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تارانی بە هۆکاری سەرەکی وەپاشکەوتوویی کۆمەڵگای کوردەواری لە قەڵەم دەدا.

ئەوەی خانی لە مەم و زین دا خەونی پێوە دەدیت و کوردی بۆ دەنگ دەدا، پێشەوا بە کردەوە هێنایە دی. ئەوەی هەر چەند ساڵ جارێک لە پارچەیەکی کوردستان بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانە سەری هەڵدەدا و بەهۆی فاکتۆری جۆراوجۆر نەیتوانیبوو بە ئاکامی سەرکەوتووانەی خۆی بگا، لە رۆژی ٢ی رێبەندان و بە رێبەریی پێشەوا هاتە جیهانی بە کردەوەوە. هەربۆیە گوتاری پێشەواش لە رۆژی ٢ی رێبەندان هەڵێنجاوی ئەو مێژووە بوو. گرێدراوەیی بەو مێژووە لە رۆژی راگەیاندنی کۆماردا و لە وتارە مێژووییەکەی پێشەوادا بەرروونی ئاماژەی بۆ دەکرێ.

بەمجۆرە پێشەوا لە ماوەی ژیانی سیاسیی خۆی دا وەڵامی بە سەرەکیترین مەسەلەی کۆمەڵی کوردەواری دایەوە. دامەزراوی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو مەسەلە سەرەکییە بوو کە پێشەوا توانی لە ئاستی گوتارەوە بۆ مەیدانی کردەوەی بگوێزێتەوە. ئەم بریارە مێژووییە دەسپێکی گەورەترین وەرچەرخان بوو لە کۆیلەتییەوە بۆ سەربەستی و لە داگیرکراوەییەوە بۆ رزگاریی نەتەوەیی. لێرەوە ئیتر خوێندنەوەیەکی لۆژیکی بۆ کورد بوون بە مانای رزگاریی نەتەوەیی و خاک و خۆ جیاکردنەوە لەویتر و، خۆ قوتار کردن لە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی بەرزەفڕی فارس، ئاوێتەی گوتاری سیاسیی بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد بوو. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە، ئامانج و ئایدیالی هاوبەش و یەکێتیی ژیانی روحی و نەتەوەییش بەشێوەیەکی بێوێنە روی لە خەملین و گەشە سەندن کرد.

بەکورتی بڵێین: هەموو هەوڵی پێشەوا بۆ ئەوە بوو لەو هەل و مەرجە کەڵک وەربگرێ بۆ ئەوەی ماڵێک بۆ نەتەوەکەی دروست بکات و بەئاشکرا و بەبێهیچ ترس و لەرزێکی سیاسی دەیگوت: "تاکەنگێ کورد دەبێ مالکی جێگای خۆی نەبێ". (٣٠)

پێشەوا و ریالیزمی تاڵی کورد

لایەنێکی گرینگی دیکەی بیرو کەسایەتیی پێشەوا تەسلیم نەبوون بە ریالیزمی تاڵی دۆزی کورد بوو. لە قووڵایی بیری پێشەوادا سیاسەت بە مانای تەفسیری سادە و ساکارانەی وەزعی مەوجوود نەبوو کە تەنیا ئەرکی مرۆڤی کورد ئەوە بێ خۆی لەگەڵ رێک بخاو چاوەڕوانی قەزاوقەدەر بمێنێتەوە، واتە بەبیانووی "واقعبینی"یەوە خۆی لە هەوڵ و چالاکیی داهێنەرانە بدزێتەوە.

پێشەوا لەگەڵ ئەوەی لە هەڵبژاردنی سیاسەت و بریارەکانی بەتایبەتی لەسەر راگەیاندنی جمهوری هەمیشە بە وریاییەوە لەگەڵ پارسەنگی هێزەکان هەڵسوکەوتی دەکرد، لە هەمان کاتیش دا سیاسەتی واقعبینایەی پێ ئەو سیاسەتە بوو کە وەزعی ئێستای کورد بگۆڕێ و خەونی هەزاران مرۆڤی کورد لە ئۆتۆپیاوە بکاتە راستییەکی حاشاهەڵنەگری رۆژ. یاخۆ بە واتایەکیتر رەنگە دروست ئەوە بێ بڵێین پێشەوا کەسایەتییەکی خاوەن پرۆژە بوو. خۆسەلماندن بربڕەی پشتی ئەو پرۆژەیە بوو. خۆسەلماندنێک کە بکەر بوون بۆ کورد دەستەبەر بکات و دەرەتانی ئەوە بۆ کورد پێکبێنێ لە پەراوێز و دەرەوەی مێژووەوە بۆ نێو مێژوو هەلی خۆنواندنی بۆ بڕەخسێنێ و لە

قۆناغی خۆپاراستنەوە بۆ قۆناغی خۆ سەلماندن هەنگاو بنێ.

قەبووڵی بەرپرسایەتییەکی وا گەورە، ئەویش لەنێو نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کورددا کە چواردەوری نیشتمانەکەی بە دەوڵەتانی داگیرکەر تەنرابوو، کارێکی هاسان نەبوو و هەموو کەسێک نەیدەتوانی خۆ لە قەرەی بدا. ئەمە زانایی و متمانە بەخۆ و بە نەتەوەکەی گەرەک بوو. هونەری رێبەریو ناسینی هەلو قۆزتنەوەی دەرفەتی لەباری پێویست بوو.

پێشەوا بە وێنەی رێبەرێکی راستەقینەی نەتەوەیی نە تەنیا نامۆ بە خۆ کەمبینی نەتەوەیی بوو، بەڵکوو بە مانای راستەقینەی وشە لە دژی خۆ بەکەم زانین و متمانە بەخۆنەبوون رادەوەستا. پێشەوا لەسەر ئەو باوەڕە بوو نەتەوەی کورد هیچی لە نەتەوەکانیتر کەمتر نییەو کوردیش مافی سروشتی خۆیەتی ببێتە خاوەن قەوارە و دەسەڵاتێکی نەتەوەیی. پێشەوا دەیزانی خەڵک و وڵاتەکەی بەهۆی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی ناوەندی لەوپەڕی هەژاری و دواکەوتوویی ئابووری و سەنعەتی راگیراون، بەڵام بۆ یەک جاریش ترس و خورپەی نەخستە نێو دڵی نەتەوەکەیەوە و بە پێچەوانەی هێندێک رێبەری ئێستای کوردەوە پێی نەگوتن ئەگەر رۆژێک سێبەری دەوڵەتی داگیرکەرتان بەسەردەوە نەمێنێ لە برسان دەبەتڵێن. بۆیە لەگەڵ هەموو گرفت و کۆسپەکانی ئەو پرۆسەیە، هەنگاوەکانی پێشەوا شلوێ نەبوون. ئەو بەراست باوەڕێکی گەورەی بە رزگاریی نەتەوەکەی هەبوو.

دیارە پێشەوا هەر تەنیا رێبەرێکی گەورەی نەتەوەیی و سەرۆک کۆماری کوردستان نەبوو، بەڵکوو ئینساندۆستێکی مەزنیش بوو. لە ماوەی ژیان و کار و تێکۆشانی هەموو سەرکردەیەکدا لێک گرێدانی ئەم دووانە کارێکی هاسان نییە. گەلێک جار لە ژیانی سەرکردەیەک دا ئەوەی بە بنەمای سەرەکی دەگیرێ،

پێشخستن و بەرێوەچوونی رۆڵە سیاسییەکەیەتی و بەس. بایەخەکانی ئینساندۆستی و پلە و مەقامی مرۆڤ بچووکترین لای لێ ناکرێتەوە. لەو شێوە کارەدا مرۆڤ تا ئەو جێگایە شیاوی بەهێند گرتنی پلە و مەقامی ئینسانییە کە وەک ئامرازێک لە خزمەت بەرەوپێش بردنی رۆڵی سەرکردایەتیی ئەو دابێ. لە کەیسی پێشەوادا ئەمە راست بە پێچەوانەیە. ئەو هەموو ژیان و گیانی خۆی پێشکەش بە مرۆڤی خەڵکی وڵاتەکەی کرد، بۆ ئەوەی لە داگیرکراوەیی و دەسبەسەری رزگاریان بێ و وەک مرۆڤی سەربەست و ئازاد لە نیشتمانەکەیان دا بژین.

ئەو گوتارە ناسیۆنالیستییە کە پێشەوا رێبەرایەتیی دەکرد، هەڵگری بنەما و پرەنسیپێکی دیموکراتییانە بوو. پێشەوا لەگەڵ ئەوەی بۆ یەک ساتیش لەوە بەگومان نەبوو کە کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە سەروەریی نەتەوەیی هەبێ و نابێ ببێتە پاشکۆی قەواردی هێچ نەتەوەیەکیتر، هەر لەو کاتەش دا رێزی لە ماف و دەسەڵاتدارەتیی نەتەوەکانی تر دەنا.

لە گوتاری ناسیۆنالیستیی پێشەوادا دکتۆرینی ناسیۆنالیسم بە مانای یەکسانیی مافی سەروەری نەتەوەکان بوو. لە خوێندنەوەی پێشەوادا بۆ چەمکی ناسیۆنالیسم جێگایەک بۆ ناسیۆنالیزمێکی داپڵۆسێنەرانە و هێرشکەرانە بەدی نەدەکرا. لە جیهانی بیرو هزری پێشەوادا نەتەوەی گەورەو بچووک، رەسەن و نارەسەن وجوودی نەبوو. لە بیری پێشەوادا هەموو نەتەوەکان یەکسان و وەک یەک بوون.

هەر لەو رووەوە پێشەوا خوازیاری پێکەوە ژیانی بەئاشتیی نەتەوەکان بوو، هەڵبەت بە پاراستنی مافی یەکسانو وەک یەکیان لە دەسەڵات دا.

پێشەوا لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی دا روح و سروشتی نەتەوەخوازیی کوردی دێنێتە سەر زمانو دەڵێ:

"ئێستاش لە سایەی هێز و قودرەتی ئازادی ئێمەش چاو و گوێمان کراوەتەوە و جارێکی دیکە ناچینەوە ژێر چنگاڵی بێدادی، کورد جوێ لە حەقی خۆی هیچی لە خەڵکی نەویستووە، دەیەوێ بە زمانی خۆی بخوێنێ، لە پیت و کانگای وڵاتەکەی سوود بەرێ، ببێتە خاوەنی کارخانە و کانگا. کورد نایەوێ دەستدرێژی بۆ خاکی هیچ میللەتێک بکا".(٣١)

هەروەک مامۆستا هێمنی موکریانی بەدروستی دەبێژێ:

زانا بوو، کوردپەروەر بوو
پێشەوا بوو، رابەر بوو
هەر کورد نەبوو بەشەر بوو
خەمی خەڵکی لەبەر بوو.

لە کاتێکدا جوولەکان لە دڵی ئۆرووپای پێشکەوتوو راو نران و کەوتبوونە ژێر سەختترین ئازار و چەوسانەوەوە، لە کۆمارە خنجیلانەکەی پێشەوا رێز لە ناسنامەی نەتەوەیی یان گیراو بریار درا:

"لە ژێر حیمایەتی حەزرەتی پێشەوای موعەززەم و مەحبوبی کوردستان و نەظارەتی ئیدارەی موحتەرەمی فەرهەنگ بە ئیجازە لە مەقاماتی بەرزی کوردستان مەدرەسەیەک بە نێوی تێکەڵی کوردی و عیبری دەکەینەوە. پێویستە لە بروارى ئەو ئاگادارییەوە منداڵانی خۆتان چە کورڕو چ کچ بە دەقتەری ئەو مەدرەسە کە رووبەرووی عەمارەتی داودزادەیە بە موعەرەفیو بە ثەبتی بگەیەنن". (٣٢)

"کەسانی کە هەلیان بۆ هەڵکەوتبو، قازی محەممەد ببینن، دەست بەجێ کەوتبوونە ژێر کاریگەری کەسایەتییەکەیەوە و بە ئاسانی تێگەیشتبوون بۆ چی لەلای ئیشتمانپەروەرانی هەموو لایەکی کوردستان ببووە رەمزێک. ئەو، پیاوێکی کورتەباڵا بوو، پاڵتۆیەکی عەسکەری کۆنی دەبەر دابوو، تەنکە ردێنێکی هەبوو، رووی لاواز و رەنگی بە هۆی نارەحەتی گەدەیەوە زەرد هەڵگەڕابوو، نە سیگاری دەکێشا، نە دەیخواردەوە و زۆر کەمخۆریش بوو، هەڵسوکەوتی ئارام و ماقوڵانە بوو. جۆرە ئەتتەرناسیۆنالێک بوو، هەموو میللەتەکانی دنیای خۆش دەویست و چەند زمانێکی دەزانی لەوانە رووسی، کەمی ئینگلیسیو سپرانتۆ. مێزی ئیش و کاری پر لە کتێبی ریزمان و خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی بیگانە بوو. وا پێ دەچوو زۆر بە باوەڕ بێ و پاڵپشتی ئەم بیر و باوەڕەشی ئازایەتییەکی کەمووێنە و لەخۆبووردوویی بوو". (٣٣)

راپۆرت بە بیروڕای گشتی

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی پێشەوا گرینگی دان بە بیرو ڕای گشتیی جەماوەری کورد بوو. پێشەوا سەرچاوەی سەرکۆماریی خۆی و دەسەڵاتەکەی لە خەڵکەوە دەدیت و خۆی و کۆماری بە بەشێکی جیا نەکراوە لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەزانی و هەر بۆیە بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا بەرینترین چین و توێژی نەتەوەکەی لە پرۆسەی سیاسی دا بەشدار بکا. ئەگەر لەمەوبەر سیاسەت تەنیا دەبوایە لە دیوەخانەکاندا و لە نێوان ژمارەیەکی دەسڕۆیو، قەتیس کرابا، هەموو هەوڵی پێشەوا بۆ ئەوە بوو، سیاسەت بە مانای بەشداری کردن لە دیاری کردنی چارەنوس بۆ زێدی ڕاستەقینەی خۆی بگوێزێتەوە. پێشەوا لەبەر ڕۆشنایی ئەو دیدەدا، ناوەندی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەی لە دیوەخان و باڵەخانەی پیاوماقووڵانی دەسڕۆیو را بۆ نێو کۆبوونەوە گشتییەکانی جەماوەر ڕاگواست. سیاسەتی پێشەوا ئەوە بوو کۆمەڵانی خەڵک لە دوورەپەریزیی سیاسی بۆ هەڵبژاردنی ژیانی چالاک و بەشدار لە ڕووداوە سیاسییەکان ئامادە بکا. هەر بۆیە لە دوای هەر سەفەرێکی سیاسی، ڕاپۆرتی کار و تێکۆشانی بۆ بیر و ڕای گشتی پێشکەش دەکرد. لە کۆبوونەوەکان لە گیروگرفتەکان دەدوا و ڕێگا چارەسەری دێنایە گۆڕێ. ڕەخنەی توندی لە کەم و کوڕییەکان دەگرت، هاوکات لەگەڵ ئەوەش سەرکەوتن و دەسکەوتەکانی دەخستە ڕوو و هەوڵی دەدا زانیارییەکانی پێوەند بە ژیان و چارەنووسی ئەوان بە زووترین کات بە گوێی نەتەوەکەی بگەیەنێ.

ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئەو ڕۆژگارە باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە. پێشەوا لە دوای هەر دیدارو سەفەرێکی سیاسی کە ئەنجامی دابێ، بە زووترین کات هەوڵی داوە ئاکامەکانی بۆ خەڵک ئاشکرا بکا و بەو هەنگاوانەی هەوڵی داوە تۆڕی زانیارییەکان تەنیا لە ناو بازنەیەکی داخراودا قەتیس نەمێنێتەوە و خەڵک لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدار بکا. ئەم تایبەتمەندییانە نیشان دەدا لە دەسەڵات و بیری پێشەوادا نەتەوە تەنیا ئەوە نییە ئەرک وەخۆ گرێ، بەڵکوو خاوەن مافیشە.

دەسەڵات و جۆرەکانی

ڕاڤە کردنی جۆری دەسەڵاتدارەتییەکەی پێشەوا، بڕینی قۆناغێکیترە بۆ ناسینی پتری جیهانی هزری پێشەوا. لە میانەی ئەم قۆناغەشدا بەر لە هەر شت پرسیار ئەوەیە، جۆری دەسەڵاتەکەی پێشەوا لە چ جۆرێک بوو؟ پێشەوا چۆن توانی خۆی لە خانەی ڕێبەرێکی کاریزمایی دا ببینێتەوە؟ چەشنی کاریزمابوونی پێشەوا خۆی لە چ سروشتێکدا دەدیتەوە؟

لەو نێوەدا سەرەتا هەوڵ دەدەین بە کەڵک وەرگرتن لە بیر و ڕاکانی کۆمەڵناسی گەورەی ئالمانی ماکس ویبەر باسێکی گشتی لە پێوەندی لەگەڵ جۆرەکانی دەسەڵات بێنینە گۆڕێ و لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینەکانی ویبەر لە جۆری دەسەڵاتی پێشەوا بدوێین.

یەکێک لەو کەسانەی لە بەرهەمە فیکرییەکانی دا کاریگەرترین هەوڵی بۆ پۆلینکردنی جۆرەکانی دەسەڵات داوە ماکس ویبەر کۆمەڵناسی ئالمانییە. "ماکس ویبەر" لە بەرهەمە فیکرییەکانی دا لە دوو جۆر دەسەڵات دەدوێ. یەکەم: سەروەری (Herrschaft)

دەسەڵاتێکە کە لەسەر بنەما و بناغەیەکی شەرعی دامەزراوە. واتە بەهۆی جۆرێک لە جۆرەکانی شەرعییەتپێدان، متمانە و دەنگی ئەندامانی کۆمەڵگەی بەدەس هێناوە. "ویبەر" ئەم جۆرە دەسەڵاتە بەو بارودۆخە پێناسە دەکا کە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتە بە نێوەرۆکێکی تایبەتەوە لای ئەندامانی کۆمەڵگە دەسەلمێندرێ و ملکەچیی لێ دەکرێ.

دووهەم: (دەسەڵات: Macht) دەسەڵاتدارەتییەکە کە هەڵگری هیچ جۆرە شەرعییەتێک نییە و تەنیا پشت ئەستورە بە هێزی سەپاندن. ئەم جۆرە دەسەڵاتە لای "ویبەر" هەلومەرجێکە کە لەو دا و لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دا سەرەڕای بەرهەڵستکاریی دانیشتووان دەسەپێنرێت.

"لای 'ویبەر' خاڵی لێک جیاکەرەوەی نێوان ئەم دوو جۆر دەسەڵاتە مەسەلەی شەرعییەتە. لەو جێگایەی ئەندامانی کۆمەڵگا بە ڕەزامەندی و ویستی خۆیان ملکەچی لە فەرمان و یاساکانی دەسەڵاتداران بکەن سەروەرییە و لەو کۆمەڵگایەش دەسەڵات هەڵگری هیچ جۆرە شەرعییەتێکی جەماوەری نەبێ دەسەڵات خۆ لە قاوغ و نێوەرۆکێکی خۆ سەپێن دا دەبینێتەوە." (٣٤)

" پاش ئەم هەلاواردنەی نێوان (Herrschaft)و (Macht) (سەرەڕۆیی و دەسەڵات) "ویبەر" دەسەڵاتی شەرعی بە گوێرەی مکانیزمی کارکردن و سەرچاوەی شەرعییەتەوە بۆ سێ مۆدێل دەگێڕێتەوە:

١- دەسەڵاتی ئەقڵانی
٢- دەسەڵاتی سوننەتی
٣- دەسەڵاتی کاریزمایی" (٣٥)

بەگوێرەی دیتنی ویبەر هەر سێ لەو دەسەڵاتانە خاوەن شەرعییەتی تایبەت بەخۆیانن.

"شەرعییەت لە دەسەڵاتی ئەقڵانی دا: ئەو شەرعییەتە لەسەر بناغەی باوەڕەندی بە قانون و بڕیارە پەسندکراوەکان و هەروەها مافی قانوونی ئەو کەسانە کە بەکەڵک وەرگرتن لەو بڕیارانە بەڕێوەبەری دەسەڵاتن.

شەرعییەت لە دەسەڵاتی کاریزمایی دا: شەرعییەتی کاریزمایی بریتییە لە گوێڕایەڵی لە رادەبەر بە تایبەتمەندییەکی پیرۆز، هونەری قارەمانانە یاخۆ نرخی لە رادەبەدەری دەگمەنی کەسایەتییەک، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو فەرمانانەی کە سەرچاوەی ئیلهامی ئەوە و لەوڕا دێ.

شەرعییەتی دەسەڵاتی عورفییش لەسەر بناغەی نرخ دانان بۆ ئەو سوننەتانەیە کە لە کۆنەوە بۆ ئێستا بە میرات ماون و دەسەڵات بەهۆی ئەو کەسانەی پارێزەر و پابەندی ئەو میراتە سوننەتییەن بەڕێوە دەبردرێ." (٣٦)

بناغەی دەسەڵاتی ئەقڵانی پشت ئەستوور بە یاسایە و دەسەڵاتی رێبەران و حوکمرانانی دەسەڵاتیش، هەر لە یاساوە سەرچاوە دەگرێ. تایبەتمەندیی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە دەتوانێ لە قەوارە و بیچمی جۆراوجۆردا خۆ دەربخا. لەنێو ئەو قەوارانەش بوروکراسی بەرچاوترینیانە.

بەگوێرەی دیتنی ویبەر دەسەڵاتی بوروکراتی و ئەقڵانی گرینگترین جۆری شیوەی دەسەڵاتە، بەو هۆیەوە کە لەسەر بنەمای یاسا دامەزراوە و دەسەڵات بۆخۆشی ملکەچی یاساکانە. لەم شێوە دەسەڵاتەدا هێز هەمیشە بەڕوونی و بە شێوەیەکی یاسایی پێناسە دەکرێ و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەوانەی هێز پیادە دەکەن، لە چوارچێوەی یاسادا ئەم کارە دەکەن. واتە هێزی ڕووت (Makedpoewr) لەم بەستێنەدا دەگۆڕدرێت بە هێزێکی یاسایی.

بە واتایەکی تر: "ئەو چەشنە سەروەرییە بەپێی یاسا، نیزامنامە، یان ماف بایەخ و شەرعییەتی هەیە و فورمە کامڵ و پێگەیشتووەکەی "بۆرۆکراسی"یە. خاوەن فەرمان تەنیا بۆی هەیە لە چوارچێوەی ئەو پەسند کراوە قانوونییانەدا فەرمانەکانی دەر بکا. نموونەکەشی ئەو دەوڵەتانەن کە هەن وەک کۆماری ئاڵمان. خەڵک دەچنە هەڵبژاردن و دەستیان کراوەیە بۆ ئەوە بریار بدەن و ڕێبەری خۆیان هەڵبژێرن." (٣٧)

لەگەڵ ئەوەی "ویبەر" سەرچاوەی گەشە و گۆڕانکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە گەلێک هۆکاری هێزی کۆمەڵایەتیی تریشەوە دەبەستێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بۆ هاتنە مەیدانی ڕۆلی ڕێبەرانی کاریزمایی لە گۆڕانکارییەکاندا بایەخێکی تایبەتی دادەنێ و بە هێزێکی شۆڕشگێڕانە و بزوێنەری مێژوویی پێناسە دەکا.

"هەربۆیە لە بەر ئەو گرینگەشە لای وایە: گرفتێکی کە سەرەڕۆیی کاریزمایی هەیەتی لە پێوەندیی لەگەڵ جێگرەوەی کاریزمایە. چونکە بەدەگمەن کەسێک پەیدا دەبێ کە ببێتە جێنشین و خاوەنی ئەو کاریزمایە بێ". (٣٨)

"هەڵبەت چەمک و واتای کاریزما، شتێک نییە کە ویبەر بۆخۆی یەکەم جار داهێنەری بووبێ. پێشینەی مێژوویی تەمەنی ئەم چەمکە بۆ کارەکانی Rudlof Sohm یاساناس و مێژووناسی کلیسای شاری Strassburg دەگەڕێتەوە." (٣٩)

ویبەر خۆی لەم پێوەندییەدا دەنووسێ:

"ناسینی ئەو چەمکە کۆمەڵایەتییە لە ستروکتوری دەسەڵات و کەڵک وەرگرتن لێی بۆ شیکردنەوەی بابەتێکی مێژوویی یانی ئاڵوگۆڕی مێژوویی دەسەڵات و کارتێکەریی کلیسا لە قۆناغەکانی سەرەتایی، شانازییەکە تایبەت بە "ڕووڵف زوم"". (٤٠)

بەڵام "چەمکی سەروەریی کاریزمایی بۆ ماکس ویبەر لە پانتاییەکی بەرینتردا کەڵکی لێوەردەگیرێ و دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەو کەسەی کە کاریزمای هەیە (سەروەرو کەسایەتییەکی کە قسەی بردوی هەیە)و ئەو کەسەی یاخۆ ئەو خەڵکەی باوەڕی بە کاریزما بوونی کەسایەتییەک هەیە لە پێوەندییەکی دەسەڵاتدارەتی دا." (٤١)

"مەبەست لە کاریزما چۆنییەتیی کەسایەتییەکی دەگمەنی خاوەن توانای تایبەتە. ئەو تایبەتمەندییانە کە ئەو لە خەڵکی ئاسایی جیا دەکاتەوە. ئەو کەسە یا نیردراوی خوایە یا خۆ کەسایەتییەکی دەگمەنە و لە ئاکامدا دەبێتە ڕێبەر". (٤٢)

ئەم فۆرمە لە دەسەڵات پشت ئەستوورە بە هێزی کەسایەتیی تاک و کاریزمای تاک. شەرعییەتی ڕاوەستاویی ئەم شێوەیە لە دەسەڵات خۆی لە بوونی کەسایەتییەکی هەڵکەوتووی ئەوتۆدا دەدۆزێتەوە کە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تایبەت بە کەسایەتیی ڕێبەربوونە.

"سەروەرییەکی کاریزمایی دەکرێ کەسێک وەدەستی بێنێ کە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی بۆ رێبەر بوون بێ، ئەو جار لەو رووەوە دەتوانێ وەک رێبەر و سەروەر بناسرێ و ئەو تایبەتمەندییانەش کە دەکرێ بیریان لێ بکرێتەوە دەتوانن: قارەمانەتی، پیرۆزی، نموونەیی وێچوویی، باوەڕپێکراوەیی و خاوەن توانایی بێ. پەیامهێنەرانی ئایینی، قارەمانی براوی لەشەڕ و ژمارەیەکی بەدەگمەن لەنێو بازنەی رێبەرانی ئەحزابی سیاسی، وێنە و جۆری ئەو کەسایەتییانەن." (٤٣)

"دەسەڵاتی کاریزمایی بەپێچەوانەی دەسەڵاتی بوروکراتی لە یاسا و نیزامنامەوە سەرچاوە ناگرێ. بە هەمان شێوە ئەم فۆرمە لە دەسەڵات بە وێنەی دەسەڵاتی باوک سالارانە بەرهەمی سوننەت، عورف و رێوشوێنەکانی نیزامی فئۆدالیش نییە. سەرچاوەی دەسەڵات و درێژەی دەسەڵاتی کاریزمایی تەنیا لە گرەوی ئەوە دایە توانا‌کانی خۆی لەو بوارەی کە ئیددیعا دەکا بسەلمێنی. بۆ وێنە ئەگەر ئیددیعای پەیامبەرییەتی هەیە، دەبێ "معجزە" بکا و ئەگەریش دەخوازی سەرداری شەڕ بێتە هەژماردن، ئەشێ خۆ لە قەرەی کاری قارەمانانە بدا". (٤٤)

بەڵام ئایا هەر کەس کە پێی وا بوو لە کەسایەتیی ئەو دا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بێوێنە نوستووە کە لە خەڵکانی دەوروبەری ئەودا شک نابرێ، دەتوانێ لە حاست خۆیەوە ئیددیعای کاریزما بوون و رێبەر بوون بکا؟ پێوانە بۆ ئەوە چیە کەسێک بە رێبەرێکی کاریزمایی بژمێردرێ؟ ئایا گەیشتن بە پلەیەکی وا تەنیا دەتوانێ بە جارِدان و حەز و ئارەزوویەکی شەخسی وڵامی خۆی وەربگرێتەوە؟ یاخۆ بەهۆی پێهەڵگوتن و بەرزکردنەوەی لایەنگرەکانی و دەزگای میدیاییەوە خاسیەتی کاریزمایی پێ ببەخشرێ؟ لەو نێوەدا داخوا دەبێ خۆسەلماندنی کەسایەتی و تواناییەکانی کاریزما لە کوێ راوەستابێ؟

وێبەر لە هەمبەر پرسیارێکی وا پێوانەیەک بە مەرجی سەردەکی دەزانێ. ئەویش ئەوەیە کە داخوا چەندە ئەو کۆمەڵگاو خەڵکەی رێبەری کاریزمایی ئیدیعای کاریزمابوونی تێدا دەکا، بەدەنگییەوە دێن و قەبووڵی رێبەر بوونی دەکەن. لەو جێگایەی بانگەواز و داواکاریی کاریزما کەسێک بەپیرییەوە نایە، کاریزما بوونی ئەویش دەچێتە هەمبانەی فەرامۆشییەوە. بە واتایەکی تر بیچم و فۆرمی ئەو سەروەرییە تەنیا کاتێ رەوایە کە خەڵک باوەڕی بە توانایی و لێهاتوویی دەگمەن ئەو کەسە هێنابێ.

واتە "قودرەت و توانایی سەروەریی کاریزما پێگەکەی لەسەر توانایی دەوروبەرەکەی و لایەنگرانی و کەسانێکە کە باوەڕیان پێیەتی". (٤٥)

دەم و کاتی سەرهەڵدانی رێبەرێکی کاریزمایی برگەیەکیترە لە کارەکەی ماکس وێبەر. لەم بوارەشدا پرسیار ئەوەیە لە چ کەشوهەوایەک دا پێویستیی بوونی رێبەرێکی کاریزمایی دێتە ئاراوە؟ ئایا هاتنە مەیدانی کاریزما پێویستی بە بارودۆخێکی تایبەتییە یاخۆ لە گشت دۆخێکی ئاسایی‌دا رێبەری کاریزمایی دەتوانێ سەرهەڵبدا؟ لە روانگەی ویبەرەوە کەسایەتیی کاریزمایی بەر لە هەر شتێ بەرهەمی قۆناغێکی هەستیار و نائاسایی و قەیرانی کۆمەڵگایە. واتە مرۆڤی کۆمەڵگاکان لە گشت سات و کات و قۆناغێکی ژیانی ئاسایی کۆمەڵایەتییان باوەش بۆ کاریزما ناکەنەوە و پێویستیان بە رێبەری کاریزمایی نییە. رێبەری کاریزمایی ئەو کاتە سەر هەڵدەدا کە خەڵک هەست بە پێویستی دەکەن و کۆمەڵێک بۆشایی و تەنگژەی مەزن رووبەڕووی کۆمەڵگا بووەتەوە. لە وەها دۆخێکی هەستیارداو بۆ

وەڵامدانەوەی ئەو هەڵومەرجەی نیشانەی نائاسایی پێوە دیارە، پێویستیی بوونی کاریزماش بۆ کۆمەڵگا دێتە ئاراوە، وەک: "تەنگ و چەڵەمەی گەورەی روحی و جیسمی، ئایینی و ئابوری، ئەخلاقی و سیاسی... لە وەها دۆز و دەمێکی قەیرانی دا کەسایەتیگەلێک دێنە مەیدان، بەهۆی کۆمەڵێک توانایی و بوونی تایبەتمەندیی بێوێنە (کە لە خەڵکی ئاساییدا بەدی ناکرێ) متمانە و باوەڕی خەڵک رادەکێشن بۆ رووبەڕووبوونەوە لە تەک ئەو گرفتانە". (٤٦)

لەوەها دۆخێکدا و بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو کەلێن و بۆشایی و تەنگژانەی لەو کۆمەڵگایەدا هاتوونەتە ئاراوە، پێویستیی بوونی کاریزماش هاتووەتە گۆڕێ، لەو رووەوە ویبەر لای وایە:

"رێبەری کاریزمایی لە گشت وڵات و سەردەمێکی مێژوویی بوونی بووە". (٤٧)

واتە سەرهەڵدانی رێبەری کاریزمایی تایبەت بە ژینگە و کولتور و نەتەوەیەکی تایبەت نییە. هەموو کۆمەڵگایەک دەتوانێ رێبەری کاریزما بەخۆیەوە ببینێ کە تێیدا هەست بە قەیران و گرفت و بۆشاییەکی گەورە کە خەڵکی ئاسایی پێیان وابێ بەبێ بوونی رێبەرێکی بەتوانا لە توانایاندا نییە بەگژ ئەو گرفتانەدا بچنەوە.

بۆ وێنە هاتنە سەرکاری دۆگۆل یان ناپلئۆنی هەوەڵ و سێهەم نیشان دەدا کە بێهیوایی و هەلومەرجی قەیرانی کۆمەڵگا دەبێتە هۆکارێکی گرینگ بۆ هاتنە ئارای سەرکردەی کاریزماوە. ئەم خوێندنەوەیە دەتوانێ بەردەبەرە لەو مەسەلەیەشمان نزیک بکاتەوە کە بگوترێ چەشنی رێبەرانی کاریزمایی دیاردەیەکی فرەچەشنن و بەگوێرەی ژینگەو کولتور و پێداویستییەکانی رۆحی و ماددیی هەر وڵاتێک و جۆری سەرکردەی کاریزماش لە یەکتر فەرق و جیاوازییان دەبێ. چەشنی کاریزمایەکی کە لەسەدەی حەوتەمی زایینی بەهۆی "لویی چواردەهەمەوە" سەرکردایەتیی دەکرا کە دەیوت: "ئەز دەوڵەتم" "Letat Gestmaoi"و یاسای دەوڵەت لە تەنگەی باغەڵی خۆم دایە، لەگەڵ "ناپلئۆن بناپارت" لەسەدەی نۆزدەهەم دا لە نێوانیاندا هەڵگری جیاوازییەکی گەورە بوو.

"لە جێگایەک شەڕ... لە پانتاییەکی بەرین و بەردەوام لە ئارادا نەبێ، سەرداریی شەڕ و ئاشتیش، پێویستی هاتنە ئارای نابێ... سەرداریکی شەڕ تەنیا کاتێ دەتوانێ وەک دەسەڵاتێکی کاریزمایی بەردەوامیی هەبێ کە شەڕیش بوویێتە دیاردەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام". (٤٨)

لە راستیدا چەمکی کاریزما بە مانای وێبەرییەکەی بەمانای بلیمەتی و توانایی و لێهاتوورییەکانی دەگمەنی کەسایەتێکی رێبەرە. ئەو رێبەرەش هەروەک تا ئێستا لە وێنەی ئەزموونە مێژوورییەکاندا دیتراوە، دەتوانێ هەم رۆلی بونیاتنەرانەی هەبێ بۆ کۆمەڵگاو نەتەوە، هەمیش تێکدەرانە. هەم دەتوانێ چەرخی کۆمەڵگایەک بەرەوپیش بەرێ، هەم بەپێچەوانەکەشی دەتوانێ کارەسات و ماڵوێرانی بۆ وڵاتێک بەرهەم بێنێ. لە دنیای واقع کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وێنەی هەر کام لەو دوو جۆرە کاریزمایەی بەخۆیەوە دیوە. هیتلر و موسولینیشی دیوە و پێشەوا قازی محەممەد و ماندیلا و گاندیشی بەخۆیەوە بینیوە. کاریزمای یەکەمین بوو بە سەرچاوەی کوشتار و خوێن و فرمێسکی

بەملوێن مرۆڤی بێتاوان. دەسەڵاتی کاریزمایی دووهەمیشیان بوو بە هۆی رزگارکردنی خەڵکی سێ وڵات لە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی ناسیۆنالیزمی فارس و ئیستیعماری بەریتانیایی و ئاپارتایدی رەگەزی و گەڕاندنەوەی کەرامەتی ئینسانی.

دەسەڵاتی کاریزمایی بەگوێرەی روانینی ویبەر قۆناغێکی تێپەڕە، واتە هەموو: "بزووتنەوەیەکی کاریزمایی لە رەوتی ئاسایی بوونی دا لەوانەیە یا بەرەو سوننەتخوازی مل بنێ یاخۆ بەرەو دەسەڵاتێکی دنیایی". (٤٩)

جیهانبینیی رێبەری کاریزمایی و ئاستی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوریی هەر کۆمەڵگایەک رۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ، لەوەی کە سەرئەنجام دەسەڵاتی کاریزمایی لە کام یەک لە دوو فورمەکەی تردا خۆی ببینێتەوە.

سەروەریی سوننەتی:

"سەروەریی سوننەتی لەسەر بنەمای بیر و باوەڕی بە ئۆتۆریتە (متفەرک بوون و پیرۆزی) دادەمەزرێ... نموونەی لواوی ئەوەش بریتین لە "ریش سپی"و "بەتەمەنەکان"، "قەشە" یان "شێخ"و "سەرۆک عەشیرە"و "باوی پاشا" ئەم فورمە لە نموونەی بەساڵداچووانی گوندێکی ئەفریقاییین کە خاوەنی فەرمانن و ئەوانی دیکە کە دانیشتووی گوندن وەک رەعییەت بەگوێی دەکەن. ئەو پیرترینە بەپێی شیاوییەکەیەوە بەو پلەیە نەگەیشتوە، بەڵکوو ئەو داب و سوننەتەیە کە بووەتە قانوون و دەسەڵاتی کە پێوەندیی بەوە هەیە قبووڵکراوە و سەروەریی دراوەتێ. لە چەشنی ئەوەش ستركتورو بیناکانی گەورەپیاو و مەزنانە کە ناو و لەقەب و ئیمتیاز بە میراث دەدرێ."(٥)

تایبەتمەندی و سروشتی ئەو دەسەڵاتە ئەوەیە لەلایەن بازنەیەکی بچووکی چەند کەسییەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ کە حوکمی رەهاو بێ لێپرسینەوەی هەیە. داب و نەریتی جێگیر و بێ پرسیار، تایبەتمەندیی هەرە گرینگی ئەو جۆرە دەسەڵاتەیە. ئەو دابو نەریتانەی بەهۆی مێژووەوە پیرۆز کراوە و ریشەی لە سەردەم و رۆژگارێکی یەکجار زۆر کۆن دایە و لەلایەن نەوەکانی پێشووەوە پەسند کراوە، واتە لەو چوارچێوەیەدا نەریت خزمەتی بەردەوامی و پاراستنی ئەو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییانە دەکا کە لە جیلێکەوە بۆ جیلێکیتر گواستراوەتەوە و بەتەواوی دەوەستێتە سەر ئەو دیاردانەی کە هەمیشە بوون یان بووە و لەلایەکی تریشەوە بەتەواوی گرێدراوی سیستمی ویراسیی هێز و ئیمتیازەکانە.

بەگوێرەی دیتنی ویبەر هەر کام لەو سێ شەرعیەتە، بۆخۆیان رێکخستنی سیاسیی تایبەت بەخۆیان لە کۆمەڵگادا دادەبەزێنن بۆ وێنە دەسەڵاتی ترادیسیۆنی، رێکخستنی باوکسالاری پێکدێنێ. یاخود لەدەسەڵاتی یاسایی را رێبەرە یاساییەکان لە دەزگای بوروکراتیک دا دەرەتانی سەرهەڵدانی دەبێت...

لەو نێوەدا لەگەڵ ئەوەی نێوەرۆک و مکانیسم و ئاراستەی هەر کام لەو سێ مۆدێلە خۆ لە خانەیەکی بەتەواوی جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکتردا دەدۆزنەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوە لە هەر سێ مۆدێلەکەدا خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا دەبینرێ، ئەویش ئەوەیە کە سەرچاوەی شەرعییەتی هەرسێکیان بۆ مەسەلەی باوەڕمەندی دەگەڕێتەوە. باوەڕمەندی بە قانوون، باوەڕمەندی بە سوننەت و سوننەتخوازی و

هەروەها باوەڕمەندی بە لێهاتوویی و بلیمەتی و ئاکاری بێوێنە و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەکیدەگمەن و هەڵکەوتوو، واتە کاریزمایە.

لێرەدا رەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێشێ و بگوترێ بۆ چی لە تیئۆریی وێبەردا دەسەڵاتێکی سوننەتی شان لە شانی دەسەڵاتێکی یاسایی دەدا و خۆ لە خانەی دەسەڵاتێکی رەوادا دەبینێتەوە و داخوا تۆ بڵێی شەرعییەتی ئەم فۆرمۆلە لە دەسەڵات لە کوێ دایە؟

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین روانینی وییەر بۆ مەسەلەی دەسەڵات روانینێکی بەتەواوی کۆمەڵناسانەیە و کاتێک لە باوەڕمەندیی بە رەوایی دەسەڵاتێک دەدوێ مەبەستی ئەوە نییە بە شێوەیەکی "ئۆبژەکتیوانە"و بە چاوی کەسێک کە لە دەرەوەی ئەو دەسەڵاتە دەڕوانێ، لەسەر ئەو دەسەڵاتە داوەری بکا. بێگومان بەچاوی گشت چاوەدێرێکی بێلایەن کە بیهەوێ بابەتیانە لەو شێوە دەسەڵاتە وەرد بێتەوە دەسەڵاتی سوننەتی دەسەڵاتدارەتییەکی نارەوایە.

لێرەدا پرسیارێ سەرهەڵدەدا: ئایا ئەو خوێندنەوەیە دەتوانێ پێناسەی ئەو کۆمەڵە خەڵکەش بێ کە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتێکی نەریتی دا ژیان دەبەنە سەر؟ بێگومان نا. بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لەوەها کۆمەڵگایەکی نەریتیدا دەژین، دەسەڵاتی نەریتی، دەسەڵاتێکی رەوایە. هەر بەو هۆیەشەوەیە وییەر ئەو جۆرە دەسەڵاتە، لە کاتی پۆلین کردنی جۆرەکانی دەسەڵات دەخاتە ناو خانەی دەسەڵاتێکی رەواوە.

وییەر لە ناوەندی ئەو تەوەرانەدا، لە هەوڵی ئەوە دایە ئەوە شی بکاتەوە بۆ چیو بەهۆی بوونی چ فاکتۆرێک ئەو کۆمەڵە خەڵکە ئامادەن شەرعییەت بەو دەسەڵاتە بدەن، بێگوێ دانە ئەوەی کە بزانێ ئەو باوەڕە لە کوێوە هاتووە یاخۆ ئەوەیکە بزانێ لە رووی ئەخلاقییەوە سەلمێنراوە یا نا؟

بەگوێرەی ئەو دەربڕینە، سەرەوەری و شەرعییەت دوو رووی یەک دراون. بەو مانایە کە هەموو دەسەڵاتێک خۆی لە دوو جەمسەردا دەدۆزێتەوە، جەمسەرێک دەسەڵاتدارانن کە رکێفی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و جەمسەرێکی تر ئەو خەڵکانەن کە لە ژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا دەژین. لەو نێوەدا ویستی گشتی و رەزامەندیی خەڵک بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتێک گرینگییەکی چارەنووسسازی هەیە و ویست و ئیرادەی خەڵک ناکرێ بەلاوە بخرێ. هەر بۆیە وییەر لای وایە: شەرعییەت شتێک زیاتر یا خۆ کەمتر نییە لە مافی حوکمرانی و هەر بۆیە سیستەمێکی حوکمرانی بە شەرعییەت پێناسە دەکا.

لەگەڵ ئەوەی تیرۆانینەکانی وییەر بە زۆری سەبارەت بە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکانە و ئێمە دەبێ بە وریاییەوە لەگەڵی بکەوینە رێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا پرسیاری سەرەکی بۆ ئێمە لێرەدا ئەوەیە گەلۆ دەسەڵاتەکەی پێشەوا لە کوێی ئەو دابەشکردنەدا خۆی دەبینێتەوە؟ ئایا دەسەڵاتەکەی، دەسەڵاتێکی رەوا بوو یا خۆسەپێن؟ ئەگەر رەوا بوو ئەو رەواییە لە کوێوە سەرچاوەی دەگرت؟ لەوانەش گرینگتر فۆرمی ئەو دەسەڵاتە دەتوانین لە ژێر کامە یەک لە جۆرەکانی سەرەوەیدا جێ بکەینەوە؟

جۆری دەسەڵاتەکەی پێشەوا

جۆرو چەشنی دەسەڵاتدارەتییەکەی پێشەوا چ لە رووی فۆرم و چ لە ناوەرۆکدا نە تەنیا نامۆ بە چەشنی دەسەڵاتدارەتییەکی نەریتی بوو، بەڵکوو بەتەواوی لە بەرانبەر جۆرە دەسەڵاتێکی وا دا خۆی دەدیتەوە. فەلسەفە و نێوەرۆکی ئەو دەسەڵاتدارەتییە گوتاری نەتەوەخوازی بوو. رزگار کردنی نیشتمانی کورد لە دەسەڵاتی داگیرکەرانە، بونیادنانی ماڵێکی سیاسی بۆ نەتەوەو پاراستنی نرخ و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی بڕبڕەی پشتی گوتاری ئەو نەتەوەخوازییە بوو.

لەو نێوەشدا دەسەڵاتەکەی پێشەوا، دەزگایەک بوو بۆ دەسەڵاتدارەتی نەتەوە بۆ ئەوەی لە لایەک کورد لە بێ دەوڵەتی رزگاری بێ و لە لایەکی تریشەوە پاراستنی زمان و کولتور و جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و هێمنی و ئاسایشی سنووری نیشتمانی نەتەوە لە مەترسییەکان بپارێزێ. پێبەپێی ئەو هەوڵانە، هەموو وزە و توانای ئەو دەزگایە لە ماوەی ئەو ١١ مانگەدا بۆ ئەوە تەرخان کرا ئینتیمای نەتەوەیی و کورد بوون لە بەرفراوانترین مانای خۆی دا جێگا بە ئینتیمای فیکری و ناوچەیی لێژ بکا و تێڕوانینێک باڵ بەسەر مێشک و بیری مرۆڤی کورد دا بکێشێ کە کوردبوون لە ناسنامەی نەتەوەیی و هەستی هاوچارەنووسیی هاوبەش دا وەبیندرێ.

لەم بارەیەوە لە رۆژنامەی "کوردستان" دا هاتووە:

" پاش چەندین ساڵ دەربەدەری و سەرکزی و بەند و تێهەڵدانی بێئەژمار و قورپەسەری و هەژاری، لە پاش ئەوەی بە ئیشارەی دوژمنان بەنێوی مەنگور و مامەش و زەرزا و دێبوکری و گەورک و گەڵباغی و... کەوتبووینە گیان و ماڵی یەکتر خوێنی یەکترمان دەمژی و دەڕشت و بۆ قازانجی شەخسی خۆمان هیچ شتێکمان نەدەهاتە بەر چاو و هەر خەریک بوین دوبەرەکی و تەفرەقە بخەینە نێو یەکتر، بە کورتی پاش ئەوەی هیچ وەختێک لەبیری هاونیشتمانی خۆمان دا نەبووین و لە تەپوتۆزی زەمانەدا بە غەیری نەفعی خۆمان بیرێکمان نەبوو.. ئێستا لە کوردستاندا نێوی مەنگور و مامەش و زەرزاو دیبوکری و... هەر پیتی کە بۆنی جودایی لێ بێ ناکورێ. هەموو یەک دەنگ دەڵێن ئێمە کوردین، کوردمان دەوێ. ئێمە و سەرکزیمان بە سەربلێندی و هەژاریمان بە دەوڵەمەندی و دووبەرەکیمان بە یەکێتی گۆڕیوەتەوە". (٥١)

پێشەوا جیا لەوە رێبەر بوو، کەسایەتییەکی رێکخەرو داهینەریش بوو. بیری ورد، ئەزموون و تاقیکردنەوەی دەوڵەمەند و زانابییەکەی سیستەمێکی سیاسیی ئەوتۆی بۆ نەتەوەکەی خۆڵقاند کە پاش ٦٣ ساڵ، باشترین نموونەی فیکریی مرۆڤایەتیی هەر ئەوە دەخوڵقێنێ. بەو مانایە ئەم دەسەڵاتە هەروەک لە نێوەرۆکدا لە تەک سروشت و نێوئاخنی دەسەڵاتێکی نەریتی لە نوختە بەرانبەری یەکتردا بوون لە رووی بیچم و فۆرمیشەوە دەچوونە دوو خانەی دژ بەیەکەوە، فۆرمی دەسەڵاتدارەتییەکەی پێشەوا کۆماری بوو. دەسەڵاتی بە دەزگا بوون لەو چوارچێوەیەدا بە مانای دەسەڵاتێک بوو کە تا رادەیەکی بەرچاو لە گەلێک بواردا رادەی دەسەڵات و شێوەی بەکاربردنی لەسەر بنەمای رێسا و یاسایەک دیاری کرابوو. واتە دەسەڵاتەکە لە کۆمەڵێک بونیاتی وەک دەوڵەت و دامەزراوەدەوڵەتییەکان بەرجەستە دەبووەوە کە بەرپرسان بە پشت بەستن بە بریار و پەسندکراوەکانی ئەم دامەزراوانە ئەرکی خۆیان بەڕێوە دەبرد.

ملکەچی و گوێڕایەڵیی خەڵکیش لە دەم و کاتی دابەزاندنی ئەو یاسا و پەسندکراوانە، بۆ ئەوە نەدەگەڕاوە خەڵک بزانن لە چ کەسێکەوە بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵکوو لە روانینی گشتیی خەڵکدا ئەو پەسند کراوانە بە وێنەی بڕیاری دامەزراو و دەزگای دەوڵەتێکی نەتەوەیی لێ رواندراوە کە لە غەمی ئەوە دایە نەزمێکی کۆمەڵایەتی لە پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان دا دامەزرێنێ. هەر بۆیە حازر بوون وەک ئەندامێکی کۆمەڵ پێڕەویی لێ بکەن و ملکەچی پەسەندکراوەکانی بن. واتە ئەو پێڕەوییە، بە مانای ملکەچ کردن بۆ تاکێکی خاوەن دەسەڵات نەبوو، بەڵکوو بە مانای ملکەچ کردن لە پەسەند کراوی دەسەڵاتێکی سیاسی وەرگیراوە کە حوکمی وڵاتی کردوە.

بۆ وێنە بە مەبەستی دانانی سنوورێک بۆ چوونە سەری نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک دەزگای بەڕێوەبەریی کۆمار دێتە سەر ئەو باوەڕە بۆ کۆمەڵێک لەو پێداویستییانە نرخی دیاری کراو پەسند بکەن. کاتێ لە ژمارە ٣٤ی "کوردستان"دا لە دواییین رستەکانی ئەو ئاگاداریە ورد دەبینەوە لەپێشدا دەبینین سەرۆکی شارەداری دەنووسرێ، پاشان ناوی خوالێخۆشبوو عەلی خسروی وەک سەرۆکی شارەداری سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ. لەو نێوەدا لەلایەک سەرۆکی شارەداری دەبینی کە لە چوارچێوەی ئەرکی بابەتیانەی خۆی ئاگاداریەکی کە لە دەزگاکانی بانتر پەسند کراوە بە رای گشتی دەگەیەنێ، لەلایەکی تریش بازرگان و بازاڕیانی شاریش دەبینی کە ئەو بڕیارە نەک وەک بڕیارێکی تاکێکی خاوەن دەسەڵات بەڵکوو وەک پەسند کراوی دامەزراوێکی دەسەڵاتێکی سیاسی دێتە قەبووڵ کردن کە لە وڵاتەکەیدا حکمرانە و بۆ بەڕێوەبردنی وڵات خاوەنی کۆمەڵێک پەسند کراوە و بڕیار و یاسایە.

لەو پێوەندییەدا نە خاوەن بڕیار ئاغا و مرۆڤێکی بەرزتر بووە نە خەڵک رەعیەت و ژێردەست و ژێر چەپۆکە. یەک ئەرکی خۆی بەپێی یاسایەکی پەسندکراوی دەوڵەتی بە رای گشتی دەگەیەنێ و ئەوەی تریش بەهۆی ئەندامەتی لە کۆمەڵ گوێڕایەڵی حوکمرانی کاربەدەستانی دەسەڵات دەکا. ئەو هێمایانە لەوە دەدوێن جۆری دەسەڵاتدارەتییەکەی پێشەوا کە لە بیچمێکی سیاسی- حقووقی بە ناوی کۆماردا هاتبووە گۆڕێ، ناچێتە خانەی سروشت و تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتێکی نەریتییەوە.

کەوشەنی دەستەی ئیدارەی دەسەڵاتی نەریتی بە شێوەی باو لە سەر بناغەی نەریت لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی سەرۆک بە دەگمەن واوەتر دەچێ، کەچی بەپێچەوانە لە دەسەڵاتدارەتییەکەی پێشەوادا، هەوڵ درابوو تا ئەو جێگایەی دەلوێ نوێنەری زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریی ئەو کات لە ناوەندی دەسەڵات و بڕیاردان دا خۆ ببینێتەوە و پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی ئاوێنەی باڵانوێنی فرەچەشنی و جیاوازییەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەخۆ بنوێنێ.

بەواتایەکیتر: دیاری کردنی بەرپرسان و کاربەدەستانی پایەبەرزی کۆمار لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی حکومەتی دا بۆ ئەوە نەدەگەڕایەوە چەندە ئەو کەسانە ئیرادەتی شەخسییان بۆ پێشەوا هەیەو پێوەندییەکانیان لە چ ئاستێکی شەخسی و بنەماڵەیی لەگەڵ پێشەوا دایە. پێوانەگەلێکی لەم چەشنە تایبەت بە دەسەڵاتێکی نەریتییەو لەگەڵ جۆری جیهانبینی پێشەوا فەرقو جیاوازیی بنەڕەتی هەبوو. بۆ ئەم بوارە هەوڵ درابوو تا ئەو جێگایەی دەکرێ پێوانەگەلێکی وەک شارەزایی و ئەزموون و تاقیکردنەوەی بە کردەوە دەگەڵ گەل دۆستی و خۆشناوی بکرێتە پێوەرێک بۆ دیاری کردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی کەسایەتییەکان لە پلە جۆراوجۆرەکانی حکومەتی دا.

بۆ وێنە مامۆستا مەلا حوسینی مەجدی بۆ ئەوە نەکرا بووە رەئیسی عدلیە و داد چونکە پێوەندییەکی شەخسی و بنەماڵەیی باشی لەگەڵ پێشەوادا بوو. بەڵکوو بۆ ئەوە بوو پسپۆڕ و شارەزای ئەم بوارەی سەردەمی خۆی بووە. یاخۆ میرزا مەنافی کەریمی و سەدیقی حەیدەری بۆیە کرابوونە وەزیری فەرهەنگ و تەبلیغات چونکە کەسایەتییەکی فەرهەنگی و رووناکبیری چەرخی رۆژگاری خۆیان بوون.

هەر بەو پێیە چەشنی دەسەڵاتدارەتییەکەشی بەدوور لە هەوڵدان بۆ پاراستن و بووژاندنەوەی نەریتخوازی بوو. هەر لەو ماوە کەمەی ئەو ١١ مانگە دا بەگوێرەی دەرفەت و دەرەتان هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەوەی ئەو نەریت و رێوشوێنانەی کۆسپی سەر رێگای گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵی کوردەواری بوون، بەرەو کزی و لاوازی ببردرێ، هەر لە بوارەکانی پەروەردە و بارهێنان و پەرەپێدان بە خوێندن و خوێندەواری لە نێو کۆمەڵی کوردەوارییەوە بگرە تا دانانی کۆمەڵێ یاسای ژیانی کۆمەڵایەتی و بونیات نانی دەزگای ئیداری و حکوومەتی بۆ راپەڕاندنی گرفت و پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سەرجەم بۆ ئەو مەبەستە بوو پێشکەوتن و بەرەوپێش چوون لە کۆمەڵی کوردەواری دەستەبەر بکرێ. لەو نێوەدا بنەمای گەیشتنی پێشەواش بە لوتکەی پلەی رێبەری، لەگەڵ چۆنییەتیی بەدەسەڵات گەیشتنی رێبەرێکی نەریتی بەتەواوی جیاوازیی هەبوو. ئەم دەسەڵاتە بەر لە هەر شتێ بەرهەمی میراتێکی بنەماڵەیی نەبوو کە لە ئاکامدا بە پێشەوا گەیشتبێ. لەگەڵ هەموو گەلدۆستی و ناوبانگ و رێز و متمانەیەکی کە لە کۆمەڵی کوردەواری بنەماڵەی قازی هەیانبوو، تا ئەو کات هیچکام لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە رێبەر و رێکخەری دەسەڵاتێکی سیاسی نەبوون، تا لەوانەوە مەسەلەی رێبەری بۆ پێشەوا بەمیرات گەیشتبێ. واتە دەسەڵاتی پێشەوا، لە چەشنی دەسەڵاتێکی بەمیرات گەیشتووی بنەماڵەیی و نەریتی نەبوو. هەر بەهەمان شێوە نەریت و میراتیش، هۆکارگەلێک نەبوون بۆ ئەوەی پێشەوا بتوانێ بە هۆی ئەو دیاردانەوە رێبەریی بزووتنەوەی کورد بەدەستەوە بگرێ.

ئەوە راستە کولتوور و کەشوهەوای رووناکبیرانەی بنەماڵەیی، بە نۆرەی خۆی شوێنی گرینگی لەسەر کاراکتەر و پێگەیاندنی پێشەوا دا هەبووە، بەڵام بۆ گەیشتن بە پلەی رێبەریی نەتەوە و گرتنە دەستی دەسەڵات، کۆمەڵێک تایبەتمەندییتر پێویست بوو، وەک زانایی و تێگەیشتوویی و توانایی رێبەری و باوەڕمەندیی گشتی بە تواناییەکانی گەلەکەی کە لە کەسایەتیی ئەودا کۆ ببوونەوە.

لە رێبەری و دەسەڵاتی نەریتی دا، گوێڕایەڵی ئەندامان دەچێتە قالبی بەجێ گەیاندنی عادەت و سوننەتێکی رابردووەوە، لە حاڵێکدا لە رێبەریی پێشەوادا ئەوەی دەوری سەرەکی گێڕا ویستێکی خوازیارانەی ئەندامانی نەتەوە بوو لەو کاتەدا. هیچ هێزێکی دەرەکی و نێوخۆیی لە ئارادا نەبوو بۆ ئەوەی بەزۆر و بە تۆپزی پێشەوا بەسەر خەڵک دابسەپێنن. سروشتی ئەم دەسەڵاتە تێک هەڵکێشێک بوو لە نێوان دەسەڵاتێکی کاریزمایی و سەروەرییەکی یاسایی و ئەقڵانی. هەروەک چۆن دەسەڵاتی دۆگۆڵ لە کۆماری پێنجەم دا تێکەڵاوێک بوو لە سەروەرییەکی یاسایی و کاریزمایی. هەڵبەتە بەو جیاوازییەی لە قۆناغی بەر لە راگەیاندنی کۆماردا جۆری دەسەڵاتی رێبەریی پێشەوا، بە تەواوی خۆی لە خانەی سەروەریی رێبەرێکی کاریزمایی دا دەدیتەوە. تایبەتمەندیی ئەو قۆناغە لە رێبەریی کاریزمایی پێشەوا ئەوە بوو ئەو سەروەرییە نە لە سوننەتەوە سەرچاوەی دەگرت و نە لە یاسا. باوەڕمەندیی کۆمەڵگا و خەڵک بۆ کەسایەتی و پەیام و بلیمەتیی پێشەوا و ریسانەتێکی کە ئەو بۆ رزگاربوونی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی لە ئەستۆ گرتبوو، متمانە و هێزی کۆمەڵایەتیی کاریزمابوونی

پێشەوای لە داوێنی خۆی دا پەروەردە کردبوو و گەلێک بڕیاری چارەنووسساز و یەکلاکەرەوە لەوەوە سەرچاوەی دەگرتو دواییین بڕیاری لەسەر دەدرا.

بەڵام بە پێکهێنانی کۆبوونەوەی بەرین و جەماوەریی رۆژی ٢ی رێبەندان و بە راگەیاندنی کۆمار وەک دەزگای دەسەڵاتدارەتیی نەتەوە و بونیاتنانی دام و دەزگای دەوڵەتداری لە هەموو ئاستەکانی پێویست، ئیتر ناکرێ تەنیا قسە لە دەسەڵاتێکی کاریزمایی رووت بکرێ. لەو قۆناغەدا وێڕای مانەوەی جێگا و گرینگی و رۆلی چارەنووسسازی پێشەوا لە ناوەندی داڕشتنی بڕیاری سیاسی وەک رێبەرێکی کاریزمایی، سەروەرییەکی یاساییش دێتە کایەوە، بۆ رێزدانان لە حوکمی یاسا و بڕیار و پەسند کراوەکانی ئەو دامەزراوانە لە کۆمەڵگادا.

داهێنەری ئەو دەسەڵاتە هاوچەرخەش بە پلەی یەکەم بەرهەمی بیر و کردەوەی خودی پێشەوا بوو. بۆ پێش خستنی کۆمەڵی کوردەواری بۆ پێگەیاندنی کادری پسپۆڕ و لێزان، بۆ ناردنی گەنج و لاوی کورد بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی فێربوونی زانست و پسپۆڕی و لێهاتوویی و پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ، پێشەوا بۆخۆی لە پێشەوەی هەمووان بوو.

لە قسەو باسەکانی دا هەموو خۆزیا و بریای پێشەوا بۆ ئەوە بوو خەڵکی وڵاتەکەی بێنە ریزی گەلانی بەختەوەروە. کوردستان گەشەی ئابووری بەخۆیەوە ببینێ. سەنعەت و کارخانە و بنکە و بونیاتی ئابووری لێ دابمەزرێ. بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری وڵات موسسات و دامەزراو دەزگای ئیداری بونیات بنرێ. ئەو لە زمرەی ئەو رێبەرانە بوو قازانج و بەرژەوەندیی خۆی لە سەرخستنی گەل و نیشتمان دا دەدیتەوە.

بۆ پێشەوا چەمکی دەسەڵات ئامراز و کەرەسەیەک بوو بۆ بەدەوڵەت بوونی نەتەوەکەی. پێشەوا دەیویست نەتەوەکەی لە زوڵم و زۆ رزگاری بێ و وڵاتەکەی بە ئاوەدانی ببینێ و نیشتمانەکەی بە سەربەستی. لەو نێوەشدا فەلسەفەی "قودرەت" و "دەسەڵات"ش تەنیا بۆ ئەوە لای پێشەوا بایەخی هەبوو کە ستاتویەکی سەربەخۆ بۆ نەتەوەکەی بونیات بنێ. هەر بۆیە لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی دا قەت بۆ یەک جاریش لە دەسەڵاتەکەی کەڵکی خراپی وەرنەگرت و لە بە دەزگایی بوونی کۆمار، ترس و دڵەخورپەی دەسەڵاتی شەخسی خۆی بەبیردا نەهات. هەر بۆیەش بە مانای راستەقینەی وشە بوو بەکاریزمای نەتەوەی خۆی.

کاریزما بوونی پێشەوا

ئەزموون و تاقیکردنەوەی چەندین ساڵە بۆ ئەو خەڵکەی دەرخستبوو کە لە کەسایەتیی قازی محەممەد دا تایبەتمەندیگەلێکی گرینگ بەدی دەکرێ. هەڵسوکەوتی بەرزی کۆمەڵایەتی و کاری بەردەوامی کولتوری و تێکۆشانی ناو جەرگەی سیاسی و دیپلۆماسیی پێشەوا وێنەیەکی لەبیر و مێشکی ئەو خەڵکە دروست کردبوو کە دەتوانێ هەم لەلایەک روحی هەڵچووی نەتەوەیی ئەوان لە کەسایەتیی خۆی دا کۆ بکاتەوەو هەم لە لایەکی ترەوە لە توانای دایە نوێنەرایەتیی ویستی گشتی و فانتازیای لەمێژینەی نەتەوەیی ئەوان بکا. ئەم دیمەنە لە بیروڕای گشتی، پێشەوای لە ناو کورد دا کردبووە کەسایەتییەکی رێبەر و خاوەن نفووز و خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی. واتە لە

بیروڕای گشتی هەم کەسایەتییەکی جێگای متمانە بوو هەم کەسایەتییەکی کارتێکەر. جێگای متمانە بوو چونکە ئەو خەڵکە لەسەر ئەو باوەڕە بوون، هەموو هەوڵەکانی پێشەوا بۆ ئەوەیە دڵەراوکێ و نائارامیی مرۆڤی کورد دەڕەوێنێ و مرۆڤی کورد بۆ ئەوە هان دەدا لە کۆیلەتی و ژێردەستی رزگاریی بێ. لە هەمان کاتیش پێشەوا کەسایەتییەکی کارتێکەریش بوو، بەومانایە هەم دەیتوانی یەکگرتوویی لە نێو ئەندامانی نەتەوە بونیات بنێ، هەمیش بەرینترین هەژانی نەتەوەیی لەنێو مرۆڤی کورددا بۆ بەدەوڵەتبوون چێ بکا. سەرچاوەی هێزی ئەو کارتێکەرییەش لەبەر ئەوە نەبوو خەڵک وا بیر بکەنەوە پێشەوا نێردراوێکی ئاسمانییە بۆیە دەبێ پابەندی بن. هەر بە هەمان شێوە پێشەوا بۆ خۆشی هیچکات پێی وا نەبوو بەدەسەڵات گەیشتنی خەڵاتێکی ئاسمانییە و لە هێزی گەردوونەوە بۆی بەدیاری هاتووە. فۆرم و نێوەرۆکی ئەو دەسەڵاتە، دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بوو. لە بیری پێشەواش دا بوونی نەتەوە و کیانی نەتەوە پێش بوونی هەموو شتێکی تر بوو.

" پێشەوا نە پێغەمبەر بوو و نە ئیددیعای پیغەمبەرایەتی هەبوو. ئەو رێبەری سیاسی کورد و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو. ئەگەر ئیلهامی پێکرابێ، ئیلهامی خەلک بووە بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان. ئەویش ئەو ئیلهامەی بەجێگەیاند لە جیهانی واقیعدا دایرشت و بە هەزاران کەسیش لە کاتی راگەیاندن و دامەزراندنی ئەو کۆمارە لە دەوری سەرکۆماری کورد کۆ ببوونەوە". (٥٢)

کە وایە ئەم بەشە لە پێناسەی وییەر کە پێی وایە "لە روانگەی پەیرەوانی کاریزماوە، دەسەڵاتی رێبەری کاریزما لە سایەی لوتف و کەرەمێکی کە لە لایەن یەزدانی مەزنەوە بە کەسێکی دیاریکراو دەبەخشرێ، بۆ پێشەوا دەربڕی پێناسەیەکی وەڵامدەر نییە. ئەم بەشە لە پێناسەکەی وییەر دەتوانێ پڕبەپێست و شیاوی پەیام هێنەرانی ئایینی بێ.

پێوەندیی نێوان خەڵک و پێشەواش تەنیا ئەو پێوەندییە نەبوو لەسەر بناغەی سۆز و خۆشەویستییەکی سۆزاویی رووت دامەزرابێ. سەرچاوەی ئەو پێوەندییە بەر لە هەر شت، پێوەندییەکی هزری بوو. خەڵک بۆیە لە دەوری پێشەوا کۆ ببوونەوە چونکە لە غەم و ئازارەکانیان دەدوا. بۆ رزگاریی نیشتمانی کورد و مرۆڤی کورد لە بندەستی و کۆیلەتیی ناسیۆنالیزمی مەزنی خوازی فارس، بەدیلی بە کردەوەی دێنا گۆڕێ، گوتار و بیری پێشەوا لەو مەسەلە گرینگانە دەدوا کە پێوەندیی بە ژیانی رۆحی و ماددیی ئەو گەلەوە هەبوو.

لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی هەر نەتەوەیەک دا و لە هەندێک بڕگەی مێژوویی‌دا، پێویست بوونی کەسایەتییەکی کاریزمایی دەبێتە دیاردەیەکی حەتمی.

کەسایەتییەکی کاریزمایی لەو کاتانەدا و لە نێو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازیی وەک بزووتنەوەی کورد، دەبێتە هۆی فاکتەری یەکگرتوویی و یەکریزیی گشت ئەندامانی نەتەوە بۆ کۆتایی هێنان بە لێکدابڕان و پڕش و بڵاویی رێزەکانی. لە رەوتی ژیاندا هیچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەتاهەتایی نییە. مرۆڤ دەتوانێ ئاڵوگۆڕ لەو دیاردەیە و لە خۆیدا پێکبێنێ. لەو رەوتەدا گەلێک جار کەسانێک هەڵدەکەون کە خاوەن تایبەتمەندییەکی دەگمەنن. بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە لە پێشەوەی هەموانن و دەبنە گەورەترین وزەی هەژانی نەتەوەیی و وەرچەرخانی مێژوویی. دەبنە شەپۆل و دەریای نوستوو دەهەژێنن. دەبنە هێزی لە بن نەهاتووی گەل و چارەنووس دەنووسن. دەبنە رێناس و رێپێشاندەری نەتەوە و شەوەزەنگی تاریکی و دیلەتی دەڕەتێنن. پێشەوا قازی محەممەد ئەو مرۆڤە دەگەمەنە کاریزماییە بوو کە شەوەزەنگی نەزانی و کۆیلەتی شەق کرد. هەتوانێک بوو بۆ برینی هەزاران ساڵەی کورد، بارانێکی رەحمەت بوو بۆ سارای قاقریی کۆیلەتی

و بندەستی. ئەو بوو بە پێشەوای گەل و بەو پەیامە کە پێی بوو هێزی نوستووی گەلی کوردی وەخەبەر هێنا، کۆشکی سەربەرزی و سەربەخۆیی کوردی لەسەردەمی بێدەرەتانی دا، دامەزراند.

دانی ناوی پێشەوا لەلایەن گەلەوە هێما بوو بۆ ئەو کاریزمایە، بۆ ئەو لێوەشاوەییە و بۆ ئەو رێبەرییە کە تایبەتی بوو. ئەو بوو کە هیوای لەمێژینەی کوردی کە هەروەک خەون و خەیاڵ وابوو، هێنایە جیهانی وجودەوە. بە بەردەکەتی زانست و ژیری، کارزانی و خۆشەویستییەک کە بۆ گەلی هەبوو، لە نێو گەل دا بووی خۆش دردەوشا. هەرچەند ماوەکەی کەم بوو، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە ئەو پەیامی خۆی ناردو کۆشکی ئاواتی خۆی و نەتەوەکەی بونیات نا. ئەو بوو بە رێبەر و سەرقافڵەی کاروانێک کە هەزاران بە دویدا رۆیشتن و دەڕۆن. ئەو قافڵەیەی هەرگیز لە پێوانی رێی ناوەستێ.

ئەگەرچی زۆر نەژیا، بەڵام پەیامەکەی هەر ماوەو بە کیژو لاوانی پاشەڕۆژی ئەسپارد. بۆ نەتەوەی کورد، پێشەوا کەسایەتییەکی دەگمەن بوو. پێشەوا غەمێکی گەورە و هەڵگری فانتازییەکی گەوردی نەتەوەیی بوو. لەو رۆژەوە پێشەوا قایل بە وەرگرتنی رۆڵ و دەوری سیاسی لە ژیانی نەتەوەکەی بوو، هەموو زانایی و کردەوەکانی لە پێناوی ئەوە دا بوو چۆن بتوانێ لەو دۆزە ئاڵۆزەی ئەو سەردەمە هەلی بەدەوڵەتبوون بۆ کورد بڕەخسێنێ. لە مێژووی کۆن و نوێ هەر نەتەوەیەک دا هەڵکەوتنی ئەو جۆرە کەسایەتییانە، دیاردەیەکی بەدەگمەنن. لەگەڵ هاتنیان گەورەترین هەژانی نەتەوەیی لەنێو نەتەوەکەیان چێ دەکەن. لە دوای نەمانیشیان مەزنترین شوێنەوار و ئولگوی فیکری لە دوای خۆیان بەجێ دەهێڵن. لە هەمان کاتدا بەدوای نەمانیشیان گەورەترین کەلەبەر دەخەنە نێو ژیانی نەتەوەوەو پڕکردنەوەی بۆشایی جێگای ئەوان ساڵانێکی دوور و درێژ دەخایەنێ.

ژمارە و وێنەی ئەو جۆرە کەسانە لە هەر وڵات و لەنێو هەر نەتەوەیەکدا لە ژمارەی قامکەکانی دەست تێپەڕ نابن.

"نەمان و فەوتان باڵی رەشی بەسەر هەموو کەسێکدا دەکێشێ و کۆشک و تەلار و دام و دەزگایان هەڵدەتەکێنێ. چیرۆکی ژیانی ئەم و ئەو دەشواتەوە و کار و کردەوەیان دەئاخنێتە هەمبانەی فەرامۆشییەوە. بەڵام لەبەرامبەر ئەو جۆرە کەسانەدا سەری رێز و مەزنی دادەنوێنێ، خۆی لە کۆشک و تەلاری ئەوان گێل دەکا لە حاست چیرۆکی ژیان و کار و کردەوەیان دەستی ردق دەبێ. ماوەی ژیانی ئەو جۆرە کەسانە لە باوەشی دایکەوە تا گوێی قەبر نییە. ژیانی ئەوانە بەدرێژایی ژیانی گەلە، کۆشک و تەلاریان دڵی رۆڵەکانی نەتەوەکەیانە، چیرۆکی ژیانی میللەتە و کار و کردەوەیان خزمەتی گەلە". (٥٣)

شەرعییەتی دەسەڵاتی پێشەوا

لە مێژووی بیری سیاسی دا مەسەلەی رەوایی و شەرعییەت جێگایەکی تایبەتیی هەیە. دیارە لە هەر کات و سەردەمێکدا خەڵک تێگەیشتنێکی تایبەتیان هەیە بەرانبەر بە واتای بەکردەوەی ئەو چەمکە و لە حاست ئەو کەسانەی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن. ئەم تێگەیشتنەش لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی ترو لە کاتێکی تایبەتەوە بۆ کاتێکیتر دەگۆڕدرێ. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە کاتی باس لە

سەر شەرعیەتی دەسەڵات خۆ لە حاند دوو روانگە دا دەبیننەوە. روانگەیەکی فەلسەفی و روانگەیەکی کۆمەڵناسانە. روانگەی فەلسەفی دەگەڕێتەوە بۆ هزروانانی فەلسەفەی بیر و سیاسەت و لەو نێوەشدا کۆمەڵێک پێوەری وەک: عەدالەت، فەزیلەت، ئیعتیدال و کەمالی ئینسان دەکەنە پیوانەی شەرعیەت بۆ دەسەڵاتێکی سیاسی.

لەم خویندنەوەیەدا بۆ چەمکی شەرعیەت پرسیارگەلێکی لەم چەشنە دەوروژێنداری و دەگوترێ: سەرچاوەی شەرعیەتی گشت حوکمرانێک، گرێدراوەیی جۆری ئەم مەبەست و ئامانجەیە کە لە هەوڵی دابەزاندنی دایە. لەو نێوەشدا حکومەتگەلێک هەڵگری شەرعیەت و دەچنە خانەی دەسەڵاتێکی رەواوە کە هەموو سەرقاڵییەکانی لە پێناوی ئەوە دابێ، بەدوای مەبەست و بایەخە ئەخلاقییەکانی وەک "عەدالەت، سەعادەت و خێرخوازی... دا بگەڕێ. هەر لەو سۆنگەیەشەوە ئیتر بەگوێرەی ئەو روانگەیە پێوەرگەلێکی وەک: "رەزامەندیی گشتی" "دەنگی زۆرایەتی" و "ئیرادەی گشتی" بۆ رەوایی دان بە دەسەڵاتێکی سیاسی نایەنە هەژمار. بەڵام لە روانگەی کۆمەڵناسانەدا بۆ مەسەلەی "رەوایی" بەر لە هەر شتێ لەو سووچەوە لێی دەڕواندرێ کە: هۆکار و سەرچاوەی لەدایک بوون و بەردەوامیی دەسەڵاتیکی سیاسی لە گردوی چی دایە و سنووری نێوان دەسەڵاتێکی رەوا و ناڕەوا بە چ مەرج و پێوانەگەلێک دەسنیشان دەکرێ؟

لەم خویندنەوەیەدا لەهەر جێگایەک دەسەڵات لەسەر باوەڕمەندی و رەزامەندی و ویست و ئیرادەیەکی گشتی وەستابێ، ئاماژەیە بە شەرعیەت و یاسایی بوونی سیستەمێکی سیاسی. بەو مانایە پلە و ئاستی رەوایی هەر چەشنە سیستەم و دەسەڵاتێکی سیاسی، گرێدراوی ئەوەیە چەند ئەو دەسەڵاتە پشت ئەستوور بە رەزامەندی و ویستی گشتی خەڵک وەستاوە. ئێستا ئەگەر لە میانەی ئەو باسەدا لە روانگەیەکی کۆمەڵناسانەوە لە کۆبونەوەی ٢٠ هەزار کەسیی رۆژی ٢ی رێبەندان بڕوانین دەبینین پێشەوا لەیەک کاتدا دەبێتە هەڵگری دوو جۆر شەرعیەت. شەرعیەتی رێبەرێکی کاریزمایی و شەرعیەتی یاسایی سەرکۆماری کوردستان. ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییە گشتییە، لە راستی دا پەسند و رەزامەندییەکی خوازیارانەی کورد دێتە ژماردن بۆ بە رەوایی‌دانێکی یاسایی بە کۆمارو سەرکۆمارەکەی.

لە باری وێنەی مێژووییەوە مرۆڤ دەتوانێ ئەم شێوە رەزامەندی و دەنگدانەی لە رۆژی ٢ی رێبەندان بە بەشداریی پتر لە ٢٠ هەزار کەس بۆ کۆمار و سەرکۆمارەکەی درا، لەگەڵ جۆری دێمۆکراسیی شارە دەوڵەتەکانی یونانی باستان بنرخێنرێ. جۆری دیمۆکراسیی شارە دەوڵەتەکانی یونانیش لە چەشنی جۆری دیمۆکراسییەکی راستەوخۆ بوو. خەڵک بەشێوەیەکی راستەوخۆ تەعبیری لە ئیرادەی گشتی و بڕیاری سیاسیی خۆی دەکرد. لە رۆژی دووی رێبەندانیش نوێنەرانی زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئیرادەی گشتی و رەزامەندیی خۆیان دەکەنە بنەمای رەوایی و مەشروعییەتی ئەو قەوارەیەو سەرکۆمارەکەی.

رۆژنامەی "کوردستان" ئەو رۆژگارە لە دەسپێشەخەرییەکی داهێنەرانەی دا گۆشەگەلێکی دیمەن و شکۆی ئەو رۆژە بۆ خوێنەری ئەورۆیی کورد لە فەوتان دەپارێزێ و دەنووسێ:

"رۆژی ٢٨ی بەفرانبار (دیماه)ی ١٣٢٤ی شەمسی هەیئەتانی مودیرەی هەمو لکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و نوێنەرانی قەبایل و عەشایر و تەواوی تەبەقات لە مالیک و غەیرە مالیک هەر یەک لە چەند سەد فرسەنگ رێگاوە بۆ کانونی ئیحساساتی میللی و

قیبلەی ئارەزو و رووناکیدەری ئەفکاری هەموانی خۆیان: شاری پر لە ئیفتیخاری میللی مەهاباد وەکوو بلبل بۆ لا گوڵ و وەکو پەپولە بۆ دەوری چرا هاتن و کۆبوونەوە لەم ویشکە سەرمای چلەی زستان بەنێو بەفرە رنوی زۆردا چەند هەزار برایانی ئێمەی تەنیا بە حوکمی ویجدان وەکو عاشق بۆ لای مەعشوق یا چاتر بڵێم وەکو ئاسن بۆ لای ئاسنرفێن (آهن‌ربا) بە توندی لێکیان داو هاتن... عەشقی نیشتمان، عەشقی ئازادی و سەربەخۆیی، عەشقی پێشەوای خۆشەویست و رەهبەری بزورگەواریان ئەوانی وەرێ خست بو... دڵان هەموو پیکەوە لەیەک سەرچاوە پر لە میهر و وەفا بوون، گیانیان هەموو دەگەڵ یەک جوت و لەیەک مەنشەئەوە شین و سەوز ببوون: حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئەو دڵانەی پێکەوە راگرت و هەستی میلییەت ئەو ئەرواحەی بەیەکەوە بەستبوو". (٥٤)

"ئەوەتا رۆژی دووی رێبەندان (بەهمەنماه)ی ١٣٢٤ ساتی ٨ی بەیانی خۆشترو رووناکتر رۆژانی مێژوویی شەش هەزار ساڵەی تۆ گەیشتوە، لە سێرێی قازی، هیزی بەهیزی دێمۆکرات بەساز و بەرگ و ئەسلەحەوە لەلایەکەوە، قوتابییەکانی کچان و کوڕانی هەموو قوتابخانەکان و لەلایەکی دی بیست هەزار نەفەر لە تەواوی تەبەقاتی نەتەوەی بەرزی کورد هەر یەک لە جێی خۆی بە تەرتیب ریزیان بەستووە و ئاڵای سێ رەنگی کوردستان لە هەموو لایەکی میتینگەکەوەو لە راست و چەپی جێگای تایبەتی پێشەوای گەورەی کە لە قەلبی میتینگ دا قەراری گرتووە، دەلارێتەوە.

حوزار هەموو چاویان بڕیوەتە رێی پێشەوا، ئاسمانی مەهاباد رووی خۆی ساف و رووناک کردەوە و رۆژ پەردەی هەوری لە رووی هالایساوی خۆی هەڵگرتووە و هەموو چارەنووسی مەوکیبی موبارەکی پێشەوان... لەم کاتەدا بزۆکی پێشەوای خۆشەویست لەنێو سەلامی نیزامی و چەپلەرێزان هوراو ئیحساسات و شەوق و شەعەفی فەوقولعادەی کۆمەڵ دا وەدەرکەوت و پێشەوای بەرز لە کاتێک دا کە ئەندامانی کومێتەی مەرکەزی لە پشت سەری دەهاتن و ئاڵای سێ رەنگی کوردستان لە راست و چەپی تریبون لە ئیهتیزار دا بوو ئەستۆی بەرزی بۆ ئاسمان هەڵێنا. بۆ نزولی ئیجلالی فەرمو. موتابیقی بەرنامەیەک کە لە پێشدا سازکرا بوو بە تەواوی حوزرا رۆژباشی فەرموو پاشان تەشریفی لە تریبوون هاتە خوارێ و بە پیش تەواوی گوردان و گروهان و دەستەی سەربازان و پێشمەرگەکانی کوردستاندا هات و هەمووی تەماشا کردن و بە هەمووان رۆژباشی فەرمو، لەم کاتەدا بە دەستووری معاونی فەرماندەی هەموو سفیر لەلایەن سەربازان و پێشمەرگەکان و تۆپخانەی کوردستان دە دەقیقە بێوچان بە ئیفتیخاری سەربەستی کوردستان و ناساندنی رەئیس جمهوری کوردستان شییلگ شیلینگ کرا". (٥٥)

"دەنگی: بژی کورد و کوردستانی گەورە، بژی رەئیسی جمهوری موعەزرمی کوردستان، بژی یەکیەتی کورد و ئازەربایجان، ئینسان و حەیوان دارو دیواری وەسەما خستبوو. دڵان وەها پر لە شادی بوو کە هێندێ مەستی مەی ئازادی و بڕێک لەبەر شیددەتی سرور دەگریان و هێندێک لە مەرحەلەی گریان دەرچووبوو بێدەنگ دانشتبوو روحی لە عالەمی مەلەکوت دا دەفڕێ و خۆی دەعالەمی سەروەدا دەدیتو بێوچانیش لە شەقام و کوچەدا دەنگی موسەلسەل و تفەنگ و دەمانچە هەردو چیای دەڵەرزاند. ئەمانە هەمووی بە شانازی سەربەخۆیی و ناساندنی رەئیس جمهوری کوردستانی دەکرد...". (٥٦)

"پاش تەواوبونی نطق، جەنابی پێشەوا لە تریبون هات بێتە خوارێ. عبدل کرباسی (عبدل ئەو کەسەیە کە رۆژی هەڵکردنی ئاڵا

گایەکی بە سەد تەەن کرپیو لە بەرامبەری ئاڵادا کردی بە قوربانی) کە بە اسلحەوە لە پشت تریبون راوەستا بوو شانی دانواند کە جەنابی پێشەوا پێ لەسەر شانی دانێ و بێتە خوارێ، بەڵام لەبەر خۆی تواضع کە لە رەوشی ممتازی پێشوای بەرزە قەبولی نەفەرموو بۆخۆی هاتە خوارێ. لەم کاتەدا تەواوی عشایر و خەڵکی شاری هورۆژمیان هێناو هەموو دەستیان ماچ کرد و بیعتیان دەگەڵ کرد. بەجۆری خەڵک دەوریان گرتبو کە ماوەی ساتێک نەدەبیندرا کە جەنابی پێشەوا لە کویە...". (٥٧)

بەڵام هەروەک لەمەوبەر هەڵوێستەی لەسەر کرا پێشەوا پێش ئەوەی لە کۆبوونەوەی بەرینی جەماوەری بیست هەزار کەسی دووی رێبەندان رەوایی خۆی لە ئەندامانی نەتەوەکەی بۆ سەرۆک کۆماری وەربگرێ، سەرکردە و رێبەرێکی نەتەوەییش بوو. لە نێوان سەرۆکی دەسەڵات و سەرکردەی نەتەوەییش جیاوازییەکی زۆر هەیە. هەموو سەرۆکێکی دەسەڵات بە مانای سەرکردەیەکی نەتەوەیی نییە. لە مێژوودا ئەو کەسانەی لە یەک کاتدا رووبەرووی وەرگرتنی ئەو دوو جۆرە بەرپرسایەتییە دەبنەوە کەم و دەگمەنن. بواری کارو تێکۆشانی سەرۆکی دەسەڵات مەودایەکی دیاری کراوە. چاوەدێری بەسەر رێکخستنی بەشە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات و بەرێوەبردنی یاسا و پەسند کراوەکانی پارلمان و... لە زەرەی گرینگترین ئەرکەکانی سەرۆکی دەسەڵاتە. سەرۆکی دەسەڵات بۆ ماوەیەکی دیاری کراو هەڵدەبژێردرێ و لە دوای ماوەی دیایکراو کۆتایی بە نەخش و رۆڵی ئەو لە هەرەمی دەسەڵات دەهێنرێ. بەڵام پلە و مەقامی پێشەوا بۆ کورد تەنیا بە مانای سەرۆکی دەزگایەکی دەوڵەتی و ئیداری نەبوو. دۆزی کورد لەو رۆژگارە هەستیار و چارەنووسسازەدا بەجۆرێک نەبوو، کەسێک بۆ ماوەی چەند ساڵی هەڵبژێردرێ و لە دوای ماوەکەی رۆڵ و نەخشی ئەویش کۆتایی پێبهێنرێ.

پێشەوا پێش ئەوەی سەرۆکی دەسەڵات بێ، سەرکردەو رێبەری نەتەوەیی، نەتەوەی کورد بوو. لە بزاڤێکی نەتەوەییش دا رێبەری نەتەوەیی بە کەسێک دەگوترێ کە توانییێتی هەموو روحی کۆمەڵگا لە کەسایەتیی خۆیدا کۆ بکاتەوە، لە گوتار و کردەوەکانی دا تەعبیر لە پێداویستییە روحی و مەعنەوی و ماددییەکانی نەتەوە بکات و بەهێزو پشتیوانیی ئەندامانی نەتەوە، نیشتمان لە داگیرکراوەیی و نەتەوە لە کۆیلەتەی رزگار بکات.

سەرچاوەکانی فەسڵی دوازدەهەم :

١- ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی. جەعفەر عەلی. سلێمانی ٢٠٠٤ ل ٣١٨

٢- تێبینی: هەموو ئەو بەشە بە پێنووسی بەڕێز ئەحمەد قازییە. لێرەدا جێگای خۆیەتی پڕبەدڵ سوپاسی ئەو بەرێزە بکەم کە لەسەر داوای من بەشێکی گرینگی لە ژیانی بنەماڵەو سەردەمی لاوەتیی پێشەوای بۆ ئێمە روون کردۆتەوە.

٣- ئەو زانیارییە بە هۆی پێوەندی گرتن لەگەڵ سوهەیلا خانمی قازییەوە لە رێکەوتی ٢٠٠٦ / ١٢ / ١ وەرگیراوە.

٤- "کوردستان" ژمارە ١٥ . خاکەلێوەی ١٣٥١ . ئاوریلی ١٩٧٢ . ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) بروانە وتاری لەسەر ژیانی پێشەوا.

٥- "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە ١٥ خاکەلێوەی ١٣٥١ وتاری لەسەر ژیانی پێشەوا

٦- بروانە وتاری بەڕێز ئەحمەد قازی لە ژێر سەردێڕی: کەسایەتیی فەرهەنگیی قازی محەممەد، بڵاو کراوەی ڕۆژهەڵاتی ژمارە ٢١ .
٧- "کوردستان" بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە ٢٥ . یەکشەممە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی. ١٧ی مارسی ١٩٤٦ .
بروانە وتاری "حەزرەتی محمد قازی پێشەوا.
٨- بروانە "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە ١٥ خاکەلێوەی ١٣٥١ ئاوریلی ١٩٧٢ وتاری لەسەر ژیانی پێشەوا.
٩- "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە ١٥ خاکەلێوەی ١٣٥١ .
١٠- جەلال مەلەکشا، وتاری زیارەتی کتێبخانە پیرۆزەکەی پێشەوا، وەرگیراو لە سایتی www.peshewa.com
١١- بروانە گۆڤاری ڕوانگە ساڵی سێهەم ژمارە ١١ ڕەزبەری ٨١، قسەکانی میرزا مەنافی کەریمی ئەندامی کۆنی ژێ_کاف و وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان.
١٢- ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٧٢ سێشەممۆ ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥ . نوتقی حەزرەتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان لە کاتی ڕۆیشتن بۆ ورمێ.
١٣- نوتقی پێشەوا. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٧٦ سێشەممۆ ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٢٥ی هەتاوی
١٤- بروانە قسەکانی بەیز سەعیدی هومایوون لە گۆڤاری ڕوانگە. ژمارە ١١ .
١٥- وڵاتی من، بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدولای قازیو لە ئامادەکردنی قاسمی قازی
١٦- وڵاتی من، بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدولای قازیو لە ئامادەکردنی قاسمی قازی لاپەڕی ٤٣
١٧- بڕوانە یادداشتەکانی یادزیندوو موحەممەد سەعید خانی هومایوون بەرپرسی دەفتەری پێشەوا قازی.
١٨- مامۆستا جەماڵ نەبەز گۆڤاری "نیشتمان" زمان حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و... لاپەڕی ١٩ .
١٩- جەماڵ نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی لاپەڕی ١٣٠ .
٢٠- مامۆستا هەژار، چێشتی مجێور لاپەڕی ٦٩.
٢١- کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ لە نووسراوەی ویلیام ایگلتون جوین وەرگیرانی سید محمد صمدی.
٢٢- ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٧٢ سێشەممۆ ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥ نوتقی حەزرەتی پێشەوا لە کاتی ڕۆیشتن بۆ ورمێ.
٢٣- مامۆستا هەژار چێشتی مجێور لاپەڕی ٧٠ .
٢٤- نوتقی حەزرەتی پێشەوا لە میتینگی ڕۆژی ١٣٢٥ / ٢ / ٢١ "کوردستان" ژمارە ٥٠. جۆزەردانی ١٣٢٥ .
٢٥- پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان. ریچارد ئەی. مۆبلی. وەرگێر بەڕێز حەسەنی قازی لاپەڕەکانی ٣٠ و ٣١.
٢٦- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕی ٣٠ .
٢٧- ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەی سۆڤیەتی دا وەرگێڕان و لەسەر نووسینی د. ئەفراسیاو هەورامی. پێشەکیو پیداچوونەوەو پەڕاوویز بۆ نووسینی د. یاسین سەردەشتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕەکانی ٢٢ و ٢٣ .
٢٨- میتینگ لە مزگەوتی سوور. ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٢٢ ساڵی یەکەم دوو شەممۆ ١٣ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ .
٢٩- سوخەنرانی پێشەوا، جێژنی نەورۆز لە مەهاباد بڵاوکراوە لە کوردستان ژمارە ٢٧ ساڵی یەکەم دووشەممۆی خاکەلێوەی ١٣٢٥ .

٣٠- یەکێک لە نامەکانی پێشەوا بە خەتی خۆی. بروانە کتێبی جمهوریەتی کوردستان لە نووسینی مەحموود مەلا عیززەت سولەیمانی ٢٠٠١ لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم لاپەڕی ٣٦٤.

٣١- رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٧٢ سێشەممە ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥، ئووتی ١٩٤٦. نوتقی پێشەوا لە کاتی رۆیشتن بۆ ورمێ.

٣٢- "کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. ساڵی یەکەم، یەک شەممۆ ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٢٥. ژمارە ٧٥ لاپەڕی ٤.

٣٣- ئاز چی رۆزفلت. کۆماری مهاباد لاپەڕی ٣٥.

34. Otto Brunner, Neue Wege der Verfawwungs-& Sozialgeschichte, 2. Auflage, Seite 70, Göttingen 1968

35. Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Seite 218

36. Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Seite 218

37. Frau Prof. Dr. Liane Schirra- Weirich. Macht und Herrschaft nach Max Weber, Seminar: Einführung in wissenschaftliches Arbeiten. http://www.hausarbeiten.de/faecher/hausarbeit/soc/13963.html

38. Frau Prof. Dr. Liane Schirra- Weirich. Macht und Herrschaft nach Max Weber, Seminar: Einführung in wissenschaftliches Arbeiten. http://www.hausarbeiten.de/faecher/hausarbeit/soc/13963.html

39. Dr. Heino Sper, Soziologische Schriften, Band 28, Herrschaft und Legitimität, Duckner und Humblot, Berlin, Seite 45.

40. Max Weber. Wirtschaft und Gesellschaft, Verlag Mohr Siebeck.

41. Frau Prof. Dr. Liane Schirra- Weirich. Macht und Herrschaft nech Max Weber, Seminar: Einführung in wissenschaftliches Arbeiten. http://www. Hausarbeiten.de/faecher/hausarbeit/soc/13963.html

42. Max Weber WUG, Wirtschaft und Gesellschaft. Grundniss der verstehenden Soziologie 5, Revidiertr Auflage, Besorgt von Johannes Winkelmann, Studienausgabe, Tubingen 1972, Seite 654.

43. Mogge_ grotjahn, Soziologie Eine Einführung für soziale Berufe. Freiburg im Breisgau.1996. seite 82.

44. Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Verlag Mohr Siebeck.

45. http://home.t-online.de/home/winfired.krauss/maxweber.htm
http://www.club-der-toten-xoziologen.de;vom03.01.2001

46. Max Weber, RS I, Gesammelte Aufsätze zur Religion und Soziologie, Band 1, Tubingen 1963,5. Auflage.

47. Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Verlag Mohr Siebeck.

48. MaX weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Verlag Mohr Siebeck.

49. Eine Einführung in die drei Formen der Herrschaft nach Max Weber, Autor: Claudia Brand, http://hausarbeiten.de/faecher/hausarbeit/sor/26645.html

50. Frau Prof. Dr. Liane Schirra- Weirich. Macht und Herrschaft nech Max Weber, Seminar: Einführung in wissenschaftliches Arbeiten. http://www. Hausarbeiten.de/faecher/hausarbeit/soc/13963.html

٥١- سەید محەممەد حمیدی سەرنووسەری "کوردستان" بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ژمارە ١. پینج شەممۆ ١٣٢٤ / ١ / ٢٠ ، بڕوانە وتاری ئامانجی ئێمە.

٥٢- بڕوانە وتاری: پێشەوا قازی محەممەد، کوماری کوردستانو بەیاننامەی کومێتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی دووی رێبەندان شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە نووسینی بەرێز حەسەنی ئەیوبزادە. ناسراو بە مامۆستا گۆران.

٦٣- "کوردستان" ئۆرگانی کومێتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ژمارە ١ رێبەرندانی ١٣٤٩ ژانویەی ١٩٧١ بڕوانە وتاری پێشەوای گەل.

٥٤- "کوردستان" ژمارەی ١٠ ساڵی یەکەم. دووشەممۆ ١٥ی رێبەندانی ١٣٢٤ بڕوانە زنجیرە وتاری: جێژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان.

٥٥- "کوردستان" ژمارە ١٠ دوشەممۆ ١٥ی رێبەندان بروانە زنجیرە وتاری: جێژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان.

٥٦- "کوردستان" ژمارە ١٤ چوارشەممۆ ٢٤ی رێبەندانی ١٣٢٤ بروانە زنجیرە وتاری: ماوەی جیژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان.

٥٧- "کوردستان" ژمارە ١١ ساڵی یەکەم. چوارشەممە ١٧ی رێبەندان ١٣٢٤ بروانە زنجیرە وتاری: ماوەی جێژنی سەربەخۆیی و استقلال کوردستان.

سەرچاوە : وێبڵاگی فەرمیی نووسەر: ئەیوب ئەیوب زادە / رێکەوتی : ١٥ی ژانویەی ٢٠١٣



قازی محەممەد: کوردەکان سەر بۆ هیچ زۆردارێک نەوی ناکەن

وەرگێڕانی: قادر وریا

[پێشەوا قازی محەممەد لە دیدار لەگەڵ ئارچیباڵد رۆزوێلت دا]

ئارچیباڵد رۆزوێلت ئەفسەرێکی ئیتلاعاتیی ئەمریکایە کە لە ماوەی ژیانی خۆیدا سەری زۆر وڵاتی ئەفریقایی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی داوە. لە ساڵانی دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا ماوەیەک لە عێراق و ئێران ژیاوە و ژیان و خەباتی کوردان سەرنجی ئەویان ڕاکێشاوە. رۆزوێلت دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، سەردانی کوردستان و شاری مەهابادی کردووە و لەگەڵ قازی محەممەد چاوپێکەوتن و وتووێژی هەبووە. بۆخۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: "لەڕاستیدا تاقە چاوەدێری ئەمریکایی حازر لە سەحنەدا بووە."

ئارچیباڵد رۆزوێلت بیرەوەری و ئەزموونەکانی خۆی لە بارەی کێشە و ڕووداوەکانی ئەو وڵاتانەی دیتوونی کۆکردوونەوە و کردوونی بە کتێبێک. ئەو کتێبە، سەهبا سەعیدی، کچی خوالێخۆشبوو سەعیدیی سیرجانی، لەژێر ناوی "شوق آموختن"دا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی. چاپی یەکەمی ئەم کتێبە ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی لەلایەن چاپەمەنیی ئیتلاعاتەوە بڵاوکرایەوە. فەسڵی چوارەمی کتێبی ناوبراو بۆ ڕووداوەکانی ئێران و بەتایبەتی کێشەی ئازەربایجان و مەسەلەی کوردەکان و کۆماری کوردستان تەرخان کراوە. "شوق آموختن" بەرلەوەی بە شێوەی کتێب بڵاوبێتەوە، بە زنجیرە لە چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی "اطلاعات"دا بڵاوکرایەوە.

بە مەبەستی ئاشنایی بینەران و خوێنەرانی دیمانە لەگەڵ بۆچوونەکانی رۆزوێلت لەسەر کۆماری کوردستان، هێندێک بەشی کتێبەکەی کە ١٣ ساڵ لەمەوبەر کردوومە بە کوردی[١] لێرەدا بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٥ (٥٩ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا) دەخەمە بەرچاو. تیترێک کە بۆ ئەم باسەم هەڵبژاردوە، لە دەقی وتووێژی قازی محەممەد لەگەڵ ئارچیباڵد رۆزوێلت وەرگیراوە.

کاتێک چووینە ژوورەکەی قازی محەممەد، لە پشت مێزی کارەکەی و لە تەنیشت نەقشەیەکی گەورەی کوردستانی گەورە دانیشتبوو. قازی محەممەد پیاوێکی کورتەباڵای بەوێقار بوو کە کۆتێکی سەربازیی پێشتر لەکارکراوی لەبەردا بوو و لەملا و ئەولای ڕوخسارە ڕەنگبزرکاوە زاهیدانەکەیدا ڕیشێکی تەنکی کەم موو دەبینرا. ئەو دوایە بە ئێمەی گوت کە بە دەست نەخۆشیی توندی مەعیدەوە گرفتارە و کەم وا هەیە جگە لە ماست شتێکی دیکە بخوا.

پاش ئەوەی کە بۆم ڕوون کردەوە کە ئێمە کێین و مەبەستی مەئموریەتەکەمان چییە، لەسەر مێزەکەی پارچەکاغەزێکی هەڵگرت و نووسراوەیەکی لەپێشدائامادەکراوی بە زمانی فارسی بۆ خوێندینەوە. وشەکان زۆر ڕوون و دەنگی ئارام بوو، و لە کاتی خوێندنەوەدا جاروبار بە چاوە "ریاچت" چێشتووەکانی دەیڕوانییە ئێمە. من لە وەڵامدا گوتم: "وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمیشە لایەنگری ئازادی و دەستڕاگەیشتنی هەموو ئینسانەکان بە مافەکانیان بووە و ئێمە هیوادارین ڕۆژێک دابێ کە هەموو خەڵکی جیهان بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. ئێمە هاتووینە کوردستان تا لە وەزعی کوردەکان بکۆڵینەوە و ڕاپۆرتەکە بدەینەوە بە دەوڵەتەکەمان، و ئاواتەخوازین وەزعی کوردەکان باشتر ببێ و دەسکەوتی کوردەکان هەر ئەوە نەبێ کە جۆرێک سەرەڕۆیی بە جۆرێکی دیکە لە سەرەڕۆیی بگۆڕنەوە."

قازی محەممەد گوتی: "تەواوی خەڵک لەو بەشانەی وڵاتدا کە لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەکەی منداڵ، لە دەربڕین و نووسینی ئەو شتانەی لە دڵیاندایە، ئازادن." من لە وەڵامدا گوتم: "ئەوەم بە چاوی خۆم دیتوە. لە ئازەربایجانی دیموکراتدا خەڵک تەنها ئیزنی ئەوەیان هەیە کە ڕادیۆی تەورێز و ڕادیۆی مۆسکۆ بگرن. لە حاڵێکدا شەوی ڕابردوو لە شەقامەکانی ئەو شارە (مەهاباد) دەنگی ڕادیۆی لەندەن و ڕادیۆی ئانکارام گوێ لێبوو."

قازی محەممەد کە دیاربوو ئەو قسەیەی منی پێ خۆش بوو، گوتی: "وەزعی تەورێز و مەهاباد بەتەواوی جیاوازییان هەیە." بەڵام کاتێک بۆمان گێڕایەوە کە ئێمە لە سنووری دەوڵەتەکەیدا تووشی هێندێک گیروگرفت بووین، پێی تێکچوو و هەروەها کاتێک پێم گوت لەوە کە لە بنکەی فەرماندەیی ئەودا پۆستێرە تەبلیغاتییەکانی شووردەوی دەبینم و سەرم سووڕماوە، گوتی: "کوردەکان ناچارن هەر کەسێک یارمەتییان پێبکا قبووڵی بکەن، بەڵام سەر بۆ هیچ زۆردارێک نەوی ناکەن. ئێمە سکاڵایەکمان بڵاوکردەوە و لەودا سکاڵای خۆمان بە سێ دەوڵەتی سەرکەوتوو لە شەڕدا کە بەشداری کۆنفرانسێکی ئەوروپایی (پۆتسدام) بوون، ڕاگەیاند. بەڵام ئینگلیسییەکان و ئەمریکاییەکان بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدا." ئەو پاش ئیشارەکردن بە مەنشووری ئاتلانتیک گوتی: "هەموو کوردان هیواداربوون کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - پێشکەوتووترین میللەتی جیهان - ئەوان لە زاڵبوون بەسەر دواکەوتوویی‌یەکانیاندا یارمەتی بدا."

ئەو گوتی: "ئەگەر ئەمریکا لەجیاتی ناردنی سێ هەزار سەرباز بۆ ئێران، تەنیا سەد مامۆستا (معلم)ی ناردبایە، لەو وڵاتە چ دەقەوما؟ بەڵام ئەمریکاییەکان لەجیاتی یارمەتیدانی ئێمە، یارمەتیی دوژمنانی ئێمە، بۆوێنە تورکەکانیان [٢] دا و ئەویش لەڕێگەی ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ ئەوان بۆ سەرکوتکردنی ئێمە."

پاشان بەکورتی لە بارەی ئاکاری خراپی ئینگلیسییەکان دوا و کارە جۆربەجۆرەکانی ئەوانی لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا بە مەبەستی سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕانی کوردی بۆ باس کردین و بە سەربردەی مەلا مستەفا بارزانی کۆتایی پێهێنا. لەلایەکی دیکەیشەوە

سەبارەت بە فەرانسەیی‌یەکان نەزەرێکی باشی هەبوو. ئەو فەرانسەیی‌یانە کە یارمەتیی کوردەکانی سووریەیان دابوو. پاشان بیستمان کە ناپلیۆن ژاکل، یەکێک لە هەواڵنووسانی فرانس پرێس، کە بیروباوەڕی چەپی هەبوو، لەم دواییانەدا سەردانی مەهابادی کردبوو و بەدوای ئەو سەفەرەدا هێندێک وتاری بە قازانجی کوردکان لە چاپەمەنیی فەرانسەدا بڵاوکردبووە.

بەگشتی خەڵک لە قازی محەممەد ڕازی بوون و دەیانگوت کە پێکهاتنی دەوڵەتەکەی ئەو لەدوای قۆناغی ڕەزا شا، سەرکەوتنێکی گەورە بووە و تەنیا نیگەرانی ئەوەن کە ئەو دەوڵەتە نەمێنێ. من لە ڕاپۆرتەکەمدا پوختەی ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیم کە لە ماوەی مانەوەمان لە مەهابادا لێمانبیستبوون، بەم جۆرە گونجاند:

ئەوان مەمنوونی شوورەوی بوون کە ئیمکانی سەربەخۆیی بۆ پێکهێناون، بەڵام لەسەر دەخاڵەت نەکردنی شوورەوی لە کاروباری وڵاتەکەیاندا و هاتوچۆنەکردنی مەئموورانی شوورەوی بۆسەر شارەکەیان پێیانداداگرت. (زۆربەی ئەو کەسانە لە ڕواڵەتدا هەروا لایەنگری ئەشرافییەتی کۆن بوون و وا نەدەهاتە بەرچاو کە مەیلێکیان بەلای کۆمۆنیزمدا هەبێ) خۆیان لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە بەڵام شۆڕشێکی ناسیۆنالیستیدا دەهاتە بەرچاو. دەیانگوت هیوادارن حکومەتەکەیان ئەوەندە پەرەپێبدەن کە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بگرێتە خۆی. ئەو ناوچانە، ناوچە جنووبییەکانی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئێرانیشیان دەگرتەوە... .

ئەندامانی کۆمیتە لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی ئێران لە ناوچە جنووبییەکاندا زۆر نیگەران بوون و لانیکەم یەکێک لەوان ئیشارەی بە پیلانگێڕیی دەوڵەتی ناوەندی بە هاوکاریی هێندێک لە هۆزە کوردەکان کرد.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٦ی دێسامبر چووینە سەردانی چاپخانەی مەهاباد کە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و هێندێک گۆڤاری کەمتیراژی بە زمانی کوردی بڵاودەکردەوە. ئێمە هێندێک نوسخەمان لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە سەرەتای دەرچوونەوە وەرگرت و هەروەها چەند گۆڤار و چەند دیوانی شیعر کە تەحویلی بەرپرسی بەشی زانیاریماندان.

هەر کە کوردەکان زانیان ئێمە تەمای گەڕانەوەمان هەیە، هاتنە لامان و پێیان گوتین کە قازی محەممەد بۆ نانی نیوەڕۆیە بانگهێشتنی کردووین. بەم جۆرە ناچار بووین وەڕێکەوتنەکەمان بخەینە دوانیوەڕۆ. نزیک نیوەڕۆیە ئێمە دوبارە لەگەڵ قازی محەممەد لە دەفتەرەکەیدا دەستمانکردەوە بە قسەوباس. ئەمجار باسەکەمان زۆرتر لەسەر مەسەلە فەرهەنگییەکان بوو. ئەو گوتی: "خوشحاڵم کە ئێوە نوسخەی بڵاوکراوەکانی ئێمەتان وەرگرتووە، چونکە حەزدەکەم وڵاتە یەکگرتووەکان هەموو شتێک لە بارەی ئێمەوە بزانێ. من شتێکم نییە بیشارمەوە."

نازناوی ئەو، قازی محەممەد، تەنیا "پێشەوا"، بە مانای ڕێبەر، بوو و بەرپرسانی وەزارەتخانەکانیشی "ڕەئیس"یان پێ دەگوترا نەک وەزیر. وەک لە نیشانەکانڕا دەردەکەوت ئەو هێشتا خۆی بە مەئموورێکی ئێرانی دەزانی و بە ڕواڵەت ئامانجی بەکردەوەی وەرگرتنی خودموختاری لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا بوو. لەسەر ئەوە پێیدادەگرت کە کوردەکان و ئێرانییەکان خزمی یەکترن و سەبارەت بە ڕەسەنی کوردەکان کە ئیددیعای دەکرد لە پاشماوەکانی مادەکانن، قسەی بۆ کردین.

هەر سێ قازی محەممەد، سەیفی قازی و سەدری قازی لە دادگایەکی نیزامی و نهێنییدا لە مەهاباد موحاکەمە کران و لە ڕۆژی ٢٣ی ژانوییەدا بە مەرگ مەحکووم بوون. بەڵام جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامیان لەلایەن تارانەوە دواخرا، چونکە "قەوام" پێی خۆش نەبوو لە جەنگەی وتووێژە ئاستەمەکانی لەگەڵ شووردەویدا دەنگ و هەڵلا بەرز بێتەوە.

ماوەیەکی کورت بەر لە گەڕانەوەی من لە تاران، لە فێوریییەی ساڵی ١٩٤٧دا، ژەنراڵ ڕەزم ئارا چووە مەهاباد، و من بەشی ئەوەندەم دەلیل بەدەستەوە هەبوون کە دڵنیا بم مەئموورییەتی چاوەدێری بەسەر ئێعدامی برایانی قازی بەو سپێردراوە. من چوومە چاوپێکەوتنی جۆرج ئالێنی سەفیرمان تا بزانم ئایا دەتوانین کارێک بکەین. سەفیرمان لێی پرسیم: "بۆچی ئەوەندە نیگەرانی وەزعی قازییەکانی؟ هەرچی بێ ئەوان لەگەڵ شووردەوییەکاندا هاوکارییان دەکرد؟"

* باشە، ڕاستە. بەڵام ئەوان هەوڵیاندەدا هەرچی لە توانایاندایە بۆ باشبوونی وەزعی خەڵک ئەنجامی بدەن و شووردەوییەکانیش تەنیا کەسانێک بوون کە بۆ کۆمەک بەوان عەلاقەیان نیشاندا. ئەگەر ئەوان ئێعدام بکرێن، لە هەموو جێیەک ئێمە بە شەریکی ئەو کارە دەزانن.

* باشە، دەتەوێ ئەمن چ بکەم؟

* پێم وایە ئێوە دەبێ لە شا داوا بکەن دەستوور بە ڕەزم ئارا بدا قازی یەکان بۆ دادگایەکی عادڵانە و ئاشکرا بێنێتە تاران. لەسەر داوای سەفیر، شا دەستبەجێ سەفیری بۆلای خۆی ڕێدابوو. سەفیرمان لەو چاوپێکەوتنەدا هیواداری دەربڕیبوو کە مەسەلەی ئێلات و یەک لەوان مەسەلەی کوردەکان بە باشی چارەسەر بکرێ و پاشان گوتبووی گەرچی قازییەکان لەگەڵ شووردەوییەکاندا هاوکارییان هەبووە، بەڵام خزمەتێکی زۆریشیان لە بواری فێرکردنی خەڵکدا ئەنجام داوە.

شا لێرەدا قسەکەی ئەوی بڕیبوو و بە بزەوە لە سەفیری پرسیبوو: "ئێوە ترسی ئەوەتان هەیە کە من ئەوان گوللەباران کەم؟ ئەگەر مەسەلەکە ئەوەیە، دڵنیا بن من هەر لە بنەڕەتەوە خەیاڵێکی ئەوتۆم نییە."

تاریکوڕوونی بەیانیی ٣١ی مانگی مارس[٣]، قازییەکانیان بە ئەمری "اعلیحضرت شاهنشاه" لەدار دابوون. لەوانەیە شا ڕاست ئەو کاتەی سەفیرمان دەرگای تالاری پێوەداوە و هاتۆتە دەر، دەستووری ئێعدامی قازییەکانی ڕاگەیاندبێ.

پەراوێزەکان:

[١] ئەم بابەتە پێشتر لە ژمارە ٢٠٦ی ڕۆژنامەی کوردستان، ڕێبەندانی ١٣٧٢ (فێوریییەی ١٩٩٤) دا بڵاوبۆتەوە.

[٢] وا وێدەچێ قازی محەممەد وشەی "عەجەمەکان"ی بەکارهێنابێ کە لە کوردستانی ئێران مەبەست کاربەدەستە دەوڵەتییەکانە. نووسەر یان وەرگێڕ ئەو وشەیە بە "تورکەکان" حاڵی بووە.

[٣] ٢٥ی مارس ڕاستە نەک ٣١

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٧ی مارسی ٢٠١٢

دڵۆپێک لە زەریای ژیانی پێشەوا قازی محەممەد

وەرگێڕان و ئامادەکردن: ڕەسوول سوڵتانی

خوێنەری هێژا: ئەوەی دەیخوێنیتەوە تەنیا گێڕانەوەی ژیانی قازییە بە پێی سەرچاوەکان و هیچ لێکدانەوە و شیکارییەک نییە.

یازدە ڕۆژ لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٢٧٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٠٠ی زایینی لە بنەماڵەی قازی عەلی لە شاری سابڵاغ، منداڵێک لە دایک دەبێ و ناوی دەنێن محەممەد. هەر ئەو محەممەدەی کە دواتر لە مێژووی نەتەوەیەکدا دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ خەبات و تێکۆشان و پاش تێپەڕینی زیاتر لەسەدەیەکیش بەسەر خەباتی ئەو گەلەدا، شۆڕشگێڕان و خەباتکارەکان و لەوەش گرنگتر بەڕێوەبەرانی دامودەزگا حوکمییەکانی بەشێک لە کوردستانیش ناتوانن وەک نموونە و سەرباشقەیەک لێی نەڕوانن و بۆ هەڵسەنگاندنی کار و کردەوەی ئێستایان و ڕوانین لە بەژنی هەوڵی نیازپاکانە و بەڕێوەبەرانەیان و بۆ خستنەڕووی ئاستی سەرکەوتنەکانیان، نەچنەوە بەر ئاوێنەی باڵانوێنی کردەوەکانی قازی محەممەد.

قازی عەلی باوکی قازی محەممەد، یەکێک بووە لە زانا دەگمەنەکانی کوردستان کە شارەزای زانستە باوەکانی سەردەمی خۆی بووە و زۆر شتیشی لەسەر زانستی ئەستێرە و گەردوونناسی زانیوە.

بنەماڵەی قازییەکان، هەر لە کۆنەوە پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییان نەک هەر لە مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەریدا هەبووە، بگرە لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشدا وەک تاران و ورمێ و شارەکانی دەوروبەری ورمێشدا، ناسراو و بەناوبانگ بوون و کاروباری دادوەری و مەسڵەت و ڕێکخستنەوەی کاروباری نێوان خەڵکیان لە ئەستۆ بووە و خەڵکیش متمانەی پێیان هەبووە و بۆ چارەسەری کێشە جۆراوجۆرەکانیان پەنایان بۆ بردوون.

قازی محەممەد، لە تەمەنی حەوت ساڵانییەوە لە خزمەتی باوکیدا دەست دەکات بە خوێندن. قۆناغەکانی سەرەتای خوێندنی لە لای باوکی دەخوێنێ و بۆ کامڵکردنی خوێندنەکەی دەچێتە لای کەسانی پێتۆڵ و زانای ئەو سەردەمی شاری مەهاباد .

قۆناغی مێرمنداڵیی قازی محەممەد هاوکات بووە لەگەڵ یەکێک لە ڕووداوە گەورە نێودەوڵەتییەکان کە ئەویش شەڕی یەکەمی جیهانییە لە ١٩١٤دا. ئەوکات قازی چواردە ساڵانە بووە. لەو سەردەمە دایە کە بەشی موکریانی کوردستان دەکەوێتە بەر تاڵان و بڕۆ و

کوشتارەکانی روس و عوسمانییەکان. بنەماڵەی قازییەکانیش وەک زۆربەی خەڵکی ناوچەکە شاری مەهاباد بەجێ دەهێڵن و بەرەو "یەکشەوە" و گوندی "سلێمان کەندی"ی لای سەقز بار دەکەن، کە موڵکی مستەفا بەگی خاڵی قازی محەممەد بووە و چەند مانگێک لەوێ دەمێننەوە. کە عوسمانییەکان لە سابڵاغ دادەمەزرێن، ئەوانیش دەگەڕێنەوە شار و دەچنەوە ماڵەکەی خۆیان. بەڵام زۆری پێ ناچێت کە رووسەکان دیسان پەلاماری ناوچەکە دەدەنەوە و عوسمانییەکان لە سابڵاغ دەردەپەڕێنەوە و خەڵکەکە دیسان ناچار دەبن مەهاباد چۆڵ بکەنەوە. بنەماڵەی قازی ئەمجارەش دەچنەوە یەکشەوە و لەبەر ئەوەی گوندی یەکشەوەش لە شارۆچکەی بۆکانی ئەوکات نزیک بووە و روس و عوسمانییەکان بەوێشدا تەڕاتێنیان بووە، ناچار دەبن پتر هەڵکشێن و هەندێکیان بچنە گوندی چۆملو و پاشبڵاغ و بەشێکیشیان بچنە گوندی سولاوکان لە ناوچەی هەوشاری تیکاب. ئەو هیجرەتە لە ساڵی ١٩١٥ بووە و سێ ساڵی خایاندووە. ساڵی ١٩١٥ی زایینی رووسەکان ماوەیەک لە شاری سابڵاغدا دەمێننەوە و بەهۆی پەلاماری عوسمانییەکانەوە ناچار دەبن بەرەو ناوچەی سولدوز و ورمێ پاشەکشە بکەن. ئەو کاتیش بەهۆی هەستی ئایینییەوە هەندێ خەڵکی ناوچەکە هەموو جارێ یارمەتیدەر و پشتیوانی عوسمانییەکان بوون و دژی رووسییەکان شەڕیان کردووە. لە زستانی ١٩١٦دا کە بەفرێکی قورس و بێ ئەمان ناوچەکە دادەپۆشێ، رووسەکان بە مەبەستی دەرپەڕاندنەوەی عوسمانییەکان و تۆڵەی شکست و بەزینەکانی پێشوویان، هەڵدەکوتنەوە سەر شار. قازی فەتاحی مامی قازی عەلی کە کەسایەتییەکی ناسراو و بەناوبانگی ناوچەی موکریان بوو، بەرگری لە شار و خەڵکەکەی دەکات و دوای بەربەرەکانێییەکی قارەمانانە دەکوژرێت و ئێستاش ئەوە گۆڕەکەی لە حەوشەی مزگەوتی شادەروێش لە تەنیشت ماڵەکەی قازی محەممەدەوەیە. رووسەکان بە قین و رقێکی زۆرەوە دێنە ناو شار و پتر لە حەوت هەزار کەس لە خەڵکی بێ تاوانی شاری سابڵاغ و ئاوایییەکانی دەوروبەری دەکوژن.

ئەوەی لە رووداوەکاندا دەژی، دیارە بە مەرجێک خۆی تۆزێک مایە و هەوێنی تێدابێ و ئەو مایە و هەوێنەش بکاتە داینەمۆی خۆپێگەیاندن، بێ گومان وردبین و بەمشوور دەبێت و کورد واتەنی لە سەر کڵی کوردی زەمەندا دەخارێ و لە کڵ دێتە دەرێ. قازی محەممەد کە خۆی کوڕی بنەماڵەیەکی لەو جۆرە بووە و ژینگەی بنەماڵەییەکەی پاڵپشتێکی مەعنەوی بووە بۆی، دیتنی کارەسات و رووداوەکانیش لە لایەکی دیکەوەو هاوکات ئەو ئەرک و بەرپرسیارەتییانەش کە دوای مەرگی باوکی دەکەونە ئەستۆی و سەرکەوتووانە رایاندەپەڕێنێت، وای لێ دەکەن، لە سەردەمی یۆتۆپیاکەی "ژێ کاف"دا وەک کەسایەتییەکی لەکڵ دەرهاتووی جێ متمانە و بەمشوور و خاوەن تەگبیر و را، نەک تەنیا وەک ئەندامێک بۆ ناو کۆمەڵەکە، بەڵکو وەکوو پێویستییەک بانگی بکەن کە ببێتە ئەندام لەو کۆمەڵەیەدا. بە تایبەتی کە قازی محەممەد لە سەردەمی پەیمانی سیڤەردا لاوێکی چاوکراوە بووە و راپەڕینەکەی سمایل ئاغای سمکۆشی هەر دیتووە و ئاگای لە ورد و درشتی رووداوەکانی سەردەمی خۆی بووە.

ئەوانە لەسەر یەک کاریگەریی حاشاهەڵنەگریان لەسەر بیر و زەینی داناوە. ئەوەتا میرزا سەعید خانی هومایون لە کتێبی" پێشەوای رابوون"دا کە نووسەری ئەم دێڕانە کردوویەتی بە کوردی، دەڵێ: "رووداوە خێرا و یەک لە دوا یەکەکەکانی ئەو ساڵانە و بەسترانی پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣دا و پێشێلکردنی ماف و بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورد لە لایەن دەوڵەتی ئینگلیزدەوە و سات و سەودایان

لەگەڵ کەماڵ ئەتاتۆرک و بە شوێن ئەویشدا راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران لە تورکیا لە ساڵی ١٩٢٥ی زایینیدا بۆ دەستەبەرکردنی مافە پێشێل کراوەکانی میللەتی کورد و راپەڕینەکانی دیکەی ئازادیخوازە کوردەکانی تورکیا بە رێبەرایەتیی ژەنەرال ئیحسان نووری پاشا لە ساڵەکانی ١٩٢٧ تا ١٩٣٠ی زایینیدا کە بە راپەڕینی ئاراڕات بەناوبانگە، کۆمەڵە رووداوێک بوون کە میرزا محەمەدی قازی (قازی محەمەد) و هەموو کوردێکی ئازادیخواز لێیان ئاگادار بوون و لە هەمبەر ئەو رووداوانەشدا قسە و هەڵوێستی خۆیان هەبوو. قازی محەمەد لە ساڵانی ١٩٢٧ تا ١٩٣٠دا کە شۆڕشەکەی ئاگری لەگۆڕێ بوو، بە نهێنی پەیوەندیی هەبوو لەگەڵ کوردە ئازادیخوازەکانی تورکیا و هاوکاریی دەکردن و بە یارمەتی و هاوکاریی چەند کوردێکی نیشتیمانپەروەری دیکەی وەک مەلا ئەحمەدی فەوزی و شێخ ئەحمەدی سریلاوا پەیوەندیی بە رێبەرانی رێکخراوی "خۆیبوون"ەوە لە تورکیا و عێراقدا هەبوو و هاوکاریی دەکردن. هەر لەو ساڵانەدا کە رەزا شا دەست دەداتە دەستی مستەفا کەمال ئەتاتۆرک بۆ سەرکوت و لەناوبردنی بیر و هزری ئازادیخوازانەی کوردەکان، وردە وردە لە شاری سابڵاغ دامودەزگای ئیداری و قوتابخانە دادەمەزرێن. دیارە تا ئەو کاتە قوتابخانە بە شێوازە نوێیەکەی لە مەهابادا هەر نەبووە. میرزا محەمەدی قازی کە دەیزانی تاقە رێگەی رزگاریی نەتەوەکەی خوێندنە، ساڵی ١٩٢٦ دەبێتە بەرپرسی ئیدارەی پەروەردەی سابڵاغ و قۆڵ هەڵدەماڵێ بۆ دروستکردنی قوتابخانەی مۆدێرن بە شێوازی ئەمڕۆیی. لەو کاتەدا یەکەم قوتابخانەی کوڕانە بەشێوازە نوێیەکەی بەناوی قوتابخانەی "سەعادەت" و قوتابخانەیەکی کچانەش بە ناوی "پێرماس" دادەمەزرێنن. لەو سەروبەندە دایە کە قازی محەمەد بیر لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و زەماوەند دەکاتەوە و بنەماڵەکەی پێشنیاری پێ دەکەن کچی گەنجەلی بەگی فەیزوڵڵابەگیی بۆ بێنن.

لێرەدا لایەکی دیکە لە مۆدێرنبوونی بیر و بۆچوون و ژیانی قازی دەردەکەوێت. لەو سەردەمدا کە هەموو ژیانی خەڵکی کوردستان، بێ ئەملا و بەولا بەبێ لادانی سەرەدەرزییەک لە دابونەریتەکان، لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی کولتور و نەریتی عەشیرەتی و کوردەوارییانە و دواکەوتووانەدا بەرێوە دەچوو، بەڵام قازی فارس واتەنی "تاقتەی جودا باقتە" بە شێوەیەکی دیکە بیر دەکاتەوە. کە چاو لە ژیانی قازی دەکەی، هیچ برگەیەک لە ژیانیدا نییە کە بیرێکی کردبێتەوە و بیرکردنەوەکەی بە کردەوە جێبەجێ نەکردبێ. قازی کەسێکی بە واتا ئەمڕۆییەکەی، پراگماتیست بووە و هەموو گۆڕانێکی لە خۆیەوە دەست پێ کردووە. ئەوەش بووە کە روخسار و کەسایەتییەکی کاریزماتیکی بە قازی بەخشیوە. ئەوەتا لە نێو کۆت و بەندی کولتوور و دابونەریتی دواکەوتوانەی ئەو کاتدا داوا دەکات لە پێشدا چاوی بە کچە بکەوێت و قسەی لەگەڵ بکات ئەوجار بیخوازێت. بەتەمەنەکان و لە هەمان کاتیشدا ئەوانەی لە رێگەی خوێندنەوەوە ئاگایان لە ژیانی پێشینیان هەیە، باش دەزانن کە ئەوەی قازی داوای کردووە، لە کاتی خۆیدا بڤە بووە. ئەگەرچی هێشتا لە هەندێ ناوچەی کوردستان ئەو حەساسییەتە بە شێوەیەک هەر ماوە بەداخەوە، بەڵام ئیتر دەبێ هەشتا ساڵ لەمەوبەر ئەو نەریتە چۆن بووبێ. کە قازی محەمەد داوا دەکات چاوی بەو کچە بکەوێت وا دەیانەوێ بۆی بخوازن بۆ ئەوەی باسی ژیانی هاوبەشیانی لەگەڵ بکات، باوکی کچە دەڵێ، شتی وا نابێ و ئەوە پێچەوانەی دابونەریتی ئێمەیە. بۆیە قازی محەمەد پاشگەز دەبێتەوە و واز دێنێ و دواتر ساڵی ١٩٣٠ لەگەڵ خاتوونێکی بەرێزی خەڵکی سابڵاغ بە ناوی مینا خانم زەماوەند دەکات. ساڵێک دواتر باوکی دەمرێت. خەڵکی شاری مەهاباد بە بۆنەی ماتەمینیی مەرگی قازی عەلی، هەموو دەرک و دووکان و بازاڕی شار و ئیدارەکانیش دادەخەن. دوای مەرگی قازی عەلی، زانایان و پیاوماقووڵەکانی شار عابای قازی عەلی بەسەر شانی قازی محەمەددا دەدەن و لە جێی باوکی دایدەنێن و دەیکەنە قازیی شەرع. ئیتر قازی واز لە بەرپرسیارەتیی ئیدارەی پەروەردە دێنێ و شان دەداتە بەر باری بەرپرسیارەتیی هەموو کاروبارەکانی شار و ناوچەکە و بە ئەشق و بەپرسیارەتییەکی پتروو قۆڵ هەڵدەماڵێ بۆ چارەسەرکردن و رەواندنەوەی کێشە و گرفتەکانی خەڵکی ناوچە.

وەرزش و کتێب خوێندنەوە، دوو شتی دانەبڕوای ژیانی قازی بوون. سەعید خانی هومایون لەو کتێبەدا دەڵێ: قازی زۆری حەز لە وەرزش بوو. لە ماڵەوە یاریی ئاسنی دەکرد. بەیانیان دوای نوێژی بەیانی کە لە مزگەوتی شادەروێش دەیکرد، بە پیاسە دەچووە دەرەوەی شار و لەوێوە بە ڕاکردن هەتا پردی سوور دەچوو. مەلەوانێکی شارەزاش بوو و هاوینان هەموو ڕۆژێ دەچووە شوێنێک لە چۆمەکەی مەهاباد کە پێیان دەگوت گۆمی قازی، لەوێ مەلەی دەکرد. کتێبە ئینگلیزییەکانی زۆر دەخوێندەوە و زۆر زانیاریی لە سەر وڵاتانی دەرەوە هەبوو، لە حاڵێکدا خەڵکی ئەوکات ئاگایان لە پشت گوێی خۆیان نەبوو چ بگا بە وڵاتانی دەرەوە. قازی ئاگای لە هەموو ڕووداوە جیهانییەکانی سەردەمی خۆی بوو. ئەو بیانییانەی ئەو کات ڕێیان دەکەوتە شاری مەهاباد، سەردانی قازی محەمەدیشیان دەکرد. ئەویش زۆر بە گەرموگوڕییەوە وەری دەگرتن.

قازی کەسێکی نوێخواز و نەریت شکێن بووە. وەک باسمان کرد هەموو گۆڕانێکیشی لەخۆیەوە دەست پێ کردووە. ئەوە نەبووە هەر بانگەشەی بۆ بکات و خەڵک هان بدات و خۆی مەڵاس بدات. بۆ وێنە ساڵی ١٩٢٨ کە بۆ یەکەم جار "جەمعیەتی شێر و خورشیدی سوور" لە مەهاباد دادەمەزرێت، قازی پارچە زەوییەکی باش دەداتە ئەو کۆمەڵەی شێر و خورشیدە کە دواتر جێیەکەی کرا بە نەخۆشخانە و بۆ ماوەی چل ساڵان ئەو نەخۆشخانەیە خزمەتی خەڵکی مەهاباد و دەوروبەرەکەی کرد.

قازی محەمەد بۆ ئاگاداربوونی لە باس و مەسەلەکانی ڕۆژ و لە هەواڵ و ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی جیهان و ئێران، زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو کاتی دەکڕی و دەیخوێندنەوە. ڕۆژنامەی "شفق سرخ" و "ئیتلاعات" و گۆڤاری "پەیمان" کە ئەحمەدی کەسرەوی دەری دەکرد و گۆڤاری کوردیی گەلاوێژ کە مامۆستا عەلائەدینی سەجادی لە بەغدا دەری دەکرد.

قازی هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری. بۆ وێنە لە لافاوە ڕەشەکەی ساڵی ١٩٣٦دا کە ماڵ و حاڵی خەڵکی مەهابادی دادا و خەڵکێکی زۆری ماڵوێران و دەربەدەر کرد، قازی بە سواری ئەسپ، چوو بە هانای خەڵکەوە و خەڵکێکی زۆری لە خنکان و مەرگ نەجات دا.

(ژێ کاف) و قازی

ساڵێکیش دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ژێ کاف، هێشتا قازی نەبووەتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە. وەک دەڵێن نەهاتنی قازی بۆ نێو کۆمەڵە، بە لای ئەندامەکانی کۆمەڵەی ژێکافەوە وەک بۆشاییەک وابووە. خۆی ئەندامەکانی ژێکافیش جێی ئەندامی یەکەمی کۆمەڵەیان هەر بە بەتاڵی هێشتبووەوە و وەک ئەمڕۆ دەڵێن لای خۆیان جێیان بۆ ڕێزێڕڤ کردبوو. شوێنی ئەندامی یەکەمیان هەر بۆ قازی هێشتبۆوە و ژمارەی ئەندامەکانی کۆمەڵە لە ئەندامی ژمارە دووەوە دەست پێدەکەن. ئاخرییەکەی ڕۆژی خۆی دێت و قازی دەبێتە ئەندامی ژێکاف و دەڵێن، بوونی قازی بە ئەندامی ژێکاف وای کرد ئەو کۆمەڵەیە لە ناوچەکانی دیکەی موکریان و تەنانەت دەرەوەی ناوچەکوردنشینەکان و دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیشدا بەهێز بێ.

قازی محەمەد بە قەبووڵ کردنی ئەندامەتیی کۆمەڵەی ژێ کاف، بە ناوی خوازراوی بینایی نرخ و پێگە و ئیعتباری چالاکییە نەتەوەییەکانی گەیاندە ترۆپکی خۆی و مەهابادی کردە ناوەندی ئازادیخوازی و چالاکییە سیاسییەکانی کوردستان. هەر بۆیەش کوردە

ئازادیخوازەکان لە وڵاتانی تورکیا و سوریا و عێراقەوە دەهاتنە مەهاباد بۆ ئەونەی چاویان بە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژێکاف بکەوێ.

سەفەر بۆ باکۆ

لەو سەفەرەدا نزیک بە سی کەس لە دەمڕاست و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ناوچە، لەگەڵ قازی محەمەد بۆ ماوەی دوو حەوتوو سەردانی باکۆیان کرد.

ئامانی سۆڤییەتییەکان ئەوە بوو سەرنج و متمانەی کوردەکان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و بەوجۆرە دەیانویست وا بنوێنن کە ئەوان دۆستی میللەتی کوردن و نەهێڵن کوردەکان لە ئینگلیزەکان نزیک ببنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە کوردەکان و بەتایبەتی عەشیرەتە کوردەکانی دەوروبەری ورمێ هەندێک کێشە و پێکدادان و تێکهەڵچوونیان لەگەڵ ئازەربیەکانی ئەو دەڤەرە هەبوو، بۆیە باقرۆڤ دەیەویست پێکەوە ئاشتیان بکاتەوە و بە لێک نزیککردنەوەیان گیان و ماڵی هاوزمانەکانی بپارێزێت.

بەڵام قازی نیاز و مەبەستێکی دیکەی هەبوو. ئەو دەیەویست سۆڤیەتییەکان لە ویست و بۆچوونەکانی میللەتی کورد تێ بگەیەنێت و ئەوەندەی بۆشی دەکرێت، سەرنج و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای میللەتی کورد ڕابکێشێت و پێیان بڵێ کە میللەتی کورد دەیەوێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات و بە ئازادی و سەربەستی بژێت.

کە لە باکۆش گەڕایەوە، بە متمانەبەخۆییەکی زیاترەوە لە هەمبەر ڕووداوەکاندا ڕاوەستا. قازی محەمەد بۆ مەسڵەت و نەهێشتنی کێشە و دوژمنایەتییەکانی نێوان مەنگوڕ و مامەشەکان، سەردامی چەند سەرۆک عەشیرەتێکی هەر دوو لای کرد و ئاشتی کردنەوە و پێی گوتن دەست لە کێشە و شەڕ و ئاژاوە هەڵگرن. کەمکردنەوەی کێشە و تێکهەڵچوونەکان، سەلماندی کە قازی محەمەد توانایی ئەوەی هەیە ببێتە ڕێبەرێکی گەورە.

دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ساڵی ١٩٤٥ لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئازەربایجان و سۆڤیەتیدا، لە باغی گوڵستانی تەورێز، قازی و حەمە حوسێن خانی سەیفی قازییش بانگهێشت کرابوون. لەو دانیشتنەدا باس لە کاروباری ئێران و ئازەربایجان وپەیوەندیی کوردستان و ئازەربایجان هاتە گۆڕێ. بەرپرستە پایەبەرزەکانی سۆڤیەتییش لە تەورێز بوون. ئازەربایجانییەکان دەیانەویست کوردستان بە هەر شێوەیەک بێت بچێتە بن باڵی ئازەربایجانەوە و وەک بەشێکی ئەوێ حیسابی بۆ بکرێت. بەڵام پێشەوا قازی محەمەد، زۆر بە توندی دژی ئەو داوایەیان ڕادەوەستێت. میر جافری پیشەوەری، باسەکە دێنێتە گۆڕێ و کونسوڵەکەی سۆڤیەتیش پشتی دەگرێت، بەڵام قازی بە تێر و تەسەلی باسی ویست و داواکانی میللەتی کورد و خەباتی چەندین ساڵەیان لە پێناوی ئازادیدا دەکات کە هەزاران شەهیدی لەو ڕێگەیەدا داوە و دواجار ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکاتەوە و قەبووڵی ناکات. ئەو دانیشتنە هیچ شتێکی لێ شین نابێتەوە.

پاش گەڕانەوەی قازی محەمەد لە دووەم سەفەریدا بۆ باکۆ، لەگەڵ ئەندامەکانی کۆمەڵە دەکەوێتە راوێژ و تەگبیر بۆ ئەوەی ناوی کۆمەڵە بگۆڕێ و بیکەنە حیزبی دیموکراتی کوردستان. سەرەڕای بەرهەڵستیی بەشێک لە ئەندامەکانی کۆمەڵە بەڵام دواجار ناوەکەی دەگۆڕدرێ و حەوتووەک دواتر یەکەم کۆنگرەی نوێنەرانی حیزب لە مەهاباد دەگیردرێت. لەو کۆنگرەیەدا بە دەنگی نوێنەرە بەشدارەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان و کادری مەرکەزیی حیزب، قازی محەمەد دەکرێتە رێبەری حیزب و دەنگی پێدەدرێ وەک پێشەوای میللەتی کورد هەڵدەبژێردرێت.

دامەزرانی کۆماری کوردستان:

گەورەترین و بێ وێنەترین رووداوی مێژووی نەتەوەی کورد رۆژی دووی رێبەندانی ساڵی ۱۹۴۵ واتە رۆژی راگەیاندنی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو لە مەهاباد بە پێشەوایەتیی قازی محەمەد.

سەعیدخانی هومایون لە کتێبەکەیدا دەڵێ: لەو رۆژەدا قازی محەمەد لە خزووری خەڵکی مەهاباد و ناوچە و سەرۆک عەشیرەتەکاندا، وتارێکی تایبەتی پێشکەش کرد. (دەقی وتارەکەی پێشەوای لەو کتێبەدا هێناوەتەوە و بە خوێندنەوەی ئەو وتارە، بۆت دەردەکەوێ ئەو مرۆڤە چەندە شارەزای مێژووی میللەتەکەی بووە و خاک و نیشتیمانەکەی خۆی چەندە خۆش ویستووە و چەندە حەکیمانە و بە باوەڕێکی قووڵیشەوە قسەی کردووە.) بۆ وێنە لە بەشێکی وتارەکەیدا دەڵێ:"... ئەمڕۆ هەر ئەو رۆژەیە کە باب و باپیرەکانمان بە ئاواتییەوە بوون. ... ئێستا بە ویستی خودا و میللەتەکەمان، چارەنووسی خۆمان بەدەستەوە گرتووە. لەو ماوەیەدا چەند قوتابخانەیەکی کوڕانە و کچانە و قوتابخانەی شەوانەشمان کردووەتەوە. کوڕ و کچ و گەورەکان دەرس دەخوێنن و لەبری ئەوەی چەندین ساڵان خەریکی زمانێک بن کە زمانی زگماکیی خۆیان نییە، ئێستا بە پێنج شەش مانگان فێری زمانە شیرینە زگماکییەکەی خۆیان دەبن. ..... بە دڵێکی پڕ لە هیواو بە ئیمانێکی پتەوەوە لە هەمبەر شاڵاوەکانی تواندنەوە و لەناوبردندا خۆمان راگرتووە و لەسەر تێکۆشان و خەباتی خۆمان بەردەوام بووین هتا گەیشتووین بە سەربەخۆیی و ئازادیی میللەتی کورد. دیارە هێشتا زۆر هەڕەشە و کۆسپمان لە پێشن کە بە خەباتی بێوچانمان بەسەریاندا زاڵ دەبین. ئەمڕۆ کە نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکان و ناوچەکانی کوردستان بە ئاغا و وەرزێر و ورد و درشتەوە هاتوون و لێرە کۆ بوونەتەوە و یەک دڵ و یەک زمان بانگ دێڵن و دەڵێن:"دیموکراسی و ئازادی" و بەسەرو پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و ئاوەدان دەچینە پێشەوە.")

رۆژی ۲۶ی سەرماوەزی ۱۹۴۵ لە رێورەسمێکی تابەتیدا قازی محەمەد پێشەوای کوردستان بە دەستی خۆی ئاڵای کوردستان لە سەربانی بینای هەئیەتی بەرێوەبەریی نیشتیمانیی کوردستان، هەڵدەدات و دەشەکێتەوە.

قازی محەمەد وەک کەسێک کە خرۆکەی دیموکراتیکبوون بە نێو خوێن و دەمارەکانیدا گەڕابێ و وەک بڵێی لەگەڵ شیری دایکیدا فرچکی بە ئازادیخوازی و دیموکراسی و رەچاوکردنی مافەکانی ئینسان گرتبێ، هەموو ئەو شتانەی بەکردەوە جێبەجێ کردوون. بۆ وێنە لەو سەردەمدا کە هێشتا لە ئەورووپا و ئەمریکاش بە گوێرەی پێویست مافەکانی ژنان رەچاو نەدەکران، ئەو دیسان گۆڕانەکە لە بنەماڵەکەی

خۆیەوە دەست پێدەکات و لەوکوردستانەدا کە ٩٥٪ی پیاوەکانی و ١٠٠٪ی ژنەکانی نەخوێندەوار بوون، ئەو رێکخراوێکی ژنان دادەمەزرێنێ بە ناوی "یەکیەتیی یایان" و میناخانمی خێزانیشی دەبێتە بەرپرسی ئەو رێکخراوە.

قازی لە چوارچێوەی حکوومەتە دیموکراتەکەیدا مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانیش نەک لەبیر ناکات، بەڵکو هەموو ماف و ئازادییەکانیان لەبەر چاو دەگرێت و قوتابخانە بۆ کەمینە نەتەوە و ئایینییەکان بە تایبەتی بۆ جوولەکەکانی نێو شاری مەهاباد، دەکاتەوە و مامۆستایان بۆ دادەمەزرێنێت و مافی یەکسانیشیان لەگەڵ کوردە موسوڵمانەکاندا بۆ لەبەرچاو دەگیردرێت.

قازی لە ماوەی یازدە مانگ حوکمڕانییەکەی کۆماری کوردستاندا کە خۆی پێشەوا و رێبەری کۆمارەکە بوو، بەردەوام لە هەوڵی دیپلۆماتیکدا بوو لە پێناوی پاراستنی ئەو دەستکەوتانەدا. رۆژی ٤ / ٥ / ١٣٢٥ /١٩٤٦ لە باسی سەفەرەکەی تارانیدا بە خەڵکی مەهابادی گوت:"خۆتان باش دەزانن من بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی میللەتی کورد بە شەو و رۆژ هەوڵ دەدەم و دانانیشم و ئەو هەوڵ و تێکۆشانەش بە مایەی شانازی دەزانم و هەتا دوا چرکەساتەکانی ژیانم دەست لە خەبات و فیداکاری هەڵناگرن و بۆ هەمووانی دەسەلمێنم کە میللەتی کورد شیاوی ئەوەی بە ئازادی بژیێت....

... ئەمن لەگەڵ قەواموسەڵتەنەدا زۆرم قسە کرد. ئەو بۆچوونی بەرامبەر کورد باشە و لەو وتووێژانەماندا گوتی، ئێمەش ئەوە بووینەتە دیموکرات و حیزبی دیموکراتی ئێرانمان دامەزراندووە و وامان پێ باشە ئێوەش ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بگۆڕن و ناوەکەی بکەنە حیزبی دیموکراتی ئێران. لە وەڵامیدا گوتم: ئەمن بە بێ بڕیاری کومیتەی ناوەندی ناتوانم هیچ بڕیارێک بدەم و نایدەم، چونکە واتای دیموکراسی ئەوەیە کە هیچ کەس بەبێ راوێژ و پرس و رای میللەتەکەی ناتوانێ چارەنووسی ئەوان دیاری بکات و بڕیاری لەسەر بدات...."

ژیانی پڕ لە شانازیی قازی محەمەد هەمووی تەرخان بووە بۆ خەبات و فیداکاری لە پێناوی میللەتەکەیدا. هەتا ئەوەیکە پاش پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤیەتی و گەڕانەوەی هێزی ئەرتەشی تاران بەرەو کوردستان و تێکشکاندن و لەبەر یەک بڵاوکردنی فیرقەی ئازەربایجان و دەرپەڕینی رێبەرەکانیان بەرەو سۆڤیەتی، دوا رۆژەکانی تەمەنی کۆماریش نزیک بوونەوە. هێشتا سەرکردایەتیی کورد و کۆماری کوردستان هەر لە سەر کار و بارەکانیان بەردەوامن، کە بەشێک لە عەشیرەتە هەلپەرستەکان واز لە پشتیوانیی کۆمار دێنن و لە بنەوە پەیوەندیی بە هێزەکانی شاوە دەگرن. چەند رۆژێک بەر لەوەی هێزەکانی شا بگەنە مەهاباد، کۆمەڵێک لە بەرپرسانی کۆمار دێنە ماڵی قازی و داوای لێ دەکەن پەنا بەرێتە بەر وڵاتی سۆڤیەتی بەڵام پێشەوا لە وەڵامیاندا دەڵێ:"ئێوە ئازادن بۆ کوێ دەڕۆن بڕۆن و چیتان پێویستە لەگەڵ خۆتان بیبەن. بەڵام ئەمن پەیمان و ئاد و بەڵێنم بە خەڵکی کوردستان داوە لە هیچ هەل و مەرجێکدا بەتەنیا جێیان ناهێڵم. ئەمن ناتوانم خەڵکەکەم بە ئەمانی خودای بسپێرم و خۆم رزگار بکەم. ئەمن دەزانم دەوڵەتی شا من دەگرێ و زیندانیشم دەکات و دەشمکوژێت. دەوڵەت و سوپاکەی لە گەڕانەوەیدا چیی رق و قینی هەیەتی بەسەر منیدا هەڵدەرێژێت و ئیتر خەڵک ئەزیەت ناکات، بەڵام دەستیان بە من رانەگات، تۆڵەی من لەو خەڵکە دەکاتەوە."

کۆمار هەرەس دێنێت و قازییەکان دەستبەسەر دەکرێن. بەڵام ئەو قارەمانەتی و ئازایەتییەی لە رەوتی دادگاییکردنەکەی پێشەوادا لێی دەگێڕنەوە، شتێکی دەگمەنە. بە تایبەتی لە زمانی ئەو کەسانەوە کە وەک دوژمن سەیریان کردووە و لێیان روانیوە. گەوردەیی و باوەڕبەخۆبوون و ئیمانی پتەوی پێشەوا، بووەتە هۆی ئەوەی تەنانەت دوژمنەکەشی نەتوانێ حاشای لێ بکات.

پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی سەر لە بەیانیی رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران، بەڵام خۆ ئەوان نەیانتوانی هزر و بیری قازییەکان لە سێدارە بدەن و ئەو پڕشنگە بخەنە قەفەزەوە....

بۆ پێشەوا قازی محەمەد

لە نێو تۆف و کرێوەو بەستەڵەکدا
ئەتۆ تیرێژی خۆری سەر چیا بووی
وەکوو قاسملوو فەرمووی تۆ گوڵێ بووی
لە نێو جەرگەی بیاباندا رووابووی

****

کە ناوی پێشەوای کورد دێتە سەر زار
لە ناخا دوژمنی دڵرەش دەغەزرێ
لەسەر هیمی وردی ئەو پێشەوایە
یەکەم کۆماری کوردان دادەمەزرێ

***

لەسەر رێبازی تۆین و تا گەیشتن
بە ئازادی، سروودی خۆر ئەخوێنین
بەسواری تیشکی زانستیش ئەگەر بێین
بەراستی تۆزی پێی تۆ ناشکێنین
وشەی هۆنراوە کۆڵ و کۆڵەوران
لە تاریفت، ئەتۆ چیی هێنده بەرزی؟
هەتاو بۆ زیارتی کێلی مەزارت
بە لەشکر تیشکی خۆی ناردوونە عەرزی

سەرچاوە : ماڵپەڕی بۆرۆژمەڵات / رێکەوتی : ٤ی ئاوریلی ٢٠١٢

پێشەوا بەڵێنی خۆی بردە سەر و ژیانی لە پێناو ئامانجی رەوای دانا.

سەلاح گادانی

ئەم وتارەی لەبەر دەستتان دایە لە نووسینی بەرێز کاک سەلاح گادانی یە، شایانی باسە کە ئەم وتارە لە یادی شەست وپێنج ساڵەی شەهیدانی ١٠ ی خاکەلێوە رۆژی شەهیدانی کوردستان لە سمینارێک دا بە بەشداری خەڵکێکی زۆر لە شاری ئورێبرۆ لە ولاتی سوئێد پێشکەش کراوە، ئەم وتارە لە چەند ڕەهەندێکەوە ئاور لە ژیانی سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد دەداتەوە.

سەلاح گادانی

١٠ی خاکەلێوەی ١٩٤٧ پێشەوا قازی مەحمەد سەرۆککۆماری کوردستان و هاوڕێیانی سەیف قازی و سەدری قازی لە لایەن رژێمی پاشایەتی ئێرانەوە لە سێدارەدران، بەم هیوایە کە بیری کوردایەتی و کوردبوون بنەبڕ بکەن. هەرلەم ساڵەدا لە پەیوەندی لەگەڵ کۆماری کوردستاندا هەمدیسان نەتەوەکەمان شایدی لە سێدارەدانی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەفسەرانی کۆمار لە شارەکانی مەهاباد،سەقز و بۆکان و هەروەها شارەکانی باشووری کوردستان بوو.

پێشەوا قازی بەر لەسێدارەدانی فەرمووی:" قازی مەحمەد دەکوژن، بەڵام زۆر پێناچێ هەزاران رۆڵەی کورد دەبنە قازی و رێبازی دەگرن و درێژەی پێدەدەن."

هەرواش بوو کورد درێژەی بەخەباتی رەوای خۆیدا و بۆ رزگاری نەتەوەکەی بێوچان خەباتی کرد و لەم پێناوەش دا هەزاران رۆڵەی کورد گیانی خویان فیدای رێبازی قازی واتە سەربەخۆیی کوردستان کردووە.

لەم رۆژەدا کە یادکردەنەوەی شەهیدانی سەربەرزی نەتەوەکەمانە لە پێناو سەربەخۆییدا، یادی تێکرای خەباتکارانی شەهیدمان لە هەرچوارپارچەی کوردستان بەخێر بێت و رێگایان پڕ رێبوار. دڵنیام بنەماڵەی شەهیدانی سەربەرزی کوردستان سەرفەراز و شانازن کە نەتەوەی پێزانی کورد ئەمگناسی ئازیزەکانیانە. ئەمەگیان بەسەرمانەوە هەیە، لە بیر ناکرێن و هەمووکات بزوێن ،رێنیشاندەر و هاندەری خەباتن.

لێرەدا یادی ١٠ی خاکەلێوە رۆژی شەهیدان دەکەمە بیانوو بۆ باسێک لە سەرکەسایەتی و باوەری پێشەوا قازی و هەروەها ئەم ئەزموونانەی بۆ ئێمەی کورد ماوەتەوە کە لە درێژەی خەبات دا رەچاویان بکەین.

لە مێژووی هەر نەتەوەیەک دا کۆمەڵێک رووداو یان کاردسات هەن کە بە باری جۆراوجۆردا کارتێکەریان لە سەر ڕەوت و چارەنووسیدا بووە و دەبێ. دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی١٩٤٦ دا یەک لەم رووداوە مێژووییانەیە کە ڕەنگدانەوەی تایبەتی لە سەر درێژەی خەباتی رزگایخوازانەی نەتەوەی کورد، هەبووە و هەیە.

جێگە وپێگەی کۆماری کوردستان و فیداکاری سەرۆک کۆمار و هاوڕێیانی بۆ هەر تاکێکی کورد بوونەتە بەڵگەیەکی مێژویی جێگەی شانازی.

٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆمار و ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی لە سێدارەدانی سەرۆککۆماری کوردستان و هاوڕێیانی ڕۆژانێک نین کە تەنیا پەیوەندییان بە ناوچەیەک، مەڵبەندێک لە کوردستان یان خود تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسی کوردستانییەوە هەبێت. پێشەوا سەرۆک کۆماری کوردستان بوو و ئامانجی کۆماریش گشت کوردستان.

بیری دامەزرانی کۆمار دەسکەوتێکی کاتی و ناوچەیی نەبوو. دەزانین هەر لە چەند ساڵی بەر لە راگەیاندنی کۆمارەوە هاوکاری وسەردانی چڕوپڕ لە نێوان رووناکبیرانی کوردی بەشە لێکدابراوەکانی کوردستاندا لە ئارادابووە. هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکانی خۆیبوون، هیوا و ژێکاف، هامووشۆ و چاوپێکەوتنی نوێنەرانی بەشەکانی کوردستان و سەردانیان لە ژێکاف لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دانیشتنی هاوبەشی نوێنەرانی تێکرای بەشەکانی کوردستان و لێدوان لە سەر نەخشەی کوردستانی یەکگرتوو لە داڵانپەر و پاشان هەڵواسینی هەر ئەو نەخشەیە لە ژووری کاری پێشەوا دا ، ئەوە دەسەڵمێنی کە کورد تێکرا و هاودەنگ لە بیری رزگاری و سەربەخۆیی گەلەکەی دابووە و هاوخەباتی چرو پڕیان لە نێوان دابووە، بە واتایەکی‌تر، راستە کۆماری کوردستان بە پێیێ هەڵومەرجی سەردەم لە مەهاباد دامەزرا بەڵام هەڵەیە ئەگەر بە رووداوێکی ناوچەیی ئەژمار بکرێ و ئێمەی کورد بۆ خۆشمان بەهەڵە، نارەوا، و بیرتەسکانە بە کۆماری مەهاباد ناودێری بکەین.

هەروەکچۆن ئەمڕۆکە دانیشتوویەکی کرماشان، دیاربەکر یان قامیشلی چارەنووس و داهاتووی سیاسی خۆی گرێدراو بە بوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەبینێ و شانازە و لە خۆی بە نامۆ نازانێ.

خەڵکی کورد لە هەر چوارپارچەی داگیرکراوی کوردستان و هەر کوێیەکی ئەم جیهانە دا بژی خاوەنی ئەم دەسکەوتانەیە. کۆماری کوردستان و ڕێبەرانی ئەم کۆمارە پەیوەندییەکی قوولی لێکدانەبڕوایان لەگەڵ پێناسەی نەتەوەیی گەلەکەماندا هەیە.

بەڕێزان !

پێشەوا مروڤێکی نیشتمانپەروەر رووناکبیر و دێمۆکرات بوو کە زۆر بە باشی بارودۆخی سیاسی و دیپلۆماسی سەردەمی خۆی دەناسی و بە لێوەشاوەیی و شارەزاییەوە، وردبینانە کەڵکی لێوەرگرت و بوو بە بناخەدانەری ڕەوتێکی دیمۆکراتیک و مودێرنی خەبات و دەوڵەتداری لە کوردستاندا. هەروەها بەڕێوەبەری جووڵانەوەی لە دەستی تاکەوە گواستەوە بۆ ڕێبەری بە کۆمەڵ.

لە ژێر رووناکایی ئەم وردبینی وخوێندنەوەیە دایە کە بەر لە راگەیاندنی کۆمار لە ٢٥ سیپتەمبری ١٩٤١ کاتێک ئەفسەریکی بەریتانی و یەکی ئەمریکی لە مەهاباد چاویان بە قازی مەحمەد دەکەوێت، قازی گەلالەیەک لەمەر کوردستانێکی یەکگرتوو دێنێتە بەر باس و بەو مەبەستە داوای چاوپێکەوتنی سەرکردایەتی ئەرتەشی بەریتانی لە ناوچەدا دەکات. هەروەها، لە ٢٢ی ئوکتبری ١٩٤٢ بە پێی راپۆرتی کونسولگەری بەریتانی لەتەوریز، قازی مەحمەد داوای یارمەتی لە وڵاتانی بریتانیا و ئەمریکا کردووە کە یارمەتی دۆزی کورد بدەن تا وەکو کورد بتوانێ ویستە سیاسییە لەمێژینەکانی خۆی دابین بکات.

لە بار و دۆخێکی لەم چەشنە دا هەرچەند کە لە یارمەتی و هاریکاری هێزەکانی رۆژئاوایی بێهیوا بووە، بەڵام لە سەفەری دووهەمی بۆ باکۆدا وردبینی بوێری سیاسی قازی مەحمەد تا ئەو رادەیە گرنگە کە ئەگەر خۆراگری قازی مەحمەد نەبوایە، رۆژهەڵاتی کوردستان بەپیلانی باقرۆف و پیشەوەرییەوە بە ئازەربایجانەوە دەلکا و نەیدەتوانی ببێتە نوێنگەی ویستی نەتەوەیی گەلەکەمان کە ئێستا کورد شانازی پێوەدەکات. هەر پێشەوا قازیش بوو کە بەکەڵک وەرگرتن لە باوەری قوولی خۆی و پێگەی لە ناو هاوڕێیانیدا، سەرانی حیزبی دێمۆکراتی هاندا کە دژی ئەم داوایە بوەستن.

کاتێکیش دوای گەڕانەوەیان لە سەفەری باکۆ کۆماری کوردستان راگەیاندرا بەتوندی کەوتنە بەرلۆمەی کاربەدەستانی سۆویەتی لە تەوریز. کاتێک برایموف یەک لە نوێنەرانی سۆویەت لە تەوریز دەپرسێ لە سەر ئیزنی کێ کۆماری کوردستانتان راگەیاندووە. سەیف قازی و حاجی بابا شێخ وڵام دەدەنەوە دەڵێن :

ئیوە لە ئێمە پێشکەوتووترن و هاواری ئازادیخوازیتان دونیای پڕکردوە و ئێمەش بە باوەڕکردن بەم دروشمەی ئێوە و لە سەر ویستی خەڵکی کورد کۆمارمان راگەیاندووە کە چی ئێستا کەوتووینە ژێر پرسیار. ئایا دژی ویستی گەلی خۆمان وەستاباین؟ ئەگەر ئێمە وەک کورد پێویستیمان بەیارمەتی هەیە بەو مانایە نیە کە ببینە پاشکۆی دەسەڵاتێکی دیکە. ئەگەر هەر پاشکۆ بین چ مانای هەیە کە هەر وەک بووین، نەبین.

بەڵگەیەکی دیکە کەنیشانەی زاڵ بوونی بیری یەکیەتی و یەکگرتوویی نەتەوەیی پێشەوا و کۆماری کوردستانە، پێشوازی کردنە لە بارزانی و بەشدارکردنیانە لە کاروباری کۆماردا. ئەم هەنگاو و هەڵوێستەی پێشەاو بە پێچەوانەی داوا و چاوەڕوانی سۆوییەتیەکان بوو کە دژ بە بارزانی بوون و حەوڵی ئەوەیان بوو کە نەهێڵن بارزانییەکان لە کاروباری کۆماردا چالاک بن. بەو مەبەستە، بارزانییان بە ناردراوی بەریتانیا دەدایە قەلەم چونکە حەزیان وابوو کوردستان لە بەرامبەر جمهوری ئازەربایجاندا بێهێز رابگرن.

لێرە دا جێگەی خۆیەتی گرنگی رۆلی بارزانی و ئەفسەرانی کورد کە بە هانای کۆمارەوە هاتبوون، لە دامەزران و رێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بایخی خۆی بدرێتێ کە بێ وێنە هەموو تواناکانی خۆیان لە خزمەت بە کۆمار و پاراستنی دا، خستە کارەوە.

لایەنێکی دیکەی بەرچاو لە هەڵوێستی نەتەوەیی پێشەوا کاتی سوێند خواردنە لە رۆژی ٢ی رێبەندان دایە.

پێشەوا وەک مرۆڤێکی شارەزا بە بواری قانوونی، وەک قازییەک ئەگەر بڕوای بە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی کوردستان نەبوایە سوێندی بەئالای کوردستان نەدەخوارد وکاتێکیش لەو رۆژە دا جلوبەرگ دەگۆڕێ و ئونیفۆرم دەکاتە بەری ، ئەم پەیامە دەدات کە ئەو کوردێکی موسلمانە و ئەرکی نەتەوەییەکەی چەند لە لا پیرۆزە. ئەمە رێبازێکە کە بە خۆشێیەوە تا ئێستاش مامۆستایانی ئایینی کورد رەچاویانکردووە و ژمارەیان کە لەم رێبازە دا خەبات دەکەن و یان ژیانیان بەخت کردووە کەم نین.

یەک لە سروودەکانی سەردەمی کۆمار کە رۆژانە دەخوێندرایەوە بەشێکی بەم چەشنە بوو کە دەڵێ:

نەفتم ئەوێ ژیانە لە سرت و کرماشانە
باوەگورگوڕ دەزانێ لە موسلیش دا هەمانە

کە ئەمەش چوارچێوە و بەرنامەی کۆمار نەک هەر لەمەهاباد و رۆژهەڵاتی کوردستان دەباتە دەرێ، بەڵکوو سنوورە دەسکردەکانیش دەبەزێنێ ولە یەکپارچەیی کوردستان دەدوێ.

هەڵوێستی پێشەوا قازی لە کاتی رووخانی کۆمار دا بەشێکی دیکەی جیگەی سەرنج و لێ وردبوونەوەیە.

بەدڵنییایەوە پێشەوا خەڵکی کورد و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەکانی نێوان سەروک عەشیرەتەکانی کوردی بە باشی ناسیوە و لە ئاستی لاوازی رووناکبیری و خوێندەواری کۆمەڵگاش بی ئاگا نەبووە. لە لایەکی دیکەشەوە بار و دۆخی نێونەتەوەیی، وڵاتانی داگیرکەر، بەرژەوندیخوازی بریتانیا ،ئەمریکا و سوویەتی لێ شاراوە نەبووە. لە بار و دوخێکی ئاوادا پێشەوا ئەندامەتی ژێکاف قەبوول دەکات و دەچێتە ناو کێشەو ململانەیەکی نێونەتەوەییەوە بەم هیوایە کە لە هەڵومەرجی سەردەم بۆ کورد کەڵک وەربگرێ. بەڵام لە خەباتی سیاسی دا مەرجەکان ئەوەنین کە هەموو شتێک بەو ئاقارە دا بڕوا کە تۆ دەیخوازی بە داخەوە تا کۆتاییش کاربەدەستانی سۆویەت نەیان هێشت سنووری دەسەڵاتی کۆمار لەوەی کە خۆیان پێیان ئازەربایجان بوو تیپەرببێ. واتە لە بەرژەوندی پلانی خۆیان و جمهوری ئازەربایجاندا رێگر لە پەرەستاندنی کۆمار بوون و لە بلاتەکلیفی و چاو لەدەستیدا رایانگرت. ئەو بەڵێنیانەی بۆ یارمەتی دابوویان لە دانی دەزگایەکی چاپ، ئیزگەیەکی بچووکی رادیۆ و ژمارەیەک چەکی سووک ، هیچی تری وەدیئەهات.

تەنانەت کاتێک پێشەوا لە جبهەی سەرا لە گەڵ بەرپرسانی پێشمەرگە وەک ژنرال بارزانی، عومەرخانی شکاک، میرحاج و مستەفا خۆشناو بۆ دواییین ئامادەکارییەکانی وەرێکەوتن بەرەو سنە خەریکی چاو پێکەوتن بوون، هاشمۆف لە ورمیەوە دێت و پێیان رادەگەیەنی کە دەبێ دەس‌رابگرن، وپێیگوتن ئەگەری ئەوە هەیە بەریتانیا لێتان بدا و ئێمە پشتتان ناگرین و ئەگەر ئەرتەشی ئێرانیش لە بەرەکانی دیکە را هێرش بکات وا ئەرتەشی سوور پێشی پێناگیرێ. هەر لەم سەروبەندەش دا کە مناف کەریمی یەک لە وەزیرەکانی کۆمار بۆ رێکخستنی کاروباری پێشمەرگە لە رێگادا بوو و بەرەو سەردەشت دەچوو، پەیامێکی بەپەلەی پێگەدەگات کە شەڕی دژی ئەرتەشی ئێران رابگرێت.

هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان جیا لە هۆکارە ناو خۆییەکان و دەستی لە بنەوە بری کۆمەڵێک ئاغا و سەرکردە کە لە ژێرەوە لە گەل دوژمنان پێکهاتبوون، لە دەرجەی یەکەمدا شکستی سیاسی سۆوییەت بوو لە بەرامبەر بەریتانیا و ئەمریکادا، بێ باوەڕی بوو بە ئەم دروشمانە کە گۆیا ئەرتەشی سوور ناجی و رزگاریدەری گەلانێ ژێردەستە. فریوخواردنی سیاسی سۆویەت بوو کە بەتەمای نەوتی باکووری ئیران لە گەل قەوام پێکهات .

ئەوە سەفارەتخانە و نوێنەرانی سۆویەتی بوون کە هانی جمهوری ئازەربایجانیان دەدا کە لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا بکەونە وتووێژ و پێکهاتن. ئامۆژگارییە بەردەوامەوکانی نوێنەرانی سۆویەت بوون کە گازندەی پێشەوا و سەدری قازییان دەکرد کە نابی لە وتووێژی لەگەڵ ئێراند توندئاژۆ بن.

پێشەوا کە لە گەیشتنی هەرچەشنە یارمەتێکی ئەرتەشی سوور و جمهوری ئازەربایجان بێهیوا ببوو و هەرەها پەیامەکەی هاشمۆف لە سەرا و لە هەمان کاتیشدا ئاگاداربوون لە پێکهاتنی نهێنی ژمارەیەک لە سەرۆک عەشیرەتەکان لەگەڵ ئەرتەشی ئێران، بە ناچار دوای کۆبوونەوەیەک و گوێگرتن بۆ رای گشتی کە لە مزگەوتی عەباس ئاغادا لە مەهاباد بەڕێوە چوو، بریاری شەر نەکردنی راگەیاند. بەم چەشنە لە رۆژەکانی ئاخری مانگی سەرماوەزی ساڵی ۱۹۴۶ دا کۆماری ساوای کوردستان کۆتایی بە ژیانی سیاسی هات. پێشەوا و ژمارەیەکی زۆر لە رێبەرانی دەسبەسەرکران و درانە بیدادگاکانی حەمەرەزا شا.

پێشەوا بەڵێنی خۆی بردە سەر و ژیانی لە پێناو ئامانجی رەوای دانا بەڵام نەیهێشت وێرانی و کوشت وکوشتار و دووبەرەکی کوردستان بگرێتەوە و بە دەردی ئازەربایجان بچێت .

کاروکردەوەی کۆماری کوردستان لەم ماوە کورتە دا و فیداکاری پێشەوا بۆ گەلەکەی بوو بە سەرچاوەی خۆشەویستی و متمانە کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ گەڵی کورد بە ئەمەگناسی و رێزە و دەروانینە حیزبەکەی قازی و پێوەندێکی عاتفی زۆر بە هێزیان لەگەلی دا هەیە .
کاتێک دوای رووخانی رژیمی پاشایەتی یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجام درا.زۆربەی هەرە زۆری کاندیداکانی سەر بە رێبازی قازی لە سەرانسەری کوردستاندا دەنگی متمانەی خەڵکیان وەرگرت. هەر لەم هەڵبژاردنە دا دکتۆر جەوەدت کاندیدای فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان، لە ئازەربایجانی ۱۹ میلیۆنی ئەوکات تەنیا ۶۲۰۰ دەنگی هێنا .

ئێستا ۶۵ ساڵ لە سیدارەدانی یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان تێپەردەبی. ئێمە شاهیدی گۆڕانی بەرچاوین لە هەڵومەرج و موناسباتی سیاسی، ئابوری کۆمەڵایەتی نێو نەتەوەیی، ناوچە و کوردستان دا. لە گەڵ فەشەل هێنانی سیستەمی ئابووری و سیاسی وڵاتانی سوسیالستی و تەواوبوونی سەردەمی شەری سارد، جیهان بینێکی نۆی هاتۆتە ئاراوە کە لە خۆی دا هەڵگری زۆر بینین و سیستەمی نۆیە کە پەیوندندیە دیپلۆماسییەکان و بەرژەوندەی زلهێزانی رۆژئاوا و دونیای خستۆتە ئاقاریکی نوێوە ئەمەش هەلێکی نێونەتەوەیی باشی بۆ کوردستان و داهاتووەکەی رەخساندووە. بۆ بەرژەوندی کورد، کەڵکوەرگرتن و قواستنەوەی ئەم دەرتان و هەلە مێژووییانە پێویستە کورد بە وردی بە سەر ویست و بەرنامە سیاسیەکانی خۆی دا بچێتەوە. کورد دەبی داوای روون و ئاشکرای خۆی

هەبێ. ئێمە ناتوانین ویست و داخوازەکانمان لە گەڵ نەتەوەی باڵادەست و دک یەک ببینین وهەربۆیەش ناتوانین لە گەڵیاندا خاوەنی ستراتیژی وەک یەک بین.

لێدوان و پێکهاتن لە مەر بەرنامەیەک درێژخایانی سیاسی، کەلتووری هاوبەشی کوردستانی دەتوانێ ئاستی وریایی وداخوازییە نەتەوەییەکانمان بۆخزمەت بە ستراتیژی کوردستانی بەرێتە سەر. ئەم وریاییە سیاسیەی کۆمەڵگای کوردەواری دەتوانێ لە داهاتوودا ببێتە پشتیوانێکی بەنرخ بۆ دانوستان و دارشتنەوەی چارەنووسەکان لە دوارۆژ دا.

یادی شەهیدانی کۆماری کوردستان و تێکرای خەباتکارانی رێگای رزگاری نەتەوەی کورد پیرۆز بێت!

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / رێکەوتی : ٢ی ئاوریلی ٢٠١٢

قازی محەممەد، پێشەوای مرۆڤی کورد

رێبوار مەعروف زادە

مێژووی مرۆڤایەتی ململانێ و ناتەباییەکی بازنەییە لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ، کە لە ئاستی ورد و تاکەوە لە نێوان هزر و کردەوەی مرۆڤەکانەوە بەرەو ئاستی فرە و کۆمەڵگەکانەوە هەڵدەکشێ و لە نێوان ئایین، ئایدیۆلۆژی و نەتەوەکان لە سەر خاک، دەریا و سامان و دەسەڵات بەرجەستە و سەر لە نوێ رووبەڕوی مرۆڤ دەبێتەوە. لە کات و شوێنی جیاجیادا لە سەر بابەتێک لێدوان، نووسین و کرداری جیاواز هاتۆتە ئاراوە و دواجار "هەقیقەت"ی جیاوازیش بەرهەم هاتوە. هەقیقەتی مێژوو بریتییە لە رووبەڕوبوونەوە و بە نێو یەکداچوونێکی بەردەوامی نێوان خوا و مروڤ، ئاسمان و زەوی، خاک و دەریا، ئایین و زانست، ئەخلاق و سیاسەت، داگیرکەر و رزگاریخواز، دەسەڵاتخواز و ئازادیخواز، مرۆڤکوژ و مرۆڤدوستەکان. لە مێژووی نەتەوەی کورددا بە شوێن هەقیقەتی قازی محەممەد دەکەوین، سەر لە نوێ دادگایەک دروست دەکەین، بە شوێن ئەوە دەکەوین کە ئاخۆ کەسایەتی، بەرپرسیارەتی و ئەخلاقی قازی محەممەد، هزر و کرداری، شێوازی ژیان و مەرگی چ جۆرە "بوون"ێکە؟ ئەو "بوون"ە لە کوێدا دەست پێدەکا و لە کام پێگەدا جێ دەگرێ و دواجار بە پشتبەستن بە رێبازەکەی سیمای مرۆڤی کورد دەستنیشان دەکەین.

قازی محەممەد لە ١١ ی بانەمەڕی ساڵی ١٩٠٠ لە دایک دەبێ. لە خزمەت باوک و مامی بیرمەندی فێری زانست، یاسای شەرع و جوامێری دەبێ. بە هەوڵی خۆی لە هەڵومەرجی پارچەکراو و لاوازکراوی کوردستاندا فێری زمانی فارسی، عەرەبی و تورکی دەبێ. هەروەها لە هەڵومەرجی نفووزی زڵهێزەکان بە سەر ئێراندا شارەزایی بە سەر ئینگلیسی و فەڕانسەی و رووسی پەیدا دەکا. لە ساڵی ١٩٢٣ تا ١٩٢٥ بەرپرسی ئیدارەی رۆشنبیری و ئەوقافی مهاباد لە ئەستۆ دەگرێ. ساڵی ١٩٢٦ لە دوای دەست لە کارکێشانەوەی مامی"میرزا ئەبولقاسمی سەیفولقوزات" دەبێتە بەرپرسی فێربوون و پەروەردەی شار. لەو پێگەیەدا یەکەمین خوێندنگەی کچانەی شار دەکاتەوە. لێرەدا قازی محەممەد لە تاک و گەنجێکی بلیمەت و جوامێر کە سەرقاڵی ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتییە سەرتر نییە، ئەو لێرەدا لە فەزایەکدا بەرپرسیارەتی ئەنجامدەدا، لە فەزایەکدا دەبینێ و قسە و هەڵسووکەوت دەکا، کە نە لەگەڵ دەسەڵاتی شا و نە لەگەڵ نەتەوەیەکی ژێردەست خۆی رووبەڕو ناکاتەوە، بەڵکوو بەرپرسیارەتی ئەو لێرەدا تەنیا لە نێوان تاکەکەسی خۆی و خەڵک دایە. لە راستیدا قازی محەممەد لەو دۆخەدا دەستیی بە ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی و دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی کردوە کە لەودا هەر تاکێک خۆی و خەڵک بوونی هەیە. لە ساڵی ١٩٣٦ زایینی لە نێو سەربازەکانی پادگانی شاردا، بە زمانی کوردی لە سەر دۆخی ئەو کاتی وڵات رەخنە و گازندەی دەسەڵات دەکا، ئەو کارە تووڕەیی رەزاشای لێ دەکەوێتەوە و قازی محەممەد لە سەر پۆستەکەی لادەبردرێ و

ئەو سزایە تاکوو ٢٥ ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٤١ ، کە هێزە هاوپەیمانەکان هێرش دەکەنە سەر ئێران و شا بۆ دورگەی موریس دووردەخرێتەوە، درێژە دەکێشێ. لێرەدا قازی محەممەد بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی بۆ بەرپرسیارەتی سیاسی و نەتەوەیی بەرفراوان دەکاتەوە واتە لە فەزایەکدا قسە و هەڵسووکەوت دەکا کە هەم دەسەڵاتی پاشایەتی و هەم نەتەوەیەکی ژێردەست بوونی هەیە. ئەو بە وتن و هەڵسووکەوتی خۆی رووبەڕوی زوڵمی شا و سستی نەتەوەکەی دەبێتەوە. لێرەدایە کە قازی محەممەد دەست بە ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی و دیاڵۆگێکی نەتەوەیی و سیاسی دەکا، بەڵام لەو دۆخەشدا قازی محەممەد هەر وەک تاکێکی هوشیار بەرپرسیارەتی سیاسی و نەتەوەیی، لە دەرەوەی هەر جۆرە گرووپ و پێکهاتەیەکی سیاسی و نەتەوەی، بە ئەنجام دەگەیەنێ. دیارە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"ژ.ک" کە رێکخراوێکی ناسیۆناڵیستی بوو، لە ساڵی ١٩٣٨وە بە شێوەیەکی نهێنی چالاکی دەکرد، جۆرە فۆرم و بناخەیەکی سیاسی و نەتەوەیی دژبەر و جیاواز لە دەسەڵاتی پاشایەتی دامەزراندبوو. لە ساڵی ١٩٤١ کە سپای یەکیەتی سۆڤییەت لە بەشێک لە خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر دەبێ، لە پێناو پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە سی کەس لە سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگ و کەسایەتییەکان بۆ باکوو بانگهێشت دەکرێن کە قازی محەممەد یەکێک لەو کەسایەتییانە دەبێ. لەگەڵ ئەوەدا کە قازی لەو کاتەدا ئەندامی کۆمەڵە(ژ.ک) نەبووە، بەڵام بە هۆی کەسایەتی بەرزی، لە سەر خۆیی و بوێری و هەروەها شارەزایی بە سەر زمانی رووسیدا بە کردەوە سەرۆکایەتی وەفدەکە لە ئەستۆ دەگرێ. لەو دۆخەدا قازی محەممەد بەرپرسیارەتییەکی زۆر گەورەتر لە جاران لە ئەستۆ دەگرێ چونکی لە رووبەڕوبوونەوە لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکەدا(رووسەکان) نوێنەرایەتی ویست و شۆناس و کەسایەتی خەڵکەکەی دەکا. پاش گەرانەوەیان خەڵکی شار شووڕایەک پێکدێنن کە بەرپرسیارەتی ئەو شوورایە بە قازی محەممەد دەسپێرن. بە دوای ئەو دەستنیشانکردنەدایە کە قازی محەممەد ناچار دەبێ بەردەوام دیاڵۆگێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵک بکا واتە رێنوێنیان بکا و راوێژیان لێوەرگرێ. لەو دۆخەدا چیدیکە ئەو وەک تاکەکەسێک ، بە پێی ویست و روانگەی خۆی، بەرپرسیار نییە، بەڵکوو لە بەرامبەر ئاسایش و ژیانی خەڵک دا بەرپرسیار دەبێ. هەر ئەو بەرپرسیارەتی و پێگە جەماوەرییە بەهێزە و کارامەیی قازی محەممەد، رێبەرایەتی کۆمەڵە ناچار دەکا داوای ئەندامەتی لەو بکەن و دواجار قازی محەممەد لە ساڵی١٩٤٤ رێبەرایەتی کۆمەڵە لە ئەستۆ دەگرێ. دواتر لە کۆتاییەکانی مانگی سێپتەمبەری ١٩٤٥ قازی محەممەد بۆ جارێکی دیکە سەردانی باکوو دەکا، بەڵام ئەمجارەیان وەک سەرۆکی کۆمەڵەی ژ.ک بە هاورێیەتی ئەندامانی رێبەرایەتی کۆمەڵە سەردانی کۆماری ئازەربایجان دەکا و چاوی بە باقرۆف دەکەوێ. لە دوای گەڕانەوەیان لە باکوو لە ٢٥ گەڵاوێژی ١٩٤٥دا لە راگەیەندراوێکدا، کە بە واژۆی ٧١ کەس لە کەسایەتییەکان و ئەندامانی کۆمەڵە(ژ.ک) دەگا، دامەزرانی حیزبی دێموکرات رادەگەیەنن. لە یەکەمین کۆبوونەوەی حیزبدا ٤٣ کەس وەک کۆمیتەی ناوەندی و قازی محەممەدیش وەک بەرپرسی کۆمیتەکە هەڵدەبژێردرن. لە ٢ی رێبەندانی هەمان ساڵدا بە پشتگیری و لایەنگری ٢٠ هەزار هاووڵاتی، پێکهاتوو لە عەشایر و روناکبیران و خەڵکی کوردستان، حکوومەتی کۆماری کورستان دادەمەزرێ و قازی محەممەدیش وەک سەرۆک کۆماری کوردستان دەستنیشان دەکرێ. لێرەوە قازی محەممەد بەرپرسیارەتییەکی سیاسی و نەتەوەیی وەئەستۆ دەگرێ، بەڵام جیاوازییەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو پێگەیە واتە سەرکۆماری کوردستان، کە لەودا دیاڵۆگ،قسە و هەڵسووکەوت دەکا، دەبینێ و دەنووسێ و بڕیار دەدا پێگەیەکی شەخسی نییە کە خۆی دروستی کردبێ، بەڵکوو پیگەیەکی گرووپی و خەڵکییە. پێگەیەکە کە خەڵک لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا پێیان ئەسپاردوە و هەر خەڵکیش دەتوانن لێی بستێننەوە. لەو فەزایەدا قازی محەممەد شەخسییەتێکی حقووقییە کە هەر چی بکات بە حیسابی میللەتێک دەنووسرێ. بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە نووسین و کردار و بڕیاری سەرکۆماری کوردستان هەوڵ دەدەین شێوازی ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی قازی محەممەد لە ئاست هاووڵاتیانی، لە ئاست نەتەوەکانی دیکە، لە ئاست دەسەڵاتی پاشایەتی و زلهێزەکان و

دواجار لە ئاست ئەو کات و سەردەم نیشان بدەین:

١- سەرۆک کۆماری کوردستان و هاووڵاتیان: لە سەردەمی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار بە شێوەیەکی دامەزراوەیی و لە ژێر ئامانجێکی درێژخایەن و هەمەڵایەنە ئەنجام درا. لە بڵاوکراوەکانی ئەو کات دەکرێ ئاماژە بە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، هاوار، نیشتمان و گروگاڵی منداڵان(یەکەمین بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵان لە مێژووی کورددا) و ... بکەین. قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان لە وتاری خۆیدا لە رۆژی دامەزراندنی کوماری کوردستاندا لە ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٩٤٥ دا بەمجۆرە باس لە ئامانجی خۆیان لە چاپ و بڵاوکردنەوە دەکا: " چەند قوتابخانەی کچان و کورانمان کردەوە، قوتابخانەی شەوانەمان دایر کرد و کتێب بە زمانی کوردی وەرگێران. کچ و کور و پیاوی گەورە لە قوتابخانەکاندا شەو و رۆژ بە زمانی کوردی دەرس دەخوێنن لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی فارسی بن لە مانگێک و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەنووسن. بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی ژیانی ئەدەبی و فەرهەنگیی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عەدالەت پێویستیمان بە وەسیلەی چاپ و بڵاوکرنەوە بوو، چاپخانەی زۆر چاک دانرا، لە شاری خۆماندا بە زمانی خۆمان، بە چاپخانەی خۆمان گۆڤار و رۆژنامە دەردەچێ و بیر و هەست و داخوازی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە."

لە راستیدا لە کۆمەڵگەیەکدا کە چاپ و بڵاوکردنەوە بوونی نییە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە خەڵک نەخوێندەوارن و توانایی نووسین و خوێندنەوەیان نییە، مرۆڤ ئامادەبوونیکی بەرتەسک و لاوازی هەیە و نەتەوەش هەر بوونی نییە. ئەگەر کەسێک نەتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ، بەو واتایەیە کە لە جوغرافیای ماڵ و عەشیرە و گەڕەک و شارەکەی، خۆی بەند کردوە و قەتیس ماوەتەوە، فراوانتر و دوورتر و سەرتر لەو شوێن و کاتە بەرتەسک و دیاریکراوەی کە تێیدایە نە دەتوانێ ببینێ و نە دەتوانێ قسە بکا و نە دەتوانێ خاوەنی ویست و شوناس بێ. لە کۆمەڵگەیەکدا کە قوتابخانە و چاپ و بڵاوکردنەوە بوونی هەبێ، تاکێک دەتوانێ بیر و هەست و ویستی خۆی بۆ هەزاران کەس بنووسێ و هەزاران کەس دەتوانن دۆخ و ویستی یەکتر ببینن، هەر تاکێک مەجاڵی دیالۆگ و بەشداریەکی نەتەوەیی پەیدا دەکا و هەمووان دەبنە خاوەنی پێگەیەک، بناغەیەک و مێژوویەکی هاوبەش و نەتەوەیی. ئەوەی کە سەرکۆماری کوردستان دروستی دەکا بریتیە لە مەجاڵێک بۆ دیالۆگێکی نەتەوەیی و مەجاڵێک بۆ بوون بە هاووڵاتی"، هەوڵێک بۆ دروستکردنی بناخە و مێژوویەکی نەتەوەیی. بەرهەمی ئەو هەوڵە ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ زیاتر لە ٦٥ ساڵ لەوە پێشوو و بزانین " کە لە جیهانی ئەمرۆدا بۆ چی کورد بێ وڵات و بێ دەوڵەتە. بەرهەمی ئەو هەوڵە ئەوەیە کە کردەوە و هزرێک بە تێپەرینی کات لە نێو ناچێ و مێژوویەکی هاوبەش دروست دەبێ.

٢- سەرکۆماری کوردستان و نەتەوەکانی دیکە:" لە حەوتووی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ دا کاتێک قازی محەممەد لە بە سەرکردنەوەیەکی ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای ورمێ سەردانی شاری ورمێی کرد، هەوڵیدا چاوی بە قەشەی کڵیسای ئاشوورییەکان بکەوێ و تێی بگەیەنێ کە کوردەکان ڵایەنگری مافی ئاشوورییەکانن و رێگە نادەن تراژێدییەکانی پێشوو دووبارە بێتەوە و قەشەی دڵنیا کردەوە و پێی گووت" سەردەمی ترس بە سەر چووە."

پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە دەکرێ کەسێک ساڵانێک سەرکۆمار بێ، ساڵانێک سکرتێر بێ، بەڵام قەت رێبەر نەبێت. ئێرەدا سەرۆک کۆماری کوردستان رێبەرە، چۆنکە لە گەڵ ئەوەدا کە هاوپێوەندی نێوان دوو قۆناخی بزووتنەوەی نەتەوایەتی دەبینێ، هەوڵ دەدا بە سەر هەڵەکانی رابردوودا بچێتەوە و بزووتنەوەی نەتەوایەتی بباتە نێو قۆناخێکی نوێ. تێدەکۆشێ کە پێوەندی نێوان

کورد و ئاشووری سەر لە نوێ دابرێژێتەوە و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بکاتە بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، بزووتنەوەیەک کە سەرتر لە ئازادی خاک دەڕوانێ و مەبەستی دابینکردنی ئاسایش و ئازادی بۆ نەتەوەکەی و بۆ مرۆڤەکانە.

٣ _ سەرکۆماری کوردستان و زلهێزەکان: " لە دێکومێنتی یەکیەتی سۆڤییەتدا لە زمانی رۆژنامەی(اطلاعات)دا هاتووە: پێشەوەری و قازی لە باکوو بوون، پێشەوەری و کاربەدەستانی دەرەوە سوور بوون لە سەر ئەوە کە کوردستان ببێتە بەشێک لە ئازەربایجان و سەر بە ئەوێ ببێت، بەڵام قازی محەممەد بە توونڈی دژی ئەو هەڵوێستە راوەستایەوە و بڕیاری لە سەر نەداوە و رایگەیاندوە ئەگەر کوردستان بریارە سەر بە تەورێز بێت باشتر وایە سەر بە دەوڵەتی ناوەندی تاران بمێنێتەوە."

لێرەدا سەربەخۆیی و خەڵکیی بوونی سەرکۆماری کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەردەکەوێ. بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ بزووتنەوەیەکە، سەرچاوەگرتوو و پشتئەستوور بە ویست و هێزی خەڵک، کە نوێنەرایەتی ویستی خەڵکەکەی لە بەرامبەر هێزەکانی دیکە دەکا نەک ئەوەی کە ببێتە بە بازرگان و دەڵاڵی نێوان خەڵکەکەی و زلهێزەکان. پێویستە سەرنج بدەینە ئەوە کە سیاسەت شەڕی دەسەڵاتە، بەڵام شۆڕشگێڕی خەباتە بۆ ئامانجی گشتی و خەڵک. کەسێک دەتوانێ سیاسەت بکا بە بێ ئەوەی تووشی خەساری جیددی بێ، بە بێ ئەوەی رووبەڕوی کوشتن ببێتەوە بەڵام ئەو کەسە قەت شۆڕشگێر نییە. ئەو دۆخە کاتێکە کە کەسایەتییەک ڕەهەندی ئەخلاقی کەمڕەنگ دەبێتەوە و لۆژیکی بازاڕ و قازانج بە سەریدا زاڵ دەبێ. لەو قەزایەدا سیاسەتکردن خاوەنی ئەخلاق و بەرپرسیارەتی لە بەرامبەر خەڵکدا نییە، بەڵکوو سیاسەتکردن پیشەیەکە هەر وەک دووکاندارێتی و بازرگانی کردن.

کۆماری کوردستان بە چەند هۆیەک، لەوانە کشانەوەی هێزەکانی یەکیەتی سۆڤییەت لە ئێران، رووخانی کۆماری ئازەربایجان لە ١٣ دێسامبەر کە لەودا رێبەرانی کۆماری ئازەربایجان لە سەرووبانەوە پیشەوەری بۆ سۆڤییەت هەڵاتن و هەروەها بە هۆی خیانەتی سەرۆک عەشیرەتەکان، لە ١٧ دێسامبەری ساڵی ١٩٤٦ پاش ١١ مانگ رووخا. قازی محەممەد وەک سەرکۆماری کوردستان بۆ دواییین جار لە ٦ ی دێسامبەر لە مزگەوتی هەباس ئاغا لەگەڵ کاربەدەستانی کۆمار و سەرۆک عەشیرەتەکاندا کۆ دەبێتەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا قازی محەممەد و سەدری قازی باس لە بەرگری کردن لە بەرامبەر سپای شادا دەکەن، بەڵام سەرۆک عەشیرەتەکان دژی ئەو بوچوونە رادەوەستن. دواجار خەڵک دەستبەرداری ئازادی و دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان و لە راستیدا دەستبەرداری کەسایەتی هاووڵاتی بوونیان دەبن.

بەو پێیە هێزەکانی شا لە ٢٦ سەرماوەز دا مهاباد داگیر دەکەنەوە. ئێرەدا چیدیکە قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان نییە و هیچ جۆرە بەرپرسیارەتییەکی حقووقی نییە. ئەوەی کە قازی محەممەد دەمێنێتەوە و هەڵنایەت، بەرپرسیارەتییەکی حقووقی نییە چۆنکە لە هیچ قانونێکدا، لە کاتێکدا کە خەڵک خۆیان بەرگری ناکەن، داوا لە سەرۆک کۆمارەکەیان ناکەن کە لە ئەگەری کوشتندا هەڵنایەت و بمێنێتەوە. بەوپێیە ئێرەدا مانەوەی قازی محەممەد بەرهەمی بەرپرسیارەتی و ئەخلاقێکی شەخسییە. دیارە لە دادگایی کردنی قازی محەممەددا ١٢تاوان وەک بانگهێشتکردنی بێگانە بۆ وڵات، دروستکرنی نەخشەی کوردستانی گەوردی، راگەیاندنی سەربەخۆیی حکوومەتی کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی گەورە لە خاکی ئێران بە ناوی خاکی کوردستان و ... رووبەڕوی دەکەنەوە. ئەوان چاوەروانیان نەدەکرد قازی محەممەد بمێنێتەوە، بەڵام کە مابووە هەوڵیاندا کەسایەتی سەرۆک کۆماری کوردستان لە نێو ببەن. لەو فەزایەدا جەستەی قازی محەممەد هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێ، بەڵام ئامانج لەو هەڕەشەیە کوشتنی هزر و کەسایەتی سەرۆک کۆماری کوردستانە. بەو پێیە قازی محەممەد رووبەڕوی هەڵبژاردنێکی زۆر دژوار دەبێتەوە، هەڵبژاردن لە نێوان مردن و ژیان، جەستە و هزر، رۆح و مادده. دیارە مرۆڤ هەم لە جەستە و هەم لە هزر پێکهاتووە واتە ناکرێ مرۆڤێک هەبێ بە بێ ئەوەی خاوەنی جەستە بێ. ئێرەدایە کە قازی محەممەد سەرتر لە ئەخلاقی مرۆڤ دەڕوا و دەست دەکا بە دیالۆگکردن لە نێوان هزر و ئازادی، دەست دەکا بە فیداکردنی جەستە لە پێناو پاراستنی هزر و کەسایەتی سەرۆک کۆماری کوردستان. لە دنیادا زۆر رێبەر هەن کە ژیانی خۆیان بەختی ئازادی کردوە، بەڵام مردنیان بە دەست خۆیان نەبووە. قازی محەممەد خودای کوردە چونکی نەک هەر ژیانی، بەڵکوو مردنی جەستەشی لە چنگ خۆی دەگرێ و بەختی ئازادی و سەربەستی کوردی دەکا. خوداوەندی کورد بنیاتنەری رێبازێکە کە لەودا ژیان و جەستەی مرۆڤ دەچێتە خزمەت هزری ئازادییەوە.

سەرچاوەکان:

١- بەختیار عەلی، ئەخلاق لە کوێوە سەرهەڵدەدات؟

٢- ژۆرژ پۆلیتسێر، بنەماکانی فەلسەفە، وەرگێران بۆ کوردی: هادی محەممەدی

٣- د.ئەفراسیاو هەورامی، رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا

٤- محەممەد رەزا سەیف قازی، نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەممەد، وەرگێران بۆ کوردی: عەلی ئەکبەر مەجیدی

٥- حیزبی دێموکراتی کوردستان، یادی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا و هاورێیانی

٦- بەدرەدین ساڵح، سەرۆک کۆماری کوردستان لە بەردەم دادگای ئێراندا /

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٢٠ی مای ٢٠١٢

با پێشەوا قازی محەممەد بکەینە سەرمەشقی هزری نەتەوەیی و مرۆییمان

سمایل سوهرابی

پێشەکی بە بۆنەی ساڵڤەگەڕی ١٠ی خاکە لێوە، وفاداریی خۆم بەڕێبازی شەهیدانی کوردستان دەردەبڕم و سڵاوێک بەڕاددەی هەستی شۆڕشگێڕانە، پێشکەشی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەکەم بەتایبەتی دایکە دڵسووتاوەکان، هیوادارم بەدرێژەدانی خەبات ئامانجیان وەدی بێنین، ئەگەر نا شەڕەفی شەهیدبوونمان بەنسیب بێ.

یەکێک لەو پرسە گرینگانەی کە لە لایەک وەک سروشتی مرۆڤ، لە لایەکی دیکە وەک پێویستیی مرۆڤ بەردەوام دێتە ئارا، پرسی نەتەوەیی و پاقێزگاری لەدەسکەوتە نەتەوەییەکانە، بەشێوەیەک کە بۆتە قێبازێک لەڕێبازەکان. تەنانەت زۆر وڵات هەن لەسەر سیستمی نەتەوەیی دامەزراون. کە وابوو ئەگەر بۆ وڵاتانی سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵات، نەتەوەپارێزی بۆتە بنچینەی وڵات، پرسی نەتەوەیی بۆ کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان گرنگیی تایبەتی بەخۆوە دەگرێ وئەرکی هەر تاکێکی کوردە، لە سەر هەر ئیدە و باوەڕێک بێ تێبکۆشێ نیشتمانەکەغ لەدەستی داگیرکەران و زۆرداران قزگار کا . بۆئەم مەبەستەش پێشەوا قازی محەمەد باشترین نموونەیە کە وەک سۆنبولی خەباتگێڕی لە پێناو وەدەستهێنانی ئامانجی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆییدا سەیری بکرێ ودرێژەدەری رێبازی بین.

ئەگەر بەچاوی ویژدانەوە سەیری مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەڵی کورد بکەین، دەبینین شێخ عوبەیدیلا، شێخ سەلام، سعیدی نەورەسی....تا دەگاتە قازی محەممەد و مەلامستەفای بارزانی و هتد، لە لوتکەی خەباتگێراندا بوون و بزاڤی رزگاریخوازیی گەمی کوردیان رێبەرایەتی کردوە. چونکغ باوەڕیان وابوو بەرگری لەگەڵ،لە پێناسەی نەتەوەیی ،لە سامان ، لە کولتورو فەرهەنگ، ئەرکی ئایینی و نەتەوەییەو لەهەقانییەتدا بەجێ گەیاندنی قاسپێردراوەکانی خوای گەورەن کە لە پێوەندی لەگەڵ بەربەرەکانیی ستەمکاراندا رەوانە کراون. ئەگەرچی نزیک لە ١٥ سەدە بەسەر ئیسلامدا تێپەڕ دەبێ، کەچی ئێستاش پتر لە ٩٠% نەتەوەی کورد موسوڵمانن، کە ئەوە خۆی لەلایەک ئەوحەقە بەکورد دەدات کە رێز لەباوەڕی ئیسلامییان بگیرێ و لەلایەکی دیکەوە ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانیان کە بە پێی دەقە رووونەکانی قورئان و سوننەت بەرگری لە گەڵ و نیشتمانیان بکەن . بەڵام بەداخەوە، هێندێک بە ڕواڵەت رووناکبیر و هێندێک لە رووحی ئیسلام تێنەگەیشتوو، پێیان وایە دوو گوتاری ئیسلام و سۆزی نەتەوەیی لە پارادۆکس دان و ناکرێ لە یەک حاڵدا لە کەسێکدا کۆ ببنەوە. بۆ ردەکردنەوەی ئەم شێوە بیر کردنەوە، پێویستە ئاماژە بەچەند خاڵ بکەم و بە جێی ئەوەی پێشەوا قازی دابەش بکەین بە دوو گوتاریدژ بەیەک ، ژیان وخەباتی ئەم مەزنە پیاوە بکەینە سەر مەشقی خەبات.

١- پێوەندیی نەتەوەیی وئایینی کاریگەری کردنە سەر یەکتر، نەک لەسەرتربوون یان بەرەنگاربوونەوەی یەکتر، چون مرۆڤ بێ رەچاو کردنی جۆری ئایین و نەتەوەکەی لە لای خوای گەورە ڕێزی لێ دەگیرێ و رێ نادات سووکایەتی پێ بکرێ یان مافی پێشێل کرێ، هەروەک لە سەردەمی پێشەوا قازی محەممەد دا، دانیشتوانی کوردستان بە کورد و غەیرە کوردەوە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی کوردیدا ئوقرەیان گرتبوو. ئەوە کە مرۆڤەکان بە شێوەی ردها بەڕێزن و مافیان پارێزراوە، ئاماژەی دەقی سەریحی قورئانە ، (ولقد کرمنا بنی آدم) واتە ئێمە رێزمان لە مرۆڤ ناوە، بێ رچاو گردنی جۆری ئایین و نەتەوەکەی.

٢- بەرزترین شوناسی نەتەوەیی هەر گەڵێک زمانەکەیەتی و لەروانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامییشەوە، جیاوازیی زمانی گەلەکان وەک نیشانەی خوای گەورە دێتە ئەژمار. چونکی قورئانی پیرۆز لە سوورەی رووم ،ئایەی ٢٢ ، دەفەرموێت: « لە بەڵگەو نیشانەکان لەسەر هێزی خوا بەدیهێنانی ئاسمانەکان و جیاوازیی زمانی ئاخاوتن و جۆراوجۆریی ڕەنگی ئێوەیە، کە بێ شک ئەمانە بەڵگەی سەڵمێنەرن لەسەر گەوردیی خوای گەورە لە لای فرەزاناکان و بیرمەندان». هەروەها نەتەوە جیاوازەکان، تەنانەت لە نەتەوە بچووکتر، تیرە و هۆزەکان بەگشت تایبەتمەندییەکانیانەوە خواستی خوان و پاراستنیان ئەرکی ئایینیی هەر باوەڕمەندێکە، هەروەک قورئان ئاماژەی پێ دەکات : «ئەی خەڵکینە ئێمە ئێوەمان لە ژن و مێردێک بەدیهێناوە و گێڕاومانن بە چەند نەتەوە و هۆز و تیرە، بە مەبەستی شوناسی یەکتر و پێکەوە ژیان»حجرات،١٣ . لەم ئایەتە بە روونی دەردەکەوێ، سرینەوەی نەتەوەیەک لەلایەن هەر سیستم ودەسەڵاتێک بەتایبەت ئەگەر بەناوی ئایین بێ ، یان مافی ژیان پێدان بەمەرجێک کە نەتەوەیەک بەردەوام مەحکووم و ئەویتریان حاکم بێت و دەست بەسەر فەرهەنگ و ئایین و گشت تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیدا بگێری، دەگەڵ مەبەستی دەقی قورئان، کە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و یەکتر ناسینە، دژایەتیی هەیە و موسوڵمانان ئەرکدار دەکات بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و ئایینی تێبکۆشن و لە کەمتەرخەمی، یان ژیان لە ژێر سێبەری حاکمی زۆردار و ستەمکار خۆبپارێزن. بەتایبەت مامۆستایانی ئایینی لەسەریانە پەیامبەرێتیی دادپەروەری و دژایەتی لە بەرابەر دیکتاتۆراندا بەجێ بگەیەنن وبە ئاوڕدانەوەی خەباتی مێژوویی و کاریگەریان لە سەر ڕەوتی خەباتی گەلی کورد، هەروەها بۆ لەدەست نەدانی رەزامەندیی خوای گەورە و متمانەی خەڵکی وەک پێشەوای ئایینی ، خەڵکی رێنوێنی بکەن و لەبەرابەر ئەم ئەرکە پیرۆزەدا خۆنەویست وفیداکار بن.

٣- کوردبوونمان لەدەستی خۆماندا نییە و ویستی خوای گەورەیە. بە پێچەوانەی ئایین دەکرێ کەسێک واز لە ئایینەکەی بێنێ و ئایینێکی دیکە بە دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ بۆ وێنە ڕەوایە کوردێک موسوڵمان نەبێ، بەڵام ناکرێ کوردێک عەرەب، فارس یان هەرنەتەوەیەکی دیکە بێ، چون پەیامبەری ئیسلام (دخ)

«نەفرینی کردوە لە کەسێک بە نارەوا خۆی بەکوڕی کەسێک بناسێنێ کە لەراستیدا باوکی ئەو نییە، هەروەها نەفرینی کردوە لە گەلێک، کە ئەو تایبەتمەندییانەی کە خوا پێی بەخشیوە بیسرێتەوە و بە رەزامەندییەوە خۆی بەگەلێکی دیکە بناسێ.» تێبینی مەبەست لەم فەرمودەیە بەرواڵەت بە منداڵی خۆ قبووڵکردن نییە،»تبنی» چون ئەمە ردوایەو پەیامبەر بۆ خۆی بەرڕوەی بردووە. کە وابوو کوردبوونمان و کوردایەتی مەسەلەیەکی حەقە و رەوا نییە بۆ هیچ گەلێک مافی نەتەوایەتیی گەلێکی دیکە پێشێل بکات، تەنانەت ئەگەر لە بەربەرەکانی ودژی یەکتریش بن. چونکە قورئان دەفەرموێت: «دژایەتیی گەلێک ناچارتان نەکات کە مافیان لەبەرچاو نەگیرێ،

چونکی لە بەرچاو گرتنی ماف لە خواترسی نزیکترە بۆ ئەو کەسانەی دەیانهەوێ خوا پەرست بن. «

٤- لە روانگەی ئایینی ئیسلام، بۆ هەر سیستمێک دوو بنچینەی گرینگ فەرز کراوە: یەک، ئەمنییەتی ئابووری ، دوو، ئەمنییەتی سیاسی وژیانی. ئەگەر سەیری سیستمی سیاسی و ئیداریی پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بەردەوام لە پێناوی وەدەستهێنانی ئەمنییەتی ئابووری و سیاسیدا تێدەکۆشن. بەڵام جێی نیگەرانییە خەڵکەکەمان بە گشتی و مامۆستایانی ئایینی بەتایبەتی،وابیر بکەنەوە کە بەرپرسیارەتیی ئایینییان ناکەوێتە سەرشان لە پێناو پەرەپێدانی سامانی نیشتمانەکەمان و بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی. خەراپتر لەوەش ئەگەر پێمان وابێ لەبەرابەر بێ هەڵوێستیمان و رازیبوون بە حوکمی زۆرداران لەلایەن خوای گەورەوە سزا نادرێن. چونکی خوای گەورە بۆ دابینکردنی ئەمنییەتی ئابووری و ئاسایشی نەتەوەیی، موسوڵمانان هان دەدات و وەک مەرجی سەرکەوتنی هەر گەلێک دەستنیشانی دەکا. (قرش:٤).

٥- هێڵی لێبوردەیی و رەچاوکردنی حەق، لە گۆشەنیگای ئیسلام بەڕاددەیەک بەرفرەوانە، کە بێجگە لە رەفتاری نادروستی هاوباوەڕان وهاونیشتمانان ، خەراپەی خەراپەکەرانی نەیارانیش دەگرێتەوە. بەڵام خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئیسلام لەدوو مەسەلەدا:

١- لەکاتی دەستدرێژی و سووکایەتی بەئایین بەگشتی ئیسلام، مەسیحی، یەهوودی، زەردەشتی و تەنانەت بت پەرستی و هتد ...

٢- پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی و هەوڵدانی نەیاران بۆ تواندنەوەی هەر نەتەوەیەک بەگشتی، لێبوردەیی رەوا نییە هیچ، بەڵکوو بەربەرەکانی وفیداکاری تاسەر مەرزی گیاندان فەرزکراوە . سەرنجراکێشتر لەوەش ئەم ئەرکە ئەرکی هێندێک نییە، (فرض کفایە) بەڵکوو ئەرکی سەر شانی هەر تاکێکە ،(فرض عین). بۆ ئەم یاسایەش پشت دەبەستین بە ئایەی ٨ - ٩ ممتحنە،(خودا بەرتان لێ ناگرێ کە ئێوە دەگەڵ ئەوانەی لەسەر دین بەگژ ئێوەدا نەچوون و لە زێدی خۆتان وەدەریان نەناون، چاکەیان دەربارەی بکەن و بە یەکسانی رەفتاریان دەگەڵدا بکەن،خوا مرۆڤی خاوەن ئینسافی خۆش دەوێ . تەنیا هەر رێگەتان نادا دەگەڵ ئەوانە ببنە دۆست ولێیان ببوورن، کە لەسەر دین شەڕیان دەگەڵتان کردو ئێوەیان لەزێدی خۆتان ئاوارە کرد و بوونە پشتیوانی یەکتر. هەرکەس بێتە دۆستیان، دیارە غەدر لە خۆیان دەکەن). لەکۆتاییدا پێویستە لە گیان فیدایی پێشەوا قازی دەرس وەرگرین و خۆنەویستی و گەلویستیی ئەو لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانەکەیدا بکەین بە رێبازی ژیانمان.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان کورد / رێکەوتی :٤ی ئاوریلی ٢٠١٢

١٠ی خاکە لێوەو سێ دەرسی مێژوویی

برایم جەهانگیری

لە مێژووی گەلانی جیهان دا هێندی رووداو هەن کە لە لایەن حیزب و لایەنەسیاسییەکان، کەسایەتییەسیاسییەکان و نووسەران و رۆژنامەوانان سەرنجی تایبەتی دەدرێتێ، لە گۆشەیەکی بچووکی ئەم جیهانەش دا رووداوێکی گەورەی میژوویی سەرنجی زۆر کەس و لایەنی بۆ لای خۆی راکێشاوە، لە نووسەرو رۆژنامەوانی ناو خۆیی و ریبەری حیزبە سیاسیەکان را بگرە تا دەگاتە دیپلۆمات و نوسەرانی بیانی، دەیان بابەت و کتێبیان لەسەر نووسیوە، تەنانەت دوژمنانیش نەیان توانیوە لە گەورەیی و عەزەمەتی ئەم رووداوە کەم بکەنەوە، ئەو رووداوە گەورەیە کوماری کوردستانە کە لە سالی١٣٢٤ دا و لە ژێر ریبەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا، بە سەرۆک کۆماری پێشەوای نەمر قاز محەمەد لە چوار چرای مەهاباد راگەیەندرا. کۆمارێک کە لەماوەی نزیک بە ١١ مانگ تەمەنی پر لە سەروەری خۆی داخالیکی دیار و وەرچەرخانێکی گرینگی مێژووی بوو بۆ دۆزی رەوای گەلی کوردستان.

تەمەنی کۆمار گەلێ کورت بوو، ٣٣٠ رۆژی زیاتر تێپەر نەکرد کە بە پیلانی داگیرکەران و بە بێ وەفایی دۆستانی مەسلحەت ویست و بە خەیانەتی بەشێک لە کارگێرانی ئەسلی کۆمار واتە هێندێک لە دەرەبەگ و سەرۆک عشیرەتەکان، هەرەسی هێنا و ئەو ئەستێرە گەشەی هیوای کوردان خامۆش کرا، ئەگەر چی بە تێک شکانی کۆمار و شەهید کردنی سەرۆک کۆمارەکەی پێشەوا قازی، خەم و خەفەت و تازییە باری و نا ئومێدی هەموو ناو مالی کوردانی نیشتمانپەروەری گرتەوە بەلام کاردانەوەی کۆمار لەسەر خۆزگەو ئارەزووەکانی خەلکی و ئەو شەهامەتەی سەرۆکی کۆمار بەرامبەر بە دوژمنانی کورد نواندی, بوو بە بەیت و شیعرو پەخشان، بوو بە میژوو، بوو بە بەلگەی هەرمانی میللەتێک، بە تایبەتی هەلکردنی ئالا وەک رەمز و سیمبولی بوونی نەتەوەیەک هەلگری ئەو پەیامە بوو کە کورد نەتەوەیەکە و خاوەنی کیان و ئالایە، دیارە ئەم پەیامە لەلایەن پێشەواو رێبەرایەتی کۆمار هەم بە گوێ دوژمنان گەیەندرا و هەم بۆ بەردی داهاتوو بوو بە ئەرک و وەزیفەیەک کەخۆی لەم رستەیە دا دەدیتەوە، تا وەدی هاتنی ئاواتەکانی کۆماری کوردستان کە ئاواتی زۆربەی هەرە زۆری خەلکی کوردستانە، زەحمەتکێشان، لاوان و روناکبیرانی گەلی کورد، لە خەبات و قوربانی دان سل ناکەنەوە.

دوژمنانی ئازادی کە چاوییان بەرایی دیتنی حکوومەتێکی ئازاد و دێمۆکراتێکی نەدەدا بە هەزار درۆ و دەلەسە و بە فرێو و دەغەلکاری توانییان زۆر بە ئاسانی پێشەواو هاورێیانی دەداو بخەن و دەس بەسەرییان بکەن و پاشان لە دادگایەکی فەرمایشی دا و بێ ئەوەی وەکێلێک بتوانێ دیفاعیان لێ بکا بە ناو موحاکەمە کران و پاشان لە ١٠ی خاکە لێوەی ١٣٢٦ دا لە چوار چرای مەهاباد حوکمی ئیعدامیان لەسەر پێشەوا قازی و حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و سەدری قازی بەرێوە برد.ئەگەر چی تا ئێستاش هیچ سەرچاوەیەکی

ئەو تۆ لە چۆنییەتی بەڕێوە چوونی دادگاو مەحاکەمەی قازییەکان لەبەر دەست دا نییە بەلام هەر بە پێی ئەو سەر چاوانەی کە تا ئێستا لە لایەن دەسەلاتدارانی ڕێژیمی پاشایەتی ئەو کات دا دراونەدەرێ دەردەکەوێ کە پێشەوا زۆر ئازایانە بەرەنگاری پیاوکوژانی ڕیژیمی پاشایەتی بۆتەوە. د. قاسملوو لە کتێبی ۴۰ سال خەبات لە پێناوی ئازادی و لەم پێوەندییە دا دەڵێ:پێشەوا قازی لە ڕۆژەکانی یەکەمی شکانی کۆماری کوردستانەوە دوو مەسەلەی زۆر بە چاکی لە بەر چاو بوو: یەکەم ئەوەی کە باش دەیزانی مردن چاوەروانییەتی،تاقی کردنەوەی چەندین سال خەباتی گەلی کورد بۆی دەرخستبوو کە دەگەل دوژمنیکی زۆردار و فێلباز تێکەوتووەکە بە خوێنی ئەو و هی وەک ئەو تینووە،هەربۆیەش لەیەکەم ڕۆژی گیرانی را تا دادگا فەرمایشییەکەی تێکۆشا کە خۆی بە بەرپرسی هەموو ڕووداوەکان و هەموو هەنگاوەکانی کۆماری کوردستان لە قەلەم بدا. قازی دەی هەویست بەم جۆرە هەم بە ڕێگاو ئامانجەکانی گەلی کورد وەفادار بمێنێتەوە و هەم ئەوەندەی دەکرێ لە تاوانی هاوڕێیانی کەم بکاتەوە، تا بەلکوو کەمێک سزایان سووکتر بکات.

دووهەم ئەوە بوو کە پێشەوا قازی زۆر باش دەیزانی کە ئەوە شەخسی قازی موحەمەد نییە بەلکوو جوولانەوەی دیمۆکراتی خەلکی کوردستانە کە دادگایی دەکرێ، ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەلانی زۆر لێکراوی گەلی کوردە کە دادگای نیزامی بە تاوانیان دادەنێ. هەر بۆیەش وەک ڕێبەرێکی هەلکەوتوو بەرامبەربە جەلادەخوێنمژەکانی ڕیژیمی شا قارەمانانە ڕاوەستا ودیفاعی لەکۆماری کوردستان کرد(۱)

لەباری ئازایەتی پێشەوا لە بەردەم بێدادگای ڕێژیمی پاشایەتی دا گەلێ باس و خواس هەن و هەمووی هەر باس لە ئازایەتی و چاونەترسی پێشەوا دەکەن لە بەرامبەر دوژمنانی ئازادی دا، سەرهەنگ شەریفی کە حکوومەت کردبووی بە وەکیلی قازیی محەمەد لە دادگا دا، سالی ۱۹۵۶ هێندی ڕاستی خستۆتە ڕوو و دەڵێ : بە داخەوە بۆ قازی موحەمەد ئەو پیاوە گەورە و دانایە. قازی موحەمەد لەبەر دەم دادگا دا بەو پەری ژیری و بێ ترس دەدوا؛ لە ڕاستیدا ئەو دادگەی دادگایی دەکرد(۲).

دیارە مەبەست لەو ڕستەیە کە دەڵێ ئەو دادگەی دادگایی دەکرد ئەوەیە کە لە جیاتی داگیرکەران قازی دادگایی بکەن قازی ئەوانی دادگایی دەکرد. هەر لەو بارەوە وەکیلی پێشەوا دەڵێ کە قازی نەتەنیا دیفاعی لە گەلی کورد بەلکوو دیفاعی لە تێکڕای گەلانی ئێران دەکرد. ئەم وەکیلە کە خۆی یەکێک لە ئەفسەرانی سوپای ئێران بووە و مەحکەمە بۆخۆی ئەوی بۆ وەکیلی پێشەواو هاوڕێیانی دیاری کردبوو لە جێگەیەکی دیکە دا و لە هەمان لا پەرە دا دەڵێ: ئەو قارەمانانە بەرگرییان لە کێشە و بیرو باوەری خۆیان دەکرد بە جۆرێک کە دادگە پێی سەرسام بوو بوو، ئەوان هەرگیز لە کردەوەکانی خۆیان پەشیمان نەبوون.(۳) لە بارەی درکاندنی بەشیکی کەم لە و ڕووداوانەی کە هەلسوکەوتی پێشەواو هاوڕێیانی لە بیدادگەی ڕێژیمی پاشایەتی وەدەر دەخەن هەموو دەلالەت لە ئازایەتی و چاونەترسی ڕۆلەکانی گەلی کورد و یەکەم پێشەواو سەرۆک کۆماری کوردستان و هاوڕێیانی دەکەن،هەر بۆیەش تەنانەت لە کاتی شەهید کردنیشیان دا ئەو کارە لەو پەری ترسنۆکی دا دەکەن و بە دزی و بە بیانووی بەرێ کردن بۆ تاران سات ۳ی نیوە شەو دەیان هێننە شارەداری مەهاباد. کاتێ پێشەوا چاوی بە دار ئیعدامەکان(قەنارە) دەکەوێ دەس بەجێ دەزانێ چ باسە و کاتێ دێتە سالۆنی شارەداری و چاوی بە پارسی تەبار دەکەوێ دەڵێ:ئێوە لە مردووەکانیشمان زەندەقتان چووە ئەگەر دەتان هەوێ ئیعداممان بکەن بۆ بەدرۆ دەڵێن کە گۆیا رامان دەگوێزنە تاران!؟ وەک دەر دەکەوێ درۆزنی و دووروویی یاسای ئێوەیە...(۴)

دیارە لەبەر چاوی پارسی تەبار حاکمی یەکەم و بەریوە بەری بێدادگای پێشەواو هاورێیانی، پێشەوا دووبارە روو دەکاتە مەلا سەدیق و بە فارسی دەڵێ بنووسە مەلا سەدیق" با نەتەوەی کورد بزانێ کە من تا ئاخرین هەناسەی ژیانم هەر وا رۆڵەی بە وەفای ئەو گەلە بووم.(٥)ئەوەی تا ئێستا و زۆر بە کورتی لەمەر مەحاکەمەو لە دار دانی پێشەواو هاورێیانی سەیفی قازی و سەدری قازی باسی لێوە کرا یەکەم دەرسە کە لە سەرۆکێکی نەتەوەیی بۆ گەلەکەی بە جێ ماوە، ئەگەر چی دوژمنان پێیان وایە کە بە شەهید کردنی گەورە پیاوانی مێژووی پر لە شانازی گەلەکەمان دەتوانن دەنگی گەل کپ بکەن، بەلام خوینی شەهید ئاو نییە ئاگری شۆرش بکۆژێنێتەوە. قارەمانانی گەل و نیشتمان بە فیدا کردنی گیان لە کاتی پێوێست و لە رێگای میلەت دا گەورەترین زەبر لە پەیکەری داگیرکەرانی کوردستان دەوەشێنن وبەو لە خۆ بردوویەشیان بۆ هەمیشە دەچنە ناو دل و دەروونی گەلەوە، هەر بۆیە ئێستا کە زیاتر لە نیو سەدە بە سەر شەهید کردنی سەرۆک کۆماری کوردستان و هاورێیانی دا تی دەپەرێ ئەوان رۆژ دەگەل رۆژ هەر خۆشەویسترن تا ئەو جێگایەی کە ئێستا ئیدی بوون بە سیمبۆلیکی نەتەوەیی.

دووهەمین مەسەلە کە پێوێستە ئاوری لێ بدرێتەوە ئەوەیە کە بەداخەوە کەسانێکی هەلپەرەست تەنها بۆ خۆ شیرن کردن لە لای کاربەدەستانی ریژیمی پاشایەتی زۆر زوو پشتیان دە وەعدەو بەلینییەکانی خۆیان کرد و نە تەنها پێشەوایان بە جێ هێشت بەلکوو لە دژی ئەو مرۆڤە مەزنە کەوتنە پیلان گێران و ئیمزا کۆ کردنەوە، ئەوان بەو کارەیان هەتا مێژوو هەیە خۆیان و تەنانەت بنەمالکانیشیان شەرمەزاری گەلی کوردستان کردووە. (ئەگەر چی بنەمالەی ئەو کەسانە لە راستی دا هیچ پێوەندییەکیان بە رەفتاری خەراپ و هەلوێستی خەیانەت کارانەی پێشینیانی خۆیان نەداوە) . ئەوەش بۆ لێورد بوونەوە و هەلوێستە دەبێ، کە ئێستا نە پێشەوا ماوە و نە زۆربەی ئەو کەسانەی کەبۆ ئەوەی خۆیان لە لای دەربار خۆشەوێست بکەن لە دژی پێشەوا تۆماریان ئیمزا کرد و پیلانیان گیرا بەلام قازی بوو بە قارەمانی میللەتەکەی خۆی و ئەوانیش قەرزدار و گوناهبار. (بۆ زانینی ناوەکان بروانە کتێبی نهێنییەکانی مەحاکەمەی قازی و هاورییانی ، گردەوە کۆیی و وەرگێرانی :محەمەد رەزا سەیفی قازی).

لە کەس شاراوە نییە کە یەکێک لە هۆیەکانی پێک هاتنی کۆمار ئەو هەلو مەرجە نێو دەولەتییە بو کە بە هۆی شەری دووهەمی جیهانییەوە لە ئارا دابوو و شوێنیشی لە سەر کوردستان و ناوچەکەش دانابوو، یەکەمین پاڵپشتی دەرەکی کۆمار یەکیەتی سۆڤیەت بوو، بەلام ئەوەی لە پێش هەموو کەسیش دا پشتی دەکۆمار کرد ودەگەل قەوام سەرەک وەزیرانی ئەوکات دا کەوتە سات وسەودا و هیچ گوێی نەدایە ئەو بزووتنەوەبە هێزەی کە بەر لە هەموو شتێک دژی دیکتاتۆری و دژی ئیستیعماری و بە گشتی دژی ئیمپریالیستی بوو، یەکیەتی سۆڤیەت بەو کردەوەی بە کوردانی سەلماند کە دۆستانی دەرەکی لەوی هەرە شۆرشگێریان را بگرە تا ئەوی هەرە خۆ پارێز، هەتا سەر دۆستی کوردان نین و هەرکات قازانج و بەرژەوەندییان دەگەل دۆستایەتی یەکی گرتەوە ئەوا دۆستن و کاتێکیش لە جێگایەکی دیکە سەوداو مامەلەیەکی باشتریان لێ هەلکەوت ئەوا دۆستایەتییەکە نامێنی، ئەوە بوو کە بۆ سەودایەکی بچووکی بازرگانی گەلێک و نەتەوەیەکیان جارێکی دیکە بە ژێر دەستەیی هێشتەوە، هەر بە لەبەر چاو گرتنی ئەو هۆیانە بوو کە پێشەوا هەستی بە وەکرد دیفاع کردنی چەکدارانە فایدەی نییە و رەنگە تەنیا ببێتە هۆی وێرانی و مالویرانی زیاتر دەنا شتێکی دیکەی لێ شین نەدەبوو، ئەوە بوو کە بە راوەستان و مانەوە لە پێتەختی کۆمار دا بە پیر مەرگێکی پیرۆزەوە چوو و بەم کارەش هەم رێگایەکی نویی بۆ خەبات و بەرخۆدان نیشانی گەلەکەی خۆی دا و هەم بەم شیوە پێشی بە تۆلە ئەستاندنەوەی دەسەلاتی قین لە دلی ریژیمی پاشایەتی بەرامبەر بە گەلی

کورد گرت. دیارە کۆمار و سەرۆک کۆمارەکەی بناخەی فکرو فەلسەوفەیەکیان دانابوو کە تازە بە هیچ هێز و بە هیچ لایەنێک لە مێشکی کوردان دا نەیەتە دەر،کورد نەتەوەیە و خاوەنی ئاڵا و خاوەنی میژووی دامەزراندنی یەکەم کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستانە. پێشەوا لەو کاتە دا کە دوژمنانی ئازادی بەردەو سێدارە دەیان برد پاش دانی ئەو درۆشمە بە هەنگاوی بە گۆڕ روو بە سێدارەی بێدادی دەچێ و کاتێ دەیان هەوێ چاوی ببەستن دەڵێ"ئەی خائینان من لە بەرامبەر میلەت و نیشتمانەکەم دا شەرمەزار نیم تا چاوم ببەستن...من دەم هەوێ لە دوا چرکەساتەکانی ژینم دا بە سەربەرزی و شانازییەوە چاو ببرمە نیشتمانە خۆشەویست و جوان و دلرفێنەکەم کە چۆن بەرۆکی شەوە زەنگ و تاریکی دا دەدرێ.(٦)"

سەرچاوەکان:

١- چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی ل ١١٩ د.قاسملوو

٢- بارزانی لە مەهابادەوە.... بۆ ئاراس ژێر نووس ل ٢١١ نووسینی نەجەف قۆلی پەسیان ،وەگێر شەوکەت شیخ یەزدین

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەرە

٤- نهێنییەکانی مەحاکەمەی قازی و هاوریيانی، گردەوە کۆیی و تەرجەمەی محەمەد رەزا سەیفی قازی ل ٧٠

٥- سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەرە

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٧٣

سەچاوە : ماڵپەڕی کوردستان بیری ئازاد / ڕێکەوتی : ٢٩ی ماری ٢٠١٢

رێبەرێک بۆ هەمیشە رێبەر

کەیهان یووسفی

هێندێک تایبەتمەندی بەسن کە رێبەرێک بۆ هەمیشە لە نێو دیرۆکی نەتەوەیەکدا، رێبەر بمێنێتەوەو تێپەڕبوونی زەمەن نەتوانێت گەوردیی و گرنگی کەسایەتییەکەی کەمڕەنگ بکاتەوە.

ئەو رێبەرانەی کە هەڵقوڵاوی نێو دڵی نەتەوەیەکن و پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەی ئازادیخوازیی میللەتێکن، دەبنە هێمایەک بۆ ئەو نەتەوە، بەڵام ئەوەی کە ئەو هێما چۆن دەبێتە ئەستێرەیەکی پڕشنگدارتر، داڕشتن و پراکتیزەکردنی هزرو مێتۆدێکە لە لایەن ئەو رێبەرەوە بۆ درێژەدانی ئەو رێبازەو وەدیهاتنی ویست و داخوازیگەلێک کە ئەو رێبەرە ئاڵای خەباتی بۆ هەڵ کردووە.

رێبەری هەمیشەیی و مێژوویی نەتەوەی کورد، سەرۆکو پێشەوا قازی موحەممەد، یەکێک لەو ئەستێرە گەشانە بوو کە ئاسمانی تاریکی لێدراوی گەلی کوردی هەتاهەتایە پڕشنگدار کردو هەنووکەش تیشکی هزرەکانی بۆ گەلی کورد پێشاندەری رێگای گەیشتن بە لووتکەی خەباتە.

لێرەدا دەمانەوێ ئاورێک بدەینەوە سەر دواییین وتەکانی نەمر پێشەوا کە لە دواییین ساتەکانی نادادگایی کردنیدا بەرانبەر بە داگیرکەران وتوویەتی و ئەوەیش ئەم وتە لوژیکی و عەقڵانییەیە کە "ئێوە قازی موحەممەدێک لە سێدراە دەدەن، بەڵام لە هەر دڵۆپێکی خوێنی من قازی موحەممەدێکی دیکە لە دایک دەبێت". رێبەرێک کە هەست بە بەرپرسایەتی بەرامبەر بە خۆی، بە نەتەوەکەی و بە داهاتوو و نەوەکانی داهاتووش دەکات، جۆرێک دەپەیڤێ کە نەک نەوەکانی سەردەمی خۆی بەڵکوو نەوەکانی داهاتووش شانازی پێوە بکەن. قازی موحەممەد لەسەر چ بنەمایەک ئەو قسەی وتووەو تا چەند دڵنیا بووە کە ئەو قسە دەتوانێت لە پەیڤەوە ببێتە واقعێکی ئۆبژکتیڤ و بەرهەست؟

"... لە هەر دڵۆپێکی خوێنی من قازی موحەممەدێکی دیکە لە دایک دەبێت"؟

قازی موحەممەد رێبەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیەکی ژێردەست بوو. گوتاری ناسیۆنالیستی مێژوویەکی چەندسەد ساڵەی هەیەو چەمکی دیاردەی دەوڵەت . نەتەوەش، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەی فەڕانسە و ئامریکا. ئەو

گوتارە وەکوو هزرێکی پەرەئەستێندراوی کۆمەڵگای رۆژئاوایی، لە دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی یەوە وەکوو گوتارێکی زاڵ بەڵام دەسکرد بووە گوتاری رۆژهەڤی رۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەت تاقمی سیاسی و روناکبیری کوردی.

دیاریکردنی مافی چارەنووس و گرتنەوەدەستی دەسەڵات و حاکمییەت لە لایەن تاک و گەلانەوە دوای تێکڕووخانی ئیمپراتوریییەکانی عوسمانی و ئوتریش بووە هۆی دروستبوون و پێکهاتنی دەیان دەوڵەت ـ نەتەوە، کە لەو رۆژانەوە تا هەنووکەش ئەوە دەوڵەتە کە دەتوانێت لە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی یەکانزدا سەلمێنەری بوونی نەتەوەیەک بێت،

بەڵام بۆچی گەلی کورد لەو دەرفەتەو لەو کاتەوە هەنووکەش نەیتوانیوە کەڵکێکی ئەوتۆی لێ وەربگرێت و سەری بێ کڵاو ماوەتەوە، باسێکی تێروتەسەل و مێژوویی‌یەو لێرەدا ناچینە ناو ناخیەوە.

هەر وەک گوتمان لەو کاتانەدا گوتاری ناسیۆنالیستی، گوتاری زاڵ لە نێو تاقمی ئیلیتی کوردی بووو خولیای دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، تەنیا خولیای ئەو تاقمە لە کۆمەڵگا بوو، بەڵام هەروەک دەزانین بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێت بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی خاوەن پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی پێک بێت کە ئەوەش تەنیا بە دروستکردنی ئاگایی نەتەوەیی لە نێو دڵی کۆمەڵگادا وەدی دێت کە تا ئەو کات ئەو هەوڵە لە لایەن ئیلیتی کوردی‌یەوە بێ‌ئاکام مابوو. لێرەدا دەمانەوێ قسەکانی پێشەواو ئەم بابەتە بەیەکەوە گرێ بدەین.

بێگومان قازی موحەممەد یەکێک لە ئیلیتو بلیمەتەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردە کە تا ئەو کاتیش ئێمە دەبینین تەنیا سەرکردەکان و ئیلیتەکان هەڵگری گوتاری ناسیۆنالیستی بوون و زۆرینەی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەم ئەندێشەیەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان نامۆ بوون.

بەڵام ئەوەی‌کە کەسایەتی‌یەکی وەکوو پێشەوا دەکاتە رێبەرێکی شازو جیاواز، گواستنەوەی ئەم گوتارەیە لە نێو تاقمی روناکبیرەوە بۆ نێو دڵی کۆمەڵگاو خەڵکو ئەم گوتارەی لە هزری تاقمێک کردە خولیای زۆرینەی جەماوەرو میللەتێک. ئەم گواستنەوە کە گرێدراوە بە دامەزراندنی کۆماری جوانەمەرگی کوردستان و بڵاوکردنەوەی گۆڤارو رۆژنامەو پەرتووکو پەروەردەکردنی کەسانێکی زۆرو هەروەها پێکهێنانی دەسەڵاتێکی کوردی نەک لە جۆری سەربەخۆ خواز، (independentiste) بەڵکوو دروستکردنی دەسەڵاتێکی خودموختار (autonomiste)، کە ئەمەش بووە هۆی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئاگایی نەتەوەیی لە پانتایی‌یەکی فراوانترو بەربڵاوتر لە ئاستی رۆژهەڵاتی کوردستان و شوێنەکانی دیکەی کوردستان دا. هەروەها تەیارکردنی کۆمەڵگا بەوەها هزرێک بووە هۆی ئەوەی کە گشت توێژو چینەکانی کۆمەڵگا بتوانن بۆ وەدەستهێنانی خواستێکی هاوبەش خۆیان لە یەک ریزدا ببیننەوە کە ئەوەیش مسۆگەرکردنی مافی نەتەوەیی بوو. پێشەوا قازی موحەممەد بە باشی و وردی لەم مەسەلەیە تێگەیشتبووو بەم وتەیە ئەم هەڵەی داگیرکەرانی بۆیان شرۆڤە کردەوە کە ئەو هزرو فیکرەی کە ئێوە لێی دەترسن و دەتانهەوێ بە لە سێدارەدانی من، بیسڕنەوەو لە نێوی بەرن و کۆمەڵگای کوردی ئاسمیلە بکەن، ئیدی تەنیا گوتارو ئەندێشەی قازی موحەممەدێک نیەو بۆتە فیکرو ئەندێشەی میللەتێک و تەنانەت چەکی خەبات و یەکگرتوویی میللەتێک و میللەتیش هەر ئەو میللەتەیە کە منی قازی موحەممەدی خولقاندووە، بۆیە هەر ئەو میللەتە بە بەهرەمەندبوون لەم

خودئاگایی یە دەتوانێت دەیان قازی دیکە بخولقێنێ.

هەروەک مێژوو تۆماری کردووە و هەنووکەش دەیبینین خەباتی بەردەوامی گەلی کورد دەرخەری راستی ئەم قسانەی پێشەوایەو هەزاران کەس بۆ وەدیهاتنی ئاواتەکانی پێشەوا هاتنە نێو ریزەکانی خەباتەوە و ئەو میللەتەش قاسملووو شەردەکەندی یەکانی لێ کەوتەوە، بەڵام داگیرکەران دیسانەوە فیکرە پوچەڵەکەی خۆیان لەسەر مێژوو نوسی یەوەو قاسملووو شەردەکەندیەکانیشیان شەهید کرد بەو هیوایە کە ئەو فیکرو ئەندێشە لە نێو بەرن، بەڵام مێژوو سەلماندی کە ئەو تووەی کە گەورە رێبەرانێک وەکو و "پێشەوا" لە نێو دڵی کۆمەڵگا چاند بوویان هەر وەچ دەدات و ئەمڕۆکە ئیدی گەلی کورد، نەتەوەیەکی ناسراوو خاوەن پێناسەیەکی جیهانییە و کۆمەڵگاش بە وشیاری نەتەوەیی تەیار کراو.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان میدیا / رێکەوتی : ٥ی ئاوریلی ٢٠١٠

پێشەوا قازی موحەممەد مەرگیشی مەزن بوو

کاوسین بابەکر



پێشەوا قازی موحەممەد جگە لەوەی زانایەکی ئایینی بوو، روناکبیرێکی سەردەمەکەی خۆشی بوو سەرەڕاش کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی گەورەی ناوچەکەش بوو، لەبواری سیاسیشدا توانی رۆڵێکی گەورە لەواِ رۆژێدا ببینِا و بوو بە سونبوولی بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلەکەی و خۆشەویستی گەلەکەی.ئە و سەرکردانە زۆرن کە لەمێژووی رزگاری نەتەوەکانیاندا رۆڵی گەورەیان بینیوە و زۆریشیان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، بەڵام زۆریان ووردەوورده ئە و خۆشەویستیەیان بەهۆی کار و کردەوەی نابەجاِ لەدەستداوە یاخود بەرە و دیکتاتۆریەت و تاکرەوی رۆیشتوون یان تووشی شکست بوون، شۆڕشگێڕانی شۆرەوی شۆڕشی ١٩١٧ دوای سەرکەوتن بوون بە دیکتاتۆر و کەسێکی وەک ستالین سەدان هەزاری لەئەندام و سەرکردەکانی حزبەکەی کوشت تاکو، دەستەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆی بسەپێنِا کەچی، سەرکردەی تریش هەن نەک هەر ژیانیان فیدای ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەیان کردووە بەڵکو مەرگیشیان ئاماژە و نیشانەیەک بووە کە پڕبووە لەدەست بەرنەدان لەنەتەوە و نیشتمان، مەرگێک بەقەد ژیان و خەباتیان دوژمن بەزێن بووە، ئەگەرچی گیڤارا شۆڕشگێڕی کوبا نموونەی خەباتی نەپساوە و کەسانی خۆنەویست بووبِا کە، دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەکوبا، پلە و پایەی وەزیری بەجێدەهێڵِا و رووەدەکاتە پۆلیڤیا و شۆڕشی درێژە پێدا و هەر لەوپێناوەشدا دەکوژرا. ئەوا سەرکردەکانی شۆڕشەکانی کورد زۆر نموونەی وایان تێدایە کە بەغەدر و فێڵِ کوژراون یان لەجەنگەی شەڕِ و پێکداداندا کوژراون و ئە و کوشتنە، پڕ لە ئاماژەی ئازایەتی و خۆنەویستیە بەدرێژایی مێژوو فاکتەری هاندان و خەباتی رۆڵەکانی کورد بووە و بووەتە، سونبولی چاولێکەری و چاونەترسی و درێژەپێدانی خەبات. هەمزاغای مەنگور لە ١٨٨١ دا کە لەشەڕدا ناتوانن چۆکی پێدابدەن بەفێڵِ و غەدر بەناوی گفتوگۆ و میوانداری دەیکوژن، سمکۆی شکاک لە ١٩٣٠ دا هەر بەهەمان فێڵِ و غەدر کوژرا، پێشەوا قازیش دوای ئەوەی هیچ پشتیوانییەک بۆ کۆمارە ساواکەی نابینِا، هەولِ دەدا هیچ نەبِا، گەلەکەی لە کوشتار و تاڵانییەک کە چاوەڕوانی دەکرد دوای روخانی کۆمارە ساواکە و گرتنەوەی کوردستان تووشی خەڵکی کوردستان ببِا، بپارێزِا ئەگەر بەمەرگی خۆشی بووە. چونکە، هێزەکانی کۆمار لەگەلِ هێزەکانی حکومەتی تاران بەراورد نەدەکرا، سەرەڕاش نارِێک و پێکی هێزە ساواکەی کۆمار و لێکترازانی عەشایرەکان کە زۆریان بەلای رژێمی تاراندا بایاندابۆوە و کەمی تفاق و کەرەسەی جەنگی و هەژاری خەڵکی کوردستان و دەیان فاکتەر و هۆکاری تر، بەرگریکردن، مایەی شکست و کارەساتێکی گەورە بوو بۆسەر خەڵک، بۆیە پێشەوا چۆن ژیانی خۆی پێشکەشی گەلەکەی کردبوو، ئاواش ویستی بەمەرگیشی بەرگری لەژیانی خەڵکەکە بکات، وە بەڕاستیش بووبە پێشمەرگەی گەلەکەی. ئە و مەرگە، ئە و ئیعدامکردنەی کە لەچوارچرای مهاباد بەرێوەچوو تابلۆیەکی روناکی نێوبیرەوەری خەڵکی کوردستانە، تا مێژووی مرۆڤایەتی مابِا نەوە بە نەوە وەک لوتکەی خۆ نەویستی و گەل دۆستی و گەورەیی ئە و پیاوە مەزنە دەنوسرێتەوە و دەمێنێتەوە.لە جەنگی دووەمی

جیهانی، ئێرانیش لەداگیرکردن دەربازی نەبوو لە ۱۹۴۱/۹/۱۶ شا ناچارکرا تەختی پاشایەتی بەجێبهێڵێ بۆ حمە رەزای کوڕی، هێزەکانی بەریتانیا تاکو مهاباد هاتن و دواتر بەرە و ناوچەی سەقز کشانەوە. لەشکری سوری سۆڤێتی لەناوچەکە جێگیر بوو، سەرکردە رووسەکان کەوتنە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ سەرۆک هۆز و کەسایەتیەکاندا، ئامانجیشیان پاراستنی ئارامی و بەهێزکردنی جێپێی خۆیان بوو لەکوردستان، بێئەوەی هیچ بەرنامەیەکی سیاسی دیاریکراویان هەبێ. بۆیە هەر دوای چەند مانگێ لەئەیلولی ۱۹۴۱ دا ئاگاداری سەرۆک هۆز و ناودارانی کورد کرا کە ژمارەیان ۳۰ کەس بوو سەردانی سۆڤێت بکەن. ئە و سەردانە بێ بەرنامەیە هیچی لێ سەوز نەبوو.لەسەردانی وەفدە هشت کەسیەکەی دووەمدا کە قازی محمد لەهەردووک وەفدەکەدا بوو، لەگەڵ جەعفەر باقروف سەرۆکی وەزیرانی ئازەربایجان دانیشتن و دوای گفتوگۆ ئەم سەرگوزشتەیەی بۆ گێڕایەوە: کە ئاغایەک تانجییەک بەلادێییەک دەبەخشێ و کابرای لادێیی زۆر زۆر سوپاسی دەکات، ئاغاش سەری سوڕدەمێنێ باری رزگاریخوازانەو نەتەوەییەوە لە پێناو رزگاری گەلی کورد لە ژێردەستەیی حکوومەتی رەزاخاندا قسەی بۆ دەکردنەو وشیاری دەکردنەوە. پاش رووخاندنی رێژیمی ملهوڕی رەزاشا،قازی محەممەد بە هەموو توانایەوە بۆ رزگارکردنی گەلی کوردو رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک تێکۆشا. نفووزی زۆری پێشەوا لە نێو خەڵکو ئەو خۆشەویستییەی کە لە لای خەڵک هەیبوو، کارێکی کردبوو کە لە ساڵانی قاتوقڕی و دەسەڵاتداریەتیی هۆزو عەشیرەتەکاندا کە دەکاتە ساڵانی ۱۳۲۰و۱۳۲۴تا پێش بە شەڕی نێوان عەشیرەتەکان بگرێو لە پێناو رزگارکردنی کوردستاندا هەنگاوی بە برشت هەڵبگرێ.

لە ۱۳ی ژوئەنی ۱۹۴۲دا، باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران لە نامەیەکدا بۆ باڵوێزخانەی بریتانیا لە بەغدا، دەنووسێ: "هەر لە یەکەم رۆژەکانی رزگاربوون لە زۆرداری شادا، پیاوانی وەک قازی محەممەد هەوڵیان داوە کوردەکان یەکگرتوو بکەن". هەر لەو نامەیەدا هاتووە کە: "لە ۲۵ی سێپتامبری ۱۹۴۱دا، ئەفسەرێکی بریتانیایی‌و یەکێکی ئامریکایی گەیشتنە مەهابادو لەوێ چاویان بە قازی محەممەد کەوت. قازی محەممەد لە کاتی قسەکردن لەگەڵ ئەواندا گەڵاڵەیەکی لەمەڕ کوردستانی یەکگرتوو لەگەڵ ئەفسەرە بریتانیایەکە هێنایە گۆڕێ"(۱).

پێشەوا قازی محەممەد لە ساڵی ۱۹۲۳دا، چووە ریزی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردەوەو هەستی بەوە کرد کە ئەو رێکخراوەیە سەرەڕای هەموو خاڵە پۆزەتیڤەو باشەکانی لە پێناو رزگارکردنی نەتەوەی کورددا، هێندێ لاوازی تێدایە کە دەبێ رێگاچارەی بۆ بدۆزێتەوە. کۆمەڵەی ژ. کاف، رێکخراوێکی نهێنی‌و داخراو بوو و نەیدەتوانی بە تەواوی وەڵامدەری چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا بێت، هەر بۆیە لە ۲۵ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۲۴دا بە پێی رێنوێنییەکانی پێشەوا، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد هەڵوەشێندرایەوەو حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا کە سەرۆکی حیزب، پێشەوا قازی محەممەد بوو.

دوکتور قاسملوو لەمەڕ رۆڵی پێشەوا قازی محەممەد لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا دەنووسێ: "قازی محەممەد لە ئاخری تێکۆشانی

کۆمەڵەی ژ . کاف دا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەو زۆر زوو دەرکەوت کە شەخسییەتێکی بەرچاوو هەڵکەوتووی ئەو ڕێکخراوەیە. بۆیە هەرچەند درەنگتر لە زۆر کەسی دیکە چوو بوو بۆ نێو کۆمەڵە، بە کردەوە بوو بە بەڕێوەبەریی کۆمەڵەی ژ ێ . کاف. کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، دەرکەوت کە قازی محەممەد زیاتر لە هەرکەسێکی دیکە لەو زەروورەتەو لە ئەو پێویستییە تێگەیشتبوو کە کۆمەڵەی ژێ . کاف بە تەرکیبی خۆی، بە ئامانجەکانی خۆی و بە شێوەی ڕێکخستنی خۆی ناتوانێ وەڵامدەری خەباتی گەلی کورد لە کوردستان بێ. هەر بۆیەش قازی محەممەد لە هەموو کەس زیاتر دەستی لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، هەبوو. هەر بۆیە بە حەق قازی محەممەد بە دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات دەناسرێ و دەتوانین بڵێین کە لە نێو هەموو بەڕێوەبەرانی ئەو کاتی حیزبی دێموکراتدا شەخسیەتێکی بێ هاوتا بوو، رادەی تێگەیشتن و ئەزموون و سەلاحییەتی لە هەموو ئەوانی دیکە بەرچاوترو بەرزتر بوو"(٢).

لە ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی‌دا، دواییین ئاسەواری ڕێژیمی پاشایەتی لە شاری مەهاباد کە شارەبانی ئەو شارە بوو، تێکەوە پێچراو لە ٢ی ڕێبەندانی ئەو ساڵەدا کۆماری کوردستان ڕاگەیاندراو پێشەوا قازی محەممەد وەکوو سەرۆکی کۆماری کوردستان، سوێندی یاسایی خوارد.

پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کورستاندا ئاخاوتو وتی: "ئەمڕۆ لە مێژووی نەتەوەی کورد دا باشترین ڕۆژە. ڕۆژێکە کە ئاڵای کوردستان لە سەر بەرزایی شاری مەهاباد هەڵکراوە. نەتەوەی کورد وەک هەموو نەتەوەکانی جیهان، مافی ئازادیو هەڵبژاردنی هەیە. سەدان ساڵە بۆ گەیشتن بە سەرەتایی‌ترین مافەکان خەبات دەکاتو لەو ڕێگەیەدا هەزاران قوربانی پێشکەش بە مێژوو کردووە. ئەمڕۆ، ئێمە سەربەخۆیزو هاوڕێی بەهێزمان هەیە. دەبێ ئاڵاکەی کوردستان هەر شەکاوە بێ. ئەم کارەش لە سەر شانی ئێوەیە و چرایەکە کە نابێ بکوژێتەوە (٣).

لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥دا کۆماری کوردستان جوانە مەرگ بوو. هۆکارەکانی ڕووخانی کۆمار لە هەر سێ ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەیی و نێوخۆیی دا خۆیان دەبیننەوە. پێشەوا قازی محەممەد سەرەڕای ئەوەی کە باش دەیزانی ئەگەری ئەوە زۆر کە لە لایەن ڕێژیمی حەمەڕەزاشاوە دەستبەسەر بکرێ، بەڵام هەر لە نێو خەڵکی خۆیدا لە مەهاباد مایەوە.

پاش داگیرکردنەوەی شاری مەهابادو شارەکانی دەوروبەری لە لایەن سوپای ئێرانەوە، پێشەوا قازی محەممەدو سەیفی قازی لە لایەن ڕێژیمی حەمەڕەزاشاوە دەستگیر کرانو سەدری قازیش لە تاراندا دەستگیرو لە کورستاندا خرایە بەندیخانەوە. لە ڕۆژی ٦ ڕێبەندانی ١٣٢٥دا، هەیئەتێک لە تارانەوە هاتە مەهابادو لە دادگایەکی نمایشیدا کۆمەڵێک بەناو تۆمەتیان دایە پاڵ پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی کە ژمارەیەک لەو تۆمەتانە هەر لە بنەڕەتدا ناڕاست بووزو ژمارەیەکیشیان بە ڕواڵەت تۆمەت بوون، بەڵام لە بنەڕەتدا هەر عەقڵێکی سەلیم بە پیرۆزیان لە قەڵەم دەدا. لەو بەناو دادگایەدا حوکمی لە سێدارەدان بە سەر قازیی یەکاندا سەپاو سێ مانگ دواتر، لە ڕێکەوتی ٤ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی دا، بە ناو دادگای پێداچوونەوە بە حوکمەکانی دادگای پێشوو، پێک هات.

پێشەوا قازی محەممەد ئەو دادگایەی کردە شوێنێک بۆ بەرگری لە مافی نەتەوەیی گەلی کوردو ئازایانەو بوێرانە دوژمنانی کوردی ناساند کە نیشانی دا بە حەق ڕێبەرو سەرۆکی کۆماری کوردستان بووە. سەروان شەریفی کە لەو دادگایەدا بەشدار بوو، ڕۆژێک پاشتر،

واتە ٥ی خاکەلێوە دەچێتە ماڵی قازییەکانو پێیان دەڵێ: "ئەوە پێشەوا قازی محەممەد بوو کە دادگای محاکمە دەکرد(٤)". هەروەها نەجەفقولی پسیان دەگێڕێتەوە کە پێشەوا لە داکۆکیکردن لەگەلەکەی زۆر ئازایانە جووڵایەوەو گوتوویەتی: "من لە گۆشەی زیندانەوە هاوار دەکەمو بە دەوڵەتی ئێران دەڵێم کە ئێوەن تاوانبار، نە ئێمە. ئێمەتان لە وڵاتی خۆماندا یەخسیر کردووە. ئەگەر دەوڵەت هەموو کوردەکان بە خیانەتکار دەزانێ، با دەست لە کوردستان هەڵبگرێو ئەگەریش ئەوان بە نیشتمانپەروەر دەزانێ، با کاروباری خۆیان، خۆیان بەڕێوەی ببەن. پێتان وانەبێ بە هۆی داماوییەوەلێرە نەڕۆیشتووم، بە ئاسانی دەمتوانی لە سنوور بپەڕێمەوە، بەڵام ویستم لە رۆژانی دژواردا خەڵکەکەم بەجێ نەهێڵمو لە خاکو نیشتمانەکەم دەست هەڵنەگرم"(٥).

سەرەنجام بەرەبەیانی رۆژی ١٠ی خاکەلێوە، حوکمی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، سەیفی قازیو سەدری قازی، بەڕێوە دەبرێ. لە راگەیاندراوێکدا کە کاتژمێر ٨ی رۆژی ١٠ی خاکەلێوە بە ئیمزای هومایونی، فەرماندەی لەشکری چوارەمو هێزی دەوڵەتی ئێران لە کوردستان بڵاوکرایەوە.، هاتبوو: " قازی محەممەد، سەیفی قازیو سەدری قازی، لە دادگای نیزامی سەردەمی شەڕدا بە ئێعدام مەحکوومە کران. دادگای پێداچوونەوەو هەروەها ئەعلاحەزرەت هومایونی شاهەنشا، حوکمەکەیانی پەسند کردو لە سەعات ٦ی رۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا حوکمەکە بەڕێوە چوو"(٦).

دوکتور قاسملوو لەمەڕ کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، دەنووسێ: "قازی محەممەد گوڵێک بوو لە سەحرا روا بوو، بەڵا م دیسانەکە لەگەڵی خۆی نزیک بوو، دەردو ئازارو هیواو ئاواتەکانی زۆر باش تێگەیشتبوو. لە هێنانە گۆڕو دەرخستنی ئەو دەردو ئازارو هیواو ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بە خۆڕایی نەبوو کە لای خەڵکی کوردستان ئەوەندە خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا، خەڵک خۆی نازناوی "پێشەوا"ی پێدا بوو"(٧).

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشەوا قازی محەممەد، رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی وەکوو رۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کردووەو لەو رۆژەدا رێز لە فیداکاریو گیانبەختکردوویی شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان دەگرێ. دیارە کە رۆژی ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدبوونی سەرکۆماری کوردستان، پیشەوا قازی محەممەد، رۆژی شەهیدانی کوردستان بە هەموو بەشەکانیەوەیەو تایبەتمەندییەکانی ١٠ی خاکەلێوە بۆ بوون بە رۆژی شەهیدان لە هەموو کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی زۆرن. هێندێ لەو تایبەتمەندییانە ئەمانەن:

یەکەم: پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری تاقە کۆماری کوردستان بوو لە مێژوو دا.

دووهەم: پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری یەکەمین حیزبی مۆدێرن و پێشکەوتوو و دێموکرات لە کوردستاندا بوو.

سێهەم: کۆماری کوردستان، کۆماری هەموو کوردستان بوو، بەشداری دوو هەزار کەس لە هێزی کۆڵنەدەرو لەشکان نەهاتووی بارزانییەکان بە سەرۆکایەتیی نەمر مەلامستەفا بارزانی لەو شۆڕشە داو هەروەها بەشداریی کوردەکانی تورکیەو سووریە شاهیدی ئەو راستییەن.

چوارەم: لە کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا، ئاڵای کوردستان هەڵکراو سروودی نەتەوایەتیی کرا بە سروودی کۆمار.

پێنجەم: پێشەوا قازی محەممەد وەکوو سەرۆک کۆماری کوردستان، بەردەوام لە ئاخاوتنەکانی دا هەموو کوردستانی بە یەک نیشتمان

زانیوەو ئەم راستییەش لە داکۆکیکردنی لە دادگادا دەبینرێ. کاتێک روو لە بەناو قازی ئەو بێ دادگایە دەکاو دەڵێ: "مەلا مستەفا، بێگانە نیە، بەڵکوو خەڵکی کوردستانە و کوردستان وڵاتی خۆیەتی".

شەشەم: کاریگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا لە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، هەم لە باری ئیستراتیژیک و هەم لە یاری رۆحی و دەروونییەوە ئەوەندە زۆر بووە کە هیچ مێژوو نووسێکی مەسەلەی کورد نەیتوانیوە خۆی لێببوێرێ.

حەوتەم: کۆماری کورستان پەردی بە زمان و فەرهەنگی کوردی دا کە کاریگەری یەکانی ئەو سەردەمە لە سەر مێژووی رۆژنامەنووسی کوردی و پەرتووکی کوردیدا لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا دیارو بەرچاوە.

هەشتەم: پێکهێنانی هێزی بەرگری میللی لە ژێر ناوی پیرۆزی "پێشمەرگە"دا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورد دا لە ژێر رێنوێنییەکانی پێشەوادا.

نۆیەم: یەکگرتوویی دوژمنانی کوردو لە سەرووی هەموویانەوە سێ دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیە لە دژی کۆماری کوردستان، لە هەموو کاتێک زیاتر بووە.

دەیەم: وەک دوکتور قاسملوو دەنووسێ: "بێگومان دەستکەوتی هەرەگەورەی گەلی کورد لە کۆماری کوردستاندا ئەوە بوو کە بۆ یەکەمجار چارەنووسی خۆی بەدەستەوە گرت و تامی ئازادی چێشت".

سەرچاوەکان:

١- سوڵتانی، ئەنوەر/ رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٥، ل ٢٥.

٢- قاسملوو، د.عەبدوالڕەحمان، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، ل ٤١.

٣- خۆشحاڵی، قاچی محمدو جمهوری کردستان در ئینەی اسناد، چاپخانەی فردوسی، ١٣٨٠، ل ٤٥.

٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣.

٥- سەرچاوەی پێشوو.

٦- ١. سوڵتانی، ئەنوەر/ رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٥، ل ٣١٨.

٧- ٢. قاسملوو، د.عەبدوالڕەحمان، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، ل ١٠٢.

٨- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان نیت / رێکەوتی : ٨ی فێوریەی ٢٠١٠

سڵاو لە گیانی پاکی شەهید پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان

قازی محەمەد... سوقراتی زەمان ...

حسەین یەزدانپەنا

لە نێوان سوقرات(سوکرات) و پێشەوا قازی محەممەد دا هێندێک وێکچوونی دیار لە ژیان و مەرگیاندا هەیە.

سوقرات لە ساڵی ۴۶۹ ی بەر لە زایین، لە گوندێکی بناری شاخی «لیکابتوس» لە نزیک ئاتێن(ئەسینا) لەدایک بووە. لە تەمەنی ۷۰ ساڵیدا گیرا و حوکمی ئێعدامی بە خواردنی ژەهر لەسەر جێبەجێ کرا.

پێشەوا قازی محەممەد ساڵی ۱۹۰۰ی زایینی لە شاری مهاباد، ئەو شارەی ۴۶ ساڵ دواتر بە بڕیاری ئەو کرایە پێتەختی دەوڵەتی جمهوری کوردستان، لە دایک بووە. لە ۱۰ی خاکەلێوەی ۱۹۴۷ دا لە سێدارە دراوە.

ئەم هەموو مەودا زەمانی و مەکانییە، کەچی ئەو هەموو وێکچوونە! هەر دەڵێی دەردی مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکانی مرۆڤی سەردەمی جیاوازییەکانیان، لە ناوەرۆکدا وەک یەک وان و پێشەوایانیشیان خاوەنی ئاکار و تایبەتمەندیی نێزیک لە یەکن:

۱ - سوقرات و پێشەوا، هەر دووکیان، ڕێگایەکیان هەڵبژارد کە پڕمەترسی بووە و خۆشیان لێی ئاگادار بوون. «ئانکساگوراس»ی مامۆستای سوقرات، ئەوی لە مەترسیی فەلسەفە لەو ڕۆژگارەدا ئاگادار کردەوە. سوقرات بە هێندی نەگرت و سەری لە ڕێ دانا. قازی محەممەد لە چارەنووسی ئەو سەرکردانەی ویستوویانە کورد بکەنە دەوڵەت و لە بندەستی «عەجەم» ڕزگاری بکەن، ئاگادار بوو. لەو چارەنووسە نەرپرینگایەوە. لەو ڕێگایەدا چووە سەر دار.

۲ - سوقرات و قازی محەممەد، هەردووکیان پێشەوای کۆمەڵگای خۆیان بوون. سوقرات لە جیاتی گەڕان بە دووای پرسیارگەلی دابڕاو لە ژیاندا، لە دووی پرسیار لە بارودۆخی ژیان وێڵ بوو. «خۆت بناسە»ی کردبووە دروشمی خۆی. هەروەها پێی لەسەر ئەوە داگرت کە: «ژیانێک کە پێداچوونەوە و توێژینەوەی تێدا نەبێ، بایەخی نییە». قازی محەممەد لە کۆمەڵگای خێڵەکیی ئەو دەم لە سەردەمی ڕەنێنی «ئەسپی کوێت» و «زینی چاک» و «تانجیی ڕاوکەر»دا عەوداڵی سەروەریی نەتەوەیی بوو و نەتەوەکەی بۆ بڕیاری گەورە و تاکەکانی بۆ خوێندن دەنگ دا.

۳ - سوقرات و قازی محەممەد، هەردووکیان لە دەسەڵاتدارانی زۆردار و زاڵم و گەندەڵ ڕاسان. تەسلیمی واقع و دەربەستی پارسەنگی هێز نەبوون و حەولی گۆڕینی واقعیان دا. هەرتکیان لەم ڕێگایەدا گیانیان بەخت کرد.

۴ - هەردووکیان بیر و وتە و کرداریان لە پێناو بەها و بایەخی گرینگتر و گەورەتر لە خۆیان و لە بەرژەوەندیی خۆیان بووە. وتە

و کردارەکانیان هیچ دەسکەوتێکی شەخسی بۆ بەدیی نەهێنان. ئەوەی بوویان لە سەریان دانا. سەر و ماڵ!

٥ - هەردووکیان، لە ئاخاوتن و دەربڕیندا لێهاتوویەکی تایبەتیان هەبووە. سوقرات لە »ئاگورا» واتە لەو گۆڕەپانانەی یۆنانی کۆن کە شوێنی کڕین و فرۆشی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیان بوونە، قسەکانی خۆی دەکرد. وتەکانی ئەو ئەوەندە سەرنجڕاکێش بوون کە لە هەرا و هوریای «ئاگورا» دا، بیسەریان هەبووە. قازی محەممەد لە قسەکردندا رستەی کورت و پڕنێوەرۆکیبەکار هێناوە و بە ئارامی دوواوە. وتە و راوێژی قازی محەممەد بەردەنگەکەی خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە. هێزی مەنتقی قسەکانی، لە باس و گفتگۆدا سەری خستووە. سیمای قازی محەممەد "پێغەمبەر ئاسا" وەسپ کراوە.



٦ - سوقرات و پێشەوا، هیچکامیان بیر و بۆچوون و قسەکانی خۆیانیان نەکردووەتە نووسراو. سوقرات ئەوەندەی کات بۆ قسە لەگەڵ خەڵک لە شەقامەکانی ئاتێن تەرخان کرد کە دەرفەتی نووسینی دەست نەکەوت.

قازی محەممەد لەو رۆژەوە پێگەیشتبوو، لە »مەحکەمە»ی قازی عەلی دانیشت و کاتەکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خەڵک تەرخان کرد. لە دەمی دامەزراندن و پاش دامەزراندنی کۆماریش، هەموو ژیانی خۆی بۆ راگرتن و سەرخستنی ئەو کیانە نەتەوەییە تەرخان کرد. لە زۆربەی بۆنەکاندا قسەی کردوە. هەزاران جلد کتێبی لە کتێبخانەکەیدا هەبوو. بەڵام فریای نووسین نەکەوت.

٧ - سوقرات و پێشەوا، هەردووکیان هوشیارانە دەرفەتی ئەوەیان هەبووە بڕۆن و وڵات جێ بهێڵن. نەڕۆیشتوون و ماونەتەوە. مانەوەیان راوەستان و سوور بوون لە سەر هەڵوێست بووە، نەک تەسلیم و خۆ بەدەستەوەدان.

٨ – سوقرات و پێشەوا هەردووکیان کە گیراون، رێگای دەربازبوون لە بەند و مەرگیان هەبووە، چ بە لێبوردونخوازی لە دەسەڵاتداران و چ بە هەڵاتن لە زیندان. هیچکامیان، ئەو رێگایانەیان نەگرتووەتەبەر. ئەو رۆژانەی کە سوقرات لە زیندان چاوەڕێی بەڕێوەچوونی حوکمەکەی کردووە، دۆستانی سەریان لێ داوە. «کریتون»ی هاوڕێی پێی دەڵێ " نەخشەیەکی بۆ هەڵاتن لە زیندان بۆ کێشاوە و هەموو زیندانبانەکانی رازی کردووە کە رێ لە هەڵاتنی نەگرن". سوقرات قبووڵی ناکا. زۆر ئاماژە هەن دەیسەلمێنن کە ئەگەر پێشەوا، ویستبای لە زیندان دەرباز دەکرا. هەروەها ئەگەر داوای لێبوردنی لە »شاهەنشا» کردبا، حوکمی مەرگی لە سەر خۆی لادەبرد. بەڵام ئامادە نەبوو، خەڵکەکەی جێبهێڵێ؛یان بۆ رزگارکردنی خۆی کرنۆش بۆ دوژمن بەرێ. هەر دوو کیان مەرگیان بە چۆکدا هێنا.

٩ - سوقرات و پێشەوا، هەردووکیان دادگاکەیان بە گاڵتە گرتبوو. ئەوان بەرگری لە خۆیان و بیر و باوەڕیان دەکەن و زانیویانە کە ئەوە »بێدادگا»یە و عەدالەتی تێدا نییە. سوقرات لەو بێدادگایەدا جۆرێ دواوە کە وەک بڵێی پۆلی وانەکانی فەلسەفەی بووە. سوقرات پێشنیار دەکا لە جیاتی حوکمی ئێعدام، سەبارەت بەو خزمەتانەی کردوویە، خەڵات بکرێ! هەرچی سەبارەت بە پێشەوایە، «سەروان شەریفی» بە بنەماڵەکەی دەڵێ:" ئەوە قازی محەممەدە دادگا، دادگایی دەکا".

١٠- سوقرات و پێشەوا هەردووکیان بە هێمنی و ورە بەرزی و دڵنیاییەوە بەرەو مەرگ چوون. ئەوان پێیان وانەبووە بەو چارەنووسە، تووشی شکست و فەنا بوون. ئەوان زیندووترینی زیندووەکانن. سوقرات چەن ساتێک بەر لە هەڵقوڕاندنی پیاڵە ژاەرەکە لە کۆڕی دۆستانیدا دەڵێ:«تەنیا ئەوانەی ژیانێکی نزم و چەپەڵیان هەیە وا دەزانن مەرگ کۆتایی هەموو شتەکانە. بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەوانەی بە شەرەفەوە ژیاون، لە جیهانی راستەقینەدا وەردەگیرێن». ئەو هەروەها دەڵێ:«ئێستا ئیتر ڕێگای ئێمە لە یەک جیا دەبێتەوە، من بۆ لای مەرگ و ئێوە بەرەو ژیان. ئەوە کە کام ڕێگا باشترە تەنیا خوا دەزانێ و بەس.»

پێشەوا قازی محەممەد، لە دواساتەکانی ژیانیدا، وەسیەتنامەکەی نووسیوە. دارشتن و نێوەرۆکی وەسیەتنامەکەی باری هێمنیی دڵ و دەروونی دەردەخەن. پێشەوا دەنووسێ:«بەو خوایە من سەرکەوتووم، چ نێعمەتێک و چ سەرکەوتنێک لەوە گەورەترە کە ئێستا من لە ڕێگەی گەل و میللەت و وڵاتەکەمدا، سەر و ماڵ و گیانم دادەنێم.

باوەڕ بکەن من خۆم لە دڵمەوە ئارەزووم بوو ئەگەر مردم، بە مەرگێک بمرم کە لە حوزوری خوا و ڕەسووڵی خوا و گەل و میللەتەکەمدا ڕووسوور بم؛ بۆ من ئەو مەرگە سەرکەوتنە!» تەنیا ئەوانەی ژیانێکی نزم و چەپەڵیان هەیە، وا دەزانن مەرگ کۆتایی هەموو شتەکانە.... قازی محەممەد سوقراتی زەمان بوو!

پوختەی ئەم بابەتەم بۆ یەکەمجار، ڕۆژی ٤/٤/٢٠٠٧ لە »فستیڤاڵی کۆماری کوردستان» لە هۆڵی پێشەوای وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە هەولێری پایتەخت، پێشکەش کرد.[١]

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئەرشیڤ / ڕێکەوتی : ١٣ی مارسی ٢٠١٣

قازی محەممەد سیاسەتوانێکی بە توانا و گاندی کوردستان بوو

حەسەن حاتەمی

نووسین و لێکۆڵینەوە و قسە کردن لە سەر کەسانی مێژوو سازو هەڵکەوتە (نوخبە) پێویستی بە کات، ئیمکانات، هێمنی ژیان و سەرچاوەی جۆراوجور هەیە .

بەداخەوە ئێمەی لە حالی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و مافی رەوای نەتەوەکەمان دا، نە لە کوردستان- وەک سەنگەری ئەسڵی خەبات.- ونە لە تاراوگەی نادڵخواز و بۆ هەڵبژێراو، ئەو پێویستیانەمان نیە کە ئاماژەم پێکرد. یان لانی کەم من نیمە.بەڵام بەو حاڵەش بۆ ئەوی لە شێستەمین ساڵیادی ١٠ خاکەلێوەی ١٩٤٧ ، رۆژی رەش و تاڵی گەلەکەمان، رۆژی لە سێدارە دانی پێشەوا قازی محەممەد یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان،حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و سەدری قازی، دارێکم لە سەر بەردێک دانابی، بیروڕای خۆم لە سەر پێشەوای هەمیشە زیندوو، بە کورتی دەردەبڕم.

لە کۆمەڵگایەکی دواکەتوویی زیاتر لە ١٠٠ ساڵ لە مەوبەری کوردستانی تەواو ئایینی- ئیسلامی، نەخوێندەوار، لە نێو ئابوورەیەکی ئاژڵداری وجوتیاری و لە کۆمەڵگایەکی عەشیرەیی دەمارگژ و خۆ ویست، لە دنیایەکی پڕ لە دوژمن و دوو شەڕی جیهانی، لە کوردستانێکی دا بەشکراو و بێ پشتیوان و بێ ئەنوا. پێشەوا چۆن خولقا؟!

هەست بە بەرپرسایەتی بنەماڵەی قازی محەممەد، کاریگەریان لە سەر رووداوەکانی کوردستان، لە ١٠٠ ساڵی رابردودا، بە پێی کەسانی تێکۆشەرو ئازایان پشت و پەنای ئازادیخوازان بوون . ماڵی قازیەکان جێی هێوا و ئومێد و جێی چارە سەری کێشە کۆمەڵایەتی یەکانی ناوچەی موکریان بوو. ئەو ماڵانە جێی ئاشتی و تەبایی، جێی فەرهەنگی بەرز و زانیاری و تەنانەت مەکۆی شۆڕشگێریش بوو.

لە ساڵی ١٩٠٠ ی زایینی(١٢٨٩هەتاوی) لە بنەماڵەیەکی خۆشناو و بە ناوبانگی قازی منداڵێک لە دایک بوو، ناوی نرا محەممەد. ئەو لە پاشان بوو بە یەکێک لە خۆشەویستترین و بەرجەستەترین کەسایەتی لە مێژوویی نەتەوەی کورد دا.

بە چاو خشانێکی خێرا بە سەر بنەماڵەی قازی دا، تایبەتمەندی و کاریگەری ئەو بنەماڵەیە لە سەر رووداوەکان زیاتر دەردەکەوی . لە ساڵی ١٢٥٩ی هەتاوی گەورە بنەماڵەی قازی بە ناوی "شێخ المشایخ" سەرۆک عەشیرە و تایفەکانی لە ناوچەی دیواندرە کۆ کردۆتەوە، هەتا کوردستان لە بەرانبەر هێرش کەرانی بریتانیا بپارێزن. لە ساڵی ١٢٩٥ی هەتاوی قازی فەتتاح- کوڕی شێخ المشایخ بۆ بەربەرەکانی لە بەرانبەر هێرشی رووس و عوسمانی هەڵویستی گرت، شەڕی کرد و گیانی فیدا کرد.

قازی عەلی باوکی قازی محەممەد لە ساڵی ١٩٣٠ی زایینی جووڵانەوەی محەممەد-ی پێک هێنا؛ کە لە گەڵ راپەڕینی شێخ محەممەد خەیابانی لە تەورێز پێوەندی هەبوو. هەروەها" ابولحسن سیف القضات" مامی قازی محەممەد زانایەکی هەڵکەتوو و شاعێرێکی بە توانا و کەسێکی بە هیممەت بوو، یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی محەممەد بوو. هەموو ئەو کەسایەتی یانە و ئاکارەکانیان، کارێگەری خۆیان لە سەر پێگەیشتوویی قازی محەممەد هەبوو.

قازی محەممەد بە پێی زانیاریەکانی، دەردی سەرەکی لە نەخوێندەواری و دواکەتوویی دا دەدەیت. بۆیە بۆ پەرەپێدانی زانست و خوێندەواری هەولی جیددی دەدا. بۆ یەکەم جار لە مەهاباد مەدرەسەی کچانی دانا. بە قەولی یاد بەخێر مەناف کەریمی- وەزیری فێرکردن و بارهێنانی کۆماری کوردستان ـ ، قازی محەممەد مامۆستاکانی قوتانخانەکانی پێ باشترین پێشمەرگەکانی میللەت بوو؛ کە جوانترین و باشترین چەکەیان، قەڵەمەکەیانن کە بە دەستیانەوە و لە گەڵ نەزانی و دواکەوتوویی کە دوژمنان بۆیان پێک هێناوین؛ خەبات دەکەن.

یاد بە خێرێکی دیکە ، سەعیدخانی هومایون- خوشک زای قازی محەممەد، کە لە زۆر شوێن لە گەڵی بووە.- دەنووسێ: قازی محەممەد ئۆگریەکی زۆری بە ورزیش هەبوو.لە مەلەوانی، ئەسپ سواری و را کردن زۆر شارەزا بوو. ئۆگری تایبەتی بە کتێب و موتالا کردن هەبوو. کتێبی زۆر دەکڕی. کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەبوو. بۆ زانیاری رۆژانەش رۆژنامەکانی دەخوێندەوە.

قازی محەممەد دیاردەیەکی تایبەتی لە وەزعییەتێکی تایبەتی دا بوو. ئەو وەک گاندی ئەو هەلەی بۆ نەرەخسا بوو لە زانستگا پێشکەوتووەکانی بریتانیا دەرس بخوێنێ و لە گەڵ دەسەڵاتێکی قانوونمەندی وەک بریتانیاش بەرە و روو نەبوو.- بریتانیا ئەگەر چی یەکێک لە گەورەترین داگیرکەرانی ئیستعمارگەری جێهانی بوو یەکێک لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهانیش بوو. ئەگەر مارکس بوو بە فیلسوفێکی گەورەی جیهانی، لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک ئینگلستان بە ئارامی و هێمنی و لە نێو دێموکراسی بریتانیایی دا، هەلی بۆ رەخسا، تێزەکانی خۆی بنووسێ و بڵاویان کاتەوە، کە بە دژی سیستێمی دامەزراوی ئەو وڵاتەش بوو.

بەو بەرئاوردە ناهاوسان (ئانتی بڵانسە)، قازی لە گەڵ کۆمەڵگایەکی پڕ لە دمارگرژی و سوننەتی کە هەیبوو، کوردیش چەندین دوژمنی هەبوو، بوونی مەدرەسەی سەردەمیانە و مودێرنیشی نەبوو. لە زانستگا و علیم و سیاسەت لە کوردستان هەر هەواڵێک نەبوو. خوێندن بە زمانی زگماکی باسی سەر بوو. زانیاری لەو باریەوە نەبوو. ئەگەر هەبوو، زۆر کەم بوو.

قازی محەممەد ماڵەکەی خۆی کردبووە فێرگەی سیاسی و خوێندواری و زانستگاکەی، ژیانی ئاوینەی باڵا نوێنی دواکەوتوویی و نەخوێنداری و چەوساویی و ژێر دەستەیی گەلەکەی بوو. زانایی و خۆپێگەیاندنی و هێمنی و لە سەر خۆیی و قانوون زانیەکەی و قەزاوەتە عادڵانەکەی، ببوونە هۆی ئەوە، کەسایەتیەکی بەرجەستەی لە نێو موکریان بەگشتی و لە مەهاباد بە تایبەتی هەبێ. کارێگەری کەسایەتی قازی محەممەد لە نێو کۆمەڵەکەی خۆیدا، ئەوەندە بەرجەستە بوو، کە دەسەڵات بە دەستەکانی تارانیش نەیانده توانی، لە بەر چاوی نەگرن. دوای نەمانی باوکی زانای، ببوو بە جێنشینی ئەو بۆ قەزاوتی گیروگرفتەکانی خەڵک.

ڕێژیمیش کردبوویە بەرپرسی دەزگای فەرهەنگی و ئەو قاف. لە رووداوەکانی ناوچەکەشدا، وڵاتانی بریتانیا، شووڕەوی- پێشوو- و ئەمریکا نەیاندەتوانی بچنە موکریان و نەچنە لای قازی محەممەد.

کەسایەتی و تێگەیشتوویی قازی محەممەد، دوای ئەندامەتی لە کۆمەڵەی ژ.ک. دا خۆی نواند؛ دوو جار بانگکردنی قازی محەممەد وەک سەرۆکی پیاوە ماقوو- ڵەکانی کوردستان بۆ شووڕەوی و قبووڵ کردنی بەشێکی گرینگ لە داواکانیان لێوەشاوەیی ناوبراو دەگەیەنی کە دوای هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە مشوەرەت لە گەڵ هاوبیرانی ؛ لە ڕێکخراوی ژ. ک.ی، میللی- مەزهەبی، حیزبێکی دێموکرات ، نەتەوە پارێز و ئاشتی خواز و سەر- دەمیانە دامەزراند.

دوور بینی هەڵکەوتەیی قازی محەممەد، بە بەستنی کونگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان زیاتر دەرکەوت. ئەو بەستێنی فیکری و پراتیکی حیزبی و سیاسی لە موکریانەوە، بەرەو شیمال و تا رادەیەک جنووبی کوردستانیش بەر فراوان کرد.- لە بیرمان نەچێ لە ناوچەی باشوور(جنووب)ی رۆژهەڵاتی کوردستان هەم لە ژێر دەسەڵاتی تاران دا بوو، هەم هێزەکانی بریتانیایی و ئەمریکایی لێ جێگیر بوون و ئیزنی ئازادانەی پەرەگرتوویی سیاسی و ڕێکخراوەییان بە ژ . ک و حیزبی دێموکرات نەدەدا و مەخالەفەتیشیان دەکردن.- کەسایەتی قازی محەممەد وەک سیاسەتمدارێکی پراگماتیست (کردەوە بەپێ پیویست)، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لە سەربانی مالێی قانوون (دادگوستەری)، راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەیدانی چوارچرا و دروست کردنی یەکەمین دەوڵەتی کۆماری کورد لە جیهان دا کە خاوەنی، هەیئەتی وەزیران، هێزی نیزامی- بە ناو پێشمەرگە- و هێزی ئاسایشی نێوخۆیی- لە شێوەی پولیس، بۆ ئەمنیەتی ژیانی خەڵک . دەرجەدانی ژینرالی بە چوارتێکۆشەری رەشیدی کورد؛ و هەڵبژاردنی ژینراڵ مستەفا بارزانی نەمر بە فەرماندری گشتی هێزی پێشمەرگە، گەیشتە لووتکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. زانیاری و زانست و فێرکردن و ئاگا کردنی کۆمەڵگای کوردستان لە ریزی یەکەمی بیرو بوچوونی پێشەوای مەزن دابوو. هەر بۆیە لە ماوەی ١١ مانگ تەمەنی پڕلە شانازی و پڕ دەسکەوتی- ئەو کات- ئەو هەلەی رەخساند کە رۆژنامەی کوردستان، کتێبی کوردی،گۆڤارەکانی کوردستان،هاواری نیشتمان بۆ لاوان- هەڵاڵە و گروگالی منداڵان- بۆ مێرمنداڵان و منداڵان و... بڵاو دەبوونە.

رادیوی کوردی، کتێبخانەی میللی، شانۆگەری، سینەما، ئەو ئەمرازانە بوون کە بۆ ئاگاکردنی و بەردنە سەری رادەی زانیاری کۆمەڵگای کوردەواری بە کار هێنرا. دانانی وەزیری تەبلیغات لە کابینەی دەوڵەت دا. پێک هێنانی دەستەی نووسەران بۆ چاپی کتێب و

بڵاوکراوەکانی کوردی وەک: هێمن، هەژار، زبیحی، برایم نادری، دڵشاد رەسوولی و ... گرنگی زیاتری دەدا بە زانیاریەکانی خە ڵکی کورد.

پێشەوای هەمیشە زیندوو، بۆ ئەوەی نێوەی کۆمەڵ واتە ژنان، ئاشناکا بە ناسینی مافەکانیان، هێنانیان بۆ نێو خەباتی سەردەمیانە و بۆ ئەوەی لە وەزی بە هێزی لاوەکان و مێشکی ئامادە بۆ فێر بوونیان کەڵک وەر گرێ، هەوڵی دا رێکخراوی سینفی، ژنان و لاوان پێک بێ. لەو باریەش دا،لە ماڵی خۆیرا دەستی پێکرد. ژن و کچەکانی و کورە تاقانەکەی هێنایەکایەو ناردیە تەورێز بۆ خوێندن.نزیکەی ١٠٠ لاوی کورِی دیکەی نارد بۆ دەرەوەی وڵات بۆ زانست و فێر بوون. بۆ بەرێوەبەری داهاتووی کۆمەڵگاکەمان. قازی بەو کارانەی خەتە سوورەکانی کۆمەڵگای داخراوی کوردستانی بەزاند و رێگای بۆ پێگەیاندنی هە مە لایانەی هەموو جێن وتوێژە کان- ی ئاواڵە کرد.

لە بارەی پێشەوا قازی محەممەد دا نووسراوە:" قازی محەممەد دێموکراتێکی راستەقینە بوو کە بروای خۆی بە پێویستی جێگیر بوونی دێموکراسی لە کۆمەڵ دا بە کردەوە نیشان دا بوو. ئازادیە دێموکراتی یەکانی لە کوردستانی ئێران لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا کە قازی بەرێوەی دەبرد؛ بە جۆرێک جێگیر ببوون کە تا ئیستاش لە وڵاتانی ناوچە دا کەمتر نموونەی هەبووە. ئەگەر ئەو خاڵە وەبیر بێنمەوە کە هەرلە دەورانی سەرکۆماریی قازی محەممەد دا، موخالیفەکانی-کە ژماریان زۆر کەم بوو- بە دژایەتی لە گەڵ وی وتاریان دەنووسی و شێعریان دادەنا و بە ئازادی لە نێو خەڵکی دا بڵاویان دەکردەوە؛ بێ ئەوەی کەس هەبێ، پێشیان پێ بگری، ئەو کات ئیمانی قازی محەممەدتان بە پێویستی جێگیر بوونی دێموکراسی باشتر بۆ دەردەکەوێ.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە" " قازی محەممەد لە نێو کورد دا پایەیەکی زۆر بەرزی هەبوو. هەموو شاعیرەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی ئێران وەکوو : مەلا مارف_ی کۆکەیی. هەژار، هێمن، خاڵەمین، حەقیقی، سەیدکامیل، عەلی بەگی حەیدەری، شیواو و... شیعریان لە ستایشی دا هونیوەتەوە. لە سەردەمی ژیانی خۆی دا شاعیران، نووسەران، سیاسەتوانان، سەرانی ئێل،{عەشایر}، مەلا و گەورەپیاوەکانی کورد هەمیشە بەرێزو ستایشەوە ناویان ئەبرد.

قازی ببوو بە رەمزی ئازادی و سەربەستی کورد. لە سێدارەدانی، ویژدانی هەموو خەڵکی{کورد} هەژاند.

(نەوشیروان مستەفا) بۆیە من قازی محەممەد-م پێ گاندی کوردستانە. چونکە لە ماوەی ژیانی دا هەوڵی دا، بە هێمنی و ئارامی و ئاشتی، ماف و ئازادی یەکانی نەتەوەی کورد وەدی بێنی.

ئەو کارەی کە گاندی بۆ سەر بەخۆیی هیندوستانی گەورە کردی؛ لە باوەری پێشەواش دا هەبوو.- لە بەشێکی وڵاتە دابەشکراوەکەی، کە ئیمکانی هەبوو، کۆماری کوردستانی دامەزراند. لە رەوتی پڕ لە شانازی و پڕ لە دەستکەوتی کۆماری کوردستان دا،لەو بەشەی خاکی وڵات کە لە ناوچەی ئازەر بایجان هەڵکەوتوە. بە پێی دا بەشینی زەمانی رەزاشا.- و لە چەند شاری وەک میانداو، نەغەدە، ورمێ ،سەڵماس ، خۆی،ماکۆ و... کورد و تورکی تێدا دەژین؛ بۆ دامرکاندنی هێندێک کێشە و گەورە نەبوونەوەی جیاوازیەکان بەشێوەیەکی

هێمنانە و ئارام و بێ ئەوەی خۆینی کەسانێک لە دوو نەتەوەی ناوبراوی هاوچارەنووس بڕژێ، قازی محەممەد لە گەڵ جەعفەر پیشەوەری- ڕێبەری ئەوکاتی کۆماری ئازەربایجان- پەیمانی دۆستایەتی و هاو بەرێوەبەری، تولێرانس (پێکەوە هەڵکردنی)، ئەو ناوچەنایان مۆر کرد.

پێشەوا بۆ ئەوەی دەسکەوتەکانی کۆمار بپارێزی؛ بە پێی هەل و مەرج- لە گەڵ دەسەڵاتدارانی تاران گفتوگۆی کرد . بەڵام قازی لە گەڵ حەمە رەزاشای دژە کورد، "قوام –السطنە"ی فێڵبازی چاو بە کورد هەڵنەهاتوو، بەرە و ڕوو بوو. قازی محەممەد لەگەڵ دام و دەزگایەک و دەسەڵاتبەدستانێک سەروکاری هەبوو،کە لە بیری ئاسیمیلاسێون (تواندەوی) کورد دا بوون.

سەرەڕای ئەو زانیاریانە قازی محەممەد لە وەزعێکی غەیرە بەربەرەکانی نیزامی لە گەڵ ڕێژیمی شا- ی بە سەردا سەپا ؛ بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد تووشی زیان و کوشتاری گەورە و دەربەدەری نەبێ، لە گەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی بە پێشوازی هێزە نیزامی یە خوێنرێژەکان چوون. قازی و ٥٠ کەس لە هاوڕێیان و تێکۆشەرانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان فیدا بوون ؛ هەتا هەزاران کەس قوربانی تۆلە و قینی پۆستاڵ پۆشانی سەرەڕۆی حەمەرەزاشا نەبن. قازی محەممەد وەک گاندی لە گەڵ وڵاتێکی وەک بریتانیا تەرەف نەبوو. بەو تایبەتمەندیانەی باسم کردن بە بڕوای من دەتوانیین بڵیین، قازی محەممەد گاندی کوردستان بوو. نووسین لە سەر پێشەوا قازی محەممەد و تایبەتمەندیەکانی زۆر هەڵدەگری.بەئاواتم لاوانی ئەمڕۆ و نەوەکانی داهاتوو، بە توێژینەوە و لێکۆلینەوە لە سەر ئەو کەسایەتی یە بڵیمەتەی نەتەوەی کورد و کردەوەکانی، ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا ژیاوە و چون بۆ خۆپێگەیاندن و بەرە و پێش چوونی رادەی زانیاری خەڵکەکەی و مافی نەتەوەکەی هەوڵی داوە و... چەندین بەرگ کتێب و وتاری جۆراوجۆری بە کەڵک بنووسرێ. چونکە هەر نەتەوەیە ک لە رابردووی خۆی ئاگادار نەبێ، داهاتووی خۆی بۆ مسۆگەر نابێ.

شایانی باسە کە گەورە پیاوانی، وەک حەمە حوسێنی سەیفی قازی و سەدری قازی،بە فیداکاری داوتەڵەبانەی گیانیان،هاوڕێی و هاوخەباتی هەمیشەیەیان لە گەڵ پێشەوا نیشان دا. ئەوان ئەو راستیەیان سەلماند کە پێشەوا قەت نابێ بە تەنیا بێ و ئەو ڕێگایەی پێشەوا دەستی پێکرد قەت بێ ڕێبوار نابێ.

ئەو نەمرانە ئەو دەرسەیان فیری خەڵکی ئەو کات و نەوەی دوای خۆیان کرد، کە خەمخوران و ڕێبەرانی گەلەکەمان، نە تەنیا لە ژیان و خەبات دا نابێ بە تەنیا بن، بەڵکو لە گیانفداکردن و لە ڕێگای مافی نەتەوەیی دا مردن، نابێ بێ هاوڕێ بن.

لێرە بوو، وا هەلکرا ئاڵای گەش و ڕەنگینی کورد
دێ بە دێ و شار بە شار ڕۆیی چریکەی چوار چرا
لێرە بوو، وا هەڵدرا سێدارە بۆ عیشق و ئەوین
داخەکەم کەس گوێی نەگرت بۆ دادو نالەی چوارچرا

سڵاو لە شەهیدانی کورد و کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی ١٠ خاکەلێوە.

پڕ ڕێبوار بێ ڕێ ئازادی، دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی خەڵکی کورد.

لەندەن- کانادا

خاکەلێوەی ٢٠٠٧

سەرچاوەکان:

١- کتێبی دادگایی و بەرگریەکانی قازی محەممەد-مەهاباد لە دادگای نیزامی شا ١٨٤٧-١٩٤٦ کۆکردنەوەی ئەحمەد محەممەد ئەمین(ڕەنجیار)، بەدرئەدین ساڵح وەرگێڕان بۆ فارسی: ئەحمەد محەممەدی.

٢- نامیلەکانی ساڵیادی ٢ی ڕێبەندانی ٢٠٠٣-(حدکا) کانادا- لەندەن. /

سەرچاوە : مالپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٣١ی مارسی ٢٠٠٧

سپێدەی هومێد لە بوومەلێڵی خەم و بێدەرەتانی دا

بە بۆنەی دەی خاکەلێوە، ساڵڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی و هاورێیانییەوە.

ئاشق

بەردەبەیانیی ڕۆژی دەی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی، ئەو کاتەی سپێدە وردە وردە پاشەکشەی بە تاریکی دەکرد و ڕووناکی بەردەبەرە لووتکەی چیای "زاواوبووک" و "قوڵقوڵاغ"ی دە ئامێز دەگرت، پارێزەرانی سەردەڕۆیی و کۆنەپەرستی، داری بێدادیان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، پێتەختی کۆمارە ناکامەکەی کوردستان چەقاند و پێشەوا قازی سەرکۆماری کوردستان، حەمەحوسێنی سەیفی قازی وەزیری بەرگریی ئەو کۆمارە و سەدری قازی، نوێنەری کوردستان لە مەجلیسی ئەو کاتی ئێرانیان، لە سێدارە دا.



پێشەوای گەورەی کوردستان کە بەڵێنی دابوو خۆی لە ڕێگای ئامانجی نەتەوەکەی و پارێزگاریکردن لە گیان و ماڵومنداڵی هاونیشتمانانی دا بکاتە قوربانی، لە ژێر داری ئیعدام دا، دوو مەبەستی لە چەند وشە دا بەیان کرد، کە مانایەکی بەرینیان لە خۆیان دا حەشار دابوو.

ڕەنگە ئەو کات و لەو هەلومەرجە دژوار و ساماناکە دا کە کۆمار ڕووخابوو، بزووتنەوەی کورد کارەساتێکی ئاوا جەرگبڕی بە سەر هاتبوو و دوژمن خۆی لە لووتکەی سەرکەوتن دا دەدی، مانا و نێوەڕۆکی ئەو وتانە بۆ یار و نەیار زۆر دیار و بەرچاو نەبوون، بەڵام تێپەڕینی زەمان، هەوراز و نشێوەکانی قۆناخەکانی خەبات و سەرەنجام هەستانەوەی بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوایەتیی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، نێوەڕۆکی ئەو وتانەی پێشەوا قازییان باشتر ڕوون کردەوە و دەرکەوت کە ئەو مرۆڤە مەزنەی مێژووی کوردستان، لەو کاتە دا کە دێوەزمەی مەرگی لە بەرامبەر خۆی دا دیوە، مەبەستی لە دەربڕینی ئەو وتانە درۆشمدان نەبووە و پێشبینییەکی کردوە، کە دواتر بە تەواوی ڕاستبوونی دەرکەوتووە.

پێشەوا فەرمووی: " ئێوە بە لە سێدارەدانی من تەنیا قازی محەممەدێک دەکوژن، بەڵام ئەوەتان لە بیر نیە کە هەر تاکێکی نەتەوەی کورد قازی محەممەدێکە و ڕێگای ئەو خەباتە درێژە دەدا"

لە ڕاستیش دا هەر وا بوو. ئێستا دوای تێپەڕینی زیاتر لە شەش دەیە بە سەر ئەو کارەساتە دا، دەبینین بیری قازی و ئامانجی

قازی لە مێشک، هەڵسوکەوت، بزووتنەوە و خەباتی بە میلیۆنان ڕۆڵەی گەلی کورد دا زیندوو ماوەتەوە و ئەو ئاڵایەش کە بە دەستی ئەو و هاوبیرانی هەڵکرا، ئێستاش لە دەستی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورد دا دەشەکێتەوە.

پاشان کاتێک ویستیان چاوی ببەستن، ئەوجار قوڵفی تەنافی سێدارەی بخەنە ئەستۆی، فەرمووی:

" ئەی خاینان، من لە حاست نەتەوە و نیشتمانم دا شەرمەندە نیم کە چاوم ببەستن، بەڵکوو سەربەرزم و دەمەوێ لە دواییین ساتەکانی ژیانم دا لە سپێدەی بەرەبەیانی ئاسۆی نیشتمانی جوانم بڕوانم و ببینم چۆن درِ بە تارێکی دەدا. بژی نەتەوەی کورد، بژی ڕزگاریی کوردستان!"

ئەو وتەبەرزە ئەوەندە بەهێز بوو، کە سامی تەناف و داری بەزاند. ڕووحی پێشەوا لە گەڵ جیهانی هەرمان تێکەڵ بوو. هەر لەو کاتە دا شنەیەکی نەرمی بەهاری لە " کلکەی خەزایی" و "مەحموودکان"ـەوە هەڵیکردێ و دوای ئەوەی خۆی بە بۆن و بەرامەی وەنەوشەکانی دەم جۆگەکانی "باغی گوڵان" بۆنخۆش کرد، لە مەیدانی "چوارچرا" سەروڕووی سێ سەرداری سەربەرزی سەرداری لاواندەوە، پاشان بە پانایی مەهاباد و کوردستان بڵاو بۆوە، خۆی بە هەموو ماڵە کوردێک دا کرد و تۆوی هومێد بە هەستانەوە و هیوا بە ڕزگاریی کوردستانی لە دڵی کوڕان و کچانی کورد دا چاند.

لە ڕۆژی دوای ئەو کارەساتەوە، بەیانان، خۆر، کاتێک لە سەری "داشامەجید"ەوە دەردەکەوێ، پاش ئەوەی سڵاوێک لە تاقەداری دوشداماوی ئێستاش تازیەدار دەکا و شەبەقی زێڕینی خۆی بە سەر "چوارچرا"، شوێنی ماڵ و بارەگای حکوومەتی پێشەوا و شەقام و گەڕەکەکانی پێتەختی کۆمار دا بڵاو دەکاتەوە، بەرەبەرە ڕووپۆشی سێبەر لە سەر گڵکۆی سەرکۆمار لادەدا، کرنۆش بۆ مەزاری زیارەتگەی میلیۆنان ئۆگر و ڕێبواری ڕێگای دەبا و پاشان نێوەڕۆکی پەیامەکەی پێشەوا لە توێی تیشکی گەرمی خۆی دا بڵاو دەکاتەوە کە:

" تاریکی ناتوانێ هەتا سەر بێ و سەرکەوتن سەرەنجام بۆ ڕووناکی دەبێ"

یان:

"زستان هەرچەندە تووش و تەمەندرێژیش بێ، سەرەنجامی هەر نابوودی و چۆڵکردنی ڕێگا و بەجێهێشتنی جێگا بۆ سوپای بەهارە!"

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢٨ی مارسی ٢٠١٢

ئەو سێدارەی پێشەوا قازی بۆ ئەبەد بە زیندوویی هێشتەوە.

لوقمان زەهرایی

به بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ٦٦ مین ساڵرۆژی شەهیدانی کوردستان

لە بەردەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٤٧ / ٣ / ٣٠ی زاینی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆککۆماری کۆماری دێموکراتێکی کوردستان وێرای حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری بەرگری کۆمار و ئامۆزای پێشەوا و ئەبولقاسمی سەدری قازی برای پێشەوا ونوینەری مەهاباد لە مەجلیسی شورای میللی لە تاران لە چوارچرای مەهاباد راست لەو شوێنەی کە کۆماری کوردستانیان لێ راگەیاندبوو بە فەرمانی رێژیمی داگیرکەروکوردکوژی حەمەرەزاشا لە سێدارە دران. ئامانجی سەرەکی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی و هەڤالانی لە گۆرنانی بیری نەتەوەیی و شوناس خوازی کورد و کوردستانی بوو کە کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی پێناسەی دەکرد. کۆماری دێموکراتێکی کوردستان ڕەد کردنەوەی سیاسەتی مل هورانەی قەومی حاکم بوو کە هەموو ئێرانی بۆخۆی دەویست و هیچ کەس وگروپ ونەتەوەیەکی دیکەی غەیری خۆی قەبول نەبوو. کۆماری کوردستان دژایەتی کردنی راستەوخۆی سیاسەتی بە یەک نەتەوەکردنی ئێرانی فرە نەتەوە بوو. سیاسەتێک کە رێژیمی حەمەرەزاشا بە پشتیوانی ئیستعماری کۆن واتە بریتانیا و ئامریکای تازە زل هێزی دونیا بەرێوەیان دەبرد. تواندنەوەی نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێران دا بە هەر نرخێک بۆ ئەوەی بە قەولی خۆیان " نەتەوەی ئێران دروست بکەن". هەرئەوەی ئەمرۆ لە ناو قەومی باڵا دەست ونژادپەرەستەکانی دا بە " ملت ایران" باوە وبۆ ڕاگرتن وپاراستنی ئەو بە ناو" ملت ایران" پێویستیان بە پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران بە زەبری لەشکەرکێشی و شەڕوکوشتار وزیندان وئێعدام وقەڵاچۆکردن هەیە.

کۆماری کوردستان ئەو پەیامەی بە دەولەتی داگیرکەری پەهلەوی دا کە کورد خاوەنی زمان وفەرهەنگ ومێژوو و نیشتمانی خۆیەتی و ئامادە نابێ مل کەچی دەولەتێک بێ کە حاشا لە شوناسی نەتەوەیی ئەودەکا ودەیهەوێ سیاسەتی " یەک نەتەوە ویەک ئالا ویەک زمان " لە سەرحیسابی توانەوەی کورد ونەتەوەکانی دیکەی ئێران جێ بەجێ بکا. لە راستیدا دامەزرانی کۆماری کوردستان نوختە وەرچەرخانێکی مێژوویی ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەمبەر ناسیۆنالیزمی فارسی بوو کە ئامانجی سرینەوەی شوناس وهۆوییەتی کوردی بوو. کۆمارێک کە لە دڵی کوردستان هەڵقوڵابوو وبە دەستی رۆلەکانی ئەوگەلە دامەزرابوو، نەک هەر خواست وئیرادەی نەتەوەیی گەلی کوردی لە پشت بوو، بەڵکوو پێناسەی راستەقینەی کوردی بوو لە هەمبەر داگیرکەری نیشتمانەکەی کە لە هەموو بارێکەوە لە گەڵ کورد جیاوازە.

لە یەک کەلام دا کۆماری کوردستان لە ئاکاروکردەوە دا بە تەواوی دەولەتێکی سەربەخۆو جیاواز بووە وبە هیچ جۆرێک لە ژێر کاریگەری دەولەتی ناوەندی دانەبووە وخۆی سەربەخۆ جۆری پەیوەندییەکانی بە وڵاتانی دەوروبەر ویەک لەوان یەکێتی سۆڤیەت دیاری کردووە. ناوەند یان پایەتەختی کۆمار مەهاباد بووە . بوونی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیروکابینەی وەزیران وئالای جیاواز، سوپای میللی کە لە هێزی پێشمەرگە پێکهاتبوو بە تەواوی لە لەشکری داگیرکەروکوردکوژی پەهلەوی جیاواز بووە. بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە ناوچەکانی ژێردەستی کۆمار، خویندن وپەروەردە بە زمانی کوردی ودەرکردنی رۆژنامەی کوردستان وچەندین گۆڤاری دیکە سەربەخۆیی ئەو کۆمارە لە دەولەتی ناوەندی کە شایەتی بووە بە تەواوی دەردەخا.

بەڵگە فەرمییەکانی کۆمار ورۆژنامەی کوردستان کە زمانحالی کۆماربووە سەربەخۆبوونی کۆمار لە دەولەتی تاران بە تەواوی دەسەلمێنن وئەوەش مەسەلەیەک بووە کە هیچکات بۆ رێژیمی حەمەرەزاشا قابیلی قبوڵ نەبووە. کورد لە ماوەی ١١مانگ دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا هەستی بە بوونی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی وەکوو کورد کردووە و ئازادی وسەربەستی لە سەر زێدونیشتمانی خۆی لە نەبوونی دەسەڵاتی داگیرکەری تاران بە گۆشت وخوێن بە تەواوی هەست پێکردووە. دامەزرانی کۆماری کوردستان هەروا بە هەڵکەوت وکوت وپڕ نەبووە وبەڵکوو بەرهەمی زولم وزۆری وبێ مافی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان وئاکامی سیاسەتی تواندنەوەی کورد بە دەستی رەزاخان وکورەکەی بووە کە بەلاسایی کردنەوە لە ئاتاتورک دەیانویست بە قەولی خۆیان ئێران لە دەست قەوم وهۆزوعەشیرەتان رزگار بکەن ومۆدێرنیتە لە جێگای سوونەت و دواکەوتوویی دابمەزرێنن.

پێشەوا قازی محەممەد هەروەک چۆن لە کاتی بوون بە سەرۆک کۆمار ولە کاتی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٤٦ / ١ / ٢٢ لە چوارچرای شاری مەهاباد سوێندی خوارد بە نیشتمان ونەتەوەکەی خزمەت بکا وتاکوو سەروەفادار بێ بە رێبازی کوردایەتی، لە کاتی دادگای نیزامی ودواتریش چوونە ژێر پەتی سێدارە بە سوێند وپەیمانەکەی کە بە گەل و نیشتمانەکەی دابووی هەروا وەفادارمایەوە وئامادە نەبوو بۆ رزگار کردنی گیانی خۆی نەتەوە ونیشتمانەکەی بە داگیرکەر بفرۆشێ. بەرەنگار بوونەوەی پێشەوا قازی لە کاتی دادگای فەرمایشی رێژیمی داگیرکەر و هەڵوێستی ئازایانەی و بۆبەگژ داچوونەوەی بەرێوەبەرانی دادگا ئەو راستییە دەردەخەن کە پێشەوا قازی نەک لە کارو کردەوەکانی ودامەزرانی کۆماری کوردستان ورێبەری کردنی ئەو کۆمارە پەشیمان وپاشگەز نەبۆتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دامەزرانی کۆماری کوردستان ودروست کردنی قەوارەیەکی سیاسی کوردی بۆکوردانی رۆژهەلات بە مافی خۆیان زانیوە. لە بارەی ئازایەتی ونیشتمانپەروەری پێشەوا قازی لە دادگا دا چەندین کەس راوبۆچوونی خۆیان لەوباردەوە نووسیوە وهەموویان ستایشی ئازایەتی و نەترسی پێشەوا قازی دەکەن کە چۆن بەرێوەبەرانی دادگای فەرمایشی رێژیم داگیرکەری تووشی تورەیی و زەبوونی کردووە وئەوان لە ئاست بەرگری نامەی پێشەوا قازی داهیچ وڵامیکیان نەبووە وبە ناچار سووکایەتی وبێ حورمەتیان بە پێشەوا وبە کۆماری کوردستان وبە نەتەوەی کورد کردووە.

"نەجەفقولی پەسیان " لە چەند رِستە دا باس لە هەڵویستی ئازایانەی پێشەوا قازی لە دادگای فەرمایشی رێژیمی داگیرکەری پەهلەوی دادەکا ودەڵێ " لە کاتی دادگا دا قازی محەممەد بەرپەرچی سیاسەت وئاکاروکردەوەی دەولەتی تارانی دەدایەوە و پێی دەکوتن" من لە قوژبنی گرتووخانە دا دەنگی خۆم لە دژی دەولەتی تاران وسەرۆکەکانی بەرزدەکەمەوە ودەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە

وڵاتتان لێ داگیرکردووین". کاتێک سەرۆکی دادگا پێشەوا بە خەیانەت تاوانبارەدەکا، لە وەڵام دا پێشەوا قازی دەڵێ: "ئێرە ماڵی منە, خاکی کوردستان خاکی باب و باپیرو ئەجدادی منە، چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم."

پێشەوا قازی لە وەسییەت نامەکەی دا گەلێک مەسەلەی گرینگ وهەستیاری باس کردووە وکە ئێستاش وبۆ سەردەمی ئێمەش هەرتازەن وکورد وسەرانی ئەحزابی کوردی دەبێ بیکەنە چرای ڕێگای خەبات وتێکۆشانیان بۆ ڕزگاربوون لە دەستی داگیرکەرانی کوردستان. وتەکانی پێشەوا قازی هەم ڕووی لە نەتەوەکەیەتی وهەمیش ڕووی لەوانەیە کە خۆیان بە داگیرکەر فرۆشتووە. پێشەوا قازی دەفەرمێ " بە خاتری خودا دەست لە دوژمنایەتی یەکتر هەڵگرن، یەکگرتوو بن و پشتیوانی یەکتربن. لە بەرامبەر دوژمن دا رابوەستن وخۆتان بۆ ماڵی دونیا بە دوژمنان مەفرۆشن. دوژمن تەنیا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی ئێوە بەکاردێنێ ودوای ئەو ئێوە وەکوو زبڵ وپاشماوە وان. دوژمنانی نەتەوەی کورد زۆرن، زالم ونامەردوبێ ویژدانن. ردمزی سەربەرزی هەر نەتەوەیەک یەکێتی وبەیەکەوە بوونە. ئێوە نەتەوەی کورد چتان لە نەتەوەکانی دیکە کەمترنیە. ئازایەتی وپیاوەتی ولە خۆبردوویی ئێوە زۆر زیاترە. ئەوگەلانەی کە ڕزگار بوون، تەنیا یەکگرتوو بوون وبەس. دوژمنانی نەتەوەی کورد لە هەردەستەو گروپ ورەنگ ونژادێک بن، هەر دوژمنن. بێ ردحم وبێ ویژدانن وئێوە بە گژ یەکتردادەکەن بۆئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دابین بکەن. بە وادەوبەلێنی درۆزانە ئێوە هەڵدەخەڵەتێنن. لە سمایل ئاغای شکاکەوە بگرە تاکوو جەوەرئاغای برای وهەمزەئاغای مەنگور وچەندین قارەمانی دیکە فریوی ئەو زاڵم و مەلعونانەیان خوارد وناجوامێرانە شەهیدیان کردن. هەمووی ئەوانەیان بە سوێند وقورعان فریودا. ئاخر ئەمانە کەی دەزانن سوێندوقورعان چیە. دڵنیابن، ئەگەر دوژمن هەنگوینتان پێ بدا، تێکەڵ بە ژەهرە. ئەگەر دوژمن هەزارجاریش سوێند بە قورعان بخۆا، مەبەستی هەرلە ناو بردنی ئێوەیە. کورد بوون لای ئەوان تاوانە وهەربۆیەشە سەروگیان وماڵتان بە حەلال دەزانن. خەیانەت بە یەکتر مەکەن، نە خەیانەتی سیاسی، نە ماڵی ونە ناموسی. دەست لە خەبات هەڵمەگرن، تاکوولە ژێر دەستی ڕزگارتان دەبێ. ماڵی دونیا هیچ نیە. ئەگەرولاتێکتان هەبێ وسەربەخۆیتان هەبێ، ماڵ وخاک ونیشتمان هەمووی هی خۆتانە. ئەو کات هەموو شتێکتان دەبێ. هەم ماڵ وهەم سەروەت، هەم دەولەت وهەم ئابروو وهەم نیشتمان".

پێشەوا قازی لە وەسییەت نامەکەی دا ئاماژە بە دووخاڵی یەکجار گرینگ دەکا کە بۆتە هۆی ڕووخانی کۆماری کوردستان ولەو بارەوە دەفەرمێ. " ئەوان چون نەتوانن لە مەیدانی شەڕ ڕووبەڕووی ئێوە ببنەوە، بۆیە پەنایان بۆ درۆ و فریودان برد. شا وداروودەستەکەی بە دەیان جار پەیامیان نارد کە ئامادەی وتووێژ ودانوستانن وناخوازن کە شەڕ بیتە ئاراوە وخوێن بڕژێ. من دەمزانی کە درۆدەکەن. ئەگەرخەیانەت و فریوخواردن و خۆفرۆشی کۆمەڵێک لە سەرانی عەشیرەتەکان نەبا، کۆمار هەرگیز شکستی نەدەهێنا".

بە داخەوە ودوای ٦٦ ساڵ لە شەهید کرانی پێشەوا وقازی وهە ڤاڵان وشەهید بوونی بە هەزارانی دیکە، کورد هەرلەو بازنەیە دا دەخولێتەوە کە پێش ٦٦ ساڵ لەمەبەر پێشەوای نەمرلە وەسییەت نامەکەی دا ئاماژەی پێ کردووە. نەبوونی یەکگرتووی لە نێو ئەحزابی کوردستانی، دووبەرەکی، یەکتر قەبول نەکردن، خۆفرۆشتن وجاشێتی، سیاسەت کردنی هیندێک لە ئەحزاب بۆ ماڵی دونیا بە سەربەشەکانی دیکەی کوردستانەوە ولە خزمەت داگیرکەردابوون. پاش ٦٦ ساڵ لە دوای لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی، کورد لە سێ

پارچەی کوردستانی داگیرکراو دا هێشتا لە کەمترین مافی ئینسانی وسروشتی خۆی بێ بەشە. هێشتاش هەر کوردستان لە ژێر دەستی داگیرکەران دایە وهەر ئەوانن کە باڵادەستن وکوردیش لە جیاتی یەکگرتوویی ویەک ریزی، خەریکی خۆخۆری ودوژمنایەتی یەکترکردنەوە.

۹ی خاکەلێوەی ۲۷۱۳ کوردی هێلسینکی

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ۲۹ی مارسی ۲۰۱۳

سەرۆک کۆماری کوردستان

سۆران کرباسیان

دەوڵەتی جمهوری کوردستان کە لە سەر ئیرادە و ویستی زۆرینەی ئێلیت و نوێنەرانی نەتەوەی کورد بە پێی بوار و هەل و مەرجی رەخساو ڕاگەیێندرا، لە جوانترین وێنەکانی شۆڕشی ڕامیاری نەتەوەی کورد دەژمێردرێ. ئەو ڕاگەیاندنەش پێویستی بە کۆمەڵێک فاکتەری گرنگ وەک پێشینەی ویستی نەتەوەی کورد، نەبوونی هیچ چەشنە دڵخۆشییەک بە وڵاتانی داگیرکەر، ئێلیت و ڕووناکبیر، سەرکردەی ووشیار و کاریزماتیک، هەل و مەرجی تایبەتی رەخساو لە لایەن هێزی نێوخۆی کورد و زلهێزانی ئەو سەردەم و ...هەبوو. حەوجە دەکا لە سەر هەر کام لە فاکتەرە کاریگەرەکان شرۆڤە و وردبوونەوە بکرێ تا بتوانین وێنەیەکی زۆر نزیکتر لە مێژووی ڕاستەقینەی کۆمار ساز کەینەوە. لێرە هەوڵ دەدرێ بە کورتی ئاورێک لە سەرۆکایەتی کۆماری کوردستان بدرێتەوە و پێداچوونەوەی مژارەکانی دیکە دەهێڵینەوە بۆ دادێ.

ناوی سەرۆکی کۆماری کوردستان کە زۆرینە بە ناوەکانی قازی موحەممەد و پێشەوای ناو دەبەن، "محمد همام قاضی" بوو. رەوانشاد "میرزا خلیل فتاح قاضی" کە پەرتووکی مێژووی بنەماڵەی "قاضی" لە ڕووی یادداشتەکانی ئەو بە چاپ گەیشتووە، لەم پێوەندییەوە فەرموویووی:

خوالێخۆشبوو میرزا عەلی قازی، دوو کوڕی هەبوو:

١- میرزا محەممەدی هومامی قازی کە دواتر بە قازی محەممەد، نێوبانگی دەرکرد.

٢- ئەبولقاسمی سەدری قازی .[١][٢][٣]

پێشەوای کوردان یەکەم چالاکی رامیاری خۆی بە فەرمی کاتێک دەست پێ کرد کە پاش داواکارییەکی زۆر لە لایەن نیشتمانپەروەران و ئێلیتی کورد، قبووڵی کرد تا سەرۆکایەتی ک. ژ. ک بە دەست بگرێ. لە دواییشدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر هەمان بنەمای ک. ژ. ک لە ساڵرۆژی دامەزراندنی ک. ژ. ک ڕاگەیەندرا، وەک سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا.[٤] لە دەرفەتێکی گونجاودا پاش هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنە و پێویستییەکی مێژوویی، ئەم حیزبە وەک یەکەم حیزبی مۆدێرنی نەتەوەی کورد توانی بە هاریکاری سەرجەم ئەو کوردانەی کە بواری بەشداریان هەبوو، دەوڵەتی جمهوری کوردستان ڕابگەیێنن و جەنابی پێشەواش کە لەو سەردەمدا سەروەرترین ئاڵتێرناتیڤی نەتەوەی کورد بوو، وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا.

پێشەوای کوردان لە بنەماڵەیەکی زانا، دەوڵەمەند و خاوەن ڕێز پەروەردە ببوو بەڵام ئەمانە هۆکاری سەردەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەو وەک ڕێبەری نەتەوەکەی نەبوون، بەڵکوو کەسایەتی تایبەتی ئەو و لێهاتوویی و توانای بەرزی ئەو هاندەری سەردەکی جەماوەر بوون تا ئەو وەک سەرۆکی خۆیان هەڵبژێرن.

یەک لە ئەرکەکانی سەرۆک ئەوەیە کە کۆمەڵگا ووشیار بکاتەوە، وردیەکی بەرزی هەبێ و لە بەرەوپێشبردنی بەرنامەکانیدا بە سەر گرفتەکاندا زاڵ بێ و لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا هەڵس و کەوت بکا. جەنابی پێشەوا وەک بەڵگەکانی کۆماری کوردستان پشتڕاستی دەکەنەوە، بەردەوام لە ڕێگەی قسەکردن و بەڕێوەبردنی کۆڕەوە، هەوڵی ووشیارکردنەوەی جەماوەری دەدا.[۵] ئەو بە تێبینی و هەڵسەنگاندنی دروستەوە کەسایەتییەکانی بۆ پراکتیزەکردنی پلانەکانی هەڵدەبژراد کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگی، رامیاری، ئابووری و ئەرتەشیدا ڕەنگیان داوە. سەرۆکێکی سەرکەوتوو لە ڕەوشی نالەبار و شپرزەدا هەوڵ دەدا کەمترین ئازار و زەرەر بە کۆمەڵگا بگا. زۆرینەی سەرچاوەکان و فاکتی بەر دەست ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە کە سەرۆک کۆماری کوردستان لە کاتێکدا کە ئیتر ڕێگەی درێژەی ژیان بۆ دەوڵەتی کوردستان نەمابوو، خۆی کردە قوربانی هەموو نەتەوەکەی،[۶] و قبووڵی ئەوەی نەکرد نەتەوەکەی وڵامدەری بەرپرسیارەتییەک بێ کە خۆی پەژراندبووی. جەنابی پێشەوا لە دواییین قسەکردنی دەگەڵ جەنابی ژێنێراڵ مصطفی بارزانی، کاتێک کە داوای لێ کرابوو تا دەگەڵیان بێ، فەرموویووی:

پێم باشترە لە نیشتمانی باب و باپیرانی خۆم بکوژرێم و خەڵک لە ناخۆشی و تەنگانەدا بە تەنێ بەجێ نەهێڵم .[۷]

سەرکردەیەکی سەرکەوتوو هەرکات هەوڵ بۆ یەکگرتوویی دەدا، بڕوای بە ئامانج و قازانجی گشتی نەتەوەکەی هەیە و لە پێناو بەرپرسیارەتیدا ڕادەوەستێ و خۆی ناشارێتەوە. نوتقەکانی جەنابی پێشەوا کە بەشێکی بەرچاویان لە ڕۆژنامەی کوردستان بە چاپ گەییشتبوون، ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە کە جەنابی پێشەوا لە هەر دەرفەتێک بۆ پتەوکردنی ڕۆحی یەکگرتوویی و تەبایی نێوان هێزی کوردی لە تێکۆشان دابوو.

سەرۆک پێویستە خۆشەویست بێ و لە ڕووی پلەی سامان و زۆردەوە خۆی بە سەر کۆمەڵگادا نەسەپێنێ. زۆر ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ئاوێنەیەکن لە ئەوین و خۆشەویستی جەماوەری کورد بەرانبەر سەرۆک کۆماری کوردستان. کاتێک سەرنج بە ڕەوشی ئازادی دەربڕین و بڵاوکردنەوە لەو سەردەمدا دەدەین، گومان لەوەدا نامێنێتەوە کە ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی کۆمەڵگا بەرانبەر جەنابی پێشەوا نەک لە ڕووی ترس، بەڵکوو لە بەر هەڵس و کەوتی دێمۆکراتانە و ژیاری جەنابی "محمد همام قاضی" بوو و دەسەڵاتی کۆماریان بۆ داسەپاندنی بۆچوون و حەزی خۆیان بە سەر زۆرینە دەکار نەگرتبوو. کۆماری کوردستان بە مەبەستی دابینکردنی گارانتییەک بۆ بەرگری لە تونـاکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و ئاسایەشیان ڕاگەیێندرابوو، نەک بە مەبەستی بەرژەوەندی بنەماڵەیی یان تاکەکەسی.[۸] هونەری سەرۆکایەتی جەنابی پێشەواش زۆرتر لەوەدا ڕەنگی دابۆوە کە هەڵس و کەوتەکانی هەڵگری پەیامی شارستانی نەتەوەکەی بوون. دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار نەک بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی ئەو پێک نەهاتبوو، بەڵکوو لە زۆر بوارەوە بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەشی خستە دوای بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەی. جیا لەوە کە بیری نیشتمانپەروەری سەرۆک کۆمار هاندەری ئەو بوو تا لە

خزمەت بەرژەوەندی نەتەوەکەیدا هەنگاو بنێ، بە هۆی ئەوە کە پێشتر دادوەرێکی لێهاتوو و کارامە بوو، توانیبووی لە سەر ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی تاک لە کۆمەڵگادا کاریگەری بێ وێنەی هەبێ. زۆرینەی نوتقەکانی جەنابی پێشەواش کە لەو سەردەمدا تۆمار کران، سەلمێنەری ئەوەن کە گوتاری ئەو لە سەر بنەمای ماف و دادپەروەری و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی ساغ ببۆوە. زۆر کەس لە مێژوودا بە مێدالیا و تاج و نیشانی سەیر و سەمەرە هەوڵی ئەوەیاندا خۆیان لە بەر چاوی کۆمەڵگادا زەق و بەرچاو و جوان نیشان بدەن بەڵام خۆشەویستی و ڕێزێک کە ئەمڕۆکە لە لایەن نەتەوەی کوردەوە لە جەنابی پێشەوا دەنوێنرێت، تەنیا لە بەر دادپەروەری و خۆقوربانیکردنی ئەوە. بە کورتی دەکرێ بگوترێ کە سەرۆکی کۆماری کوردستان لەو سەردەمدا وێنەی ئیرادەی نەتەوەکەی دەنەخشاند و ئێستاش لە خۆشەویستترین سەرکردەکانی نەتەوەکەی دێتە ئەژماردن.

بڕیاری کۆتایی جەنابی پێشەوا کە خۆبەختکردن لە پێناو پاراستنی ئاسایەشی نەتەوەکەی بوو، سەلمێنەری ئەم ڕاستییە کە لە لای ئەو ئەرک و بەرپرسیارەتی، سەروەری بە سەر خۆخوازی و بەرژەوەندی شەخسیدا هەبوو. سەرۆکێکی سەرکەوتوو هەرکات هەست بە لێپرسینەوە لە بەرانبەر گەل و مێژوودا دەکا، هەر بۆیە لە هیچ چەشنە سزا و خەسارێکی شەخسی ناترسێ و خۆبەختکردن لە پێناو بەرپرسیارەتیدا بە گیان و دڵ قبووڵ دەکا.

بوێری و غیرەت پێویستە لە گوتار و هەڵس و کەوتی سەرۆکێکدا بوونی هەبێ. ئەمە هێزی بەرزی ڕوانین و هزری سەرکردە دەگەڵ شێوەی دەربڕینەکەیەتی کە لە ناو گەل و مێژوودا دێتە بەر هەڵسەنگاندن. سەرۆک لە دەربڕینی گوتارێک کە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەی تێدا بەدی بکرێ، ڕاناوەستێ. هەموو هەڵس و کەوت و گوتارە تۆمارکراوەکانی جەنابی پێشەوا و بڕیارەکانی ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە جەنابی پێشەوای کوردان، نەک هەر زانا، خاوەن ڕێز و دڵسۆز، بەڵکوو سەرکردەیەکی بە غیرەت بوو و لە بڕیارەکانیدا بەرژەوەندی نەتەوەکەی بە سەر هەموو هێزی داگیرکەر و زلهێزانی جیهانیدا سەروەر کرد.

بەڕێوەبەری دەوڵەتی جمهوری کوردستان پێویستی بە سەرۆکێک هەبوو کە هەم زانایانە هەڵسەنگاندنی لە سەر ڕەوش و ڕووداوەکان کردبا، هەم بڕوای بە دیسیپلین و قانوون هەبوایە و هاوکات لە ناسینی کەسانی دەوروبەری خۆیدا سەرکەوتوو بووبا و زۆر واقعبینانە هەنگاوی نابا. ئەمانە دەبوا بە شێوەیەک لە دەسەڵاتداریدا گەڵاڵە کرابان کە سۆز و خۆشەویستی و دادپەروەری بەرانبەر نەتەوە و نیشتمان لە بەر چاو بگیردرێن. ئەرکێکی قورس کە دەگمەن سەرۆکێک لە مێژوودا توانیوێتی سەربەرزانە وەک پێشەوای کوردان، "جنابی حضرتی قاضی محمد" مێژوو لە پاش خۆی تۆمار بکا.

سەرچاوە و ژێدەر:

[١] خەلیلی فەتاحی قازی، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، هەولێر ٢٠٠٩، چاپی یەکەم، چاپی ئاراس، لاپەڕەی ٩٠
[٢] دووی ڕێبەندانی ساڵی ٢٠١٢ی زایینی کۆپی سێ نوسخەی دەستخەت و ئیمزای ڕاستەقینەی جەنابی پێشەوام بڵاو کردەوە و سەلمێندراش کە هەموو ئەو نامە سیاسییانەی کە بە ناوی سەرۆک کۆماری کوردستان بڵاو بوونەوە، ساختە، جعل و سازکراون.

بڕوانە: سۆران کرباسیان، کۆماری سەربەخۆ و "مستقل"ی کوردستان؛ گەڕانەوە بۆ ڕاستییەکان، دووی ڕێبەندانی ٢٠١٢ی زایینی ئۆسلو، لاپەڕەکانی ٤٧ تا ٥١

تێبینی: جیا لەم سێ نوسخەیە نوسخەی دیکەش بۆ بەڵگە لە بەر دەست دایە کە لە داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە.

[٣] نامەیەکی دەستنووسی میرزا "رحمن اویسی"ش لە سەرچاوەی پێشوودا خستراوە بەر چاو کە هەمان زانیاری دروست پشتڕاست دەکاتەوە.

[٤] سۆران کرباسیان، کۆماری سەربەخۆ و "مستقل"ی کوردستان؛ گەڕانەوە بۆ ڕاستییەکان، دووی ڕێبەندانی ٢٠١٢ی زایینی ئۆسلو، لاپەڕەکانی ١٢ تا ١٤

[٥] بڕوانە دەقی قسەکانی سەرۆک کۆماری کوردستان لە ژمارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بۆ وێنە: ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، چاپی مەهاباد، ژمارە ١١، ساڵی یەکەم، بەرواری ٦ی ٢ی ١٩٤٦ی زایینی، لاپەڕەی یەکەم.

[٦] سەرچاوە بۆ ئاماژەکردن لەم پێوەندییەوە زۆرن. هەر بۆ وێنە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

خەلیلی فەتاحی قازی، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، هەولێر ٢٠٠٩، چاپی یەکەم، چاپی ئاراس، لاپەڕەی ١٥١ و پێشووتر

حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، چاپی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤، لاپەڕەی ١٢٩

فاکتێکی مێژوویی گەلێک بەهێز بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم دەربڕینە هەیە کە پێویستی بە مژاری سەربەخۆ و لێوردبوونەوەی تایبەت هەیە. کاتێک کە حکومەتی پاشایەتی هێرشیان بردە سەر شاری تەورێز تا حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان بڕووخێنن، لە هیچ چەشنە جەنایەت و پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ دەستیان هەڵنەگرت. بە سەدان خەڵکی سیڤیل و بێ چەکی ترکیان لە تەورێز کوشت. پەرتووکەکانیان ئاگر تێبەردان و زۆر مەخابن بەزەییان بە ژنان و کچانی بێ تاوانیشدا نەهاتەوە و خستیاننە بەر دەستدرێژی جنسی. بە دڵنیاییەوە گەر پێشەوا خۆی نەکردبا بە قوربانی نەتەوەکەی، هەمان کاردساتی تەورێز لە کوردستانیشدا دوپات دەبۆوە. دوکتوور جمال نەبەز گوتەنی، پێشەوای کوردان گیانی لە سەر بڕوا و ڕێبازی دانا.

[٧] بڕوانە یەکەم ناو و نیشانی ئاماژە پێکراو لە سەرچاوەی پێشوو.

[٨] بڕواننە ژمارە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کە کۆمەڵێک وتار، دروشم و بابەتی تێدایە کە کەسانی جۆراوجۆر خۆشەویستی جەنابی پێشەوایان لە ناو کۆمەڵگادا هێنابوو سەر زمان و کاغەز.

سەرچاوە : بیری خوێندکار

شەست وپێنج چڵە گوڵە مێلاقە بۆ سەر گڵکۆی پێشەوامان .

نزار کوێستانی

شەست وپێنج ساڵە کۆتری کاکۆل سپی رۆژهەلات ، گەردنی بەرزی بۆ ئازادی کرا بە دارا لە مەهاباد . پێشەواکەم گەرچی شەهید بوونت لە نێو دڵما مەکۆی بڵێسەی ئاخ وەدردانە ، بەلام لە هەمان کاتدا سەمبولی سەربەستی هیوای کوردانە .

لە ئاخیر هەناسەتدا ئەو کاتەی تەنیا بوی و نیگات بریە خاکی خەمگینی کوردستان . ئێستا تۆزێ سەر هەڵبرە و چاوە چاوەروانەکانی سەربەخویی کوردستانت بە ئەسپایی هەڵ بهێنە کەوا ملیون ، ملیون چاوی دڵ دەروانن بالای بەرزی بەرزتر لە لووتکەی خەزایی .هەزاران هەزار کەو بە هونراوە وپەخشان لە داوێنی دالاهۆ وشاهۆو قەندیل و ئارارت و دوندی سیپان ، قاسپە قاسپیان دێت ودەکەن باسی حەماسەی گیان بەخشینت لە پێناوی پاراستنی گیان ومالی گەلی نیشتمان.

سەر هەڵبرە وبروانە باشووری مەزن چلون نەمامی ساوامان ، کۆرپەی کۆمارە ساواکەی کوردستانمان داری پر لە لق وپۆپی نیشتوەتە سەر گول وبەرێ بۆ ژیانمان .

پێشەواکەم گەرچی بە تەمەن ، تەمەنێ زۆرت نەبوو، بەلام تەمەنت لە تەمەنی، گەلەکەم درێژتر ، گەرچی دەستە بووی ، بەلام بەرزایی باڵاکەت بەرزتر لە لووتکەی چیاکانی کوردستانە

بیرت هەڵوێیەکی بەرزەفر وتیژباڵتر لە باڵی هەموو هەلۆکانی ئەم ئاسمانە . کانیاوی کردارەکانت ئەوەندە پاک وبێ خەوشن ، ئێستاش جوبار وچۆمەکان ، بگرە دەریاچەی وان و ورمێ و ئێستاش دوکان لەو سەرچاوەیەت بۆ پاراو بونیان هەمیشە دەنۆشن .

ئەی خاکەکەم

خاکی قازی مەحەممەدە بێ باکەکەم رای بژێنە وبی لاوێنە لێرە سنەوبەرێکی هەمیشە سەوزیی چیمەنیی ، پوپ بەربوەوەی بە سەرشانا ، لات میوانە ، داربادامە شیرینەکەی پر پەنجە لە شکۆفە وگولە ئەرغەوانیت تووش بووی تووشێکی خەزانە .

پێشەواگیان وێنەی خۆرێکی زەمنیی

بێ تیشکت ناژیم وەدژیم هەر دەمێنی

ناردن بۆ تۆرە کۆمەلایەتیەکان

سەرچاوە : ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / رێکەوتی : ٢٨ی مارسی ٢٠١٢

ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و چەند ئەرکێک

کەریم ئەڵاوەیسی

نەتەوەی زۆلمێکراوی کورد لە تەمەنی پڕ لە چەرمەسەریی خۆی دا تۆوشی زۆر کارەسات بووە، یەک لە وان کارەساتی ڕۆژی ١٠ خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ هەتاویە. لەم ڕۆژە تاڵە دا یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محمد و سەیفی قازی وەزیری دیفاع و سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مهاباد لە مەجلیسی ئەو کاتی ئێران، لە پێتەختی کۆمار، مەهاباد هەر لەو شوێنە کە کۆماری کوردستان ڕاگەیێندرابوو لە سێدارە دران.

شەهید دوکتور قاسملوو گووتەنی، ئەوە شەخسی قازی محمد نەبوو کە لە دادگای محمد ڕەزاشا دامحاکمە دەکرا، بەڵکوو جووڵانەوەی دێموکراتی خەڵکی کوردستان بوو کە دادگایی کرا، ئاوات وئامانجەکانی کۆمەڵانی زۆرلێکراوای گەلی کورد بوو کە دادگا بە تاوانی دانان . هەربۆیەش پێشەوا وەک ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو بەرامبەر بە جەللادەکانی ڕێژیمی شا قارەمانانە ڕاوەستا و دیفاعی لە کۆماری کورستان کرد.

پێشەوا قازی محمد ڕووحی نەتەوەیی کوردی یان سیمبولی نەتەوەیی کورد کە جاروبار بە گاندی کوردستان ناو براوە زۆر تایبەتمەندیی گەورەی لە خۆی دا کۆ کردبۆوە. ئەو وەک کاریزمایەکی نەتەوەیی لە قوناغێکی مێژوویی کورد دا ڕۆڵی سەرەکی بینی و پاش لە سێدارە دانیشی توانی پانتایەکی مەزن لە مێژووی نەتەوەی کورد دا داگرێ. هێندیک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن :

کوردستانی بوون، سەربەخۆییخوازی، دێموکراٚت بوون، یەکیەتی خۆازی و ڕێزدانان بۆ برایەتی گەلانی ئازاد، پێشکەوتنخوازی، لێبوردوەیی و بۆڕی.

پێشەوا لە کاتێکدا سەدا٩٠ ی خەڵکی کوردستان نەخۆیندەواربوون، جگە لە زانست لە زۆر بواری دیکە دا زمانەکانی عەرەبی، تورکی، فارسی ، ئینگلیسی ، ڕووسی وفەرانسەوی زانیوە.

با قسەی چەند غیر کوردێک بێنینە بەرباس، ئەوان بەم شێوەیە لە سەر پێشەوا باس دەکەن: سەروان شەریفی یەکێک لە بەشدارانی دادگاە دەڵێ: ئەوە پێشەوا بوو بەرپرس و ئەفسەرانی دادگای محاکمە کرد و لە هەموو بارێکەوە هێنانیە ژێرپرسیار.

سەروان کیومەرس سالحی بەشداری دادگاە و هەواڵنووسی ئەو کاتی گۆڤاری ئەرتەش دەڵێ:

من لە زۆر مەحکەمە دا بەشدار بووم، بەڵام کەسی ئاوا بەجەرگ و ڕووڕاستم نەدیوە، هەر ئەو لەخۆبوردوویی ونەترسیە ش بوو کە کاتی ئێعدام کردن نەیهێشت چاوی ببەستن و فەرمووی حەزدەکەم لە دوایین لەحزەی ژیانم دا بە سەربەرزی و پڕ بە چاوەکانم لە ئێشتیمانەکەی خۆم بڕوانم.

ئارچی رۆزوێلت ئەمریکایی کە خۆی هاتبووە مەهاباد وچاوی بە پێشەوا کەوتبوو لە کتێبی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەنووسێ:
وا دەردەکەوێ کە قازی محمد بیرو باوەڕێکی زۆر پتەوی هەیە و ئامادەیە خۆی لە پێناوی دا فیدا بکا، لەهەمان کاتیشدا رۆناکبیرێکی لەسەردەخۆ بوو.

لەشۆنێکی دیکە باس دەکا :

پێشەوا چوارچێوەیەکی فکری زۆر بەرینی هەبوو و ئێونەتەوەیی بیری دەکردەوە.

هەرکوردێک کە جگە لە تێکۆشەرانی دێرین لە زاری بەرپرسانی رێژیمی شایەتی، باسی گەورەیی و خۆڕاگری پێشەوا دەبیسێ کە چلۆن سەرۆک کۆماری کورد لەو دادگایە دا بەرامبەر بە دوژمن ڕاوستاوە ودیفاعی لە کورد و داوا ڕەواکانی کردوە و ئەوە پێشەوابووە کە محاکمەی دوژمنانی کوردی کردوە، بەحەق هەزاران ئافەرین بە پێشەوا وهاوڕێیانی دەڵێ و فەخر دەکا کە پێشەوا پێک هێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە هەموو بۆارەکان دا جێگەی فخرو سەربڵیندی بووە بۆ کورد وکوردستان.

جیاوازی رێبەرانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان:

پێشەوا لە کاتی ماڵ ئاوایی لەگەل مەلا مستەفای نەمر دا لە رۆژە ڕەشەکانی تێکچوونی کۆمار دا دەفەمووی: من خۆم فیدای خەڵک دەکەم و هیچ کات وەک پیشەوەری ناکەم و ناهێڵم وڵاتەکەم لە خۆیندا شەڵاڵ بێ و هەزاران کەسی تێکۆشەر و خەڵکی ئاسایی بە کۆشت بچن و ببنە قوربانی.
لە سەر پێشەوا و کۆماری کوردستان و دەستکەوتەکانی کە زۆر لا پەڕەیان لە مێژووی پڕ لە عیززەت و شەڕەفی کورد بە خۆوە گرتووە و زۆر خاڵی نەگوتراویش هەیە بۆ وێنە وەک زۆر کەس باس دەکەن پێشەوا بۆخۆی نووسەری دوو نەماشینامەی گەورە و بە بایخی ١- سوڵتان صلاح الدین ٢- دایکی نیشتیمان ـە کە لە سالی١٣٢٤ لە مەهاباد و چەند شاری دیکە نیشان دراون و ئێجگار تەئسیریان لە سەر بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی جەماوەری کوردستان هەبوو.
پێشەوا دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کورستان و کۆماری کوردستان ، زۆرکتیب و نووسراوەی لە سەر نووسراوە و دەیان کەس تێزی ماستەر و دوکتورایان لە سەر کارو هەنگاوەکانی پێشەوا بە تایبەت کۆماری کوردستان نووسیووە. پێکهێنانی کۆماری کوردستان و شێوە بەڕێوەبردنی دادپەروەرانەی کۆمار وئەو هەموو کارە بە نرخ وبە بایخانەی کە لە ماوەی نزیک بە ١١ مانگ ئەنجام دران و هەروەها دادگای پێشەوا وهاوڕێیانی کە ڕاست دادگای کردنی دۆژمنانی کورد وکوردستان بوو، کە هەمووی جێی خۆیەتی وەک درس و ئاموژگاری بۆ

کورد کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

عەمەلیاتی نیزامی مەلامستەفای بارزانی بە تایبەت لە کاتی تێپەڕبوون لە مەهاباد هەتا یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو بە ناوی (از مهاباد خۆنین تا کنارەهای رود ارس) لە زانکۆکانی نیزامی ئێران بە درس دەگوترا وە کە جێگای فخر بوو بۆ کورد، پێویستە خەبات وتیکۆشان و باس لە کۆماری پڕ لە کەرامەتی کورد و دادگای پێشەوا و وەسیەتی ئەو گەورە پیاوەی مێژوو لە هەموو کلاسەکانی سیاسیی حیزب وسازمانەکانی سیاسیی کوردی هەر چوار بەشی کوردستان بە درس بگۆترێنەوە و هەروەها دایک و بابەکان ئەو میراتە بۆ نەوەی ئەمڕۆ و سبەی بگوێزنەوە!

بە وتەی مسعود تەک سیاسەتمەداری کوردی باکوور: کورد شەهیدێکی زۆری لە رێگەی رزگاری وڵات دا داوە هەموو رۆژێک رۆژی شەهیدانی کوردستانە، بەڵام بە هۆی ئەوە قازی محمد یەکەمین سەرۆک کۆماری کورد و کۆماری کوردستانە و کەسایەتی پێشەوا قازی محمد جێگەی رەزامەندی هەموو کوردە بۆیە باشترین و گۆنجاوترین رۆژ بۆ شەهیدانی کوردستان ، رۆژی لە سێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستان قازی محمد ە.

ئەرکەکانمان:

١- هەر کوردێکی دڵسوز بە گەل و وڵات پێوستە ئامۆژگاریەکانی پێشەوا کە لە وسیەتنامەکەی دا هاتووە گرینگی پێ بدا کە کاکڵی باسەکە ئەوەیە: خۆیندن وگرینگی دان بە زانست و فێربوون. یەکیەتی و تەبایی. یەکێتی و پشت نەبستن بە دوژمنانی گەلی کورد. دەرس فێربوون لە مێژووی نەتەوەی کورد. خەیانەت نەکردن بە یەکتر. پێویستە ئەو وانانە ببێتە چرای رێ نیشاندان بۆ خەبات و تیکۆشانی هەر کۆردێک.

٢- بەهەزاران جار گوتراوە و پێشەواش ڕووی لە هەر تاکێکی کوردە کە تەبایی ویەکگرتن گرینگە ، دیارە لە زۆربەی جووڵانەوەکانی کوردیش ئەمە یەکێک لە هۆیەکانی شکانی بوو کە چی لە هەزارەی سیهەم وسەدەی بیست ویەکم هەمان هەڵەکانی پیشوو دوو پات و سەدپات دەبێتەوە. کاتی ئەوە هاتووە بۆ بەرژەوەندیی گشتی ونەتەوەیی بەرژوەندی تاکی و حیزبی گرینگیەکەی زۆر کەم بێتەوە.

٣- رۆژی شەهیدانی کوردستان ، ١٠خاکەلێوە پێوستە ببێتەرۆژی شەهیدانی هەمووی کوردستان واتە ئی هەر چوار پارچەی کوردستان و کاری بۆ بکرێ بە تایبەتی دووحیزب، حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران ئەم داوایە بۆ حکۆمەتی هەرێمی کوردستان بەرز بکەنەوە و حیزب و رێکخراوەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پشتیوانی لەم داوایە بکەن. پێوستە پارلەمانی کوردستان بریاری لەسەر بدا. چالاکانی کورد لە هەر حیزب و رێکخراوێک کە کار بۆ ئەو مەسەلە بە ناوی کەمپین یان هەرناوێک دەکەن، پێوستە ئەوانیش لەم ئەرکە دا بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگرن .

لە ٦٥ مین ساڵیادی شەهید بوونی پێشەوا سەری قەدرزانی و حورمەت دادەنوێنم بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان بە تایبەت شەهیدانی رۆژی ١٠خاکەلێوە و پڕ بە دڵ ئارەز و دەکەم ئاوات و ئارەزوی هەمووی ئەو شەهیدانە ودی بێ و کورد بە ئاوات و ئامانجەکانی بگا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / رێکەوتی : ٢٥ی مارچی ٢٠١٣

پێشەوا قازی لە پێرسپێکتیڤێکی نزیکتر و ڕوانگەیەکی ڕوونترەوە

ئیبراهیم لاجانی

ڕێبواری ڕێی دوور کە ئەژنۆی دەلەرزێ و هەنگاوی شل دەبن، لادەدا و توشەبەردی نێو کۆڵەپشتی دەردێنی و نائێک دەخوا و سەرلەنوێ هێزی ڕۆیشتنش و وردی دیتەوە بەر. بۆ ئێمەی ڕێبوارانی ڕێگای خەباتیش،١٠ای خەکەلێوە و گەڕانەوە بۆ شەهیدانی میللەتەکەمان، وەک سەرچاوەی ئیلهام، هەمیشە وردەمان وەبەردێنیتەوە و خەنجەری ڕووحیەی خەباتگێرانەمان ئاودەداتەوە.

پێشەوا ئەو لوتکە گەوردی جوغراڤیای ناسیۆنالیسمی کوردستانی، دەکرێ لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە سەیری بکرێ. تا پتر لێی بڕاوانی و لە پێرسپێکتیڤی جیاوازترەوە سەیری بکەین، پتر گەوردیی ئەو ئینسانە مەزنەمان بۆ دەردەکەوێ. من ئەو ڕۆژانە جارێکی دیکەش بە هەندێک لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماردا چوومەوە و سەردەڕای سەرقاڵی زۆرم، هەندێک یاداشتم هەڵگرتوون کە پێشەوا لە گۆشەنیگای نزیکترەوە دێننەبەرچاو.

• قازی هەر لەو ماوەکورتەدا کە پێ نایە مەیدانی سیاسەتی کوردی،بە خێراییەکی زۆر بوو بە ئەستێرەی هەرە پڕ شنگداری ئاسمانی کوردایەتی و خەباتی نیشتیمانی و نەتەوەیی میللەتەکەمان. ئەوەتا ئێستا بۆتە سەمبولی قوربانی بوون، فیداکاری و بۆتە سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی خەبات بۆ هەموو ڕۆلەکانی کورد لە کوردستان.

• سیاسەتەکانی و بەرنامەی سیاسی پێشەوا، پاش تێ پەڕینی ئەو ماوە درێژەش، هەروا مەوزوعیەتیان هەیە و ئێستاش هەروا ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی ئێران و هەڵدان و گەشەکردنی کوردستان و وڵاتەکەمانن. دامەزرانی دێموکراسی، سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی، دابین کردنی مافی کەمایەتیە میللی و مەزهەبیەکانی وڵاتەکەمان، دابین کردنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری، دیسانترالیزەکردنی دەستەڵاتی مەرکەزی و پێکهێنانی هەلومەرج بۆ کوردو نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران تا بتوانن لە پرۆسەی سیاسی و حاکمیەتی میللی دا بەشداری بکەن هەروا مەسەلەی ڕۆژن لە سیاسەتی ئێراندا.

• بەرنامەی سیاسی پێشەوا بۆتە مانفێستی کوردایەتی و ناسیۆنالیسمی هاوچەرخی کورد. دامەزراندنی دەستەڵاتی کوردستانی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسین، هەروا ئامانجی هەرەبەرزی بزووتنەوەی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. ئەو جادەیە کە قەتاری جوڵانەوەی کوردی پێدا دەڕوا، هەر ئەو جادەیەیە کە پێشەوا موهەندیسی کردوە. ئێمە نەسلەکانی دوای ئەو گەوردەتری شانازیمان تەنیا ڕەنگە هەرئەوەبێت، کە ئەمان هێشتوە ڕێبازەکەی کوێر بێتەوە و خەباتەکەی ئەومان بردۆتە پێشێ. وەک شەهاب بە ئاسمانی

خەباتی میللی ماندا کشاو کوردی لە خەوی غەفلەتی ژێرچەپۆکی ڕاچڵەکاند و ئێستاش لەو شەوەزەنگە تاریکە دا لە پەنجەرەی مێژوومانەوە، هەروا دەبینرێ و دەدرەوشێتەوە.

• پێشەوا مێژووی میللەتی کورد و ڕاپەڕینە میللیەکانی کوردی خوێند بووەوە. ئەزموون و ئامانجە سیاسیەکانی ڕێبەرانی پێش خۆی فۆرمۆلەکرد و لە شێوەی پرۆژەیەکی سیاسیدا دایڕشت. بۆ ڕێبەریکردنی ئەو پرۆژەیە حیزب و تەشکیلاتی مۆدێرنی درووستکرد و دەوڵەتی لە شکڵی جمهوریدا بۆ پیادەکردنی ئەو پرۆژە سیاسیە پێکهێنا.

• دواتر لەدادگادا و لە جەردیانی سەفەرەکانی دا بۆ تاران دیفاعی لە کار و بەرنامەی سیاسی خۆی و ئامانجەکانی میللەتی کورد کرد و تاسەر پێیان وەفادارما و گیانی خۆشی لە پێناویاندا بەخت کرد. دوای مردنیشی بوو بە ڕەمزی فیداکاری لە پێناو میللەتدا.

• لە دەورانی بزووتنەوە دژی ئیستیعماریەکان دا. لە هەموو وڵاتانی ناوچەدا ، ڕێبەرانی بزووتنەوەی دژی ئیستیعماری تووند بە خەباتی دژی ئیستعماریەوە نوسابوون و دواتریش هەموو یان دیکتاتۆر و سەردەڕۆ دەرچوون. پێشەوا لە سیاسەت و کردەوەدا، بۆ ئازادی و دێموکراتی ، ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تێدەکۆشا و بە هەرسێکیان وەفاداربوو. لە ئەوپەڕی ئیقتداری سیاسیدا، خەڵکی و خاکی و لە هەڵسوکەوتدا دێموکراتیش مایەوە. لەو دەورانە مێژووییەدا، لە نێو ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی میللەتتاندا، ئەوە تەنیا پێشەوابووە کە نەکەوتۆتە داوی سەردەڕۆییەوە.

• عونسوری پێشکەوتنخوازی لە بەرنامەی سیاسی و کارنامەی حکومەتی پێشەوادا وەک ڕۆژی ڕوون دیارە. ڕێفۆرمی ئەرزی و مەسەلەی دابیکردنی مافەکانی ژنان و پەرەپێدانی پەروەردەو فێرکردن و ئەمنیەتی قەزایی و سکۆلاریزەکردنی دادگاکان باشترین نموونەی ئەو قسەیەن. لە گەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی ڕووحانی بووە، بەڵام هیچ کات وەک ڕێبەری دینی لە حیزب و حکومەتدا هەڵسوکەوتی نەکردوە و لە هەموو جێگایەک وەک ڕێبەری میللی و سیاسی قسەی کردوە. نە دینی خستۆتە خزمەت ئامانجە سیاسیەکانی خۆی و نە سیاسەت و حیز ب و حکومەتی کردونەتە بووکەشوشەی دەستی دین و مەزهەب. لەسەرتاسەری ئێراندا ئەودەم ئاخوندەکان دژی ئیسڵاحاتی ئەرزی و مافەکانی ژنان بوون و دژایەتیان دەکردن، بەڵام پێشەوا تێدەکۆشا بیانکاتە واقعیەتێکی ژیانی ڕۆژانە.

• کۆماری کوردستان پڕشنگدارترین قۆناخی مێژووی هاوچەرخی کورد و کوردستانە. ئەوەی تا ئێستا هەمانە و لە داهاتووشدا تا چاوبڕدەکا دەمانبێ، هەر لەوێرا دەست پێدەکا. وەک بیگ بانگ، تەقینەوەی گەوردی ناسیۆنالیسمی هاوچەرخی کوردستانی لەوێرا سەرچاوەدەگرێ و ئێستاش ئەو ئینێرژیەی کە وەری دەگرێ هەر لەو تەقینەوە گەوردیەوە پێی دەگا.

• پێشەوا سەرۆکی حیزب و سەرکۆمار بوو ،بەڵام قەت حکومەتی نەکردە ئاڵقەبەگوێی حیزب. حیزبی نەکردە سەرباری حکومەت و زەنجیر بۆ دەست و پێی حکومەت. قەت نەبوو لە کێوی سینای دەقتەری سەرکۆماری و سەرۆکایەتی حیزبەوە فەرمانان نازل بکات. بڕیارە کان دەستەجەمعی دراون و ڕاوێژیان لە سەردەکرا و بە فیلتێرە پێویستەکاندا تێدەپەڕین جادوایەش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاودەکرانەو و بە ئاگاداری بیروڕای گشتی دەگەیەشتن. حیزب ماتۆڕی بردنە پێشی بەرنامەکان و ڕێکخستنی میللەت و مۆبیلیزەکردنی تواناکان بوو نەک

دەستوپێگر. هەموو ئیمکاناتی حیزبی خستبووە خزمەت حکومەت نەک بە پێچەوانەوە. قەت خۆی لە جێی کۆمیتەی ناوەندی دانەدەنا و کۆمیتەی ناوەندیشی لە جێی حیزب دانەدەناو حیزبیشی لە جێی میللەت دانەدەنا. خۆی و حیزب و کۆمار و دەوڵەتی بۆ خزمەتی میللەت دەویستن . پێشەوا بەرانبەر بیرووڕای گشتی لە سەر هەست بوو. کەسێک نەبوو گوێ نەداتە بیروڕای گشتی میللەت و ڕوانگەو بیروبۆچونی هاوکارەکانی بە گرنگ دەگرت.

• مەیدانی بۆ دروست بوون و پێگەیشتنی چینی متەوەستی کۆمەڵگای کوردستان خۆشدەکرد. ئەدیب و زانا و فەرهەنگیەکانی کوردی لە دەوری حیزب و کۆمار کۆکردبونەوە و خستبوونیە خزمەت میللەت و پەرەسەندنی زمان و ئەدەب و کولتور و پەروەردەو فێرکردنی میللی. هەموو توانای ئینتلیکتوێلی کوردی خستبوە خزمەت خەبات و بەرنامەکانی حکومەتی کوردستان. ئەو حیزبەی ئەو لە دوای خۆی بە جێی هێشت، ئێستاش هەروا خۆشەویستی خەڵکی کوردستانە و ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر لە وەڕا دێ کە حیزبی پێشەوایەو پێشەوا دایمەزراندوە.

• پێشتر ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد بە هۆی پیگەو نفوزی عەشیرەتی و ئایینیەوە هاتونەتەسەر. پێشەوا لە ڕێگای حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەیەوە هاتبووە سەر . ئەو هەم مەشروعیەتی هەبوو، هەم لێوەشاوەیی زانستی و سیاسی و هەم یەکپارچەگی ئەخلاقی و هەم مەحبوبیەتی جەماوەری. پاش مەرگیشی هەروا خۆشەویست مایەوە. کەمن ئەو ڕێبەرانەی ئاوا لە نێو میللەتی خۆیاندا خۆشەویستبن و هەر خۆسەویستیش بمێننەوە.

• پێشەوا رزگاریخواز، ئازادیخواز، پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێر بوو. ڕاستەوخۆ لە گەڵ میللەت پێوەندی هەبوو. ئەو دیوانسالاری و بۆرۆکراسی بۆ بردنە پێشی بەرنامە و پرۆژەکانی کۆمار هێنانەکایە و موئەسەساتی بۆ کۆمەڵ و کۆمار دروست کردن، بەڵام وەک پێشەوای میللی قەت نەهات خۆی لە قاوغی تەسکی بۆرۆکراسی حیزبی و دەوڵەتیدا زیندانی بکا. ئەو بە کردەوە ڕیبەرایەتی دەکرد و لە ڕیزی پێشەوەی کار و خەبات و هەوڵ و تێکۆشان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکاندا بوو. خاکی و خۆماڵی و بێ فیزو تەکەبوور بوو. ئەو هاتبوو وەک بۆخۆی لە رۆژی سوێندخواردنەکەیدا فەرمووی، سەروماڵی فیدای میللەت و نیشتیمانەکەی بکا.

• ئینسانێکی زانا و خاوەن فەرهەنگ بوو، هەربۆیەش بایەخێکی زۆری بە فەرهەنگ و ئەدەب و کولتوردەدا. دەورانی حکومەتی کۆماری کوردستان لە مێژووی میللەتی کوردا، تا ئەو دەدوازدە ساڵەی دوایی، پڕشنگدارترین قۆناخی گەشەکردنی فەرهەنگ و زمان و ئەدەب و رۆژنامەگەری کوردیە کە مێژوو بە خۆیەوەی دیوە. ئەو زمانە ئەدەبی و سیاسیەی ئەمڕۆ بەکاری دێنین، هەر هەمان زمانە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بوو بە زمانی ئەدەبی و سیاسی و رۆژنامەگەری کوردی.

• نەخش و سەهمی خەڵک لە بزووتنەوە و دەستەڵاتدا، نەخش و سەهمی هەرە زۆر بوو. پێشەوا دەستەڵاتی حیزبی و حکومەتی لە دەستی خۆی و کەس و کارەکانی دا کۆنەکردبووە وە. چەترێکی گەورە بوو هەموو لە ژێری دا جێگایان دەبوە وە. معیار بۆ وی خزمەت بوو. ئەو گەورەترین کۆلکەی هاوبەش بوو. مەخرەجی موشتەرەک بوو. تەمەنی کەم بوو، هیچ عەشیرەت و تایفەی لە پشت نەبوون، بەڵام

توانی لە جامعەی دواکەوتوی ئەودەمی کوردستاندا، ببێتە کاریزمایەکی میللی هێندە گەورە کە هەموو عەشیرەتە گەورە و ناتەبا و تەنانەت نەحەواوە لە گەل یەکتردا، لە دەوری فەرماندەییەکی سیاسی و نیزامی کۆکاتەوە و تەنانەت کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، ڕاکێشێتە ژێر ئۆتۆریتە میللی کۆماری کوردستان.

• یەکپارچەیی ئەخلاقی پێشەوا لە پلەیەکی هێندە بەرزدابوو کە گەورەیی و مەزنی خۆی لە گەورەیی و مەزنی میللەت و خەڵک و هاوکارەکانی دا دەدی و پێویستی بەوە نەبوو کەسانی دی نەبینێ و وەلایان بنێ. بە پێچەوانەوە ئەو دەیزانی گەورەیی و مەزنایەتی لەوەڕا دێ کە بتوانێ خەڵک و کەسانی گەورە و بە ئۆتۆریتە لە دەوری خۆت و بەرنامەکانت کۆکەیەوە نەک بە پێچەوانەوە. ئاخر کە سێک کە دەستەڵاتی سیاسی و حیزبی و حکومەتی لە خۆی و دەوروبەری خۆیدا کۆدەکاتەوە، ئەوە کەسێکە کە توانایی سیاسی و فکری و ئەخلاقیەکەی مەحدودە، کاراکتێرێکی بێ هێزی هەیەو دەوروبەرەکەشی هیچ کارە و لێ نە هاتوون. پێشەوا نیهاد سازی کرد، بزوتنەوەی کردە میللی و گشتی. حیزبی نەکردبووە فیرقە و سێکتێکی سیاسی، حیزبی دێموکرات لە سەردەمی پێشەوادا، جەبهەیەکی بەرینی میللی بوو کە هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان لە نێویدا جێ یان دەبۆوە و هەموو شیان بە هیخۆیان دەزانی شاعیر وتەنی بە ملیۆن کورد، سوژدەیان بۆ دەبرد.

• ئەو خسڵەتە میللیە کە وەک میرات بۆ حیزبی دێموکڕات بە جێماوە هەر لەو دەمەڕا دێ کە پێشەوا کردیە حیزبی میللی. حیزبی دێموکراتی دروست کرد و لە ڕێگای حیزبەوە بوو بە پێشەوای گەل و دواتر حیزبیشی خۆشەویست کرد. دەلێن هەر خەباتێک ڕێبەری خۆی درووست دەکا، حیزب و بزووتنەوەی کوردستان لە سەردەمی پێشەوادا جەماوەری و میللی و گەورەو بەرین بوون، بۆیەش ئەو ڕێبەرە گەورەیان هێنایە مەیدان. ئەوەتا ئێستاش مەیدانی چوار چراو گۆڕی پێشەوا، بوونەتە سەمبوولی نیشتمان پەروەری و مەککەی کوردایەتی و قیبلەو زیارەتگای ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و پێشەوا لە دڵی نەتەوەی کورد و ویژدانی میللەتی کوردا هەر زیندوە و ڕێباز و ئامانجەکانی هەروا ئامانجی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستانن.

• گۆڕی پێشەوا بۆتە کورەی جۆشدانی کوردایەتی و لە سەرتاسەری کوردستاندا خەڵک سوێندی گەورەیان بە گۆڕی پێشەوایە. ئەوە مانایەکی گەورەی مەعنەوی و ئەخلاقی هەیە. بیری سیاسی پێشەوا هێشتاش هەروا بە پێشەنگ دادەنرێ و مەوزوعیەتی هەیە و ڕوو لە گەشەشە. ئەو درەختەی پێشەوا چەقاندی، هەروادێ پتر ڕەگ لە کوردستاندا دادەکوتێ. ئەو ئینێرژەیە میللیە کە لە پشتی سەری بزووتنەوەی کوردستانەوە هەیە، بە تایبەتی ئەو هێزەکە نەیهێشتوە حیزبی دێموکرات بشکێ، یا لە ڕێلی خۆی لادا، هەر ئەو ئینێرژیەیە کە لە پێشەواوە پێی دەگا.

• ئەمڕۆ بە ملیۆن کورد لە هەموو کوردستاندا پەیامی پێشەوایان کردۆتە مەشخەڵی ڕێنیشاندەری ڕێگای خەباتیان. هەموو هێزە کوردستانیەکان چ لە بەشی ڕۆژهەلات یا لە بەشەکانی دیکە، لە ڕاستی ڕاستەوە تا چەپی چەپ و تەنانەت مەزهەبیەکانیش، شەجەرەی سیاسی خۆیان دەبەنەوە سەر پێشەوا و دەیانەوێ مەشروعیەتی لێوەرگرن. هەموو هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر تین و ڕووناکی لە خۆر وەردەگرن، هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش تین و ڕووناکی لە پێشەواوە وەردەگرن. ئەو گەرمی و ڕووناکیەش لە بن نایەو دەگاتە

هەمووانیش. ئەو شوێنەوارەی پێشەوا لە سەر تاکی کورد، میللەتی کورد، سیاسەتی کورد و ویژدانی میللی کوردستان بە جێی هێشتوە، باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەن.

• ڕاستە کۆماری کوردستان ڕووخا و بزووتنەوە پاشەکشەی کرد، بەڵام بیری پێشەوا نە شکا،چونکە شکەست ئەوەیە قەت هەڵنەستیەوە. هەرکەس پاش کەوتنەخوار درەنگ یا زوو هەستێتەوە، نەشکاوە. بەرنامەی سیاسی و حیزبی پێشەوا و خەباتی پێشەوا، بە

جۆرێک لە کوردستاندا ڕەگیان داکوتاوە، کە ئەوتا شەوەزەنگی ڕەشی ئیستبدادی ئاخوندیش، نەیتوانیوە، لە گەشە و هەڵدانیان بخات. پێشەوا و کۆماری کوردستان و بەرنامەی سیاسی پێشەوا ئێستا بوونەتە ڕێفێرانسە و نەسلەکانی ئێستا و داهاتووی کوردستان خۆیانی پێ پێناسە دەکەن، چونکە قۆناخی دەوڵەتی جمهوری کوردستان، لە مێژووی میللەتی کوردا بەرجەستەگی تاریخی هەیە و سەردەمی زێرێنی مێژووی دەستەڵاتداریەتی هاوچەرخی کوردە.

• پێشەوا هەموو هەڵوێستەکانی چ لە پێوەندی دەگەڵ تاران و چ لە گەڵ تەورێز و چ لە گەڵ زلهێزەکان و چ لە پێوەندی لە گەڵ مەسەلە نێوخۆیەکانی کوردستاندا، تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی کوردستان و دێموکراسیەوە دەگرتن. مەهارەتێکی بێ وێنەی لە قۆرمۆڵە کردنی داخوازەکانی میللەتی کورد و پەیامی سیاسی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا هە بوو. ئەوەش بوو پێشەوای کردبوە ڕێبەرێکی تەواعەیاری میللی. لە خۆڕانیە بوو بە پێشەوا و هەروا بە پێشەوایش مایەوە.

• پێشەوا فیداکاری کرد و تەڵەبکاریش نەبوو. ئەو لە دادگاش دا دەزانێ دەی کوژن، بەڵام دیفاعی سەرسەختانە لە میللەتی کورد و داخوازەکانی میللەتی کورد دەکا. لە وەسیەتنامەکەشی داو لە سەر سێدارەش هەر داوا لە ڕۆڵەکانی کوردستان دەکا خەبات بەرنە پێش و خواش بەشاهیدی دەگرێ کە بەسەر وماڵ خزمەتی میللەی خۆی کردوە و داوا دەکات لە ئەگەر قسوری هەیە نەتەوەکەی بیبەخشن. بەمجۆرە ئەو هیچ تەڵەبکارنیە و فیداکاریشی بۆیە نەکردوە لە میللەتەکەی تەڵەبکاربێت. تەنیا داوای ئەوەیە میللەت پاڵ وێکدەن و خۆیان بە عیلم و زانست تەییارکەن و خەبات بەرنە پێش و نەیەڵن ئاگری خەبات لە ئێلە بکەوێت. بۆیەیە لە پێدەشتی کاکی بە کاکی بزووتنەوەی کوردا بۆتە لوتکەی هەرەبەرزی فیداکاری و گیانبازی و نیشتیمان پەرستی و وڵاتپارێزی.

• ئەوە چەند دەیەیە کە تەواوی دەزگای تەبلیغاتی دەوڵەتی ئێران و ناسیۆنالیزمی مەزنی خوازی ئێرانی و کۆنە پەرستیی ناوچەو تەنانەت زرەچەپی کورد و ئێرانیش کەوتونەتەخۆ تا پێشەوا تەخریب کەن و خۆی و بەرنامە و کارنامەکەی ڕەشکەن، بەڵام نەک هەر نەیان توانیوە زەرەیەک لە گەوردیی و خۆشەویستی پێشەوا کەم کەنەوە ، بەڵکو پێشەوا هەروادێ و مەزن تر و خۆشەویستر دەبێ و بەرنامەی سیاسی پێشەوا ئەمڕۆ بۆتە بەرنامەی ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی وڵاتە خۆشەویستەکەمان.

• ئەو مامانێک بوو تێدەکۆشا کۆرپەی ئازادی و ڕزگاری کوردستان، لە منداڵدانی میللەتی کوردەوە بۆ سەر دونیا هیدایەت بکا. حیزب و تەشکیلاتی بۆ ئەو کاردەدوستن و حیزب بۆ ئەو کەناڵی خزمەت بە گەل و نیشتیمان بوو.

• پێشەوا ئەڵتەرناتیوی نەبوو. کەسێک بوو مێژووی کورد و زەمان هێنابوویە پێشەوە. لە ماوەیەکی کوردا کە دەستی بەکاری سیاسی کرد، نەخشی هێندەگەورەی گێڕا، کە لە مێژووی میللەتی خۆی دا بوو بە گاندیەک، ناپلیۆنێک،ماندێلایەک. ئەو درووستکار بوو. خۆی و دەزگای حکومەتەکەی دووربوون لە گەندەڵی و فەساد. ئێستاش درووستکاری نەک بە فەزیلەت بەڵکوو بە موعجیزە دادەنرێ، کەچی پێشەوا لە هەموو فەساد و ئالودەگیەک بە دووربوو. ئەو کێوێک بوو لە ئەخلاقیەتی بەرز و ئیستراتیژی سیاسی و سەلامەتی ویژدانیی. هەر بۆیەش بوو ئیعتبارێکی سیاسی و مەعنەوی گەورەی لە نێو میللەتدا هەبوو. کەس نەی توانیوە لە نێو کوردا وەک پێشەوا ئاوا ئیعتباری سیاسی وەدەست بێنێ.

• دەڵێن مێژوو ڕووحم بە کەس ناکا. پێشەوا لە نێو ڕێبەرانی سیاسی میللەتی کورد و میللەتانی دیکەی ناوچەدا، لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو ڕێبەرانەدایە کە ژمارەشیان بە داخەوە زۆر کەمە، کە لە ئیمتیحانی سەختی مێژوو دەرچون و ڕووسوور هاتوونە دەر . هێمن وتەنی عومری کورتی هەبوو، بەڵام ئەو عومرە کورتە پڕاوپڕبوو لە شانازی و شەرەف.

• لایەنێکی دیکەی گەورەیی پێشەوا لەو پیلانە گەورەیەڕا دێ کە کۆنەپەرستی و ئیمپڕیالیزم و دوژمنانی کورد لە دژی ئەو و حکومەتەکەی بە ڕێوەیان برد. ئەو ڕاستیە لە ڕەوتی دادگادا و لە چۆنیەتی حوکمدانی قازیەکان و لەداردانیاندا بە باشترین شێوە دەردەکەوێ. پێشەوا بی کیفایەت نەبوو، بەڵام پیلانێکی نێو نەتەوەیی لە دژی ئەو وەڕێخرا کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەودابوو. ئەو ژمارەیەکی کەم کارتی بۆ یاری لە دەست دابوون، لە هەموو کارتەکان بە باشترین شێوە کەڵکی وەرگرت. تواناو لیوەشاوەیی و درووستکاری و مودیریەت و بە تەگبیری پێشەوا پێشتر لە زۆر بواردا تاقی کرابۆوە. ئەوەی ڕوویدا ئاکامی پیلانی هاوبەشی ئیمپڕیالیزم و کۆنەپەرستی بوو.

بەبڕوای من گەورەترین تایبەتمەندیی پێشەوا ئەوەیە کە ئەو وەک ڕێبەر و پێشەوای میللەتی کورد لە بەرامبەر میللەت و مێژوودا هەستی بەبەرپرسایەتی دەکرد. ڕێبەرانی ئێستای کورد دەبێ زۆر دەرسی بە نرخ لە پێشەوا فێربن، بەڵام لە هەموان گرنگتر ئەوەیە ئەو ئیحساسی مەسئولیەتە لە بەرانبەر میللەت و مێژوو دا، لە قازی نەمر فێربن.

ئیبراهیم لاجانی / ئۆسلۆ

سیمناری دەی خاکەلێوە

ئەو باسە باسێکی شەفاهی بووە و دواتر دۆستێک بە یارمەتی یادداشتەکان و نوکە قەڵەمەکانی خۆم لە سەر کوتە قاغەزەکانی بەردەستم ئامادەی کردوە کە سوپاسی دەکەم و ئەگەر کەمووکوڕی هەبوو داوای لێبووردن دەکەم.

سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلێوە / ڕێکەوتی : ٣١ی ماری ٢٠١٢

یادکردنەوەی ١٠ی خاکەلێوەیەکی ترو ئیترهیچ!؟

جەمیل ئەحمەدی

ئەمساڵیش لە حاڵێکدا بیردەوەری تاڵی ١٠ی خاکەلێوەمان یادکردەوە کە تروسکایی نووری هێوای سەرکەوتنمان هەر کزە و رزگاری نەتەوەکەمان ئامانجێکە کە بە حەسرەتەوە لای هەر تاکێکی کۆمەڵگەمان بە ئاوات دەخوازرێ ! پێیم وایە هەرکام لە ئێمە ئەگەر بۆ جارێکیش بووە ئەم پرسیارە مۆعتەرزەمانە کوتووە یان بیستووە کە بۆچی یادە مێژوویەکانمان هەر بە پەیام و هەڵپەڕکێ یان داگیرساندنی مۆمێک تێپەر دەبێ!؟ بە لە بەرچاو گرتنی بابەتەکە لە روانگەیەکی گشتیترەوە، دەتوانین بڵێین پرسەکە خۆی لە قەیرانی نەبوون و هەوڵ نەدان بۆ دارشتنی بەرنامەی ستراتیژی دەبینیتەوە. رەنگە ئێمەی کورد وا راهاتووین لە گەمەی سیاسیدا گرینگییەکی ئەوتۆ بە لایەنی ستراتیژی نەدەین، یان بە واتەیەکی دیکە کۆییەک لە فاکتەرەکان لە درێژایی مێژووماندا وامانی راهێناوە کە ئەم پرسە داوێنگیرمان بێ.

هەندێ کەس پێیانوایە هۆی بنەمایی ئەم گرفتە لەوەدایە کە خوێندنەوەی مێژوویمان لاوازە و کەسانێکی دیکەش کزی باری ئابووری بە بنەما دەگرن. ئەگەرچی هەردووی ئەم ئیدیعایانە لە دیدی منداتەواو کەری یەکترن و هیچ دژایەتیەکی گەوهەرییان لەگەڵ یەکدا نیە. بۆیە لێرەدا لەگەڵ ئاگاداریمان لە باری چەند فاکتەری بابەتەکە، بەحوکمی موناسبەت و بە مەبەستی بابەتیانەتر کردنەوەی پرسەکە، لە ئەسلی چەند رەهەندی چاو دەپۆشین و تێدەکۆشین خوێندنەوەیەکی خێرامان هەبێ لە سەر کارتێکەری لاوازیی خوێندنەوەی مێژویی و لێکەوتنەوەی لاوازی لە بیری و بەرنامەی ستراتیژمان وله ئاکامدا بە ئایدیالیزە بوونی کردەی سیاسەتی کوردی. هەروەک لە دەرئەنجامدا تێدەکۆشین بە هاوردنەوەی نموونەیەکی زیندوو هەڵئنجراوێکی لۆژیکی بەدینە دەستی خوێنەرەوە.

سیاسەتی رۆژبەرێکردن ووەک خاڵی بەرامبەری بیری ستراتیژی، خەسارێکی مەزنە لە سیاسەتی ئێمەدا شۆڕ بۆتەوە و جەستەی هێواکانمانی وا تەنیوە کە هەندێ جار ئەوەندە تووشی ناهۆمێدیمان دەکا کە دەست لە پەلەقاژە دەکێشین و بە هیوای قەزا و قەدەر تەسکینی خۆمان و داماویمان دەدەین و لە چاوەڕوانیی مونجییەکدا هەست بە زیندوویی دەکەین!

سیاسەتی رۆژبەرێکردن و نەبوونی بیری ستراتیژی گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی تووشی "ئایدیالیزم"ی پەتی کردووە. بە جۆرێک یان" ریال پۆلیتیمان" لەبیرکردووە یان تێگەیشتنێکی پێچەوانەمان لێ پەیدا کردووە و بە چەشنێک سیاسەتی خۆکەمزانی و پاشەکشەی بەردەوام لە بەرامبەر دوژمندا، بە واقیعگەرایی سیاسی دەزانین. دیارە ئەمە بە ئەو واتەیە نیە کە سیاسەتمان وەکوو کورد دەبێ بەتاڵ بێ لە ئایدیالیزم بە تایبەتی ئایدیالیزمی ئەخلاقی. خودی بابەتی خەباتی شۆرشگێڕانە و خۆبەختکردنی ئاگاهانە لە رێ ئەرکی

پیرۆزی رزگاری نەتەوەیدا لە راستیدا گەوهەرێکی ئیدیالیستی هەیە و شەهیدگەلی سوورخەلاتمان ولە سەرووی هەموویان شەهید پێشەوا وەک سەمبۆلی ئەم تەوەرە دەناسرێن کە ئەگەر بە درۆستی تێی بفکرین لە ناخی خۆیاندا دینامیزمێکی بەهێزی مەیدانی کردوە و خەباتی پراکتیکن.

بەداخەوە نەبوون یان لاوازی خوێندنەوەی مێژوویی لە سەر بڕگەگەلی جیاوازی مێژوویی نەتەوەکەمان وای لێی کردووین یادکردنەوەی ئەم قوناخانە بە بێ شرۆڤە و لێکدانەوە، زیاتر لە جاران تووشی بناژۆخوازییەکی دەمارگرژانە (کوردایەتی خەیالی)، مەزڵووم نوێنییەکی کوێلەئاسایەنە و یان لە باشترین حاڵەتدا پرۆپاگاندایەکی حیزبی و تەسکین دانەوەیەکی خۆخەڵەتێنمان کردووە.

١٠ی خاکەلێوە بە هەبوونی تایبەتمەندیە شازەکانی دەرفەتێکی زێرینە -لە ئەگەری هەبوونی ئێرادەیەکی عەمەلیدا- دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ بۆ ئەوەیکە پێلاقەگەلی سیاسەتمان لەسەر زەوی دانین و لە رێرەوێکی راست و رەواندا هەدایەتی بکەین و هۆمێدی لە دەست رۆیشتومان بە چنگ بێنینەوە.

گرینگترین تایبەتمەندیگەلی ١٠ی خاکەلێوە:

١) کەسایەتی سەمبۆلی و تایبەتمەندی رەفتاری سیاسیی پێشەوا قازی محەممەد:

پێشەوا قازی یەکێ لەو دەگمەن رێبەرانەی خاوەن دەسەڵاتی بەرێوەبەری لە ٦٦ ساڵ بەر لە ئیستا بوو کە بە واتای پرپێستی ووشە بۆ خەڵک ژیا. زانایی شەخسی و دەرکی قووڵی لە کۆمەڵگەی کوردی و تێگەیشتنی لە نایەکگرتوویی سیاسی-کۆمەڵایەتی و هەوڵی بێووچانی بە مەبەستی دروستکردنی نەوعێک لە هاوسەنگی بۆ کەمکردنەوە و لەناوبردنی دووبەرەکی و پەرش و بڵاوی(کە بەداخەوە تێیدا سەرنەکەوت و گیانی پاکی بە شێوەیەکی ئەفسانەیی لەو پێناویدا بەختکرد) لەگەڵ ئاستی بەرزی هەست بە بەرپرسیاریەتی وەکوو رێبەر و تەجریبەیەکی جێی شانازی لە بەریوەبەری سیاسی، بە گشتی کەسیەتییەکی کاریزمایی و خەڵک پەسەنی لەو دروست کردوە و

میحوەرییەت و قورسایی سیاسی مەزنێکی پێی بەخشیوە، بە چەشنێک کە کەسایەتی پێشەوا لە چوارچێوەی حیزبی تێیپەڕیوە و بۆەتە کەسایەتییەکی نەتەوەیی لە میژووی هاوچەرخماندا.

رەوش و رێرەوی سیاسیی-ئەخلاقیی پێشەوا نموونەیەک بوو لە جۆرێک لە هاوسەنگی نێوان واقیعگەرایی و خەونگەرایی. بە گشتی داستانی کارەساتباری ١٠ی خاکەلێوە ١٣٢٦ی هەتاوی لە دوو لایەنەوە یارمەتیدەری هزر و کردەوەی سیاسی ئەمرۆژمان دەبێ:

یەکەم/ لایەنی ئایدیالیستی: کردەی ئاگایانەی قازیی نەمر و بە پیرەوە چوونی مەرگ، وەکوو کردەیەکی سیاسی بە مەبەستی بەرگری لە خەڵک و نیشتمان و بە پێکۆڵ (چالش) کێشانی دوژمن لە مەیدانێکی نابەرامبەردا، نموونەیەکی فیداکارانەیە لە ئەخلاقی رێبەری لە کاتی قەیراندا. کردەوەیەک کە دەڵێ رێبەر هاوبەشە لە سەرکەوتندا و بەرپرسیارە لە بەرامبەر مەترسی و شکست دا.

دووەم/ لایەنی ریالیستی: خوێندنەوەی هۆکارەکانی شکستی کۆمار، بە تایبەتی نایەکگرتوویی سیاسی-کۆمەڵایەتی وەکوو یەکێ لە هۆکارە بنەماییەکانی تێکرووخانی و خولقانی ١٠ی خاکەلێوە تەجریبەیەکەی بە نرخە کە ئەگەر لەگەڵ تێگەیشتن لە مەترسییاکانی ئیستای کۆمەڵگەمان یەکبخرێن، کەمترین وانەی ئەوەیە کە لە دوای ٦٦ ساڵ خەباتی پرووکێنەر (فەرسایەشی) لۆژیکی "هێز لە یەکگرتندایە" لای ئێمەی کورد کاڵ بۆتەوە و لە برگەیەکداین کە زێدەمان نەکوتووە ئەگەر بڵێین: "مانەوەمان لە یەکگرتندایە"

٢) دەسپێکێک لە کوردایەتی مۆدێرن و نەبوونی رەقیبی سیاسی: ئەگەرچی لەباری مێژووییەوە قازی یەکەم سکرتێری گشتی حدکا بووە و ئەو حیزبە خۆی بە دامەزرێنەری کۆمار دەزانێ، بەڵام بە پێی ئەوەیکە مێژوویەکی درێژی بە سەردا هاتووە، تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی پێشەوا کە لە برگەی یەکەمدا باسمان کرد و لە ئەنجامدا، خودی واقیعی کۆماری کوردستان وەکوو دەسپێک و تەنیا تەجریبەی مۆدێرنی دەسەڵاتداریەتی خۆماڵی کە وەک خۆرەتاوێک تیشکی وزەبەخشی هزری کوردایەتییە، سنووری حیزبی ناوبراوی بەزاندووە و هەستیاری نەرێنیی سیاسی لای حیزبەکانی دیکە زۆر کز بووە. هەربۆیە تێگەیشتن و پێکهاتن لە دەوری ئەم برگە مێژووییە، واتە ١٠ی خاکەلێوە و کۆماری کوردستان گەلێک ئاسانترە لە هەر خاترەیەکی مێژوویی دیکە. سەرەڕای ئەمانەش کاریگەری و جەزەبەیەک کە لەلایەن خەلکەوە بە نیسبەت شەخسی پێشەواهەیە، وای کردووە کە خۆدزینەوە و نکۆڵی کردن لەم برگەیەی مێژوومان لای هەر حیزب و پێکهاتەیەک کە ئیدەعای کوردایەتی دەکا، لەلایەن خەڵکەوە بێ وەڵام و کەم تێچوو نابێ.

٣) گرینگی تەجریبەی مێژوویی کۆماری کوردستان (٢ی رێبەندان١٣٢٤ تا ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی)و هەبوونی پاشخانێک لە دەسەڵاتدارەتی دوفاکتۆی خۆماڵی: شەخسیەتی دوفاکتۆی بەسەرهاتی کۆماری کوردستان نموونەیەکی مێژوویە کە لەگەڵ ئەوەیشدا ساڵانێکی زۆری بەسەردا هاتۆە، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش دەرفەتێکی کردەکیە بۆ خوێندنەوە و توێژینەوەی زیاتر.

لە ئەگەری دروست بوونی هەر هاوبەشییەک و تەفاهۆمێکی سیاسی لە دەوری ئەم بەسەرهاتەدا، ئەم پێکهاتنە دەتوانێ هەم هەڵگری پەیام و واتایەکی بەهێز بێ بۆ دۆست و دوژمن و هەم بنەماییەکی بەنرخ بێ بۆ کاری هاوچەشن و گەورەتر لە ئایەندەی چاوەڕوانکراوی ناوچەدا.

٤) دەرفەتێک بۆ پراکتیزەکردنی گۆڕەپانی سیاسی: بەپێی ئەو خاڵانەی لە پێشدا هاتن و بە ئاماژەکردن بە پێویستی هەنووکەیی کۆمەڵگە و پانتایی سیاسییمان، بە پەسەند کردنی ١٠ی خاکەلێوە وەکوو رۆژی شەهیدان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، جیای لە پێدانی بایەخی مەعنەوی وەکوو بەرز راگرتنی بیرەوەری شەهیدانمان، کەمترین بایەخی دیکەی دەربازبوونە لە ئایدیالیزمی رووت و پەتی سیاسی و دۆزینەوەی دەرفەتێکی بە کردەوە بۆ چوونە نێو مەیدانێکی بەرێنتری کاری هاوبەش لە سەر ئەساسی لایەنگەلی عەینی و زەینی مەوجوود.

بۆیە ئەگەر بێم و بە مەبەستی شیکاری زۆرتر، نموونەیەکی زیندوو و بابەتیانە لە ئایدیالیزمی پەتی لە پانتایی سیاسەتی کوردیدا بێنمەوە، دەتوانم ئاماژە بە پرسی بەردی هاوبەش بۆ هێزە سیاسەیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەم. پرسێک کە چەندین ساڵە لە

گۆڕەپانی ئەم مەیدانە بێ گوڵەی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتدا لە نیوان ئەم هێزو و ئەو هێزدا ئاڵ گۆر دەبێ و بەدەر لە خولانەوەیەکی بێ واتا هیچ سوودێکی نەبووە. تەنزی داستانیش لەوەدایە، هێندی جاریش ئەم پرسە بە شەڕە حیزبی دەرازێندرێتەوە و ڕوومەتێکی کۆمێدیش دەگرێتە خۆی.

بۆیە پێیم وایە یەکەم: کردەی سیاسیی ئێمە دەبێ هاوسەنگ بکرێ و لەگەڵ هاوردنە کایەی بیری ستراتیژی، دەرفەتێک بە دیدی ڕەخنەگرانە بدرێ و سیاسەتی دوو جەمسەری سفر و سەد وەلا بنرێت و لاسەنگی واقیع گەرایی سیاسی قورستر و مەیدانی دروشم بەرتەسک بکەینەوە.

دووەم: ١٠ی خاکەلێوە و بڕگەگەلی هاوچەشنی مێژوومان دەتوانێ دەرفەتگەلێکی زێڕین بێ بۆ پێکگەیشتن و کاری هاوبەشی سیاسی.

سێیەم: کردەگەلی سیاسی وەکوو ڕاگەیاندنی کەمپەینی" ١٠ی خاکەلێوە بکرێتە ڕۆژی شەهیدانی هەر چوار پارچەی کوردستان " باش و بەجێیە بە مەرجێک:

١- حەرەکەتێکی شێلگیر بێ و نەچێتە چوارچێوەی پرۆپاگەندای حیزب یان گرووپێکی تایبەتەوە.

٢- تووشی ئایدیالیزمی سیاسی نەبێ و ریالیزم (واقیع گەرایی) بخاتە سەردێڕی ئەرکییەوە، واتە مادام لە ئیستادا بارودۆخی کۆدەنگی چوارپارچەی کوردستان نەگونجاوە و تەجریبەی نەسەرکەوتووی لەم چەشنەمان لە هەنبانەدایە، باشتر وایە ئەم ئەرکە پیرۆزە لە مەیدان و گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بخرێتە بەرباسی جیدی و کۆدەنگی بۆ پێک بێنین کە ئەگەر وا بکەین هۆمێدی بە کوردستانی کردنی لە چوارپارچەیشدا زیاتر دەبێ.

سەرچاوە : ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٣٠ی مارسی ٢٠١٢

قازی محەممەد، ناسنامەی نەتەوایەتیی نەتەوەیەک

عارف نادری

١١ی بانەمەڕی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ ١٠٩ ساڵەی لەدایکبوونی قازی محەممەد، کە زیاتر لە نیو سەدەیە، نەتەوەیەکی مەزن لە نیشتمانێکی لەتکراوو لێکدابڕاودا، ناوی "پێشەوا"یان لێناوەو وەکوو "پێشەوا"ی مەزنو هەرگیز نەمرو هەتاهەتایی خۆیان باوەڕیان پێی هەیەو لە سەر ڕێبازی دەستنیشانکراوی بەردەوامن و درێژەدەری خەبات بۆ بەدیهێنانی ئاواتو ئامانجە مرۆیی و دێموکراتیکەکانین.

بێ گومان نەتەوەی کوردیش وەکوو هەموو گەلانی دیکە خاوەنی گەلێک ڕێبەرو کەسایەتیی ناودار و جێگەی شانازییە کە لا پەڕەکانی مێژووی پڕهەورازو نشێوی کورد و کوردستانیان ڕازاندۆتەوە و قۆناخی زێڕینی دیرۆکییان دەستەبەر کردووە. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە قازی محەممەد لە نێو لا پەڕەکانی ئەم مێژووە دا بە بەراورد لەگەڵ ڕێبەرانی پێش لە خۆیو پاش خۆی، ناوازە و بێهاوتایە. بە جۆرێ کە هەر ڕۆژێک کە بە سەر مێژووی بەرخۆدان و خەباتی ئەم نەتەوە دا تێپەڕ دەبێ، قازی محەممەد بەرجەستەتر، مەزنتر، کاریزماترو بیرۆکەو پەرەنسیپە دەستنیشان و پێشنیار کراوەکانی زیاتر لە هەموو وەختێک گرینگییان دەردەکەوێت و جەختی لە سەر دەکرێو ڕای هاوبەش و وێنای پیرۆزی لێ وەدی دێت.

ئەوەی کە قازی محەممەد دەکاتە تاقانەی مێژووی دوێنێ و هاوچەرخی نەتەوەکەی و کەسێتیەکی جیاوازتر لە کەسایەتییەکانی نەتەوەکانی دەوروپشتی پێدەبەخشێت زیاتر لە هەموو فاکتەرێک پراگماتیست بوونی قازی محەممەد لە هەردوو بواری کردە و واقێعبینی سیاسی و، سیاسەت و کردار لە سەر ئەرزی واقێعدا بووە. ئەگەرچی قازی محەممەد، خاوەنی پێگەی بەرزی بنەماڵەیی، سامانداری، قورسایی لە ئاستی دەسەڵاتی هەرێمی، شارەزایی لەگەڵ حەوت زمان، ئۆتۆریتەی نەریتی... بووە، بەڵام هیچ یەک لەم تایبەتمەندییانە هۆکاری سەرەکیی کاریزمابوونی قازی محەممەدو دیاریکردنی وەکوو پێشەوای کوردان نیە. بەڵکوو دابڕانی قازی لە ئاوانسە بە میرات ماوەکان و هەوڵدان بۆ گۆڕان و خوڵقاندنی سیستمێکی جیاوازتر لە سیستمی زاڵی نەریتی و دەسەڵاتی قبووڵکراوی سەردەم، دەرخستنی بیرۆکە لە پانتایی کرداردا و پێشەنگ بوونی خۆدی خۆی لە مەیدانی بەڕێوەبردنو نرخدان لە پێناو بەرنامەو بانگەوازەکاندا، قازیی بە ناوی "پێشەوا"وە ناساندو کردیە بژاردەیەکی هەڵبژێردراو تا ببێتە دەسپێکی مێژووی وەرچەرخانی مۆدێرنی نەتەوەیەک و کۆکردنەوەی زۆرینەیان لە سەر ڕێبازو شوناسێکی هاوبەشی نیشتمانیدا. قازی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نەتەوەکەیدا، بە جێگەی پشت بەستن بە پێگەو جێگەی بنەماڵەیی ـ عەشیرەیی و لە تەشکی خۆ بە خاوەنزانینی خەڵک و فەرمان بە خەڵک دانەوە، دێتە نێو قووڵایی دڵی کۆمەڵانی خەڵک و پشت بە نەوەیەکی نوێی لاوی خوێندەوار، فیداکارو گۆڕانخواز دەبەستێت کە خاوەنی ئیرادەیەکی قورس و قایم و

باوەڕمەند بە خۆیان و تواناکانیان بوون و نەبوونەتە بەشێک لە دۆخی زاڵ و هەبوون، بەڵکوو لە سەر ئەو قەناعەتە بوون کە پێویستە بە جێگەی خۆڕێکخستن لەگەڵ زەمان و کەش و هەوای زاڵ، زەمان و هەلومەرجەکە لەگەڵ خۆیاندا ڕێکخەن و لە ریسک کردن و تێچووەکان ترسیان نەبێت. بۆیە خولیای ئازادیخوازی وەها کەسانێک لە ژێر سێبەری توانایی، ئەزموون و ئاوەزمەندی و لۆژیکی قازیدا، شێوازێکی دژەباو بەڵام پێویست بۆ بیچمگرتنی شوناسی نەتەوایەتی نەتەوەیەک و نەقشەیەک بۆ تێپەڕین و بڕینی ڕێگای سەربەستی و بەختەوەری دێنێتە ئاراوە. کولتوور، گۆڕان، چاوەڕوانی و ئاواتێک کە خودی قازی هێمای ڕاستەقینەی بووە. قازی کەلێن و بۆشایی و مەودای نێوان نەوەکان و چینەکانی کۆمەڵگای کوردستانی کەمڕەنگ و لە زۆر بواریشدا بە تەواوی لایبردو بۆ خۆی هات لەگەڵ لاوانێک وەکوو هەژارو هێمنو... بووە هاوبیر، هاوسەنگەر، هاوماڵ و هاوشان، تا بتوانن شانبەشانی یەک، نیشتمانیان سەرخەن. قازی بڕوایەکی چەسپاوو تەواوی بەم توێژە و نەوە نوێیە بووە، چوونکە پێی وابوو ئەمانە کەسانێکی خودساختەن و توانای بیرکردنەوەو بڕیارو جێبەجێکردنی بڕیاریان هەیە.

بۆیە لە دیدی قازییەوە ئەمانە دەتوانن دینامیزمی گۆڕان و هێزی بنیاتنان و ڕۆنان بن. لە لایەکی دیکەوە ئەو جۆرەی کە بنەما فیکرییەکانی کۆمەڵەی ژ . کاف و پاشان حیزبی دێموکرات و کۆمار و لێدوانەکان و هەڵوێستەکانی قازی محەممەد دەریدەخات هۆکارو هەوێنی پێکەوەیی و هەڤڕایی قازی و توێژی ڕووناکبیری جیابیری جڤاکی ئەو سەردەمەی کوردستان لە بوون و ئارایی دوژمنی هاوبەش و داگیرکەری سەردەڕۆدا نەبووە، بەڵکوو ئیرادەو ئارمانج و ئامانجی دروستکردنی کیان و سیستمێکی نوێترو دێموکراتیک بووە کە لەوێدا کەرامەت و گەوردیی یەکانی هەموو تاک و کۆیەکی نیشتەجێ لە نێو یەکەی سیاسیی کوردستاندا دەستەبەرو پارێزراو بێت، بە واتایەکی دیکە بنەمای کاری قازی و بیرۆکەکانی لە سەر دروستکردن بنیاتنراوە، نەک لە سەر ڕووخاندن، سڕینەوەو نەهێشتنی ئەویتر.

چەمکی ئازادی، واتاو پیرۆزیی تایبەتی لای قازی بووە، چوونکە لە ڕوانگەی قازییەوە، ئازادی تەنیا بەهای هەتاهەتایی مێژووەو ئەگەر نەتەوەیەک ئامانجێکی جیاواز لە ئازادیی هەبێ، هەموو شتێکی خۆی لەدەست دەدات. لە بەر ئەوەی کە لەدەستدانی ئازادی، خستنە ژێر پرسیاری مرۆڤ بوونی مرۆڤەکانە و نەتەوەی زیندوو، نەتەوەیەکە کە بۆ زیندوو هێشتنەوە و خاوەنداریکردن لە ئازادی، ژیانی خۆش دەوێ. هەر لە ژێر ڕووناکایی ئەم ئەندێشە مۆدێرن و دێموکراتیکانەیە کە قازی محەممەد، ئازادی بە بنەمای دەسەڵات و ڕەوابوونی دەسەڵاتداری دەزانێ و ئەوپەڕی گەندەڵی بە بەکارهێنانی یاسا لە پێناو سیتەمدا لەقەڵەم دەدات. مەرجی ئەو بۆ دەستەبەربوونی ئازادی و ژیانی ئازاد پەرستشی حەقیقەتەو لە دیدی ئەوەوە ئازادی و حەقیقەتیش دوو جەمسەری تەواوکەری یەکترن. پێگەیشتنێک کە لەوێدا، تەنیا ڕۆنانەکانو گۆڕانکارییە قووڵ و بنچینەیی یەکان دەبنە پێناسەو نەتەوەکان بوونی خۆیان لە نەبوونی ئەویترو ڕووخاندنی شارستانیەتی بەرانبەردا نابیننەوە.

فەلسەفەیەک کە ڕۆحی نەتەوەیەک ناکاتە قوربانی هیچ کەسێک، بەڵکوو ئەمە ڕێبەران و خزمەتکارانی نەتەوەن کە پێویستە قوربانیی نەتەوە بن و بە شێوەیەکی پراکتیک وردەو زاڤری سەلماندنی ئەو ڕاستییەیان هەبێت تا بەو چەشنە نێواخنی حەقیقەت و ئازادی بەرجەستە بکرێ و گیان، بە بەری نەتەوەیەکدا بێ کە ویستوویانە لە بەهای ڕاستەقینەی حەقیقەت و ئازادی بەتاڵی بکەنەوە.

بۆیە قازی محەممەد، "پێشەوا"، نێواخن، پێناسەو هێمای نەتەوایەتیی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتەو کردەوەکانی وانەی ئەخلاقی نەتەوایەتی، ویژدانی بەرزەمرۆیانە و پێبەندیی ڕێبەرایەتییەکی پێشەنگ، دەروەستو ئافرێنەرە کە تا هەمیشەی مێژووی وڵات و نەتەوەکەی، پێشەوای رابوون و گیانی مانەوەیانە.

سەچاوە : کوردستان میدیا / ڕێکەوتی : ٦ی مای ٢٠٠٩

قازی محەممەد گوڵێ بوو لە بیابانا رووابوو

هەژیر عەبدوڵڵاپوور

هەر ساڵێ کە لە شەهیدبوونی قارەمان و سەرچەشنی هەمیشە هەرمانی نەتەوەکەمان، قازی محەممەد، تێدەپەڕێ، لاپەڕەیەکی زێڕینیتر دەچێتەسەر مێژووی پڕ لە شانازی خەباتی هەقخوازانە و رەوای نەتەوەکەمان لە سەرانسەری کوردستاندا و هاوکاتیش تووڕەیی و بێزارییەکی زۆر لە رێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان پەرەدەستێنێ.

بەڵێ! دەی خاکەلێوە (رۆژی شەهیدان) ئەمساڵیش، ساڵێکیتر لە لەسێدارەدانی قازی محەممەد، سەرۆکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و دامەزرێنەری کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان تێپەڕی. کاتژمێر چواری بەیانی دەی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی، لە گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد، قازی محەممەد، محەممەد حسێن سەیفی قازی (وەزیری بەرگری حکوومەتی نەتەوەیی کوردستان) و ئەبولقاسمی سەدری قازی (نوێنەری شاری مەهاباد لە خولی ١٤ی پارلمان و کەسایەتی سیاسیی دیار و ناوداری کوردستان) لە لایەن کوردکوژان و خوێنمژانی ئەرتەشی پاشایەتییەوە لە سێدارە دران.

قازی محەممەد کەسایەتییەکی دیار و هەڵکەوتوو بوو لە مێژووی خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێوی نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا. پێشەوا دیمۆکراتێکی ئاشتیخواز و نیشتمان پارێز بوو کە بڕوایەکی پتەوی بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بوونی پێوەندی پتە و باش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەبوو و هەر لەم سۆنگەیەوە بە باشی هەستی بە ستەمی نەتەوایەتی گەلەکەی کردبوو و بە دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە مێژووی نەتەوەی کورد، رێگەچارەیەکی ناوازە و دەگمەنی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە خۆی بە یادگار بەجێهێشت.

پێشەوا وەک سەرکۆماری کوردستان لە ئاخاوتن و لێدوانەکانیدا هەمیشە نیشتمانی کوردستانی وەک نیشتمانێکی یەکدەست دادەنا و ئەم راستییەش بە باشی لە بەرگرییەکانیدا لە بێدادگای رێژیمی پاشایەتیدا روون و بەرچاوە، کاتێک کە روو بە دادوەری دادگای رواڵەتی دەڵێ: "مەلا مستەفا بارزانی کەسێکی بێگانە نییە، بەڵکوو خەڵکی ئەم ئاو و خاکەیە و کوردستان نیشتمانی خۆیەتی". و هەروەها بەشداریی سەدان پێشمەرگەی کۆنەدەری بارزانی و حوزووری دەیان کەسایەتیی کوردی باکوور و باشووری کوردستان خۆی سەلمێنەری ئەم راستییە حاشاهەڵنەگرەیە.

پێشەوا قازی محەممەد دادگەی فەرمایشی دەکاتە شوێنێک بۆ بەرگریی لە مافە رەواکانی نەتەوەکەی و بە ئازایەتی و بوێرییەکی بێوێنەوە ناوەرۆکی دوژمنانی رەنگاوڕەنگی نەتەوەی کوردی لەقاودا. سەروانی شەریفی کە خۆی لەو دادگا فەرمایشییەدا بەشدار بووە، دەڵێ: "ئەوە پێشەوا قازی محەممەد بوو کە دادگای بردبووە ژێر پرسیارەوە". هەروەها نەجەفقولی پێسیان دەگێڕتەوە کە پێشەوا لە بەرگریی لە نەتەوەکەی بە بوێرییەکی تەواوەوە دەدوا و دەیگوت: من لە کونجی زیندانەوە دەنگ هەڵدەبڕم و بە دەوڵەتی ئێران دەڵێم کە ئێوە تۆمەتبارن نەک ئێمە. ئەوە ئێوەن کە خاکی ئێمەتان داگیر کردوە. ئەگەر دەوڵەت هەموو کوردان بە خیانەتکار دەزانێ، باشتر وایە دەست لە کوردستان هەڵگرێ و ئەگەریش بە نیشتمانپەرستیان دەزانێ، واباشترە کاروبارەکانی خۆیان بە خۆیان بسپێرێ".

ئەرتەشبود فەردوست لە بیرەوەرییەکانی خۆی سەبارەت بە سەفەری شادا، پاش لە خاک و خوێن وەردانی دوو حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و کوردستان بۆ ئەو ناوچەیە:

دەنووسێ: "سەفەر بۆ کوردستان بۆ شا وەک زەبرێکی رووحی دەچوو. دەست¬وپێوەند و راوێژکارەکانی شا پێیان وتبوو کە نەچێتە کوردستان، چونکە خەڵکی ئەو ناوچەیە :

تووڕەن. شا باوەڕی نەدەکرد و پێی وابوو کە خەڵک بە پێشوازییەوە دەچن. بە جیپێک بەرەو کوردستان وەڕێکەوتین. کە گەیشتینە مهاباد شار بە تەواوی تەعتیل بوو. خەڵک بە پەلە دووکانەکانیان داخست و شەقامەکانیان چۆڵ کرد. کاتێ گەیشتینە گۆڕەپانی چوارچرا کە قازی محەممەد لەوێدا لە سێدارە درابوو، شا چاوی بە ئاڵاکانی حکوومەتی قازی محەممەد کەوت کە خەڵک لەسەر دەرکی ماڵەکانیان هەڵیاندابوو. لە سەر راسپاردەی کەسانی دەورووبەری شا، ناوبراو بە زوویی لەو شوێنە دوورکەوتەوە و مهابادمان جێهێشت. ئەوە دژکردەوەی خەڵک بوو سەبارەت بە لەسێدارەدانی قازی محەممەد".

بێگومان یەکێک لەو دەسکەوتە مەزنانەی کە پێشەوا بۆ نەتەوەکەی بە دیاری هێنا ئەوە بوو کە بۆ یەکەمین جار ئەم نەتەوەیە چارەنووسی خۆی گرتە دەست و تامی ئازادیی چەشت. لەراستیدا ئاخێوی ئازادی و ویستی خەڵکی کوردستان بۆ گرتنەدەستی چارەنووسی خۆیان لە لای پێشەوا لە سەروو هەموو شتێکەوە بوو. هەر لەم سۆنگەیەشەوەیە کە کوردانیش بە چاوی رێزەوە دەڕوانە ئارمانجە بەرز و مرۆییەکانی قازی محەممەد و هەروەها راستبێژی و نیشتمانپەروەری ناوبراو و هێشتاش بەو پرەنسیپ و سفەتە بەرچاوانەی پێشەوا وەفادارن. و بە هەق بە قەولی دوکتور قاسملوو، قازی محەممەد گوڵێ بوو کە لە بیابانا روابوو.

لە سالرۆژی لە سێدارەدانی قازی محەممەددا، یاد و بیرەوەری کەسانی وەک عەلی شێرزادە، ئەحمەد فاروقی، حەمید مازووجی، عەبدوڵلا رەوشەنفێکر، سلێمان موعینی، مەلا ئاوارە، ئیسماعیل شەریفزادە، عەزیز یۆسفی و دەیان خەباتگێڕی دیکە کە یان بوونە هاوچارەنووسی پێشەوا و یان بەشێکی تەمەنیان لە کونجی زیندانەکانی شادا بەسەر برد، بەرز دەنرخێنین و سەری رێز نەوازشیان بۆ دادەنەوێنین

سەرچاوە :کوردستان و کورد

لە یادی« ٦٤» ساڵەی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد

رەزا شوان

قازی محەمەد کوڕی قازی عەلی کوڕی ئەبولقاسم کوڕی میرزا ئەحمەدە ، لە ساڵی ١٩٠٠ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری مەهاباد«سابڵاخ» لە بنەماڵەیەکی ناسراوی ناوچەی موکریان لەدایک بووە ،دایکی لە هۆزی «فەیزۆڵا بەگی» یە . ڕابردووی بنەماڵەکەیان لە مەهاباد دا، بۆ بەر لە چوار سەت ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.. قازی محەمەد لە شاری مەهاباد خویندنی ئایینی تەواوکردووە . دوایی بووە بە قازیی شاری مەهاباد. قازی محەمەد زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی و فەرەنسی و تا ڕادەیەکیش ئینگلیزی و ڕووسیشی ئەزانی ، کەسایەتییەکی ناسراو و خۆشەویستی مەهاباد بوو . . هەموو چین و توێژەکانی گەلەکەمان ڕێزیان لێئەگرت ، هەر لە تەمەنی لاوییەوە خۆشەویستی و ئەشقی ئازادیی کورد و کوردستان هەست و سۆزی بزواند .. قازی محەمەد ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد « ژ . ک » بوو. ناوەنهێنییەکەشی « بینایی »بوو.. هەر ئەم کۆمەڵەیەش، بوو بە ناوکی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان .. کە تا ئەمڕۆش ڕۆڵێکی بەرچاوی گرنگی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا هەیە.. قازی محەمەد ڕۆڵێکی گرنگی بێنی لە هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ، بۆ ڕاپەڕین لە دژی ڕژێمی ڕەگەزپەرست و کۆنەپەرتی شای گۆڕبەگۆڕی ئێرا ن.. بەری ئەو خەبات و کۆشش و ڕاپەڕین و ئەو یەکدەنگی و یەکڕیزییەی گەلەکەمان ، ئەوەبوو:

لە » ٢ی ڕێبەندان » ڕێکەوتی « ٢٢ ی یانواری ـ کانوونی دووەمی » ساڵی ١٩٤٦ دا، لە گۆڕەپانی قەشەنگی« چوارچرا» لە شاری« مەهاباد »ی شیرینداا، بە ئامادەبوونی هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، کە تامەزرۆ و تینووی ئازادی و سەرفرازی و دیموکراتی بوون، هیوای هاتنەدیی ئەو ڕۆژە پرشنگدارەیان ئەخواست، پێشەوای نەمر قازی محەمەد بە دەنگێکی زوڵاڵەوە، بە چاوێکی پڕ لە ئەشکی شادییەوە، بە گەرووێکی پڕ لە شەکرە گریانەوە، دامەزراندنی «کۆماری کوردستان» ی ڕاگەیاند. ئای لەو ساتە خۆشە ، لەو ڕۆژە پیرۆز و نەمرە، کە هەرگیز بە وشە و نووسین ناتوانرێت گوزارشتی لێبکرێت..چوارچراو و مەهابادیش هەتا هەتایە نازناوی پیرۆزییان پێ بەخشرا.

هەر بۆ ڕۆژی دوایی واتە لە» ٢٣ی یانواری ١٩٤٦»دا، لە گۆڕەپانی چوارچرادا، بە دەنگی تێکڕای جەماوەری گەلەکەمان،تێکۆشەری دڵسۆزی نەتەوەکەمان قازی محەمەد، بە سەرکۆماری کوردستان هەڵبژێررا و، بە ئەوپەڕی ڕیزیشەوە نازناوی« پێشەوا»یان پێ بەخشی، کە هەر بەرێزیان شایانی ئەو پایەیە و ئەو نازناوە بوو.. شاری مەهابادی جوان و ڕەنگین و قارەمانیش کرا بە پایتەتی یەکەمین کۆماری کوردستان.

لە کاتژمێری دەی بەیانیی ڕۆژی « ٢٦ی سەرماوزی ١٩٤٦ » دا، هەر لە گۆڕەپانی چوارچرا دا، بە ئامادەبوونی سەرکۆمار قازی محەمەد و هەموو وەزیرەکانی حکومەتی کوردستان و، چەند تیپێکی پێشمەرگەی لەشکری کوردستان و، چەندین کەسانی ناودار و بە دەیان شاعیر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند و، مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەکانی شاری مەهاباد و، جەماوەرێکی بێ شوماری گەلەکەمان..بە چەپڵەڕێزان و هاڵهەڵەلێدان و بە دەنگی دەهۆڵ و زۆرنا و هاواری بژی کورد و کوردستان ، بۆ یەکەمین جار ئاڵای ڕەنگین و پیرۆزی کوردستان هەڵکرا. مارشی نەتەوایەتیمان و چەندین سرود و شیعر و گۆرانی و هەڵپەڕکێی خۆش و بەجۆش پێشکەش کران..پێشەوا قازی محەمەدیش لەم بۆنە پیرۆزەدا وتارێکی بەنرخی پێشکەش کرد.. ئەم کەرنەڤاڵە تا ئێوارە بەردوام بوو.

بە دەخاوە، نەیان هێشت کۆماری کوردستان پێ بگرێ و ، لەسەر پێ یەکانی خۆی ڕابوەستێ و، چەندین هیوا و خەونی تری بهێنێتەدی.. بە پیلانێکی ناوخۆیی و دەرکی، بە ساوایی جوانەمەرگیان کرد.. گرنگترین هۆیەیکانی هەرسهێنانی کۆماری کوردستان، خۆکێشانەوەی سۆپای سۆڤیەت بوو لە ناوچەی کوردستان و شوێنەکانی تری ئێراندا. هۆیەکی گرنگی تریش ئەوەبوو، هەندێک لە سەرۆک هۆزە بەزی و خۆفرۆشەکانی کوردمان ناپاکی و خیانەتیان کرد و، بوون بە جاش و چوونە پاڵی حکومەتی ئێران و ، هاوکاری سۆپای هێرشکەری ئێرانیان کرد..نابەرانبەریش لە هێز و چەکدا، هۆیەکی تر بوو، لەشکری کوردستان « پێشمەرگە» چەکی قورس و تەقەمەنیی پێویستیان نەبوو.

ڕەزا شای گۆرپەگۆڕی دیکتاتۆری ڕەگەزپەرست و ، لە جیاتی ئەوەی زمانی گفتوگۆ و دیلۆک بگرێتنەبەر، بۆ چارەسەرکردنی دۆزی ڕەوای کوردمان ، کەچی بە سوپایەکی زەبەلاحەوە ، درندانە پەلاماری کوردستانی دا، بە هاوکاریی جاشە ناپاکەکان..لە ڕۆژی ١٧ / ١٢ / ١٩٤٦ دا، دۆژمن چووە ناو شاری مەهابادەوە. لەو ڕۆژەدا کۆتایی بە تەمەنی کۆماری کوردستان هات .. زۆر داوایان لە سەرۆک کۆمار قازی محەمەد کرد ، کە خۆی بەدەستەوە نەدات و خۆی دەرباز بکات.. بەڵام پێشەوا ڕازی نەبوو، وتی :

« چۆن من هەڵبێم و گەلەکەم لەم بارودۆخەدا ڕووبەڕووی چارەنووسی دەبێتەوە، من سوێندم خواردووە، تا دوا تنۆکی خوێنم پارێزگارییان لێ بکەم و جێیان نەهێڵم» ئەمەیە هەڵوێستی جوامێرانەی سەرکردەی بە ڕاستی دڵسۆز و گەل و نیشتمانپەروەر،کە تا دوا هەناسەی ژیانی لەگەڵ هەموو خۆشی و نا خۆشی و،لەگەڵ تەنگانە و شێنەیی و،لەگەڵ سەرکەوتن و شکستیی گەلەکەی دا بوو، بوو بە نموونەی نەمری و گیانفیدای و دلێری.

قازی محەمەد و، محەمەد حوسێن سەیفی قازی « ئامۆزای پێشەوا » و، ئەبولقاسمی سەدری قازی « برای پێشەوا» بە سەربەرزییەوە گیران..بە ڕوویەکی خۆش و گەش و بە پێ کەنینەوە و،بە ئەوپەڕی بێ باکی و چاونەترسییەوە،ڕووبەڕووی دادگایی کردن و لە سێدارەدان بوونەوە..شاعیری کوردستانپەروەرمان پیرەمێردی نەمر دەڵێ:

« گەوردی هیچ قەومێک وەک گەوردی کوردان - لە ڕێی وەتەن دا نەبوون بە قوربان »

بۆ دادگایی کردنی قازی محەمەد، حکومەتی ئێران، دادگایەکی سەربازیی بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ « پارس بەتار » دانا و،هەر خۆشیان پارێزەرێکی فارسی، نەقیبی سەربازی « سەروان شەریفی » یان بۆ داکۆکیکردن لە قازی محەمەد و هاوڕێکانی ڕاسپارد.. دەربارەی بە جەرگی و چاونەترسیی قازی محەمەد لە کاتی دادگایی کردنی دا، سەروان شەریفی دەڵێ : « قازی محەمەد پیاوێکی مەزن و دانا بوو، بە ئەوپەڕی ئازایەتییەوە دەربارەی دۆزی گەلی کورد قسەی کرد، زۆر بە بوێری و جەسارەتەوە داکۆکیی لە مافەکانی کورد ئەکرد ، لە خود موختاری و مافی چارەی خۆنووسین..» هەر شەریفی ئەڵێ:« لە ڕاستیدا، قازی محەمەد دادگایی ڕژێمی ئەکرد و، لە باتی بەرگری کردن لە خۆی، پرۆتستۆی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئەکرد، کە بە نامەردی و بە قیزەوەنییەوە، هەڵسوکەوتیان لە مەڕ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد کرد»دەستەی دادگایی کردنی سەربازیی لە ئازایەتی و چاونەترسی و خۆڕاگریی قازی محەمەد و هاوڕێکانیدا، زۆر سەرسام بوون و واقیان وڕما، کە لەو ساتە وەختەشدا، هەر سووربوون لە وەدەست هێنانی مافە ڕەوا نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردمان .. پەشیمان نەبوون لەوەی کە لە پێناوی گەلەکەماندا کردبوویان ..هەر لە بارەی هەڵویستی جوامێرانەی قازی محەمەد لە کاتی دادگایی کردنیدا.. « سەروان کیومەرس سالحی » کە هەواڵنێرێکی سەربازیی سوپای ئێران بوو،کە لە ناو هۆڵی دادگایی کردنەکەدا ئامادەبوو،ئەنووسێ و ئەڵێ:«من لە زۆربەی دادگاییەکانی مەیدانی و سەربازییەکاندا، وەک هەواڵنێرێک ئامادەبوومە، بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم نەدیوە،کە بە ڕادەی قازی محەمەد بەجەرگ و بوێر و دلێر بێت.. لە کاتی دادگایی کردنیدا ، نەیئەزانی کە ترس چییە.. زۆر بە بێ باکی قسەی ئەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی ئەدایەوە.. » سەروانی پەیامنێر ئەڵی، قازی محەمەد بە دادگای وت: « من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە، کە بە باوەشێکی ئاواڵەوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزییە بکەم ، کە لە ڕێگای ئازادیی میللتەکەمدا ئەکوژرێم، ئەوە بەڵێنێکە کە بە نەتەوەکەم داوە، لە گەڵیان دا بژیم و لە پێناوی ئەوانیشدا بمرم، تازە چۆن ئامادەم کە بەڵێنی خۆم بشکێنم »

کاتێ کە سەرۆکی دادگا، بە تاوانبار توانباری ئەکات، قازی محەمەد وڵامی ئەداتەوە و ئەڵێ:« تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئیوە وڵاتان لێ داگیرکردووین »

ئەشڵێ: « ئێرە ماڵی منە ، خاکی کوردستان خاکی باب و باپیر و ئەجدادی منە ، چۆن ئەتوانم دەستی لێ هەڵگرم».. هەر لەبەردەم دادگادا قازی محەمەد وتی: « ئێوە قازی محەمەدێ ئەکوژن، بەڵام ئەوە بزانن کە، لە هەر تنۆکە خوێنێکی منداا، قازی محەمەدێک شین ئەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد ئەکەم ، خەباتی خۆی لە پێناوی ڕزگاریی کوردستاندا یەک بخات، باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن.. بژی کورد ـ بژی کوردستان »

ئەو کاتەی کە قازی محەمەد لە بەندیخانەدا بوو ، نوێنەری ئەمریکی «جۆرج نالین» بە قازی ئەڵی ئەگەر بە قسەی ئێمە بکەیت و بۆ بەرژەوەندیی ئێمە کار بکەیت ئەتوانین یارمەتیت بدەین و ڕزگارت بکەین.. پێشەوا قازی محەمەدیش وەڵامی ئەداتەوە و ئەڵێ : « گەلی کورد چاوەڕوانیی هیچ چاکەیەک لە وڵاتانی ئیمپریالیزم ناکات »

ئەو ڕۆژەی لە سێدارەدران ، نوێژی بەیانییان دەکەن .. کاتێک کە ئەو سێ قارەمانە پاڵەوانەیان بۆ لە سێدارەدان برد..جەلادەکان

ویستیان چاویان ببەستنەوە، بەڵام کەسیان نەیان هێشت چاویان ببەستنەوە. پێشەوا قازی محەمەد پێیانی وت: « هیچ شتێک نییە کە شەرمی لێ بکەم ، تا لە بەردەم ڕۆڵەکانی گەلەکەم و نیشتمانە خۆشەویستەکەمدا، چاوم ببەستنەوە.. حەزئەکەم لە دوا سات و لە دوا چرکەی ژیانمدا، بە ئەوپەڕی سەربەرزی و بە چاوی کراوەوە ، لە نیشتمانە جوان و خۆشەویستەکەم کوردستان بڕوانم » دوا وتەی پێشەوا قازی محەمەد ، ڕووی دەمی لە دەستەی دادگاگایی و ئەو بەرپرس و ئەفسەرە پلەدارانەی سوپای ئێرانی داگیرکەر کرد، کە ئامادەی بینینی لە سێدارەدانیان بوون، وتی : « من لە سێدارە ناترسم.. بە هەڵواسراویش پێڵاوەکانم لە ئاستی سەری ئێوە بەرزترن»

لە ڕۆژی«٣٠ / ٣ / ١٩٤٧» دا، لە گۆڕەپانی چوارچرا دا،لە شاری مەهابادی پاڵەوان دا، پێشەوا قازی محەمەد و، محەمەد حوسێن سەیفی قازی و، ئەبولقاسم سەدری قازی لە سێدارە دران.. چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدە هەردەم نەمرەکانی کورد و کوردستانەوە.

یادی قازی محەمەدی نەمر و هاوڕێکانی هەرگیز، لە دڵ و دەروونی هیچ کوردێکی دڵسۆزدا دەرناچێت.. لە » ٣٠ / ٣ / ١٩٧٩» دا، حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی لە سێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی وەک « ڕۆژی شەهیدانی کوردستان » ڕاگەیاند. هیوادرین ئەم ڕۆژە لە هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورەدا بکرێت بە ڕۆژی شەهیدان قازی محەمەد «١٩٠٠ـ ١٩٤٧» کورد و کوردستانپەروەرێکی کەم وێنە بوو، بیر و ئامانجی هەموو پانتایی کوردستانی گەورە بوو، لە ژوورەکەی دا نەخشەی کوردستانی گەورەی هەڵواسی بوو..هەمیشە جەختی لەسەر برایەتی و یەکێتی و یەکریزیی کورد ئەکردەوە..هانی خوێندن و خوێندنەوەی ئەدا.. داکۆکییەکی تەواوی لە مافی ژنان ئەکرد. چەند بڵێین و بنووسین لە بارەی پێشەوا قازی محەمەد، هەر کەمە و لە ئاستی دڵێری و دلسۆزییدا نییە.. بیری نەتەوایەتی و ڕێبازی پیرۆزی قازی محەمەد، بوون بە ئیلهام و هەوێنی خەبات و کوردایەتی ، بوون بە چرایەکی گەش بۆ نەوەی ئەمڕۆمان..بێگومان تاوتێکردن و ڕەنگدانەوەیان لەسەرنەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتووشمان ئەبێت..

با ناحەزانی گەلەکەمان، داگیرکەرانی کوردستان، ئەم ڕاستییە باش بزانن، کە خەیاڵیان خاوە کە بتوانن چۆک بە گەلی کوردمان دابدەن.. کورد دوای هەر نوشستی و شکستێک هەستاوەتەوە و، لە جاران بە گورتر و بە تینتر درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی داوە.

هەموو ساڵێک بە ئەوپەڕی شانازی و ڕێزەوە، یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی « کۆماری کوردستان »و « ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان» و« ڕۆژی شەهیدانی کوردستان» ئەکەینەوە و بەرز و پیرۆز ڕایان ئەگرین.

نەمری و سەروەری بۆ پێشەوا قازی محەمەد و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان
ڕسوایی و مردنیش بۆ داگیرکەرانی کوردستان..دوژمنانی ئازادی و دیموکراتی و ئاشتی.
هەمیشە بەرز و بڵند و شەکاوە بێت ئاڵای پیرۆز و ڕەنگینی کوردستان.

ڕەزا شوان / سەرۆکی کۆمەڵەی منداڵانی کورد / نەرویج / ٢٨ / ٣ / ٢٠١١ / گیارەنگ

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٨ی مارسی ٢٠١١

شەهیدی سەرکردە قازی محەمەدی مەزن .. !!

حەمید عەزیز

لەیادی کەڵە پیاوێکی وەکو (پێشەوا قازی) دا زۆربەمان موچڕکەیەکی گەوردی پڕشانازی بەهەموو لەشماندا تێ دەپەڕێت و لەگەڵ سەربڵندی یەکی گەوردەش کەخۆشی هێنێکی زۆرە بۆ ڕۆحی کوردەواریمان هەست پێ دەکەین . سەرکردە قازی موحەمەد مامۆستای مەزنی کوردایەتی یە بۆ ئێستامان و نەوەی دوارۆژ بۆیە ئەمەو دەیان هەستی تری نیشتمانی و مرۆڤدۆستیمان تێدا دروست دەبێت لەکاتی یادی پێشەوای مەزندا هەرچەندە ئەو یادە خۆش بێت یان ناخۆش .. !!

کورتە وتارە شیعریی بۆ شەهیدی سەرکردە قازی موحەمەد

قارەمانانی جیهان کوڕی نەتەوە بەشخوراوو ستەم دیدەکانن بۆیە چاویان دەبێ بە ئەستێرەو دەستیشیان خامە جوانەکانی مێژوویەکن بۆ خزمەتی نەتەوەیان بۆ نیشتمان خوێن و سەربڵندی و ڕۆحیشیان دەبەخشن بە گەلیان بۆ ئەوەی نەوەکانی سبەینێیان باشترو ئازاد بژین . بۆیە ئەو قارەمانانە لە تیشکی ڕوناکی و جوانی و گەورەیی مرۆڤی ئاسایی گەورەترن ڕوناکترن جوانترن لە پریشکی هەتاوی نیشتمانی هەموو دنیا هاوینترو بەسۆزترو گەرمترن لەجوانی زەردەخەنەی لێوی هەموو ئازادی خوازانی دنیا گڕی لێویان ئاڵترن تەڕترن جوانترن میهرەبانترن . قارەمان و نیشتمان پەروەری خاک سووتێنراو یان ماڵ ڕمێنراو یان کانی و چاوی قرژاڵ ئاسای جۆگەلە و ڕووباری داپۆشراو یان خاوەنی نەتەوەو نیشتمانێکی مەحف کراون بۆیە ڕقی پیرۆزیان دوژمن تۆقێنە ڕێگەو ڕێبازیان هەرگیز بەرنادرێت . ئەو پیاوە قارەمانانە کەڵە پیاوی مێژوون کەسی دی تامی جەربەزەیی پیاوەتی ئەوان نادات ئەو پیاوانە گەورەن و پاڵەوان و ئازاو نەبەرد دەچنە ڕیزی زانکۆی نیشتمان پەروەران و دەبنە هاوڕێی تاهەتایی سەربڵندیی و هێماو دروشمە نەتەوەیی یەکانی خاک و وڵاتی غەدر لێکراو بۆیە ئەو مەزنانە وەکو لەدایک بونێکی پیرۆز شەهید دەبن و جارێکی دی دەچنەوە ناو دڵی نیشتمانە داگیرکەرەکەیان و بۆی دەژین و دەمرنەوەو بۆی دەبن بە پردو ڕێگە بۆ نەتەوەی ستەم دیدەی زووڵم لێکراوی بریندارو دابەشکراویان بۆیە ئەو قارەمانانە دەبنە قوتابخانەی خاک و نەتەوە پەرستی و ژیان و داهێنان لەدنیای ئازادی و بوونی مرۆڤدا . ئەو پیاوە مەزنانە بەمردنی ئاسایی وەکو خەڵکی ئاسایی نامرن بەڵکو شەهید دەبن شەهیدیش لەهەمووان مەزنترە.

هۆنراوە بۆ قازی محەمەدی پێشەوا

کام شاخی سەخت باوەڕت بوو

چ هۆشمەندێک لەگەورەییدا میوانی ئازارەکانت بوو

چ بڵێسەیەکی نیشتمان هاوسەفەری هۆش و بیرت بوو

چی بوو گەوردم وای لێکردی خۆت بۆ خاکێ بسوتێنی
ڕێگەو پرد بیت بۆ نەتەوەت بۆ نیشتمان پاسەوان بیت
تابلۆیەک بیت پڕ لە ئازارو مەینەتی نەتەوەکەت
تفەنگێک بیت بۆ قەندیل و خوڕەی ئاوی مەرەزە بیت
تۆی مرۆڤی دنیای زەردەخەنە و هەناسە جوانەکانی باوەڕ
تۆبویت ئاوازێکی مەزن بۆ سرودی جەنگاوەری
سومبولێکیش بۆ ئازادی
تۆی پێنوس بۆ نوسینی مێژوویەکی مەشخەڵاوی
گووڵە گەنم بۆ کێڵگەی نیشتمانێکی برسی
ئاویش بۆ تینووێتی کوڕان و
کوڕانی بەجەرگی ڕۆژانی سەختی باو بۆران
کوڕانی ئازای ڕۆژانی جەنگ و بەرگری
ئاوازێک بووی بۆ مەشخەڵان
ئاڵایەکیش بۆ کوردستان
ئای چ عەشقێک وای لێکردی
ووڵاتی ژان لەباربەری
شەونخونیت بۆ نەتەوەت بێ سنور بێت
لە پێناوی ماڵێک پڕ لەبەختەوەری
بێ منەت بووی لەدوژمنان
بۆیە پێشمەرگەبوویت قۆڵ لەقۆڵی چەک و خەبات
لە پێناوی کوردایەتی و شادی ووڵات
چ تینێک و چ گورێک بوو وای لێکردی خۆنەویست بی
دەریایەک بیت لەعەشقی خاک
شۆرش بیت و قوتابخانە هەڵۆیەکیش ئازاو بێباک
ئەو دەمەی کە ئاڵات هەڵکرد
قوڵپی گریانی نەتەوەت دەستی پێ کرد
لە خۆشییان گەوردو بچووک بێ ڕاوەستان
بێ دودڵی و لەخۆشیاندا هەر دەگریان
هەلهەلەی شۆڕش و سەرفرازیت بۆ لێدران
بۆ ئاڵایەک بۆ خاکێک و نەتەوەیەک

پێش هەمووکەس وەک پێشمەرگە
پێشەوا هەر بێ دوودڵی
بەخوێنی خۆی ئاڵای نەخشاند
گەوردەو بچوکی دوژمنی ڕاچڵەکاند
پێشەوا بە دووژمنی ووت
من ئەو ڕەنگی ئاڵایەم و ئەویش منە
ئەو خوێنی نەتەوەکەمەو
منیش دەستم پڕ درکی چاوی دوژمنە
ئاڵاو کوردستان و کۆمار
مێژوی کوردن کوردیش هەناسەی ڕۆحی منە
منیش دەڵێم ئەی پێشەوا
تۆ سەروەرو گەوردەی ئێمەی
تۆ جێی شانازی و هیوای ئێمەی
ئەی عاشقی نان و ژیان بۆ نەتەوەت
خەوزڕان بووی بۆ چاوی دوژمنان
تادنیایە سومبولی تۆ بۆ کوردستان
شانۆیەکی پڕ خەباتی بێ ووچان بووی
تادنیایە گەوردەو پێشەواو پێشمەرگەی تۆ
فێرت کردین یان کوردستان یان نەمان
ئای چ عەشقێک چ ووانەیەک لە ئازادی
وای لێکردی ڕۆحت بنێی بەمەرگەوە بۆ نەتەوەت
شۆڕش بوویت و هەوێنی خەبات و تێکۆشان
باوکی گەوردەو ڕابەرمان بیت
سومبولیش بیت بۆ خاکی کوردو کوردستان

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیاردەنگ / ڕێکەوتی : ١ی ئاوریلی ٢٠٠٧

پێشەوا قازی: "بۆ من، ئەو مەرگە سەرکەوتنە"

قاسم رەیانی

گەلانی جیهان پاش شەڕی چەندین ساڵەی وێرانکەر و هەناسەبڕی دووەمی دنیاگر، بەرەو پشوودان دەچوون. بەڵام لەو هەلومەرجە تایبەتییە و لەو شوێنە بچووکەی جیهاندا کە ناوی کوردستان بوو، خەڵکی کورد دوای حەسانەوەیەکی یازدە مانگە لەژێر سێبەری کۆماری کوردستاندا بەرەو چارەنووسێکی پڕ لە تاریکی و بێدەرەتانی دەڕۆیشت. کۆماری کوردستان لەو ماوە کورتەدا ئەگەر لەلایەک دەهات مێژووی کورد بەرەو ئاقارێکی دیکە بەرێ، لەلایەکی تریشەوە ببووە چقڵی چاوی داگیرکەرانی کوردستان و زراوی زلهێزانی تۆقاندبوو. چارەنووسی کۆماری کوردستان بە تەرازووی سیاسی جیهان لە ناوچەکەدا بەسترابۆوە. قورسایی کەفەی ئەو تەرازووە، بێجگە لەو ماوە کورتەی کۆماری کوردستان هەیبوو، ئەویش زۆر بە لاوازی، هەرگیز و هەرگیز بە سوود و بەرژەوەندی گەلی کورد و کۆماری کوردستان دانەشکاوە.

دەستی مێژوو پێشەوا قازی محەممەدی هێنایە سەر سەکۆی سیاسەتی کوردستان و خستییە ناوەڕاستی ڕووداوە گرینگەکانی سەردەم و ئەوەش بە هەڵکەوت نەبوو. پێشەوا ژیرانە ویستی باری ئەو پارەسەنگە بە سوودی کوردستان دابشکێنێ و لە ئاکامی ئەو سیاسەتەشدا کۆماری کوردستان لەدایکبوو.

قازییەکان بە گوتەی دەیوید مەک داوڵ [١] "لەگەڵ پۆکری سیاسی بێگانە نەبوون". بۆیە پێشەوا قازی هەر لە سەرەتاوە بە نیازی دابینکردنی مەرجەکانی داشکاندنی پارەسەنگی سیاسی بە سوودی کورد، لە ٢٥ی سێپتامبری ساڵی ١٩٤١دا چاوی بە نوێنەری ئینگلیزەکان کەوتبوو. پێشەوا قازی کە لە ئینگلیزی و ئامریکاییەکان دڵسارد بۆوە،

ناچار بە ڕوویەکی ئاواڵاوە بە مەبەستی بەرژەوەندی نەتەوایەتی، پێشوازی لە داوەتەکەی سۆڤیەت کرد. پێشەوا قازی لە بواری نێوخۆشەوە خەریکی ڕێکخستن و یەکگرتوویی سەرۆک عەشیرەتەکان بوو و دەیزانی بەبێ ئەو یەکگرتنە دامەزراندنی کیانێکی کوردی لەو سەردەمدا نایەتە ئاراوە.

پێشەوا وێڕای وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێران، هەرگیز لەسەر ئەوە ڕانەوەستا کە دەوڵەتی ناوەندی مافی کورد بدا، بەڵکو بوێرانە کۆماری کوردستانی دامەزراند. لە ماوەی یازدە مانگ دەسەڵاتدارییەتیدا پێشەوا وەک مرۆیەکی سەربەخۆ، دیموکرات، سیاسی عیلمانی، دیپلۆمات، دادپەروەر، ئاشتیخواز و کۆمەڵناس، بێوچان و ماندوونەناسانە کاری کرد. سەرەڕای ئەوەی کە باقرۆڤ لە هەوڵەوە ڕادەگەیەنێ کە "ئێوە ناتوانن دەوڵەتێکی جۆییاز دامەزرێنن"[٢]، بەڵام پێشەوا بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، سەربەخۆیی و

سەربەستی بڕیاردانی خۆی نیشاندا.

پێشەوا ڕێبەرێکی دیموکرات بوو، هەرگیز خەڵکی دژ بە خۆی لە گەردوونەی سیاسی دوور نەکردەوە. ئەو سەرەڕای ئەوە کە خۆی مرۆڤێکی ئایینی بوو و کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردەواری بە دەست شێخ و مەلایانەوە دەیناڵاند، هەرگیز ئایینی لەگەڵ سیاست تێکەڵ نەکرد و بنەمای سیاسەتی دەوڵەتەکەی سیکۆلارانە بوو. پێشەوا وەک مرۆڤێکی ئاشتیخواز و لە هەمان کاتیشدا دیپلۆمات، هەم لە بواری ناوخۆ و هەمیش لە بواری دەرەوەدا دەجووڵایەوە. دەوڵەتی ئازەربایجان بە ڕێبەرایەتی پیشەوەری ناچار بە ئیمزاکردنی پەیمانامەیەکی دوو قۆڵی ئاشتی و هاوکاری کرد لە ئاست مەسەلەی ورمێ، هەرچەند کە پیشەوەری بە سەرۆکی ئازەربایجانی سۆڤیەت پشتیوانی باقرۆڤ پشتئەستوور بوو. پێشەوا هەرگیز لە دانیشتن و وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ئینگلیس، ئەمریکا، سۆڤیەت و ئێران بۆ دابینکردنی مافی گەلی کورد کۆتایی نەدەکرد. پێشەوا بۆ لەناوبرنی دووبەرەکی و ڕامکردن و ڕاگرتن و ڕازیکردنی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بێوێنە کاری کرد. ئەو ئەقڵی سەلیم و وتووێژی لە بەرامبەر شەڕ و دووبەرەکیدا هەڵدەبژارد. پێشەوا، دەگەڵ ئەوەی کە دژی هەژاری و لایەنگری نەهێشتنی دەستکورتی و هەژاری خەڵکی کورد بوو، بەڵام بە سرنجدانی باری ئاستەم و ناسکی سیاسی ئەو سەردەمی کوردستان، دەستی لە دابەشینی زەوی و زار نەدا و ڕێفۆرمی زەوی بۆ داهاتوو هێشتەوە، ئەوەش باری کۆمەڵناسی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو دەگەیەنێ.

بەگوێرەی بۆچوونی دەیوید مەک داوڵ "بەبێ پشتیوانی جیدی سۆڤیەت کەمترین هیوایەک بە مانەوە نەبوو و ڕێبەرانی کۆمار لە قووڵایی دڵیانەوە دەیانزانی کە پشتیوانییەکی ئەوتۆ جێگەی متمانە نییە.[٣]

پێشەوا هەر لە ڕۆژی یەکەمی سەرۆک کۆمارییەوە لە ئاکامی ئەو سیاسەتە ئاگادار بوو و دەیزانی ئاکامی سەرنەکەوتنی کورد چ شتێکی بەدواوە دەبێ. بەگوێرەی شاهیدان، ئەو ساتەی کە بەرەو چوارچرا دەچێ و دەبێتە سەرۆک کۆمار، لێیان بیستوە کە گوتوویەتی: "چوونە سەرتەخت چوونە سەرداری دەوێ." ئەو لێکدانەوەی دادگایەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە:

. من خۆم حەزم نەکرد بڕۆم...، زۆر باشیش لە سەرەنجامی کارەکەی خۆم ئاگادار بووم، ئێوەشم زۆر باش دەناسی... [٤]

پێشەوا بە بیرێکی زوڵاڵ و شەفاف لە هەموو ئاکامە چاک و خراپەکانی سەروەری کورد ئاگادار بوو. پێشەوا نە ڕاوێژکارێکی ئاکادێمی و نە پسپۆڕێکی سیاسەتی نێونەتەویی هەبوو کە هاوکاری بکا و نە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئەو کاتیشدا ئەو خوێندەوار و زانایایە هەبوون کە فریای کەون. پێشەوا تاکی تەنیا بە بوونی ئەوەی لەبەر دەستی بوو و ئەوەی سوودی لێ وەردەگیرا، سەرەوەری نەتەوەی کوردی هێنایە ڕووی واقیع. سەرەڕای هەمووی ئەوانە، پێشەوا مرۆڤێکی دووربین و گەشبین بە دواڕۆژی کورد بوو، و لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا بڕوای بە سەروەری و سەربەخۆیی کورد و کوردستان هەبوو. هەموو ڕەوتی دادگاییکردنی پێشەوا بەرگری لە کورد و سەربەخۆیی کوردە. پێشەوا لە دادگادا وەک مرۆڤێکی مودێرن و قانووناس خۆی بەرگری لە خۆی و گەلەکەی کرد.

پێشەوا سنووری دەستکردی نێوان کوردستانی بە ڕەسمییەت نەدەناسی و بەرژەوەندی هەموو کوردستانی بۆ گرینگتر بوو. لە دادگادا

لە وەڵامی هاتنی بارزانی ڕایگەیاند:

. ... کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە ... و ... بارزانی لە بەشێکی ماڵە خۆیەوە هاتوە بۆ بەشێکی دیکەی ماڵی خۆی و وەسەلام[٥] پێشەوا ئەو بۆچوونەی خۆی لەگەڵ هیوا بە دوارۆژی کوردستان گرێداو و بە داگیرکەرانی گوت:

. هیوام بە خوایە ڕۆژێک بێت و ئەو ئاڵایە بە دەستی بەتوانا و بەهێزی بارزانی؛ کە لەسەر ئەو خانووەی کە منی تێدا دادگایی دەکرێم و لەسەر هەموو شوێنە بەرزەکانی کوردستان بشەکێتەوە.[٦]

مەبەستی دوژمن لە سێدارەدانی پێشەوا و یارانی لە ڕاستیدا چاوترسێنکردنی گەلی کورد و لەسێدارەدانی سەربەستی و ئاواتی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد بوو. بەڵام مێژوو بۆچوونەکەی پێشەوای سەلماند و ئێستا ئاڵاکەی کوردستان لەسەر شەقام و سنوورەکانی بەشێک لە کوردستان دەشەکێتەوە، و بەشەکانی تری کوردستانیش بۆ ئەو ڕۆژە، ژماردنی بەردەوئاوەژوویان دەستپێکردوە.

داگیرکەرانی کوردستان بە خەیاڵی کوژاندنەوەی مەشغەڵی سەربەستی و خۆشبەختی گەلی کورد، پێشەوا قازی و دوو هاوڕێی تری، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٣١ی مانگی مارسی ١٩٤٧ ، بەرابەری ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی، لە چوارچرای شاری مەهاباد لەسێدارەدران. بەو چەشنە ئەویندارى بە گەل و نیشتمانی گەیاندە ترووپکی بەرزی خۆی.

پێشەوا دەگەڵ ئەوەی کە دەرفەتی دەربازبوونی هەبوو و بە گوتەی خۆی:

. ... چەندین ئۆتۆمبیلم لەبەردەسدا هەبوو، هەر کات و ساتێک مەیلم بووایە دەمتوانی بڕۆم و لە خاکی ئێران دەر بچم[٧]. بەڵام لەبەر ئەوەی گەل و نیشتمان هەموو فەلسەفەی ژیانی بوو، وەڵامی دوژمنانی ئاوا داویەوە:

. ... من بۆ کوێ دەڕۆم. ئێرە خاکی کوردستانە! باب و باپیرانم لێرە ژیاون... [٨]

پێشەوا لە دواییین ساتەکانی ژیانیشیدا هەر بەو فەلسەفەیە وەفادارە و لە وەسێتنامەکەیدا ڕوو لە گەلی کورد دەکا و ڕادەسپێرێ:
. ئەگەر وڵاتێکو هەبێ، سەربەستیەکو هەبێ، ماڵ و خاک و نیشتمانەکەو هی خۆتان بێ، ئەو کاتە هەموو شتێکتان هەیە، هەم ماڵ، هەم سەروەت، هەم دەوڵەت و ئابڕو و نیشتیمانیشتان دەبێ[٨]

بێتراند راسێل، فەیلەسوف و ئاشتیخوازی ئینگلیزی دەڵێ: جیاوازی ناسیونالیستەکان و ئێمە نیشتمانپەروە (پاتریوت)کان ئەوەیە، کە ناسیونالیستەکان بۆ وڵاتەکەیان خەڵکی تر دەکوژن، بەڵام ئێمەی نیشتمانپەوەر خۆمان بۆ وڵاتەکەمان بەکوشتن دەدەین.[٩]

سەرچاوەکان:

سەردێڕ: لە وەسێتنامەی پێشەوا قازی، سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا، بەرهەڤکردنی بەدرەدین ساڵح، ل.۴۴
۱و۳، تاریخ کوردستان بە فارسی، وەرگێڕانی ئیبراهیم یونسی
۲، مێژووی کورد، نووسینی کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی محەممەد رەیانی
۴ ، ۴ ، ۵، ۶، ۷ و ۸، سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا، بەرهەڤکردنی: بەدرەدین ساڵح، ل. ۳۰ - ۳۱
۵ ، ۶، ۷ و ۸، سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا، بەرهەڤکردنی: بەدرەدین ساڵح، ل. ۳۰ - ۳۱
۹، بەداخەوە سەرچاوەکەم لە یاد نییە .

قازی محەممەد: ڕۆژێک دێ لەسەر ئەو خانووەی کە منی تێیدا دادگایی دەکرێم، ئاڵای کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی : ۸ی مارچی ۲۰۰٦



لێکدانەوەیەک سەبارەت بە کەسایەتیی قازی محەممەد لە قۆناخی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دا

خالید زوورمەند

یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی مێژووی خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد قۆناخی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباده کە وەک خاڵی وەرچەرخان و راگواستن لە خەباتی نەریتی بەرەو نوێخوازی و رێفۆرمی بە سەردەمییانەکردنی خەبات پێناسە دەکرێ. بەو پێوانەیە بە کردەوە دەکرێ خەباتی کورد بە دوو قۆناخی:

١- خەباتی نەریتیی بەر لە کۆمار

٢ - خەباتی رووەو مۆدێرنیزمی دوای کۆمار، دابەش بکەین.

خەباتی نەریتیی بەر لە کۆمار بە کاراکتەری زاڵی هۆزەکی و رەسەنایەتیی پیرۆزی سەرۆک هۆزو ڤێئۆدال و پیرۆزیی ئایینی و میرنشینە ناوچەییەکانی کورد کە بە هۆی خاوەنداربوونی مەزنایەتی و باندۆڕی "نەریتی . کەلەپووری"بارستایی بوون بە تەوەری سەرەکی و هانـدەری خەباتیان تێدا هەبوو و هەوڵیان دەدا بە کەڵکوەرگتن لە پۆزیسیۆنی رەسەنو نەریتیی خۆیان و بەهادان بە داخوازە سەرەتایی و بەها رەسەن و کۆنەکانی "ئایینی . مەزهەبی" ، "زمانی . کولتووری"و "ئەتنیکی . نەتەوەیی" هێزو گوڕی بزووتنەوە کەیان دابین بکەن و هەر بەو پێوەرە نەریتی و کۆنانە رەوایی پێویست بۆ خەبات لە بیرگەی کۆمەڵ دا دابین بکەن کە هەندێ جاریش هەوڵ و تەقەلایەکی پەرتەوازە و کەم باندۆڕ بەرەو بە مۆدێرنیزەکرانی ئەوان و دابڕان لە شێوازەکانی بزاوتی نەریتی، خۆی راناوە. هەڵبەت لێرەدا مەبەست تەنیا رەخنەگرتن لە بزاوتی بەر لە کۆمار نیە، چوونکە ئەو شێوازە خەباتە بەرهەمی بارودۆخی تایبەتی و کارکتەری نەریتیی زاڵی ئەو کاتەیە. مەبەست دۆزینەوەی خاڵی وەرچەرخان و گۆڕان بە پێی پێوانەی سەردەمە کە بەرای ئێمە ئەگەرچی ئاوەها وەرچەرخانێک تەنیا لە برگەیەکی زەمانی دا سەری نەگرتوو و لە میانەی جووڵانەوەکانی پێشوودا بێگومان رەگی هەیە بەڵام بە دەربڕینێکی تەواو ئەرخەیانەوە دەکرێ قۆناخی کۆماری کوردستان بە پاڵێوراوی سەرەکی بۆ ناودێرکردنی خاڵی وەرچەرخان یان لانیکەم قۆناخی راگواستنی بزانرێت. گۆڕان لە شێوەی خەباتی نەریتی بەرە و مۆدێرنیزم خۆی هەندێ تایبەتمەندیی شازو تازەی کۆماردا رادەنێت کە دەتوانن هێماکانی سەلمێنەری ئەو بانگەشەیە بن. بەشداریی تارادەیەک ئاگادارانەی هەموو چینەکان لە دەسەڵات و خەبات دا بۆ یەکەم جار، هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی رووناکبیریی جەماوەر و لەدایکبوونی دەیان گۆڤارو رۆژنامە، رادیۆ (کە بە پێی ئەو کات کارێکی گرینگ بۆ دامەزراندنی مێدیای پێشکەوتوو بووە)، بە فەرمی کردنی زمان و خوێندنی کوردی و دەیان هەوڵی لەو چەشنە و هەروەها کزبوونی داخوازە سەرەتایی و کلاسیکەکان و جێگیربوونی داخوازو واتای سەردەمییانە، هەندێ لەو هێمایانەن. لە کۆمار بەولاوە ئیتر واتاگەلی نوێباوو زانستی و پێوانە پەسندکراوە گەردوونییەکان وەک دێموکراسی، مافی نەتەوەیی، بەرابەری، مافی کولتووری و

زمانی، کۆماری خودموختارو ...دەکرێن نێوەڕۆک و کاکڵەی بزاڤ و بەرەبەرە جێگەی مەزنایەتیی نەریتیی میرنشین و شێخ و ئاغاکان دەگرنەوە. بەو پێیە قۆناخی کۆمار دەبێتە دەستپێک کە لەو بەدواوە لە هەموو پارچەکانیتریشدا باندۆڕی ئەو داخوازو ئامانجە مۆدێرنانە جێگەی ویست و ئامانجەکانی نەریتی دەگرنەوە. لەو باسەدا تەنیا مەبەست، لێکدانەوەی کەسایەتیی پێشەوا وەک رابەرو تەوەری سەرەکیی قۆناخی کۆمار، وەک قۆناخی راگواستنە. گەلۆ چ هۆکارگەلێک دەبێتە هۆی پیرۆزکرانی پێشەوا لە یادوەریی کۆمەڵگاو هزری جەماوەردا؟ دەزانرێ کە مەزنایەتی تا ئاستێکی هێندە بەرز دراوە بە پێشەوا کە تا هەنووکەش لە ناو خەڵکی کوردو غەیرە کورددا ئەو قۆناخە بە ناوی "شۆڕشی پێشەوا" ناودێرکراوەو بە ئاوای نافەرمیو بەربڵاو لە گوتارو ئاخاوتنزدا کەڵکی لێوەردەگیرێو تەنانەت تا رادەیەکیش درزی کردۆتە نووسراوەکان. بەو پێوانەیە لانیکەم لە هزری خەڵکی رەشۆکی دا پێشەوا کۆتەرەیەکە (ساقە)و خەبات وەک لک و پۆپ بەسەریەوە وەستاوە. لێ بەو پێیە لێکدانەوە و ناسینی کەسایەتیی پێشەوا وەک ئەکتەرێکی پۆزەتیڤ و سەرەکی لە قۆناخی وەرچەرخان و راگواستنی بزاڤی مافخوازانەی نەتەوەی کورد و شرۆڤە کردنی کردەکانی ئەوو شوێنەواری ئەو کردارانە پێویستییەکی مەزنەو هێزو وزە و چاخی فرەی گەرەکە. لەو رووەوە ئەو دێڕانە تەنیا دەکارن ئاماژەیەکی کورتو نیوەچڵ بۆ وەها گرینگێک بن.

ئێمە لێرە دا لە سێ گۆشەنیگاوە هەوڵی راڤەی تیۆریکی کەسایەتیی پێشەوا دەدەین :

۱- پێشەواو شوێندانانی کاریزمایی ئەو لەسەر ریزەکانی خەبات و توێژەکانی کۆمەڵگا:

مێژووی خەباتی هەر گەل و نەتەوەیەک لە پێناو رزگاری و سەربەستیی خۆیدا هەندێ کەسایەتیی کاریگەرو هەڵکەوتووی خوڵقاندوە کە دوای رەوتی خەبات لە کلێشەی کەسایەتیی ئەوان و بانگەوازی ئەوان دا بە چەند قاتی بەرزتر تۆخ بۆتەوە، گۆڕانی سەرەکی بەخۆ بینیوە و تەنانەت وەرچەرخانی بووە. بە دەربڕینێکیتر کەسایەتیی خوڵقاوی خەبات خۆی دەبێتە خوڵقێنەری خەبات و بە ئاستی هەستپێکراوی داهێنەرانەی ئەرێنی یان نەرێنی خۆیدا بۆتە سمبۆلی سەرهەڵدانی نەتەوەیی و ئیتر خەبات بە ناوی ئەوەوە سەری هەڵ داوە. ئەوەیە کە پرۆوسەیەکی دیالێکتیکیی هەستپێکراو دەردەخات. خەبات، کەسایەتیی پسپۆڕو کاریزما دەخوڵقێنێ و خۆی ئەم کەسایەتییە بە داهێنانی خۆی بێچمی (شکل) نوێباو تۆبە خەبات دەبەخشێت کە ئیتر بەناوی ئەوەوە زەق دەبێتەوە. لەو پرۆسە دیالێکتیکییەدا بێچمی نوێباوی خەبات بۆی هەیە:

۱- پاشماوەکانی خەباتی پێشوو پاکتاوبکات و ئامانج و بەهاکانی ئەو قوت بدات کە لە راستیدا ئەوە تەنیا چەواشەکردنی شوێنی خەبات و سرینەوەی ئاسەوارەکانیەتی و لەو پەڕی خۆیدا رەنگە بە جۆرێک گەڕانەوە بۆ سیستمی دژبەری خەباتی لێ بکەوێتەوە.

۲- درێژەدەری خەباتی پێشوو و تەواوکەری ئەو بێت و بە هێزو گوڕی نوێباوی خۆی پتەوتر لە پێشوو گوڕ بە خەبات بدات کە لێرەدا بابەتی پاکتاوکردن و سرینەوەی دیالێکتیکی کلاسیک واتای نامێنێ و خەباتی پێشوو کە تێز پێک دەهێنێ، کارکتەر و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە میانەی بێچمی نوێباودا کە (رۆڵی سەنتێز دەگێڕی)، دەپارێزێت و گەشەدەکات.

رەوتی خەباتی رزگاریخوازی و مافخوازیی گەلان بە ئافراندنی تەوەرو کاریزما لە راستی دا ئامانجی ئەوەیە شوێنی خۆی دیارو

پاقژ بکات ئەک دژبەری خۆی بخوڵقێنی بەڵام بەستراوە بەئاکارو کەسایەتیی کاریزما، بۆی هەیە کە بەشوێنی دژدا بروات و یان تەواوکەر بێت. تا چ ئاستێک کەس و کاریزما لە خزمەت خەبات دا خۆنەویستیی خۆیان لە پێناو خەبات دا پیشان بدەن، ئەو مژارە هۆکاری پێشڤەبردن یان چەواشەکردن و تەنانەت سڕینەوەی (کە ئەویان جۆرێک خۆخواردنی خەباتەکانە) لێدەکەوێتەوە. رستەی ناوداری "راپەڕین رۆڵە راستەقینەکانی خۆی هەڵ دەلووشێ." ئەگەر بە پێی وەها روانینێک بخوێندرێتەوە ئەوکات ناکارێت کە دەربڕینێکی گشتگیر بێت و پێویستە بەم شێوە بە ساغ بکرێتەوە:"کەسایەتییە تەوەری و سەرەکییەکانی راپەڕینەکان هەوڵی راهێنانی هەموو خەباتگێڕەکان لە تەک مێتۆدۆلۆژیای خۆیان و ویست و ئامانجەکانیان دەدەن" .

لێرەدا چۆنیەتیی مامەڵەکردنی کاریزما لەتەک هاوخەباتەکانی دیکەی، راستەوخۆ پێوەندیی هەیە بە روانین و رامانی کراوەو دێموکراسییانە یان بیرتەسک، بەرچاوتەنگ، دەمارگرژو "دیسپۆتیک"(سەرەرۆیانە)ی ئەو. ئەگەر کەسی کاریزما لە پێناو گۆڕان و نوێخوازیی خەباتی گەلەکیدا بە ئاستی خۆنەویستی بگات ئەو کات بێگومان هزری بەربڵاویی کۆمەڵگا دەروی سەرەکی دەبینێت کە لێرەدا پرسی پاکتاوکردن لەئارادا نیەو خورانی رۆڵەکانی راپەڕین دۆخێکی دەگمەنە. رێک بە پێچەوانەوە ئەگەر کاریزما خاوەنی بیری بەرتەسک و ئۆتۆریتەرخواز بێت، هێزو بانگەوازی ئەو خولیای خۆبەزلبینی و هەڤیازبوونی (ممتازبودن) لێدەکەوێتەوە کە ئەوکات تا دەڕوا زێدەتر هۆگر بەخۆد دەبێت و هەموو دەربیچەکان لەسەر هزری کۆمەڵگا قەپات دەکرێت. دیکتاتۆریو ئۆتۆکراسی خۆ رادەنێت و تاک و تەنیا بە روانینی بیرتەسکی خۆی سیستمی پاش سەرکەوتن دەسەپێنێ. ئەو یەکە هۆکاری چەواشەبوونی شوێنی خەبات و بە قوربانیکی کرانی رۆڵەکانی راپەڕین تۆخ دەکات .

خوڵقاندی کەسایەتیی کاریزما فاکتەرێکی بێ ئەملاوئەولای سەرنەکەوتنی خەباتەکانی گەلان بووەو هەروەها بارتەقای چەمکی هۆگربەخۆبوونی ئەوان سەرهەڵدانی دیکتاتۆر لە ناخی کاریزمادا شوێنەواری بووە. پێچەوانەی ئەویش لە خەباتە ناسراوەکان دا بەختەوەریی گەلانی دەستەبەرکردوە. لە جەمسەری یەکەم دا ئۆتۆریتایانیزمی بیرتەسک و خۆخوازی وەک هیتلێر، ئاتاتۆرک، سەددام، خومەینی و ئێستالین و...ئەنجامی خەبات لە جەهەننەمی پێشوو تێوپەڕێنن و لە جەمسەری بەرامبەریش دا لەخۆبردوویی کاریزماکان وەفاداریی ئەوان سەبارەت بە ئامانجەکانی راپەڕینو بڕوامەندیی راستەقینە بە شوێنی خەبات وەک ماندێلا، گاندی، چەگڤارا، تا رادەیەک لێنین و... رێگای بەئامانج گەیشتنی خەڵکیان بە مەزەندەی ئەرێکردنی هەر جۆرە نەهامەتییەک بۆ ژیانی خۆیان پێکهێناوە .

بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کوردو خەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی خۆی هەڵگری تایبەتمەندییەکی شازە کە بە دۆخی تایبەتیی ئەو گەلەوە پێوەندیی هەیە. گومان لەوەدا نیە کە زۆرلێکراوترین گەلی مێژوو جگە لە کورد ناتوانێ کەسیتر بێتو ئەم نووسراوەیە مەودای ئەوەمان پێنادا کە هەوڵی پێکەوە هەڵسەنگاندنی هەموو گەلانو سەلماندنی ئەو بانگەشەیە بدەین هەرچەند ئاشکرایی ئەم یەکە لە کەس دانەپۆشراوە. هەروەها سەلماندنی ئەو بڕوایەش کارێکی چەتوون نیە کە "بێگومان زۆرلێکراوترین گەل یان نەتەوەکان ئاشتیخوازترین گەل و نەتەوەکانن." هەر لە گۆڕ وەها پێوەدانگێکەوە ئەگەر خەبات دەکات خەباتەکەشی هەر ئەو کاراکتەری ئاشتیخوازترینە دەپارێزێتو ئەگەر کاریزمایەک دەخوڵقێنێ، ئەو وەک بەرهەمی ئەم دۆخە ناتوانێ لە پێوانەی مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازی بترازێ. گەلێک کە هیچ کات داگیرکەر نەبووەو بەردەوام داگیرکراوە، دەستدرێژی نەکردوەو ئامانجی لە مێژینەی دەستدرێژی بووەو بە

گشتی ئەو کاتری قسە لە پێوەندییەکانی چەوسێنەرو چەوساوە دەکرێت هەمیشە بەرکارو چەوساوە بووە نەک بکەرو چەوسێنەر. ئەوها بوونەوەرێک سروشتییە کە لە هاوپێوەندییەکانی چەوسانەوەو دەستدرێژی بێزی هەبێ. ئەگەر کورد، بزاوتێکی بووە تەنیا بۆ سەلماندنی بوونی خۆی بوە لە هەمبەر رامیاریو پیلانی نکۆلی و پاکتاوی داگیرکەران دا. رێبەرانی تەوەری و کاریزمای گەلی کورد مینا پێشەوا بە دانی بەرزترین نرخەکانو پێشکەشی گیان، بەکردەوە خۆنەویستی و مرۆڤدۆستیی خۆیان وەک تایبەتمەندییەکی هەڤیاز(ممتاز)و بەرزپەرچین کردوە. ئەو دەربڕینە پێشەوا بەتایبەتی و هەموو بەهاکانی خەباتگاری گەلی کورد بە گشتی دەخاتە خانەی کاریزمای ئەرێنی و بە کاریزمابوونی ئەوان نەک هەر شوێنی خەبات و ئامانجەکانی چەواشە ناکات، بگرە دەیان و سەدان قات بەرزتر، گورِی پێدەدات و بارستایی مرۆڤپەروەری و دێموکراتیکی ئەو خەباتە لە رەوتێکی بەردەوام دا تەنانەت پاش تێداچوونی خۆیشی بەرزترو بەرزتر دەکات. سەلماندنی کاریگەریی بانئاسایی و کاریزماتیکی پێشەوا لەو رووەوە گونجاوە کە تێکەڵاویی ئەو لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمەڵەی "ژ.ک"، ئەویش بە داکۆکی زۆری ئەندامانی ئەو پارتەو هاوکاریی پێشەوا دۆخێکی تایبەتی دەخاتە بەرچاو کە هیچ چەشنە خۆسەپاندنێکی تێدا نادیترێ کەچی تەنیا بە هۆی خۆشەویستی و کرداره بڕوامەندانەو پاقژەکانی خۆی دەبێتە تەوەرەی سەرکیو ئیتر ناوی "شۆڕشی پێشەوا" جێگەی هەر ناوێکیتر دەگرێتەوە. بە واتایەکیتر بزاڤی ئەو قۆناخەی کورد لە یادەوەریی کوردو غەیرە کوردیش دا، زۆرتر لە هەر بابەتێک کە کلێشەی کەسایەتیی پێشەوادا خۆی دەبنێتەوە. کە پێشتر ئاماژەکرا وەک قۆناخی راگواستن لە گرینگترین قۆناخەکانی سەرجەم خەباتی کوردە. ئەوها مەزنایەتییەک کە بە کەسایەتیی پێشەوا دراوە و هەر لە سەردەمی تێکەڵاوبوونی ئەو لە بزاڤدا بە هۆی هەندێ فاکتەر، وەک مەزنایەتیی نەرێتیی بنەماڵەی ئەو و پاڵپشتیی ئایینیی خۆی و باوانی، مینا دەسەڵاتدارییەکی مێتافیزیکی پیرۆز دەکرێت. بە روونی دیارە کە ئەو مژارە چ رادەیەک درەتانی سەپاندنی ویستو رای خودی پێشەوا پێکدەهێنێ. سەرنجدان بەو مەسەلەیە گەلۆ پێشەوا چ جۆر مامەڵەیەکی لە تەک ئەو دۆخەدا بووەو بە پێی ئەوە دەکەوێتە خانەی کام کاریزماوە؟ بە واتایەکیتر ئاخۆ کاریزمایی پێشەوا نەرێنی بووو خۆزلبینی و ئۆتۆکراسیی کەسی قازی لێکەوتۆتەوە یان کاریزمایی ئەو کاریگەریی ئەرێنی بووەو خۆنەویستی و دێموکراسی ئافراندوە؟ بۆ دۆزینەوەی وەڵام پێویستە پێشەوا لەگەڵ نوێنەری هەردوو جەمسەری رابەرانی کاریزمای گەلانی گەردوون بەراورد بکرێت. زێد لە شەش دەیە بەر لە ئێستا توێژێکی "ئاریستۆکرات ـ مەزهەبی"ی نەریتی، پشتاوپشت خاوەنی پیرۆزییەکی ئایینی و دەسەڵاتدارییەکە "نەریتی ـ ئەربابی" بووە، کە بە داکۆکی و داوای زۆرەوە رابەریی خەباتێکی نەتەوەخوازانەی دەخرێتە پاڵ. (پارێزکردنی پێشەوا لە وەرگرتنی دەسەڵات بەر لە هەرشت تایبەتمەندیی خۆنەویستیی ئەو دەسەلمێنێ.) ئەو جارەیان ئیتر لە هزری "نەریتی ـ هۆزەکی"ی کۆمەڵگای ئەو کاتدا هەتا ئاستی کەسێکی تاقانەو بانمرۆڤی مەزن دەبێت. ئەوە چیرۆکی بەدەسەڵات گەیشتنی پێشەوایە و دەسەڵاتێکی بێسنووری بەدەر لە کلێشەی رێسایی و کۆنترۆڵی پێدراوە کە ئەگەر خولیای دەسەڵاتو هۆگربەخۆ بایە دەیتوانی دیکتاتۆرییەکی کەم وێنەو دەسەڵاتدارییەکی "ڤیئۆدال ـ مەزهەبی" دابمەزرێنێ کە پارێزەری ویست و بەرژەوندییەکانی تایبەتیی خۆی بێت. بۆ پاڵپشتیی ئەوەیکە کە دەیتوانی لە دەسترۆیشتوویی ئایینی و نەریتیی خۆی و بنەماڵەشی کەڵک وەربگرێ بەڵام لەخۆبردووی و خۆنەویستیی پێشەواو دڵسوزیی راستەقینەی ئەو لە هەمبەر گەلەکەی تەنیا هێزێکە رووبەڕووی شیمانەی ئەوها خوازیارگەلێک بۆتەوەو، مینا گاندیو ماندێلا هەموو نەهامەتی و خەسارێک وەردەگرێو لە کاتێکدا دەرەتان بۆ پاراستنی گیان زۆر لە مردن زێدەتر هەیە، پێشەوای کاریزما بە هەڵبژاردنی دووهەم ئەو جارەیان بۆ هەمیشە دەبێتە پاڵەوانێکی نەتەوەیی و بەهایەکی پیرۆز.

ئەگەر کەسایەتیی خومەینی ـ نوێنەری زەقی کاریزمای نەرێنی ـ و پێشەوا کە نوێنەری کاریزمای ئەرێنیە، پێکەوە هەڵسەنگێندرێن دەردەکەوێ کە ئاکامی، هەموو کردارەکانی ئەوان تەواو پێچەوانەی یەکترە. جارێکیتر لە دۆخێکی هاوشێوەدا خەباتی هەموو گەلانی ئێران هەوڵی خوڵقاندنی کاریزما و تەوەری یەکیەتی دەداتو ئەو تەوەرە لە کەسایەتیی ئاخوندێکی خاوەن باندۆڕی نەریتی و مەزهەبی دا دەدۆزێتەوە. "ئاریستۆکرات ـ مەزهەبی"ی ئەوجارە بە پێچەوانەی پێشەوا دەسەڵاتدارییەکی نوێباو، "ڤێئۆدالیزمی ئایینی" تەنێ لە چوارچێوەی بیری بەرتەسکو ئایدۆلۆژێکی خۆیدا دادەمەزرێنێ. بە پێچەوانەی هەموو ئامانجەکانی خەبات، دیکتاتۆریی تێئۆکراتیک لە دەسەڵاتی رووخاوی پێشووی پەهلەویش چڕتر خۆ رادەنێ، دەرەتانی جیابیری و سەربەستیی رامان بە تەواوی قوت دەکرێو راپەڕین بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەست بە خواردنی رۆڵەکانی خۆی دەکا. کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان تەواو ئاستەنگ دەکرێن. بە پێچەوانەوە لە قۆناخی کۆماری کوردستاندا تەنیا جارێکیش نارەزایی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کۆمار نەبیسراو بەندییەکی رامیاری نەدیترا .

بە بڕوای "ماکس وێبێر"، مانەوەی کاریزما پێویستی بە چاکسازیی بەردەوامی خۆی هەیەو ئەو یەکە لە رێگەی جووڵانەوەی بەردەوام بە قازانجی کۆمەڵگادا دەدۆزیەوە، دەنا تووشی داکشان دەبێتو سیمای پیرۆزی خۆی دەدۆڕێنێ و پێڕەوەکانیشی پەژیوان دەبن و لێی دەپرینگێنەوە.

لە کاتێکدا خومەینی، سەددام و ئێستالین تەنیا چەند رۆژ پاش گەیشتنە دەسەڵات، دەست بە پاکتاوکردن و پەراوێزخستنی هاوخەباتەکانی چەن رۆژ پێشی خۆیان دەکەنو هیچ دەرەتانێک بۆ رامانی سەربەست و بیروڕای جیاواز ناهێڵن، دەبینین بە پێچەوانەوە لە خەباتی گاندیو ماندێلا و پێشەوادا هەر چەشنە گۆڕانێک راستەوخۆ لەسەر بنەمای رای گشتی و بە پێی پێویستیی بارودۆخ سەردەگرێت .

تەنانەت هەڵبژاردنی قازی محەممەد وەک سەرکۆمارو بوونی بە پێشەوا، نیشانەی شێوازێکی تایبەتیی بان‌دێموکراسی بووە. دەزانرێ کە لە مەڕ داخوازیی خودی خەڵکو پێداگریی ئەندامانی کۆمەڵەی "ژ. ک"، ئەو پلەیە درا بە قازی و نەک هەر چەشنە سەپاندنێکی تێدا بەدی ناکرێت، تەنانەت کەس خۆی بەبژارناکات تا لە رەوتی هەڵبژاردن و بە لێی ئاژیتاسیۆن (تبلیغات)ی باو بۆ ئەو یەکە لانی زۆری دەنگ کۆبکاتەوە. لێرەدا قازی خۆی وەک پاڵێوراو نەناساندوە بەڵام لە لای خەڵک بە رێژەی رەها هەڵ دەبژێردرێتو ناچار بە قبووڵکردنی دەکرێ .

دەرەتانی هیچ بڕیارێکی تاکەکەسی لەو قۆناخەدا نیەو رێککەوتنی گشتی بەسەر هەر بڕیارێکدا زاڵە. ناوی کۆمەڵە دەکرێتە بە "حدک"و ئامانجەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، (سەربەخۆیی کوردستانی گەورە دەکرێت بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێران و ...) بەڵام هیچ نارەزاییەک نابیسرێ هەڵبەت دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نیە کە ئەو گۆڕان و بڕیارانە بسەپێنێو لە ترسی ئەو مەودای نارەزایی نەبێ، کەوابێ تەنیا یەک هۆکار بۆ ئەو یەکە دەمێنێتەوە ئەویش هەبوونی دێموکراسیی راستەقینەیە .

۲- سێکۆلاریزم لە قۆناخی کۆماردا: لە تایبەتمەندییە شازەکانی قۆناخی کۆمار کە بانگەشەی ئێمە لەمەڕ بە قۆناخی راگواستن و

وەرچەرخان زانین، زیاتر پشتڕاست دەکاتەوە، هەوڵی سرینەوەی پیرۆزیی ئایینی و مەزنایەتیی نەریتی دەسەڵاتەکە، تێیدا بەرووتی بەرچاوەو کاریگەریی کەسایەتیی رووناکبیریی پێشەوا لەو یەکەدا بەرووتی دیارە. پێشەوا هەر لەسەرەتای پێوەندیگرتن بە کۆمەڵەی "ژ.ک"وە ئەو هەوڵەی بۆ سرینەوەی پیرۆزیی ئایینی بە کردەوە دەست پێ کرد. لە پێکهاتەی کۆمەڵەدا هەندێ ئاسەواری ئایینی، وەک سوێندخواردن بە پەرتووکە پیرۆزەکان و پەیمان بەستن بۆ هاوکاریی هەتاهەتایی هەبوو کە مەزنایەتیی ئایینیو غەیرەئایینیی پێ دەبەخشێ. کە دوایی بە پێی داهێنانێکی ئەو و گۆڕینی کۆمەڵە بە "حدک" ئەو بابەتانە هیچیان نامێنن. تا بە ئەورۆ ئەو داهێنانەی پێشەوا لە سیستمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا ماوەتەوەو بە پێچەوانەی زۆربەی پارتەکانی تری گەلی کورد، هیچ ناچارکردنێک بۆ بە ئەندام بوون یان مانەوە تێیدا نیە .

ئێمە باسمان لە باندۆڕی کاریزمایی پێشەوا کردو ئەو یەکە لەگەڵ مژاری سێکۆلاریزمدا ناتەبایی هەیە. بەڵگەی زۆر هەن کە دەسەلمێنن پێشەوا ئەو کێشەیەی هەست پێ کردبوو و بە کردەوەش هەوڵی چارەسەرکردنی دابوو. مژاری کاریزمایی پیشەوا بۆ دو هۆکار دەگەڕێتەوە: ئا. هەروەک پێشتر وترا پێشەوا وەک کەسایەتییەکی ئایینی ناسراو بەر لە کۆماریش جۆرێک مەزنایەتیی هەبوو کە ئەویان شوێنی لەسەر پێشەوای سەرۆک کۆماریش هەر مابوو. هەرچەند خۆی زانایەکی ئایینی و بەبڕوا بوو، بەڵام هەوڵی زۆری بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات داوە کە باندۆڕی پۆزەتیڤی تا ئێستاش لەسەر بزاڤی کورد بەردەوامە. ب ـ روانینی نەرێتیی هەموو گەلان لەسەر دەسەڵات و دەوڵەت بە جۆرێک بەزلزانینو بە پیرۆز زانینی دەوڵەتی لە ماکدا هەیە کە پێوەندیدارە بە ئاست نزمیی زانیاری و خوێندەوارییەوە. پۆزیسیۆنی کۆمەڵایەتیی پێشەوا وەک سەرۆک کۆمار، جۆرێک بە مەزنایەتیی بینینی لە لای جەماوەرەوە لێ دەکەوێتەوەو ئاستی لاوازی خوێندەواریو پێکهاتەی زاڵی هۆزەکیی کوردستان زێدەتر دنەی ئەویکەی دەدا. پێشەوا بۆ بەربەرەکانێ لە هەمبەر ئەو یەکەدا لە لایەک هەوڵی دامەزراندنی سیستمێکی مۆدێرن و شارستانی دەداو بە گشتی کۆمار گرنگیی زۆری بە زانست و خوێندەواری و پێشکەوتن و پیشەسازی داوە. ئەگەر بەسەرەنجدان لە هێزەکان و دەرفەت و سەرمایەی زۆر کەمی ئەوکات لە مۆدێرنیزاسیۆن بڕوانرێت، بەڕاستی دەبێ وەک شانازییەک تۆماربکرێت. لە لایەکیتر بڕیاردانی هاوبەش لەمەڕ کاروباری گشتی کە لە قۆناخی کۆماردا کرا بە کولتوور، خۆی شێوەیەک بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ مەزنایەتیی ئگەتیڤی دەسەڵاتو هەوڵێکی گرنگ لە پێناو سێکۆلاریزم دا بوو. پێشەوای نەمر تا رادەیەک بڕوای بە رای گشتی هەبوو کە تەنیا بریارێک کە بە تاک دابێتی و رای گشتی، ئەرێی نەکردبێ بێگومان ئەوە تەنیا بڕیاری کۆتایی ئەو بووە لەمەڕ مانەوە لە ناوشارداو لە سێدارەدانی ئەو! ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئەوەش درێژەی هەوڵی ئەو بوو بۆ سرینەوەی مەزنایەتیی خۆی وەک دەسەڵاتدار. ئیتر پێشەوا پیرۆز نیە بە هۆی دەسەڵاتداری یان پلەی ئایینی، پێشەوا وەک چالاکێکی تێکۆشەرو بەهایەکی نەتەوەییو سەمبۆلی خۆڕاگری، بۆتە بەشێک لە میتۆلۆژیا(اسگورە)ی گەلەکەی.

٣- گەلۆ پێشەوا ناسیونالیستێکی توند ئاژۆو رەگەزپەرست بووە یاخود نیشتمانپەروەرێکی(پاتریۆئۆتیست)مرۆڤدۆست؟ ناسیۆنالیزم، پاتتاییەکی بەرینی واتایی لەخۆ دەگرێت و لە شێوەی سەرەڕۆیانەی خۆیدا شۆڤێنیزمی لێدەبێتەوە. هزری شۆڤێنییانە جۆرێک زێدەڕۆیی کردن لەگەڵ خۆشەویستی دایەو بە گەلپەرستی دەناسرێت کە خاوەنی ئەو هزرە، گەلی مەبست لەچاو گەل و نەتەوەکانیتر وەک بوونەوەرێکی پیرۆزو مەزنتر دەزانێ و سەربەستی و بەختیاریی گەلی خۆی بە مەزندەی زیان گەیاندن بە گەل و نەتەوەکانیترەوە بە ردوا دەبنێ و ئەوە جەمسەری نەرێنی واتای ناسیۆنالیزمە. بەڵام بوونی هەستی نەتەوەخوازیی دێموکراتیک و مرۆڤدۆست کە هەمان

نیشتمانپەروەرییە، ئەک هەر مژارێکی زیانبار نیە بەڵکوو لە فاکتەرە سەرەکییەکانی هەبوونی هەستی مرۆڤدۆستییە. لەو مژارەدا تاکی نیشتمانپەروەر، رەهەندی خۆشەویستیی زێدو هاوڕەگەزی خۆی لە چەمکی مرۆڤدۆستی دا دەدۆزێتەوەو سەربەرزیی گەل و نیشتمانەکەی لە دەستەبەرکرانی مافی رەواو بەرابەری هەموو مرۆڤەکان دا دەدۆزێتەوەو ئەوەیان جەمسەری ئەرێنیی واتای ناسیۆنالیزمە. ئەم نووسراوەیە لە وزەی خۆیدا نابینێ کە بەوردی هەوڵی راڤەی تێروتەسەلی کەسایەتیی پێشەوا لەمەڕ رەگەزپەرستبوون یاخود نیشتمانپەروەربوون بداتو وەک بابەتێکی پرۆفیشناڵ (تخصصی)و شیاوی لێکۆڵین،بۆ شارەزایانی دەهێڵێتەوە بەڵام هەندێ ئاماژەی سەرەتایی داخوازەکانی پێشەوا لەمەڕ مرۆڤدۆستی و بڕوامەندی بە مافی بەرابەری گەلان پیشان دەدەین کە هەستی نیشتمانپەروەرانەی ئەو پشتڕاست دەکاتەوە. ئا. کۆماری کوردستان و گەلانیتر، بوونی هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ گەلە بەشخوراوەکانی دیکە لە قۆناخی کۆماردا لە تایبەتمەندییەکانی گرنگی کۆماربووە و ئەوە خۆی تاڕادەیەکی بەرچاو ئەنجامی تێکۆشانی پێشەوای سەرۆک کۆمار بووە. ب ـ هەوڵی خەبات بۆ پێکەوە ژیانی دێموکراتیک، وەک ئاڵتێرناتیڤێک بۆ سەربەخۆیی کورد، گرینگرتر گۆڕانێکە کە لە قۆناخی کۆمەڵەی "ژ. ک" بۆ "حدک" وەبەرچاو دێت. ئەگەرچی پێشەوا بۆ ئەو گۆڕانە "پێویستیی قۆناخی" وەک هۆکار هێناوەتەوە بەڵام پێشەوا بە ئاگاداری لەو بابەتەی کە "پێکەوەژیانی گەلان و هاوپێوەندیی دۆستانە و مافی بەرابەر" زیاتر لە سەربەخۆیی بە قازانجی گەلی کورد و گەلانی ترە، ئەو گۆڕانەی پێکهێناوە. ج ـ لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا کەمایەتییەک لە گەلانی غەیرەکوردیش هەبوون کە مافیان لە ئاستێکی لۆژیک دا پارێزراو بوو. هیچ نیشانەیەک لە نارەزایی و چەوسانەوەیان نەدیتراوە. ئەوەیان بەڵگەیەکی سەلمێنەرەو شۆڤێنیست نەبووی کۆمارو کەسایەتیی پێشەوا پشتڕاست دەکاتەوە. د ـ لە هەموو گرینگترهەوردک لە گشت ئەم وتاردا باس کرا، قۆناخی دەسەڵاتدرایی کۆمارو سەرۆک کۆمارییی ئەو، بەپێی هەلومەرجی ئەوکات لە ئاستێکی لۆژیکی ـ دێموکراسیدا خۆی راناوە. ئەوەیان خۆی لەگەڵ شۆڤێنیزم لێکدژیی هەیە. دێموکراسی و رەگەزپەرستیی بەرچاوتەنگ پێکەوە کۆ ناکرێنەوە. رەوشی پێچەوانەی ئەوەش هیچکات نەدیتراوە کە دەسەڵاتداری تاک یان گرووپی شۆڤێنیست تەنانەت لە گەل و نەتەوەی خۆشیدا، هەڵسوکەوتی دێموکراتییانەی بووبێ. رەگەزپەرستی داگری هەندێ تایبەتمەندیی وەک دەمارگرژی، بەرچاوتەنگی، نەبوونی بڕوا بە مرۆڤایەتی و بەرابەریی مرۆڤەکان و ...یە کە تەواو پێچەوانەی دێموکراسین و قۆناخی کۆمارو دەسەڵاتداریی پێشەوا پاقژ لەو تایبەتمەندییانە بووە .

بەو ئاماژە کورتە کەسایەتیی پێشەوا وەک مرۆڤێکی نیشتمانپەروەرانەو مرۆڤدۆست خۆ دەنوێنێ....

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی : ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

قازی محەممەد

لە ویکیپیدیاوە، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

قازی محەممەد (١٩٠٠ - ١٩٤٧) دادوەر، بە باشی ناسراوی ناوچەی موکریان و دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆماری کوردستان، لە ساڵی ١٩٤٦دا بوو. دوای ڕووخانی کۆمار لە ساڵی ١٩٤٧دا قازی دەگەڵ هاوڕێکانی لە لایەن حکوومەتی کاتی تاران لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران.

سەرەتای ژیان

قازی محەممەد، کوڕی قازی عەلی، لە بنەماڵەیەک کە ناوبانگی لە شاری مەهاباد بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نە تەنیا لەلای خەڵک بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکوومەتیش، جێگەی ڕێز و پێزانین بوون. هەر بە بنەماڵە زانا و ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر بوون. لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا پیاوی وەک میرزا فەتاحی قازییان لە بەرەنگاریی ڕاستەوخۆ دەگەڵ ڕووسەکان لێ شەهید بوو، کوڕە لاوەکانیشی (سالار و محەممەد) بە دیل گیران و بۆ شوێنە دوورەکانی ڕووسیەی ئەو کات بەڕێ کران و تا شۆڕشی ئۆکتۆبر هەر لە دیلیدا بوون.



قازی عەلی باوکی، لە ١٩٣٠ لە مەهاباد ڕێکخراوێکی کوردی بە ناوی بزووتنەوەی محەممەد پێک هێنا. ناوبراو لەگەڵ جووڵانەوەی شێخ محەممەد خیابانی لە تەورێز پێوەندی هەبوو، تا ساڵی ١٩٣٤یش کە کۆچیدوایی کرد لەسەر ئەو کارە بەردەوام بووە.

قازی عەلی، دوو کوڕی هەبووە، یەکیان ئەبوالقاسم قازی (ناسراو بە سەدری قازی) بووە کە دوو دەورە لە لایەن خەڵکەوە کراوەتە نوێنەری پەرلەمان و جێبڕوا و کاریگەرێتی تایبەتی هەبووە. دوای تەواوبوونی کاری پەرلەمان لەسەر ڕاسپاردەی باوکی، بۆ ڕاپەڕاندنی کارە سیاسییەکان و یاریدانی خەڵک هەر لە تاران مابووە.

قازی محەممەدیش کە ساڵی ١٩٠٠ی زایینی لەو بنەماڵە دا لەدایک بووە. قازی محەممەد لە منداڵی و لاوی دا زۆر خولیای زانست و فێر بوونی زمانە بیانیەکان بووە و جگە لە عەرەبی و فارسی، دەگەڵ زمانی فەرنسی و ئینگلیزی و تا ڕادەیەکیش ڕووسی ئاشنایەتی کردووە. قازی محەممەد زۆری حەز بە تێکەڵاوی دەگەڵ زانایانی زەمان، کەسایەتیە گەورەکان، کوردانی نیشتمانپەروەر و سەرۆک عەشیرەتەکان هەبووە.

دەستپێکی فەرهەنگی

دوای کۆچی دوایی باوکی، بوو بە دادوەر(قازی)ی شار. لە بەر ئارەزووی خۆی بۆ کاری فەرهەنگی و بردنەسەردەوەی زانیاری خەڵک، لە ساڵەکانی بەر لە ١٩٤١ و دوای ئەوەش بەرپرسایەتی دایەردی فەرهەنگ و ئەوقافی شاری مەهابادی بە ئەستۆوە گرتووە و خزمەتی بەرچاوی فەرهەنگی کردوە و لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەودا، یەکەم قوتابخانەی کچان لە مەهاباد کراوەتەوە. هەر لەبەر ئەوە دەگەڵ زۆرێ لە خوێندکاران، رۆشنبیران و مامۆستایان پەیوەندی نزیکی بووە.

لە چەند ساڵ ماوەی نابەسامانی دەوڵەتی ناوەندیی تاران، واتە لە ساڵانی ١٩٤١ تا ١٩٤٥ کە کۆماری کوردستان پێک هاتووە، بەڕێوبەرایەتی ئەو لە پێشبردنی کاروبارەکانیدا و بە تایبەتی لە چارەسەریی کێشە عەشیرەییەکاندا دەورێکی بەرچاو بووە. زۆر لە گرفتەکانی کاری ڕۆژانەی خەڵک لە دیوانی ئەودا کە مەحکەمەیان پێدەوت، چارەسەر بووە.

قازی محەممەد ڕێزی تایبەتی بۆ دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) هەبووە. زۆر لە دامەزرێنەرانی ژ.ک ڕاوێژیان لەگەڵ کردووە و زۆریان خۆش ویستوە و گەلێکیان هەوڵ دەگەڵ داوە تا ببێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵە.

قازی لە ڕوانگەی نوێنەرانی بیانیشەوە کە ئەوکات ئێرانیان لەنێو خۆیان دا دابەش کردبوو، ڕێزی تایبەتی هەبووە. هەر کەس چۆتە مەهاباد تێکۆشاوە بەر لە هەموو کەس چاوی بە ئەو بکەوێ. بانگ کرانی بۆ سۆڤیەت هەر لەم پەیوەندیەدا بووە، کە دەگەڵ وەفدێکی گەورە سەردانی باکۆیان کرد.

کەسایەتی قازی

قازی محەممەد مرۆڤێکی فەرهەنگ دۆست، خۆش بەیان، ئەدەب و هونەر دۆست، ئەهلی ڕاوێژ و لە هەمان کاتدا خەباتگەرێکی نیشتمانپەروەر و گەل خۆشەویست بوو. لەگەڵ هەموو چین و توێژێک هەڵسوکەوتی هەبوو و لە کاتی پێویستدا لە هەست و هێزیان کەڵکی وەر دەگرت.

وەک ئەوەی لە وەسیەتەکەیدا هاتوو، قازی محەممەد برایەتی و یەکگرتوویی کوردی پێ گەورەترین هۆی سەرکەوتن بوو. هەربۆیە لە زۆربەی وتارەکانی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان، ئەوکات چاپ کراون لەسەر بابەتی یەکیەتی و برایەتی دواوە و مەرجی سەرکەوتن و کۆڵەکەی ڕاگرتنی کۆمار و هۆی سەرکەوتن بەسەر دوژمنانیدا زانیوە.

هەرچەند دەیزانی دوژمنەکانی کورد ڕاست ناکەن بەڵام لە وتووێژدا زۆر بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیاند کورد حەز دەکا لە ڕێگای ئاشتییەوە بە مافی خۆی بگا، بەڵام ئەگەر وا نەبێ ئەوەی بۆی بکرێ دەیکا.

لە پێش کۆماردا جاربەجارە لە ڕۆژنامەی کوردستان بە ناوی پێشەوا باسی لێ دەکرا، لە دوای دامەزرانی کۆمار بە شێوەی فەرمی نازناوی پێشەوای پێبەخشراو و ئەو ناوە تا ئێستاش لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی خەڵک دا هەر باوە.

ژیانی سیاسی و کۆمار

قازی محەممەد کە بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک و ناوی نهێنی بینایی بۆ دانرا، هیوایەکی زیاتری بۆ بەرپرسان و خەڵک پێک هێنا. لە ئاکامی تێگەیشتنی بە وەخت و ئازایەتی سیاسی ئەو و بە قەناعەت گەیشتنی بەرپرسانی کۆمەڵەدا بوو کە ژ.ک بوو بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و وەک حیزبێکی دێموکرات و پێشکەوتوو دەستی کرد بە تێکۆشان و خەباتی سیاسی. قازی لەبەر ڕێزی تایبەتی کە بۆ ژ.کی هەبوو، بناغەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتیشی هەر بە ٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزرانی ژ.ک دانا و هەر بۆیەش سەرنجی زۆربەی نزیک بە تەواوی بەرپرسانی بۆ تێکۆشان لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ڕاکێشا. حیزب زۆر بە خێرایی پەلوپۆی سەند و تێکۆشانی لە هەموو ناوچەی ئازادی کوردستان دا پەرەی سەند. قەیرانی بە زۆر لکاندنی کوردستان بە ئازەربایجانەوە حەل کرد و مەجبووری کردن حیسابی جیاواز بۆ کوردستان بکەن. لە یەکەم کۆنگرەدا، لە ٢٢ی ژانویە ١٩٤٦ (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی کۆچیی هەتاوی) بە بەشداریی نوێنەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی و سەرۆک عەشیرەت و نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستان ڕاگەیێندرا.

لە ماوەی دەسەڵاتداڕی کۆماری کوردستان ئەوەی پێویست بوو زۆر بە ڕاشکاوی بە شای ئێران و قەوام (سەرۆک وەزیرانی کاتی ئێران) ڕاگەیاندوە، قامکی لەسەر لاوازییەکانیان بەرانبەر بە گەلی کورد داناوە. بە ئاشکرا پێی گوتون، ئێوە لە قسەکانی خۆتاندا دوودڵن و ناتانەوێ مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکەن.

کاتێک پێشەوا لەلایەن قوام السلگنەوە بۆ تاران بانگهێشت دەکرێ و لە ڕێکەوتی ٢٨ی ژوئەنی ١٩٤٦ دەچێتە تاران، لەلایەن ژمارەیەک لە وەزیران، نوێنەرانی پارلمان و نوێنەری کوردەکانی تاران و نوێنەری حیزبەکان و یەکیەتی کرێکاران لە فرۆکەخانە پێشوازی لێ دەکرێ. ڕۆژنامەی ایران ما هەر ئەوکات دەنووسێ:

ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانە و ئازادیخوازان چاویان پێی کەوتوە، دەردەکەوێ کە بیر و ڕای ئەو جێگیرکردنی ئازادی و دێموکراسی لە تەواوی ئێران دایە و مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆڕێ دایە. هەر کارێک بە سوودی دێموکراسی بێ لەلایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازی لێ دەکرێ. هیوادارین جەنابی قەوام لەو سەفەرە مێژوویی‌یە کەڵک وەرگرێ.

ڕووخانی کۆمار

دوای وتووێژی زۆر، تاران و کۆماری کوردستان بە خاڵێکی هاوبەش نەگەشتن و گرفتەکان چارەسەر نەکران. هەر بۆیە بەشوێن ماوەیەک هەڕەشە، و بە دوای وەر گرتنی هێندێ بەڵێن بۆ یارمەتیدان لە ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد لە لایەن بڕێک سەرۆک عەشیرەتەکان، تەنانەت چەن کەس لەوانەی دەگەڵ قازی سەفەری باکۆیان کردبوو، تاران لە پێشدا هێرش دەکاتە تەورێز بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئازەربایجان و پاشان هێرش دەکاتە سەر کوردستان.

ئەرتەشی ئێران کە قورسترین ئامێری شەریان چەن تانکی کۆن و قۆڕاژە بوو، ڕۆژی ٢٠ سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦ی زایینی) گەیشتە دەرۆی شاری تەورێز و ڕۆژی ٢١بە هەڵاتنی سەرۆکانی کۆمار بۆ سۆڤیەت کۆماری ئازەربایجان ڕووخا و ئەرتەش شاری تەورێزی داگیر کرد. دوای ئەوە ئەرتەش لەوێرا بەرەو مەهاباد ڕێ کەوت. لەو ئەو ناوچانەی دیکە لە باشوری مەهابادا کە خۆیان بە بەشی کۆمار دەزانی و دەسەڵاتی تارانیان بە حکوومەتی ناوەندی نادەزانی، واتە لە شارەکانی سنە، دیواندەرە، مەریوان هەتا نزیکی سەقز، لە چەن مانگ پێش ئەوە، هێزیان ئامادە کردبوو؛ بەڵام دوای تەورێز ئەرتەش هێزی نوێی لە ڕێگای قەزوێن بۆ سەقز نارد کە لە ٢٠ی سەرماوەز گەیشتنە سەقز و لە ڕێگەی بۆکان بە یارمەتی هێندێ لە کوردەکانی سەربە حکوومەتی شا، ڕێگەی مەهابادیان گرتە بەر. قازی وەک سەرۆک کۆمار دەستوور دەدات هەتا دەکرێ لە شەڕ خۆ بپارێزن چون ماڵوێرانی پێوەیە. ئەگەرچی لە پێناوی وڵات هەمووان تێدەکۆشن بەڵام بە هۆی جووڵانەوەی سەرنجڕاکێشی هێزەکانی سۆڤیەت، زۆر بە خێرایی، لە ماوەی چەن ڕۆژ کوردستان داگیر دەکرێ. ئەگەر چی ئەو ڕەخنە لە قازی، وەک سەرۆک کۆمار و جێی متمانەی جەماوەر دەگیرێت کە بۆ ئەونده پشتی بە یارمەتی سۆڤیەت بەستبوو کە بە دەستکێشانی لە پاڵپشتی کۆمار ئاوەها بە خێرایی کۆمار تێدا چوو؛ بەڵام لەوەدەچێ گەورەترین هۆی ڕووخانی کۆمار یەکنەبوونی هەوموو دەستەکان ببێت، تا ئەو ڕادەیە کە هێندێ هەتا سۆڤیەت کوردستانی چۆڵ کرد، نامەیان نارد بۆ تاران کە وەرن، ئێستە کاتی هێرشە. بە ئاگادار بوون لە داهاتووی کۆمار مەلا مستەفا هەوڵی دا کە قازی دەگەڵ خۆی بباتە دەرەوە، بۆ پاراستنی گیانی، بەڵام قازی بەوە ڕازی نەبوو، پێی وا بوو دەبێ لە سەر بەڵێنی خۆی بمێنێتەوە. قازی دەزانێ کە بە زوویی کۆمار دەڕووخێت؛ لە نێوان شەر یان خۆبەدەستەوە دان، وەک بەرپرسیارێکی گیانی خەڵک، بۆ بەرگری لە کوشتن و وێران کردن، وەک قارەمانێکی نەتەوەیی خۆ بەدەستەوە دەدات. هەڵبەت سەبارەت بەوە، ڕەخنەدەگرن کە ئایا ئەگەر قازی دەگەڵ مەلا مستەفا بڕۆشتایە، دواتر نەیدەتوانی قازانجی زیاتر بێت بۆ گەلەکەی؟ بەڵام لە کاتی ماڵئاوایی لەگەڵ مەلا مستەفا، قازی ئاڵای کوردستان دەسپێرێ بە مەلا مستەفا و وەک جوابی ئەو پرسیارە دەڵێ: "من خۆم فیدای خەڵکی دەکەم و هیچ کات وەک پیشەوەری و سەرانی ئازەربایجان ناکەم تا وڵاتەکەم لە خوێن دا شەڵاڵ بێو هەزاران کەس بە کوشت بچن."

ئەرتەش ڕۆژی ٢٩ی سەرماوەز دەگاتە مەهاباد وەک پایەتەختی کۆمار و وەک ئەو شارەی دەسەڵاتی کۆماری تێدایە، کاتێ زیاتری بۆ دادەنێن. ئەگەرچی هەر لە پێشدا هەم قازی بۆخۆی و هەموان دەیانزانی سزای قازی و هەڵسووکەوتی حکوومەت دەگەڵ وی چۆن دەبێ، بەڵام دادگایەک ڕێ دەخرێت و تێیدا قازی و ئەندامانی کۆمار بە چەن تاوانی سەرەکی دادگایی دەکرێن.

ئەگەرچی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەسەر پاڵپشتی سۆڤیەت دامەزرێندران، بەڵام کۆماری کوردستان ڕاستقینە ئارەزووی جەماوەری کورد بوو. سۆڤیەت بۆ سوودی خۆی دەستی لە پاڵپشتی کێشاوە و دەسەڵاتی تاران هەردوو کۆماری لاوازی مەهاباد و ئازەربایجانی خنکاند. درێژەی کۆماری مەهاباد ١١ مانگ بوو.

دادگایی کردنی قازی

٦ی ڕێبەندانی هەمان ساڵ (١٣٢٥هەتاوی- ١٩٤٧زایینی) لێژنەی تایبەت کە لە تارانەوە هاتبوون بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ ڕەزا دەگەنە مەهاباد و دادگا ڕێدەخەن. پرسیارەکانی دادگا ڕوون نەبوون. لە لایەن قازیەکانەوە (قازی محەممەد، سەدر قازی، سەیف قازی) هەموو تاوانەکان ڕەد کرایەوە و داوای بەڵگەیان دەکرد. ئاشکرا بوو کە ئەو دادگا هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەبوو.

تاوانەکانی قازی ئەمانە بوون:

١- گۆڕین و دەستکاری کردنی نەخشەی وڵاتی ئێران
٢- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و داگیر کردنی بەشێک لە خاکی ئێران بە ناوی کوردستان
٣- بازرگانی کردنی نەوت لەگەڵ سۆڤیەت بە بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی دەوڵەتی ناوەندی
٤- ساز کردنی نەخشەی کوردستانی گەورە بە لکاندنی کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا
٥- هێنانە ناوەی بێگانە و بەشێک لە خاکی ئێران خستنە ژێر دەستی (مەبەست مەلا مستەفا بارزانی)
٦- دانانی ئاڵای جیاواز بۆ کوردستان بە نیشانی چەکوچ و داس بە شێوەی ئاڵای سۆڤیەت
٧- لێدانی سکەی پووڵ بۆ کۆردستان بە وێنەی ڕووپیەی ڕووسی

قازی هەموو ڕەد دەکاتەوە و لە وەڵام دا دەڵێ ئاڵام داناوە بەڵام نە وەک ئەوەی ئەوان دەڵێن وەک ئاڵای سۆڤیەت. سەبارەت بە مستەفا بارزانی، ئەو بۆ خۆی هاتووەتە مەهاباد و کەس نەیهێناوە، ئەو کوردە و کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە و هەر کوردێک بە ئارەزووی خۆی لە سەر هەر بستە خاکی کوردستاندا دەتوانێ بژی.

یەکێک لە تاوانەکانی سەرەکی سەدر قازی، جێگری سەرۆک کۆمار و برای قازی محەممەد نووسینی شێعرێکی گەرم بۆ بەخێرهاتن وتن بە مەلا مستەفا بارزانی بوو.

دادگاکە بە دانی بڕیار لە سێدارە دانی هەر سێ تاوانبارەکە کۆتایی هات. بەڵام ئەمە کۆتایی کارەکە نەبوو. قازیەکان لە بەندیخانە کران بۆ ماوەی سێ مانگ. دیسان بە هەمان شێوە دادگای پێداچوونەوە بەڕێوە چوو، ئەگەر چی هەموان لە سەر ئەو بڕوا بوون کە بە تاوانبار ناسینی قازی هەر لە پێش‌دا وەک ئامانجی دادگاکان لە تارانەوە نیشان کرابوو.

پێشەوا و هاوڕێیانی ئەوەندەی لە ماوەی یازدە مانگی کۆماردا هەوڵیاندا، هەر ئەوەندەش لەو دادگا بوو، لە خۆبردوویی و ئازایەتییان لە خۆیان نیشان داوە.

لەگەڵ هەموو ئازاری دەروونی و ئەو ژیانە تاڵەی کە لە بەندیخانەی پادگانی مەهابادا بۆیان پێک هاتبوو، نە تەنیا بڕوایان بە ئامانجەکانیان، لاواز نەببوو بەڵکو زۆر ئەرخەیانترو بە وردتر ببوون.

لە چاوپێکەوتنێکی نهێنیدا کە لەگەڵ یەک دوو مرۆڤی جێی باوەڕی خۆیان بوویانە، گوتوویانە:

ئێمەیان فریودا، با نەتەوەی کورد فریو نەخوا و خەباتی خۆی بۆ ڕزگاری و سەربەستی درێژە بدات و چەک دانەنێ.

هەروەها گوتبوویان :

کە زۆریان زەحت خستووینەتە سەر تا نامەیەک بۆ مەلا مستەفا بنووسین کە دەست هەڵبگرێ. بەڵام ئێمە نەتەنیا شتی وا نانووسین بەڵکوو پێمانوایە ئەوەی بۆی دەکرێ دەبێ دەگەڵ ئەو ناپیاوانە بیکا.

ئازایەتییان لە دادگاکاندا بە ڕادەیەک بووە کە ئەفسەرەکان سەریان سوڕماوە. لە ڕاستیدا ئەو دادگایە ئەمەریکا و ئینگلیزیشی لە پشت بوو. هەرچەند جگە لە کاربەدەستانی خۆیان کەسی نامۆی لێ نەبووە، بەڵام هەر لە ڕێگای ئەوانەوە زۆر شت بڵاو بۆتەوە کە پێویستە بیزانین.

پێشەوا هەر جارێک لەو دوو جارە کە بە ناو دادگایی کراوە زیاتر لە چوار کاتژمێر قسەی کردوە و بە وتەی سەروان شەریفی کە پارێزەری بووە : ئەوە قازی محەممەد بووە کە حکوومەتی دادگایی کردوە و لە هەموو بوارێکەوە هێناویەتە ژێر پرسیار.

ڕۆژنامەی ئازادی کە لەو سەردەمدا لە بەغدا بە زمانی کوردی دەردەچوو، سەبارەت بە پشتگیریی ئەمەریکا و ئینگلیز لەو دادگاییە نوسیبووی: ئیستێعماری ئینگلیس و ئەمریکا لە وجوودی قازی محەممەد و هاوڕێکانیدا دوژمنی هەرە سەرسەختی خۆیان دەدی. هیوایان هەبوو بتوانن بە چۆکیان دابێننو لە بەندیخانەش نوێنەرەکانیان چوون دەگەڵیان دوان تا بتوانن بۆ لای خۆیانیان ڕابکێشن، بەڵام هیچ کات سەرکەوتوو نەبوون.

دواتر ڕۆژنامەی ئازەربایجان لە باکۆ نوسیبووی قازی محەممەد بە نوێنەری ئەمەریکا (جورج ئالێن)ی گوتبوو: گەلی کورد چاوەڕوانی هیچ چاکەیەکی لە وڵاتانی ئیستێعماری نیە.

نەجەفقولی پسیان وتەکانی پێشەوا لە دادگادا لە چەند رستەدا کورت دەکاتەوە و دەنووسێ: لە کاتی دادگاییدا قازی محەممەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەت و ئاکاری دەوڵەتی تاران و دەیگوت: "من لە قوژبنی گرتووخانەوە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تاران و سەرۆکەکانی و دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیرکردووین

رۆژنامەنووسێکی دیکە بە نێوی سلیمان.خ لە نووسراوەکانیدا دەڵێ، قازی گوتی:

تەواوی ئەم بەسەرهات و ڕووداوانە ئاکامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە. ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بە خائین دەزانێ با دەست لەو مەڵبەندە هەڵبگرێ، ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان دەزانێ با لێ بگەڕێ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست.

لە بەڵگە و رۆژنامەکانی یەکیەتی سۆڤیەت زۆر شت لەم بابەتانە نووسراون. لە زمان ئەفسەرە ئێرانییکانەوە دەگێڕنەوە کە قازی لە جوابی ئەوەی کە کۆماری مەهاباد دەست نیشانی سۆڤیەت بووە گوتویە:

ئەو ڕووداوانە لە ئاکامی ئەوەی دابوون کە ئێوە خۆتان قانوونی بنەڕەتیتان لە ژێر پێ ناوە. ئێستاش من تەنیا خۆم دامەزرێنەری دێمۆکراسیەت لە کوردستانم و هیچ هێزێکی بێگانە منی هان نەداوە. بێبەشی کورد منی بۆ بەڕێوە بردنی ئەو کارانە هان داوە.

کاتێک سەرۆکی دادگا بە خەیانەت تاوانباریان دەکا لە وەڵام دا دەڵێ: ئێرە ماڵی منە، خاکی کوردستان خاکی باب و باپیر و ئەجدادی منە چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم.

دادگایی یەکەم لە ١٩ی مانگی ژانویە دەستی پێکرد و چەند رۆژی خایاند و حوکمی ئیعدامی قازییەکانی دا. دادگایی دووهەم لە ٢٨ی مارسی ١٩٤٧ (واتە ٧ی خاکەلێوە) دەستی پێکرد و رۆژی ٣٠ی مارس کۆتایی پێهات.

پەتی سێدارە

لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی(٣٠ی مارسی ١٩٤٧) پێشەوا قازی، حەمەحوسێن خانی سەیف قازی(ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدر قازی(برای پێشەوا) بە دوای حوکم دران لە دوو دادگای ناياسايی و فەرمایشیدا بەدەستی دوژمنانی گەلی کورد لە چوارچرای شاری مەهاباد، واتە هەر لەو شوێنەی کە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤هەتاوی (٢٢ مانگی ژانویە ١٩٤٦) کۆماری کوردستان لێی راگەیەندرابوو، لە سێدارە دران و شەهیدکران.

هەڵسوکەوتی قازی کاتی لە سێدارەدران کە رۆژنامە نووسێکی دەربارەی شا دەیانگێڕێتەوە وەک چیرۆک و ئەفسانەی لێهاتووە. قازی لە پێش دا داوا دەکات کە تیربارانی بکەن چوونکا لە سێدارەدان ئایینی نیە، بەڵام رێگەی پێنادەن. پاشان وەسیەتنامەیەک دەنووسێت

کە جێگەی سەرنجە لە باری کۆمەڵایەتییەوە و لە باری سیاسییەوە. قازی ئەو مردنەی بە سەرکەوتن دەزانی و هەر بۆیە بە ٧ هەنگاو ڕێگەی بۆلای سێدارەکە پێوا. لە پای سێدارە ڕێگەی نەدا چاوی ببەستن و دەڵێت:

حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەی ژیانیشم دا بە سەربەرزی و چاوی کراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بڕوانم.

ڕوو لە خوێنمژانی گەل دەڵێ: ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن، بەڵام بزانن لە هەر تنوکە خوێنێکی من، قازی محەممەدێکی دیکە شین دەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لەپێناو ڕزگاریی کوردستان دا پەک نەخات، باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کورد و کوردستان.

تەرمی ئەو شەهیدانە هەر ئەو ڕۆژە لەسەر شان و پیلی خەڵکی بە شرەفی مەهاباد لە گۆڕستانی مەلا جامی بە خاکی نیشتمانەکەیان سپێردران. شوێنی گۆڕەکەیان ئێستاش لە ژێر چاودێریدایە.

سەرچاوەکان

لاپەڕەی تایبەت بە پێشەوا قازی لە ماڵپەڕی PDKI

دەقی دادگایی کردنی پێشەوا قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازی / ئامادە کردنی بەدرەدین ساڵح / وەرگێڕاوی بەڵگەکانی نووسراوە سەروان کەیومەرس ساڵح / هەولێر ٢٠٠١

وەسیەتنامە قازی محەمەد

پەیامەکەی پێشەوا قازی دوای ٦٨ ساڵ

ئامەد حەسەن

تۆڕی میدیای خەڵک

قازی محەمەد دادوەر و دامەزرێنەر و سەرۆک کۆماری کوردستان لە مهاباد ساڵی ١٩٠٠ لە دایکبوە و دوای ڕووخانی کۆمار لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (٣٠ی مارسی ١٩٤٧)دا لەگەڵ هاوڕێکانی لە لایەن حکومەتی کاتی تاران لە مەیدانی چوارچرای شاری مهاباد لە سێدارە دران.

عەلی کەریمی سیاسەتمەداری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ (خەڵک) دەڵێت :" پێشەوا قازی محەمەد بە بڕیاری سەربەخۆیی و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد جێگەی خۆی لە مێژوی کوردایەتیدا کردەوە" .

وتیشی :"لە ڕۆژی لە سێدارەدانیشیدا پێشەوا چەسپاندی کە لە پێناوی میللەتەکەیدا گیانی خۆی فیدا دەکات" .

ژیانی پێشەوا

قازی محەممەد، کوڕی قازی عەلی، لە بنەماڵەیەک کە ناوبانگی لە شاری مهاباد بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نە تەنیا لەلای خەڵک بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکومەتیش، جێگەی ڕێز و پێزانین بوون. هەر بە بنەماڵە زانا و ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر بوون. لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا پیاوی وەک میرزا فەتاحی قازییان لە بەرەنگاریی ڕاستەوخۆ دەگەڵ ڕووسەکان لێ شەهید بوو، کوڕە لاوەکانیشی (سالار و محەممەد) بە دیل گیران و بۆ شوێنە دوورەکانی ڕووسیەی ئەو کات بەڕێ کران و تا شۆڕشی ئۆکتۆبر هەر لە دیلیدا بوون.

قازی عەلی باوکی، لە ١٩٣٠ لە مهاباد ڕێکخراوێکی کوردی بە ناوی بزووتنەوەی محەمەد پێک هێنا. ناوبراو لەگەڵ جووڵانەوەی شێخ محەمەد خیابانی لە تەورێز پێوەندی هەبوو، تا ساڵی ١٩٣٤یش کە کۆچیدوایی کرد لەسەر ئەو کارە بەردەوام بووە.

قازی عەلی، دوو کوڕی هەبووە، یەکیان ئەبوالقاسم قازی (ناسراو بە سەدری قازی) بووە کە دوو دەورە لە لایەن خەڵکەوە کراوەتە نوێنەری پەرلەمان و جێبڕوا و کاریگەرێتی تایبەتی هەبووە. دوای تەواوبوونی کاری پەرلەمان لەسەر ڕاسپاردەی باوکی، بۆ ڕاپەڕاندنی کارە سیاسییەکان و یاریدانی خەڵک هەر لە تاران مابۆوە.

قازی محەمەدیش کە ساڵی ١٩٠٠ی زایینی لەو بنەماڵە دا لەدایک بووە. لە منداڵی و لاوی دا زۆر خولیای زانست و فێربوونی زمانە بیانیەکان بووە و جگە لە عەرەبی و فارسی، لەگەڵ زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و تا ڕادەیەکیش ڕووسی ئاشنایەتی کردووە. قازی محەممەد زۆری حەز بە تێکەڵاوی لەگەڵ زانایانی زەمان، کەسایەتیە گەورەکان، کوردانی نیشتمانپەروەر و سەرۆک عەشیرەتەکان هەبووە.

دوای کۆچی دوایی باوکی، بوو بە دادوەری شار. لە بەر ئارەزووی خۆی بۆ کاری فەرهەنگی و بردنەسەرەوەی زانیاری خەڵک، لە ساڵەکانی بەر لە ١٩٤١ و دوای ئەوەش بەرپرسایەتی دایەرەی فەرهەنگ و ئەوقافی شاری مهابادی بە ئەستۆوە گرتووە و خزمەتی بەرچاوی فەرهەنگی کردوە و لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەودا، یەکەم قوتابخانەی کچان لە مهاباد کراوەتەوە. هەر لەبەر ئەوە لەگەڵ زۆرێ لە خوێندکاران، ڕۆشنبیران و مامۆستایان پەیوەندی نزیکی بووە.

لە چەند ساڵ ماوەی نابەسامانی دەوڵەتی ناوەندیی تاران، واتە لە ساڵانی١٩٤١ تا ١٩٤٥ کە کۆماری کوردستان پێک هاتووە، بەڕێوەبەرایەتی ئەو لە پێشبردنی کاروبارەکاندا و بە تایبەتی لە چارەسەریی کێشە عەشیرەییەکاندا دەورێکی بەرچاو بووە. زۆر لە گرفتەکانی کاری ڕۆژانەی خەڵک لە دیوانی ئەودا کە مەحکەمەیان پێدەوت، چارەسەر بووە.

قازی محەممەد ڕێزی تایبەتی بۆ دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) هەبووە. زۆر لە دامەزرێنەرانی ژ.ک ڕاوێژیان لەگەڵ کردووە و زۆریان خۆش ویستوە و گەلێکیان هەوڵ دەگەڵ داوە تا ببێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵە.

قازی لە ڕوانگەی نوێنەرانی بیانی شەوە کە ئەو کات ئێرانیان لەنێو خۆیان دا دابەش کردبوو، ڕێزی تایبەتی هەبووە. هەر کەس چۆتە مهاباد تێکۆشاوە بەر لە هەموو کەس چاوی بە ئەو بکەوێ. بانگ کرانی بۆ سۆڤیەت هەر لەم پەیوەندیەدا بووە، کە دەگەڵ وەفدێکی گەورە سەردانی باکۆیان کرد.

قازی محەمەد مرۆڤێکی فەرهەنگ دۆست، خۆش بەیان، ئەدەب و هونەر دۆست، ئەهلی ڕاوێژ و لە هەمان کاتدا خەباتکارێکی نیشتمانپەروەر و گەل خۆشەویست بوو. لەگەڵ هەموو چین و توێژێک هەڵسوکەوتی هەبوو و لە کاتی پێویستدا لە هەست و هێزیان کەڵکی وەر دەگرت.

وەک ئەوەی لە وەسیەتەکەیدا هاتووە، قازی محەممەد برایەتی و یەکگرتوویی کوردی پێ گەورەترین هۆی سەرکەوتن بوو. هەربۆیە لە زۆربەی وتارەکانی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان، ئەوکات چاپ کراون لەسەر بابەتی یەکیەتی و برایەتی دواوە و مەرجی سەرکەوتن و

کۆڵەکەی ڕاگرتنی کۆمار و هۆی سەرکەوتن بەسەر دوژمنانیدا زانیوە.

هەرچەند دەیزانی دوژمنەکانی کورد ڕاست ناکەن بەڵام لە وتووێژدا زۆر بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیاند کورد حەز دەکا لە ڕێگای ئاشتییەوە بە مافی خۆی بگا، بەڵام ئەگەر وا نەبێ ئەوەی بۆی بکرێ دەیکا.

لە پێش کۆماردا جاربەجارە لە ڕۆژنامەی کوردستان بە ناوی پێشەوا باسی لێ دەکرا، لە دوای دامەزرانی کۆمار بە شێوەی فەرمی نازناوی پێشەوای پێبەخشراو و ئەو ناوە تا ئێستاش لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی خەڵک دا هەر باوە.

ژێکاف و حیزبی دیموکرات

قازی محەمەد کە بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک و ناوی زەینی بینایی بۆ دانرا، هیوایەکی زیاتری بۆ بەرپرسان و خەڵک پێک هێنا. لە ئاکامی تێگەیشتنی بە وەخت و ئازایەتی سیاسی ئەو و بە قەناعەت گەیشتنی بەرپرسانی کۆمەڵەدا بوو کە ژ.ک بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و وەک حیزبێکی دیموکرات و پێشکەوتوو دەستی کرد بە تێکۆشان و خەباتی سیاسی. قازی لەبەر ڕێزی تایبەتی کە بۆ ژ.کی هەبوو، بناغەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتیشی هەر بە ٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزرانی ژ.ک دانا و هەر بۆیەش سەرنجی زۆربەی نزیک بە تەواوی بەرپرسانی بۆ تێکۆشان لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ڕاکێشا.

حیزب زۆر بە خێرایی پەل وپۆی سەند و تێکۆشانی لە هەموو ناوچەی ئازادی کوردستان دا پەرەی سەند. قەیرانی بە زۆر لکاندنی کوردستان بە ئازەربایجانەوە حەل کرد و مەجبووری کردن حیسابی جیاواز بۆ کوردستان بکەن.

کۆماری کوردستان لە مهاباد

لە یەکەم کۆنگرەدا، لە ٢٢یەکی ١٩٤٦ بە بەشداریی نوێنەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستان ڕاگەیێندرا.

لە ماوەی دەسەڵاتداری کۆماری کوردستان ئەوەی پێویست بوو زۆر بە ڕاشکاوی بە شای ئێران و قەوام (سەرۆک وەزیرانی کاتی ئێران) ڕاگەیاندوە، قامکی لەسەر لاوازییەکانیان بەرانبەر بە گەلی کورد داناوە. بە ئاشکرا پێی گوتون، ئێوە لە قسەکانی خۆتاندا دوودڵن و ناتانەوێ مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکەن.

کاتێک پێشەوا لەلایەن قوام سەلتنەوە بۆ تاران بانگهێشت دەکرێ و لە ڕێکەوتی ٢٨ی یەکی ١٩٤٦ دەچێتە تاران، لەلایەن ژمارەیەک لە وەزیران، نوێنەرانی پارلمان و نوێنەری کوردەکانی تاران و نوێنەری حیزبەکان و یەکێتی کرێکاران لە فرۆکەخانە پێشوازی

لێ دەکرێ. ڕۆژنامەی ایران ما هەر ئەوکات دەنووسێ: ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانە و ئازادیخوازان چاویان پێی کەوتوە، دەردەکەوێ کە بیر و ڕای ئەو جێگیرکردنی ئازادی و دیموکراسی لە تەواوی ئێران دایە و مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆڕێ دایە. هەر کارێک بە سوودی دیموکراسی بێ لەلایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازی لێ دەکرێ. هیوادارین جەنابی قەوام لەو سەفەرە مێژوویی‌یە کەڵک وەرگرێ.

ڕووخانی کۆمار

دوای وتوێژی زۆر، تاران و کۆماری کوردستان بە خاڵێکی هاوبەش نەگەشتن و گرفتەکان چارەسەر نەکران. هەر بۆیە بەشوێن ماوەیەک هەڕەشە، و بە دوای وەر گرتنی هێندێ بەڵێن بۆ یارمەتیدان لە ڕووخاندنی کۆماری مهاباد لە لایەن هەندێ لە سەرۆک عەشیرەتەکان، تەنانەت چەن کەس لەوانەی لەگەڵ قازی سەفەری باکۆیان کردبوو، تاران لە پێشدا هێرش دەکاتە تەورێز بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئازەربایجان و پاشان هێرش دەکاتە سەر کوردستان.

ئەرتەشی ئێران کە قورسترین ئامێری شەڕیان چەند تانکی کۆن و قۆڕاژە بوو، بە هەڵاتنی سەرۆکانی کۆمار بۆ سۆڤیەت کۆماری ئازەربایجان ڕووخا و ئەرتەش شاری تەورێزی داگیر کرد. دوای ئەوە ئەرتەش لەوێرا بەرەو مهاباد بە ڕێ کەوت. لەو ئەو ناوچانەی دیکە لە باشوری مهابادا کە خۆیان بە بەشی کۆمار دەزانی و دەسەڵاتی تارانیان بە حکوومەتی ناوەندی نەدەزانی، واتە لە شارەکانی سنە، دیواندەرە، مەریوان هەتا نزیکی سەقز، لە چەند مانگ پێش ئەوە، هێزیان ئامادە کردبوو؛ بەڵام دوای تەورێز ئەرتەش هێزی نوێی لە ڕێگای قەزوێن بۆ سەقز نارد کە لە ٢٠ی سەرماوەز گەیشتنە سەقز و لە ڕێگەی بۆکان بە یارمەتی هێندێ لە کوردەکانی سەربە حکوومەتی شا، ڕێگەی مهابادیان گرتە بەر. قازی وەک سەرۆک کۆمار دەستوور دەدات هەتا دەکرێ لە شەڕ خۆ بپارێزن چون ماڵوێرانی پێوەیە. ئەگەرچی لە پێناوی وڵات هەمووان تێدەکۆشن بەڵام بە هۆی جووڵانەوەی سەرنجراکێشی هێزەکانی سۆڤیەت، زۆر بە خێرایی، لە ماوەی چەن ڕۆژ کوردستان داگیر دەکرێ. ئەگەر چی ئەو ڕەخنە لە قازی، وەک سەرۆک کۆمار و جێی متمانەی جەماوەر دەگیرێت کە بۆ ئەونده پشتی بە یارمەتی سۆڤیەت بەستبوو کە بە دەستکێشانی لە پاڵپشتی کۆمار ئاوەها بە خێرایی کۆمار تێدا چوو؛ بەڵام لەوەدەچێ گەورەترین هۆی ڕووخانی کۆمار یەکنەبوونی هەوموو دەستەکان ببێت، تا ئەو ڕادەیە کە هێندێ هەتا سۆڤیەت کوردستانی چۆڵ کرد، نامەیان نارد بۆ تاران کە وەرن، ئێستە کاتی هێرشە.

مەلا مستەفا بارزانی کە ئەوکات لە مهاباد بو، هەوڵی دا کە قازی لەگەڵ خۆی بباتە دەرەوە، بۆ پاراستنی گیانی، بەڵام قازی بەوە ڕازی نەبوو، پێی وا بوو دەبێ لە سەر بەڵێنی خۆی بمێنێتەوە. قازی دەزانێ کە بە زووی کۆمار دەڕوخێت؛ لە نێوان شەڕ یان خۆبەدەستەوە دان، وەک بەرپرسیارێکی گیانی خەڵک، بۆ بەرگری لە کوشتن و وێران کردن، وەک قارەمانێکی نەتەوەیی خۆ بەدەستەوە دەدات. هەڵبەت سەبارەت بەوە، ڕەخنەدەگرن کە ئایا ئەگەر قازی لەگەڵ مەلا مستەفا بڕۆشتایە، دواتر نەیدەتوانی قازانجی زیاتر بێت بۆ گەلەکەی؟ بەڵام لە کاتی ماڵئاوایی لەگەڵ مەلا مستەفا، قازی ئاڵای کوردستان دەسپێرێ بە مەلا مستەفا و وەک جوابی ئەو پرسیارە دەڵێ: "من خۆم فیدای خەڵکی دەکەم و هیچ کات وەک پیشەوەری و سەرانی ئازەربایجان ناکەم تا وڵاتەکەم لە خوێن دا شەڵاڵ بێو

هەزاران کەس بە کوشت بچن."

ئەرتەش ڕۆژی ٢٩ی سەرماوەز دەگاتە مەهاباد وەک پایتەختی کۆمار و وەک ئەو شارەی دەسەڵاتی کۆماری تێدایە، کاتێ زیاتری بۆ دادەنێن. ئەگەرچی هەر لە پێشدا هەم قازی بۆخۆی و هەموان دەیانزانی سزای قازی و هەڵسووکەوتی حکوومەت لەگەڵ وی چۆن دەبێ، بەڵام دادگایەک ڕێ دەخرێت و تێیدا قازی و ئەندامانی کۆمار بە چەن تاوانی سەرەکی دادگایی دەکرێن.

ئەگەرچی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەسەر پاڵپشتی سۆڤیەت دامەزرێندران، بەڵام کۆماری کوردستان ڕاستەقینە ئارەزووی جەماوەری کورد بوو. سۆڤیەت بۆ سوودی خۆی دەستی لە پاڵپشتی کێشاوە و دەسەڵاتی تاران هەردوو کۆماری لاوازی مهاباد و ئازەربایجانی خنکاند.

لیژنەی تایبەت کە لە تارانەوە هاتبوون بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ غۆڵام حسەین عەزیمی دەگەنە مهاباد و دادگا ڕێدەخەن.

پرسیارەکانی دادگا ڕوون نەبوون. لە لایەن قازیەکانەوە (قازی محەممەد، سەدر قازی، سەیف قازی) هەموو تاوانەکان ڕەت کرایەوە و داوای بەڵگەیان دەکرد. ئاشکرا بوو کە ئەو دادگا هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەبوو.

تاوانەکانی قازی ئەمانە بوون:

گۆڕین و دەستکاری کردنی نەخشەی وڵاتی ئێران
ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و داگیر کردنی بەشێک لە خاکی ئێران بە ناوی کوردستان
بازرگانی کردنی نەوت لەگەڵ سۆڤیەت بە بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی دەوڵەتی ناوەندی
ساز کردنی نەخشەی کوردستانی گەورە بە لکاندنی کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا
هێنانە ناوەی بێگانە و بەشێک لە خاکی ئێران خستنە ژێر دەستی (مەبەست مەلا مستەفا بارزانی)
دانانی ئاڵای جیاواز بۆ کوردستان بە نیشانی چەکوچ و داس بە شێوەی ئاڵای سۆڤیەت
لێدانی سکەی پووڵ بۆ کوردستان بە وێنەی ڕووپیەی ڕووسی

قازی هەموو ڕەت دەکاتەوە و لە وەڵام دا دەڵێ ئاڵام داناوە بەڵام نە وەک ئەوەی ئەوان دەڵێن وەک ئاڵای سۆڤیەت. سەبارەت بە مستەفا بارزانی، ئەو بۆ خۆی هاتووەتە مهاباد و کەس نەیهێناوە، ئەو کوردە و کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە و هەر کوردێک بە ئارەزووی خۆی لە سەر هەر بستە خاکی کوردستاندا دەتوانێ بژی.

یەکێک لە تاوانەکانی سەرەکی سەدر قازی، جێگری سەرۆک کۆمار و برای قازی محەممەد نووسینی شیعرێکی گەرم بۆ بەخێرهاتن

وتن بە مەلا مستەفا بارزانی بوو.

دادگاکە بە دانی بڕیار لە سێدارە دانی هەر سێ تاوانبارەکە کۆتایی هات. بەڵام ئەمە کۆتایی کارەکە نەبوو. قازیەکان لە بەندیخانە کران بۆ ماوەی سێ مانگ. دیسان بە هەمان شێوە دادگای پێداچوونەوە بەڕێوە چوو، ئەگەر چی هەموان لە سەر ئەو بڕوا بوون کە بە تاوانبار ناسینی قازی هەر لە پێش‌دا وەک ئامانجی دادگاکان لە تارانەوە نیشان کرابوو.

پێشەوا و هاوڕێیانی ئەوەندەی لە ماوەی یازدە مانگی کۆماردا هەوڵیاندا، هەر ئەوەندەش لەو دادگا بوو، لە خۆبردوویی و ئازایەتییان لە خۆیان نیشان داوە.

لەگەڵ هەموو ئازاری دەروونی و ئەو ژیانە تاڵەی کە لە بەندیخانەی پادگانی مهابادا بۆیان پێک هاتبوو، نە تەنیا بڕوایان بە ئامانجەکانیان، لاواز نەببوو بەڵکو زۆر ئەرخەیانترو بە وردتر ببوون.

سێدارە

لە بەردەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) پێشەوا قازی، حەمەحوسێن خانی سەیف قازی (ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدر قازی(برای پێشەوا) بە دوای حوکم دران لە دوو دادگای نایاسایی و فەرمایشیدا بەدەستی دوژمنانی گەلی کورد لە چوارچرای شاری مهاباد، واتە هەر لەو شوێنەی (٢٢ی یەکی ١٩٤٦) کۆماری کوردستان لێی راگەیەندرابوو، لە سێدارە دران و شەهیدکران.

تەرمی ئەو شەهیدانە هەر ئەو رۆژە لەسەر شان و پیلی خەڵکی بە شرەفی مهاباد لە گۆڕستانی مەلا جامی بە خاکی نیشتمانەکەیان سپێردران. شوێنی گۆڕەکەیان ئێستاش لە ژێر چاودێریدایە.

بارزانی: پێشەوا لە سێدارە درا، بەڵام ئیرادەی گەل بەهێزتربو

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەیانێکدا بەبۆنەی ساڵوەگەڕی ٦٨ ساڵەی لە سێدارەدانی قازیی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستانەوە، دەڵێت :"پێشەوا لە سێدارە درا بەڵام ئیرادەی گەل بۆ ئازدیخوازی بەهێزتر بوو."

مەسعود بارزانی رایگەیاندووە، پێشەوا لە سێدارە درا، بەڵام خەبات و ئازادیخوازی بەهێزتر بوو، نە لەسێدارەدان و نەقڕکردن و نە ئەنفال و کیمیاباران و تیرۆر هیچکامیان نەیانتوانیوە، ئیرادەی گەلی کوردستان بشکێنن."

سەرۆکی پەرلەمان: لەو رۆژەوە ئامانجی سەربەخۆیی گەورەتر دەبێ

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات، پێش ٦٨ ساڵ لەمەوبەر قازی محەمەد سێدارەدا، بەڵام لەو رۆژەوە تا ئێستا رۆژ بەرۆژ ئامانجی سەربەخۆیی لای نەوەکانی کورد گەورەتر و باڵاتر دەبێت".

یوسف محەمەد بەم بۆنەیەوە دەشڵێت: "کۆماری مەهاباد، تەمەنی تەنها ١١ مانگ بوو، بەڵام کۆمەڵێک هەنگاوی گەورەی لە بواری ڕیفۆرمی پەروەردەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا نا".

د.مەحمود عوسمان،سیاسەتمەدار و ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەوبارەیەوە دەڵێت " لەناوبردنی کۆماری کوردستان لە مهاباد بەهۆی کشانەوەی سۆڤیات و پشتیوانی تەواوی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ ڕژێمی شا، پێشەوا قازی محەمەد سەرۆکی کۆمار وسەدری قازی وسەیفی قازی لەسێدارەدران لە ٣١ / ٣ / ١٩٤٧، پێشەوا خۆی ڕادەستی هێزەکانی تاران کرد تا کۆمەڵکوژی وەکو ئازەربایجان ڕوونەدات واتە خۆی کردە قوربانی بۆ گەلەکەی ".

وتیشی :" پێشەوا لەسەرپەتی سێدارە و لەوەسیەت نامەی نوسراوی خۆیشی داکۆکی لەسەرتەبایی و یەکگرتنی گەل و دیموکراسی و دادپەروەری و ئازادی و پێکەوە ژیان ئەکات ئەم بنەمایانەی کەبۆ ئێستا و ئایندەشمان زۆر پێویستن و دەبێت پەیرەوی بکەین".

سەرچاوە: ماڵپەڕی تۆڕی میدیای خەڵک / ڕێکەوتی : ٣١ی مارچی ٢٠١٥

پێناسەی دوژمن لە ڕوانگەی یەکەم و دواییین سەرکۆماری کوردستان لە وەسیەت نامە هەرگیز بە هێند نەگیراوەکەیدا !؟

سدێق بابایی

پەند و ئا مۆژگاری ١٠ی خاکەلێوە بۆ ئەو حێزب و لاینانە تاران بە قیبلەی ڕاوێژ یا بەدیهاتنی خواست و ئارەزووەکانیان دەزانن!

لە دواکاتەکانی ژیانیدا پێشەوا ، ئەوکات هەموو ڕاسپاردە ، بەڵێن و قەول و قەرارەکان بە هۆمێدی دەستە بەری لانی کەمی ئامانجە مرۆییەکانی بۆ دوارۆژی گەلەکەی سەرجەم لەبن داری سێدارە بەرەو ڕووی خنکان دەبینێ ، حەول دەدا لانی کەم بە دەس نیشان کردنی ڕاستیە تاڵە کان نەسڵەکانی پاش خۆی تووشی بە سەرهاتی ئەو و کۆمارەکەی نەبن.

قازی وەک ئەوە بخوازێ نیشان بدات ، دەزانێ خەڵکێک زیاتر لە هەموان چەپڵەیان بۆ لێدەدا وەک مێژووی دوورتر ، پاش ئەویش زەحمەتە واز لە شەیدایی و تلێسمی تاران بێنن فەرموویەتی :

" بە بەڵێنی درۆزنانە ئێوە دەخەڵەتێنن . سمایل ئاغا ، جەوهەر ئاغا ، هەمزەئاغای مەنگور.... فریوی ئەم زۆردارە مەلعونانەیان خواردوە ، ناپیاوانە شەهید کران . هەموویان بە قورئان و سوێند فریو دا .

دڵنیام پاش ئێمەش قارەمان گەلێکی دیکە هەن کە فریو بخۆن ، بەڵام هیوا دارم مەرگی ئێمە ببێتە دەرسی عێبرەت لە سەرجەم خەباتگێڕانی ئازادی کوردستان

پێشەوا لە وە سیەت نامە پڕ ناوەڕۆکە کەیدا دەسەڵاتی نەیاری کورد بە وتنەوەی وشەگەلی کورت بەڵام سەلمێندراو لە چەند وشە و ڕەستەی پڕ بە پێستدا پێناسە دەکات.

"نامەرد، درۆزن ، خیانەتکار،خاپێنەر بە بەڵێن و سوێندی درۆزنانە ، فێڵبازی ، بێ ئەخلاقی و... ".

ئەوە ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگریە بە دەیان جار وەک جەوهەری زاتی سیاسەتکاری نەتەوەی زاڵ بەتایبەت بەرپرسانی دەسەڵاتدار لە تاران بە درێژایی مێژووی دوورو نزیک لە ئەزموونە مەرگ سەرئەنجامەکانی قازی و سەرپاکی ڕێبەرانی دوور و نزیکی جووڵانەوەکانی کورد (لە مەراغە تا برلین) بە سەر هاتی خەباتی خوێناوی مافخوازانەی ، بێئاکامی ئێمەی کوردی ڕەقەم لێداوە.!؟

پێشەوا لە دوا حەولی خۆیدا ئەڕای نەجات کورد لە زەلکاوی خۆ تووش کردوو تەجرەبەی خوەی دەخاتە بەر چاوی خەڵکی کوردستان ئەو لەم پێوەندیەدا فەرموویەتی:

" یەکیەتی ، حورمەت ، باوەڕ ، برایەتی و متمانەی خۆتان بۆ ڕزگاری لە دیلی بپارێزن " .

مێژووی پێش و دوای وەسیەتە کەی قازی مۆحەمەد سەلماندوویەتی ، کوژران و لە خوێن گەوزان ، سێدارە ، زیندان و دەربەدەر بوون ، هەروەها بێ ئاکام هێشتنەوەی خەباتی خەباتکاران لە لای زۆربەی ڕێبەران وەک ئەوە لە پاراستنی یەکیەتی نێوخۆیی ، حورمەت ، باوەڕ و متمانە بە هەڤدوو پەسەند و گونجاوتر سەیر کرا بێت گرینگی پێویست بە ناتەباییە نێوخۆییەکان بۆ چارە سەری دوارۆژی کورد نەدراوە !

سەرچاوە : ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / ڕێکەوتی : ٢٨ی مارچی ٢٠١٤

رێبەری - نرخ و بەهاکان بە بۆنەی ٦٧ مین ساڵڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی.

مەجید حەقی

کولتوور و چاندنی رێکخراو یان هەر گرووپێکی مرۆڤی رەنگدانەوەیەکی باوەر، کردار و هەڵسوکەوتی رێبەرانی ئەو رێکخراوەیە و میراتێکە کە بەجێیان هێشتووە. پێشەوا قازی محەممەد یەکەم رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکەمین سەرۆک کۆماری مێژووی کوردستان بوو.carakter_leader نەریتێک کە کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەجێی هێشتووە، ئەمڕۆش لە نەریت و بەهاکانی بەنرخ و گرنگی حیزبن.

بەها بە کورتی بریتیە لە شی کردنەوەی هۆ و مۆتیڤاسیۆنی تاکەکەسی و گرووپی ئێمە بۆ گرنگیدان بە کارێک و هەوڵدان لە پێناو جێبەجێ کردنی. بەهاکان دەتوانن ئەرێنی یا خود لە ناوەرۆکدا سنووردارن. بەها ئەرێنیەکان بریتین لە: بڕوا، داهێنەری، خۆشەویستی، راستگۆیی، دڵپاکی و شەفافیەت. بەها لەناوەرۆکدا سنووردارەکان بریتین لە: بەکارهێنانی هێز، سەرکۆنەکردن، خۆبەزڵ زانی و پلەو پایە پەرەستی، خۆ بەسەر خەڵک دا سەپاندن.

رێبەرانی گەورە کولتوور و چاندێک لە گەڵ خۆیان دێنن، کە بەهاکانی ئەوان دوای نەمانیانیشیان بەدەیان ساڵی دیکە ش ببنە بەهای هاوبەش و سەردەکی رێکخراوەکانیان.

تام پیتێر (Tom Peters) نووسەر و لێکۆلەری ئەمریکی بواری رێبەری لەو پێوەندیەدا دەڵێت: "رۆڵی رێبەر، بەرێوەبەری بەهاکانی رێکخراوەیە".

ئەو نرخ و بەهایانەی کە قازی محەممەد لە دوای خۆیدا بەجێ هێشتووە، بوونەتە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نزیک بە هەفتا ساڵە گەورەترین و لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە سەرنج راکێشترین حیزبی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان و جیددی ترین رێکخراوێکە کە پرسی نەتەوایەتی لە سەرانسەری ئێران بەرەو پێش دەبات.

ئەو رێکخراوانەی کە خاوەنی بەهای مرۆڤی بن، تەنانەت کاتێک کە رکەبەرەکانیان بە هۆی هەلی تازەی سیاسی، ئابووری و رێکخراوەییەوە توانی بێتیان ببنە لێگەریان، دەتوانن سەرکەوتن بەدەست بێنن. ئەو رێکخراوانەی کە لەسەر بنەمای بەهاکانەوە دامەزراون، رێز لە ئەندامانیان دەگرن و بەشداریان لە پرۆسەی سیاسی و رێکخراوەیی بە گرنگ دەزانن. لە بەرامبەردا ئەو رێکخراوانەی

کە ئەندامانیان وەک کەرەسەیەکن بۆ گەیشتن بە ئامانج و ڕێگایان بەرتەسکە لە بەشداری سیاسی و ڕێکخراوەییدا، سەرەڕای ئەوەی کە لەوانەیە ماوەیەک بە هۆی ئۆتۆریتەی ڕێبەرانیان سەرکەون، لە کاتی ڕووخانی ئۆتۆریتە و نەمانی ترسی "یەکگرتوویی" تووشی هەرەس هێنان و لەناوچوون دەبن. ڕێبەرێک کە بەها کان بکاتە ستراتێژی سیاسی و ئەرزشە کۆمەڵایەتیەکان بکاتە بناخەی ڕێکخراوەیی خۆی، دەبێتە بەشێکی جیانەبووە لە کۆمەڵگا. بۆیە ڕێکخراوی وا سەرەڕای بوونی قەیرانی بڕوا، سیاسی و تەنانەت لە هەندێک قۆناغەدا قەیرانی ڕێبەری هەروا جێی هیوای کۆمەڵگای خۆیانن.

قازی محەمەد لە سەردەمێکدا بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات بوو بە ڕێبەری بزاڤی نەتەوایەتی کوردستان، کە بەها توندئاژۆڤەکان و فەرهەنگی توندوتیژی خوازانە بە هۆی شەری دووەمی جیهانی بەسەر ناوچەدا حاکم بوو و دیکتاتۆرەکانی گەورەو و بچووکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان دادەمەزراند و جیابیرانیان لە ڕێگای بەها سەختەکانەوە لە ناو دەبرد. لەو سەردەمەدا قازی محەمەد وەک گاندی لە هیندوستان کوردستان دەکاتە مەکۆی خەباتێکی درێژخایەن بۆ لەناو بردنی زوڵم و زۆری و ئاسەواری نابەرامبەری. ڕەنگە لەو ڕووەیەشەوە بێت کە قازی بە جیاتی بەجێ هێشتنی کوردستان و ڕزگاری گیانی خۆی، وەک سەرۆک کۆمارێکی بەرپرس و ڕێبەرێک کە گەلەکەی بۆی لە پلە و پایەی گەورەتر بوو و ئامانجەکەی لە ژیانی بەنرختر، دوای هێرش هێزەکانی حکوومەتی ئێران سەرۆکۆماری کوردستان، خۆی بەدەستەوەداو تا لە بێدادگاکانی حکوومەتی پەهلەوی، بە فەلسەفەی خەباتی خۆی، داگیرکەرانی کوردستان بە چالش بکێشێ.

ڕیچارد بارێت (Richard Barrett) بیرمەندی بەناوبانگی بواری ڕێبەری و کولتووری ڕێکخراوەیی لە پێوەندی لە گەڵ ڕێکخراوانەی لە سەر بنەمای بەهاکان دامەزراون دەڵێت: ڕێکخراوە بەها ناوەند ڕێکخراوێکە کە بەهاکانی دەکاتە بنەمای بڕیاردەکان و بەردەوام لە حالی ئەزموونی دوارۆژێکە کە دەیهەوێ پێک بێنێت." ئەو بەهایانە لە سەردەمە ئاستەمەکاندا دەبنە هۆی پێکهاتنی "فەرهەنگی بەرگری" بۆ ئەوەی ڕێکخراو بتوانێت لە سەردەمە سەختەکاندا خۆی لە گەڵ ژینگە بگونجێنێت و بە نەسرەوتوویی ڕێگای خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان هەوڵ بدات. ئەوەی کە ڕێکخراو بەرەو پێش دەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو بەهایانەن کە ڕێکخراوەکە لە سەر بنەمای دامەزراوە.

لە ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە بەهاکانی مرۆڤ دۆستی، مافی دیاری کردنی چارەنووس، دژایەتی لە گەڵ توندوتیژی سیستماتیک، دژایەتی لە گەڵ تیرۆر و تیرۆریزم، لایەنگری لە تۆلێرانسی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانی پێکهێنەرانی کوردستان، دێموکراسی، یەکسانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگایەکی دوور لە کێشە و تەنگەژە چینایەتیەکان، کردە بەردی بناغەی خەباتی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی خۆی. پێشەوا قازی محەمەد بە هۆی ڕابردووی تاکەکەسی و بنەماڵەیی و بەهۆی باوەری قووڵی بە پێکەوە ژیان و ئاشتی نێوان سروشت و مرۆڤ تاقانە ڕێبەرێک بوو کە لەو سەردەمەدا ئەو بەهایانەی هێنایە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژکاف)کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) و دەوای ئەودا بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو بەهایانە بوونە ناوەڕۆکی یەکەم ڕاگەیاندراوی حیزبی دێموکرات و هێلەسەرەکیەکانی سیاسی ئەو حیزبە بۆ دامەزرادنی کۆماری کوردستان.

***

قازی محەمەد بە هۆی کەسایەتی ریالیستیەوە، لە رۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، ئامانجی قۆناغی دیاری حیزب و ئەو بەهایانەی کە بەردی بناخەی حیزبن بە شێوەیەک دارشتووە کە، ئەمرۆشی لە گەڵ بێت، بەهاکانی تازەیی خۆیان پاراستووە و خەونەکانی خەونی رۆژۆڤی سیاسی کوردن.

پێنج تایبەتمەندی سەرەکی کە دەکرێ لە کەسایەتی پێشەوادا ببیندرێت بریتین لە:

۱.۱.ئامانج بۆ پێشەوا گەورەتر لە پلەو پایە و تەنانەت گیانی خۆی بوو

۲.۲.دەروەست بوون لە رێبەری و خزمەتکردندا

۳.۳.رێبەری بە شێوەی هۆشمەندی هەستی (هوشمندی احساسی)

۴.۴.دەروەست بوون بە نموونەی هەڵسوکەوتی شارۆڤەندی

۵.۵.زانینی ئەو راستیە کە کوردستان بەشێک لە سیستەمی ئابووری سەرانسەریە کە گەشەکردن و پێشکەوتنی بە پێشکەوتن و گەشەکردنی سەرانسەری ناوچەیەوە گرێدراوە.

لە هونەری رێبەری دا مەرجی رێبەری بریتین لە: ۱) خۆبەرێوەبەری، ۲) رێبەری خەڵکانی دیکە، ۳) رێبەری حیزب و رێکخراو و ۴) رێبەری کۆمەڵگا. گەر مرۆڤ نەتوانێ خۆی بەرێوە ببات، ناتوانێت کەسی دیکەش بەرێوە ببات. کەسێک کە نەتوانێ رێبەری کەسانی دیکە بکات، ناتوانێت رێبەری حیزب و رێکخراوێکیش بکات، گەر نەتوانی رێکخراوێک بەرێوەبەری، ئەوکات ناتوانی کۆمەڵگا و نەتەوەیەک رییبەری بکەی. پێشەوا خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانە بوو کە بتوانێت جیا لە خۆی و خەڵکانی دەوروبەری لە ماوەیەکی کورت دا ببێتە رێبەری گەلی کورد و وەک یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان رابگەیەندرێت.

کاتێک بیروباوەر و بەهاکانی رێبەرێک دەگۆردرێت، کردار و هەڵسوکەوتیشیان دەگۆردرێت، ئەمەش کاردانەوەی دەبێت لە سەر کولتووری رێکخراوەکە و لە ئەنجامدا هەڵسوکەوتی رێکخراو لە گەڵ دەوروبەری دەگۆردرێت. ئاڵوگۆری رێکخراوەیی بە ئاڵوگۆری رێبەری دەست پێ دەبێت، ئەوە مرۆڤەکانن دەگۆڕێن نەک رێکخراوەکان. بۆیە لە لێکدانەوەی ئاڵوگۆرەکانی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وردبوونەوە لە کەسایەتی رێبەران و پێرسۆنەلیتی ئەوان دەتوانێت یاری دەری چاک بێت بۆ تێگەیشتن لە ئاڵوگۆرەکانی ناو ئەو حیزبە.

پێشەوا قازی محەمەدی دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، خاوەنی کەسایەتیەکی وابوو، کە توانی بڕوای کۆمەڵایەتی و ناوخۆیی و ناونەتەوەیی کاریگەری سەردەم بۆ لای خۆی راکێشێت و کۆماری کوردستان دابمەزرێت. بە دوای ئەودا تەنیا لە سەردەمی رێبەری دکتۆر قاسملوودا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بووبە حیزبێکی جەماوەری و مەکۆی هاوبەشی خەبات لە پێناو ئازادی و مافی چارەنووسدا. ناونیشانی نسکۆکان و لاوازی حیزب و رێکخراوەکان دوای ئەو دوو رێبەرە سەرەرای میراتی گەورەی بەجێ ماو لەوان، دەبێ لە لای کەسایەتی رێبەرانی سەردەمی حیزب بدۆزرێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / رێکەوتی : ٢٧ی مارچی ٢٠١٤

کەسایەتی قازی محەممەد و رۆڵی لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا

ئا. هاوار حەمید

بنەماڵەی قازی محەممەد

گومانی تێدانییە ئەو بەشە کوردەی کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران هەر لەمێژەوە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی دەرەبەگ و کۆنەپەرستی داگیرکەر, کۆمەڵێک هۆز و بنەماڵەی تیادادەرکەوتووە هەوڵی زۆریانداوە بۆ ئازادکردنی و دەرکردنی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەران.. یەکێک لەو بنەماڵانە بنەماڵەی (قازی محەممەد)ە.



قازی محەممەد کە کوڕی قازی عەلی کوڕی میرزا قاسم کوڕی میرزا ئەحمەدە لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە ناوبانگیاندەرکردووە لە موکریاندا، مێژووی ئەم بنەماڵەیە لە سابڵاخدا دەگەڕێتەوە بۆ چوارسەدە پێشتر, ئەم بنەماڵەیە لەلای خەڵکی ناوچەکە و کورد بەگشتی تەنانەت لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتیشەوە جێگەی ڕێز و تەقدیربوونە، لە ساڵی ١٨٣٥ بابەگەوردی قازی محەممەد واتا شێخ ئەلمشایخ هەموو هۆز و سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەکەی کۆکردووەتەوە و لەو کۆکردنەوەیەدا داوای (جەبهەی یەکێتی) دژی ئینگلیزی کردوە، هەروەها ئازادی کوردستانیشی پێشنیارکرد.(١)

کەواتە بنەماڵەی قازی محەممەد هەر لە ڕەچەڵەکەوە هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری بەهێزیان هەبووە بەرامبەر بە کورد بۆ رزگارکردنی کوردستان لەگەڵ ئەوەشدا هەستی توندیان هەبووە بەرامبەر بەوکەسانەی کە دەیانەوێست کوردستان داگیربکەن. لە ساڵی ١٩١٦ قازی فەتاح برابچووکەکەی باپیری قازی محەممەد لەبەرامبەر هێرشی راستەوخۆی روسەکان شەهیدکراوە و دووکوڕە لاوەکەشی (سالار و محەممەد) لەبەرامبەر هێرشی روسەکان بەدیلیگیران و بۆ شوێنە دوورەکانی روسیای ئەوکاتە بەڕێکران.(٢)

قازی فەتاح لە بزووتنەوەی مەشروتەدا بەشداربوو، هاوکار و هاودەنگ بوون لەگەڵ ئازادیخوازانی ئێران بۆ گۆڕینی سیستەمی پاشایەتی (مگلق) ڕەها بە پاشایەتی مشروتە(٣)، قازی فەتاح هەر لەسەرەتاوە کە لەپێناوی بەدیهێنانی یاسای دەستوری زۆر خەباتیکردووە هەر لەبەرئەم مەبەستەش چەندینجار لە تاران بەندکراوە.(٤) قازی فەتاح هەر بەردەوامبوو لەسەر ئەو هەڵوێستەی خۆی و کۆمەڵێک خەڵکی لە دەور کۆبوونەوە بۆ بەدەستهێنانی یاسای دەستوری. ئەم بنەماڵەیە هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی زۆریانکردووە بۆ گەلی کورد, بۆیە قازی محەممەدیش لەسەر ئەو ڕێڕەوەی بنەماڵەکەی و باوباپیرانی بەردەوامبوو رابردووی خاوێنی بنەماڵەکەی پاڵی بە قازی محەممەدەوە ناوە

زیاتر لە ڕێگەی ئازادکردنی کوردستان خەبات و تێکۆشان بکات، بۆیە ئەم بنەماڵەیە بە وریایی و هەستی زۆر بەرزەوە کاریان بۆ گەلەکەیان دەکرد قازی عەلی باوکی قازی محەممەد ئەویش بەهەمانشێوە خەباتی زۆریکردووە بۆ گەلی کورد چی بەئاشکرا چی بەنهێنی لە بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیدا.(٥)

قازی عەلی لە ١٩٣٠ لە مهاباد ڕێکخراوێکی کوردی بەناوی (بزووتنەوەی محەممەد) پێکهێنا. ناوبراو لەگەڵ جووڵانەوەی شێخ محەممەد خیابانی لە تەورێز پەیوەندییان هەبوو، تاساڵی١٩٣٤ لەسەر ئەوکارە بەردەوامبووە. قازی عەلی، دوو کوڕی هەبوو یەکیان) ئەبولقاسم قازی) ناسراو بە سەدری قازی, ئەویتریشیان قازی محەممەد بووە. قازی عەلی لە ساڵی ١٩٣٦ کۆچیدواییکرد فتوحاتی قازی بۆ قازی محەممەد گەڕایەوە.(٦)

ژیانی قازی محەممەد

قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی کوڕی قازی قاسم کوڕی شێخ مشایخە سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی قازی محەممەد بۆچوونی جیاواز هەیە یەکێک لەو بۆچونانە بۆچوونی دانا (محەممەد بەهائەدین ساحیب) لە کتێبی پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری مهاباد دەڵێ: لە ساڵی ١٩٠١ لەدایکبووە. هەروەها کریس کۆچیرا لە کتێبی کورد لە سەدەی ١٩ , ٢٠دا و جەلیل گادانی لە کتێبی: (دەی خاکە لێوەی هەزار و سێسەد و هەشتادا ڕۆژی شەهیدانی کوردسان) دەڵێت: لە ساڵی ١٩٠٠ لە مهاباد لەدایکبووە, بۆیە ئێمەش لەگەڵ ساڵی ١٩٠٠ داین لەبەرئەوەی زۆربەی مێژوونوسان لەگەڵ ئەم بۆچوونەدان و قازی محەممەد کاتێک لەسێدارەدرا لە ساڵی ١٩٤٧ تەمەنی (٤٧) ساڵ بوو، قازی محەممەد لە بنەماڵەیەک لەدایکبوو کە هەموویان زانا و ژیر و ڕووناکبیر بوونە.(٧) قازی پێویستی بەلێوردبوونەوەیەکی ورد و زیاتر هەیە ئەو کەسایەتییە مەزنە پلەوپایەیەکی تایبەتی هەیە لە مێژووی گەلی کوردا. پێشەوا قازی ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەورۆژگارەدا وێنەی لەناو کوردا زۆر کەم بەدیدەکرا. قازی شارستانییەتی و زانستی تازە و هەروەها لە وەزع و ڕووداوەکانی جیهان بەتەواوی شارەزابوو، زمانی تورکی و فارسی و ئینگلیزی و عەرەبی فەرەنسی و ڕوسی دەزانی.(٨) ئەوەی شایەنی وتنە قازی پیاوێکی دیندار و خواناس بوو کاتی خۆی بە شتی لاوەکییەوە بەفیڕۆنەدەدا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوو هێمنی وئاسایش بەردەوامبێت, هەروەها قازی محەممەد پیاوێکی ئەندام باریکبوو کەمێک ڕەنگی زەردبوو، تووکی سەری کورتبوو، چاوی تاڕادایەک گەورەبوو لەڕاستیدا بە ڕوخساری جوانی دەرکەوت.(٩) قازی پیاوێکی ماقوڵ و باوەڕپێکراوبوو لەناو خەڵکدا هەموو ئەم خەسڵەتانەی تێکەڵبوو لەگەڵ ڕووناکبیری و لەسەرخۆیی و هێمنیدا بەڕاستی جێگەی تێڕوانینە.. قازی محەممەد تێکەڵاوییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ڕوسەکاندا تاڕادەیەک خاسیەت و ڕەوشتی ئەوانی وەرگرتبوو لەگەڵ ئەوەشدا هەستی نەتەوایەتی و کوردپەروەرییەکەی لەسەر هەموویانەوەبوو. گەلێک نووسەر بەدەر لە کورد باسی ڕەوشتی قازی محەممەدیان کردووە کە شارەزایی تەواوی هەبووە لە بواری ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، ئەگەر کێشە ڕووبدایە بگەشتبایە دەستی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرد ئەوجا بڕیاری لەسەردەدا هەرگیز لە بڕیاری خۆی پاشگەزنەدەبووەوە، قازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەوڵیدەدا بە شێوەیەکی دادپەروەری بێت. پێش ئەوەی باوکی ئیجازەی قازییەتی بداتێ سەرۆکایەتی معارف و ئەوقافی مەهابادی لە ئەستۆدابوو، تائەو سەردەمی کورد کەسی وای تێدادەرنەکەوتبوو کەوەک قازی شارەزابێت لە خوێندن و زانست و ڕۆشنبیریدا. (١٠)

رۆڵی قازی لە بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتیدا

قازی محەممەد هەر لەبەرئەوەی کە لە حێزانێکی نیشتمانپەروەر پەروەردەکرابوو خۆشەویستی نیشتمان و گەل لە دڵیدا رەگیداکوتابوو، بۆیە زۆر بەچالاکانە هەوڵیدەدا بۆ رزگارکردنی گەل ونیشتمان لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەران و کۆنە پەرستانی ئێران. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە قازی محەممەد هەر لە سەرەتای ژیانیەوە تێکەڵ بە دنیای سیاسەت بێت, ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٧- ١٩٣٠ کۆمەڵەیەکی بچووکی سیاسی کوردی دامەزراند, هەر لەبەر بوونی کەسایەتی قازی خۆی بوو بنەماڵەکەی کە ناوبانگییەکی دیاریکراویان هەبوو لە ناوچەکەدا و لە هەموو لایەکەوە خزمەتی گەلی کردووە, جگەلەوەی قازی خۆی دەوریکی کاریگەری هەبوو لە کۆکردنەوەی سەرۆک هۆز و بنەماڵە ناودارەکان.(١١)

بەمجۆرە ژمارەی ئەندامەکانی زیادیکرد زۆربەی لاوەکانی ناوچەکە لە دەوروبەری کۆبونەوە, ئەوەی شایەنی وتنە قازی لەبەر کەسایەتی خۆی و ناوبانگی بنەماڵەکەی لە ناوچەکەدا بووە هۆی ئەوەی ئەم کۆمەڵە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەکە لە دەوری کۆبوونەوە و هەمان هەڵوێستی قازی محەممەدیان وەرگرتووە لە هەستی نەتەوایەتیدا. هەر لەبەرئەوەش بوو کاتێ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ک) دروستبوو کە ژمارەی ئەندامەکانی لە (٢٠) کەس تێپەڕینەدەکرد پەیوەندییانکرد بە قازی محەممەدەوە داوایانلێکرد بێتە ریزی کۆمەڵەوە ئەویش بە دڵێکی پاک و نیازێکی راستەوە چووە ریزی خەبات و تێکۆشانەوە لەگەڵ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد, پاش ماوەیەک ژمارەی زۆربوو سەرکردایەتی لە ناوچەکاندا بڵاوکرایەوە بۆئەوەی بە هەموو لایەک بەرنامەی کۆمەڵەیەی ژیانەوەی کورد بگەیێن.(١٢) ئەوەی جێگەی وتنە ئەم کۆمەڵە کاتێک ژمارەی ئەندامەکانی کەمبوو بەنهێنی کاریدەکرد, بەڵام کاتێک ژمارەی ئەندامەکانی زیادیکرد دەستیانکرد بە تێکۆشان لەسەر بیروباوەڕی راست بۆ رزگارکردنی گەلی کورد لەبەرئەوە قازی محەممەد خەڵک بە کەسێکی راستگۆ و خزمەتگوزار دایدەنا و کاتێ باوکی کۆچیدواییکرد قازی جێگەکەی گرتەوە ئەمەش قازی محەممەدی ئەوەندە بەرزکردبووەوە وایلێکرد کە خەڵکی زۆر لە دەوری کۆمەڵەی ژیانەوە کۆببنەوە, بەتایبەتی مەلاکانی موکریان کە خزمەتێکی زۆریانکرد بۆ کۆمەڵە بۆیە ئەم کۆمەڵەیە لای رۆشنبیران و تەواوی چینەکانی گەلی کورد دەرکەوت. دوای ئەوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بڕیاریاندا لە کۆبونەوەیەکی نهێنیدا سەرۆکی کۆمەڵە دەسنیشانبکەن. رۆژێک لە رۆژەکانی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ لە مهاباد کۆبونەوەیەک رێکخرا لە ماڵی (عەلی ریحانی) ئیگلتون دەڵێت : لە ماڵی ئەحمەد ئیلاهی چاوەڕوانی قازی محەممەد دەکرا بۆ ئامەدەبوون پاش هاتن و ئامادەبوون و قسە و وتووێژ، لەمبارەیەوە ئینگلتون ((لە ماڵی ئەحمەدی ئیلاهی (٢٤) ئەندامی کۆمەڵە چاوەڕوانبوون لەپێشدا قاسم قادری و قادر مدەرسی لەگەڵ قازی محەممەددا قسەیانکرد دەربارەی بەئەندامبوونی, بێدوودڵی قبوڵیکرد لەدواییدا هەرچەندە قازی محەممەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەبوو, بەڵام رابەر و دەمڕاستی کۆمەڵە هەر ئەوبوو, لەلایەکیتر هەندێ را هەیە کە گوایە هەر ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەندامەتی قازی محەممەد تێپەڕنەبوو هەڵبژێرا بە سەرکردەی کۆمەڵە, بەڵام هێمنی شاعیر لە بیرەوەرییەکانیدا لە پێشکی تاریک و رووندا هاوژیانی خۆی لەتەک رووداوەکانی ئەو سەردەمەدا وادەردەخات. پێشەوا قازی محەممەد ئەندامێکی سادەی کۆمەڵە بوو ناوی نهێنی (بینایی) بوو.(١٣)

دوای ئەوەی کە قازی محەممەد هەڵبژێردرا ئەو ئەرکە گەورەییەی نیشتمان کەوتە سەرشانی.. جێگەی خۆی لە دڵی هەموو خەڵکدا کۆکردبووەوە, بەڵام دوای ئەوەی نوێنەرانی کورد بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد چوونە باکۆ لە سەفەری دووەمیدا بۆ کۆبوونەوە کاتێک گەڕانەوە پێشنیاری دامەزراندنی حزبی دیموکراتیکوردستانی کرد کە ئەم حیزبە جێگای کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دەگرێتەوە کوردەکانیش بە

بۆچوونی مەحمودی مەلا عیزەت زۆرجار لەلایەن کۆمەڵەی (ژ. ک) درۆیان لەگەڵدا کراوە, کۆمەڵەی (ژ. ک) بەردەبەرە لەبەرچاوی خەڵک کەوت و پارتی (ژ.ک) بە بڕیاریکی تایبەتی هەڵوەشرایەوە. ئەندامانی (ژ.ک) سەر لەنوێ چوونە حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەندێ سەرچاوەیتر ئاماژەبەوەدەکەن کە لابردنی حیزبی (ژ.ک) و دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ لێپرسراوانی ئازەربایجانی سۆفیەت. بۆیە ئێمەش لە گەڵ ئەم بۆچوونەداین کە دروستبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پێشنیاری سۆفیەت, لەبەرئەوەی داهاتووی کورد و ئاواتی لە ڕێگەی کۆمەڵەیەکی بچووکی وەکو (ژ.ک) نایەتەدی بۆیە زۆر پێویستە بۆ سەربەخۆیی کورد حیزبیکی گەورە دابمەزرێت, وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستان, بۆیە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەورێکی گەورەی هەبوو لە خەبات و تێکۆشان لەپێناوی گەلی کورد, جگەلەوەی قازی لەم حیزبە بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو پێکبهێنێت, چونکە لەپێش ئەمەدا چەندین کێشەی تیرەگەری و خێڵەکی و نەخوێندەواری باڵای بەسەر کۆمەڵگای کوردی کێشابوو، جگەلە نەبوونی یاسا و دەسەڵاتیش, بۆیە ئەمکارەش شتێکی ئاساننەبوو پڕبوو لە کۆسپ و تەگەرە هەر لەبەرئەوەش بوو حیزب پەرەیسەند و گەیشتە ئەوڕادەیەی کە مەترسی بۆ سەر ئێران دروستکرد بوو, ئامانجی ئەم حیزبەش رزگاری کوردستان بوو سەرەڕای ئەوەش ئامانجە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردی بە شێوەی ئاشکرا و روونتر دەرخستبوو و کردیە خاوەنی بەرنامە و پرۆگرامی نوێ.(١٤) دەتوانین بڵێین هەر ئەنجامی ئەم حیزبە بوو, بووە هۆی دروستبوونی کۆماری کوردستان لەپاڵ زیرەکی و کارامەیی قازی محەممەددا کە وەکو سەرکردەیەکی هۆشیار دەوری◌ێکی زۆری بینی.

رۆڵی قازی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا

ئەوەبوو لە رۆژی ٣ی تەموزی ١٩٤١ هێزی روسی لەلای سەرەوەی ئێرانەوە لە سێ لاوە و هێزی بەریتانیا لەلای رۆژئاوا و خواروی رۆژئاوا لە چەند لایەکەوە خۆیانکرد بە ئێراندا. هێزەکانی سۆڤیەت لەسەرووی کوردستانی ئێران جێگیربوون سۆڤیەت راستەوخۆ لەگەڵ کێشە و گیروگرفتەکانی گەلی کورد رووبەرووبووە,(١٥) ئەوەبوو هەر لەدوای داگیرکردنی ئێرانەوە قازی محەممەد بەردەوامبوو لەسەر هەڵوێستی خۆی، هەر لەمرۆژەدا هەستی نەتەوایەتی پاڵی بە قازی محەممەدەوە نا کە زیاتر هەوڵبدات ئەوەبوو قازی محەممەد نەخشەی کوردستانی پێشان کاربەدەستانی ئینگلیز دا بۆئەوەی شارە کورددییەکان سەربەخۆیی بەدەستبهێنێ هەر لەبەرئەمەشە هەر لە سەرەتای داگیرکردنی ئێرانەوە کێشەی کورد لەگەڵ روسیا و بریتانیادا دەستیپێکرد تانزیکەی ساڵێک, لە ئەنجامی ئەم کێشەیەشدا لە ساڵی ١٩٤٢ حکومەتی روسیا بانگهێشتی بۆ سەرانی کورد نارد و داوای ئەوەی لێکردن چەند نوێنەرێ بنێرن بۆ باکۆ بۆئەوەی لە بارەی کورد و ئێرانەوە قسەبکەن. لەمکاتەدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لەناوە و لەدەرەوە کاری خۆیدەکرد.. قازی محەممەد بۆئەمە وەفدێکی (٣٠) کەسی پێکهێنا و بە سەرۆکایەتی خۆی چوونە باکۆ.(١٦)

ئامانجی کاربەدەستانی روسیا لە بانگهێشتکردنی سەرانی کورد بۆ ئەوەبوو کێشەکەیان چاردەسەربکات لە ڕێگەی گفتووگۆوە و سەرانی کوردیش داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد، بەڵام ئەمجارەیان هیچ خاڵێکی گرنگی تیانەبوو بۆ کورد، هەروەها روسیا ئەمەی بە ڕێگایەک دانا بۆئەوەی لە نزیکەوە لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی کورد بکات , بەڵام سەرانی کورد هەر بەردەوامبوون لە داواکردنی سەربەخۆیی کوردستان هەربۆیە لەم کۆبوونەوە و سەفەرەدا نەگەیشتنە ئەنجام, چونکە نوێنەرانی کورد لەگەڵ (باغرۆف) ڕێکنەکەوتن چونکە (باغرۆف) وایدادەنا باری روسیا لەوەدا نییە کە یارمەتی کورد بدات و لەدوای ئەمەش کێشەکە هەرمایەوە کوردەکان هەر بەردەوامبوون لە داواکانی خۆیان لە روسیا و ئینگلیز, بۆیە وا پێویستیدەکرد ئەوانیش چاردەسەر بۆئەم کێشەیە بدۆزینەوە, بۆیە چەند ساڵێک بەسەر بانگکردنی

نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ تێپەڕیبوو, لە مانگی ئەیلولی ١٩٤٥ نوێنەرانی کورد بانگهێشتکران بۆ باکۆ ئەم سەفەرەش دوای ئەوەبوو قازی محەممەد چوو بۆ تەورێز بۆ هاوبەشیکردن لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان. لەم سەفەرەدا قازی محەممەد و هاوەڵانی بۆ ماوەی مانگێک لە باکۆ مانەوە و چەندین دانیشتنیان ئەنجامدا دەربارەی مافە رەواکانی کورد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بەڵام (باغروف) دەیوت سەربەخۆیی کوردستان لەئێستادا ئیمکان نییە، بەڵام روسیا ئامادەیە پشتگیری لە کورد بکات لەبەرئەوە باغروف راوبۆچونی وابوو کە کوردستان کاتێک ئازاددەبێت گەلی کورد ئازاددەبێت لە ئێران و عێراق وتورکیا.. واتا کوردەکانی هەرسێ بەشەکە رزگاربێت و دەبێت گەلی کورد لە ئێران لەژێر چاودێری بەشێک لە ئازەربایجانی سەربەخۆدا بێت, بەڵام کوردەکان ئەمەیان رەتکردەوە ئینجا بەم قسەیە باغروف ناڕەحەتبوو، جارێکیتر دەستیانکردووە بە وتووێژکردن و لە ئاکامدا باغروف دەستی لەسەر مێزەکە دانا و وتی تا روسیا هەیە مافی گشتی بۆ نەتەوەی کورد هەیە پاش ئەوەی باغروف بەڵێنی بە کوردەکاندا کە یارمەتیانبدات لە ئەسلیحە و ماشین و تۆپ و رەشاشیان پێبدات هەروەها بەڵێنیدا ژمارەیەک لە کوردە لاوەکان بنێرێتە زانستگەی نیزامی باکۆ هەروەها بەڵێنیدا یارمەتیانبدات لە دەرکردنی کتێب و رۆژنامەی کوردی و کوردەکانیش بۆ شاری تفلیس سەفەربکەن.(١٧)

ئیتر ئەوەبوو سەرانی کورد گەڕانەوە، قازی محەممەد کۆبوونەوەیەکی فراوانی لە کۆتایی تشرینی ١٩٤٥ز پێکهێنا کە بەشێکی زۆر لە خەڵک بەشداریانتێداکرد و لەوکۆبونەوەیەدا قازی محەممەد کەوتەقسەکردن لەبارەی بارودۆخی سیاسی کوردستان و ئەنجامی سەفەرەکەیان و لەوکۆبونەوەیەدا قازی محەممەد ئەوەی رایگەیاند کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بۆ حیزبی دیموکرات کوردستان بگۆڕێت، هەروەها خەڵکی داوای سەربەخۆییان لێدەکرد قازی محەممەد خۆی لافیتەیەکی هەڵگرد بەناو خەڵکی دەسووڕایەوە بۆئەوەی دەنگی جەماوەر کۆبکاتەوە کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردی لابرد حیزبی دیموکراتی کوردستان جێگای گرتەوە هەر لەوکۆبونەوەیەدا قازی محەممەد ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمەی کورد دەبێت پەیوەندی خۆمان لەگەڵ دیموکراتی تەورێزدا پتەوبکەین نەهێڵین حکومەتی روسیا رەخنەمان لێبگرێت هەروەها قازی محەممەد بڕیاریدا لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی خۆی پێکبهێنێ و سەردانی تەورێز بکات و پەیوەندی خۆی لە گەڵیاندا دابمەزرێنێ.(١٨) پاش ئەوەی سەردانی تەورێزی کرد لەگەڵ فیرقەی ئازەربایجان چاویان بەیەک کەوت دوای کۆبوونەوەیەکی چەند سەعاتی رێککەوتن لەسەر هاوکاریکردنی هەردوو حیزب و گەشەکردنی زمانی تورکی و کوردی لە ناوچەکاندا و لەسەر بەرپوبردنی ناوچەکانیش هەروەها بڕیاریاندا لیژنەیەکی ئابووری پێکبهێنن لەنێوان هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری.

کارەکانی قازی محەممەد

١. کارەکانی لەڕووی سەربازییەوە. ئەبوونی ئەزموونی حکومڕانی خۆبەڕێوبردن و سەپاندنی یاسا بۆئەم کۆمارە شتێکی گرنگبوو، بۆئەوەی ئەم کۆمارە سەرکەوتوو بێت و بمێنێتەوە لە بواری حکومڕانیدا، پێویستی بە هێزی سەربازی بوو بۆئەوەی بتوانێ خۆی بەرێوەببات بۆیە کێشەی کورد تەنها لە رێگای سیاسی و سەربازی چارەسەری بۆدەکرا, ئەمەش لەوەوە سەرچاوەیگرت کە گەلێک بەردەوام لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندابوو هاتەسەر ئەوەی کە خۆی حوکمی خۆی بکات ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ متمانەی سیاسی کورد خۆی. بۆیە حکومەتی کوردستان بە پێویستی زانی وەکو هەموو دەسەڵاتێکیتری جیهان سوپای نیزامی پێکبهێنێت بۆ رۆژانی بەرەنگاربوونەوە و هەر ئەرکێکی دوژمن, هەروەها بۆئەوەی سەروەری گەل و نیشتمانی پێبپارێزێت.

ئەم سوپایە ژمارەی سەربازانی (١٢٠٠) سەرباز بوو بە فەرمانی قازی محەممەد ئەم سوپایە دامەزرا, هەروەها مەلا مستەفای بارزانی هەزار جەنگاوەری خستەڕیزی ئەم سوپایەوە.(١٩) ئەمەش یەکێکە لەو هۆ گرنگانەی کە یارمەتی حکومەتی کوردستان دەدات بۆ مانەوەی حوکمی خۆی, چونکە لەوکاتەدا دامەزراندنی هێزی سەربازی کارێکی زۆر پێویستبوو, چونکە دەوڵەتی ناوەندیی ئێران بەردەوام هێرشیدەکردە سەریان و ئەمە لەلایەک و لەلایەکیتریشەوە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکەدا.

٢. لەڕووی ئابوورییەوە لەبەرئەوەی لە پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان زۆربەی زۆری زەوییەکانی کورد لەژێر دەستی کاربەدەستانی ئێراندا بوون بۆیە دوای دامەزراندنی کۆمار لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ دابەشکردنی زەویوزار بەسەر جوتیاراندا, ئەمەش بووە هۆی زۆربوونی بەرهەمی کشتوکاڵی هەروەها سەربەستی هاتوچۆ و چالاکی بازرگانی و گۆڕینەوەی کەلوپەل هاتەکایەوە دامەزراندنی ئەمانە هەموویان تاڕادەیەک بازاڕی سنووری کۆماری بووژاندەوە، بەڵام دەرامەت و داهاتی سەرەکی لە کۆمەکی یەکێتی سۆڤیەتەوە بوو کە لە ڕێگای تەورێزەوە دەنێردرا، کۆماری ئازەربایجان (٢٠) تومەنی بە قەرز دابوو بە کۆماری کوردستان بڕیاریشدرا بە شەکر پڕبکرێتەوە هەرچەندە رژێمی شا ئابڵۆقەی خستبووەسەر ناوچەکە بەتایبەتی قەرزکردنی کرینی تووتن, بەڵام سۆفیەت توانی ئەو ساڵە تووتنی کوردستان بکڕێت بە (٨٠) پاوەند.(٢٠) قازی هەمیشە لە هەوڵی زیاتردا بوو بۆ گەشەکردنی ئابووری لەلایەنی کردنەوە بانک و دانانی پارە لە بانکەکاندا دیسان زەوی لە هەندێ خێزانی دەوڵەمەند وەک خێزانی شافیعی لە مهاباد کە بەربەرەکانی کۆماری دەکرد وەرگیراوە.

٣. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە: شانبەشانی گەشەکردنی لایەنی سیاسی و ئابووری لایەنی کۆمەڵایەتی گەشەیکرد، هەرچەندە کارەکە لەسەرخۆ بوو ئەویش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە کە لەگەڵ چەوساندنەوە و زوڵمێکردنی زۆردابوو بۆیە خەڵکی وایێهاتبوو ئەم کۆمارە بچووکەیان بە موڵکی خۆیان دەزانی, چونکە زوڵم وەکو جاران نەمابوو هەرچی داواکاریان بوایە دەگەیشت بەدەستی کاربەدەستان. تەنانەت قازی محەممەدیش ڕێگە و شوێنی تایبەتی بۆ ئەمجۆرە دیاردانە هەبوو بەتایبەتی ڕێگەی گەیاندنی نامە و دەنگی هاوڵاتییان بە خۆی هەر لەبەرئەوەش بوو گەشەکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی کەوتە قۆناغێکی نوێ و کە بیر و لایەنە کۆمەڵاتییەکان باشتر خۆیان دەربخەن,(٢١) قازی محەممەد سەربەستی بە خەڵک دابوو بۆئەو داوایانەی کە هەیانبوو, لەڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە چەندین دامودەزگای بۆ خەڵک کردبووەوە. بەبێگوێدان بە ڕەگەز و ئایین و زمان, هەروەها پێکەوەژیان و برایەتی لەناویاندا بە کارێکی گەورە دەزانی بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی، هەروەها پێکهێنان و ڕێکخستنی لاوان و ئافرەتان وەکو ئەوەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئافرەت شانبەشانی پیاو بتوانێ زۆر لە ئیشوکاری وڵات جێبەجێبکات و مافی خۆی بپارێزێت, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت قازی یەکسانی و سەربەستی بیروباوەڕی لەنێوان خەڵکی ئەو کۆمارەدا چەسپاندووە.

٤. لەڕووی زانستییەوە : بێگومان لایەنی زانست و پەروەردە یەکێکیترە لەوکارە گرنگانەی کە قازی گرنگی زۆری پێدابوو هەر لەبەرئەمەش بوو کە قازی خۆی کەسێکی زانا و ڕووناکبیر و زمانزانبوو بۆیە زیاتر لە کارەکانیتر پەرەی بەم لایەن داوە, هەر لە سەرەتای لەدایکبوونی کۆمارەکەدا چەندین قوتابخانەی لە ناوچە جیاجیاکاندا کردووەتەوە, هەروەها لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ دانانی کتێبی کوردی و خوێندنیان کرد بە کوردی سەرەڕای ئەوەیش چەندین کتێب وەرگێررا بۆ سەر زمانی کوردی , هەروەها بڕیاریاندا بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لەو وڵاتەدا و هەموو کەس فێری خوێندن و نوسین بکرێت و بۆ یەکەمجار بوو (٥٠) قوتابیان نارد بۆ یەکێتی سۆفیەت بۆ ئەوەی لە (دانشگا) بەرزەکاندا بخوێنێت, هەروەها چەندانیتر بۆ تەورێز بۆ خوێندن لە زۆربەی لقەکانی زانیاریدا.(٢٢) گومانی تێدانییە ئامانجی قازی لە

کردنەوەی قوتابخانە و ناردنی قوتابیان بۆ وڵاتانیتر بۆئەوە بوو رزگارییێت لە نەخوێندەواری, چونکە زانست مایەی شارستانییەت و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە هەر لەبەرئەوەش بوو قازی زۆر گرنگی دابوو بەم لایەنە، کاتێک قازی سەرۆکی پەروەردە بوو لە شاری مەهاباد دوو خوێندنگای دروستکردبوو بەناوی (پەهلەوی) ئەویتریان بەناوی (یرماس) کە دوای ئەوە ناوی گۆڕا بۆ خوێندنگای (پەروانە).

٥. لەڕووی ئایینییەوە : قازی خۆی کەسێکی دیندار و موسڵمان بوو بۆیە هەموو کارەکانی و بڕیارەکانی لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامدا بوو هەر لەبەرئەوەش مزگەوت گرنگییەکی گەورەی هەبوو لەناو کوردەواریدا جگەلەوەی جێگەی نوێژکردن و خواپەرستی بووە جێگای زانست و حوێندن بووە بۆیە زۆر لە شاعیر و نووسەر و روناکبیرەکان تا کۆتایی چلەکان لە مزگەوتدا پێگەیشتوون، سەرەڕای ئەوەش شوێنی کۆبوونەوە و پەیمانی نێوان خەڵک و بەرپرسەکان بوو، هەر لەبەرئەوەش مزگەوت گرنگیی زۆری بۆ حکومەتی کوردستان بووە، لەبەرئەوەی قازی زۆر کۆبوونەوە گرنگەکانی لە مزگەوتدا دەکرد و لەوێدا لەگەڵ پێشەوایانی ئایین و دەمڕاست و ئاغاکانی کورد کۆدەبوودەوە راوێژیدەکرد, هەروەها لە مزگەوتەکاندا وتاری هەینی بە زمانی فارسی یان عەرەبی دەسمی بوو, بەڵام قازی بڕیاریدا وتاری هەینی بە زمانی کوردی بخوێنرێ.(٢٣) بۆیە قازی چەندین مزگەوتی لە شارەکانی کوردستان کردەوە بۆئەوەی ئایین لەناو خەڵکدا تەواو پتەوبێت و کێشەکان لە مزگەوتدا چارەسەربکات بەمەش قازی هەوڵی گەشەپێدان و گرنگیپێدانیداوە.

داگیرکردنی مهاباد و خۆبەدەستەودانی قازی

دوای ئەوەی دەوڵەتی ئێران بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ ئازەربایجان جارێکیتر بیخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، بۆئەمەش هەستا بە هێرشێکی گەورە بۆسەر ئازەربایجان لەبەرئەوەی ئازەربایجان حکومەتێکی گەورەتر بوو لەوەی کوردستان لەڕووی هێز و تواناوە. ئەم هێزەی ئێران هەر (٢٥) کم لە تاران دەرچوون تووشی شەڕبوون, چەکدارەکانی ئازەربایجان پشتیان بە سوپای ئێران گرت, بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کەمدا سەنگەرەکانیان چۆڵکرد و تا تەورێز نەوەستاوە لە دەوروبەری تەورێز هەندێ شەڕیترکرا, بەڵام شەڕەکە وانەبوو بۆیە سوپای ئێران لە (١٣)ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ توانی تەورێز داگیربکات، بۆیە ئەم هەوڵەیەش بۆ رۆژی دوایی گەیشتە مەهاباد. بۆئەم مەبەستەش ئەندامانی حیزب و لێپرسراوانی کۆمار رووبانکردە ماڵی قازی بۆئەوەی بزانن چیبکەن شورای جەنگ بە سەرۆکایەتی حاجی بابە شێخ پێکهات بۆیە دانیشتنی یەکەم بڕیاردرا شەڕبکرێت. دوای ئەوەی بڕیاریاندا جەنگبکەن لە دژی داگیرکەرانی ئێران, بەڵام دوای بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەکی زۆر لەلایەن قازی و ئەندامانی حیزبەوە ئەو بڕیارەیان هەڵوەشاندەوە و بڕیاری نوێیان ئەوە بوو جەنگنەکەن لەبەرئەوەی حکومەتی ئازەربایجان بەو هەموو توانایەوە یەک رۆژ شەڕی پێکراوە ئایا کۆمارێکی بچووکی وەکو کۆماری کوردستان توانای بەرگریکردنی هەیە بەرامبەر بە سۆپای ئێران. ئامانجی قازی لەشەڕنەکردن زیاتر لەبەرئەوە بوو ئێران دەوڵەتیکی گەورەیە و کۆماری کوردستان بچووکە بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانیت داگیرببکات, بۆیە ئەگەر شەڕبکرێت لەگەڵیدا, کاتێک مهاباد داگیربکات زۆر بەتوندی لەگەڵ خەڵکی مەهاباد دەجووڵێتەوە هەر لەبەرئەمەیش زۆر لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی داوایان لە قازی کرد کە لە سنووری کۆمار دەربچێت و سنووری عێراق یان روسیا بگرێت، بەڵام قازی بەم پێشنیارە رازینەبوو وتی ئەگەر من لەم شارە دەربچم ئەوە حکومەتی ئێران هەموو رقوکینەی خۆی بە خەڵکی هەژاری ناوچەکە دەڕێژێ بەیەکجاری شارەکە وێراندەکات، بۆیە مەلا مستەفایش هەمان داوایلێکرد, هەروەها قونسولی ئینگلیز لە تەورێز و ئەمریکییەکان هەمان داوایانلێکرد, بەڵام بەهەمانشێوە وەڵامیدانەوە.(٢٤). بەمشێوەیە قازی لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوامبوو تا ئەورۆژەی هێزی ئێران بەردەو مهاباد کەوتەڕێ بۆیە لە رۆژی (١٧/کانونی یەکەمی/١٩٤٦) هێزی ئێران لە بۆکانەوە بەردەو مەهاباد

کەوتەڕێ، هەر ئەوڕۆژە قازی و حاجی بابە شیخ و کۆمەڵێکی زۆری لە لێپرسراوانی کۆمار بەرەوڕوویان چوون بۆئەوەی بەڕەسمی پێشوازی هاتنەناوەی هێزی نیزامی ئێران بۆ مهاباد بکەن، کاتێک کە گەیشتە پێشەوە سوپای قازی بەگەرمی پێشوازیلێکردن.(٢٥) هێزی ئێران هەر لەگەڵ چوونەناوەوەیان لە مهاباد دەستیانکرد بە توندوتیژی وخەڵکگرتن بۆیە هەندێک لە ئەندامانی کۆمار رایانکرد، بەڵام هەندێکیان لە ماڵەوە بوون چاوەڕوانی گرتنبوون، قازی لە ماڵەکەی خۆیدا کەوتەژێر چاودێرییەوە، دوای چەند رۆژێک کە بەتەواوی دەسەڵاتی ئێران جێگیربوو قازی و ئەوانەی بەدەوریەوەبوون دەستگیرکران و خرانە بەندیخانەوە.(٢٦) هەر بەخۆبەدەستەوەدانی قازی کۆمار بەتەواوی هەرەسدەهێنێ.

هۆکار خۆبەدەستەوەدانی قازی چیبوو؟ چەندین شێوازی لەبەردەوامدا بوو بە بەرگریکردن یان هەڵهاتن یان شەڕکردن بەشێوەی پارتیزانی، بەڵام ئێستا هۆکاری خۆبەدەستەوەدانی ئەو هۆکارانەی پاڵی بە قازییەوە نابێ بۆ خۆبەدەستەوەدان بەتەواوی روونەنبووەتەوە بویە هەڵوستی خۆبەدەستەوەدان شتێکی زۆر گرنگە لە مێژووی گەلی کوردە.(٢٧) پێموایە کاریگەرترین هۆکاری خۆبەدەستەوەدانی قازی ئەوەیە کە پێشتر بەڵێنی بە خەڵکی مهاباد دابوو لە مەیدانی چوارچرا تاکو دواهەناسە لەگەڵ خەڵکی مهاباد بێت هەر لەبەرئەوەش بوو بەڵێن و پەیمانی نەشکاند تا دواهەناسە.

دادگایکردنی قازی

دوای ئەوەی سوپای ئێران بەرەو مهاباد بەڕێکەوت قازی پێشتر بڕیاریدابوو شەڕنەکرێت لە دژی سوپای ئێران لە (رۆژی١٢/کانونی یەکەمی/١٩٤٦) گەیشتە بۆکان پاشان بەرەو مهاباد لە (١٥/کانونی یەکەمی/١٩٤٦) هێرشی کتوپڕیان کردەسەر مهاباد و داگیریانکرد, بەڵام قازی و ئەندامانی پێشوازیانلێکرد ئەو پێشوازیلێکردنە هیچ سوودی نەبوو, بەڵکو بەشێوەی نامەردانە هاتنەمەیدان هەر لە (١٧)ی ئەومانگەدا قازی و هاوڕێکانی گیران و خرانەبەندیخانەوە.(٢٨) پاش ماوەیەک لە رووخانی کۆماری مهاباد دەستبەسەراگرتنی قازی راگەیەنرا. ئەوەبوو پاش ماوەیەک دادگاییکردن دەستیپێکرد. ئەوەی شایەنی باسە کۆبوونەوەی دادگاییکردنەکە چەند سەعاتێکی خایاند، پرسیاری تاوانەکان لەلایەن دادستان حەسەن خرانەڕووی دادگا قازیش زۆر بەهێمنی وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە بۆ هەر پرسیارێکیش قازییەکان داوای بەڵگەیان دەکرد و بەشی زۆری پرسیارەکان لەلایەن قازییەکان و رەتدەکرایەوە، ئەو خاڵانەی قازی محەممەد پێیتاوانبارکرابوو ئەمانەبوو:

١. بازرگانیکردنی نەوت لەنێوان دەوڵەتی روسیا و کۆماری کوردستان.
٢. دەستکاریکردنی نەخشەی ئێران و جیاکردنەوەی ورمێ و کرمانشان و تەورێز و ئیلام.
٣. دانان و دروستکردنی ئاڵا بۆ کۆماری کوردستان.
٤. لێدانی سکەی پوول بۆ حکومەتی کوردستان.
٥. دروستکردنی نەخشەی کوردستانی گەورە بە هەرچوار پارچەکەیەوە.
٦. هێنانی بێگانە بۆ کوردستان وەکو مەلا مستەفای بارزانی.
٧. هەڕەشەکردن و هاندانی خەڵکی کوردستان دژی دەوڵەتی ناوەندی.
٨. پەیمانبەستن لەگەڵ روس دژی دەوڵەتی ناوەندی.

٩. هاتوچۆکردن بۆ دەرەوەی وڵات و سەردانی روسیا و کۆبوونەوە لەگەڵ باغرۆف.
١٠. راگەیاندنی حکومەتی کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی گەورەی خاکی ئێران, ئەمانە و چەندین خاڵیتر قازیی پێتاوانبارکرابوو.(٢٩)

قازی هەموو ئەمانەی رەتکردەوە تەنها دانی بە سێ خاڵدا نا ئەویش:

١. چوونی بۆ باکۆی ئازەربایجان و چاوپێکەوتن لەگەڵ باغرۆف.
٢. بوونی ئاڵای کوردستان.
٣. هاتنی مەلا مستەفای بارزانی بۆ مەهاباد ئەویش خۆی هاتووە، چونکە کوردە و کوردستان ماڵی خۆیەتی.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ مانگ بەسەر داگیرکردنەکەدا دواتر لە ستادی ئەرتەشی ئێران دەستەیەک بۆ دووبارەکردنەوەی دادگای قازییەکان لەمانە دەستنیشانکران: سەرهەنگ رارا نیکوزادا (دادستان)، سەرهەنگ رەجەب عەتا سەرۆکی دادگایی, سەروان حوسێن ئەندام, سەروان نەبەوی وەک پارێزەر بۆ قازییەکان. ئەم دەستەیەی دادگا لە (رۆژی ١٩٤٧/٣/٢٥) لە تارانەوە بەرەو تەورێز کەوتنەرێ لەوێ بەرەو میاندوا لەوەیوە بۆ مەهاباد. رۆژی (١٩٤٧/٣/٢٨) گەیشتە ئەو شوێنەی کە بریاری دادگاییکردنی قازی محەممەدی لێیە, پاشان دادگاییکردن دەستیپێکرد. تاوانەکان هەمان ئەو (١٢) مادەیەی پێشووتر بوون کە لەلایەن دادگای سەربازییەوە جاری پێشوو رووبەڕوبکرایەوە قازی محەممەد تاوانەکانی دانە بەدانە بەدرۆخستنەوە بۆیە داوای لە دادگاکرد بۆ هەر تاوانێک بەڵگە بهێنێتەوە. قازی زۆر بەئارام و لەسەرخۆبوو, بەهۆی پێداگرتنی قازی لەسەر رەتکردنەوەی تاوانەکانی دادگا (دادستان) بەسەر قازیدا خۆی تووڕەکرد, قازیش کاردانەوەی هەمانشێوەی هەبوو لەسەرئەوە بۆیە قازی بە دادستانی وت ئەم هەموو درۆ و بوختانە چۆن بۆمتان دروستکردووە ئەگەر راستدەکەن بەڵگە بخەنەڕوو بۆیە ئەم قسەیە دادستانی زۆر تووڕەکرد تەنانەت وایلێکرد بە بستیش لەسەری خۆی دا.(٣٠) ئەویش بە قازی وت کوردان سەگ سیفەتن, بەڵام تەوڕەیی و هەڕەشەی دادستان هیچ کارینەکردەسەر قازی و لەوەڵامدا وتی سەگ و بێئابڕوو هەر ئێوەن من ئامادەم لەپێناو کورد خۆم بدەم بەکوشت و شانازیشدەکەم بەو مردنە مەردانەیە, قازی دوای تەواوبوونی قسەکانی بریاریدا وەڵامی پرسیارەکان نەداتەوە.. دادستانیش بۆ ئەوەی قازی بێتە سەرخۆی و لەسەر بریارەکەی خۆی پاشگەزبێتەوە کاتی پشوودانی دادگای راگەیاند، دوای پشوودان زۆر هەوڵیاندا وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە, بەڵام قازی وەڵامینەدایەوە، دەستەی دادگا لەنێو خۆیاندا کەوتنەراگۆرینەوە ناچار بریاریاندا لە شوێنی نیکوزدا سەرهەنگ رەجەب عەتای ببێت بە سەرۆکی دادگاکە، پرسیارەکان سەرلەنوێ دەستیپێکردەوە، دادستان پرسیاری ئەوەی لێکرد کە لەگەڵ دەوڵەتی روسیا رێککەوتن بۆ بازرگانیکردنی نەوت هەیە، لە وەڵامدا قازی پێکەنی و وتی ئێمە کام بیر و کۆمپانیای نەوتمان لەبەردەستدابووە تا بازرگانی پێوەبکەین، رەنگە ئاوی ئەو رووبارانە بڵێن کە بە شاری مەهابادداا رەتدەبێت بە نەفتی بزانن، هەروەها وەڵامی قازی لە پرسیاری ئەوەی بێگانەی هێناوەتە کوردستان وەک مەلا مستەفای بارزانی لەوەڵامدا وتی مەلا مستەفا بێگانە نەبووە و کوردستان ماڵی خۆیەتی.

سەرهەنگ عەتایی پرسیاری زۆری لێکرد بەڵام هەر بەردەوام رەتیدەکردەوە لەبەرئەوەی قازی لە بەرامبەری بەتوندی وەستابوو. سەرهەنگ پارچە قوماشێکی لە جانتاکەی دەرهێنا کە رەنگی سوور و سپی و سەوز بوو چەکوش و داسێکی لەسەربوو.. سەرهەنگ تفێکی لێکرد و

خستییە ژێرپێی، قازی لەبەرامبەردا وتی: جارێ ئەمە هەرگیز ئاڵای کوردستان نییە و نەبووە چونکە ئاڵای کوردستان چەکوش و داسی لەسەر نییە و دڵنیابە ئاڵای کوردستان بە دەستت ناکەوێ. هەروەها دڵنیابە لەوەی کە رۆژێ دێ ئاڵای کوردستان لەسەر ئەم خانووەی منی تیادا دادگاییدەکرێم هەڵدەدرێت، عەتایی لێبپرسی هەموو ئەو تووڕەییەت بەرامبەر سەرهەنگ نیکوزادە چیبوو لە کاتێکدا تۆ بەهێمنی و لەسەرخۆیی ناسراویت.. لەوەڵامدا قازی وتی من ئەو مافە بە کەس نادەم گاڵتە بە گەلەکەم بکات ئێستا من لە پێناوی گەلەکەم حوکمی لە سێدارەدانم بەسەردا دراوە.

دادگایی بەوجۆرە درێژەیکێشا و عەتای پرسیاری لە قازی دەکرد ئەویش زۆر بەتوندی و بەبێترس وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە لە کۆتاییدا قازی وتی: وائەزانن کە هەڵنەهاتم بەهۆی نەتوانینمەوە بوو, بەڵکو زۆر بە ئاسانی دەمتوانی هەڵبێم و لە سنوور بپەڕمەوە، چونکە شەش جێب و دوو ئۆتومبیلم لەبەردەستدابوو لەبەرئەوەی بەڵێنم بە گەلەکەم دابوو تا دواهەناسە لەگەڵیاندابم بۆیە هەڵنەهاتم.

بەمشێوەیە کۆتایی بە دادگا هێنرا، بۆیە لیژنەی دادگایی ویستی بەرەو تاران بچێت لەناکاو دەستور هات تا جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا لەوێ ئامادەبن بۆیە لەوێ مانەوە تا حوکمی دادگا جێبەجێکرا لە (رۆژی٣١ی مارت). پاش دەرکردنی دوابڕیار لەلایەن حکومەتی ناوەندی ئێرانەوە کە قازی محەممەد لە سێدارەبدرێت، کەوتنە ڕاگۆرینەوە بۆ دەسنیشانکردنی شوێنێک تا بڕیارەکەی دەوڵەتی ناوەندی جێبەجێبکرێت، پاشان قازییان گەیاندە بەردەم بینایەکی چەند دەرگایی لە چوار گۆشەیەکی چوارچرادا دایانبەزاند چووە نێورێزێکەوە بینی دادستان سەرهەنگ نیکوازدە و مەلایەکی کوردەواری و چەند چەکدارێکی لێبوو و بوونی قورئانێکی گەورە لەسەر مێزێک و ئامادەبوونی سەرۆکی تەندروستی کە لە تارانەوە هاتبوو.. پاشان دادستان سەرهەنگ نیکوازدە بڕیاری دادگای خوێندەوە بەمەش قازی لەوە دڵنیابوو دەبێت هەر ئێستا لە سێدارەبدرێت هەر لەوکاتەدا دادستان داوایلێکرد کە دوا وەسیەتنامەی بنووسێت. بۆیە قازی دەستیکرد بە نووسینی وەسیەتنامە .. وەسیەتنامەکەی بەگشتی لەبارەی یەکێتی لە نێوان رۆژهەڵاتی گەل و پشتبەستن بەیەکتری و هەروەها باوەڕنەبوون بە بێگانە، هەروەها بەرەوپێشچوونی ئاستی زانست و بەرەودان بە دەزگا ئیدارەییەکان لەگەڵ گەلێک شتیتر لە چوارچێوەی وەسیەتەکەی دەردەکەوێت کە لە دواچرکەکانی تەمەنیشدا جوانترین ئامۆژگاری گەلەکەی دەکات، ئەو راستیەمان ڤێردەکات کە پشتبەستن بەخۆمان و بەرەودان بە دەزگا زانستی و پەروەردەیی و ئایینەکان گەورەترین پشتیوانن بۆ سەرکەوتنی گەلی کورد. لەوشەوە زەنگەی کە بێدەنگی باڵای کێشابوو بەسەر مەهابادا و قازیش داوایکرد پێش ئەوەی ببرێتە بەردەم پەتی سێدارە رێگەی بدەن نوێژ بکات و لە خوابپارێتەوە نزیک دوو سەعات خەریکی خوێندنەوەی نوێژ و پاڕانەوەبوو, ئەمکاتە درێژەش دادستانی نیگەرانکردبوو دەستیکردە بۆڵەبۆڵ تا سەعات گەیشتە(٣)ی شەو پاش ئەمە لە دەرگایەکەوە هێنایانە مەیدانی چوار چرا کە چاوی بە پەتی سێدارە کەوت داوایکرد لە سێدارەنەدرێت.. چونکە لە سێدارەدان لە ئیسلامدا کارێکی ناپەسەندە، بەڵکو تیربارانمکەن بەڵام لە سێدارەم مەدەن، بەڵام دوژمنان راکەیان پەسەندنەکرد بەبیانووی ئەوەی کە هەر دەبێت دادگا جێبەجێبکرێت لەوشەوەدا کە کات گەیشتە ٣:١٠ی بەیانی کە رێکەوتی ١٩٤٧/٣/٣١ هێنرایە ژێر پەتی سێدارە و پاش کەمتر لە دوو دەقیقە گیانی پاکی بەرەو بەهەشتی نەبراوە فڕی.

خەڵکی مەهاباد لەکاتێک لە شرینی خەودا بوون کە هەر ئێوارە بڕیاردرابوو کە نابێت شەو کەس لە ماڵی خۆی دەربچێت نەیانزانی ئەمشەو ئەوکارە چاوەڕواننەکراوە روودەدات.. پاش ماوەیەک لاشەی شەهیدەکانیان درا بە کەسوکاریان و هەر ئەوڕۆژە لەسەر شانی خەڵکی بە شەرەفی مەهاباد لە گۆڕستانی مەلا (جامی) بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردران.(٣١)

سەرچاوەکان

١ . کریس کۆچیرا: کورد لە سەدەی ١٩،٢٠دا, وەرگێرانی: محەممەد ڕەباتی, چاپی یەکەم, ل٢٤٦

٢ . دانا, محەممەد بەهائەدین ساحیب: پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری مهاباد, چاپی یەکەم, سلێمانی ١٩٧١ , ل١٥

٣ . عومەر بەلەکی: مهاباد و کورتەمێژوویەک: چاپی یەکەم, سلێمانی,٢٠٠٤ , ل٨٤

٤ . دانا, محەممەد بەهائەدین ساحیب: سەرچاوەی پێشوو, ل١٥

٥. کریس کۆچیرا: سەرچاوەی پێشوو, ل٢٤٦

٦. جەلیل گادانی: خاکەلێوەی١٨٣٠ ڕۆژی شەهیدانی کوردستان, ل١٩. ٢٠

٧ . مەحمود مەلا عیزەت: جمهوریەتی کوردستان, چاپی یەکەم, سلێمانی ٢٠٠٢ , ل١٩١

٨. عومەر بەلەکی: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣

٩ . کریس کۆچیرا: سەرچاوەی پێشوو, ل٢٧٧. ٢٧٩

١٠ . مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو, ل١٩٢

١١ . هەمان سەرچاوە: ل١٩٤

١٢ . دانا, محەممەد بەهائەدین ساحیب: سەرچاوەی پێشوو, ل١٦

١٣ . مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو, ل٩٧

١٤ . هەمان سەرچاوە, ل٧٠، ٩٧ , ١٠٧

١٥ . ڕەنجیار, ئەحمەد ئەمین: کۆماری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان, چاپی یەکەم، هەڵەبجەی شەهید, ل٤٩

١٦ . کریس کۆچیرا: سەرچاوەی پێشوو, ل٢٥٤

١٧ . هەمان سەرچاوە, ل٢٥٣ , ٢٦٧

١٨ . ڕەنجیار, ئەحمەد ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩

١٩ . هەمان سەرچاوە, ل٤٩

٢٠ . مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو, ل٢٦٨ . ٢٦٩

٢١ . هەمان سەرچاوە, ل٢٧٥

٢٢ . دانا, محەممەد بەهائەدین ساحیب: سەرچاوەی پێشوو, ل٣٢.٣٤

٢٣ . ئەوشیروان مستەفائەمین: حکومەتی کوردستان, کورد لە گەمەی سۆفیەتیدا, چاپی یەکەم, هەولێر, ١٩٩٣ ، ل١٤٥

٢٤ . ڕەنجیار, ئەحمەد ئەمین: سەرچاوەی پێشوو, ل٥٩.٦٠

٢٥ . ئەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو, ل٢٦٦

٢٦ . ڕەنجیار, ئەحمەد ئەمین: سەرچاوەی پێشوو, ل٦١

٢٧ . مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٣

٢٨ . دانا, محەممەد بەهائەدین ساحیب: سەرچاوەی پێشوو, ل٧٤

۲۹ . بەدرەدین سالح : سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا, چاپی یەکەم، هەولێر,۲۰۰۱ , ل۸

۳۰ . نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل۲۶۷

۳۱ . بەدرەدین سالح : سەرچاوەی پێشوو, ل۱۱ , ۱۹ .

سەرچاوە : گۆڤاری کۆچ / ڕێکەوتی : ۲۳ی فێوریەی ۲۰۱۳



پێشینە و خەسڵەتەکانی قازیی محەمەد

نووسینی: وەدیع جووەیدە
وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی

قازیی محەمەد سەر بە یەکێک لە بنەماڵە ناسراوەکانی کوردستانی ئێران بوو کە لە کۆنەوە پلەی داوەری مەهابادیان بە ئەستۆوە بوو. نێوبانگی ئەو بنەماڵەیە تەنێ لە بەر زانست و پارێزکاری نەبوو، لە ڕوی ئازایەتی و نیشتمان پەرستیشەوە بەنێوبانگ بوون. کەم نەبوون ئەو نموونانەی کە لە کاتی هاتنە پێشی سەردەمی دژوار و قەیرانی دا ، تاکوتەرایەک لەو بنەماڵەیە ڕیبەری گەلەکەی خۆیان وەئەستۆ گرتبێ و بەو پەڕی ئازایەتییەوە بەرپرسیاری ڕێبەرایەتییان قەبووڵ کردبێ. لە ئاکام دا خەڵکی مەهاباد و گوندەکانی دەوروبەری بەچاوی گەوردەی دینی و دنیایی تەماشای وانیان دەکرد.



قازیی عەلی بابی قازیی محەمەد و قازیی مونعیم، یەکێک لە ئامۆزاکانی بۆ کەم کردنەوەی باری زوڵم و زۆرداری ڕووسەکان بەدەم داگیر کردنی نیزامی وێندەرێ لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا حەولی زۆریان دا، سەروبەندێک کە قات و قڕی و لێقەوماوی زۆر لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی داگرتبوو. قازیی فەتاح مامی قازیی عەلی بە دەم ئەو ئاڵۆزییانەی لە شۆڕشی مەشرووتییەت و دەستێوەردانی ڕووسییەی قەیسەری لە ئازەربایجان دا هاتە گۆڕێ، لە ڕێکخستن و دەنگدانی خۆڕاگریی ناوچەیی دا دەورێکی چالاکی گێڕا و دەگوترێ کفنی پۆشی و بانگە وازی لە خەڵک کرد بۆ جیهاد بە دژی هێزەکانی ڕووسیەی قەیسەری و، ماوەیەک دواتر بە دەست ئەوان کووژرا.(٣١)

جا لە بەر ئەوە لە خۆڕا نەبوو کە هەم خەڵک و هەم کاربەدەستانی ئێران ڕێزی ئەو بنەماڵەیان لە بەر بوو. تەنانەت وا باس کراوە ڕەزاشاش کە چ نێوبانگی وای نەبوو لوتفی لە گەڵ کەسایەتییە دینییەکان هەبێ سەبارەت بەو بنەماڵەیە مێهرەوان بووە و ڕێزی لە بابی قازیی محەمەد گرتووە و کاتێک ئەو لە نێوەڕاست ساڵانی ١٩٣٠ / ١٣١٠ کۆچی دوایی کرد بە پێی ڕاسپاردەی کاربەدەستانی لەشکری و مەدەنی هەرێم. قازیی محەمەد جێگای بابی خۆی گرتەوە بۆ قەزاوەت لە مەهاباد.(٣٢)

گومانی تێدا نییە قازیی محەمەد لە بەر زانست و کەسایەتی بەتوانای خۆی و هەر وەها ئعتیبارە بنەماڵەییەکەی خاوەنی پلە و دەستەڵاتێکی چاوڕاکێش بوو لە مەهاباد بەڵام تا ئەو کاتەی کە پێشوەچوونەکانی ڕۆژگار ئەوی کرد بە سەرۆک کۆماری جمهووری کوردستان لە مەهاباد، چ نێوبانگی نێونەتەوەیی نەبوو. دڵنزمی، دڵپاکی و ژیانی سادەی وی شوێنێکی زۆر باشی لە سەر ئەو بێگانانە دانابوو کە لەو سەروبەندی دا پێوەندییان لەگەڵی هەبوو.

لە نێو ئەو کەسانەی دا کە سەریان لە قازیی محەمەد دا بوو و چاویان پێی کەوتبوو ئەو وێنەیەی ئارچی ڕۆزڤێلتی کوڕ لەوی دەکێشێتەوە لەهەموان خۆشەویستانەترە، لە نووسینەکانی دا لەو بارەیەوە، قازیی محەمەد وەک کەسایەتییەکی نیشتمان پەروەر و لەخۆ بوردوو، زانا و خاوەن بەرژەوەندی بەربڵاو و بۆچوونی لەسەرەخۆیانە نیشان دەدرێ کە تەنانەت ئەو کاتەش کە لە ترۆپکی دەستەڵات دا بوو لە هەڵسوکەوتی دا چ خەسڵەتی خۆ بەزل زانینی تێدا بەدی نەدەکرا، دەمارگرژ نەبوو و ئەو توندئاژۆییەی نەدەنواند کە ئاکامی کۆمەڵێکی بەزەبروزەنگە. ئەو جۆرەی ڕۆزڤێلت دەنووسێ" من وەک پیاوێکی بە ئیمان و بە باوەڕم هاتە بەرچاو، کەسێکی خاوەن لە خۆ بووردوویی و ئازایەتی تاقانە و، لەهەمان حاڵ دا میانەڕۆ و چاوکراوە..." (٣٣) بە دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد دا کاتێک بیستی ئەو و برایەکەی سەدری قازی حوکمی لە سێدارە دانیان بۆ بڕاوەتەوە - بەو جۆرەی کە خەسڵەتی تایبەتی کەسایەتی وی بوو- بۆ ڕزگاری گیانی خۆی نەپاڕاوە، بەڵکوو حەوڵی ڕزگاری برایەکەی خۆی دا کە پێی بوو بڕیاری لە سێدارە دانی وی ناعەدالەتییەکی گەورەیە. (٣٤)

سەرچاوە : جمهووری کوردی مەهاباد

ژێرنووسەکان:

31- نەجەفقوڵی پێسیان. لە مەهابادی خوێناوییەوە تا کناری ئاراس،تاران، چاپخانە دیار نییە. لاپەڕەی 152.

بە پێی نووسینی نیکیتین، قازیی فەتتاح لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی دا مەزنی بنەماڵەی قازی بوو.

Basil Nikitine, Les Kurdes: Etude Sociologiyue et historique(Paris,1956),136,n.1

32-پێسیان، هەمانجێ. لاپەڕەی 153

33- Roosevelt,262.

لەو پێوەندییە دا دەکرێ قازیی محەمەد لەگەڵ سەتتار خان، یەکێک لە ڕێبەرانی شۆڕشی مەشروتییەت لە ئازەربایجان بەراورد بکرێ. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە تێکچوونی بەردەبەردەی خەسڵەتی سەتتارخان بڕوانە:

Edward Granville Browne, The Persian Revolution of 1905-1909 (Cambridge: Cambridge University Press, 1910),570.

سەرچاوە : ماڵپەری ناوەندی نووچە و شرۆقەی ڕۆژ / ڕێکەوتی : ١٨ی جوونی ٢٠١٢

تێبینی : تەنیا ئەوە بەشەی کە پێوەندی بە کەسایەتیی پێشەوا قازییەوە هەیە لێ هەڵبژێردراوە – ڕەحمان نەقشی

قازی محەممەد لە ئاوێنەی حەقیقەتدا

ن: سەلاح سەدباری

بۆ سەلماندنی باشەی هەر شتێک و کەسێک و گرتنە بەری ڕێڕەوی مرۆڤانە لە گۆڕەپانی ژیاندا، حەقیقەت جوانترین و ڕاستترین نوێنگەی ئامانجی بەرز و ڕەسالەتی مێژووییە کە دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤە گەورەکان و لە پێناویدا دەجەنگن بۆ ئەوەی مرۆڤ خاوەنی ڕێز و پێگەی شیاوی خۆی بێت لە ژیانی مادی و مەعنەویدا کە قازی کوردان یەکێک لەو مرۆڤە گەورانەیە، مێژووی کوردی نەخشاندووە. قازی موحەممەد هەڵگری ئیرادە و بیرو باوەڕ و هەوڵی مرۆڤتەوەرانەی گەلێک بوو لە پێناوی ئازادیدا کە، خۆی لە چێکردنی کۆماری کوردستاندا بینییەوە و بوو بە وێستگەیەکی مێژوویی گرنگ لە ژیانی سیاسی نەتەوەی کوردا. قازی کوردستان لە پێناوی حەقیقەتدا لە ١٠ی خاکە لێوە چووە سەردار و بە مەرگی خۆی سەلماندی کە ئارمانی ئازادی و ڕێبازی شەهیدان درێژەی هەیە و تا کورد هەبێ و ڕەوڕەوەی مێژوو لە جووڵەدایێت، قازی کوردستان پێشقەراوڵی ئەخلاقی سیاسی و نەتەوەیی و مرۆڤانەی ئێمەی کوردە و مافی خۆمانە شانازی بە کەسێکەوە بکەین کە کوردی ڕێکخستەوە بۆ ئەوەی ئیرادە بکا لە پێناو چێکردنەوەی نەتەوە لەسەر فۆرمی نوێ و مۆدێرن و گۆڕانی نوێخوازانەی موهەندیسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان. ئەگەر ئێستا سینگمان لە پێشە و شانازی بە ڕابردووی خۆمانەوە دەکەین بە هۆی کەسایەتییە مێژووییەکانی وەک قازی کوردستان و سەر قافڵەی کوردایەتی واتە مەلا مستەفای بارزانییەوەیە. قازی کوردستان فێری کردین نەتەوە بە پێی سەردەم ڕێکبخەینەوە و بۆ ئەم مەبەستەش نیزیک بە ٧ دەیە بەر لە ئێستا لە پێناوی سەرکەوتنی حەقیقەتی کورددا کۆمار پێک دێنێت و دەیکاتە نوێنگەی خواست و ئیرادە و پرۆگرامی کوردان بۆ ژیانی مۆدێرن. ئەو کاتەی قازی کوردستان گەیشتە ترۆپکی نمونەیی دیموکراتیەت، هێشتا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە دەگمەن کەس هەبوو تەنانەت واتای وشەی دیموکراتی و دەسەڵاتی نەتەوەیی بزانێت. ئەو کاتەی قازی موحەممەد ئافرەت و لاوانی هێنانە گۆڕەپانی سیاسەت و خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە دەگمەن کەس و بگرە هەر کەس نەبوو بزانێ کۆمەڵگای مەدەنی بە واتای چییە. ئەو کاتەی قازی کوردستان ئازادی ڕۆژنامەگەری پەیڕەو کرد و گرنگی بە مێدیا و شانۆ دا دوژمنانی ئێمە پیلانی قڕ کردنی نەتەوە و سرینەوەی شوناسی ئێمەیان دەدا. لە کاتێکدا قازی کوردستان مافی شارۆمەندی بۆ کەمە نەتەوەکانی سنووری کۆماری کوردستان قایل بوو، ڕۆژ نەبوو لە وڵاتانی دەوروبەردا بە سەدان کەس زیندە بەچاڵ نەکرێن و ڕەگەزکوژی بەردەوام زیاتر و زیاتر دەبوو. مافی خۆمانە شانازی بە قازییەوە بکەین، چونکە لە ماوەی ١١ مانگ دەسەڵاتدارێتی ئەودا تەنها یەک کەس کوژرا ئەویش بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتییەوە بووە. لە دەسەڵاتەکەی قازی کوردستاندا زیندانی سیاسی نەبوو، کەچی لە وڵاتانی دەوروبەر وەک کۆیلە لەگەڵ زیندانیان هەڵسوکەوت دەکرا و سەدان نموونەی تر... ڕاستە کە قازی موحەممەدی مەزن لە ژیانی دونیاییدا نەماوە، بەڵام قازی لە ئاوێنەی حەقیقەتدا هەموو ڕۆژێک خۆی دەنوێنێ، چونکە لە پێناوی حەقیقەتدا ژیا و لە پێناوی حەقیقەتیشدا سەردارانە چووە سەردار و بە مەرگی خۆی دوژمنانی کوردستان و کوردی بۆ هەمیشە شەرمەزار کرد. بەرز و بەرێز بێت یادی پێشەوای مەزنی کورد و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی ئازادی

سەرچاوە : ماڵپەڕی لقی ٢١ی پارتی دێموکراتی کوردستان / ڕێکەوتی : ٥ی ئاوریلی ٢٠١٣

سوقرات و قازی محەممەد لەبەرابەر مێژوودا

ن: بێهزاد خوشحاڵی و: شەفیع رەوشەنی

زمانی حەقیقەت، زمانی هاوبەشی مرۆڤەکانەو مرۆڤ بوونیش لەگەڵ حەقیقەتو حەقیقەتخوازی مانا پەیدا دەکا...

"ئاپۆلۆژی" یەکێک لە شاکارە گەورەکانی مێژوویە. ئەفلاتوون لەم کتێبەدا، بە پێنووسی خۆی، تایبەتمەندیی مرۆڤێکی کامڵ نیشان دەداو بە رووکردنی بەرگرییەکانی سوقرات لەم دادگا مێژووییەدا، ناوبراو وەک "شەهیدی فەلسەفە" بە مێژوو دەناسێنێ. لەوانەیە ئەفلاتوون وەک قوتابیی مامۆستا، سوقرات بەو جۆرە کە بووە بە ئێمەی دەناسێنێ. کەواتە دەتوانین بڵێین ئاپۆلۆژیو نووسراوەی ئەو کتێبە کە وەک یەکێک لە بەڵگە "مستند"ەکانی دادگایی سوقرات ناوبانگی دەرکردوە، هەر ئەوەیە کە ئەفلاتوون لە کتێبی "ئاپۆلۆژی"دا نووسیویەتی.

بە خوێندنەوەی کتێبی "ئاپۆلۆژی"و بەڵگە سەبت کراوەکانی "دادگایی قازی محەممەدو هاورێیانی"، ئەم راستییە دەردەکەوێ کە دوو هەزارو سێسەد ساڵ مەودای مێژوویی، نە تەنیا نەیتوانیوە رواڵەتی "حەقیقەت"و "راستی"ی بگۆڕێ، بەڵکوو دەرخەری ئەم "راستی"یە کە "حەقیقەت" نەگۆڕەو "کات"و "شوێن" ناتوانن گۆڕانی بەسەردا بێنن.

بۆ نموونە کاتێک کە سوقرات دەڵێ: "ئازادیو زانست، کاتێک بۆ مرۆڤ بەهردیان دەبێ کە حەقیقەتێک هەبێ." یان کاتێک کە ئاماژە دەکا: "هەر جۆرە ناحەزیو ناپاکییەک کە لە جیهاندا هەیە، هی "خود"ی جیهان نیە، بەڵکوو سەرچاوەکەی بۆ "نەبوونی حەقیقەت" لە لای مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە"، ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە مرۆڤەکان، ئەندێشەکانو سەردەمە جۆراوجۆرە مێژووییەکان ـ گەرچی لە مەدارگەلی سەرووتردا ـ بە هەر شێوەیەک نزیکی یەکتر دەبنەوە.



لەم وتارەدا، هەوڵ دەدرێ بە بەراوردێک لە نێوان دەقی دادگایی سوقراتو قازی محەممەددا، ئەم راستییە نەگۆڕە نیشان بدرێ کە مرۆڤە راستەقینەکان، بۆ سەلماندنی حەقیقەتو بەرگری لە حەقیقەت، بە چ شێوەیەک لە باوەڕو وتارو کردەوەدا نزیکی یەکدی دەبنەوەو بە تێپەڕین لە "کات"و "شوێن"و "بەرژەوەندیی شەخسی"، تەنانەت لە فیداکردنی گیانی خۆیان هیچ ترسێکیان نیە.

"سوقرات" لە دادگاییەکەی خۆیدا نیشانی دەدا کە چۆن دەتوانین لە دژی "نەبوونی حەقیقەت" راوەستینو لە هەمان کاتیشدا راستییەکان نیشان بدەین. لە روانگەی سوقراتەوە "سەربەخۆیی" لە ئەولەوییەت دایە نەک "بەستراوەیی"(استغنا). ئەو داکۆکیاری "هێزی ئەخلاقی"و "کەسایەتی"یەو پێی وایە مرۆڤ شایستەی ئەوە نیە کە لە بەرابەر جیهانو جیهانییەکاندا سەری شۆڕ بکاتەوە. سوقرات لە کاتی دادگاییکردنەکەیدا، "چ جیاوازییەکی هەیە؟"و "لە کۆتاییدا چ دەبێ"ی ناوەتە لاوەو بە تێپەڕین لەم هەڵسوکەوتە کلیشەییانە، مرۆڤە دێنێتە سەر ئەو باوەڕەو دڵنیای دەکاتەوە کە حەقیقەت لای مرۆڤ، "کەسایەتی"و "ئەخلاق"و "بەرگری"یە، نەک "بێهیوایی"و پاشەکشەو سەر نەویکردن". ناوبراو هەروەها وشەی "چاکە" (تقوا)ی نەک لە بەرابەر "عیبادەت"و ترس، بەڵکوو لە بەرابەر "لێهاتوویی"و "قابلیت"دا بەکار دەباو پێوەندیی مرۆڤو سیاسەت لە سێگۆشەی "مرۆڤ"، "لێهاتوویی"و "توانایی"دا پێناسە دەکا. ئەم شوناسە بەشێکی بۆ مرۆڤی حەقیقی لە چوارچێوەی تایبەتمەندیی ناسینی "حەقیقەتی مرۆڤ"دا، یەکەمین خاڵی هاوبەشی نێوان سوقراتو قازی محەممەدە کە لە کەسایەتیی ئەو، مرۆڤگەلی "سیاسی" بەڵام "باوەڕمەند"و لە هەمان کاتدا "بەتوانا" دروست دەکا.

"پێغەمبەری فەلسەفە" وەک بنەمای هزریی قازی محەممەد، لە روانگەی "ئەخلاق"ـەوە دەڕوانێتە "سیاسەت". بەم شێوەیە بە پێڕەوی لە مامۆستای "حەقیحەتخواز"و "ئازادیخواز"، قازی محەممەد لە وەسیەتنامەکەی خۆیدا دەڵێ:

"... بۆ چەن ڕۆژی پتر ژیان، خۆتان مەفرۆشن." "...زانستو زانیاریی خۆتان بەرنە سەرێ تا فریو نەخۆن"... "خیانەت بە یەکتر مەکەن، نە خیانەتی سیاسی، نە خیانەتی ماڵیو گیانیو نە خیانەتی ناموسی. خیانەتکار لە لای خودا ڕووڕەشەو خیانەت سەرئەنجام دەگەڕێتەوە بۆ خۆی" ... "ئەگەر سەرزەویو سەربەخۆییو ئازادیتان هەبێ، ئەوکات دەبنە خاوەنی هەموو شتێک. ماڵو سروەتو ئابڕوو لە ئازادییەوە سەرچاوە دەگرن."

بەرگرییەکانی سوقرات لە دادگاییەکەیدا بەم شێوەیە دەست پێدەکا کە: "ئەگەر بمانەوێ ڕاستو دروست قسە بکەین، بچووکترین نیشانە لە حەقیقەت، لە ئیددیعانامەی بانگەشەکەرانی منداا نابینرێو ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هیچ کام لەم قسانە هەڵگری "حەقیقەتو ڕاستی" نین. من بەرگری لە خۆم دەکەم، ئەوکات ئێوە خەڵکیو دادوەرانی قەزایی حەقو ناحەقو سەردەو ناسەرە لە یەک جیا بکەنەوە. بڕوانن بزانن چ شتێک حەقو چ شتێک ناحەقە."

لێرەدا وتەکانی قازی محەممەدمان دێنەوە یاد کە چۆن لە دەسپێکی دادگایی خۆیدا، لە وەڵامی دادستاندا دەڵێ: "ئێوەش قسەی خەڵکی دیکە کاوێژ دەکەن." ئەگەر بێدینو خودا ناناسنو باوەڕتان بە ڕۆژی ئاخیرەت نیە، لانیکەم تۆزێک پیاو بن. بۆ ئەم هەموو درۆیە کە لەسەر یەکتان داناون تەنانەت یەک بەڵگەشتان نیە. ئەوە ئێوەن کە هیچ سنوورێک لە نێوان خۆتانو خەڵکو یاسادا، دانانێن. ئێوە تەنیا دەتوانن بەڕێوەبەری بڕیاری گەورەکانی خۆتان بزو بەس."

سوقرات لە بەشێکی دیکە لە دادگاییەکەی خۆیدا دەڵێ: "مرۆڤ کاتێک کە کارێک دەست پێدەکاو بەرپرسایەتییەکەی دەگرێتە ئەستۆ، تەنیا دەبێ بایەخ بە حەق یان ناحەقبوونو دەرەجەی خزمەتی ئەو مەسەلەیە بە مرۆڤ بدا، نەک ئەوەی کە ئەم کارە لە روانگەی نرخ ـ سوودەوە لێک بداتەوەو ئەوکات لەباردی ئەنجامدانی ئەو کارەوە بڕیار بدا." لێرەدا سوقرات وێڕای ئاماژە بە "ئاشیل" دەڵێ: "مەگەر

ئاشیل لە نێوان مەرگی سەربەرزانەو ژیانی سەرشۆڕانەدا، مەرگی هەڵنەبژارد؟ ئایا لە بەرامبەر ئەو هەموو پێشنیارە هەڵخەڵەتێنەرەدا نەیگوت: "پیاوانە بمرم باشترە تا ئەوەی کە وەک مرۆڤێکی بچووک، تەنیا لە قورسایی زەوی پتر بکەم؟" هۆ خەڵکی ئاتێن! حەقیقەت ئەمەیە. کەسێک کە ڕێگای خۆی ناسی، نابێ هیچ ترسێک بخاتە دڵی خۆیەوەو هەرکاتیش پێویست بوو، پیاوانە بمرێ. بۆ من مردن زۆر لەوە بچووکترە کە لێی بترسمو لە بەرامبەردا، کردەوەیەکی نارەوا دژی حەقو حەقیقەتو ڕاستی ئەنجام بدەم. ئەمە زۆر لە جینایەت گەورەترە. من لە "پوتای دایا"، "ئامفی پولیس"، "دلیون" و هەر شوێنێکی دیکە کە نوێنەرانی خەڵک بە پێویستیان زانیوە بۆ سەروەریی ئەو شوێنە شەرم کردوەو مردنم بچووکتر لە ژیان زانیوە. ئێستاش کە کاتی زیندووکردنەوەی حەقیقەتەو گەڕان بەدوای دەروونی حەقیقیی مرۆڤ بە من سپێردراوە، ئایا ئەگەر لە ترسی مردن یان هەر هەڕەشەیەکی دیکە، کۆتایی بکەم، شەرم نیە؟ پێم وایە ئەگەر لە ترسی مردن، چاوپۆشی لە حەقیقەت بکەم، دەبێ دادگایی بکرێمو سزا بدرێم. حەقیقەت بە من دەڵێ کە مردن لە ڕێگای حەقدا، شانازییەکی گەورەیە..."

بەڵام شەهیدی فەلسەفە لە وەڵامی پرسیارێکی هاوشێوەدا چ دەڵێ: "... من، لەمێژە خۆم بۆ وەها ڕۆژێک ئامادە کردبوو. ئەوەی کە بۆ نەتەوەکەم بکوژرێم تەنیا ڕەحمەتی خودایەو شانازی بەم مردنەی خۆم دەکەم..."

لێرەدا ئەم ڕاستییە دووبارە خۆی دەنوێنێ کە قازی محەممەد بۆ نیشاندانی مافی نەتەوەی خۆی، بۆ ئازادیو سەروەری، لە دواییین ڕۆژەکانی کۆماردا، تەنانەت مردنو مانەوەی خۆی لە درێژەی شەڕ یان دەست هەڵگرتن لە شەڕ لە مەهاباد بە دەنگدانی گشتیی خەڵک دەسپێرێو لە بەرامبەر ویستو ئیرادەی گشتیدا، دەست لە شەڕ هەڵدەگرێو لە ڕاستیدا مردن قەبووڵ دەکا. ئەو ڕەزامەندیی نەتەوەیی گشتی وەک بنەمای حکوومەتی خەڵک دەکاتە دەستمایەی حەقیقەتو دەبێتە قوربانی تا خۆی بکاتە شیاوی نێوی "شەهیدی دێموکراسی".

لە بانگەشە دژی سوقراتدا هاتووە: "سوقرات کاری نەشیاو ئەنجام دەداو قسەی نارەوا دەکا. ئەو لەبارەی ئەسرارەوە قسە دەکاو دەڵێ خودا نیە." سوقرات لە وەڵامدا دەڵێ: "ئێوە هیچکات ناتوانن ڕاستیی قسەکانی خۆتان بسەلمێنن‌و نیشان بدەن کە من لە دژی خودا شەڕ دەکەمو، هیچکاتیش ناتوانن نەزانیی خۆتان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن."

قازی محەممەد لەبارەی تاوانە نارەواکانی دادستانەوە دەڵێ: "ئێوە ئەگەر دەتانەوێ تاوانێک بۆ من دروست بکەن، لانیەکەم بەدوای شتێکدا بگەڕێن کە جێگای باوەڕ بێو ڕاستییەکی تێدا بێ. ئەو تاوانانەی کە وەک تاوانی یاسایی بۆ منتان هەڵبەستووە، لە ڕاستییەوە دوورن."

سوقرات دووبارە لەبارەی ئیددیعانامەکەی خۆیەوە دەڵێ: "لێرەدا من بە فەسادو نکۆڵیکردنی خوداکانو دوژمنایەتیی نیشتمان تاوانبار دەکەن، لە حاڵێکدا کە من لە پێناو ئاتێندا شەڕم کردوە. تەنیا گوناحی من ئاشکراکردنی حەقیقەتو ڕاستییەکانە."

قازی محەممەد لە وەڵامی هۆکاری تووڕەبوونی خۆیدا دەڵێ: "من ئیزن بە هیچ کەس نادەم بێحورمەتی بە نەتەوەکەم بکا. ئێستا من لەبەر بەرگریکردن لە نەتەوەی کورد، بە مەرگ مەحکووم بووم. من ئیدی شتێکم نیە لە دەستی بدەم. ئەوەی کە لە خودای خۆمم دەویست،

واتە شەهید بوون لە پێناو ئایین و نیشتمانەکەمدا، وەدەستم هێناوەو هیوادارم بە رووبەکی ئاوەڵاو سەربەرزانە بۆ چاوپێکەوتنی مەعبوودی خۆم بڕۆم."

سوقرات لە بەشێکی دیکەی دادگاییکردنەکەیدا، لەمەڕ "میلتوس" قسە دەکاو دەڵێ: "میلتوس کە ئەم ئیددیعانامەی دژی من نووسیوە، خۆی بەهۆی ئەوەی کە کاری دانیشتوانی ئاتێن بە بچووک دادەنێ و بە بێ پشت بەستن بە بەڵگە، خەڵکی بانگهێشتی دادگا کردووەو بە درۆ بەرگری لە بابەتگەلێک دەکا کە تا دوێنێ بوو هیچ بایەخێکی پێ نەدەدان. ئەو خۆی لە هەموو کەس جینایەتکارترە. من باش ئەو دەناسم. میلتوسو هاوکارانی، من تاوانبار دەکەن بۆ ئەوەی بە لەنێوبردنی من، سەرەڕای پەرپێدانی ئەزانی، بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیان دابین بکەن. ئەوان "خۆیان" بانتر لە گەورەیی ئاتێن دەبینن‌و بەم هۆیەوە کەوتوونەتە داوی "خودبینی"یەوە."

قازی محەممەد لە زمانی "مەلا مستەفا بارزانی"یەوە دەڵێ: "مەلا مستەفا باش ئێوەی ناسیوە، ئەو بە منی وت هیچکات لەلای ئێوە لە گوناحی خۆم دڵنیا نەبم، چونکە ئێوە لە سەردەمی زاڵبووندا، خوێنرێژترین‌و بێویژدانترین مرۆڤەکانن‌و، لە رۆژەکانی ناتەوانیدا، زەبوونتر، درۆزنترین‌و دوورووترین گیانلەبەرانی سەرزەوین. من باش دەزانم، ئێوە بۆ دەستڕاگەیشتن بە بەرژەوەندییە شەخسییەکانتان، پێش ئەوەی دادگاییم بکەن، منتان مەحکووم بە مەرگ کردوە."

سوقرات دوای ئەوەی کە مەحکووم بوو، دەڵێ: "ئێوە وادەزانن من داوای بەخشین دەکەم یان ئامادەی دوورخرانەوە یان بەجێهێشتنی ئاتێنم بۆ ئەوەی دواییین رۆژەکانی ژیانم دوور لە وڵاتی خۆمو بە ئاوارەییدا بەسەر بەرم. باش بزانن کە ئەم کارە ناکەمو ئەگەر سەد جاری دیکەش مەحکووم بە مەرگ ببم، سوێند بە خودا دەست لە رۆشنگەری هەڵناگرم. من لەبەر خاتری "خۆم"و لەبەر خاتری "شەرەفی ئاتێن" کرنۆش بۆ کەس نابەم. من دەمرم بەڵام حەقیقەت زیندوو دەمێنێتەوە."

قازی محەممەد لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی لەگەڵ مەلا مستەفا لە مەهاباد دەرنەچووی؟، دەڵێ: "مەلا مستەفا چەندین جار پەیامی بۆ من نارد کە پێشمەرگەکانی کوردستان بنێرێ تا من رزگار بکەن، بەڵام من خۆم قەبووڵم نەکرد، چونکە ئەگەر ئەم مردنە بوویێتە بەشی من، جێگای شانازیە. من بەڵێنیم بە نەتەوەی خۆم دابوو کە هیچکات ئەوان بەجێ ناهێڵم. ژیانی من لەگەڵ ئەوان‌و مردنیشم هەر لە پێناو ئەواندا دەبێ. باشم دەزانی کە ئەگەر مەهاباد بەجێ بێڵم، ئێوە خەڵکی مەهابادتان دەکوشتو تۆڵەی منتان لەوان دەکردەوە، بۆیە، چونکە لە ڕێگای ئازادیی نەتەوەکەمدا دەکوژرێم‌و شەرمەندەی خوداو کوردستان نابم، خۆم بە خۆشبەخت دەزانم."

سوقرات لە دواییین بەشی دادگاییەکەی خۆیدا دەڵێ: "من دەمرم، بەڵام وەچەی داهاتوو، بە بۆنەی کوشتنی منەوە ئێوە مەحکووم دەکاو ئەم رووڕەشییە بۆ هەمیشە بۆ ئێوە دەمێنێتەوە."

قازی محەممەد لەم بارەیەوە دەڵێ: "ئێوە من دەکوژن، بەڵام دڵنیا بن منداڵانی داهاتووی کوردستان، هەرکامیان قازی محەممەدێکن‌و ئاڵاهەڵگری حەقیقەتێکن کە من لە پێناویدا گیانی خۆم داناوە." سەرئەنجام سوقرات دەڵێ: "ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بەرەو مردن ڕەوانە بکرێم‌و ئێوەش دوای ژیانی خۆتان بکەون، بەڵام کام یەک لە ئێمە داهاتوویەکی گەشمان دەبێ؟، ئەوە تەنیا خودا دەزانێ."

قازی محەممەد لەبارەی تاوانەکەی خۆیەوە دەڵێ: "ئێستا بەردەوپیریی مەرگەوە دەچم لەبەر ئەوەی کە نەمویست لە رۆژە دژوارەکاندا نەتەوەکەم بەتەنیا بهێڵمەوەو دەست لە خاکو نیشتمانەکەم هەڵگرم. من خزمەتکردن بە نەتەوەی کوردم هەڵبژاردوەو تا دواپین

هەناسەش لە پێنەکەوتم. بە هاوکاریی خودای گەورە سەرەنجام دوژمنانم شکست دەدەم. هیوادارم قسەکانی منتان قەبووڵا کردبێ. سەربەرزی بۆ ئێوەو نەمان بۆ دوژمنانی کوردستان.

"مراد ما نصیحت بود و گفتیم حوالت را با خدا کردیم و رفتیم."

ئەنجام

زمانی حەقیقەت، زمانی هاوبەشی مرۆڤەکانەو مرۆڤ بوونیش لەگەڵ حەقیقەتو حەقیقەتخوازی مانا پەیدا دەکا. بەم هۆیەوە زمانی ئەو مرۆڤانەی کە لە رێگای حەقیقەتدا گیانی خۆیان فیدا کردوە یان تووشی ئەشکەنجەو ئازار بوونەتەوە، لە سنوورەکانی مێژووو کاتو شوێن تێدەپەڕێ. بە رووتی دەتوانین نیشان بدەین کە ئاتێنو مەهاباد یان باشتر بڵێین یوونانو کوردستان، سەرەڕای دوو هەزارو سێسەد ساڵ مەودای مێژوویو مەودای زۆری شوێن، بە چ شێوەیەک لە یەکدی نزیک دەبنەوە. بە تێڕامانێک لە دادگایی شەهیدی فەلسەفەو شەهیدی دێموکراسیو بە لۆژیکێکی دیکە دەتوانین بگەینە ئەم باوەڕە کە کوردستانو یوونان، هەرچەند لە پێناو مێژوو و مرۆڤایەتیدا [خوێنی] زۆریان بەخشیوە، بەڵام دەسکەوتی هەردووکیان لە ئازادیو حەقیقەت، بە رادەی ئەو خوێنە نەبووە، ئەگەرچی نابێ لەبیرمان بچێ، بوونی سوقراتێک لە یوونانو قازی محەممەدێک لە کوردستان، نیشاندەری ئەم راستییەن کە مرۆڤەکانو نەتەوەکان لەو کاتەوە کە ئیرادە دەکەن ئازاد بن، ئازادن. هەروەها دەتوانرێ دووبارە لەسەر ئەم باوەڕە جەخت بکرێتەوە کە مرۆڤەکانو نەتەوەکان دەتوانن بێ ژیان، ئازاد بن، بەڵام هیچ مرۆڤو هیچ نەتەوەیەک ناتوانن بەبێ ئازادی گەورە بن.

نووسینی: بێهزاد خوشحاڵی وەرگێڕانی: شەفیع رەوشەنی

تێبینی: ئەم بابەتە ساڵی ٢٠٠٨ لە یەکەم ژمارەی "هاواری نیشتمان" کە دەستەی نووسەرانی ئەوکاتی گۆڤاری "لاوان" بە بۆنەی ٢ی رێبەندانەوە بڵاومان کردەوە، چاپو بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران / رێکەوتی : ١٩ی ژانویەی ٢٠١٣

لە سێدارە دانی پێشوا قازی محەممەد و ئەزموونێکی بە نرخ،

محەممەد محەممەدیان

یادکردنەوە لە رێبەرانی گەلەگەمان یا رووداوە مێژوویەکانی جوولانەوەی کورد تەنیا بۆ ئەوە نییە کە رێزیان لێبگرین و یا یادێکمان لێ کردبێتەوە بەلکو وەرگرتنی ئەزموونیشە لە خالە بە هێز و لاوازەکانیان کە تا لە درێژە دانی بزوتنەوەی کورد دا جێی سەرنج بێت و، یا بتوانێن کەلکی لێ وەربگرین.

قازی محەممەدیش یەکێک لەو رێبەرانەیە کە هەر چەند وەک رێبەرێکی هەلەکەوتوو و دڵسۆز سەیری دەکرێت و شەخسیێتی بەرز دەنرخرێت بەڵام بەداخەوە وەک زۆربەی رێبەرانی کورد برگە مێژووکەی بە بێ هەڵە کۆتایی نەهات!.

قازی محەممەد وەک زۆربەی رێبەرانی کورد لە پر نەبووە رێبەر و ناوی دەرکرد بەلکو پێش ئەوەی بێتە رێبەری حیزبی دێمۆکرات و سەرۆک کوماری کوردستان، بناخەی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبوو و لەنێو خەڵک دا خۆشناو و خۆشەویست بوو. هەر بویەش کە هەل و مەرجی بۆ رەخسا هەستی بەوە کرد لەوەی کە هەیە زیاتر لە خزمەت گەلەکەی دا بێت و بە هانای داخواز و پێداویستەکانی خەلکەوە بچێت. لە کاتێک دا ئەو بەشە لە خاکی کوردستان بە هۆی شەری دوهەمی جیهانیوە هیچ ئیدارەیەکی حوکومەتی یا لایەنێکی تری لێ بەدی نەدەکرا پێشوا و هاوبیرانی قۆلی هیمەتیان هەلمالی و بۆ دروستکردنی ئیدارە و پێ راگەیەشتن بە پێداویستەکانی خەلک و هەر وەها کەلک وەرگرتن لەو هەلە مێژوویەی کە بۆ پرسی کورد پێک هاتبوو کۆماری کوردستانیان دامەزراند.

بەر لە دامەزرانی کۆمار، قازی محەممەد هەستی بەوە کرد کە دروستکردنی حوکومەت، دەبێ بە هۆی قەوارەیەک یا حیزبێکی سیاسی وە دابەمەزرێت. ئەم بۆچونەی پێشەوا نیشانەی ئاگایی ئەو لە چۆنێتی پێک هاتنی حوکومەتێکی پێشکەوتوو و هەر وەها بیری دێمۆکراتخوازی ئەو بوو .هەر بویەش حیزبی دێمۆکراتیان لە سەر بناخەی کۆمەلی ژکاف دامەزراند. خودی ناو نانی دیمۆکرات لە سەر رێخراوێک لە نیو کۆمەلی کوردەواری یا بە گشتی لە رۆهەلاتی ناوەراست بریارێکی ئاسان نەبوو. ئەو پێک هاتە کۆمەلایتییەی کە ئەو کات هەبوو کە دوا کەوتوویی و سیستمی عەشیرەیی بە سەری دا زال بوو بە دەگمەن کەسێک یا لایەنێک بەوێرن وەها ناوێک لە سەر رێکخراو یا پرۆسە کارەکەیان دابنێنن. هەلبژاردنی ئەم ناوە لە سەر حیزبەکەی، دەرخستنی شێوەی بیرکردنەوە و نەترسی قازی محەممەد و هەر وەها خۆشەویستی و پتەو بوونی بناخەی کۆمەلایەتی ئەو بوو.

یەکێکی تر لە هەر لاینە بە هێزەکانی پێشوا خۆراگری ئەو لە بەندیخانەی شا دا بوو. لە مێژو دا دێومانە لە ناو گەلان تر تەنانەت لە نیو کوردیش دا هەبوونە ئەو سەرکردە یا بەرپرسانەی لە ژیر هەرەشەو ئەشکەنجەدا یا بەدانی هیندە بەلینی، لە قسەی خویان لایان داوە و پشتیان لە بەلێنەکانیان کردوە . بەلام قازی محەممەد تا ئەو کاتەی چووە ژیر پەتی سێدارە بە ئامانج و بەلێنەکانی خۆی

وەفادا مایەوە.

هەر چەند قازی محەممەد وەک رێبەرێکی دلسۆز و هەڵکەوتووی سەردەمی خۆی ناسراوە و بەرگە مێژوویکی زێرینی بۆ کورد دروست کرد بەڵام بە داخەوە بێ هەڵە نەبوو، روبەڕوی هەڵەیەک بووە کە رێبەرانی پێش خۆی و دوای خۆیشی بە جۆری هاوشێوە توشی هاتن.

قازی محەممەد لە کاتێکدا کە پێشمەرگەکانی لە شەر دابوون ئەو بەرەو پێری لشکری شا وە چوو تا بە ئێازی حەل کردنی مەسەلکە لە رێگەی وتوێژەوە لە گەڵیان دانیشێت .هەر وەک بارزانی نەمر لە بیرەوەریکانی دا دەڵێت: <بە قازی محەممەدم ووت: بروایان پێ مەکە لەگەڵم وەرە و خۆت بە دەستەوە مەدە بەڵام قازی محەممەد ولامی داوە: من لە ئیرە دەمێنمەوە، کاربەدەستانی ئیران بەڵێنیان پێ داووم کە مەسەلکە بە جۆرێک چارەسەر بکەین.

بە داخەوە قسەکانی بەرێز بارزانی وەراست وەرگەراو قازی محەممەد کەوتە داویی وتوویژو و دانوسانەوە کە رژیمی شا بووی دانا بووە ،، پیلانێکی ئاسان و کەم خرج هەر وەک رێبەرانی تریش پێی پێوە بوون.

ئەگەر قازی محەممەد خوی بە دەستەوە نەدایە دەی توانی ئەم دەستکەوتانەی بە دواوە بێت:

١- رزگار کردنی گیانی دەیان کادر و ئینسانی ناو بەدەرەو کە لە گەڵ قازی محەممەد وەرێ دەکەوتن و نەدەکەوتنە بەردەست حکومەتی ئیران و لە سێدارە نەدەدران.
٢- گەرانەوە و دەست پێکردنی شۆرش، هەروەک بارزانیکانی پاش ماوەیەک گەرانەوە بۆ کوردستانی باشور و شۆرشی مەزنی ئەیلولیان دەست پێکردەوە ، قازی محەممەدیش دەیتوانی بگەڕێتەوە کوردستان و ئەگەر بەوشیوەش کە لە کوردستانی باشور رووی دا نەی توانیایە ،بەڵام دەیتوانی بەو تێکلاویی کە لەگەڵ بارزانیکان هەی بوو یارمەتی شۆرشی ئەیلوولی کردایە و پرسی کوردی بەرەو پێشوە بردایە.
٣- راگرتنی ورە و مۆرالی نەتەوەی کوردی لە کۆردستانی ئیرانی بەرز دەهێشتەوە و خەلک چاو ترسێن نەدەکران. هەر وەک دیمان پاش لە سێدارەدانی قازی محەممەد و روخانی کۆماری کوردستان بۆ دەیان سال شورش لە کوردستانی ئیران خەوت.

هێندە بۆ چوون هەیە لە سەر ئەوەی کە بۆ قازی محەممەد نەروێشت و یا رێگەی مقاومەتی هەل نەبژارد!: بۆ ئەوەی کە خەلکی مەهاباد کوشتار نەکرێن.
ئەوەی کە قازی لە مەر بەرگری لە کوشتاری خەلکی مەهاد خۆی بەدەستەوە دا بۆچوونیکی دروست نییە و تەنیا پاساو هینانەوەیە بۆ ئەو هەڵەیەی کە قازی مەحەممەد توشی هات.، هەر وەک ئەوەی کە بلێن خەلکی کوردستان نەدەکوژرا ئەگەر شۆرشی نەکردایە، یا ئەنفال نەدەکرا ئەگەر رێبەرایتی کوردستانی باشور خۆی بەدەستەوە دایە، یا وازی لە خەبات هێنایە.
یا زۆر جار پێشمەرگە هەر چەند ژۆمارەشیان کەم ببێت لە گوندیک گەمارو دراون، نە لە بەر ئەوەی خەلک نەکوژرێت خۆ تەسلیم بکەن و نە خەلکی گوندیش ئەو داوە کارییان یا چاوەروانیان لە پێشمرگە هەبوە کە خۆ بە دەستەوە بدەن و، نە رێخراوەکانی کوردیش دەستوورێکی ئەو تۆیان بە پێشمەرگەکانیان دابێت لە حالەتێکی ئاوادا تەسلیم بن. هەر دوو لا تەنیا لە یەک شت بیریان کردوتە ئەویش

مقامەوت یا خۆ دەرباز بوونە.!

دەوابوو نە بائاسانی خۆ بەدەستەوەدان دروستە و، نە گرێ دانی کوشتاری خەلکی کوردستان بە شەخسەوە .

قازی محەممەد هەر چەند خەلکی کوردستانی بە تایبەتی خەلکی مەهابادی بەدلەوە خۆش دەویست و لە پێناو ئامانجەکانیان ئامادەی فیداکاری بوو، بەلام هەرگیز نە خۆی و نە بۆ خەلکی مەهاد ی قەبوول دەکرد کە بە ئاسانی دەست بەدەن ، و هەرەشەی دوژمن هەست و وردی ئەوان لە بێن بەرێت .

ئەوەی راست بێت قازی محەممەد وەک رێبەرانی تری کورد فریوی بزەی دروینە و بەلینە پوچەکانی کاربەدەستانی ئیرانی خوارد و کەوتە نیو داوی بە خیال دیالۆگەوە و، بە داخەوە لە سیدارە درا. هەر ئەو داوەی کە بو سمکۆی شکاکیان دانایەوە، لە کاتیکدا کە شورشی سمائیل ئاغای شکاک لە حالی گەشە کردن دابوو رژیمی ئەو کاتی ئیران بە پیلانیکی ئاسان و کەم خەرج ، بە ناوی وتوێژەوە سمکۆیان بۆ شاری شنۆ بانگهێشتن کرد و شەهیدیان کرد. یا ئەو داوەی بۆ دکتور قاسملوویان دانایەو هەر بەهەمان شیوە شەهیدیان کرد. ئەوەی کە لەو پیلانانەدا فەرقی هەیە تەنیا کات ،جی و شوینی رووداوەکانە .

هەمووی ئەم کارەساتانە یەک شتمان بۆ دەردەخەن کە رێبەرانی کورد بەتەواوی بە کلتور و رەوانی دوژمن ئاشنا نینو پییان وایە ئەو بزەیی کە لە سەر لیویان یا ئەو بلین و سەما کردنەی کە ئەوان دەی کەن بە راستییە. بە داخەوە رێبەرانی کورد لە دلپاکی و سەداقەت بوونی خویانەوە دەروانن هەلس و کەوتی دوژمن.

هەر ئەوەی ئیستاش هینده لایەنی کوردی بە دەم موسیقای بزوتنەوەی سەوزەوە لە ئیران دا سەما دەکەن و پێیان وایە خەونەکانیان وەدی دێت، یا لە کوردستان باشور بە ناوی مادەی ۱۴۰ و دیالۆگەوە سالهای سالە کوردیان لە چاوەروانی دا هێشتۆتەوە. هەرچەند حەلکردنی گیروگرفتەکان لە رێگای سیاسیەوە ئاسانتر و کەم زیانترین شیوەیە بەلام بۆ وەدەست هینانی مافی خۆت هێچ رێگە جارەسەریکی تر مۆدی بە سەر نەچووە.، هەر وەک ئەوەی کە لە دەورانی هەنووکەیی دێمۆکراسیترین ولات بۆ هەق یا بۆ پاراستنی بەرژەوەندەکانی خۆیان لە شەر کەلک وەردەگرن و پێشکەوتووترین چەکەکانیان بەکاردەبەن.

هەزارن سلاو بۆ گیان پێشوا قازی و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی کورد و کوردستان.

سەرچاوە : ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / رێکەوتی : ۳۰ی مارچی ۲۰۱۱

کورتەیەک لە چاوپێکەوتنی کاکشار ئۆرەمار لەگەڵ

خوالێخۆشبوو «موحەممەد سەعیدخانی هومایوون»(بەرپرسی دەفتەری پێشەوا قازی)

* چۆنیەتی گرتن و موحاکەمەی پێشەوا و یارانی:

پێشەوا قازی سەردەڕای ئەو هەموو حەول و تەقەللایەی بۆ ڕۆیشتن لەگەڵی درا، ئامادە نەبوو خەڵک بەجێبێڵێ و بۆ پاراستنی خەڵکی کورد ئامادەی مولاقات لەگەڵ سەرتیپ هومایوونی بوو. جارێک لە دێی حەمامیانی نیزیک بۆکان لە ماڵی مەحموود ئاغای ئیلخانیزادە کە بە پشتبەردانی جەمهووری لە گەڵ دەوڵەت سازابوو و، جاری دووەمیش لە شاری میاندواو مولاقاتی فەرماندەی لەشکری ئێرانی کرد و قەول و قەراری لەگەڵ دانا کە مەهاباد بەبێ شەڕ تەسلیم بێ و ئەرتەشیش بە ئارامی بێتە نێو شار و هەتا لەشکری ئێران واریدی شار نەبێ، عەشایر هەقیان نییە بێنە نێو شارەوە.



ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی، هێزی سوپای ئێران زۆر بە ترس و ئیحتیات واریدی مەهاباد بوو. دوای چەند ڕۆژێک بە مەبەستی چاکداماڵین و کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنی، پێشەواقازی و ئەو کاربەدەستانەی لە شاردا مابوون بۆ دەفتەری فەرمانداریی نیزامی بانگ کران، شەوی ئەوەڵ پێشەوا و هەموو بەشداران لە کۆبونەوەکە دا گەڕانەوە ماڵی خۆیان. بەڵام ڕۆژی دووەم کۆبوونەوە درێژەی پێدرا و دوای نوێژی شێوان پێشەوا و ژمارەیەکی دیکە لە کاربەدەستانیان ڕاگرت. پێشەوا و سەیفی قازی لە فەرمانداریی نیزامی و باقی دەزگیرکراوەکان تەحویلی زیندانی شارەوانی دران.

دادگای زەمانی جەنگ تەشکیل درا و دەستیان کرد بە لێپرسین و موحاکەمەی دەزگیرکراوەکان. دادگای هەوەڵ بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ «پارس تەبار» فەرمانداریی نیزامی مەهاباد و دادستان سەرەنگ ٢ «فیوزی» ڕەئیسی ستادی لەشکر پێکهات. لەو ماوەیەدا سەدری قازی برای قازی موحەممەد کە نوێنەری مەجلیس بوو لە تاران دەزگیر کرا و بۆ موحاکەمە هێندراوە مەهاباد. دوای موحاکەماتێکی دوورودرێژ دادگای هەوەڵ حوکمی ئیعدامی قازییەکانی دەرکرد. لەو ماوەیەدا دەنگۆ هەبوو کە ئەمریکاییەکان لە زیندانەدا دەگەڵ پێشەوا قازی دیداریان کردووە بەڵام پێشەوا تەسلیمی نەزارەتی ئەوان نەبووە.

دوای نیزیک دوو مانگ و نیو مانەوە لە زیندان کە مانگ و نیوی دوایی لە سەربازخانەی مەهاباد و لە زیندانداببوون، دادگای تەجدید نەزەر(بڕیار نوێکردنەوە) بە هاتنی ژمارەیەک ئەفسەر لە تەورێزەوە پێکهات.

سەرۆکی مەحکەمەی دووەم سەرهەنگ« عەتا» و داستانی مەحکەمە سەرهەنگ «نیکوزاد» بوون. دادگای دووەم دوای ۴۸ سەعات موحاکەمە و تاوانبارکردن، حوکمی دادگای هەوەڵیان بە سەر پێشەوا و هاواڵەکانیدا سەپاند کە دوای تەئییدی ستادی ئەرتەش و شای ئێران، شەوی ۱۰ی خاکەلێوەی ساڵی ۱۳۲۶ی هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد شەهید کران.

* چۆنیەتی شەهیدکرانی پێشەوا و هاواڵەکانی:

شەوی ۱۰ی خاکەلێوە، لە زیندان بە پێشەوا و هاواڵەکانی ڕادەگەیێنن کە دەستوور هاتووە بیان بەن بۆ تاران، لە سەعات ۱۲ی شەو، لە پێشدا پێشەوا قازی سواری ماشێنێکی پڕ لە سەرباز دەکەن و دەیهێنن بۆ فەرمانداریی نیزامی (عیمارەتی ئێستای شارەداری لە مەیدانی چوارچرا). پێشەوا بە دیتنی وەزعی مەیدان و کۆبوونەوەی سربازێکی زۆر دەزانێ کە درۆیان لەگەڵ کردووە، دەیبەنە عیمارەتی شارەداری. سەرهەنگ نیکوزاد دادستانی مەحکەمەی دووەم و فەرمانداری نیزامی سەرهەنگ پارس تەبار و ڕوحانییەکی مەحەللی لەو هۆدەیەدا دەبن، لەوێ حوکمی دادگا بۆ پێشەوا قازی دەخوێننەوە و دەڵێن هەر وەسێتێکت هەیە بیکە. پێشەوا بەو ڕوحی گەورە و نەترسی خۆیەوە دوای بیستنی حوکمی دادگا وەسێتنامەی خۆی دەنووسێ. لە وەسێتنامەی مێژوویی خۆیدا دوای بەرهەق زانینی داوای خۆی بۆ ئازادی میللەتەکەی، بەشێک لە دارایی خۆی بۆ دروستکردنی مەدرەسە و بیمارستان لە شاری مەهاباد تەرخان دەکا. دوای دوو ڕەکاعەت نوێژ ئامادەی چوونی مەیدانی ئیعدام دەبێ و دەفەرموێ: چونکوو لە ئیسلامدا لە داردان باش نییە داوادەکەم گوللەبارانم بکەن. بەڵام داواکەی لێ قەبوڵ ناکەن. وەختێک دێن چاوی ببەستن دەفەرموێ چاوم مەبەستن من لای میللەتی خۆم شەرمەزار نیم دەمەوێ لە دواکاتی ژیانیشمدا چاوم لە کوردستان بێ. دوای ئەوە لە سەر کورسی ئیعدام بە دەنگێکی بەرز دەفەرموێ: «ئێوە قازی موحەمەدێک دەکوژن، بەڵام لە هەر قەترە خوێنێکی من قازی موحەمەدێک بە وجود دێ، بژی کوردستان». بەو جۆرە پێشەوا بە قەولی خۆی وەفا دەکا و ڕوحی گەورە و پاکی خۆی فیدای کورد و کوردستان دەکا.

دوای ئیعدامی پێشەوا قازی، ژەنەڕاڵ سەیفی قازی کە سواری ماشێنی دووەم کراوە، دەبەنە ژووری فەرمانداری و حوکمی دادگای بۆ دەخوێننەوە و داوای لێدەکەن هەر وەسێتێکی هەیە بیکا. حەمەحوسێنخان بە شەهامەتەوە لە پشت میزێک دادەنیشێ و وەسێتنامەی خۆی دەنووسێ، وەختێک دەیهێننە مەیدانی چوارچرا و تەرمی پێشەوا بە دارەوە دەبینی حەملە بە سەربازەکانی دەوروبەری دەکا و نەعرەتە لێدەدا و بە دەنگێکی بەهێز، ترس و لەرزە دەخاتە دڵی دوژمنانەوە و دانیشتووانی دەوروبەری مەیدان لە خەو هەڵدەستێنێ و دەگوررێنێ: بژی پێشەوای موعزەمی کوردستان، بژی کوردستان. سەربازەکان دەوری دەگرن و بە زۆر تەنافی دار دەخەنە ئەستۆی، تەنافەکە هێزی هەڵکێشانی سەیفی قازی نابێ و دەپچڕێ، ناعیلاج دەیهێننە بەر داری سێیەم کە بۆ سەدری قازی ئامادەکرابوو، لەوێ لە داری دەدەن و شەهیدی دەکەن. ماشینی سێیەم کە هەڵگری سەدری قازی یە واردی مەیدانی چواررا دەکەن. سەدری قازیش دەبەنە ژوورەکەوە و حوکمی

دادگای بۆ دەخوێننەوە. ئەویش دوای وەسێتکردن و نووسینی نامەیەک بۆ کچی گەورەی، لە وەختی ڕوونبوونەوەی ڕۆژی دووشەمۆ ١٠ی خاکەلێوە ئیعدام و شەهید دەکرێ (ڕوحیان شاد بێ).

تەواوی شەقامەکانی دەوروبەری چوارچرا و سەربانی ماڵەکان لە نیوەشەوەوە بە سەرباز تەنرابوو. لە بەر یاسای قەدەغەکردنی هاتوچۆ کەس بە دەرەوەنەبوو، تەنیا ماڵەکانی ڕووبەڕووی مەیدانی چوارچرا لەهاتوچۆی سەربازەکان و تەقەی هەڵخستنی دارەکان هەستیان بەکارەساتێک دەکرد، بەڵام نەیاندەزانی چییە. بە ڕووناکبوونەوەی ڕۆژ و لابردنی قەدەغەی هاتوچۆ، خەڵکی شار لەو کارەساتە دڵتەزێنە ئاگادار بوون. شاری مەهاباد بوو بە مەحشەر، تەواوی ژن و منداڵ و زۆربەی پیاوانی شاری مەهاباد بە هاوار و ڕۆڕۆ ڕوویان کردە چوارچرا.

تەرمی پیرۆزی شەهیدەکان لە سەعاتی هەشتی بەیانی هێندرانە خوارێ و، بۆ غوسڵ و شوتن بردیاننە مزگەوتی حاجی ئەحمەد. لەوێ لە ژێر چاوەدێری گروهانێک سەربازدا دوای شوشتن و کفنکردن بەرەو گۆڕستانی شار لە داوێنی کێوی داشامەجید وەڕێخران. هەر ئەوەندەی تابووتەکان واردی گۆڕستان بوون تەواوی خەڵکی شار(نەوەد لە سەدی خەڵک) بە دیتنی تابووتی شەهیدان لە گابۆڕیان دا و، ژن و منداڵ خۆڵی سەرقەبرانیان وەسەر خۆیان دەکرد. سەربازەکان بە دیتنی ئەو وەزعە زۆر ترسان و سەرنێزەیان لە تفەنگەکانیان دا و فیشەکیان بردە بەر لوولەی تفەنگ و بە زۆریی سەرنێزە ڕێگای سەر گۆڕەکانیان کردەوە. دوای بە خاکسپاردنی شەهیدەکان خەڵکیان بە زۆری سەرنێزە لە قەبرستان دوورخستەوە و سەربازەکان لە گۆڕستان مانەوە. دیتنی ئەو ڕۆژە قەت لە بیر ئەو کەسانەی شاهیدی ڕووداو بوون ناچێتەوە.

* خاترەیەک لە موحاکەمەی پێشەوا قازی

لە دادگای دووەمدا، سەرهەنگ نیکوزاد دادستانی دادگا لەگەڵ تاوانبارکردن و داوای ئیعدامکردنی پێشەوا و سەدر و سەیفی قازی، تەوهین بە میللەتی کورد دەکا و کوردان بە سەگ سفەت لەقەڵەم دەدا. پێشەوا قازی تووڕە دەبێ و هەڵدەستێ، بە سەندەڵییەکەی ژێرخۆی پەلاماری دادستان دەدا و لە حاڵێکدا کورسییەکەی پێدادەدا، دەڵێ: ئەتۆ ڕێتناکەوێ تەوهین بە میللەتی کورد بکەی.

دادگا دەشڵەژێ و بۆ ماوەیەک مەحکەمە تەعتیل دەکرێ. دوای کۆبوونەوەی دووبارە، دادگا درێژە بە کاری خۆی دەدا و دادستان لە قسەکانیدا، پێشەوا و هاوکارەکانی بە خاین بە ئێران ناودەبا، دیسان پێشەوا قازی تووڕەدەبێ و دووبارە هێرش بۆ دادستان دەکا و دەفەرموێ: خاین ئێوەن، داگیرکەر ئێوەن، ئێمە داوای مافی خۆمان دەکەین، ئەمن ئێستانی هەشت پشتم لەم خاکەدایە، ئەمن بەو خاکە و بە ئێسکی باب و باپیرانی خۆم خەیانەت ناکەم ، ئەمن دەمزانی بە هاتنەوەی ئێوە دەگیرێم و دەشمزانی دەمکوژن، هەرچەند هەموو وەسیلەی ڕۆیشتن بۆمن ئامادەبوو، ئەمن نەمتوانی ئەم خاکە و خەڵکی کوردستان بە جێبهێڵم و بڕۆم بۆ دەوەی وڵات، دەنا ڕۆیشتن بۆ من ئاسان بوو.

* خۆشترین و ناخۆشترین خاترەی خۆم لە تەمەنی کۆماری کوردستاندا

دەستنیشانکردنی خاترەیەک بۆ خۆشترین خاترە دژوارە، چونکوو ئەو یەکسانەی تەمەنی کۆمار بۆ من و هەر کوردێک هەمووی هەر خاترەی خۆش و بەدیهاتنی ئاواتی لەمێژینەی گەلێکی بەشخوراو و زوڵملێکراو بوو.. خاتراتی خۆشی من لەو دەورانەدا، لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی جەمهووریدا بوو(هەرچەند خۆم لەو کاتەدا لە مەهاباد نەبووم)، کە لە تاران، پێشوازییەکی گەرم و بەشکۆ لەلایەن ئازادیخوازانی ئێران و کوردەکانەوە لە پێشەوا قازی موحەمەد کرا و بۆخۆم شاهیدی بووم. بەڵام خاترەیەکی دیکەی خۆش کە زۆر لە سەر بیر و هەستی من ئەسەری دانا و ئێستاش هەر لە یادمە و لە پێش چاومە ئەوە بوو: لە سەفەرێکدا کە لە خزمەت پێشەوا قازی و جەنابی حاجی باباشێخ بۆ باکووری کوردستانی ئازاد (ورمێ، سەڵماس، خۆی و ماکۆ) کردمان، لە هەموو ئەو شار و دێهاتانەدا لە لایەن خەڵک و دانیشتووانی کوردستانەوە پێشوازییەکی گەرم و بە تین لە سەرۆک کۆماری کورد و هاوڕێکانی کرا، وەختێک لە شاری خۆی بەرەو سەڵماس و لەوێشەوە بەرەو ماکۆ دەڕۆیشتین لە دوورەوە کێوی سەربەرزی ئاگری (ئاڕاڕات) بە مێزەری سپی بەفرەوە دەرکەوت، پێشەوا قازی بە دڵێکی پڕ لە ئیحساسەوە دوو جار فەرمووی: سڵاو لە تۆ ئەی ئاگری، سڵاو لە تۆ ئەی ئاگری.. لەو لەحزەیەدا هەستی پێشەوای گەورەی کورد لە دیتنی ئاگری و سڵاو لێکردنی بە ئاشکرا، بیروباوەڕی وی بە تاریخی کورد و داوای ڕەوای بۆ وەرگرتنی ماف و ئازادی و ئەو شەهیدانەی لە قیامی ئاگریدا دەوریان گێڕاوە و خوێنی پاکی خۆیان فیدای ڕێگای ئازادیی نەتەوەی کورد کردوە نیشاندەدا و، هیوا و هومێدی پێشەوای بۆ ئازادی هەموو کوردستان و میللەتی کورد دەردەخست. ئەمن کە لاوێکی ٢٢ ساڵە بووم لە دیتنی ئەو دیمەنە، ئیحساسی غروور و شادی و ئیفتیخارم کرد و فرمێسک بە چاومدا هاتنەخوارێ و لە بەرانبەر ئاگری و میللەتی کورد و پێشەوای کوردستاندا کە وەری بە قەد کێوی ئاگری بەرز و پتەو بوو، سەری تەعزیم و کرنۆشم دانواند.

ناخۆشترین خاترەشم، خاترەی دڵتەزێنی دیتنی تەرمی پیرۆزی پێشەوا قازی موحەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی لە مەیدانی چوار چرا بە سەر دارەوە بوو، ئەو ساتە کە کاس و گێژ تەماشای تەرمی ئەو سەردارانەم دەکرد، ئەو کاتەی کە تەرمەکانمان ڕەوانەی گۆڕستانی شاری مەهاباد کرد و هاوار و ڕۆڕۆی ژن و منداڵ و گەورە و بچووکی هاوشاریانم دیت کە دەتگوت قیامەت ڕابووە، تاڵیی و ناخۆشی و غەم و پەژارەی ئەو ڕۆژە ڕەشەم تا مردن لە بیر ناچێت.

* لە بارەی ئەخلاق و بیروباوەڕی پێشەوا قازی موحەمەدەوە

پێشەوا قازی لە ساڵی ١٢٧٩ی هەتاویدا لە شاری سابڵاغ (مەهاباد) هاتووەتە دنیا، باوکی _ خوالێخۆشبوو قازی عەلی و دایکی _ گەوهەرتاج (کچی ئاغاشێربەگ) لە بنەماڵەی گەورەی فەیزوڵڵابەگی بووە. پێشەوا هەر لە سەرەتای خوێندنیەوە زۆر ئەهلی موتاڵا و بۆ فێربوونی شتی تازە کۆششی کردووە. دوای تەواوکردنی دەرسی علوومی دینی و مەعاریفی ئیسلامی، لەبەر عەلاقەمەندیی بە خوێندی منداڵانی کورد هەوڵی دانانی مەدرەسەی بە شکڵی تازە لە مەهاباد داوە و، لەبەر ئەوەش سەرۆکایەتی مەعاریفی لە ساڵی ١٣٠٥ی هەتاویدا لە شاری مەهاباد بە عۆدە گرتووە. لە ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی دوای وەفاتی قازی عەلی لە جێگای باوکی داندراوە و لە تارانیشەوە فەرمانی قەزاوەتی ناوچەی موکریانی بۆ هاتووە. پێشەوا، بۆ باڵابردنی زانست و ئاگاداری لە ئەوزاعی زەمان، مۆتاڵای کتێب

و ڕۆژنامە و گۆواری زۆر بوو. لەبیرمە، پێشەوا گۆواری (گەلاوێژ)ی لە بەغداوە بۆدەهات.

پێشەوا، لەلایەن میستەر (میلر)ی ئەمریکایی کە لە مەهاباد دادەنیشت و قەشە بوو، دەرسی زمانی ئینگلیزی دەخوێند کە لە هەلومەرجی ئەو زەماندا شتێکی زۆر تازە و بێوێنە بوو. هەروەها لەلای میسیۆ (شاڵک) کە ئاڵمانی بوو و لە مەهاباد دادەنیشت دەرسی زمانی ئاڵمانی دەخوێند. (لەو سەردەمەدا ئەمریکایی و ئاڵمانی لە مەهاباد بە نێوی مەزهەبییەوە نوێنەریان هەبوو).

پێشەوا بە ئەندازەیەک شەوقی فێربوون و موتاڵای هەبوو، کە لە وەختی نانخواردنیشدا کتێبی دەخوێندەوە. زۆری کتێب دەکڕی، لە کتێبخانەکەیدا هەموو چەشنە کتێبی عەرەبی، فارسی، کوردی، ئینگلیزی و فەرانسەیی هەبوو. لەو سەردەمەدا کتێبخانەی وی لە مەهاباد گەورەترین کتێبخانەی شەخسیی بوو. پێشەوا زۆر عەلاقەی بە وەرزیشیش هەبوو. لە ماڵی خۆی سبەینان میلبازی دەکرد. هەموو سبەینان دوای نوێژکردن لە هەر چوار فەسڵی ساڵدا بۆ پیادەڕەوی و هەڵاتن وەدەردەکەوت. ئەو وەختە لای ڕۆژئاوای شاری مەهاباد چۆل بوو، هەموو سبەینان تا پردی سوور(کە ئێستا بووەتە ئاوبەند_ سەددی مەهاباد) بە هەڵاتن دەڕۆیی. هەروەها عەلاقەی بە سواری ئەسپ و مەلەکردن زۆر بوو. هەمیشە ئەسپی سواریی ڕادەگرت. لە وەختی هەواخۆشیدا هەموو ڕۆژێ نیوەڕۆیان دەچوە مەلە. تا ئەم ساڵانەی دواییش گۆمی قازی (جێگای مەلەی پێشەوا) هەر مەشهوور بوو. پێشەوا قازی مەلەوانێکی زۆر بەنێو بوو.

پێشەوا، لە ماڵەوە لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆی زۆر ڕووخۆش بوو. لەگەڵ منداڵەکان کایە و یاری دەکرد. زۆر کەم تووڕە دەبوو. ڕۆژانە دوای بەرچایی خواردن بۆ پەزیرایی لە خەڵکی شار و ئەو کەسانەی کاروگرفتاریان هەبوو، دەهاتە وەتاغی پەزیرایی خۆی کە ئەو وەختە مەحکەمەیان پێدەگوت؛ یانی جێگای پێڕاگەیشتن بە سکاڵا و شکایەت و دەردی دڵی خەڵک و، هەتا وەختی نیوەڕۆ خەریکی ڕێکخستنی کاروباری خەڵک دەبوو. دوای نیوەڕۆیانیش تا وەختی نوستن هەر لە خزمەت بە خەڵک و ڕاپەڕاندنی کاروباری ئەواندا بوو. لە هەموو ناوچەی موکریانەوە هەرکەس کار و گرفتاری بووایە دەهاتە خزمەتی و لەگەڵ سەدری قازی برای کار و تێگیراوی خەڵکیان لە لای دەوڵەت و ئیداراتی مەهاباد چارەسەر دەکرد. دەرگای ماڵ و مەحکەمەی پێشەوا بە ڕووی میوان و هەر کەسانێکی کاریان هەبایە ئاواڵە بوو.

پێشەوا قازی ناتقێکی گەورە بوو. لە زەمانی ڕەزاشا و دوای ئەوەش لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەک دا بە موناسەبەتی ئەو جێگایە بۆ خەڵک و ڕوونکردنەوەی جەماوەر قسەی دەکرد. ئەو، زۆر لەسەرەخۆ قسەی دەکرد و لە زۆربەی لێدوان و ئاخافتنەکانیدا خەڵکی بۆ خوێندن و کاروکۆشش هان دەدا.
لە دوای دامەزراندنی کۆمار، بۆخۆی زووزوو سەری لە مەکتەبەکان دەدا و لەگەڵ خوێندکارەکان قسەی دەکرد، پرسیاری جۆراوجۆری دەرسی و بابەتەکانی ڕۆژی لێدەکردن و بە گوێرەی تێگەیشتنی منداڵەکان بارودۆخی بۆ شیدەکردنەوە.

بۆ ئەوەی بەرگ و لیباسی خوێندکارەکان لە یەک ڕەنگ بێ و، دارا و نەدار هەست بە کەمی و زۆریی نەکا، دەستووری دابوو بۆ هەموو قوتابیان لیباسی یەکڕەنگ لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە بکڕدرێ.

پێشەوا قازی لە ماوەی سەرۆکایەتی کۆماردا، هیچ چەشنە مووچە و پووڵ و پارەیەکی لە حکوومەتی کوردستان وەرنەگرت و زۆرجار بۆخۆی کومەگی ماڵیی بە حکوومەت و خەڵکی داماو دەکرد.

لە بیرمە ساڵێک پێش دامەزرانی کۆمار چەند نەفەر لە مامۆستای قوتابخانەکان هاتبوونە خزمەتی و ناڕەحەت بوون لەوەی لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە مووچە و مانگانەیان بۆ نانێردرێ. پێشەوا فەرمووی ئێوە خەریکی کاری خۆتان بن ئەگەر ئەو فەرشانەی مەحکەمەشم فرۆشتبێ ناهێڵم ئێوە بێ پووڵ بن. پێداویستییەکانیشی بۆ دابین کردن.

پێشەوا قازی زۆر ئازا و بەجەرگ بوو، پێش تەشکیلی کۆماریش، هەروەختێک ترس و ناڕەحەتییەک لە شاریدا ببووایە، شەوانە بۆخۆی کێشکی شاری دەکێشا و بە سەر کێشکچییەکان ڕادەگەیشت. ڕاحەت تەڵەب نەبوو، خۆی بۆ هەموو دژوارییەک ئامادەکردبوو. هەر وەختێک ناڕەحەتییەک دەهاتە پێش یان هەواڵێکی ناخۆش لە بارەی کوردستانەوە بڵاودەبووەوە، ئەغڵەب لەبەر خۆیەوە دەیفەرموو:"ئەی کوردەکەی بێ چارەکەی بێ پارەکەی بێ کارەکەی بێ یارەکە..".

موحەمەد سەعید خانی هومایوون و کاکشار نۆردمار

پێشەوا زۆر قانیع و کەم خۆراک بوو. خۆی بۆ هەموو دژواریی و ناڕەحەتییەک ئامادەکردبوو. بە ڕاستی لە مەردەوستی و قەبوڵی مەسئوولیەت دا بێ وێنە بوو. لە کاتی موحاکەمە و لە دادگای نیزامیی زەمانی جەنگدا بە ئاشکرا بە سەرۆکی دادگا و دادستانی مەحکەمەی

ڕاگەیاند و فەرمووی: "ئەمن بەرپەرس و مەسئوولی هەموو کار و ڕووداوەکانم. ئەو خەڵکەی ئێوە گرتووتانن هەموو بە دەستووری من کاریان کردووە و هیچیان تاوانبار نین".

بەڕاستی مرۆیەکی هەڵکەوتوو و تاقانە بوو خۆی کردە فیدای نەتەوە کورد، ڕوحی شاد بێ.

حکوومەتی جەمهووری کوردستان

یادداشتەکانی خوالێخۆشبوو «موحەمەد سەعیدخانی هومایوون» (بەرپرسی دەقتەری پێشەوا قازی)

سەچاوە : ماڵپەری گزینگ / ڕێکەوتی : ٢٧ی ژانویەی ٢٠٠٩

ژیان و خەباتی پێشەوا قازی محەممەد

لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (٣٠ / ٣ / ١٩٤٧ زایینی) دا پێشەوا قازی, حەمەحوسێن خان سەیفی قازی(ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدری قازی(برای پێشەوا) بە دوای حوکم دران لەدوو دادگای ناعادلانەو فەرمایشی دا بەدەستی چەپەڵی دوژمنانی گەلی کورد لە چوارچرای شاری مەهاباد, واتە هەر لەو شوێنەی کە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤هەتاوی (٢٢ / ١ / ١٩٤٦ زایینی) دا کۆماری کوردستانی لێ راگەیەندرابوو, لە سێدارە دران و شەهید کران و هەر ئەو رۆژە لەسەر شان و پیلی خەڵکی بە شەرەفی مەهاباد لە گۆرستانی مەلا جامی بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردران.



حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨هەتاوی (٣٠ / ٣ / ١٩٧٩ زایینی) ئەو رۆژەی وەک رۆژی شەهیدانی کوردستانی راگەیاند. ئەگەر پێش ئەو دەم, لەبەر زەخت و زۆری بەکرێگیراوانی شای دیکتاتۆر مەجالی بەڕێوەبردنی رێورەسم بەو بۆنەیەوە نەبوو, بەڵام بە دوای رووخانی حکوومەتی پاشایەتی دا بە تایبەتی دوای ئەوەی کە حیزب ئەم رۆژەی بەو ناوە ناودێر کرد, هەموو ساڵێ لە وەها رۆژێک دا رێز لە شەهیدانو سەرقافلەیان پێشەوا قازی دەگیرێ.

راستە پێشەوا قازی سەرکۆماری کوردستان و بەدیمەنترین کەسایەتیی موکریان بوو و لە هەموو ناوچەکان نێو بەدەرەوەو ناسراو بوو, بەڵام تا چەند ساڵ دوای شەهید کرانیشی بۆ گەلی کورد بە تێکڕا بەو شێوەیە کە دەبێ بناسرێ نەناسرابوو, یا ئەگەر ناسرابووش ئەو رێزەی لەو سەردەمەدا لێی دەگیرێ لێی نەدەگیرا. پێویستە زۆر لەوە زیاتر لێ کۆلینەوە لەسەر کەسایەتیی پێشەوا بکرێ تا بەو جۆرەی شیاوی ئەوە, بناسرێ.

قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی, کوڕی میرزا قاسم قازییە. رابردووی ئەو بنەماڵەیە لە شاری سابڵاغ بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نە تەنیا لەلای خەڵک بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکوومەتییش,جێگەی رێزو تەقدیر بوون.

قازی عەلیی باوکی پێشەوا, لە ١٩٣٠ لە مەهاباد رێکخراوێکی کوردیی بە ناوی "بزووتنەوەی محمد" پێک هێنا. ناوبراو لەگەڵ

جووڵانەوەی شێخ محەممەد خیابانی لە تەورێز پێوەندی یان هەبوو, تا ساڵی ١٩٣٤یش کە فەوتی کردوە لەسەر ئەو کارە بەردەوام بووە.

قازی عەلی, دوو کوڕی هەبووە, یەکیان ئەبولقاسم قازی ناسراو بە سەدری قازی بووە کە یەک دوو دەورە لەلایەن خەڵکەوە کراوەتە نوێنەری مەجلیس و ئیعتیبارو نفووزێکی تایبەتی هەبووە. دوای تەواوبوونی دەورەکەشی لەسەر راسپاردەی پێشەوا, بۆ راپەراندنی کارە سیاسییەکان و یاریدەدانی خەڵک هەر لە تاران مابۆوە.

قازی محەممەدیش کە ساڵی ١٩٠٠ی زایینی لەو بنەماڵە بە فەرهەنگەدا لەدایک بووە, هەر لە سەرەتای لاویەوە هەستی نیشتمانپەروەریی تێدا بە هێز بووەو زۆری عەلاقە بە خوێندنی علوومی کۆن و تازە هەبووەو زۆر زوو لەم بارەیەوە پێگەیشتووەو زۆری هەوڵ داوە زمانی بێگانانیش فێر بێ. جگە لە عەرەبی و فارسی و کوردی دەگەڵ زمانی فەرانسەیی و ئینگلیسی و تا رادەیەکیش رووسی ئاشنایەتیی هەبووە.

قازی محەممەد زۆری حەز بە تێکەڵاوی دەگەڵ ئەهلی فەزل و زانایانی زەمان و پیاو چاکان و کوردانی نیشتمانپەروەرو سەرۆک عەشیرەتەکان هەبووە بە دوای فەوتی باوکی دا بووە بە قازیی شار. لە بەر ئۆگریی زۆر بە کاری فەرهەنگی و بەردەو ژوور بردنی زانیاریی خەڵک, لە ساڵەکانی بەر لە ١٩٤١و دواتریش بۆ یەک دوو ساڵ بەرپرسایەتیی ئیدارەی فەرهەنگ و ئەوقافی شاری مەهابادی بە ئەستۆوە گرتوە و خزمەتی بەرچاوی فەرهەنگیی کردوە و لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەودا, یەکەم مەدرەسەی کچان لە مەهاباد کراوەتەوە.

هەر لەو پێوەندییەش دا دەگەڵ زۆربەی خوێندکاران, رۆشنبیران و مامۆستاکان زۆر نزیک بووە.

قازی محەممەد حورمەتی تایبەتیی بۆ دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ. ک هەبووە. لە چەند ساڵ دەوردی بێ حکوومەتییش دا واتە ١٩٤١ تا ١٩٤٥ کە کۆماری کوردستان پێک هاتوە, لە بەرێوەچوونی کاروبارەکان داو بە تایبەتی لە چارەسەرکردنی کێشە عەشیرەیی یەکان دا نەخشی بەرچاوی هەبووە. زۆر لە دامەزرێنەرانی ژ. ک راوێژیان لەگەڵ کردوەو زۆریان خۆش ویستوە و گەلێکیان هەوڵ دەگەڵ داوە تا ببێتە ئەندامی ژ . ک. زۆر لە گرێوگۆڵی کاری رۆژانەی خەڵک لە دیوانی ئەودا کە "مەحکەمەیان" پێ گوتوە,کراونەوە.

قازی لە روانگەی نوێنەرانی بیگانەشەوە کە ئەوکات ئێرانیان لەنێو خۆیان دا دابەش کردبوو حورمەتی تایبەتیی هەبووە. هەر کەس چۆتە مەهاباد تێکۆشاوە بەر لە هەموو کەس چاوی بە ناوبراو بکەوێ. بانگ کرانی بۆ سۆڤیەت هەر لەم پێوەندییەدا بووە, کە دەگەڵ هەیئەتێکی گەورە چۆتە باکۆ.

قازی محەممەد کە بوو بە ئەندامی "کۆمەڵەی ژ . ک"و ناوی نهێنیی "بینایی" بۆ دانرا, ئومێدێکی زیاتری بە بەرپرسان و خەڵک دا. لە ئاکامی دەرکی بە وەخت و شەهامەتی سیاسیی ئەو و بە قەناعەت گەیشتنی بەرپرسانی کۆمەڵەدا بوو کە "ژ. ک" بوو بە "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان" و وەک حیزبێکی دێمۆکرات و پێشکەوتوو دەستی کرد بە تێکۆشان. قازی لەبەر حورمەتی تایبەتی کە بۆ "ژ. ک"ی هەبوو, رۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتیشی هەر بە ٢٥ی گەلاوێژ رۆژی دامەزرانی ژ. ک دانا و هەر بۆیەش سەرنجی زۆربەی نیزیک بە تەواوی بەرپرسانی بۆ تێکۆشان لە ئێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان راکێشا. حیزب زۆر بە توندی پەلوپۆی هاویشت و تێکۆشانی لە هەموو ناوچەی ئازادی کوردستان دا پەرەی سەند. قەیرانی بە زۆر لکاندنی کوردستانی بە ئازەربایجانەوەی رەواندوەو ناچاری کردن کردن حیسابی جیاواز بۆ کوردستان بکەن. بە دوای بەستنی یەکەم کۆنگرەدا, لە ٢ی رێبەندانی١٣٢٤ی هەتاوی (٢٢ / ١ / ١٩٤٦) دا بە بەشداریی نوێنەری پارچەکانی دیکەی کوردستان و مەلا مستەفای بارزانی و سەرۆک عەشیرەت و نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستانی راگەیاند.

ئەگەر تا ئەودەم جارجار لە رۆژنامەی "کوردستان"دا بە ناوی پێشەوا باسی لێ دەکرا, لە دوای دامەزرانی کۆمارەوە بە شێوەی رەسمی عینوانی پێشەوایی پێ بەخشراو ئەو ناوە تا ئێستاش لەنێو کۆرۆکۆمەڵی خەڵک دا هەر باوە. پێشەوا مرۆڤێکی گەلێک بە فەرهەنگ, دڵساف, خۆش بەیان, ئەدەبو هونەر دۆست, بە راوێژو لە عەینی کات دا سیاسی و دێمۆکراتێکی نیشتمانپەروەرو گەل خۆشەویست بوو, لەگەڵ هەموو چین و توێژێک جۆشی دەخواردو لە کاتی پێویست دا لە هەست و هێزیان کەڵکی وەردەگرت.

قازی محەممەد برایەتی و یەکگرتوویی کوردی پێ گەورەترین هۆی سەرکەوتن بوو. هەربۆیە لە زۆربەی وتارەکانی کە لە رۆژنامەی "کوردستان"ی ئەوکات دا چاپ کراون لەسەر مەسەلەی یەکیەتی و برایەتی دواوەو بە مەرجی سەرکەوتن و کۆڵەکەی راگرتنی کۆمارو هۆی سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی دا زانیوە.

هەرچەند دەیزانی دوژمنەکانی کورد راست ناکەن بەڵام لە وتووێژدا زۆر بە راشکاوی رای دەگەیاند کورد حەز دەکا لە رێگای ئاشتیەوە بە مافی خۆی بگا, بەڵام ئەگەر وا نەبێ ئەوەی بۆی بکرێ دەی کا.

ئەوەی پێویست بوو زۆر بە راشکاوی بە شاو قەوامی راگەیاندوە, قامکی لەسەر زەعفەکانیان بەرانبەر بە گەلی کورد داناوە. بە ئاشکرا پێی گوتون, ئێوە لە قسەکانی خۆتان دا دوو دڵن و ناتانەوێ مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکەن.

کاتێک پێشەوا لەلایەن "قوام السلگنە" بۆ تاران دەعوەت دەکرێو لە رێکەوتی ٢٨ی ژوئەنی ١٩٤٦ دەچێتە تاران, لە لایەن ژمارەیەک لە وەزیران, نوێنەرانی پارلمان و نوێنەری کوردەکانی تاران و نوێنەری حیزبەکان و یەکیەتیی کرێکاران لە فرۆکەخانە پێشوازیی لێ دەکرێ.

رۆژنامەی "ایران ما" هەر ئەوکات دەنووسێ: "ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانەو ئازادیخوازان چاویان پێی کەوتوە, دەردەکەوێ کە بیروڕای ئەو بەرقەراریی ئازادی و دێمۆکراسی لە تەواوی ئێران دایەو, مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە

گۆڕێ دایە. هەر کارێکی بە سوودی دێمۆکراسی بێ لەلایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازی لێ دەکرێ. هیوادارین جەنابی قەوام لەو سەفەرە مێژوویی‌یە کەڵک وەرگرێ."

ئەو لە کاتی ماڵئاوایی لەگەڵ مەلا مستەفا دەڵێ: "من خۆم فیدای خەڵکی دەکەمو هیچ کات وەک پیشەوەری و سەرانی ئازەربایجان ناکەم تا وڵاتەکەم لە خوێن دا شەڵاڵ بێ و هەزاران کەس بە کوشت بچن."

پێشەوا و هاوڕێیانی ئەوەندەی لە ماوەی یازدە مانگی کۆماردا هەوڵیان دا, هەر ئەوەندەش لەو دادگا فەرمایشی یانەی بۆ موحاکەمە کردنیان دانرا بوو, لە خۆبردوویی و ئازایەتی یان لە خۆیان نیشان داوە.

لەگەڵ هەموو نارەحەتیی دەروونی و ئەو ژیانە تاڵەی کە لە بەندیخانەی پادگانی مەهابادا بۆیان پێک هاتبوو, نە تەنیا بڕوایان بە کوردایەتی و رزگاری لاواز نەبوو بەڵکوو زۆر جیددیترو بە وردەتر ببوون.

ئەوان لە مولاقاتێکی نهێنی دا کە لەگەڵ یەک دوو مرۆڤی جێی باوەڕ بوویانە, فەرموویانە: "ئێمەیان فریودا, با نەتەوەی کورد فریو نەخواو خەباتی خۆی بۆ رزگاری و سەربەستی درێژە بداو چەک دانەنێ". هەروەها گوتبوویان کە زۆریان زەخت خستووینە سەر تا نامەیەک بۆ مەلا مستەفا بنووسین دەست هەڵبگرێ. بەڵام ئێمە نەتەنیا شتی وا نانووسین بەڵکوو پێمان وایە ئەوەی بۆی دەکرێ دەبێ دەگەڵ ئەو ناپیاوانە بیکا.



ئازایەتی‌یان لە دادگاکان دا بە رادەیەک بووە کە ئەفسەرەکان سەریان سوڕماوە. لە راستی‌دا ئەو دادگایە ئەمریکاو ئینگلیسیشی لە پشت بوو. هەرچەند جگە لە کاربەدەستانی خۆیان کەسی غەریبەی لێ نەبووە, بەڵام هەر لە ڕێگای ئەوانەوە زۆر شت بڵاو بۆتەوە کە پێویستە بیزانین.

پێشەوا هەر جارێک لەو دوو جارە کە بە ناو دادگایی کراوە زیاتر لە چوار سەعات قسەی کردوەو بە قەولی سەروان شەریفی کە وەکیلی بووە "ئەوە قازی محەممەد بووە کە حکوومەتی موحاکەمە کردوەو لە هەموو بوارێکەوە هێناویەتە ژێر پرسیار".

رۆژنامەی "ئازادی" کە لەو سەردەم دا لە بەغدا بە زمانی کوردی دەردەچوو, لەمەر پشتگیریی ئەمریکاو ئینگلیس لەو موحاکەمەیە نوسیبووی: "ئیستیعماری ئینگلیس و ئەمریکا لە وجوودی قازی محەممەد وهاوڕێکانی‌دا دوژمنی هەرە سەرسەختی خۆیان دەدی. ئومێدیان هەبوو بتوانن بە چۆکیان دابێنن و لە بەندیخانەش نوێنەرەکانیان چوون دەگەڵیان دوان تا بتوانن بۆ لای خۆیانیان رابکێشن, بەڵام هیچ کات سەرکەوتوو نەبوون. دواتریش رۆژنامەی "ئازەربایجان" لە باکۆ نوسیبووی قازی محەممەد بە نوێنەری ئەمریکا (جورج ئالێن)ی گوتبوو, گەلی کورد چاوەڕوانیی هیچ چاکەیەکی لە وڵاتانی ئیستیعماری نیە.

"نەجەفقولیی پەسیان" وتەکانی پێشەوا لە دادگادا لە چەند رستەدا خولاسە دەکاتەوەو دەنووسێ: "لە کاتی موحاکەمەدا قازی محەممەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەت و ئاکاری دەوڵەتی تاران و دەیگوت: "من لە قوژبنی گرتووخانە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تاران و سەرۆکەکانی و دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیرکردووین"

رۆژنامەنووسێکی دیکە بە نێوی "سلیمان.خ" لە نووسراوەکانی دا دەڵێ, قازی گوتی: "تەواوی ئەم بەسەرهات و رووداوانە ئاکامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە. ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بەخائین دەزانێ با دەست لەو مەڵبەندە هەڵبگرێ, ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان دەزانێ با لێ بگەڕێ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست."

لە بەڵگەو رۆژنامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا زۆر شت لەم بابەتانە نووسراون و لە زمان ئەفسەرە ئێرانییەکانەوە دەگێڕنەوە کە قازی گوتویە: "ئەو رووداوانە لە ئاکامی ئەوەی دابووە کە ئێوە خۆتان قانوونی بنەڕەتیتان لە ژێر پێ ناوە. ئێستاش من تەنیا خۆم پەرەپێدەری دێمۆکراسی لە کوردستانم و هیچ هێزێکی بیگانە منی هان نەداوە. بێبەشیی کورد منی بۆ بەرڕێوەبردنی ئەو کارانە هان داوە."

کاتێک سەرۆکی دادگا یا دادستان بە خەیانەت تاوانباری دەکا لە وەڵام دا دەڵێ: "ئێرە ماڵی منە, خاکی کوردستان خاکی بابو باپیرو ئەجدادی منە چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم."

ئەگەر موحاکەمەی یەکەم لە١٩ی مانگی ژانویە دەستی پێکردو چەند رۆژی خایاندو حوکمی ئیعدامی قازی یەکانی دا, موحاکەمەی دووهەم لە ٢٨ی مارسی ١٩٤٧ واتە ٧ی خاکەلێوە دەستی پێکردو رۆژی ٣٠ی مارس کۆتایی پێ هات.

گۆڤاری "خەباتی قوتابیان" ژمارە ٣٧ لەم دوایانەدا لە زمان سەروان کیومەرس سالحی هەواڵنێری گۆڤاری ئەرتەش کە لە دادگاکەدا بووەو دوایە لەسەر نووسینی راپۆرتێک لەو پێوەندی یەدا دەگیرێو ساڵێک دەبەندیخانەدا دەمێنێتەوە, هێندێک رستە لە وتەکانی پێشەوای بڵاو کردەوە.

پێشەوا فەرموویە: "من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردوە, بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزانەیە دەکەم کە لە ڕێگای ئازادیی میللەتەکەم دا دەکوژرێم. ئەوە بەڵێنێکە کە بە نەتەوەکەمم داوە لەگەڵیان بژیم و بۆ ئەوانیش بمرم, تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم بشکێنم."

سەروان کیومەرس هەروەها دەنووسێ: "من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانی و سەربازی وەک هەواڵنێر بەشداریم کردوە بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە رادەی قازی محەممەد بە جەرگ و بوێر نەدیوە. ئەو لە کاتی دادگایی کردن دا نەیدەزانی ترس چیە. زۆر بە بێباکی قسەی دەکردو وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە."

هەر ئەو بە جەرگی و لەخۆبردوویی یەش بوو کە لە پای سێدارە ئیزنی نەدا چاوی ببەستن و فەرمووی: "حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەی ژیانیشم دا بە سەربەرزی و چاوی کراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بروانم." هەروەها فەرموویەتی:

"ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن بەڵام بزانن لە هەر تنوکە خوێنێکی من قازی محەممەدێک شین دەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لەپێناو رزگاریی کوردستان دا پەک نەخا, باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کورد و کوردستان".

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

وەسێتنامەکەی سەرۆکی کۆماری کوردستان 'قازی محەممەد'

بەر لە سێدارەدانیشی، پێشەوا قازی محەممەد وەسێتنامەیەکی بۆ گەلی کورد نووسی، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بسم الله الرحمن الرحیم

نەتەوەی زۆر لێکراو، بێبەش و چەوساوەی کورد!

برایانی بەرێز!

لە دواییین ساتەکانی ژیاندا بابەتگەلێکتان وەک ئامۆژگاری پێ دەڵێم. بۆ رەزامەندیی خودا دەست لە دوژمنیی یەکتر هەڵگرن، یەک بگرن و بۆ پشتیوانی لە یەکتر هەڵسن، لە بەرابەر دوژمندا راوەستن، خۆتان بە نرخێکی کەم بە دوژمنەکان مەفرۆشن. دوژمن تەنیا بۆ گەیش...تن بە قازانجەکانی ئێوەی دەوێ. پاش ئەوە ئیتر زیاتر لە تڵپەیەک نین.

دوژمنانی نەتەوەی کورد زۆرن، زۆردان، نامەردو بێویژدانن، رازی سەرکەوتنی هەر نەتەوەیەک یەکیەتیی و پێکەوە بوونە. ئازادیی نەتەوەیەک پێویستی بە پشتیوانیی گشت نەتەوەکەیە، نەتەوەی یەکنەگرتوو هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتدایە. ئێوە نەتەوەی کورد شتێکتان لە نەتەوەکانی دیکە کەم نیە. بە پێچەوانەشەوە پیاوەتی، غیرەت و ئازایەتیی ئێوە فرە زۆرترە. ئەو نەتەوانەی لە بەندی دیلی رزگاریان بووە یەکگرتوو بوون و تەواو. ئێوەش دەتوانن بە یەکگرتوویی و هاوپێوەندی زەنجیری دیلێتی پچڕێنن. ئێرەیی، خەیانەت و خۆفرۆشی وەلانێن. ئیتر فریوی دوژمنان مەخۆن. دوژمنی نەتەوەی کورد لە هەر تاقمو گرووپ و رەنگ و رەگەزێک، هەر دوژمنە، بێ بەزەیی و ویژدانە. ئێوە لەگیان یەک بەردە دا تا بە قازانجەکانی خۆی بگا، بە بەڵێنیگەلی درۆزنانە، ئێوە دەخڵەتێنێ. لە ئیسماعیل ئاغای شکاک تا جەوهەرئاغای برای و حەمزەئاغای مەنگوڕ و چەندین و چەند قارەمانێکی دیکە، فریوی ئەم زۆردارە مەلعونانەیان خواردو ناپیاوانە شەهیدکران.

هەموویانیان بە قورئان و سوێند فریودا، ئاخر ئەمانە کەی لە قورئان و سوێند تێدەگەن، وەفا لە لای ئەم کۆمەڵە، شمەکی بازاڕە. لە رێگەی خوداو بۆ رەزامەندیی ئەو پشتی یەکتر چۆڵ مەکەن و یەکگرتوو بن، دڵنیا بن ئەگەر دوژمن هەنگوێنتان پێ بدا، تێکەڵ بەژەهرە. فریوی سوێندە درۆزنەکانی مەخۆن. ئەگەر هەزار جار سوێند بخۆن دووبارە هیچ ئامانجێکیان جیا لە لەنێوبردنی ئێوە نیە.

لە دواییین کاتژمێرەکانی ژیانم دا خودا بە شایەتی دەگرم کە لە ڕێگای ئازادی و بەختەوەریی ئێوە دا گیان و ماڵی خۆم بەخت کردو لە هیچ هەوڵێک کۆتاییم نەکرد. لە لای ئەمانە، کوردبوونی ئێوە تاوانە، سەرو گیان و ماڵ و شەرەفی ئێوە لەلایان حەڵاڵە. ئەوان چونکە لە گۆڕەپانی شەڕدا ناتوانن لە بەرانبەر ئێوەدا ڕاوەستن، هەمیشە هانا بۆ فێڵ و تەڵەکە دەبەن. شاو دەست و پێوەندییەکانی بە جاران پەیامیان نارد کە بۆ وتووێژ ئامادەن و مەیلی خوێن ڕشتنیان نیە، بەڵام من دەمزانی ئەوان درۆدەکەن. ئەگەر خەیانەت، خۆفرۆشی و فریوخواردوویی هێندێ لە سەرۆک عەشیرەکان نەبووایە، کۆمار هیچکات شکستی نەدەخوارد.

وەسیەت دەکەم منداڵەکانتان فێری زانست و عیلم بکەن. نەتەوەی ئێمە شتێکی لە نەتەوەکانی تری جیهان کەم نیە، جیا لە زانست و عیلم. فێری زانست بن تا لە کاروانی مرۆڤایەتی دوا نەکەون. زانست، چەکی لەنێوبردنی دوژمنانە، دڵنیابن ئەگەر بە دوو چەکی یەکیەتی و زانست پۆشتە ببن، دوژمنان کارێکیان بۆ ناچێتە پێش. ئێوە نابێ بە مردنی من و براکان و ئامۆزاکانم ترس بچێتە دڵتانەوە. هێشتا قارەمانگەلێکی زۆر دەبێ گیان فیدا بکەن تا داری ئازادیی کوردستان بگاتە بەرهەم. دڵنیام پاش ئێمەش قارەمانگەلێکی دیکە هەن کە فریوبخۆن، بەڵام هیوادارم مەرگی ئێمە ببێتە دەرسی عیبرەت بۆ سەرجەم خەباتگێڕانی ئازادیی کوردستان.

وەسیەتێکی دیکەم بۆ دڵسۆزانی نەتەوەی کورد هەیە. لە خودای گەورە داوای ئازادیی نەتەوەی خۆتان بکەن. شایەت لە خۆتان بپرسن بۆ من سەرنەکەوتم؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێم بە خودا سەرکەوتووی ڕاستەقینە منم. چ نێعمەتێک لەوە سەرترە کە سەرو ماڵ و گیانم لە ڕێگای نەتەوەو نیشتمانم دا بەخت بکەم. باوەڕ بکەن من جاران داوام لە خودا کردوە ئەگەر بمرم بە شێوەیەک گیان لەدەست بدەم کە بە ڕوومەتی سووردەوە لە لای خوداو پێغەمبەر و نەتەوەکەم دا ئامادە بم. وەها مردنێک سەرکەوتنی ڕاستەقینەیە.

خۆشەویستانم! کوردستان، نیشتمانی کورد و ماڵیەتی. هیچ کەسێک مافی ئێرەیی و بەخێڵی نیە هەموو لە ماڵی خۆیاندا ئازادن. هەرچی لە دەستتان دێ بۆ ئازادیی کورد کۆتایی مەکەن.

ئیتر نابێ لەسەر ڕێگای ئەو کەسانە دا کە بەرپرسایەتی دەگرنە ئەستۆ ڕاوەستن. لە بەرد خستنە ڕێگە دەست هەڵگرن و ئەرکەکانتان بە باشترین شێوە بەڕێوەببەن. دڵنیابن براکوردەکەتان لە دوژمنی بێگانە زۆر باشتر. ئەگەر من بەرپرسایەتیم وەئەستۆ نەگرتبایە ئێستا لە پای چێوەی داردا نەبووم و لە لای بنەماڵەکەم ڕۆژەکانم دەبردەسەر، بەڵام ئەرکی من، بەرزترین ئامانجم بوو و، تا پێی گیان ڕاوەستام. بە هیوای خوداوەندی گەورە، لە ئاکام دا بەسەر دوژمنان دا سەردەکەون.

١- بڕواتان بە خوداو ماجاء من عندالله و پێغەمبەری ئەکرەم (س) هەبێ و ئەرکە دینییەکانی خۆتان بە باشترین شێوە بەڕێوە ببەن.
٢- یەکیەتیو هاوپێوەندی، ڕەمزی سەرکەوتنە. ئێرەیی و خۆفریودان وەلابنێن و لە وەرگرتنی بەرپرسایەتی و خزمەتکردن دا لەگەڵ یەکتر کێبەرکێ بکەن.
٣- زانست و ئاگایی خۆتان بەرنەسەرێ تا فریوی دوژمنان نەخۆن.
٤- هیچ کات دوژمن بە دۆست مەزانن چونکە دوژمنی نەتەوەو نیشتمان و دینتانە.

٥- خۆتان بۆ چەند رۆژ ژیان لەم دنیا لەناوچووەدا مەفرۆشن. مێژوو سەلماندوویە کە دوژمن بە چووکەترین بیانوویەک، دەست بۆکوشتارو سەرکوت دەبا.

٦- خەیانەت بە یەکتر مەکەن نە خەیانەتی سیاسی و نە خەیانەتی ماڵی و گیانی و ناموسی. خەیانەتکار لە لای خوداو گەل رووردەشەو خەیانەت، لە ئاکام دا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

٧- لەتەک ئەو کەسانەی دا، بێ خەیانەت ئەرک بەڕێوە بردن هاوکاری بکەن. خودای نەخواستە هیچکات مەبنە سیخۆڕی بێگانە.

٨- ئەو شوێنانەی لە وەسیەتنامەکەدا ئاماژەم پێ کردون (مزگەوت، قوتابخانەو نەخۆشخانە) هی خۆتانن، بە باشترین شێوە کەڵکیان لێوەرگرن.

٩- واز لە شۆڕش مەهێنن تا لەژێردەستەیی دەرباز بن. ماڵی دنیا هیچ نیە، ئەگەر نیشتمانێکتان هەبێ، سەربەخۆییەکتان هەبێ و ماڵ و خاک و نیشاتمانتان هی خۆتان بێ، ئەو کات هەموو شتێکتان دەبێ، هەم سامان هەم دەوڵەت، هەم ئابڕو و هەم نیشتمان.

١٠. گومان ناکەم جیا لە مافی خودا (حق الله)، مافێکی دیکە لە ئەستۆم بێ، سەرەڕای ئەمەش ئەگەر کەسێک هەست دەکا قەرزێکی بەلامەوەیە بچێتە لای میراتگرانم.

تا دەست نەدەیە دەستی یەکتر، سەرکەوتن مسۆگەر نابێ. لە یەکتر زۆر مەکەن چونکە خوداوەند دوژمنی زۆردارانە. هیوادرام وتەکانم وەرگرن، خوداوەند ئێوە بەسەر دوژمناندا سەرخات.

مراد ما نصیحت بود و گفتیم (مەبەستی ئێمە ئامۆژگاری بوو وتمان)

حوالت با خدا کردیم و رفتیم (سپاردمان بە خوداو رۆیشتین)

خزمەتگوزاری نەتەوە و نیشتمان

محەممەد قازی

سەرچاوە : ماڵپەری خەندان / رێکەوتی : ١١ی مارچی ٢٠١٢

سێدارە و ژیان

ئاسۆ خەبات

من هەناسەی نیوە مردووی ئەوکی ژێر دارو پە تم
بۆچی دەگرین بۆ ژیانم من کە ژینی میللە تم
پێشی وێکنان دەفری چاوم پڕ دەکاتن ژانی خاک
یەک بە یەک دەڕوانمە زامی دایک و باب و خوشک و کاک
لێگەڕێن با دواهەناسەم بچێتە سینگی نیشتیمان
تا ببێتە دەنگی ناڵەی شیوەنی بێ پشتیوان
نیمە تاوان جیا لە داوای ماف و ئازادیی گە لم
دوژمنی ئازادیی خاکم داویە حوکمی پەل پەلم
لەم وڵاتە دەنگی گریان بۆ وەتەن بۆتە خەتا
هەر بگریەی کپ ئەکەن دەنگت لە زنجیرو پەتا
سوێند بە ئاڵا، سوێند بە خاکم من نەترساوم لەوان
چون دەترسێم گەر بترسێم شادی بێتە ناخی وان
من لە شوێنی بانگی قازی،ڕۆژێ پێنج جار دەچمە وێ
ڕوو بە سێدارە دەڵێم من مەرگی کوردانەم دەوێ
پێشەوای زانای گەلم فەرموویە کورد نابڕێتەوە
هەر لە بن داری وەکوو دار سەرلەنوێ دەڕوێتەوە
ناگریم من بۆ وڵاتێ خەنجەری لێ خامە بێ
لێگەڕێن با نووکی خامە،مەڵحەمی ئەم زامە بێ
بسکی کیژی زێدەکەی من وا دەخنکێنێ ئەوان
من لە بۆ فەرزادو شیرین،گڕ ئەدەم ڕووحی شەوان
باش ئەزانن من بە مردن ڕیشە داوێمە زەوی
چون بەڵێنم داوە بمرم قەت نەکەم گەردن نەوی
تاکە هیوای دوژمنم هەر،مەرگ و فەوتانی منە
بۆیە دەبمە نووکی خەنجەر بۆ دڵی ئەو دوژمنە
پێشـــەوا!

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٨ی مارسی ٢٠١٢

ئافەرین قازی موحەممەد ئافەرین

ناسر ڕەزازی

بۆ گەلی کوردی هەژار، بوویی بە داری ڕیشە دار ٢

کوردستان بە ناوی تۆ دەرکەوت لە هەر دیار ٢

تا وێنەی تۆمان هەبێ نامرین، ٢

ئافەرین قازی موحەممەد ئافەرین ٢

ئافەرین ئەی پێشەوای کورد ئافەرین ٢

بۆ خەباتی خەڵکی کورد، گیانی خۆتت کردە پرد ٢

ناوی تۆ لە مێژوودا، ناوی کوردی زیندوو کرد

تا وێنەی تۆمان... هەبێ نامرین، ٢

ئافەرین قازی موحەممەد ئافەرین ٢

ئافەرین ئەی پێشەوای کورد ئافەرین ٢

وەسیەتنامەی پێشەوا بە شێوەی شێعر

نادر قازی (خاڵەی قازی)

لە دواییین سات و کاتی ژیانم
وەسیەتێ دەکەم بۆ نیشتمانم
بۆ نەوەکانی داهاتوی خاکم
... بۆ گەلی سادە و بی فێڵ و پاکم
بۆ براکان و بۆ خوشکە کانم
بۆ خەڵکی شار و گشت گوندە کانم
بۆ ئەو کەسانەی لە دوای ئێمە دێن
دەکەونە داوی دوژمنی دڵ خوێن
بۆ لاوەکان و گەنجانی بە هەست
بۆ قەومی کوردی بێ پەناو بن دەست
ئامۆژگاری بێ لە لای منەوە
نەکەن نیشتمان لە بیر بەرنەوە
بۆ خاتری خوا یەکتر مەکوژن
خوێنی هاوخوێنی خۆتان مەرێژن
یەکبگرن گشتو پێکەوە هەستن
لە پشتی یەکتر قایم راوستن
برا گەر لە پشت برا وەستا بێ
مەگەر بەڵایەک لە لای خوا بێ
بە نرخێکی کەم خۆتان مەفرۆشن
لە رێی رزگاری وا تێبکۆشن

دوژمنانتان،بۆ قازانجی خۆ
ئێوە یان دەوێ بە فێڵ و درۆ
پاشان کە کاریان تەواو بو پێتان
وەلاتان دەنێن،لێژ دەبێ جێتان
دوژمنانی کورد زۆر و زۆردارن
گەلێک بێ ویژدان، گەلێک بێعارن
گشتی خوێن خۆر و خوێن ڕێژ و پەستن
بە خوێنی ئێوە سەرخۆش و مەستن
رازی سەرکەوتنی هەر نەتەوەیەک
پاڵ وەیەکدانە، گشتی بونەیەک
رەمزی سەرکەوتن، پێکەوە بونە
لێکبڵاوبونتان، نوختەی نەبونە
هەر نەتەوە یەک کاتێ ئازادە
کاتێ دڵخۆش و بەکەیف و شادە
کەوا پێکەوە رو لە خەبات کەن
داوای رزگاری زێد و وڵات کەن
ئەو نەتەوانەی یەکیان نەگرتۆ
ژێر دەست ماونەوە و سەروەریان مردۆ
ئێوەش گەلی کورد هیچێکتان کەم نێ
لەو نەتەوانەی سەریان بە خەم نێ
بە پێچەوانەی گەلانی دیکە
زۆر شتو هەیە کە زۆر بە کەڵکە
ئێوە ئازان و خاوەن پیاوەتین
خاوەن غیرەت و هەم مەردایەتین
تەنیا یەکگرتن بەو دێوە وەستا
بۆو میلەتانەی رزگارن ئێستا
ئێوەش زنجیری دیلی بپسێنن

بەندی کۆیلەتی لە مل دەرێنن
ئیرەیی مەبەن بە بونی یەکتر
لە یەکتر مەبن بە ئاسن و ئاگر
خەیانەت مەکەن بە خاکی خۆتان
بە کەس و کار و بە خەڵکی خۆتان
فریوی دوژمن مەخۆن بە بەڵێن
هەموتان ئەوەی بە یەکتر بڵێن
دوژمنی ئێمە گەلێک زۆرداره
قاتڵی گەلی کوردی هەژاره
بروانە مێژو،هەتاکو ئە ورۆ
دوژمن بە هەزار فێڵ و بە دەهۆ
رێبەرانی مەی بە حیلە کوشتۆ
لە جەوهەر ئاغا و سمایلی سمکۆ
تا گەورە پیاوی شۆرشی مەنگوڕ
ئەو قارەمانە، هەمز ئاغای مەشهور
دەیان سەرۆک و قارەمانی دی
لە مێژوی مەدا وا دەکرێن بەدی
گشتی ئەوانە بە سوێندی دوژمن
شەهید کراون لە سوچ و قوژبن
ئەوان باوەریان بە سوێند و خوانێ
پیاوەتی لە لای ئەوان رەوانێ
لە رێگەی خوا یەکتر بەر مەدەن
بستێ لە خاکو بە دوژمن مەدەن
سەنگەر چۆڵ مەکەن، پشتی یەک بگرن
خۆتان خۆش بوێ و بۆ یەکتر بمرن
ئەگەر دوژمنان هەنگونو دەنێ
زەهری تێدایە، دەستی مەکەنێ

ئەگەر فریوی داگیرکەر نەخۆن
زۆر هاسان بەرە و رزگاری دەڕۆن
لە دواییین چرکە ساتی ژیانم
ئەوا وەسیەتە بۆ نیشتمانم
شاهیدی منیش تەنیا خودایە
کە عیشقی ئێوەم وا لە دڵدایە
لە ڕێی رزگاری و بەختیاریتان
بۆ سەربەستی و بۆ رزگاریتان
دریغیم نەکرد بە گیان و بە ماڵ
بۆ گەلم کاتم نە کردۆ بە تاڵ
لە هیچ هەوڵێکدا کۆتاییم نەکرد
ئیشی دژ بە گەل، ریسواییم نەکرد
راوستام لە سەر سوێند و پەیمانم
کە وەفادار بم بە نیشتمانم
حەول و خەبات و تێکۆشانی من
ببو بە ئەرک لە سەر شانی من
پەیمانم دابو بە جێو نەهێڵم
بژیم و بمرم بۆ قەوم و خێڵم
بە عیشقی ئێوە لە ناو جەرگەوە
سەر بەرز دەچم بەرە و مەرگەوە
لە لای دوژمنان کورد بون تاوانە
کوردێکی پاک بون چقلی چاوانە
شەرەف و ماڵ و سەر و گیانی مە
حەڵاڵە لە لای نە یارانی مە
کاتێ داگیرکەر لە مەیدانی شەر
پێتان نە وێران، نەیانبرد زەفەر
پەنا دەبەن بۆ فێڵ و تەڵەکە

لە ناو مێشکیان دا سەد جۆر کەڵەکە
دەوڵەتی تاران هەزار سوێندی خوارد
گەلێک بەڵێنی و وەعدەی درۆی نارد
بەڵام من زانیم گشتی درۆیە
دار نەدە قەڵشی، هۆرە لە خۆیە
ئەو عەشیرانەی فریو درابون
دەست و پێوەندی حەمەرزا بون
چرای کۆماریان وا کوژاندەوە
ئاگری دوژمنیان وا بوژاندەوە
وەسیەتێ دەکەم گشتی بخوێنن
منداڵ بە عیلم و مەکتەب راهێنن
کچ و کوران و فێری زانست بن
نەوەک، لە دوا رۆژ کۆیلە و بن دەست بن
تەنیا شتێکی لە ناومان کەمە
مرۆڤی زانا و کەسی عالمە
لە کاروانی مرۆڤایەتی
قافڵە بەرنەپێش، بە ئازایەتی
خوێندن و عیلم و زانستی ئێوە
ببێتە چەکێک، لە دەستی ئێوە
یەکێتی و عیلم بکەن بە پایە
دوژمن تێک دەشکێ،هەتا هەتایە
بە مەرگی من و ئامۆزاکانم
هەرگیز مەترسن، ئازیزەکانم
چون دەبێ زۆر کەس لە دوای ئێمە دا
لە رێی سەربەستی ببنە گیان فیدا
داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ
بەری ناهێنێ، لک و پۆی دەمرێ

لە دوای ئێمە دا ئەمن دڵنیام
گەلێک قارەمان دەکەونە ڕێگام
بەڵام چون پاکن، فریویان دەدەن
بە درۆ و دەهۆ لە ناویان دەبەن
جا پێتان دەلێم بۆ داهاتۆکان
دەرسی عیبرەت بێ مەرگی قازییەکان
بۆ خەباتگێران، بۆ شۆرش وانان
بۆ پیرە کان و بۆ گشت جەوانان
وەسیەتێ دە کەم هەر بۆ گشتتان
بۆ دلسۆزانی خاکی نیشتمان
لە خوا داوا کەن، سەربەست و شاد بن
نەتەوەیەکی شاد و ئازاد بن
هەرگیز مەپرسن بۆ سەر نەکەوتوم
ئەگەر چی لە ناو گۆری سارد خەوتوم
سەرکەوتنی من لەو کاتە دایە
کە سەر بۆ گەلم لەپای دار دایە
لە پێناو وەتەن گیان فیدا کردن
چ نیعمەتێکی گەورەیە مردن
من کوردستانم بە خوێن دروست کرد
من سەرکەوتم و دوژمنم پەست کرد
لە خوام داوا بو کاتی مردنم
کاتی جەنازە بۆ گۆر بردنم
ڕوسوری خوا و خەڵکی خوا بم
بە مەرگێکی وا بۆ گەل فیدا بم
ئێستاش بە ماڵ و بە گیان و بە سەر
تاجی سەربەرزی شەهیدم لە سەر
وەها مردنێک خۆی سەرکەوتنە
ژینی بێ کەڵک بۆ خۆی مردنە

ئازیزە کانم، ،خۆشەویستانم
لە بیرتان نەچێ، وە سیەتەکانم
کوردستان، موڵکی هەمو کوردانە
ماڵی کوردانە لەم سەر جیهانە
هەمو ئینسانێک لە ماڵی خۆیدا
ئازادە و دەبێ بژی لە وێدا
کۆتایی مەکەن بۆ رزگاری کورد
وا بپارێزن، گشت ئاساری کورد
ئەوانەی دەبنە بەرپرسی ئێوە
هەست لێپرسیارن لە پرسی ئێوە
مەبنە بەرهەڵست لە سەر رێگایان
چقڵ ساز مەکەن بۆ نێو نیگایان
ئەرکەکانی خۆ باش بەرێ بەرن
ئەگەر دڵسۆز بن گشتی رێبەرن
براکەی کوردو گەلێک چاکترە
بۆ ئێوە و وڵات دڵی پاکترە
من بەر پرسێتیم لە ئەستۆ نەبا
ئێستا تەنافم لە ئەستۆ نەبا
ئێستا لە پای دار رانەدەوستام
لە خەوی غەفڵەت درەنگ هەڵدەستام
بەڵام ئەرکی من، بۆ من ئامانج بو
کە چی مەرگی من بۆ گەل قازانج بو
هەتاکو پای گیان وەفادار ماوم
بۆ سەربەستیتان، قەت نەوەستاوم
بۆیە دڵنیام، رۆژێکیش دادێ
شادی ببینن، لە شار و لادێ
لە چەنگ داگیرکەر رزگاریتان دێ
رۆژی بێداری و وشیاریتان دێ

بڕواتان بەخوا و پێغەمبەر هەبێ
دین سەنگەرێکە، با سەنگەر هەبێ
دلسۆزی یەک بن ببنە هاوپەیوەند
شەریکی یەک بن لە غەم یا گۆوەند
ئیرەیی لە ناو دڵدا فرێ دەن
ئینسانی زانا و کارامەرێ دەن
ئەمری بەرپرسان جێبە جێ بکەن
بۆ خزمەت کردن کێبەرکێ بکەن
زانست بەرنەسەر، تا فریو نەخۆن
لە عیلم و خوێندن، دەستی خۆ مەشۆن
دوژمن، بە دۆستی خۆتان مەزانن
چون دوژمناتتان زۆر فێڵە زانن
دوژمنی ئێمە دوو جار دوژمنە
دوژمنی دین و نەتەوەی منە
بە چوکەترین بیانو دەوکوژێ
زۆر بێ بەزەیی خوێنتان دەرێژێ
بۆ چەند رۆژێکی دونیای بێ قیمەت
خۆتان مەفرۆشن، بەر مەدەن هیمەت
خەیانەت مەکەن بە یەکتر هەرگیز
پێکەوە بژین دڵپاک و تەمیز
خەیانەت مەکەن بە ماڵ و بە گیان
نە بە سیاسەت، نە ناموستان
چون خەیانەتکار دایم، رورەشە
خەیانەت، لە خۆی دەکا هەرەشە
لە گەڵ ئەوانەی کە وا دڵپاکن
زەحمەتکێشانی نەتەوە و خاکن
هاوکاری بکەن. کاریان بەرنە پێش

بۆ یەکتر ببنە، خزم و قەوم و خوێش
لەم وەسێتنامەی ئاماژەم کردۆ
ئەم نەخۆشخانەی کە سازمان کردۆ
لەو مزگەوتانە و قوتابخانانە
کەڵک وەربگرن، گشت هی خۆتانە
شۆرش بەر مەدەن، خەبات و هەبێ
زۆر حەول بدەن، وڵات و هەبێ
ئەگەر وڵاتو بە دەست خۆتان بێ
سەربەخۆ بن و کۆماریکتان بێ
ئەو کاتە خاوەن سەروەت و ماڵن
بە سەر ئابڕو و شەرەف دا زاڵن
ئێستاش بۆ دوا جار وەسیەتە بۆتان
یەکگرتن بکەن بەرەمزی خۆتان
مسۆگەر نابێ بە بێ یەکبونتان
رزگاری ئێوە و ژیان و بونتان
ئامۆژگاریم کرد، بۆ ئێوە ئەی گەل
ئێتر، ڕۆیشتم، خواتان دە گەڵ
خزمە تگوزاری، نەتەوە و خاکم
بژی کوردستان، بە خوێنی پاکم

قازی موحەمەد

١٠ی خاکەلێوە ی ١٣٢٦ی هەتاوی

سەرچاوە : ماڵپەڕی بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەلاتی کوردستان / ڕێکەوتی : ٢٣ی مارچی ٢٠١٣

شینی پێشەوا

هۆنراوەی بلە/ ئیبراهیم ئەحمەد

یاران با بادەی پڕ مەی بڕێژین
با کۆرپەی خۆشی و شادی بنێژین
با بە ئاخ و ئۆخ بە حەسرەت بە داخ
تەماوی بکەین ئاوێنەی دەماخ
بە هەناسەی سارد بە گریەی بەکوڵ
دەرکێشین لە بن ڕەگ و ڕیشەی دڵ
با بە دڵۆپی فرمێسکی خوێنین
قوڕێ بۆ شینی ئەمڕۆ بشێلین
با بە قوڵنگی تیژی فەرهادی
هەڵکوتینە سەر بێستونی شادی
کە گەردێ نەما بە دڵمانەوە
تەپ و تۆز نەما بە گوڵمانەوە
ئەوسا لە شوینی جێ ی بەختیاری دا
لە قەڵەمڕەوی شای هەژاریدا
لەکانگای دڵی هەریەکێکمانا
لە دڵی گەورەی گشت کوردستانا
بە قووڵی هیواو پانی پەژارە
گۆڕێ هەڵکەنین بۆ ئەو سەرداره
گۆڕێ بۆ لەشی نەوەک بۆگیانی
گیانی نەمری دوور لەنەمانی

گیانی بە دیلی ژیان نەویستی
گیانی ئازادی و میللەت پەرستی
خۆی کردە قوربان خودای ئازادی
تا گەل بگاتە سەربەستی و شادی
گەرچی شیوەنە شینی پێشەوا
گریان نەنگی یە لە شینی ئەوا
بێخی ناکۆکی و نیفاق هەڵکەندن
ڕێگاوشوێن دانان بۆ تۆڵە سەندن
یەکگرتن، جەنگین نەبەرد تا مردن
هەوڵ و تەقەللای گەل ئازادکردن
گیانی بڵندی سەرۆک ئەکەن شاد
ئەی گەیەننە بەهەشتی موراد

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژپریس / ڕێکەوتی : ٣٠ی مارچی ٢٠١٢

(پێشکەش بە گیانی پاکی پێشەوای نەمر)

سوورکێو زەکی

پێشەوا ئەی ڕێبەری ناوداری کورد
پێشەوا ئەی سەمبول و سەرداری کورد

ناوی پیرۆزت لە دڵدا تا ئەبەد
ڕەمزە بۆ مێر و ژن و بۆ لاوی کورد

پێشەوا سەرمەشقی سەربەرزیی ژیان
پێشەوا ئەی خاوەنی مێشک و دڵان

مەشخەڵی کوردی لەسەر سێدارەکەت
چقڵی چاوی دوژمنە کۆمارەکەت

تۆی مەسیحاکەی شەهیدی سەربەدار
ناحەزانیش تا هەتایەن شەرمەزار

بوویەتە ڕەمزی فیداکاریی گەلت
شاد و ئارام بێت ڕوحی پاک وەک مەلت

لەم قەڵایەی چوارچرای پێگەی بەڵێن
لاو و پیری کوردە ئێستاکەش ئەڵێن

پێشەوامان نامرێ هەر زیندووە
پێشڕەوەو ڕێگەی گەلی ڕوون کردووە

تۆ بە بەخشینی ژیانت بوویە ژین
تا ئەبەد ڕێز و سڵاو و ئافەرین

سوئێد... ی خاکەلێوەی ١٣٨٨ی هەتاوی

دیتنی ئاڵا

"قانع"

سەد شوکور وا من نەمردم، تاکە دیم ئاڵای کورد (١)
کەوتە بەرچاوم بە بەرزی، سوورەت و سیمای کورد
بازبوو، دووڕا بوو دیدەی نەرگسی شەهلای کورد
مژدە بێ ئەمڕۆکە بەر بوو، چاوی پڕ بینای کورد
هەر بژی ئاڵای کورد و پێشەوای زانای کورد

چەند زمانێکە ئەسیرو ژێر چەپۆکەی عالەمەن
سەرکز و بێ قیمەتی بەرچاوی زادەی ئادەمەن
دیلی زیندانی نەزانین، مەستی بادەی ماتەمەن
بانگ کەنە یەکتر هەمووتان، چونکە ئەمڕۆ بێ خەمن
هەر بژی ئاڵای کورد و پێشەوای زانای کورد

بانگ کەنە ئەرواحی پاکی ئەردەڵانی نڕەشێر
یا بڵێن کاوە لە کوێ؟ ڕۆژی هەزار یادت بەخێر
بێننە بەرچاوی خۆتان، هەڵمەتی زەندی دلێر
هەر بڵێن ئەم شێعرە ئەهلی کۆهسار و گەرمەسێر
هەر بژی ئاڵای کورد و پێشەوای زانای کورد

قەت لە بیرت دەرنەچێ کوردە، زرەی زنجیری پێـــت
تۆ تەماشاکە، لە دەس بێگانەکان چی هاتە ڕێـــــت
کۆنێ بابی گۆڕ غەریب و؟مامەکەی بێ شوێن و جێت؟
کوردە چۆن تۆ دڵ برینی، شلکە بۆ ئەم شێعرە گوێت
هەر بژی ئاڵای کورد و پێشەوای زانای کـــــــــورد

نەبەتە، باراشت لێکە، ئاشی گێتی کەوتە گـــــەڕ
شێر نەتەساوە لە بەزم و شۆڕشی مەیدانی شـــەڕ
گوێ نەدەی هەرگیز بە هاشە و هوشەی ئەبابی زەڕ
هەڵگرە ئەم دەستە شێعرەو دابنێ سەد سەوڵی تەڕ
هەر بژی ئاڵای کورد و پێشەوای زانای کـــــــــورد

سەد شوکور، وا ئەرزەڕۆم و وان و بیتلیس و چەچـــــان
دەستی دایە دەستی هەرکی، کوردی زازاو بـــــەبـــان
شاری خەرپوت و جەزیرە و مەنتیقەی بـــــەرزانیـــان
با بە بەستەو و چەپڵە بێژین، دەم بە دەم شام و بەیان
هەر بژی ئاڵای کورد و پێشەوای زانای کـــــــــورد

خانەقین مژدە ئەدا، ئەمڕۆ بە دیاربەکر و هـــــەرات
پێچەانەی دەوری پێشوو، ڕۆژ لە شیمال و هـــــەڵات
سەیری تیشکی کە! چلۆن ڕووناکی خستە سەر وڵات؟
ئەم وتارە بیری دڵ بێ، چاکە بۆ ڕێگەی نـــــەجات
هەر بژی ئاڵای کورد و پێشەوای زانای کـــــــــورد

من تا مردن لەگەڵ ئێوەدا دەبم،

دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم ئەگەر لە پێناو کورد دا نەمرم یانی هیچم بۆ کورد نەکردووە، بۆیە چاوەڕێی ئەوەم لێمەکەن کوردستان بەجێ بهێڵم و بڕۆم، ئێرە دەبێت گۆرستانی من بێت و تادوا هەناسەشم ئەو کوردستانە جێناهێڵم، ئەوانەی ئێمە و کوردستانیشیان بەجێهێشت و نەیانتوانی بەرگەی ئازارەکان بگرن با مێژوو قسەی خۆیان لەسەر بکات،

من بەڵێنم بە میللەتەکەم داوە لە خۆشی و ناخۆشیەکانیان لە گەڵیان بم، نامەوێت لە پێناو سەلامەتی گیانم شەرمەزاری خواو خەڵک بم!

قازی محەممەد شەوێک بەر لەسێدارەدانی